
KURDISTAN
1945 - 2025
80 Years Struggle for National Rights, Democracy, and Justice
لە "ڕۆژنامەی کوردستان"
و"کوردستان میدیا"وە
گەلاوێژی ٢٧٢٥
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی زەرفییەت و ئیستعدادی کراوەیی سیاسی و چارەسەری پرسی کوردی تێدا نابیندرێ................................................ تەلەڤیزیۆنی "ایران انترناشنال" ..... ٥
٢- خەبات بە مێتۆدی قاسملوو...................................................... حەسەن ساڵحزادە ..... ٩
٣- قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندوە..................................................... عومەر باڵەکی ..... ١٤
٤- ڕێبەر یان سەرکردە، ئاوڕدانەوەیەکی بابەتی لە د. قاسملوو.................................... ئەسعەد باقری ..... ١٧
٥- سیاسەت بە تاموچێژی ئەکادێمیا.................................................. سۆران عەلیپوور ..... ٢٤
٦- قاسملوو، دەنگی مرۆڤایەتی...................................................... ڕەحیم نزهت زادە ..... ٣١
٧- دوورئەندێشیی دوکتور قاسملوو لە سیاسەتدا.................................... جەماڵ ڕەسووڵ دنخە ..... ٣٧
٨- بەشوێن هەنگاوەکانی دوکتورەوە.................................................... دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی ..... ٤٢
٩- دێموکراتێکی باوەڕدار............................................................. ڕەزا دانشجوو ..... ٤٧
١٠- چەکی دوکتور قاسملوو!............................................................ ئەلبورز ڕوئینتەن ..... ٥٣
١١- گەرەنتیی سەرکەوتن................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٥٩
١٢- ئەو کە دڵی کەیلی ئەوینی نیشتمان بوو........................................... برایم چووکەڵی ..... ٦٣
١٣- لەم دانوستانەدا کێ دەدات و کێ دەستێنێت؟......................................... دارسمە ..... ٦٥
١٤- ئەم خاکە خاکی کوردییە، خۆ خاوەنی دیکەی نییە....................................... هەردی سەلیمی ..... ٦٨
١٥- پارێزڤانانی خاک و ئیکۆسیستەمی کوردستان.......................................... ڕەحیم نزهت زادە ..... ٧١
١٦- ژینگەپارێزی لە کوردستان، جۆرێکە لە بەرخۆدانی نەتەوەیی و دژەداگیرکاری................ بێهزاد قادری ..... ٧٤
١٧- وانەکانی ئەندێشەی سەوز.......................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٧٧
١٨- شەهیدانی ژینگە و پەیامی خەڵکی کوردستان بە داگیرکەران.............................. ڕەحیم نزهت زادە ..... ٨١
١٩- داڵانە تاریکەکانی زەینی توتالیتەری ئیسلامی........................................ ڕۆژبین ڕۆژهەڵاتی ...... ٨٥
٢٠- حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان........................ د. کامران ئەمینئاوە ..... ٩٦
٢١- بەرەو ٨٠ ساڵەی یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان............................ کوردستان میدیا ..... ١٠٩



سەرچاوە
Serchawe

٢٢- حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی.......................................... جەلیل گادانی ..... ١١٢
٢٣- حیزبی دێموکرات لە نێوان ئیسلامی نەریتخواز و فێندەمنتالیزمی ئیسلامیدا.... شەفیع ئاراستە (شاهۆ مەتین) ... ١٢٧
٢٤- زیندووکردنەوەی پرۆژەی سەرکوتکردن لە دەرەوەی سنوورەکان............. ڕەحیم نزهت زادە ..... ١٣٤
٢٥- لە دزینی ئاوەوە، بۆ لابردنی ناسنامە.......................................... ڕەحیم نزهت زادە ..... ١٣٨
٢٦- فێدرالیزم، نەتەوە غەیرە فارسەکان و مافی چارەی خۆنووسین....................... ئەسکەندەر جەعفەری ..... ١٤٢
٢٧- بەرەو خەباتێکی نوێ: گۆڕینی شێواز، گۆڕینی گۆڕەپان و گۆڕینی بەردەنگ.................. ناسر باباخانی ..... ١٤٦
٢٨- خاکی گەوهەر.......................................................................... سۆران عەلیپوور ..... ١٥٢
٢٩- حیزبی دیموکرات هەر حیزبی ڕابردوو نیە، حیزبی داهاتووشه.................................. د. قادر وریا ..... ١٥٦
٣٠- هۆدان بۆ ستراتیژیی ناوچەی دژە فڕین.............................. و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٦٣
٣١- بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوتی پاشاخوازی لە ئێراندا............................ هەردی سەلیمی ..... ١٦٩
٣٢- نیشتمان و نەتەوە لە ئاوێنەی بیرکردنەوەی جەلیل گادانیدا................................ حەسەن شەرەفی ..... ١٧٣
٣٣- جەلیل گادانی، قوتابخانەیەک بۆ فێر بوون و ئەرکوەخۆگری................................ عومەر باڵەکی ..... ١٧٦
٣٤- بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیل گادانی........................ مەنسوور مروەتی ..... ١٨٠
٣٥- مەتەڵی بەرژەوەندییەکانی کورد لە سووریەی ئەحمەد ئەلشەرعدا.......................... خالید حەسەنپوور ..... ١٨٤
٣٦- لە ئاگری ئاویەرەوە هەتا هاواری گەل.................................................. ڕەحیم نزهەتزادە ..... ١٨٩
٣٧- حیزبی دێموکرات، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خەباتی جەماوەری........................ سمایل شەرەفی ..... ١٩٢
٣٨- ئاگری شوناس و خۆڵەمێشی متمانە..................................................... ئازاد مستۆفی ..... ١٩٦
٣٩- مێژووی هەبوون......................................................................... ئاسۆ مینبەری ..... ٢٠٠
٤٠- پێویستیی یەکویستیی کوردستان بەرامبەر بە ناوەند...................................... هەردی سەلیمی .....٢٠٣
٤١- ٩٠٠ مۆمی داگیرساوی "کوردستان"!............................................................ عەلی بداغی ..... ٢٠٦
٤٢- بەیاننامە بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە.............................. ٢١٠
٤٣- بڕێک وزەی کارەبا بۆ داگیرساندنی گڵۆپی سەوزی ئاگربەست بمێنێت............................ دارسمە ..... ٢١٧
٤٤- پرسی کورد و گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، میراتی دوکتور قاسملوو.............................. حەسەن قارەمانی ..... ٢٢٠
٤٥- سۆسیالیزمی دێموکراتیک: دێموکرات و ئیدەئالەکانی چەپ.................................. سۆران باریکە ..... ٢٢٤
٤٦- یوبیلیی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران............................ مستەفا شڵماشی ..... ٢٣٣
٤٧- هەگبەی شاخ و شۆڕش.................................................................. برایم چووکەڵی ..... ٢٥٥
٤٨- نیشتمان قەرزداری گیانفیدایی ژینگەپارێزانە!........................................... جەماڵ فەتحی ..... ٢٣٩



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥


٤٩- چۆن کەلک لە هزری دوکتور قاسملوو وەرگرین................................................ مستەفا شلْماشی ..... ٢٤٢
٥٠- ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا....................................... ئا: شیوا مورادیان ..... ٢٥٥
٥١- وریْنەی ئاگربڕ: بۆچی هێرشێکی نوێ بۆ سەر ئێران وێدەچێ حەتمی بێ............. و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٢٦٥
٥٢- زەروورەتی خۆڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات........................................... محەممەدساڵح قادری ..... ٢٦٨
٥٣- ئاورێک لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان............................. سۆران عەلیپوور ..... ٢٧٢
٥٤- گواستنەوەی هزری نەتەوەیی بۆ نێو زەینی کۆمەڵگە........................................ عەلی فەتحی ..... ٢٧٧
٥٥- ٤٦ ساڵ جینایەت............................................................................ شەماڵ تەرغیبی ..... ٢٨٣
٥٦- ٢٨ی گەلاوێژ لە یادەوەری و مێژووی خەباتی کورد لە ئێران................................ ڕەحیم نزهتزادە ..... ٢٨٦
٥٧- حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و پرسی ژینگە......................................... بێهزاد قادری ..... ٢٨٩
٥٨- هەشتا ساڵ خەبات بۆ ئازادی................................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ٢٩٦
٥٩- مێژووی زێڕین................................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ٣٠٢
٦٠- ئایدۆلۆژییەکان و حیزبی دێموکرات........................................................ ئەلبورز ڕوئینتەن ..... ٣٠٩
٦١- خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات.......................... جەماڵ فەتحی ..... ٣١٤
٦٢- چوار گەوهەری پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانج............................................ ڕەحیم نزهت زادە ..... ٣٢٠







سەرچاوە
Serchawe

# خالید عەزیزی: کۆماری ئیسلامی زەرفییەت و ئیستعدادی کراوەیی سیاسی و چارەسەری پرسی کوردی تێدا نابیندرێ




**تەلەڤیزیۆنی "ایران انترناشناڵ**

**ئاماژە:**

**تەلەڤیزیۆنی "ایران انترناشناڵ" ڕۆژی سێشەممە، ٢٤ی پووشپەڕ وتووێژێکی لەگەڵ کاک خالید عەزیزی، وتەبێژی حیزبی دێموکرات پێکهێنا. وتەبێژی حیزبی دێموکرات لەو دیمانەیەدا تیشکی خستە سەر سیاسەت و خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات لە دوا گۆڕانکارییەکانی ئێران دوای شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسڕائیل و کۆماری ئیسلامی، دۆخی سیاسی و ئەمنییەتیی کوردستان دوای ئاگربەس، پرسی چەکدانانی پ ک ک و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد لە ئێران؛ هەروەها دەوری کورد لە داڕشتنەوە و بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوودا.**

**"کوردستان" پوختەیەک لەو وتووێژەی بۆ خوێنەرانی گواستۆتەوە:**

**ایران انترناشناڵ: شوێندانانی شەڕی ئێران و ئیسڕائیل لەسەر خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات؟**

**خالید عەزیزی**: شەڕی ئێران و ئیسرائیل کاریگەریی لەسەر دۆخی خەبات و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکرات داناوە، لەم ڕووەوە کە هەر جۆرە گۆڕانکارییەکی سیاسی لە ئێران ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ شوێنداریی لەسەر پرسی کورد لە ئێران و خەبات و تێکۆشانی سیاسیی حیزبی دێموکرات و هەموو ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دەبێ. ئەم شەڕە هەم پرسیار و هەم دۆخی نوێی لە ئێران و تەنانەت ناوچەشدا هێناوەتە ئاراوە. بەوپێیە هەم نیگەرانی و هەم دەرفەتی بۆ بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان لە ئێران و بزووتنەوە نەتەوەیی و سیاسییەکان لەو وڵاتەدا دروست کردوە. لە شەڕی نێوان دوو حکوومەتی ئیسرائیل و ئێراندا کە ئێمە کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری خوڵقاندن و دەسپێکی ئەو شەڕە دەزانین، وەک حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ئێران گرینگە گۆڕانکارییەکان بە وردی هەڵسەنگێنین و لە خەمی داهاتووی دێموکراتیکی ئێراندا بین و کاریگەریی خۆمان وەک بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی هەبێ.

**ایران انترناشناڵ**: کاریگەریی شکستی دیپلۆماسی لەسەر سەرکوتی نێوخۆیی

**خالید عەزیزی**: لە مێژووی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا ڕێژیم هەرکات شەڕی سیاسی و دیپلۆماسیی بە لایەنێک دۆڕاندبێ، ڕووی دزێوی شەڕ و تێرۆر و سەرکوتی خۆی پێشان داوەتەوە. کاتی خۆی دوای شکستی وتووێژەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد و کۆماری ئیسلامی کە هۆکارەکەی هەر حکوومەت بوو، هێرشی کردە سەر کوردستان و شەڕی بە سەر کورددا سەپاند. دواتریش لە کاردانەوە بە خەباتی حیزبی دێموکرات بە بەردەوامی ماشێنی تێرۆری کۆماری ئیسلامی دژ بە حیزب لەکاردا بووە و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتیان تێرۆر کردوە کە هەر لەو ڕۆژانەدا ٣٦ ساڵەی تێرۆری د. قاسملوو بە دەستی بەناو دیپلۆمات بەڵام لەڕاستیدا تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بوو. هەر بە دوای ئەوەدا سیاسەتی میلیتاریزەکردنی کوردستان و بەرفراوانترکردنی شەڕ و توندوتیژی و سیاسەتی سەرکوت لە کوردستان پەرەی پێ درا. هەموو بەرنامە و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی تۆڵەکردنەوەی توند لە کورد بووە، تەنانەت بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات چەندین جار مووشەکباران کرا، تەنیا لەسۆنگەی ئەوەی کورد لە ناسین و دژایەتیی کۆماری ئیسلامی هەمیشە لەپێشتر و جیددیتر لە مەیدانەکەدا بووە. بۆیە ئێستاش کە ڕێژیم لە دیپلۆماسی و شەڕی دەرەکیدا شکستی خواردوە، لە کوردستان بەتایبەت گوشار بۆ سەر خەڵک و گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی زیاتر بووە کە بەشێک لەوان بەهۆی پەروەندە دروستکردنەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان لەدژی ئەوان حوکمی ئێعدامیان بەسەردا سەپاوە.

**ایران انترناشناڵ**: وەرزی لاوازیی کوردەکان یان پاڕادایمی نوێ؟

**خالید عەزیزی**: ناکرێ بەرتەسککردنەوەی جووڵە و مانۆڕی حیزبە کوردییەکان لە هاوکێشەکانی ئێستای ناوچەکەدا تەنیا



سەرچاوە
Serchawe

لە هەڵسووڕانی سەربازیدا سنووردار بکرێ. لە ئێستادا بزووتنەوەیەکی فکری، سیاسی، مەدەنی و جەماوەریی بەهێز لە کوردستان لەپێناو خەبات بۆ دێموکراسی لە ئێران و چەسپانی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد لەو وڵاتەدا لە ئارادایە. بۆ نموونە لە بزووتنەوەی ژینادا کە حیزبی دێموکرات هەوڵی دا ئەم بزووتنەوەیە لە هەموو کوردستاندا گشتگیر و بۆ ناوچەکانی دیکەی دەرەوەی کوردستان و ئێرانیش پەل باوێژێ، ئەمە بەهۆی جووڵە و مانۆڕی نیزامی و پێشمەرگانە نەبوو. هەر لەجێدا بزووتنەوە و بەرگریی چەکداری بەسەر ئێمەدا سەپاوە. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەوڵی داوە خەباتی کورد بۆ مافەکانی لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی و مەدەنیدا بچێتە پێشی. کۆماری ئیسلامی پێی خۆشە ئەو بزووتنەوەیە تەنیا لە ڕەهەندی چەکداریدا پێناسە بکا بۆ ئەوەی بە ئاسانی بیەوێ سەرکوت و سنوورداری بکا؛ بەڵام لە ڕاستیدا وا نیە و بزووتنەوەی کورد جووڵانەوەیەکی میللی و دێموکراتیکە و خەباتەکەمان لەپێناو چەسپاندن و دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و مەدەنییەکانماندایە.

**ایران انترناشناڵ**: چەکدانانی پ ک ک و کاریگەریی لەسەر پرسی کورد لە ئێران

**خالید عەزیزی**: چەکدانانی پ ک ک کاریگەریی لەسەر گۆڕانکارییە سیاسییەکان لە تورکیە و تەنانەت هاوکێشە سیاسییەکان لە ناوچەکەس دەبێ. بەڵام لەبیرمان بێ دۆخی سیاسیی تورکیە و ئێران جیاوازە. لە تورکیە کرانەوەیەکی سیاسیی ڕێژەیی هەیە و دەکرێ لەو وڵاتەدا وتوویژ و داننان بە کۆمەڵێک پرسی سیاسی چاوەڕوانکراو بێت، بەڵام بەداخەوە لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لانیکەمی ئەو کراوەییە نابینین و پێناچێ دۆخی لەو چەشنە لە ئێراندا وێنا ببێ. لەگەڵ ئەوەدا کە پرسی جەوهەریی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان تایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەڵام هەمووان دەبێ پرسی کورد لە ئێران بە دەرفەت بۆ بنیاتنانەوەی ئەم وڵاتە دابنێن. کوردەکان نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە ئاستی ناوچەشدا هەڕەشە نین، بەڵکوو دەرفەتن بەڵام بەداخەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەو کراوەییەی تێدا نیە و خەبات و بزووتنەوەی چەکداری نەک هەر لە ئێران، بەڵکوو لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا بەسەر کورددا سەپاوە. ئێستا لە ئاستی ناوچەکەدا نیزامێکی سیاسیی فێدراتیو لە عێراق لەسەر ڕێککەوتنی کوردەکان و لایەنەکانی دیکەی ئەم وڵاتە پێکهاتوە، لە سووریە هەوڵ دەدرێ کوردەکان لە دارشتنەوە و بنیاتنانەوەی سووریەی نوێی دوای ڕووخانی بەشار ئەسەددا دەوری کاریگەر و بنیاتنەریان هەبێ و بەشداریی زیاتریان لە پرۆسەی سیاسیی ئەو وڵاتەدا هەبێ. لە تورکیەش حیزب و لایەنە سیاسییەکان، پارلمان و دەسەڵات و کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە هاتوونەتە سەر بڕوایە کە دەبێ پرسی کورد چارەسەر لە تورکیەدا چارەسەر ببێ. بەڵام کە چاو لە دۆخی ئێران دەکەین دەبینین کە کۆماری ئیسلامی قەت زەرفییەت و ئێستعدادی ئەو کراوەیی و بەرەوپێشچوونەی نەبوو و هەموو جارێکیش پەیامی ئاشتیخوازی و گوتاری چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد لە ئێرانی بە تێرۆری خەباتکاران، شەڕ و سەرکوت و ئاگر و ئاسن وەڵام داوەتەوە.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

له ئێستاشدا که ڕوانگەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش بەنیسبەت پرسی کورد گۆڕانکاریی قووڵی بەسەردا هاتوە و ئەم هاوسۆزی و پشتیوانییەمان لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا بەرچاو کەوت و ئەمە ڕۆچنەیەکی هیوای بەڕووی چارەسەری دێموکراتیکی پرسی کورد و نەتەوەکان لە ئێرانی داهاتوودا کردۆتەوە، بەڵام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا وەک هەمیشە داخراو و نەگۆڕ بووە. بۆیە جارێکی پێ دادەگرینەوە کە داخوازی چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێرانین و داوا لە هەموو پێکهاتەکانی ئێران دەکەین بە سەرنجدان بە بەرەوپێشچوونی پرسی کورد لە وڵاتانی عێراق، سووریە و تورکیە هەمووان پێکەوە هەوڵ بۆ بنیاتنانەوەی ئێرانی داهاتوو لەسەر بنەمای دانـنان و ڕێزگرتن لە مافە دێموکراتیکەکانی یەکتر بدەین.

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# خەبات بە مێتۆدی قاسملوو





حەسەن ساڵحزادە

عەبدولڕەحمان قاسملوو، سیاسەتمەداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک لە ناودارانی کوردە کە سەرتاپای تەمەنی خۆی فیدای مەسەلەی مافەکانی کورد کرد. قاسملوو شۆڕشی تەنیا بۆ گەیشتن بە ئاشتی و وەدەستهێنانی مافەکانی مرۆڤ بەرپا دەکرد. باوەڕێکی قووڵی بە دێموکراسی، ئازادی و مافەکانی مرۆڤ هەبوو، هەوڵی دەدا کە دۆزینەوەی چارەسەرییەکەی لەم چوارچێوەگەلە دەرباز نەبێت. ناسنامەی ئەو لەلای دۆست و دوژمن ئیمان بە

دادپەروەری، دیالۆگ و دانوستان لە میانەی خەباتەکەیدا بوو. لە ڕوانگەی ئەوەوە بانگەشە و ڕێکلام بۆ حیزبەکەی دەبوو لە یەکەمایەتیدا بوایەت. هەر بۆیە لە ئەگەری سەرهەڵدانی دروشمی "بژی قاسملوو"، لە لایەن ئەندام و لایەنگرانی حیزبەکەیەوە، لە جێ داوای گۆڕینی بۆ "بژی حیزبی دێموکرات"ی دەکرد. هەروەها ئەوە کە "لە حیزبی دیموکراتدا فەردپەرەستی مەحکوومە" یەکێک لە وتە بەنرخەکانی ئەوە. لە دوای شەهیدبوونی، گەلی کورد هەر زۆر خێرا هەستی بەوە کرد کە نەک قاسملوو و سکرتێری حیزبی دێموکرات، بەڵکوو "مامۆستای دێموکراسی"ی لەدەست داوە. مامۆستایەک کە پێی وابوو ڕێگای گەیشتن بە ئاشتییەکی بەردەوام لە ڕێگەی دیالۆگ و وتووێژەوە دەستەبەر دەبێت، نەک بە توندوتیژی و زەبری چەک.

داگیرکەرانی کوردستان لە مێژبوو هەستیان بە لێهاتوویی قاسملوو کردبوو، هەربۆیە لە ماوەی ژیانیدا گەلێک جاران تەڵە و پیلانی جۆراوجۆریان بۆ دەنایەوە. حکوومەتی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی ئاخوندەکان، هەر زۆر خێرا ڕێگەی دانووستان و چارەسەریی ئاشتییانەی لە پرسی کورد داخست. ئەوەندەی پێ نەچوو کە بە فەرمانی خومەینیی خوێنڕێژ و لەژێر فەرمانی جیهاددا، بە هەموو هێزەوە هێرشی بۆ سەر کوردستان دەست پێ کرد. کۆماری ئیسلامیی ئێران شەڕێکی قورس و نابەرابەری بە سەر بزووتنەوەی کوردستان کە بەشی زۆرینەی لە ئەستۆی حیزبەکەی قاسملوو بوو، واتە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سەپاند. گەلی کورد ئەو بڕیارە دژەمرۆیی و جینایەتکارانەی پێ قەبووڵ نەکرا. هەربۆیە بە ئیمان بە ڕەوایی خەباتەکەی و هێزی ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی هاتە مەیدانی بەرگری و بە هەموو تواناوە ڕووبەڕووی لەشکری داگیرکەر بوویەوە. بەمجۆرە، گەلی کورد تاقە دوو بژاردەی لەسەر دەست مایەوە: تەسلیم و سەردانەواندن یان خۆڕاگری و گیانبازیکردن.

هەروەک مێژوو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ، هەواڵی سەرکەوتنی شۆڕشەکە بەسەر دوژمنی داگیرکەردا لە بەرەکانی شەڕ لەو بەشەی کە حیزبەکەی قاسملوو نوێنەرایەتیی دەکرد، دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەگەشاندەوە و ورەی بۆ خۆڕاگری قایمتر دەکردن. ساڵەکان تێپەڕین، شەڕی ئێران-عێراق کۆتایی هات، بەڵام ئەنجامی ململانێیەکان هەروەک جاران دەستی باڵای حیزب و هێزەکەی قاسملوویان دەردەخست و هەواڵی شکان و سەرشۆڕییش بە بەژنی بەزیوی سپای داگیرکەران دەبڕا.

بیرکوێرەکانی تاران و قوم کاتێ زانییان کە لە مەیدانی ڕاستەقینەدا نەخشەکانیان بۆ ناچێتە سەر و لەبەرانبەر بەرخۆدانی قوتابییەکانی مامۆستای دێموکراسیدا هەست بە زەبوونی دەکەن، خەیاڵی پیلانێکی نگریسیان لە مێشکی ژەنگاوییاندا گەڵاڵە کرد. داگیرکەرانی کوردستان، لەسەر ئەزموونی مێژوویی دەسەڵاتدارانی ڕابردووی ئێران بە نیسبەت

بەرانبەرەکەیان، بە فێڵ کەوتن. ئەوان بە ژەهراویکردنی سووژەی ئاشتی، بەرەوپیری مامۆستای دێموکڕاسی‌یەوە چوون و مخابن لە داوی دزێویان کەوت. ئاخوندە چاوچنۆک و دنیاپەرەستەکان لەدوای تێپەڕاندنی چەندین قۆناخی ترسنۆکانە و دوور لە ڕەوشتی ئینسانی، لە ٢٢ پووشپەڕی ١٣٦٨ هەتاوی (١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩ زایینی) جینایەتەکەیان بەرانبەر بە ویست و داخوازە ڕەواکانی گەلی کورد خوڵقاند. لەو ساتەوە قاسملوو وەک کۆتری ئاشتی لە ئاسمانی ساماڵی کوردستاندا شەقەی باڵ لێ دەدات و قاتڵەکانیش بە خۆیان و ئیمارەتی دەسەڵاتدارییان، لە قووڵایی مێژووی تاریک و پڕ لە شوورەیی خۆیاندا دەست و پێی نەزانی لێ دەدەن.

ئەگەرچی ٢٢ی پووشپەڕ وەک ڕووداوێکی تاڵ لە ڕۆژمێری گەلی کورددا تۆمار کراوە و ڕۆڵە مافویستەکانی کوردستان بۆ وەبیرهێنانەوەی ئەم جینایەتە، هەزاران چالاکی و حەماسەیان بۆ شەرمەزار کردنی ئەم جینایەتە تۆمار کردوە، لە هەمان کاتدا ئەم بۆنەیە لە ڕۆژمێری دەسەڵاتی ئاخوندەکانیشدا وەکوو ڕۆژی ترس و وەحشەت تۆمار کراوە، ئەویش نەتەنیا یەک ڕۆژ، بەڵکوو لە درێژەی مانگی پووشپەڕدا هێزە کرێگرتەکانیان لە سەرتاسەری کوردستان لە حاڵەتی ئامادەباشیدا ڕادەگرن.

دیارە تێرۆرکردنی د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، بۆ ئاخوندەکان وەک سەرکەوتنێک دێتە ئەژمار، بەڵام لە بەرانبەردا، خەڵکی کوردستان بە ڕێکخستنی چالاکی و مانگرتنی بەرینی نارەزایەتی، هەزینەی ئەو جینایەتەی چەند بەرابەر لەسەر قورس کردوون. جیا لەوەش جارێکی دیکە خووی دڕندەیی ڕێژیمی ئاخوندەکان بۆ جیهانیان ڕوون بوویەوە.

ئەمڕۆ دەبینین هەر ئەو دەسەڵاتەی کە قاسملوو لەدژی دەوەستایەوە و بۆ ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتی سیاسەتە چەوتەکانی لەقاو دەدا، هەروا لە دەسەڵاتدا ماوەتەوە. ئەمڕۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان بە سەرۆکایەتیی عەلی خامنەیی، نەتەنیا وەک فاکتەری سەرەکیی هەڕەشە بۆ ژیان و ئازادییەکانی تێکڕای گەلانی ئێران، بەڵکوو وەک مەترسییەکی جیددی بۆ سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕست گەمەو یاری دەکا. ئەمڕۆ لە کوردستان، ناوی قاسملوو وەبیرهێنەرەوەی ئەخلاقی بەرزی ئینسانی و نموونەی فیداکارییە و بیرو هزری بۆ خوێندکاران سەرچاوەی لێکۆڵینەوەن. قاسملوو ڕێبەرێکی ئاشتیخوازی کوردە کە ئامانجەکانی لە نەتەوە و ژێوگرافی وڵاتێک زۆر بانترن. ناوی قاسملوو ئاوێتە بە دەستەواژەگەلی ئازادی، بەرابەری، کەرامەتی مرۆیی و ئاشتی بووە و هەروەها لەگەڵیاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

قاسملوو جەنگاوەر یا فەرماندەری شەڕی سەربازی نەبوو، بەڵکوو سیاسەتمەدارێکی دووربین و پابەند بە مافی مرۆڤ و

دادپەروەری و ئۆتۆنۆمی گەلە سەربەرزەکەی بوو. لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، لەو سەردەمەی کە چەک و خوێن قسەی یەکەمی ڕۆژانە بوون، ئەو زمانی دیالۆگ و پرسی دێموکراسیی هەڵبژارد. لە سەردەمێکدا کە لەسێدارەدان و سەرکوتکردن شتێکی باو بوو، ئەو بەرگریی لە چارەسەری پرسەکان بە مێتۆدی سیاسی و ئینسانیی دەکرد.

ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، نەوەیەکی نوێ بە مەبەستی دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەیان لە مەیداندان. ئەم توێژ و نەوەیە ڕێگایەکی سەخت و دژواریان لەبەرە، بەڵام شکۆمەند و پڕ لە شانازی. ڕێگایەک کە پیاوانی وەک دکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بە قەڵەم، ئەندێشە و گیانی خۆیان خۆشیان کردوە. قاسملوو نیشانی داوە کە کوردبوون هەر بە مانای وەستانەوە لە بەرامبەر ستەمدا نیە، بەڵکوو بانگەوازێکە بۆ بەخۆدا هاتنەوە، دیالۆگ، ئاشتی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی.

نەوەی نوێی کورد کە ئەمڕۆ تێدەکۆشێ بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات، دەبێ دەنگی ڕەوای نیشتمانێک بێت کە کەسایەتییەکی وەک قاسملوو لە داوێنیدا پەروەردە بووە. ئەو قاسملووەی کە هەوڵی دا دەنگی گەلێک بێت کە هەرگیز ڕێگەی پێ نەدراوە دەنگی بەرز بکاتەوە و نەیتوانیوە ڕێچکەی ژیانی ئاسایی خۆی وەکوو هەموو گەلانی جیهان بەرەو پێش ببات. ئەو لاوە چاوکراوانەی کە ئەمڕۆ بڕیاریان داوە کوردستان لە فاشیستان پاک بکەنەوە و لە پێناو دەستەبەربوونی کۆمەڵگەیەکی بەختەوەر بۆ داهاتووی خۆیان فیداکاری بکەن، دەبێ لە وانەکانی مامۆستای دێموکراسی سوود وەربگن. بۆ وێنە، دیالۆگ لەبری توندوتیژی، یەکگرتوویی لە جیاتی پەرتەوازەیی، دادپەروەری لەبری تۆڵەسەندنەوە و ڕێزگرتن لە فرەچەشنی لە کۆمەڵگەی کوردستان، وەکوو بنەمای کار و چالاکیی خۆیان بە کار بێنن. ئەو بنەمایانەی کە قاسملووی شەهید هەوڵی زۆری بۆدان و هەر لەو پێناوەشدا گیانی بۆ بەخت کرد.

قاسملوو لە دوایین بڕگەکانی ژیانیدا لە ڕێگەی حیزبەکەیەوە "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان"ی وەک ئامانجی سەردەمی خۆی بۆ بزوتنەوەی کوردستان هەڵبژارد، بەڵام هیچوەخت ئەم داخوازەی بە داخراوی نەهێشتەوە. ئەو لە سەر ئەو باوەڕە سوور بوو کە نەسڵی ئەمڕۆ مافی ئەوەی نیە بۆ دواڕۆژ بڕیار بدا و پێویستە ئەو بژاردە گرینگەیان لێ زەوت نەکرێ. دەبێ ئەو ڕاستیە بزانین کە لە سەردەمی ئێستادا تەنیا ڕێگەی بەرەنگاربوونەوە لە ستەم و زۆرداری چەک نیە. هەندێک جار، گەورەترین چەک دەتوانێ بریتی لە وشیاری، هێزی زمان، بەرزی هونەر و سەقامگیری ئەخلاقی بێت. قاسملوو هەردەم پێی وابوو کە گەلی کورد چەکی بەسەردا سەپاوە و ناچار بە بەرگری لەخۆی کراوە.


ئاشکرایە، ئەمڕۆ زیاتر لە هەمیشە پێویستمان بە قاسملوو هەیە، ئەڵبەت نەک تەنها بە ناوەکەی، بەڵکوو بە ڕێگا و

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

ڕێبازەکەی، چون بیری قاسملوو چرای دوارۆژمانە. وەختێک لەسەر شەقامەکانی کوردستان، یان لە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە جۆراوجۆرەکان، لاوانی وشیار، ئاڵای شکۆمەندی "قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" بەرز دەکەنەوە، بە مانای ئەوەیە کە قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە و هەردەم بە شەکاوەیی دەمێنێتەوە.

**ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

# قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندوە





عومەر باڵەکی

٢٢ی مانگی پوشپەری ئەمساڵ ٣٦ساڵەی تێرۆری دوکتور قاسملوو وعبدوڵڵا قادریئازەر بوو کە لەسەر میزی بەناو وتوویژ بە دەستی دیپلۆماتتێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە شاری ڤیەن، پێتەختی وڵاتی ئوتریش شەهید کران.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

تیرۆر و شەهید کردنی دوکتور قاسملوو زیانێکی گەورەی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دا و لە هەمان کاتدا برینێکی قوڵی خستە جەستەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لەو کاتدا باری قورسی بەرگری چەکدارانە لە بەرانبەر شەڕی داسەپاو بەسەر کوردستانی کەوتبوو سەر شانی. هەروەها شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو زیانێکی قەرەبوونەکراوی لە بزووتنەوەی دێموکراسیخوازیی گەلانی ئێرانیش دا. چونکە دوکتور قاسملوو باوەڕ و ئیمانی بەو ڕاستییە هەبوو  کە بۆ گەیشتن بە حکوومەتێکی دێموکراتیک لە ئێران هاوکاری و هاوخەباتیی هەموو گەلانی ئێران پێویستە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیک لە هێزە نیشتمانی و دێموکراسیخوازەکان بێوەچان کاری کرد.

لەگەڵ ئەو ڕاستییە کە لەدەستدانی دوکتور قاسملوو بۆ حیزبی دێموکرات و گەلی کورد خەسارێکی گەورە بوو، لە هەمان کاتدا کەلکوەرگرتنی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە نیازپاکیی دوکتور قاسملوو بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد بۆ شەهیدکردنی ئەو ڕێبەرە مەزنە، ئەوەندی دیکە ژانی لە دەستدانی دوکتور قاسملووی بەژانتر کرد. بەڵام چ ئەوکاتەی هەواڵی شەهیدکرانی دوکتور قاسملوو بڵاو بۆوە و چ ئێستا دوای تێپەرینی ٣٦ساڵ بەسەر شەهید کرانیدا، ئەوە سەلمێنرا کە دوکتور قاسملوو تەنیا جەستەیەک نەبوو کە بە شەهیدبوونی لە بیر بچێتەوە؛ بەڵکوو ڕێبازێکە بە تێپەربوونی زەمان ڕۆژ بەڕۆژ گەشە و باڵا دەکا و هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی کوردستانی داپۆشیوە.

لەو ڕۆژەوە دوکتور قاسملوو بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی شەهید کراوە، هەموو ساڵێ لە کوردستان سەرەڕای ڕێگری و سەرکوتی بەبەرنامەی حکوومەت، خەڵکی کوردستان و ڕێبوارانی ڕێگا و ڕێبازی دوکتور قاسملوو بە شێوازی جۆراوجۆری یادی ئەو ڕێبەرە هەڵکەوتووە دەکەنەوە و دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" لە شار و گوند و شەقامەکانی کوردستان دەنگ دەداتەوە. نموونەی زۆر زیندووی ئەو زیندوویەتییە لە ڕاپەرینی "ژینا"دا بە روونی پێشانی دایەوە کە بیر و ئەندیشەکانی دوکتور قاسملوو لە نێو کۆمەڵگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زیندووە و هەردەم لە پەرەئەستاندندایە، چونکە دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" لەسەر زاری نەسلێک دەگوترایەوە کە نەوەی نوێ و تازەپێگەیشتووی کۆمەڵگەی کوردستانن. بۆیە دەتوانین بڵێین قاسملووی نەمر چۆن لە سەردەمی ژیان و زیندووبوونی خۆیدا بە کار و تێکۆشانی بێوچان خزمەتی گەورەی بە پێشخستنی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد، بە مەرگی نابەوەختیش ناوی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی بە گوێی گەلانی جیهان ئاشنا کرد؛ بەو مانایە کە شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی بوو بە دەنگدانەوە و لەرینەوەی دەنگی مەزڵوومییەت و خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە سەرانسەری جیهاندا و لە هەمان کاتدا ڕوخساری دزێو و شەڕەنگێز و تێرۆریستپەروەری دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی زیاتر لە جاران بە دنیا ناساند.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥


بە پێچەوانەی ئامانجی دوژمن کە پێی وابوو لە دوای شەهیدکردنی دوکتور قاسملوو سەنگەری شۆڕش و خەبات چۆڵ دەبێ و ئەو جووڵانەوەیەش بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەرەو نسکۆ و دارمان دەڕوا، هەر لەو کاتدا بە سەدان گەنج و لاوی کوردستان بە هەستکردن بە بەرپرسایەتی لە بەرانبەر خوێنی بەناحەقڕژاوی دوکتور قاسملوو و هەمووی شەهیدانی حیزب و گەل ڕوویان لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کرد و سەنگەری خەباتی مافخوازانەی گەلی کوردیان لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە جاران ئاوەدانتر کردەوە.

لەو کاتدا کە هەواڵی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو بڵاو بۆوە، لە گەڵ ئەوەدا بیستنی ئەو هەواڵە بۆ ئەندامان و کادر و پێشمەرگە و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەواڵێکی بەژان و جەرگبڕ بوو، بەڵام لەو هەلومەرجە ناخۆشەدا کەس بێهێوا نەبوو و چۆکی دانەدا و پشتی لەژێر باری ئەوکۆستە گرانە نەچەماندەوە، بەڵکوو بە ئێرادەیەکی پتەو و پۆلایینی پێشمەرگانە هەستی بەرپرسایەتی لە هەموو جومگەکانی حیزبی دێموکراتدا وەڕێ کەوت. هەروەها ئەو وتە بەنرخەی شەهید دوکتور قاسملوو کە دەیفەرموو "باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژە پێدانی ڕیگایانە"، بوو بە چرای ڕێگای تێکۆشان و خەبات لەپێناوی وەدیهێنانی ئامانجی شەهیدان. هەر ئەوە وای کرد بە پێچەوانەی لێکدانەوەکانی دوژمن کە پێی وابوو حیزبی دێموکرات دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لێک هەڵدەوەشێ یا ئەوەندە لاواز دەبێ نابێتە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، ئەوە سەلمێندرا دوای تێپەڕینی ٣٦ساڵ بەسەر شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو، بە هەوڵ و هیمەتی ئەندامان و کادر و پێشمەرگەی حیزب و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕۆژ بە ڕۆژ لە بەرەو پێشبردنی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتی توانیویەتی کاریگەریی خۆی دابنێ و پێگەی خۆی لەنێو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردستان بەهێز و بەربەرین بکا.

لە هەلومەرجی ئێستادا کە حکومەتی تێرۆریستپەروەری کۆماری ئیسلامی گلۆڵەی تەمەنی کەوتۆتە لێژی و لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران شەرعییەتی لەدەست داوە با ڕێگا و ڕێبازی شەهید دوکتور قاسملوو بکەینە هەوێنی یەکگرتووی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتدارانی ئێران و دابینکردنی دێموکراسی و ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و گەیشتن مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێرانی دێموکراتیکدا.

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# ڕێبەر یان سەرکردە، ئاوڕدانەوەیەکی بابەتی لە د. قاسملوو





**ئەسعەد باقری**

پرسیاری سەرەکیی ئەم بابەتە ئەوەیە بۆچی لە ناوهێنانی دوکتور قاسملوودا زۆرتر لەوەی باسی پاشگری سازمانی وەکوو سکرتێر بەکار بهێنرێت، لە پاشگری ڕێبەر کەلک وەردەگیرێت. ئەمە پرسیارێکی گرینگ و جێگای تێڕامانە، لەبەر ئەوەی دەزانین لە چارتی سازمانیی حیزبی دیموکراتدا ئێمە سکرتێرمان هەیە نەک ڕێبەر. ئەمە ناتوانێت ببەسترێتەوە بە پێگەی

سازمانیی ناوبراو لەبەر ئەوەی هەم لە پێش دوکتور و هەم هاوکات و هەم پاش ئەو، هەم لە حیزبی دیموکراتدا و هەم لە حیزبەکانی تر لە کوردستان و ئێراندا نموونەی زۆر کەمی سکرتێرمان هەیە کە هاوکات وەک ڕێبەر یاد بکرێن و ناو بهێنرێن. ئەمەش نابەسترێتەوە بە شەهیدبوونی ئەو، چونکی سکرتێری شەهید یان کوژراو لە حیزبەکانی تر لە کوردستان و هەم حیزبەکانی ئێرانیشدا هەن، بەڵام بە ڕێبەر ناو دەرناکەن.

کامانەن ئەو خاڵە جیاوازییانە؟ دوکتور چی کردوە و چۆن کردی کە وای لێ بکات بە ڕێبەر ناو ببردرێت. کەواتە باسەکە لە ئاستی لایەنە تاکەکەسییەکاندا تێپەڕ دەبێت و دەچێتە ئاستی ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتییەوە.

بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارگەلە من لێرەدا هەوڵ دەدەم بە کەلکوەرگرتن لە چەند ڕوانگەی تیۆریک لەم بابەتە بکۆڵمەوە و بۆ ئاکاموەرگرتن لەو باسەش لەسەر چەند ڕەهەند و ڕووداوی دیار و پێوەندیدار هەڵوەستە بکەم. دیارە ئەم نووسینە لە ئاستی ئێستادا نەک لە شێوازی وتارێکی زانستی بەڵکوو هەڵکردنی مۆمێکە بۆ دیتنی دەرفەتەکانی لێکۆڵینەوەی زیاتری بابەتەکە. بۆ تێگەییشتن لە کرۆکیی باسەکەش سەرەتا هەوڵ دەدەم پێناسەیەک بۆ چەمکی ڕێبەر و ڕێبەری لە بەستێنێکی وەهادا بخەمە بەردەست. لێرەدا مەبەست لە بەستێن، دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی سکرتێربوونی دوکتور قاسملوویە (١٩٧١ - ١٩٨٩). لۆژیکی سەرەکیی نووسینی بابەتەکەش ئەوەیە کە هەموو کردەوەیەکی بەڕێوەبەرێک لەسەر گریمانەکان دەمێنێتەوە سەبارەت بەوەی چی ڕووی داوە و گریمانەکان سەبارەت بە وەی چی ڕوو دەدات؛ واتە لەسەر تیۆری دەمێنێتەوە. تیۆری و پراکتیک لە یەکتر جیا ناکرێتەوە، کەوابوو ناساندن و لێکدانەوەی ئەم گریمانەگەلە لە بەستێنی ڕووداوەکاندا یارمەتی دەدات بۆ هەڵسەنگاندنی کردەوە و فێربوون. فێربوونی چۆنیەتیی کاتالیزەکردن و ڕێنماییکردنی گۆڕانکاری لە پێوەرێکدا کە هاوتا بێت لەگەڵ قەبارەی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و هەموومان دەیبینین، بەڵام بە شێوەیەکی کاڵ. لێرەدا کەلکوەرگرتن لە تیۆری بۆ شەرحی ئەزموونێکی دیاریکراوە -ئەزموونی ڕێبەریی دوکتور قاسملوو- نەک بۆ گونجاندن و ڕێکخستنی ئەزموونەکە لەگەڵ تیۆرییەکان.

لە نێوان پێناسە جیاوازەکان، بۆ مەبەستی دیاری ئەم نووسینە من ڕێبەری بەم شێوە پێناسە دەکەم. ڕێبەری بریتییە لە پرۆسەی شوێندانان لەسەر چالاکییەکانی تاک یان گرووپێک لە هەوڵەکان بەرەو گەیشتن بە ئامانج لە دۆخێکی دیاریکراودا. سەرکردایەتی بریتییە لە دامەزراندنی دیدگایەک؛ کردنی بە مانادار؛ گەیاندنی بە شێوەیەکی کاریگەر؛ پاڵنەر بۆ خەڵک.

"هارۆپ فێب" ئێژێ سەرکردەیەکی کاریگەر دیمەنە گەورەکە دەبینێت و هەستی پێ دەکات و دیدگایەک دروست دەکات.

"کاترز" دەڵێت ئەمە سەرەکیترین و دیارترین جیاوازیی نێوان بەڕێوبەر و ڕێبەرە، واتا ڕێبەر دیدگایەک بۆ داهاتوو ساز دەکات، ئاراستەکە و ستراتیژی گەیشتن بەو داهاتووە دیاری دەکات. بەڕێوبەر -یان لێرەدا سکرتێر- بەڵام پلان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژیە دادەڕێژێت. ڕیبەر ئایدیاکەی لە ڕێگەی پێوەندیگرتن بە خەڵکەکەیەوە گشتی گیر دەکات. شوێنکەوتووان (followers) هان دەدات تا گۆڕانکارییە مەبەستەکان بە کردەوەیی بکات. گۆڕان بەڵام پرۆسەیەکی ئاڵۆزە کە ناتوانرێت بە تەواوی کۆنترۆڵ بکرێت یان پێشبینی بکرێت. گۆڕانکاریی ڕێکخراوەیی زۆرجار وەک بزووتنەوەیەک لە ئێستاوە بۆ دۆخێکی خوازراو (داهاتوو) تایبەتمەند دەکرێت کە بەگشتی بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو دەکرێتەوە. جا ئەگەر ئەم دیدگا یان داهاتووە پێشنیارکراوە ئیلهام بەخش بێت ئەوا ڕێبەر بەرەو کاریزما بوون دەڕوات.

ماکس وێبێر لە پێناسەی ڕەهەندەکانی دەسەڵات (authority) دا، کاریزما بوون وەک سێهەم سەرچاوەی دەسەڵات دەناسێت. بەڵام ئایا دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی کاریزماتیک بوو؟ خاڵی گرینگ ئەوەیە کە بزانین شوێنکەوتووان کێ و بۆ وەک سەرکردەی کاریزما هەڵیدەبژێرن؟ واتا هەموو کەس نابێت بە ڕێبەری کاریزما! سەرکردایەتیی کاریزماتیک بەو سەرکردانە دەگوترێت کە دیدگایەکی ئیلهامبەخش بۆ داهاتوویەکی خوازراو دەخەنە ڕوو کە پاڵنەرێکە بۆ شوێنکەوتووان بۆ قوربانیدان و وەلانانی بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیان و هەوڵدان بۆ ئەو بەستێنەی کە سەرکردە بانگەشەی بۆ دەکات. سەرکردە کاریزماتیکەکان سۆز و متمانەبەخۆبوون دەدرەوشێننەوە، بەشداری لە ڕەفتاری خۆبەختکردندا دەکەن و ناسنامەیەکی بەکۆمەڵ بەرەوپێش دەبەن، ڕەفتاری خوازراو بە نموونە دەهێننەوە، چاوەڕوانییە بەرزەکان بۆ شوێنکەوتووان دادەمەزرێنن و متمانە دەردەبڕن کە شوێنکەوتووان دەتوانن بەدەستیان بێنن. ئەم ڕەفتارانە یارمەتیدەرن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو کاریگەرییە ئیلهامبەخشە لەسەر شوێنکەوتووان کە سەرکردە کاریزماتیکەکان هەیانە.

ئامانجی دوکتور قاسملوو لە ئاستی نیشتمانیدا دەستەبەرکردنی ئاستێک لە مافی چارەی خۆنووسین بۆ کوردستان بوو، جا لە چوارچێوەی "خودمختاری" لە ئێرانێکی دیموکراتیکدا، ئەمەش وەکوو خولقاندنی دەرفەتێک بۆ ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان و نەتەوەی کورد لە پرەسەندن و گەشەی خۆیدا لە دوا ڕۆژدا خۆی بڕیاری سەربەخۆیی خۆی بدات. ڕەنگە باشترین نموونە بۆ ناسینی ئەو ئایدیایەی دوکتور قاسملوو لە "کورتە باس"دا خۆی دەربخات. لەو دەقەدا دوکتور قاسملوو هەوڵ دەدات ستراتێژیی حیزب وەکوو ڕێبازی پراکتیزەکردنی مافی چارەی خۆنووسین، بۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزب ڕوون کردبۆوە.

مەبەستی دوکتور، ئەو جۆرەی لە زەرروورەتی کورتە باسدا، باسی دەکات ئەوەیە کە ئەو ئایدیایە بکاتە هێما و پێوەری لێکدانەوە و کرداری حیزب تا "ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بیر و باوەڕ بناسرێ" (کورتەباس، لاپەڕەی ٥٤). هەر لەو پێوەندییەدا و لە "کورتەباس"دا، نیشان دەدات کە بە ئاگاداری لە ڕەوتی مێژوویی بزووتنەوەکانی مافخوازی،

دیموکراسی و سۆسیالیستم لە جیهاندا، پێداگری لەسەر خاڵی جیاکەرەوە لە ئایدیای خویدا دەکات بۆ ئەوەی متمانەبەخۆیی و توانای بکەربوون (Agency) و داهێنەربوون بۆ تاکی کورد بگەڕێنێتەوە. لێرەدا دوکتور قاسملوو پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئامانج دابینکردنی ژیانێکی شیاوە بۆ تاکی کورد و کۆمەڵگەی کوردستانە. باس لەوە دەکات ئەم ئامانجە تەنیا بە گەرەنتیکردنی ئازادی هەم لە ئاستی تاک و هەم لە ئاستی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییدا دەرفەتی خولقاندن و ئەگەری سەرکەوتنی هەیە. هەروەها بە رخنەگرتن لە شوێنکەوتوویی خوێندنەوەکانی تر، پێداگری لەسەر خوێندنەوەیەک لە سۆسیالیزم دەکات کە بە دەفر و بەستێنی کوردستانی ببەستێتەوە. واتا تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و مافی بڕیاری تاکی کورد لە بڕیاردانی ئەو خوێندنەوە بنەمای باسەکەی پێک دێنێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە زانای بواری ڕێبەری،"بێرنارد بەس" دەڵێت ڕێبەری کاریزما دەبێت خاوەن توانا و لێهاتوویی پێوەندیدار بە بەستێنەوە بێت. واتا ئەو دیدگا و ئیلهامە وڵامێکە بۆ دۆخێکی ناسەقامگیر کە تیایدا مرۆڤەکان بە دوای وڵامێک دەکەون کە بتوانێت مانا بە کرداریان ببەخشێت و لە نادڵنیایی دووریان بکاتەوە. لێرەدا گرنگترین ئیلهامێک کە دوکتور قاسملوو سازی دەکات خوێندنەوەیەکی کوردستانیانەیە. ئەو پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کوردستان دەبێت خۆی بە تێگەییشتنی خۆی و لە پێناو بەرژەوەندی خۆیدا خوێندنەوەی بۆ تیزە سیاسیەکان بکات. واتا کوردستان و مافی بڕیاردانی سەربەخۆ لە ئاست و ڕەهەندە جیاوازەکاندا نەک تەنیا لە فورمدا بەڵکوو لە مانایشدا..

دوکتور قاسملوو لە "شیکردنەوەی کورتەباس"دا کاتێک باسی دەنگهێنانی پرۆژەکە دەکات تیشک دەخاتە سەر ئەوە کە کۆمەڵێک ئاگایانە دەنگیان بە پرۆژەکەی دابوو، و کۆمەڵێکی تر بۆ دەربڕینی متمانە و دڵنیایی خۆیان بە بەڕێوەبەری - لێرەدا شەخسی سکرتێر واتا دوکتور قاسملوو- دەنگیان بە پرۆژەکە دا. ئەمە ئەو دۆخەیە کە ماکس وێبێر دەڵێ ئەم ڕێبەریی کاریزماتیکە لە لایەن شوێنکەوتووانەوە وەردەگیرێت، بەڵام ئەوە خودی ڕێبەری کاریزماتیکە کە هەڵگری ئەو تایبەتمەندییانەیە. موگناتیسی کەسی و بانگەوازە دیدەوانییەکانیان دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنکەوتوان بە شێوەیەکی شەخسی لەگەڵ سەرکردەکانیان بناسێنن، و ئامانج و بەها و بیروباوەڕی سەرکردەکانیان دەروونی بکەنەوە، لە ئەنجامدا شوێنکەوتووان ئارەزووی وەرگرتنی سەرکردەکانیان دەکەن. واتا ئەگەر ڕێبەر هەوڵی خۆی گشتگیرکردنی ڕوانگە و تێگەیشتنی خۆی دەکات، بەڵام ئەوە بەردەنگەکان کە ڕەوایەتی بەو ڕوانینە دەبەخشن. واتا شوێنکەوتووان "کاریزما"یان بۆ سەرکردەکان دەگەڕێنێتەوە. ئەم کردارە ئەنجامی پێویستیی هیوایە لە کاتی گۆڕانکاری و نادڵنیاییدا. ئەو نادڵنیاییە لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووە دەگەڕێتەوە بۆ ناڕوونی لە سنوور و جیاوازییەکان حیزبەکەی لەگەڵ ئەوانی تر و بە دیاریکراوی حیزبی توودە. دۆخێک کە ئەو نیگەران دەکات ئەوەیە ئەندامانی حیزب نەتوانن پێناسەی فیکری و سازمانیی خۆیان دیار بکەن و لە ئاکامدا بە لاڕێدا ببرێن. دوکتور ئەم مەترسییە بە مەترسیی "بوونی" (existential) لەسەر حیزب و خەباتی نەتەوەیی دەزانیت و "کورتە باس" وەک وڵامێک بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە پێناسە دەکات.

لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پێم خۆشە ئاماژە بە قسەیەکی خودی دوکتور قاسملوو لەنێو هێزەکانی پێشمەرگە ماوەیەک پێش شەهیدبوونی بدەم. لە بۆنەی ٨ی مارسی ١٩٨٩دا، دوکتور قاسملوو باس لە دۆخی چەوساندنەوەی ژنان لەنێو کۆمەڵگەی کوردستاندا دەکات و دەڵێ ستەم دژی ژنان بنەمایی ترە لە ستەمی نەتەوەیی کە ئێمە تەنانەت پاش ڕزگاریی نەتەوەیی دەبێت بەرانبەر ئەو ستەمە درێژە بەو خەباتە بدەین. هەر لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا و لە گرینگیدان بە بەڕێکخراوەیی کارکردن و ڕاوەستان لە بەرانبەر تاکپەرستی و تاکمیحوەری لەنێو حیزب و کۆمەڵگەدا، دوکتور قاسملوو لە وڵامی درووشمی "بژی قاسملوو"ی لایەنگرانی لە میتینگەکەی مەهاباد و بۆکاندا وەستایەوە و داوای کرد درووشمی "بژی دیموکرات" بڵێنەوە. ئەمانە دەرخەری وێنا و مانای ئەو گۆڕانکارییانەن کە دوکتور قاسملوو هەوڵی بۆ دەدا.

نموونەی تری ئەم ڕوانینە لە باسکردنی هەڵوێستی حیزب بەرانبەر ئەو لایەنەی دوکتور بە "شاپەرەست" ناویان دەبات بەرجەستە دەبێت. دوکتور قاسملوو لێرەدا باس لە "مەشرووتە خوازی" ناکات بەڵکوو ئەم ڕەوتە بە شاپەرەستی لەسەر بنەمای تاکپەرستی وێنا دەکات. ئەو بە تێگەیشتن لە بەستێنی مێژوویی و کۆمەیەڵایەتیی وەها ڕەوتێک دژایەتیی ئەو سیستمە دەکات نەک لەبەر تاکەکە خۆی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی تاکپەرستی دژە فورمی ئەو فورمە عەقڵانیی ڕێکخراوە لە کۆمەڵگەیە کە هیوای بۆ دەخوازێت. لەوە بەولاوەتر دوکتور قاسملوو دەزانێت کە وەها فورمێک دەبێت بە مەترسی بۆ سەر فورمی سیاسیی پێشنیاری حیزب، واتا خودمختاری.

هارۆپ فێت دەڵێ ڕێبەری کاریگەر لە ڕێگەی کراوەیی بۆ ڕخنەگرییەوە ڕەوتی باشترکردن دەباتە پێشەوە و بە شێوەیەکی گرنگ بەشداریکردنی تیم و پەرەپێدان جێ دەخات و لە هەمان کاتدا بەردەوام خێرایی گۆڕانکارییەکان بەپێی پێداویستییەکان ڕێکدەخات. لەم بەشەدا نموونە لە ئەزموونی دوکتور قاسملوودا زۆرن. بۆ نموونە لەسەر پەرەپێدان ئەوە گرینگە بزانین دوو سکرتێری پاش دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی و کاک مستەفا هیجری، بە داوا و پێداگریی دوکتور پەیوەست بە ڕیزی سەرکردایەتیی حزب دەبن. نموونەی دووهەم لێرەدا، دەکرێت باس لە سەردەمی کونگرەی ٨ی حیزب بکەین کە لە وڵامی پرسیاری یەکێک لە ئەندامانی سەرکردایەتیی ئەوکات کە بۆچی دوکتور قاسملوو پێداگری لەسەر شێوازی لیست دەکات و بۆ نایهەوێت پشتگیری لە گرووپێکی دیاریکراو بکات بۆ ئەوەی دەنگ بهێنن؛ دوکتور قاسملوو لە وەڵامدا دەڵێ من ناتوانم لەگەڵ کەسانێک کار بکەم کە ڕخنەگر نین. واتا ئەو شوێنکەوتووی پاسیڤی نەدەویست بەڵکوو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە کەسانی وەک دوکتور شەرەفکەندیی پێ باشترە، لەبەر ئەوەی پرسیارکەر و ڕخنەگرن. گرینگی ئەو کردارە لە ڕوانگەی ڕێبەرایەتیدا ستراتێژیکە بەو پێیەی سەرکردایەتیی کاریگەر لە هاوتاکردنی شێوازی سەرکردایەتی گونجاودایە لەگەڵ ئاستی گەشەسەندنی تاک. لێرەدا باسەکە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو هەبوونی ئەندامێکی ئەکتیڤ، پرسیارکەر و ڕخنەگر لە خۆی بۆ سەرکەوتنی حیزب لە پێناو ئامانجی دوور و نزیکدا بە گرینگتر دەزانی لە زاڵبوونی ڕەهای

خۆی بەسەر حیزبدا. "برنز" لە لێکدانەوی وەها کردارێکدا ئێژێت ڕێبەرە گۆڕانکارەکان شوێنکەوتووانی خۆیان بەهێز دەکەن و پەرەیان پێ دەدەن و دیدگا و ڕخنەکانیان دەخەنە ڕوو تا بە شێوە ڕێگە بۆ نوێگەری بکەنە و خزمەت بە پێشکەوتنی کۆمەڵ دەکەن.

لایەنی تری ئەم کردارە لایەنی ئەخلاقیی ڕێبەر لە ڕوانگەی ستراتێژیکەوە. دەبێت بزانین ڕێبەری ستراتێژیک لە هەوڵدایە جۆرێک یان کەشێکی کولتووریی تایبەت لە سازماندا ساز بکات کە پاڵنەری ئامانج و پلانە ستراتژیکەکان بێت. یەکێک لە ئامانجەکانی دوکتور لە پلانی گۆڕانکارییەکانی لەنێو حیزبدا، دروستکردنی کەشێک کراوە و دیموکراتیک بوو. بێگومان سەرکردایەتییەک کە چاودێری چالاکیی ڕێبەر بێت نەک شوێنکەوتوویەکی پەسیڤ، زۆرتر دەتوانێت یارمەتیدەری سازکردنی وەها کولتوورێک بێت. نموونەیەکی بەرچاوی هەوڵی دوکتور قاسملوو بۆ بنەماییکردنی ئەم کولتورە بەڕێوەبردنی ٦ کونگرەیە لە ماوەی سەرکردایەتیی خۆیدا، ئەویش ٥ کۆنگرەیان لە سەردەمی شەڕی داگیرکاریی کۆماری ئیسلامیدا.

خاڵی پێکەوەگرێدانی ئەو دوو نموونەی سەرەوە دەکرێت بەو جۆرە باس بکەین. ئەمە ڕەهەندێکی گرینگی ڕێبەرایەتیی کاریگەرە کە لە تیۆرەکان و مۆدێلەکانی تری ڕێبەرییشدا ڕاوەستەی لەسەر کراوە. بۆ نموونە سەرکردایەتیی بارودۆخی (situational leadership) ئەم مۆدێلە کە مۆدێلێکە بۆ پەرەپێدانی مرۆڤەکان بە تێپەڕبوونی کات بۆ ئەوەی بتوانن بگەنە بەرزترین ئاستی ئەدای خۆیان لەسەر ئامانجێک یان ئەرکێکی دیاریکراو. پرۆسەیەکە بۆ یارمەتیدانی شوێنکەوتووانە بۆ ئەوەی خۆیان پاڵنەر بن و خۆیان ئاراستە بکەن؛ لەسەر بنەمای پەیوەندیی نێوان ئاستی لێهاتوویی و پابەندبوونی تاک (ئاستی گەشەپێدان) لەسەر ئامانجێک یان ئەرکێکی دیاریکراو و بڕی ئاراستە و پشتگیری (شێوازی سەرکردایەتی) کە سەرکردە پێشکەشی دەکات. ئاستی گەشەپێدان دوو لایەنی هەیە: لێهاتوویی و پابەندبوون. دوکتور قاسملوو وەک کەسایەتییەک کە لە بەستێنێکی ئاکادێمیکەوە گەڕابووە نێو سەرکردایەتی، بە باشی هەستی بە گرینگیی دەوری پەروەردە لە پێگەیاندنی هێزی مرۆیی لە حیزبەکەیدا کردبوو. هەربۆیە پەروەردی حیزبی و فێرگە یەکێک لە گرینگترین و سەرەکیترین بەشەکانی گۆڕانکاری و نوێکردنەوە بوو کە لە ڕۆژەکانی یەکەمی کاریەوە دەستی پێکرد. بەڵام ئەو تێگەیشتبوو لایەنی پابەندبوون گرێ دراوە بە دۆخی مەعریفیی (cognitive) تاکەوە. بەپێی مۆدێلەکانی خواستی (intention) کارسازی، ئەمرۆکە ئێمە دەزانین کە گەنگازی (ئیمکانی) هەستپێکراوی یەکسانە بە چەمکی خۆکارامەیی-self (efficacy خۆکارامەیی بەرهەمی هاوکاتی پەروەردە و متمانەبەخۆیی. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە کەسانی پەسیڤ بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرکردایەتی شیاو نین بۆ نموونە لەبەر نەبوونی متمانەبەخۆیی. ئەڵبەت گرینگە بزانین یەکێک لە ئامانجەکانی خۆدی پەروەردەی مەبەستی دوکتور قاسملوو، بەرزکردنەوەی ئاستی متمانەبەخۆیی لە نێوان کادر و ئەندامان بوو. بەڵام ئەمە بۆ کەسانی ئاستی سەرکردایەتی فاکتەرێکی پێشمەرجە نەک بەشێک لە پلانی پەرەپێدان و پەروەردە.



سەرچاوە
Serchawe


## گەلاوێژی ٢٧٢٥

لەم بەشەدا دەمەوێت لە ڕوانگەیەکی گریمانەییەوە باس لەوە بکەم کە دوکتور قاسملوو دەکرا ڕێبەرێکی ژەهراوی بێت، بەڵام خۆی هەڵیبژارد کە بەو ئاقارەدا نەڕوات. لە ڕوانگەی ئەم تیۆرییەوە، ٣ فاکتەر دەتوانن ڕێبەرێکی کاریگەر و گۆڕانکار بکەن بە ڕێبەرێکی ژەهراوی. فاکتەری یەکەم باسی ئاستی کۆمەڵایەتی-سیاسییە. لە بەستێنی شۆڕشێکی سیاسی کە ئاکامی شۆڕش نادیار و چارەنووسی هەمووان لەژێر مەترسیی شکستی بنەمایی‌دایە، واتا ناسەقامگیری پێناسەی سەرەکیی سیستەمەکەیە. لە کۆمەڵگەیەک کە هێشتا بەها دێموکراتیکەکان نامۆن و مێژووی چەوساندنەوە و سەرکوت بەشی سەرەکیی بەسەرهاتی ژیانی نەوەکانی پێشوو بووە و کۆمەڵگە ئامادەیی ئەوەی تێدایە کە لەسەر ڕێچکەی پێشووی خۆی بەردەوام بێت بەو مانایەی کە بەستێن بۆ خەڵەتاندنی جەماوەر و بەکارهێنانیان لەپێناو ئامانجی شاراوە و خۆویستانەدا تا ڕادەیەی دڵنیایی لەبارە. لە ئاستێ کەسایەتیی تاک لە کۆمەڵگەدا، زۆرینەیەکی نەخوێندەوار، سەرکوتکراو. جا گرینگە بیرمان بێت ئەمە دۆخی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانی ئەوکات بوو. لە ئاستی تاکەکەسی و لایەنگراندا، بێگومان کۆمەڵگەیەک بە ئاستی نەخوێندەواریی بەرچاو کە تیایدا تاک و دەنگ و خواستی دەرفەتی خۆ دەربڕینی نەبووە و زۆربەی کات دەبوایە شوێنکەوتووی بڕیار و نەریتی گشتی یان بەرژەوەندی لایەنی دەسەڵاتداری نێو کۆمەڵگە بوایە. ئەم دۆخە بکوژی ڕخنەگری و هەر جۆری هەوڵێکی خۆپێناسەکردنی سەربەخۆی تاکە. کەواتە کەمترین دەرفەت بۆ جیاوازی و رخنەگری دەڕەخسێت. بەرهەم دەبێتە کەمترین ئاستی نارەزایی دەربڕین لە بەرانبەر کردەوەی لایەن یان تاکی خاوەن دەسەڵاتدا.

لە روانگەی تیۆریی رێبەری ژەهراوییەوە (Toxic leadership) ئەگەر رێبەر کەسێک خۆویست و لەشوێن ئامانجە تاکەکەسییەکانی خۆیدا بێت، دەتوانێت بە ئاسانی بە کەڵک وەرگرتن لە دۆخی ناسەقامگیر، تاکی نائاگا بخلافێنێت و کۆمەڵگە بکات بە قوربانیی بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. لە وەها دۆخێکدا، ڕێبەرێکی کاریزماتیک لەپێناو بەرژەوەندیی تاکەکەسیی خۆیدا یان لەپێناو ئایدیۆلۆژیای ڕق و قیندا، دەتوانێت ئاراستەی چارەنووسی سازمان و کۆمەڵگەیەک پێچەوانە بکاتەوە. لە ئاستی ئێراندا، خۆمەینی بە ئایدیۆلۆژیای ڕق و کوشتن و دژەئازادی "ویلاتی فەقیهـ"ی خۆی بوو بەو ڕێبەرە ژەهراوییە. لە ئاستی کوردستاندا بەڵام، دوکتور قاسملوو بە بیری ئازادی و ئاشتی و دێموکراسی ڕێگەی کۆمەڵگەی کوردستانی جیا کردەوە. دوکتور قاسملوو لە دوایین هەوڵی خۆی لە پێناو ئەو بەرژەوەندییە گشتییەدا، گیانی خۆی فیدا کرد. بۆیە زۆر گرینگە لە بیرمان بێت کە دەرفەت بۆ خۆلقاندنی چارەنووسێکی تر بۆ ئەم رێبەرە شەهید لەبار بوو بەڵام ئەو بریاری دا رێگایەک دروست بکات و لایەنگرانی بە شانازییەوە خۆیان بە رێبواری ئەو ریگایە بزانن. واتا دوکتور قاسملوو ئەو سەرکردە بوو کە لەسەر بەردەوامی و پابەندبوونی بە ئایدیا و بەهاکانی خۆی، وایکرد کە کۆمەڵگا نازناوی رێبەری پێببەخشێت.

ای گەلاوێژی ٢٧٢٥

# سیاسەت بە تاموچێژی ئەکادێمیا






**سۆران عەلیپوور**

پرسیارێک کە دەبێ لەو ڕۆژانەدا بۆ وڵامەکەی بگەڕێین ئەوەیە کە چۆنە دوای ٣٦ ساڵ لە تیرۆری د. قاسملووی شەهید و یارانی، هەروا ناو، هەڵویست، ژیان و بیروبۆچوونەکانی لە ڕۆژەڤدان؟ بۆچی لە بزووتنەوەی ژینادا دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگەت درێژەی هەیە" یەکێک بوو لەو دروشمانەی لەسەر زمانان بوو؟ خۆشەویستیی ئەو مرۆڤە لەنێو خەڵک و



سەرچاوە
Serchawe

بەشێک لە  نەیارانیشیدا بۆچی دەگەڕێتەوە؟ وڵامدانەوە بەو پرسیارانە لێکۆڵینەوەی زانستی و مەیدانیی گەرەکە کە لە توانای ئەو وتارەدا نیە، ئێمە هەوڵ دەدەین بە ئاوردانەوەیەک لە ژیانی زانستیی ئەو مرۆڤە، بەشێک لە بەرهەمەکانی و کاریگەریی توانای ئاکادێمی لەسەر هەڵوێستە سیاسییەکانی، بە دوای بەشێک لە وڵامی ئەو پرسیارانەدا بگەڕێین.

نەوەی ئێمە کە لە نزیکەوە ئاوێتەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتە، لەوانەیە دوایین نەوە بێ کە د. قاسملووی لە نزیکەوە دیتبێت و لە یادەوەریی خۆیدا کۆمەڵە بیرەوەرییەکی لەو مرۆڤە هەڵگرتبێ، وێنەی منداڵیی من لە "کاک دکتور"* تێکەڵێکە لە ڕوخساری پیاوێکی جامانەلەسەری ڕووخۆش کە لە بۆنە و ڕێورەسمەکاندا وتاری دەدا لەگەڵ ناوی "د. عبدالرحمن قاسملوو" کە لەسەر بەرگی دوو کتێبی "کوردستان و کورد" و "چل ساڵ خەبات"دا لە سەر تاقچەی پەنجەرەی ماڵی ئاوارەیی لە بناری قەندیل لەگەڵ چەند کتێبێکی دیکەی وەک "دان چەرموو" و "هەتاو"دا ڕۆژانە دەکەوتە بەرچاوم.
جیاکردنەوەی دوو کاراکتەری "کاک دکتور" و "د. عبدالرحمن قاسملوو" کە زۆر زوو لە ژیانی د. قاسملوودا پێ بە پێی یەک دەبینرێن و هەنگاو دەنێن، بۆ من و لەوانەیە بۆ زۆر کەسی دیکەش کارێکی ئاسان نەبێ. کاک دکتور کەسایەتییەکی سیاسی، سکرتێری حیزبێک، دیپلۆماسێکی شارەزا و ڕێبەرێکی خۆشەویست، کاریزماتیک و پراگماتیستە کە بەردەوام لە هەوڵی داڕشتنەوە، بەخۆداچوونەوە و قۆستنەوەی دەرفەتە جۆراوجۆرەکانە بۆوەی بە پشتبەستن بە کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپی بەرزی ئەخلاقی و مرۆیی، کەشتیی کوردان لە دەریای پڕ لە گێژەن و شەپۆلی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بگەیەنێتە کەنار. تێگەیشتن لە کەسایەتیی کاک دکتور زۆر جاران تێکەڵە لەگەڵ هەستێکی پاکی پڕ لە نۆستالۆژی و بەداخەوەش هێندێک جار "تقدیس" کردنی بە مەبەست و بەکارهێنانی ئەو ناوە بۆ مەرامی دیکە.

لە بەرامبەریشدا "د. عبدالرحمن قاسملوو" کەسایەتییەکی ئاکادێمی بیرفراوان و ڕەخنەگرە، کە لە ڕێگەی خوێندنەوە، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەکانی لە هەوڵدایە گوڵبژێری تیۆرییە جیاوازە سیاسییەکان بکا و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی زانستیانە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورد، کۆماری کوردستان، ئیدۆلۆژییە جیاوازەکان و دیاردە و ڕووداوەکان هۆکارەکانی نەگەیشتنی ئەو کەشتییە بە کەنارێکی ئارام بخاتە ڕوو.

مەبەستی سەرەکیی ئەو وتارە خوێندنەوەیەکە بۆ کاراکتەری "د. عبدالرحمن قاسملوو" و شوێنپێی ئەو کارەکتەرە لە ڕێڕەوی قافڵەی ژیانی سیاسی "کاک دکتور" دا. خوێندنەوەیە بۆ ئەو کوڕە لاوەی ماکسیم گۆرگی بە لاوانی دۆڵی قاسملوو دەناسێنێ تا ئەو کەسایەتییەی لە زانکۆکاندا خوێندنەوە بۆ ئابووریی سەرمایەداری دەکات و لە دانیشتنەکانیدا وتەکانی "ت. سین. ئەلیۆت" ، ڤیکتۆر هۆگۆ و شێعرەکانی بۆدلێر دەکاتە شیرینیی باس و خواسەکانی.

گرینگی ئەو باسە کاتێک بەرچاوتر دەبێ کە لە گرینگیی ئەکادێمیا لە پێشکەوتنی شارستانیەت و هزری مرۆڤ ئاگادار بین، ئەو ڕۆڵەش بناسینەوە کە خوێندکاران و ئەکادیمیستەکان لە گۆڕانکارییەکان و بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا گێڕاویانە. هاوکات ئەو هەڕەشانەش بە هەند وەربگرین کە لە لایەن هێزە ئۆتۆریتەخواز و پۆپۆلیستەکان نەک هەر لە وڵاتانی جیهانی سێهەم بەڵکوو لە ڕۆژئاواشدا دەکرێنە سەر دامەزراوە زانستی و ئەکادێمییەکان. خوێندنەوەی بابەتییانە لە دیاردە و ڕووداوەکان ئەنجامگیرییەکی وردتر و ڕیالیستیتر بەدەستەوە دەدا، بەهرە و توانایییەک کە د. قاسملوو لە هەڵوێست و ژیانی سیاسیی خۆیدا لێی بەهرەمەند بوو، مارک کارافیزی ڕۆژنامەنووس لە دەربڕینێکدا ئەو تایبەتمەندییە بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: "ئەو بە هاسانی دەیتوانی توندوتیژیی پێویست بۆ خەباتێکی سیاسیی چەکدارانە لەگەڵ شک و گومانێکی سەرچاوەگرتوو لە ژیانی زانستیی خۆی ئاوێتەو یەکانگیر بکا".

(لیبراسیۆن ٧ی ئاگوستی ١٩٨٩).

## ژیانی ئەکادێمی:

لەسەر دەسپێکی ژیانی ئاکادیمیی د. قاسملوو بیروبۆچۆونی جیاواز هەیە، ئاخۆ لە ئیستانبوڵ لە بەشی کۆمەڵناسیی کۆلێژی ئەدەبییات دەستی بە ژیانی زانکۆ کردوە، وەک ئەوەی موسا عەنتەر لە بیرەوەرییەکانی باسی دەکا و پاشان لە ڕێگەی کامەران بەدرخانەوە بۆرسێکی خوێندنی لە پاریس وەرگرتوە یا ڕاستەوخۆ لە تارانەوە دوای تەواوکردنی خوێندنی دواناوەندی لە لایەن حکوومەتەوە ڕەوانەی پاریس کراوە؟ ئەو کە بە خوێندنی ئابووریی سیاسی ژیانی ئەکادیمیی دەست پێ دەکا، زۆر بە ڕێکەوت دواتر پاریس دەبێتە دوا وێستگەی ژیانی زانستی و لە کۆتاییشدا دوا وێستگەی ژیانیشی. پاش ساڵێک مانەوە لە پاریس بۆرسەکەی لەدەست دەدا و ڕوو دەکاتە وڵاتی چێکۆسلۆاکیی ئەوکات و هەر لە بەشی ئابووریی سیاسیدا درێژە بە خوێندن دەدا هەتا ساڵی ١٩٥٣. دوای شۆڕشی ١٩٥٨ی عێراق و ڕووخانی پاشایەتیی د. قاسملوو لە بەغدا هاوکات لەگەڵ کاروباری سیاسیدا لە زانکۆی ئەو شارە لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی دەست بە کار دەکا، کاتێک بە ناچاری لە ١٩٦٠ عێراق بەجێ دێڵێ، دەگەڕێتەوە پراگ و درێژە بە نووسینی کتێبی "کوردستان و کورد" دەدا کە لە ساڵی ١٩٥٧ەوە ئامادەکاریی بۆ کردوە، پاشان وەک وانەبێژ لە بواری ئابووریی سەرمایەداری و سۆسیالیستیدا درێژە بە ژیانی زانستیی خۆی دەدا و ساڵی ١٩٦٨ خوێندنگەی بەرزی ئابووری لە پراگ کتێبێکی دیکەی د. قاسملوو بە ناوی "هەڵبژاردەی کێشە ئابوورییە جیهانییەکان" بڵاو دەکاتەوە. پاش ڕێکەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و گەڕانەوە بۆ بەغدا وەک ڕاوێژکار لە وەزارەتی پلاندانانی عێراق کار دەکات. پاش تێکچوونی پەیوەندییەکانی ناوەند لەگەڵ شۆڕشی کوردی و گەڕانەوەی د. قاسملوو بۆ پاریس لە بەشی زمانە ڕۆژهەڵاتییەکانی زانکۆی سۆربۆن درێژە بە ژیانی زانستی خۆی دەدا و لە ساڵی ١٩٧٨



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

دوای گەڕانەوەی بۆ عێراق و دامەزرانی کۆمیتەی زاگرۆس و گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆتایی بە قۆناغی ژیانی زانستیی دێنێ، بەڵام لە بەرهەم و وتارەکانی دواتریدا وەک کتێبی "چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی"، "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" و دەیان وتار و ڕاپۆرتی سیاسی دیکەدا شوێنپێی کارەکتەری زانستی د. قاسملوو بە ئاشکرا دەبینینەوە.

## کوردستان و کورد

یەکێکە لە سەرچاوە ئەکادیمییە دەوڵەمەندەکانی کتێبخانەی کوردییە، لێکۆڵینەوەیەکی پڕبایەخ کە بۆ یەکەم جار لە ئاستێکی زانستیی بەرزدا بە زمانێکی بێگانە لە لایەن کوردێکەوە سەبارەت بە دۆخی ئابووری و سیاسیی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە. کتێبەکە لە ساڵی ١٩٦٢ ئامادەی چاپ بوو و یەکەمجار بە زمانی سلۆڤاکی لە ناوەندی بڵاوکراوە سیاسییەکانی براتیسلاڤا چاپ کرا. نووسەر وێڕای ئاوڕدانەوە لە دۆخی مێژوویی و جوغرافیایی کوردستان باس لە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان و هێزەکانی بەرهەمهێنەر لە بەستێنی ئابووریی و مێژوویی کوردستاندا دەکا و پاشان لەو سۆنگەیەوە پرسی نەتەوایەتی و سیاسیی کورد لە ڕوانگەی تیۆریی ماتریالیزمی دیالێکتیکی مارکسەوە شی دەکاتەوە. لە پێشەکیی چاپی کوردیدا بێجگە لەوەیکە باس دەکا کە بەداخەوە چاپی کوردیی ئەو کتێبە دوای دە ساڵ لە ئامادەبوونی کتێبەکە بڵاو دەکرێتەوە، چارەنووسی کتێبەکە و نووسەر و نەتەوەکەی لێک گرێ دەدات.

ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتیانەیە و نووسەر سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک پرسی گرینگی نەتەوەکەی خۆی باس دەکا، هەوڵی داوە بێلایەنی و بابەتی بوونی خۆی لە لێکدانەوە و ئەنجامگیریەکانیدا بپارێزێ و بە گەڕانەوە بۆ سەدان سەرچاوە بە زمانی جۆراوجۆر یەکێک لە شاکارە بەنرخەکانی مێژووی زانستی کوردی بخوڵقێنێ. گرینگییەکی دیکەی چاپی کوردیی ئەو کتێبە زمانی وەرگێران و داتاشینی ئەو وشە زانستیانەیە کە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە بە ڕاوێژ لەگەڵ د. قاسملوودا توانیویەتی دەقێکی زانستیی پێ بکاتە کوردی و فەرهەنگۆکێکی زمانەوانیشی لەگەڵ کتێبەکەدا بڵاو کردۆتەوە.

## چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی:

جیاوازی کتێبی "چل ساڵ خەبات لەپێناوی ئازادی" لەگەڵ کتێبی "کوردستان و کورد" دا بێجگە لە ڕووی کاتەوە چەند پرسێکی دیکەشە. د.قاسملوو لە کتێبی "چل ساڵ خەبات"دا وەک بۆخۆی دەنووسێ، هەوڵی داوە چەند یادداشێکی مێژوویی بنوسێ و هیچ کات بانگەشەی ئەوەی نەکردوە کە بە پێوەری زانستی مێژوو بەرهەمێکی ئەکادیمیی نووسیوە. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو لە هەموو ئەو بەربەست و ئاستەنگانە ئاگایە کە لە نووسینی مێژووی حدکادا دێنە سەر ڕێگەی، بۆ نموونە وەک

دەستڕانەگەیشتن بە سەرچاوەی پێویست، هاوکات ڕێبەرایەتیکردنی جووڵانەوەیەکی سیاسی و لە شەڕێکی بەرگریخوازانەدا بوون دژی کۆماری ئیسلامی ئاواش توانیویەتیی یەکێک لە کتێبە هەرە دەوڵەمەند و بابەتیانەی مێژووی نوێی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بنووسێ. جیاوازییەکی دیکەی ئەم بەرهەمە لەگەڵ کوردستان و کورد لەوەدایە کە د. قاسملوو ئەو لاوە تەمەن سی ساڵە نیە کە لەژێر کاریگەریی بیری چەپدا پرسی ئایدیالیستیانەی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بەر لە هەموو شتێک بە لەنێوبردنی ئیمپریالیزم ببەستێتەوە، ئەو کەسایەتییەکی پێگەیشتتوو و دەرکەوتووی خاوەن ئەزموونی سیاسی و ئەکادێمییە و لە سەردەمێکدا ئەو کتێبە دەنووسێ کە باسی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی هێناوەتە گۆڕێ و ڕەخنەی خۆی لە سۆسیالیزمی مەوجوود هەیە. وەک چۆن لە "کوردستان و کورد"دا ترسی ئەوەی هەیە کە بێلایەنیی خۆی لە لێکدانەوەکانیدا نەپارێزێ، لە نووسینی "چل ساڵ خەبات"دا دوو جار ئەو ترسەی هەیە، جارێک وەک کورد و جارێکی تریش وەک کەسێک کە مێژووی حیزبێک دەنووسێتەوە کە بۆخۆی لە لوتکەی هەرەمی ڕێبەرایەتییەکەیدایە. د. قاسملوو لە خوێندنەوە بۆ کۆماری کوردستاندا زۆر شارەزایانە و مێتۆدیک هەلومەرجی لەدایک بوونی کۆمار، گەشەکردن و هۆکارەکانی ڕووخانی کۆمار شی دەکاتەوە.

د. قاسملوو هەر بەو نەفەسە ئەکادێمییەوە کۆمەڵێک وتاری بە ناوبانگی وەک "کوردستانی ئێران"، "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" و "واقعیەتیی گەلانی ئێران و ئەفسانەی م. ماکان" و دەیان بابەت و ڕاپۆرتی سیاسی دیکە پێشکەش دەکا کە بایەخی زانستییان لە بایەخە سیاسییەکەیان کەمتر نیە و تێکەڵبوونی دوو کارەکتەری "کاک دکتور" و "د. عبدالرحمن قاسملوو" بەئاشکرا لەو بەرهەمانەدا بەدی دەکرێن.

فیلیپ بۆلانژێ، پرۆفسۆری زانکۆی سۆربۆن دەنووسێ کە ئەو نەک هەر ئەکادیمسیەنێکی ناسراو بوو و وتار و بابەتی ئەکادیمیی دەنووسین، بەڵکوو مرۆڤێکی زۆر بەکردەوەش بوو، واتە نەتەنیا ڕێبەرێکی سیاسیی دوور لە مانۆڕدان، بەرپرسێکی چریکیی بەئەزموونیش بوو کە دەنگی کلاشینکۆف نەیدەترساند، ئەو جێگەی ستایشە چونکە هیچ کات بنەمای ئەخلاقیی خۆی نەفرۆشت. (گۆڤاری مەشریق مەغریب ژمارە ٢٢٢).

ئەزموونی زانستیی د. قاسملوو سەرمایەیەکی بەنرخ بوو بۆ ژیانی سیاسیی خۆی، بۆ حیزبی دێموکرات و سەرەنجام بۆ پرسی کوردیش. ئەو بە هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەکانی توانای ڕاگرتنی بالانسی لە نێوان جەمسەرە سیاسی و ئیدۆلۆژییەکاندا هەبوو، ئەوە وای کردبوو کە ڕابردووی سیاسیی خۆی وەک قوتبنما (compass) بۆ دیتنەوەی ئاراستەکان بەکاربێنێ و لە نێو گێژەنی دەریای پڕ لە ئیدۆلۆژی و بیرکردنەوەی جیاوازی پڕ لە شەڕ و هەرای ئەو سەردەمەدا، پێوەرە ئەخلاقییەکان لە بەرچاو بگرێ و لە سەختترین قۆناغەکانی شەڕدا پرەنسیپە مرۆییەکان لەبیر نەکا. لای ئەو

بارمتەگرتنی خەڵک، تیرۆر و خۆتەقاندنەوە، دیلکوشتن و بێڕێزیکردن بە جەستەی کوژراوانی مەیدانی شەڕ، پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرزەوینی سووتاو، لەژێرپێنانی بەرژەوەندی پارچەیەکی دیکەی کوردستان و زۆر پرسی دیکەش هێڵی سوور بوون.

ئەو سەرمایەیە بۆ حیزبی دێموکراتیش پڕ بایەخ بوو، باوەڕبوون بە دێموکراسی و دادپەروەری، سیاسەتی سەربەخۆ و ئەخلاقگەرایانە و باوەڕهەبوون بە مافی کەمینە و توێژە جیاوازەکان، پەیوەندیی دیپلۆماسی و دامەزراندنی تۆڕێکی بەربڵاوی پەیوەندی ڕیشەیان لە ژیانی زانستی د. قاسملوو دایە، ئەو وەک چۆن لە زانکۆکاندا دەرسی دەکوتەوە بە هەمان نەفەسی پەروەردەیی و ئەکادێمی بەشداریی دەورە سیاسییەکان و باس و خواسەکانی نێوخۆی حیزب و دەرەوەی حیزب دەبوو. هەر کەس گوێ لە دوایین وتەکانی د. قاسملوو بگرێ لەگەڵ وەفدی بەناو وتوێژکاری کۆماری ئیسلامیدا، زۆر بە ڕوونی گوێت لەو سیاسییە دەبێ کە لەسەر پرسەکانی دێموکراسی و مافی چارەی خۆنووسین بە نەفەسێکی زانستییانە تا دوا هەناسەکانی ژیانی پێداگری دەکا. لەسەر ئاستی نەتەوەیشدا بێجگە لەو کۆمەڵە بەرهەمەی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کردوە، ژیانی زانستیی ئەو مرۆڤە سەدان دۆستی لە ئاستی ئەکادێمی و زانکۆکاندا و لە ئاستی سیاسیدا بۆ کورد بە دیاری هێناوە.

لێکگرێدانی دوو کاراکتەری "کاک دکتور" و "د. عبدالرحمن قاسملوو" وەک هونەری کۆکردنەوەی دژبەرەکان تایبەتمەندیەکی دیکەی د. قاسملوو بوو، ئەو تەنیا لە چوارچێوەی تیۆری و دیواری زانکۆکاندا نەمایەوە و ئەوەی لە ژیانی زانستی خۆیدا هەوڵی شەنوکەوکردنی بۆ دەدا، لە مەیدانی پراکتیک و چیاکانی کوردستانیشدا خەباتی بۆ کرد. پەیوەندیی دێموکراسی و پرسی نەتەوەیی لە باسی نێو کتێبەکانەوە گواستەوە بۆ مەیدانی جێبەجێکردن، ئەو کە لە زۆر بواردا بیروباوەڕەکانی خۆی گۆڕیبوو و ترسی لە بیر و بۆچوونی نوێ، ڕەخنە و پێداچوونەوە نەبوو، بەڵام پرسی دژایەتیکردنی ستەمی وەک پرسێکی نەگۆڕ لە ژیانی خۆیدا هێشتبۆوە. لە هەر شوێن و کاتێک بۆی گونجابێ کوردانە لە ئاکادیمی و ناوەندە زانستییەکان ئەسپی خۆی تاو دەدا یان لە شاخ و خەباتی ڕێکخراوەییدا زانستیانە و بابەتییانە دەیڕوانیە دیاردە و ڕووداوەکان.

د. قاسملوو لە وتوێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی بیانی باس لە ئارەزوو تاکەکەسییەکانی خۆی دەکا و دەڵێ پێم خۆشە لە داهاتوودا خەریکی نووسین و کاری زانستی بم و لە گوندی قاسملوو دانیشم، تا ماوم بخوێنێتەوە و بنووسم. ئەو ئاواتەی د. قاسملوو وەک زۆر خەون و هیوای دیکە نەهاتنە دی، بەڵام ئەو سەرمایە سیمبولی و زانستیەی لە دوای خۆی بەجێی هێشت بۆ هەمیشە لە یادەوەری گشتیی نەتەوەی کورددا دەمێنێتەوە، ئەو تایبەتمەندیانە هاوکات لەگەڵ میراتی بەنرخی سیاسی و زانستی د.قاسملوویە کە وادەکا نەوەی ئێستا لە شەقامەکان دا ناوی د.قاسملوو بێنن و لە دروشمەکانیان دا یادی



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥


بکەنەوە.

***

* کاک دکتور" ئەو ناوە بوو کە من زیاتر لە زمانی بابمەوە گوێم لێ بووە و دواتر بۆم دەرکەوت کە بەشێکی زۆر لە پێشمەرگەکانی پارێزگاری د. قاسملوو و کەسانی دیکەش لە خۆشەویستی د. قاسملوودا بەکاریان دەبرد.

١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# قاسملوو، دەنگی مرۆڤایەتی






ڕەحیم نزهت زادە

لە مێژووی پڕ لە زامی نەتەوەی کورددا، ناوگەلێک هەن کە نەمر دەمێننەوە، نەک هەر بە هۆی خەبات و تێکۆشانیانەوە، بەڵکو بەهۆی سیفەتی مرۆڤایەتی، زانست و ئەخلاقیانەوە. لە دونیایەکدا کە هەندێک جار توندوتیژی و پاوانخوازی بە ڕادەیەک زاڵن، کە دەنگی دادپەروەری و دیالۆگ لە جەنجاڵی چەکدا ون دەبێت، کەسانێک هەن بە دەنگێکی بەرز و لە

هەمان کاتدا هێمن و مرۆڤدۆستانە، ڕووبەڕووی ستەم دەبنەوە. د. قاسملوو شۆڕشگێڕێک بوو کە نەک هەر بۆ ئازادی نەتەوەکەی خەباتی کرد، بەڵکوو بۆ کەرامەتی مرۆڤیش، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە خەباتی کرد.

قاسملوو لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) لە کاتی دانوستانەکانی ئاشتی لەگەڵ شاندێکی کۆماری ئیسلامی لە ڤییەنی پایتەختی ئوتریش تیرۆر کرا. هەرچەندە ئەم تیرۆرە یەکێک بوو لە دەیان نموونەی سیاسەتی سەرکوتگەرانەی کۆماری ئیسلامی، بەڵام لەوە زیاتر بوو. ڕێژیم بەو تیرۆرە پەیامی بێدەنگکردنی دەنگی وتوویژ و میانڕەوی نارد. دوکتۆر قاسملوو تەنیا سیاسەتمەدارێکی کورد نەبوو، بەڵکوو بیرمەندێکی ڕاستەقینەی هەموو گەلانی ئێران، گلۆبالیستی و مرۆڤدۆستی بوو کە کۆماری ئیسلامی سێلەی لە دڵ و مێشکی گرت.

## قاسملوو، پێشمەرگەی و دیپلۆمات

دوکتور قاسملوو، بەتەنیا لە بواری بیرورا و سیاسەتدا چالاک نەبوو؛ لە ساڵانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧دا، جلوبەرگی پێشمەرگەی لەبەرکرد و لە چیاکانی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی بەردەوام بوو. بەڵام هاوکات، لە مەکۆ نێودەوڵەتییەکاندا، نوێنەرێکی بەناوبانگ و قسەخۆش بوو . ئەو توانی، پرسی کوردانی ڕۆژهەڵات، لە مەیدانی دیپلوماسیدا جیهانی بوروژێنێت و لە ڕێگەی تۆڕە سیاسییەکانەوە، پشتیوانی زۆرێک لە دامودەزگا و کەسایەتییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ دۆزی کورد ڕابکێشێت. ئەم تێکەڵە ناوازەیەی خەبات لە شاخ و دیپلۆماسی لە ئاستی جیهانیدا، دوکتۆر قاسملووی کردە کەسایەتییەکی ناوازە لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا.

## تیرۆری ڤییەن و مردنی دیالۆگ

دوکتور قاسملوو تەنیا پیاوی شەڕ و دیپلۆماسی نەبوو، بەڵکو هاوکات پیاوی دیالۆگ بوو. لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، سەرەڕای ئەو هەموو توندوتیژی و خیانەتانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە کورد کردبووی، پێشنیاری دانوستانی کرد. گوتیشی: ئێمە ئامادەین قسە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەین، تەنانەت ئەگەر سبەینێش بمانکوژن. ئەم قسەیە دواتر بوو بە پێشبینییەکی تاڵ. ئەو پێی وابوو کە دیالۆگ و دێموکراسی، تاکە ڕێگای چارەسەری بەردەوامی کێشەی کوردە لە ئێراندا. قاسملوو نوێنەرایەتیی جۆرێک لە عەقڵانییەتی ئەخلاقی دەکرد لە سیاسەتدا. ئەو لە کاتێکدا لە ساتەوەختی تێرۆرکردنی تەقەی لێ کرا کە هێشتا قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو. ئەو تێرۆرە نیشانەی ترسی ڕێژیم بوو لە قەڵەم و لە هێزی نەرم، لۆژیک و جەماوەریی قاسملوو.

## دێموکراتبوون بەپێی گێڕانەوەی ئەخلاق

ئەوەی لە دڵی ئەندامێکی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا دەلڤێتەوە، تەنیا دروشمێکی سیاسی، یان هەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژی نیە. بەڵکوو وەک لە ئاماژەیەکی دوکتۆر قاسملوودا هاتووە، باوەڕبوونە بە کەرامەتی مرۆڤ، ڕێزگرتن لە مافی هەموو نەتەوە و گەلان لە ئێراندا: "دێموکرات: ناسیۆنالیستی بیر تەسک نیە، بەها بە دۆستایەتیی نێوان گەلانی ئێران دەدات و ڕێز لە مافی هەموو گەلان دەگرێت."

ئەم ڕستە سادە بەڵام قووڵە، گوزارشت لە ڕۆحی دیموکراتێکی قاسملوو دەکات. بۆ ئەو کوردبوون، هەرگیز بە مانای دوژمنایەتی بەرامبەر گەلانی تر نەبوو؛ بەڵکوو هەنگاوێک بوو، بەرەو گفتوگۆ، پێکەوەژیان و پاراستنت کەرامەتی یەکتر. ئەو بە پشتبەستن بە بیرۆکەی فیدرالیزمی دێموکراتیک و مافی یەکسان بۆ هەموو گەلانی نیشتەجێی ئێران، هەوڵی دا داهاتوویەکی هاوبەش بۆ هەموو خەڵکی ئەم خاکە بنیات بنێت.

## سەربەخۆیی سیاسی حیزب

قاسملوو پێی وابوو کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەبێ: لە هەر جۆرە پشتبەستنێک، بە حکومەت و بزووتنەوە بیانییەکان بەدوور بێت. تەنانەت ئەگەر هەندێک لەو حکوومەتانە، لە هەندێک کاتدا بە هاوپەیمانی ستراتیژی هەژماریش بکرێن . د. قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە بڕیاردان لە حیزبەکەیدا دەبێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی و جەماوەریی کوردستانی ئێران بێت، نەک لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی ئایندە، یان فشاری زلهێزەکانی ناوچەیی یان جیهانی. باوەڕی وابوو کە دەبێ پشتبەخۆبەستن و بەشداریی جەماوەری وەک پرەنسیپی سەرکی وەربگیرێت. ئەو پشتبەستنی بە هێزە نێوخۆیی و خۆڕستەکانی وەک هێز و ڕەمزی مانەوە و ئیعتباری سیاسیی حیزب دەزانی. د. قاسملوو سەربەخۆیی سیاسی وەک پێویستی بۆ متمانەی گشتی و دوورکەوتنەوە لە کەوتنە داوی سیاسەتە بەوەکالەتەکانی زلهێزەکان گەورەکان دەزانی. نەمر قاسملوو چەندین جار جەختی لەوە کردبۆوە کە "ئێمە نە بەکرێگیراوی کەسین، نە ئامرازی بەر دەستی هیچ دەسەڵاتێکین. حیزبی دێموکرات بە تەنیا گەلی خۆی وەڵامدەرە."



سەرچاوە
Serchawe

## دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی جێندەری

قاسملوو بە ڕوونی پێی وابوو، کە بەبێ دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هیچ خەباتێک ناتوانێت ببێتە هۆی ڕزگاری ڕاستەقینە. ئەم پرەنسیپە، لە هزری حیزبی دێموکراتدا، بەم شێوەیە دەردەبڕدرێت: "دیموکرات داکۆکی لە مافی خەڵکی زەحمەتکێش دەکات، و دژ بە هەر داگیرکاری و چەوسانەوەیەکی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە تێدەکۆشێت." دوکتۆر قاسملوو، لەبری ئەوەی پشت بە دروشمی پووچ ببەستێت، ژیانی خۆی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵاواردنی چینایەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە تەرخان کرد. لە گوتاری ئەودا ئازادی تەنیا ئازادیی ڕەگەزی یان قەومی نەبوو، بەڵکو ئازادبوون بوو لە هەژاری، نەزانی، نایەکسانی و چەوساندنەوەی ئابووری. لە لایەکی دیکەوە باوەڕبوون بە یەکسانیی ژن و پیاو بەشێکی گرنگی جیهانبینی قاسملوو و حیزبی دێموکرات بوو: "پشتیوانی لە یەکسانی تەواوەتی مافەکانی ژن و پیاو، لە کۆمەڵگە و خێزاندا دەکات."

لە سەردەمێکدا، کە تەنانەت زۆرێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن تێگەیشتنێکی ڕوونیان لە پرسی مافەکانی ژنان نەبوو، قاسملوو بەئاشکرا بانگەشەی بۆ یەکسانی تەواوەتی ژنان و پیاوان دەکرد. ئەم تێگەیشتنە قووڵە، لە وشیاری و خێرخوازی پێێشەنگانەی ئەوەوە سەرچاوەی گرتوە.

## هێڵێکی ڕوون، لە نێوان مرۆڤدۆستی و فاشیزمدا

لە جیهانێکدا، کە سنوورەکانی نەتەوەیی، ئایینی و زمانەوانی هێشتا سەرچاوەی خوێنڕشتن و دابەشبوونە، دێموکراتی ڕاستەقینە، ئەو کەسەیە کە سنووری دەمارگیری تێدەپەڕێنێت: "دێموکرات مرۆڤدۆستە و بەبێ گوێدانە ڕەگەز و ئایین، بەهایەکی زۆر بە هاوڕێیەتی نێوان مرۆڤەکان دەدات، هەرچەشنە ڕەگەزپەرستی و فاشیزم و باڵادەستییەکیش مەحکووم دەکات." قاسملوو، بە زانیاریی قووڵی خۆی لەسەر کولتووره جیاوازەکان، بە چەندین زمانی زیندووی جیهان قسەی دەکرد، و بە هەموو شێوەکانیەوە بەرگری لە کەرامەتی مرۆڤ دەکرد. لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا، یەکێک لەو کەسایەتییە کەمانە بوو، کە سنووری نێوان بەرخۆدانی نەتەوەیی و دەمارگرژی ڕەگەزیی دەناسی. لە ڕوانگەی ئەوەوە، هەر جۆرە فاشیزمێک و باڵادەستی نەتەوەیی، یان مەزهەبی، دوژمنی ئازادیی مرۆڤ بوو.



سەرچاوە
Serchawe

## سۆسیالیزمی دێموکراتیک

د. قاسملوو لەو دەگمەن ڕووناکبیر و سەرکردە سیاسییانەی کورد بوو کە ڕوانگەی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی لە چوارچێوەی خەباتی نەتەوەیی کوردستاندا خستە ڕوو. لەم ڕووەوە: سۆسیالیزمی دێموکراتیکی، بە ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی یاسایی، ئابووری، ئازادی تاکەکەسی و سیاسی دەزانی.

ئەو پێی وابوو، کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد نابێت تەنیا گەلی و نەتەوەیی بێت، بەڵکوو لە هەمان کاتدا دەبێت، هەڵگری بەهای دادپەروەری، مافی مرۆڤ، دیموکراسی و گەشەسەندنی بەردەوام بێت. لەبری مارکسیزمی کلاسیک، یان مەیلی چەپگەرایی ڕادیکاڵ، مۆدێلی سۆسیال دیموکراسیی ئەورووپیی (بەتایبەتی سکاندیناڤیایی)ی، بە گونجاوترین مۆدێل بۆ گەشەسەندنی کوردستان و ئێران دەزانی. د. قاسملوو پێی وابوو کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک لەگەڵ تایبەتمەندییە فرە نەتەوەییەکانی ئێراندا دەگونجێت، هەروەها دەتوانێت سەکۆیەک بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان، ئایینەکان و زمانەکان دابین بکات.

یەکێک لە لێدوانە بەناوبانگەکانی لەم بارەوە بریتی بوو لە: "ئێمە کوردین، بەڵام لە هەمان کاتدا کۆمەڵگایەکی مرۆڤدۆستانە و دادپەروەرمان دەوێت کە هیچ کەسێک بەهۆی ڕەگەز، ئایین و ڕەگەزەکەیەوە نەچەوسێندرێتەوە."

دوکتور قاسملوو، بە بەستنەوەی نەتەوەگەرایی دێموکراتیک بە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی مۆدێرن، هەوڵی دا ڕێگایەکی مامناوەند و عەقڵانی بۆ بزووتنەوەی کورد لە ئێران دابڕێژێت: ڕێگایەک کە هەم بەرەنگاری ستەمی ناوەندگەرایی بۆوە، هەم خۆی لە توندڕەویی نەتەوەیی یان ئایدۆلۆژیکی پاراستبوو. قاسملوو، چەندین جار باسی لەوە کردبوو، کە سەربەخۆیی خواستێکی سروشتی و ڕەوایە بۆ هەموو نەتەوەیەکی ستەملێکراو، بەڵام هەلومەرجی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی تایبەتدا، دەبێت بە دوای چارەسەری کردەیی و ئەگەری بگەڕێن. وتە بەناوبانگەکەی "ئێمەی کورد سەربەخۆییمان دەوێت، بەڵام لە جیهانێکدا دەژین کە تەنها بمانەوێت بەس نیە، بەڵام دەبێت بزانین ئایا دەکرێت بەدیبهێنرێت یان نا؟" ئێستاش زیندوویەتیی خۆی لەدەست نەداوە.

گەلاوێژی ٢٧٢٥

## میراتی قاسملوو

شەهیدبوونی قاسملوو، وەک تیرۆرکرانی زۆرێک لە ڕووناکبیرانی دیکەی کورد، خاڵێکی ڕەشی مێژووی هاوچەرخی ئێرانە. بەڵام بیرمەندییەکەی هێشتا دەژی. فێری کردین کە مرۆڤ دەتوانێت لە ناو خەباتدا مرۆڤ بمێنێتەوە؛ مرۆڤ دەتوانێت لە ناوەڕاستی سیاسەتدا ئەخلاق بپارێزێت؛ مرۆڤ دەتوانێت کورد بێت بەڵام دژی هەڵاواردن؛ مرۆڤ دەتوانێت ئێرانی بێت بەڵام داکۆکیکار بێت لە فرەچەشنی.


لە ساڵیادی شەهیدبوونیدا، دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت، کە نەمانی جەستەیی قاسملوو، کۆتایی ژیانێک نەبوو؛ بەڵکو سەرەتای میراتێک بوو، کە ئەمڕۆ زیاتر لە جاران پێویستمان پێیەتی. لە سەردەمێکدا کە جارێکی تر دەنگی توندڕەو. ڕق و فاشیست لە ناوچەکە و جیهاندا بەرز بوونەتەوە، بیری قاسملوو، وەک چرایەک وایە بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکە.

ای گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# دوورئەندێشیی دوکتور قاسملوو لە سیاسەتدا





جەماڵ ڕەسووڵدنخە

"فەرماندەی شەڕ لە کاتی پێویستدا، ڕێبەری سیاسی لە پێش هەموو شتێک و مرۆڤی دیپلۆماسی و دیالۆگ". پێناسەی مارک کراڤێتز، ڕۆژنامەنووسی فەرانسەوی لە دوکتور قاسملوو. ئەگەر ئەو ڕستەیە بنەمای نووسینەکە دابنێین ئەگەر کەمێکیش بێت، لە ماهییەتی قاسملوو لە سیاسەتدا و واقعبینیی ئەو ڕێبەرە تێگەیشتووین.

ئەوە شتەی کە تاکێک لە ئەوانی دیکە جیا دەکاتەوە ڕواڵەت و بوونی فیزیکی و ئەو شتەی بە چاو دەبینرێت نیە، چونکە ئەگەر پێوانە ئەوە بێت ئیتر پێناسەی ئێمە لە جیاوازیدانانەدا شاردراوەتەوە و لەو کاتەدا لە مانای جیاوازی تێنەگەیشتووین و تەنیا قەناعەتمان بە جیاوازیی لە ڕواڵەتدا هێناوە. لە دنیای سیاسەتیشدا ئەگەر هەر ئەو پێوانەیە لەبەرچاو بگرین چونکە فلان کەسە بەهۆی ئەوەیکە لە فلان حیزب یا ڕێکخراوی سیاسیدا چالاکی دەکات، ئیتر ئەوە کەسێکی حقووقی یا سیاسییە، ستەمێکە بۆ تێگەیشتن لە ماهییەتی کەسەکان. باسی ئێمەش هەر ئەو بابەتی قووڵ بیرکردنەوە و دوورئەندێشی لە سیاسەتدایە و ئەوەش بۆ ڕێبەرێکی سیاسی زۆر گرینگە کە ناوی ئەو لە مێژوودا تۆمار بکات و هیچ کات لەبیر نەچێتەوە. دوکتور قاسملوو نموونەی ئاشکرای بابەتی بەر باسی ئێمەیە. با پێکەوە بۆ لێکۆڵینەوە لەو بابەتە لەبارەی دوکتور قاسملوو، چەند نموونە لە تەحلیل و دوورئەندێشییەکانی ئەو ڕێبەرە بێنینەوە کە ئێستاش شرۆڤەیەکی ڕاست و بەڕۆژن.

## ڕەتکردنەوەی تێرۆریزم

"لە ڕابردوودا دەوڵەتەکان بە شێوەیەکی گشتی لە پشتیوانیکردن لە ئاکار و کردەوەی تێرۆریستی خۆیان پاراستوە و بەدایم لە دڵەخورپەدا بوون کە نەکا وەک پشتیوان و لایەنگری تێرۆریزم کە ئەوپەڕی قانوونشکێنی و تێکدانی داب و نەریتی نێونەتەوەییە بناسرێن و بە لایەنگری لە تێرۆریزم تاوانبار بکرێن. بەڵام لە حالی حازردا وای لێ هاتوە کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجەکانیاندا نەتەنیا کردەوەی تێرۆریستی بە خراپ نازانن، بەڵکوو بەڕاشکاوی و بە شێوەی ڕەسمی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا لە ڕەشەکوژی و شێوە جۆراجۆرەکانی تێرۆر کەڵک وەردەگرن، ئەم ڕێژیمانە لەنێوخۆی وڵاتدا موخالیفە سیاسییەکانی خۆیان تێرۆر دەکەن و لەو ڕێگایەوە دەسەڵاتی پاوانخوازانەی خۆیان بەزۆری بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن، لە دەرەوەی وڵاتیش بۆ کپکردنی دەنگی هاودەردی و هاوپێوەندیی جیهانی و بۆ بەرگری لە لایەنگریی ئازادیخوازان و بە مەبەستی تایبەتی و جاروباریش بۆ باجئەستاندن یان سەپاندنی ئیدئۆلۆژی و بۆچوونێکی تایبەتیی خۆیان پەنا دەبەنە بەر تێرۆریزم."

ئەوە نموویەکە کە دوکتور قاسملوو لەبارەی تێرۆریزمی دەوڵەتی باسی کردوە. دەربڕینی بۆچوونی دوکتور قاسملوو لەبارەی ڕەتکردنەوەی تێرۆریزمی دەوڵەتی نیشانەیەکە لە واقعگەرایی ناوبراو کە ئەو بەو ئاگاهییە گەیشتبوو کە بەشێک لە دەوڵەتەکان و ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پەنا دەبەنە بەر تێرۆریزم. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو دەستە ڕێژیمانەیە کە دوکتور قاسملوو دەیزانی کار و کردەوەی تێرۆریستانە ئەنجام دەدات. هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا لەلایەن خوێندکارانی پێڕەوی خەتی خومەینی لەو کردەوانەی ڕێژیمی ئێران بووە کە دوکتور قاسملوو

بەتوندی مەحکوومی کرد و وەک کردەوەیەکی زۆر مەترسیدار دژی خاکی وڵاتێکی دیکە پێناسەی کرد.

تێرۆریزمێک کە دوکتور قاسملوو باسی لێ دەکات، کار و کردەوەی هەر وڵاتێک لە هەر قۆناخێک لە زەمان و بە هەر مەبەستێک ئەنجام درابێت؛ لەخۆوە دەگرێت. ئێستا بەپێی ئەو پێشەکییە و نموونەیەی کە هێنامانەوە چاوێک لە جیهانی ئەمڕۆمان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەین دەبینین و دەزانین کە دوکتور قاسملوو بە تێگەیشتن و زانایی حەکیمانەی خۆیی لە سیاسەت ئاماژەی بە چ قەیرانێک کردوە.

لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵ ١٣٥٧ی هەتاوی کە خومەینی دەسەڵاتی لە ئێران بە دەستەوە گرت، تێرۆرەکانی کە هەر لە سەرەتاوە ئەو ڕێژیمە ئەنجامی دا، دواتر لە ساڵانی دیکە و ئێستا درێژەی پێ دەدا لە ئەنجامدا بەرۆکی وڵاتانی ناوچەی گرتووەتەوە و دەبینین کە ئێستا جیهان لە هەوڵی ئەوەدایە ئەو ڕێژیمە کۆنترۆڵ و دواتر لەنێوی ببات. چونکە تێرۆریزمی ڕێژیمی ئێران لە ڕەهەندێکی گەورەتردا گەیشتووەتە مووشەکی دوورمەودا و دواتر چەکی ئەتۆمی و ئێستاش وڵاتانی ڕۆژاوایی و بەتایبەتی ئیسرائیل و ئامریکا بەو ئەنجامە گەیشتوون کە بوونی ئەو ڕێژیمە مەترسی و هەڕەشەیەکە جیهانییە و دەبێ ڕێگاچارەیەکی بۆ بدۆزنەوە.

دوکتور قاسملوو پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئێمە لە بنەڕەتدا تێرۆریزم مەحکووم دەکەین؛ چونکە لەسەر ئەو باوەڕەین کە بنەمای ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ دابین ناکا. لە بواری سیاسییش لە درێژماوەدا تێرۆریزم ڕێز و حورمەتی بزووتنەوە لەنێو دەبات و لە نێوخویدا دەیشکێنی. هەڵسەنگاندنی نەگونجاوی وڵاتانی ڕۆژاوایی لە تێرۆریزم خەبات دژی ئەو دیاردەیە زیاتر سەخت و دژوار دەکات.

ئەگەر نووسراوە و وتووێژەکانی دوکتور قاسملوو لە مەحەکی بیرکردنەوە بدەین بەو ئاکامە دەگەین کە "دوورئەندێشی"ـی دوکتور قاسملوو ڕێبازێکە کە دەبێ بۆ داهاتوو بەپێی ئەو هەنگاو بنێین. دوورئەندێشی بە مانای توانایی پێشبینیی لێکەوتەکانی کارێک یا بڕیارێکە. ئەو لێهاتوویيە هەموو بوارە جیاوازەکانی بارودۆخێک، هەڵسەنگاندنی ئەگەرەکان و بەرنامەداڕشتن بۆ داهاتوو بەپێی هەڵسەنگاندنەکانە. دوورئەندێشی یارمەتی بە تاک دەدات تا بڕیاری ئاگاهانە بگرێت و بۆ بەرەوڕووبوونەوە لەگەڵ پێکۆڵە و دەرفەتەکانی داهاتوو ئامادە بێت. دوورئەندێشی و شرۆڤە بیۆێنەکانی دوکتور قاسملوو لە تایبەتمەندییە فکرییەکانی دوکتور قاسملوو بوو. ئەو حاڵەتە هەتا ئاستێک لە ئەندێشەکانی ناوبراودا خۆی دەنوێنێ کە تا ئێستاش ڕێگایەکی ڕوونی بۆ ئێمە دیاری کردوە کە دەتوان لە سیاسەتدا بیکەینە سەرباشقەی خۆمان. دوورئەندێشی و وتنی ئەو دوورئەندێشییە کە بە واقعگەرایی ناوی لێ دەبردرێت لە بوێری و تێگەیشتنی تاک سەرچاوە دەگرێ و ئەگەر ئەو

تاکەش سیاسی بێ، جێگە و پێگەیەکی بەهێزی لە نێو خەڵک و کۆمەڵگەی جیهانیدا دەبێ و کەسایەتییەکی جیهانی لێ دروست دەبێ؛ هەر وەک دوکتور قاسملوو هەیەتی.

خاکەڕابوونی قووڵ بیرکردنەوە؛ خاڵێکی دیکەی دووربینیی دوکتور قاسملوویە. بەو مانایە کە ئەو بۆ نەوەکانی داهاتوو هەندێک بیرکردنەوەی بەجێهێشت کە ئێمە لەگەڵ ئەو بێگانە نین و بەڵکوو هەر کات لە تەنگ و چەڵەمەی بیرکردنەوەی کەوتین دەتوانین پەنایان بۆ ببەین. شایەد باشترین نموونەی ئەو دووربینییەی دوکتور قاسملوو "سوسیالیزمی دێموکراتیک" بێ کە لەو کتێبەدا ڕێگا و ڕێبازی بۆ ئێستا و داهاتووی ئێمە دیاری کردووە. ناوبراو بە بوێرییەکی بێ وێنە و بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە باسی لە ئیراد و قازانجەکانی مەکتەبە فکرییەکان بەپێی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و سیاسی کورد کردووە و بە ڕوونی ڕێگاچارەکانی لەبەر دەستی ئێمەدا داناوە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەرهەمی ئەو شرۆڤە و قووڵ بیرکردنەوەیە.

دوکتور قاسملوو بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکانی خۆیدا لەسەر پرس و ئاڵۆزییەکانی قووڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵ بوو و بە باشی دەیزانی لە داهاتوودا بەپێی ڕووداوەکانی ئێستا چە شتێک ڕوو دەدات. نموونەی ئەو بابەتە ئەوەیە کە کاتێک لەگەڵ عەلی لیمۆنادی وتووێژێک لەبارەی داهاتووی ئێران دەکات، دوکتور قاسملوو لەو وتووێژەدا بە ڕاشکاوی و بوێرانە باس لەوە دەکا کە لە داهاتوودا نیزامی شاهنشاهی جێگای نیە و مەحکووم بە شکستە و زۆر بە جوانی باس لە هۆکارەکانی دەکات.

ئەمڕۆ دوکتور قاسملوو لە نێو ئێمەدا نیە، بەڵام ئەندێشەکانی ئەو و وتەکانی ئەو ڕێبەرە لەبارەی واقعگەرایی کە دوورە لە هەست، خیاڵبافی و دەرماگرژی؛ دووڕەدیمەنێکی واقعی بۆ ئێمە و نەوەکانی داهاتوو ڕوون کردووەتەوە. چەمکێک کە لە سیاسەتدا بە میراتئەندێشی باسی لێ دەکرێ، لەلایەن دوکتور قاسملوو بۆ ئێمە بە ئەمانەت دانراوە تا لە دنیای ئاڵۆزی سیاسەتدا بتوانین خۆمانی پێ سەر خەین و بڕیاری دروست بدەین.

لەو ڕۆژانەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە مێژوودا کەوتووەتە سەرەولێژیی ڕووخان و ڕێگای گەڕانەوەی نییە. شرۆڤە و تەحلیلەکانی دوکتور قاسملوو لەبارەی چۆنییەتی ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرییە خۆی زیاتر دەردەخات. چونکە ئەو لە وتووێژەکانیدا خۆیدا باسی لەوە کردبوو کە ڕێژیمی ئێران بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر لەسەر کار دەبێ بەڵام لە ئاکامدا بەهۆی نەبوونی مۆرەکانی بۆ درێژەدانی بە ژیانی سیاسی خۆی تووشی بۆنبەستی سیاسی دەبێ و ئیتر ڕێگای دەربازبوونی لە ڕووخان نابێ. دوکتور قاسملوو لەبارەی سەرئەنجامی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بەم چەشنە قسەی

کردوە.

## چارەنووسی دیکتاتۆری

"دیکتاتۆری مەحکووم بە نەمانە! سەرکەوتن بەسەر فاشیزمدا زۆر دەرسی بەنرخی تێدان. یەکەم: ئەوەیکە دیکتاتۆرەکان هەر چەند بە هێزیش بن ئاخرەکەی لە بەرامبەر ڕاوەستانی گەلاندا هێزی خۆراگرتنیان نیە و دەڕووخێن. دووهەم: شەڕخوازیی بە مەبەستی لەژێر چۆک خستنی گەلان یا سادرکردنی ڕێژیمێکی دیاریکراو، ئەنجامێکی بێجگە لە شکست و لەنێوچوونی بەدواوە نییە". دوکتور قاسملوو

**بێ هۆ نیە کە مارک کراڤێتز وتوویەتی: " فەرماندەی شەڕ لە کاتی پێویستدا، ڕێبەری سیاسی لە پێش هەموو شتێک، مرۆڤی دیپلۆماسی و دیالۆگ."**

٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# بەشوێن هەنگاوەکانی دوکتورەوە




**دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی**

کەم نین ئەو ئافرەتانەی چ لە ماڵداری و چ لە خەباتدا دەبنە قەڵایەک بۆ شووەکانیان و ئازایانە پشتیان دەگرن و ساردوگەرمی ژیانیان لەگەڵدا چێژن. بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەو ژنانە لەخۆیان نەبوورێن و ئاسوودەییەکانیان وەلا نەنێن و شان نەدەنەبەر باری شووەکانیان، مێردەکانیان ناتوانن ببنە کەسایەتییەکی مەزن و دیار و جێی سەرنج. دیارە ئەو ژنانەی لە کاروانی خەباتێکی سەخت و دژواردا شان دەدەنە بەر ئەرکی خەباتگێڕانەی هاوسەرەکانیان، ئەرکەکەیان چەند قات قورستریش دەبێت. بێگومان زۆریشن ئەو پیاوانەی بە هۆی ژنەکانیانەوە لە ترۆپکی ئازایی و پیاوەتییەوە دەگلێن و وردوخاش دەبن و لە خانی خانانەوە دەبنە تۆزی بانان. لێرەدایە دەوری ژن لە ژیانی پیاودا دەردەکەوێ. بە چاوخشاندنێک بە پەرتووکی "ئورووپاییەک لە وڵاتی کورداندا"، بۆمان دەردەکەوێت کە نووسەری ئەو کتێبە (نەسرین خانم قاسملوو) چەندەی یارمەتیی شووەکەی داوە و چۆنی پشت گرتوە و نەیهێشتوە بگلێت و چەندی قوربانی بۆ داوە!

دیارە هەر قۆناغێکی خەبات بۆخۆی پڕە لە ڕووداو و سەرلەبەری ئەو ڕووداوانەش، مێژووی ئەو قۆناغە دیاری دەکەن. ئەو

بیرەوەرییانەی لە لایەن کاراکتەرەکانی ئەو خەباتە لە دالاّتوودا دەیگێڕنەوە دەبنە مێژووی ئەو قۆناغە لە خەبات. چونکە ئاوانەی ئەو بیرەوەرییانە دەگێڕنەوە کەسانێکن کە لە ناخی ڕووداوەکاندا ژیاون و ئاگاداری چلۆنایەتیی ڕووداوەکانن. ئەوان ئەگەر بە دڵفرەوانییەوە ڕووداوەکان بگێڕنەوە لەبەر بەرژەوەندیی کەسی و تاقمی خۆ لە ڕاستییەکان نەبوێرن، ئەوە دەتوانن وەک ئاوێنەیەکی ڕوون و بالاّنوێن ئەو مێژووە بنوێنن و پێشکەشی لێکۆڵەران و بەرەی داهاتووی بکەن. ئاشکراشە ئەگەر خۆ لە ڕاستییەکان ببوێرن هەم نرخی کارەکەی خۆیان دادەشکێن و هەم گومان دەخەنە سەر ڕاستیی تێکۆشانەکەیان. کۆی ئەو بیرەوەرییانەی لەو چەند ساڵەی ڕابرووددا لە لایەن تێکۆشەران و خەباتگێڕانی نەتەوەکەمانەوە نووسراون سەرچاوەگەلێکی بەکەلک و گرینگن بۆ بەرەی دوای ڕووداوەکان و ئەوان دەتوانن بە لەبەریەک دانانی بیرەوەرییەکانی ڕاستی و دوروستی ئاوان بسەلمێنن و مێژووەکەشی پێ ڕاست بکەنەوە.

»ئوروپاییەک لە وڵاتی کوردانددا« ناوی کتێبێکە کە بیرەوەرییەکانی نەسرین خانمی قاسملووی لە تویێ خۆیدا کۆ کردۆتەوە .کتێبەکە پڕە لە خاڵی گرینگی خەباتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا و نووسەر لەجێی خۆیاندا ئاوڕی لێ داونەتەوە و خۆڵی لێ تەکاندوون و پەردەی لەسەر لابردوون و کردوونی بە بەشێک لە مێژووی حیزبی دێموکڕات و خەباتی نەتەوەیی لەم پارچەیەی کوردستاندا.

## شێوازی نووسینی دەق

دەقی نووسراوەی کتێبەکە شێوەیەکی جوان و هونەرییانەی پێوەدیارە. گێڕانەوەکە لە زمانی سێهەم کەسی تاکەوەیە و ئەو شێوە گێڕانەوە کارەکە لە شێوەگێڕانەوەیەکی سادە و ئاساییەوە دەکاتە گێڕانەوەیەکی هونەری و شارەزایانە. نووسەر بە دەسپێکێکی تەواو نووسەرانەوە دەست بە نووسینەوەکەی دەکات. گێڕانەوەکانی ئەوەندە بەهێز و پتەو و شیرینن کە خوێنەر بە تەواوی دانەخۆرە دەکەن. خوێنەر دوای خوێندنەوەی هەربەشێک لە بیرەوەرییەکان بە تامەزرۆییەوە دەچێتە سەر بەشی دوایی و ناتوانێت وەلای بنێت و دەستی لێ هەڵگرێت.

## کاکڵی گێڕانەوەکە

کتێبەکە بەڕواڵەت بیرەوەرییەکانی نەسرین خانمە لە ژیان و خەباتی خۆی. بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خەریکە کاک دوکتور دەگێڕێتەوە، نەک خۆی. لەم کتێبەدا نووسەر زیاتر بیری بەلای هاوسەرەکەیدا دەشکێتەوە و لەڕاستیدا ئەوەی دەیگێڕێتەوە ژیان و خەباتی دوکتور قاسملووە. ئەوەی خوێنەر هەستی پێ دەکات ئەوەیە کە نەسرین خانم وەک هاوسەرێکی بەئەمەگ و

دڵسۆز ژیانی خۆی بۆ هاوڕێیەتی دوکتور تەرخان کردوە و هەر بەو شێوەیەش قەڵەمەکەی پێشکەش دەکات و ئەو دەیکاتە پاڵەوانی بیرەوەرییەکانی خۆی. نووسەر باش لەوە ئاگادارە کە بێ ناوی دوکتور ناتوانێت خوێنەر تامەرزۆ بکات و هەر لەبەر ئەوەش بەردەوام بەشوێن هەنگاوەکانی دوکتورەوەیە. ئەوەش کارێکی وای کردوە کە خوێنەریش کارەکەی ئەو ڕەچاو بکات و لە ماوەی خوێندنەوەکەیدا بەردەوام شوێن هەنگاوەکانی دوکتور بەرنەدات. ئەم نووسراوانە تیشک دەخەنە سەر زۆر لایەنی ژیان و خەباتی دکتور و ئەگەر کارە بەنرخەکەی نەسرین خانم نەبوایەت بەشێک لە ژیان و ماندووبوونی دوکتور بە بزری دەمایەوە. ئەم بیرەوەرییانەی نەسرین خانم هەم بەشێکن لە مێژووی حیزبی دێموکرات و هەم بەشێکی گرینگن لە ژیانی نهێنیی دوکتوری شەهید. خوێنەر لە خوێندنەوەی ئەم بیرەوەرییانەدا ڕۆژە سەخت و پڕ لە مەینەتییەکانی دوکتور دەناسێت و دەزانێت کە ئەو بۆ گەلەکەی خۆی لە چ ناز و بەهرەیەک بوواردوە و چ تاڵی سوێرییەکی چێژتوە. لەم بیرەوەریانە خوێنەر لە گەڵ مرۆڤێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە هەموو چێژ و ئاسوودەیی و ئارامی خۆی وەلا ناوە و پێی ناوەتە ڕێگایەکی پڕ لە تاڵی و ناخۆشی و نائارامی و چەرمەسەری. دوکتورێک کە دەیتوانی لە ناز و نێعمەتدا بژیت، بەڵام نای بەو ژیانە گوتوە و ڕێی دژواری خەبات بۆ نەتەوەکەی گرتۆتەبەر و لە پێناوەشدا سەری داناوە.

بێگومان کەمتر کەس لە ئێمەی کورد ئاگاداری ژیانی تێکۆشەرانی کوردی تاراننشینی سەردەمی شا هەین. ئەو ڕۆژە ناخۆش و پڕ لەترس و دڵەڕاوکێیانە. بەڵام ئەوە قەڵەمە پڕ جەوهەرەکەی نەسرین خانمە کە کەسانی ئەم سەردەمە دەباتە ماڵە تاریکەکانی ئەو سەردەمە و پێیان دەڵێت، کە دوکتورەکەیان و هاوڕێکانی چۆنیان خەبات کردوە و چۆنیان هەوڵ بۆ ئازادی و سەربەستیی ئەوان داوە.

نەسرین خانم لە هەر باسێک دەدوێت مافی خۆی بە جوانی دەداتێ. چ ئەوکاتەی باسی خەباتی نهێنی دەکات، چ ئەوکاتەی باسی پەڕینەوە لە سنوور دەکات، چ ئەودەمەی وەک هاوسەری سکرتێری حیزب دێتەوە نێو وڵات و تێکەڵ بە شۆڕشگێڕان و خەڵکی نیشتمان دەبێت. ئەو زۆر شارەزایانە لایەنە جوان و دزێوەکانی شۆڕش دەداتە بەرسەرنج و ڕاڤەیان دەکات. ئەوکاتەی باسی کەسایەتییە بەهێز و کەسایەتییە لاوازەکانی نێو شۆڕش دەکات وەک خۆیان دەیانناسێنێت و شەرمی لە شکاندن، یان پێداهەڵکوتنیان نیە. کاتێکیش دێتە سەر باسی کولتوور و فەرهەنگی کوردستان، وەک خۆی باسی دەکات و ئەودەمەی لە تارانیش دەدوێت وەک خۆیان هەڵیاندەسەنگێنێ و بە چاوی نەیار لێیان ناڕوانێت. نە ئەمان دەکات بە فریشتە و نە ئەوان دەکات بە ئەهریمەن. تەنانەت ڕەخنە بەجێیەکانیشی لە دوکتور، ئەوەندە بەجێ و بەئینسافانەن کە خوێنەر هەڵنابەزێننەوە و تووشی هەڵچوونی ناکات.

## کۆتایی

نووسەری ئەو بیرەوەرییانە سەرەڕای ئەوەی دەورێکی گرینگی لە ژیانی دوکتوردا هەبووە و ماندووبوونێکی زۆریشی بۆ خەباتە ڕەواکەی کورد چێشتوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک نەیویستوە خۆی بکاتە قارەمانێکی کەموێنە و فیز بەسەر نەتەوەی کورددا لێ بدات و پێیان بڵێت، چاولێکەن من چەندەم ئازار بۆ چێشتوون و ژیانی خۆم بۆ خستوونەتە مەترسیەوە. چۆن بە پێیان سنوورم بۆ بڕیون و شەو و شەونخوونیم بۆ کێشاون و چلۆن لە بەغدایەکی گەرموگوڕدا چوومەتە کاولاشێکی تێکڕووخاو و ماوەیەکی زۆر وەک گولێکی تەڕیدە بە خۆم و بە دوومنداڵەوە تێیدا ژیاوم. بەڵکوو ئەگەر گازندەیەکیشی کردبێت ئەوە ڕووی دمی لە خۆی و ئەوینەکەی بووە. بەڕاشکاوی دەڵێ، ئەوەی ئەو بۆی ماندوو دەبوو، ئازاری بۆ دەچێشت و چێژی لێ دەبینی، خۆشەویستیی عەبدوڵڕحمانە و ئەو بەڵێنەی لە سەرەتای هاوسەرگیریاندا بەوی داوە.

بەدڵنیاییەوە ئەم بیرەوەرییانە پڕن لە ئامۆژگاری و ڕێنوێنی. ژیانی نەسرین خانم و ئەو ماندوبوونەی لە پێناو ئەوینەکەیدا دەیکێشێت، وانەیەکی گرینگە بۆ ئەو کیژۆڵانەی دەیانەوێ ژیانی هاوبەش پێک بێنن. ئەوان دەتوانن لە خویندنەوەی ئەو بیرەوەرییانەدا فێری وەفا و ڕاستی و ئەوین بن و ڕێز لەو بەڵێن و پەیمانە بگرن کە بە هاوسەرەکانیانی دەدەن و هەتاسەر پێی وەفادار بن و بۆی ماندوو بن و لە هیچ تێکۆشانێک دریخی نەکەن. هەروەها بە خەباتکارانیش دەڵێ ڕێگای خەبات دژوارە و ئەگەر پیاوی ڕێگای سەخت نیت خۆی لێ ببوێرە.

ژیان هەل و دەرفەتی جۆراوجۆر بۆ مرۆڤەکان دەخولقێنێت. زۆر شتگەل هەیە کە مرۆڤ بیریان لێ دەکاتەوە لێی تووشی سەرسوڕمان دەبێ. یەکێک لەو هەستانەی مرۆڤ بەرەو ڕێگای نادیار پەلکێش دەکات ئەوینە. ئەوین هەزاران ڕێگای هەیە و هەر ڕێبوارێکی بەرەو یەکێک لەو ڕێگایانە بەڕێ دەکات. ئەو ڕێگایانەش پڕن لە ڕێگای هات و نەهات. زۆرجار ئەو ڕێگایانە ڕێبوارەکانیان بەرەو ڕێی نەهات بەڕێ دەکەن. ڕێی نەهات ئەو ڕێگایەیە کە مرۆڤ تووشی تەنگ و چەڵەمە دەکات و ماندووی دەکات و سەختی پێ دەچێژێت. لە چیرۆکە قەدیمییەکانی ئێمەدا هەمیشە ئەو کەسانە سەرکەوتوون و پلەی بەرزی قارەمانەتیان وەدەست هێناوە کە ڕێگای نەهاتیان گرتۆتەبەر. چونکە ڕێی نەهات ڕێی شەقڵ نەشکاوە و ئەوە ڕێبوارکەیە کە دەتوانێت چۆنیەتیی ڕۆیشتنی خۆی دیاری بکات هەتا بە مەنزڵی مەقسوود بگات. پێشینیانی ئێمە لە هەڵبژاردنی ئەو ڕێگادا بۆ چیرۆکەکانیان ویستوویانە بە گوێگرانی خۆیان بڵێن، پێملبوون بە ڕێگای تاقیکراوە و پێخوست کراو ژیان بە چەقبەستوویی دەهێڵێتەوە و هیچ شتێک لە ژیان ناگۆڕێت. بەڵام گرتنەبەری ڕێی نەهات تاقیکردنەوەی ڕێگایەکی نوێ و دەرفەتێکی تازەیە بۆ ژیانێکی نوێتر و چێژبەخشتر. ئەوانە لە چیرۆکەکەیاندا هەمیشە دەسکەوتە



سەرچاوە
Serchawe

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**


مەزنەکەیان بەوکەسانە بەخشیوە کە ئەو ڕێگا شەقڵنەشکاوەیان گرتۆتەبەر و لە ئاستەنگەکانی نەپرینگاونەتەوە. بێگومان زۆرن کاریان لۆمەکردنی ئەو کەسانەیە کە کەویی و چەقبەستوویی نابن و بەردەوام ڕێی دژوار دەگرنەبەر و لەو پێناوەدا تووشی هەڵدێران و تەنگەژەش دەبن، بەڵام بە پشتبەستن بە ئامانجەکەیان لێیان ناکشێنەوە و هەوڵی بۆ دەدەن، هەتا لە کۆتاییدا یان دەیگەنێ، یان بۆی دەمرن. ئەگەر مرۆڤە داهێنەرەکان بەگوێی مرۆڤە چەقبەستووەکانیان بکردایە هەتا ئێستاش هیچ گۆڕانێک لە ژیانی مرۆڤەکاندا ڕووی نەدەدا و ئێستاش ئەوان لە چاڤی ڕاوکەریدا دەمانەوە.

نەسرین قاسملوو یەکێکە لەو مرۆڤانەی ڕێگا دژوارەکەی گرتەبەر و سەرکەشانە وەشوێن ئەوینەکەی کەوت و لە ژنێکی ئاسایی «چێکی»یەوە بوو بە خاتوونیکی مەزن و دیاری گەلی کورد. ئەو هەر ژیانی بۆ ئەوێنەکەی تەرخان نەکرد، بەڵکوو هەم نێو و هەم نەتەوەیی خۆشی بەخشییە ئەوینەکەی و بوو بە کوردێکی خەباتکار و لەو پێناوەدا سنوورەکانی بە پێیان بڕی و لارەملی کێشا و ناخۆشی بۆ چێشت. کاتێکیش خۆی وەک ژنی سکرتێری حیزبێکی گەورە دەبینێت هەست بە شکۆی شووەکەی دەکات و شانی وەبەر بەرپرسایەتییەکەی دا و هەتا دواساتەکانی ژیانی شانازی بەو جێگەوپێگەوە کرد. تەنانەت بۆ ئەو ڕێبازە پشتی کردە جگەرگۆشەکانیشی و دیسان ڕێگای پڕ مەترسییەکەی هەڵبژاردەوە، هەر ئەو وەفادارییەش بە کورد و ڕێبەرەمەزنەکەی نەسرین خانمی کردە خۆشەویستی خەڵکی کوردستان و کردییە شۆڕەژنێکی هەتاهەتایی لە نێویاندا.

**٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**


سەرچاوە Serchawe

# دێموکراتێکی باوەڕدار



(لە یادی د.عەبدولڕەحمان قاسملوودا)



ڕەزا دانشجوو

لە مێژووی سیاسیی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بە دەگمەن کەسایەتی دەدۆزرێنەوە کە لە نێو جوغرافیایەکی تێکەڵاوی توندوتیژی و توندڕەویدا، هێندەی دوکتور قاسملوو باوەڕمەند و پابەند بە دیالۆگ و دێموکراسی بووبێت. کەسێک کە نەک

هەر تیۆریسیەنێکی ئازادی و پێکەوەژیان بوو، بەڵکوو لە پراکتیکیشدا بۆ ساتێکیش لە ڕێبازی دیالۆگ و ئەخلاقی سیاسی لای نەدا. لە ناوچەیەکدا کە هەموو کاتێک فیشەک قسەی کۆتایی دەکات، دیالۆگ و گفتوگۆی بژاردەی یەکەمی دوکتور قاسملوو بوو! ئەم باوەڕە تا دوا هەناسەی ژیانی لەگەڵیدا بوو؛ و لە کۆتاییدا هەر ئەم باوەڕمەندییەش بوو بە هۆکار کە گیانی پاکی نەک لە بەرەکانی شەڕدا، بەڵکوو لەسەر مێزی دانوستان، لە دڵی ئورووپادا بۆ ئازادی گەلەکەی ئاسمانی بێت! دوکتور قاسملوو سیاسەتمەدارێکی کارزان و لێهاتوو بوو و زور باش هەر لە سەرەتاوە ئاگاداری سروشتی ستەمکارانە و نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بوو. بەڵام ئەو پێی وابوو ئایندەی مرۆڤ تەنیا لە ڕێگەی دیالۆگ و سیاسەتەوە مومکین دەبێت. قاسملوو پێش ئەوەی سەرۆکی حیزبێک و ڕێکخراوێکی سیاسی تایبەت بێت، دیموکراتێکی ڕاستەقینە و ئەخلاقی بوو؛ وە ئەمە ئەو وێنەیەیە کە دوای چەندین ساڵ لە هێرشی بەردەوام و شێواندن بەئەنقەستی نەیاران و ناحەزانی کورد و کوردستان، هێشتا بە ڕوونی و پتەوی ماوەتەوە.

**لە درێژەی ئەم بابەتەدا ، چەند ساتێکی مێژوویی گرنگ لە ژیانی سیاسی دوکتور قاسملوو لە ڕوانگەی باوەڕمەندی قووڵی بە بنەماکانی دێموکراسییەوە دەخرێتە بەرباس.**

### نامەیەک بۆ خومەینی

یەکێک لە خاڵە جێی مشتومڕەکانی ژیانی سیاسی دوکتور قاسملوو نامەیەکە کە لە چەند مانگی یەکەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بۆ خومەینی نووسیەتی. هێشتا زۆرێک لە دژبەران و نەیارەکانی ئەم نامەیە دەکەنە بیانوو بۆ هێرشکردنە سەر کەسایەتیی سیاسیی دوکتور قاسملوو. بەبێ گوێدان بە ئەوەی کە ئەو نەیارانە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییان بە هەندێک بیرۆکەی سیاسی تایبەتەوە هەیە و لە ڕاستیدا هۆکاری دژایەتیکردنیان دوژمنایەتی کورد و کوردستان یان خودی دوکتور قاسملوویە، پێویستە دوو بابەت لە هۆکاری نووسینی ئەم نامەیەدا باس بکرێت. خاڵی یەکەم ئەوەیە کە بۆ ئەوەی بە دروستی لێی تێبگەین، پێویستە سەیری هەلومەرج و ئاراستەی ڕووداوەکانی مێژوویی ئەو سەردەمە بکەین.

ڕاستی ئەوەیە کە لەو سەردەمەدا لە مارکسیستەکانەوە تا ناسیونالیستەکان و بزووتنەوەی بەناو "میللی مەزهەبی" و زۆربەی هێزە سیاسییەکانی ئێران، خومەینییان وەک کەسایەتییەکی کاریزماتیک و هۆکاری یەکگرتوویی ئێران دەبینی و بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە و باوەڕپێنەکراو شوێنکەوتووی چاوبەستراوی خومەینی بوون! کۆمەڵگەیەک کە تازە زریانی شۆڕشی ٥٧ی تێپەڕ کردبوو، ماندوو لە دەنگی گوللە و باڕووت بەدوای سەقامگیرییەکی ڕێژەییدا دەگەڕا؛ لە وەها هەلومەرجێکدا تەواو ئاساییە کە کەمینەکان و بەتایبەت کورد سەرەڕای بێمتمانەیی تەواو بە خومەینی نەیاندەتوانی یەکسەر ئاڵای

دژایەتی لە کەشێکی ئاوا قورسدا هەڵبکەن.

بەپێچەوانەی بانگەشەی ڕەخنەگران، قاسملوو نە کەڵکەڵە و خولیای دەسەڵات و نە دڵلێچوو و پاوێری کۆماری ئیسلامی بوو، تەنیا باوەڕمەند بە چارەسەری ئاشتیانە، نامەیەکی بۆ ڕێبەری حکوومەتی نوێ نووسی؛ بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە بڵێت پرسی کوردستان هیچ چارەسەرێکی سەربازی نیە و کلیلی دەربازبوون لەم قوناغە لە تۆپ و تانکدا نیە، بەڵکوو لە دیالۆگ و لێکتێگەیشتندایە. لە ڕاستیدا ئەم نامەیە بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ڕووداوەکانی ئەم سەردەمە، نووسەراوە و ڕێگەچارەی پێشنیارکراوی سیاسەتمەدارێکی بە ئەخلاقە! جگە لەوەش ئەم نامەیە بەڵگەنامەیەکی مێژووییە کە دەتوانێت بۆ نەوەی گەنجی ئەمڕۆ ڕوون بکاتەوە کە بە پێچەوانەی پروپاگەندەی ڕێژیم و بەشێک لە هێزی ئۆپۆزسیۆنی دژە کورد، شەڕ بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنرا؛ لە ڕاستیدا کورد شەڕی دەست پێ نەکرد، ئەوە خومەینیی دەجاڵ بوو کە سەرەڕای نامەکەی دوکتور قاسملوو و کردنەوەی دەرگەی گفتگۆ و دیالۆگ، فەرمانی "جیهاد دژی کوردستان"ی دەرکرد!

## ڕووداوەکانی پەیوەست بە کۆنگرەی چوارەم

لە کەشوهەوای سیاسی و پشێویی پاش شۆڕشی ٥٧دا، دوکتور قاسملوو نەک هەر ناچار بوو ڕووبەڕووی سەرکوتی حکومەتی تازە بێتەوە، بەڵکوو دەبوا لە بەرامبەر دەستێوەردانەکانی نێو کاروباری حیزبی دێموکرات لە لایەن حیزبی توودە بوەستێتەوە. ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نموونەیەکی ڕوونی ئەو ململانێیانەن.

ئەم هەوڵانەی لە سەروبەندی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتدا بوونە دەسپێکی گۆڕانکارییەکی گەورە لە مێژووی حیزبی دێموکرات و بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی لە ڕۆژهەڵات!

وەڵامی دکتۆر قاسملوو بۆ ئەم کێشەیە و دەستێوەردانە نموونەیەکی درەوشاوەی سیاسەتی بەرپرسیارانە و ئەخلاقی لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ڕووداوە نەخوازراوەکانە. کاتێک دوکتور قاسملوو لە وتارێکی مێژووییدا بۆ جەماوەری هەزاران کەسی لایەنگرانی، هێڵێکی ڕوون لە نێوان ئازادیی بیرکردنەوە و خۆسەپاندنی سیاسیدا دەکێشێت، بەبێ ئەوەی ڕق و کینە و تووڕەیی بەسەریدا زاڵ بێت و پەنا بباتە بەر دروشمی توند و تۆڵەسەندنەوە. لە ڕوانگەی دێموکراتی بەباوەڕ ئۆپۆزسیۆن و دەنگی جیاواز نیشانەی دینامیزمی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتە، بەڵام هەرگیز ڕێگە نادات حزبەکەی دوای دەیان ساڵ خەباتی پڕ لە شانازی ئێستا بێتە ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی ئیرادەی لایەنێکی تر!

له ڕوانگەی دوکتور قاسملووە، دروشمەکانی وەک "مەرگ بۆ..." نەک هەر بێ ئەخلاقین، بەڵکوو بۆ دێموکراسیی تازەپێگەیشتوو وەک ژەهرن. دوکتور قاسملوو خوازیاری حیزبێکی سەربەخۆ و ئازاد و ڕیشەدار بوو ؛ نەک حیزبێک کە ملکەچی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی تر بێت. هەرچەندە ئەم ڕوانگە بۆ سەربەخۆیی و خۆبوون بوو بە هۆکاری دابرانی تاقمێک هاوڕێ و هاوڕای قەدیمی و ڕێگایەکی تریان هەڵبژارد، بەڵام قاسملوو دێموکراتێکی ئەخلاقی مایەوە و هەرگیز له پرەنسیپەکانی دێموکراسی لە بەرامبەر نەیارانی لای نەدا!

**شوڕای نیشتیمانیی بەرخۆدان**

ڕوانگە و باوەڕی پتەوی دوکتور قاسملوو هەمیشە هاندەر بوو بۆ گفتگۆ و دیالۆگ! تەنانەت دوای پەیمانشکێنی و خیانەتی خومەینی و شکستی دانوستان و هێرشی ناجوامێرانەی و شەڕی داسەپاوی کۆماری ئیسلامی لەدژی کوردستان، قاسملوو بەردەوام بوو له گەڕان بەدوای ڕێگای سیاسی بۆ داکۆکی له مافەکانی گەلەکەی. دوکتور قاسملوو زۆر باش دەیزانی لە شەڕێکی نایەکسانی نێوان تفەنگ و قەڵەمدا، سەرکەوتنی کۆتایی سەر بە سیاسەتێکە کە بتوانێت هاوپەیمانیی و متمانە دروست بکات و زمانێکی هاوبەش بدۆزێتەوە.

هەر لەو کەشوهەوایەدا بوو کە حیزبی دێموکرات بە سەرۆکایەتیی دوکتور قاسملوو پەیوەندی بە "شوڕای میلیی مقاومەت"وە کرد. وەک زۆربەی بڕیارە سیاسییەکانی دوکتور قاسملوو ئەم بڕیارەش هەر له سەرەتاوە کەوتە بەر ڕەخنەی زۆر کەس بەتایبەت نەیاران و ناحەزانی کورد! زۆر کەس ئەم بڕیارەیان بە نیشانەی سازان یان وابەستەیی شرۆڤە کرد. بەڵام نووسراوە فەرمییەکەی دوکتور قاسملوو بۆ شوڕای میلیی مقاومەت دەرخەری ئەو ڕاستییە کە هۆکاری سەرەکی ئەم پەیوەستبوونە ڕەزامەندی، باوەڕمەندی و پابەندبوونی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیە بە پرەنسیپی نەگۆڕ و هەمیشەیی دوکتور قاسملوو "خودموختاری بۆ کوردستان."

بە بۆچوونی دوکتور قاسملوو، دانوستان تەنیا لەگەڵ دۆست و کەسانی هاوبیر بەڕێوە ناچێت؛ هەندێک جار مرۆڤ دەبێت لەگەڵ دژبەرترینەکانیشدا قسە بکات، بۆ ئەوەی ڕەنگە پەنجەرەیەکی تێگەیشتن بکرێتەوە.

هەرچەندە دواتر بە هۆی هەندێک بیری تەسک و هەڵسوکەوتی یەکلایەنە، حیزب شوڕای میلیی مقاومەتی بەجێ هێشت، بەڵام ئەزموونی ئەو سەردەمە هێشتا خاڵێکی گرنگمان بیر دەخاتەوە: کە ڕێکخراوی موجاهدین، ئێستاش لە وتارە فەرمییەکانیاندا، ڕەنگە تاکە ڕێکخراو و حیزبی غەیرە کورد بێت کە دانیان بە ئۆتۆنۆمی و خودموختاری کوردستاندا ناوە؛ پرسێک کە تا ئێستاش لەلایەن زۆرێک لە هێزە سیاسییەکانی تەنانەت دژی کۆماری ئیسلامیی وە پشتگوێ دەخرێت و بە هە

موو شێوەیەک دژایەتی دەکرێت!

## دێموکراسیی بێئاکام!؟ چی بوو کە دوکتور قاسملوو جارێکی تر چووە سەر مێزی دانوستان؟

ڕەنگە ئێستا بتوانین وەڵامی ئەم پرسیارە بنەڕەتییە بدەینەوە: بۆچی دوکتور قاسملوو سەرەڕای تێگەیشتنی قووڵی لە سروشتی کۆماری ئیسلامی، جارێکی تر ڕازی بوو بە دانوستان؟ ئایا فریوی بارودۆخی تازەی کۆماری ئیسلامیی دوای نەمانی خۆمەینیی خوارد؟ ئایا بە هۆی کەسایەتیی تایبەتی متمانەی بە دوژمن هەبوو؟

قاسملوو لە کۆمەڵگەیەکدا لەدایک بووە کە پەیوەندی خێڵەکی و ئاغا و کۆیلە وەک یاسایەکی نەنووسراو بووە. بەڵام هەر لە سەرەتاوە دەستی کردوە بە ڕەخنەگرتن لەو پەیوەندیانە و هەوڵی دا کۆمەڵگەیەکی نوێ و مۆدێرن و ئازاد و یەکسان بنیات بنێت؛ کۆمەڵگەیەک کە خەڵک لە ڕێگەی گفتوگۆوە ناکۆکیەکانیان چارەسەر بکەن نەک بە دەمانچە و دەمارگرژی. دوکتور قاسملوو بە درێژایی تەمەنی پابەندی هەموو بنەماکانی دیموکراسی بووە. لە ڕاستییدا وەڵامی ئەم پرسیارە لە لۆژیکی ڕوونی سیاسەتی لە سەر بنەمای ئەخلاق داڕێژراوی دوکتور قاسملوو دایە!

لە ڕوانگەی دێموکراتی باوەڕمەند تەنانەت خراپترین دوژمنەکانیش دەبێت بانگ بکرێن بۆ سەر مێزی دانوستان. چونکە، لە کۆتاییدا، دوای هەموو شەڕێک، ئەوە مێزی دانوستانە کە چارەنووسی گەلان دیاری دەکات. دوکتور قاسملوو باشتر لە هەموو کەس دەیزانی کە کۆماری ئیسلامی خیانەتکارە و جێی باوەڕ و متمانە نیە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەیزانی میللەتێک ناتوانێت بۆ هەتا هەتایە لە شەڕ و خوێندا بژی. دانوستان ئەگەر شکستیشی لێ بکەوێتەوە، ڕێگایەکی ئینسانی و مەدەنی و شیاوی داکۆکیکردنە!

دوکتور قاسملوو سیاسەتمەدارێک بوو کە ئەخلاقی بە جیا لە سیاسەت نەدەزانی. بۆ ئەو دیالۆگ تاکتیکێکی ساتەوەختی نەبوو، بەڵکو ستراتیژی ژیان بوو. ڕەنگە ئەگەر ئەمڕۆ لە ژیاندا بوایە و جارێکی تر بانگهێشتی دیالۆگ و گفتوگۆ بکرایەتەوە، هەر قبووڵی بکردایە. نەک لە بەر گەشبینییەوە، بەڵکوو لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر میللەتەکەی.

دوکتور قاسملوو تەنیا ڕێبەر و سەرکردەیەکی حیزبی نەبوو؛ بەڵکو بلیمەت و هەڵکەوتەیەکی ڕۆشنبیری سیاسی بوو لە کە دڵی یەکێک لە تاڵترین قۆناغەکانی مێژووی ئێراندا تەواوی ژیانی کردە قوربانی وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلەکەی! ژیانی دوکتور قاسملوو بەسەرهات و گێڕانەوەی خۆڕاگرییە لە ئەخلاق، لە دیالۆگ، لە سیاسەتی مرۆڤدۆستانە و لە دیموکراسیدا.



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

ڕەنگە ئیستا بە جەستەی نەمابێت، بەڵام بیر و هزری دەیان ساڵ دوای شەهیدبوونیشی ڕێگەنیشاندەری ئەویندارانی ڕێبازی ڕزگاری کوردستانە. ڕێگایەک کە ڕق و کینە جێگەی خۆی بە دیالۆگ و گفتوگۆ دەدات و وشەکان زۆر لە گوللەکان کاریگەرترن!

**کۆتایی هەر شەڕێک گفتگۆ و دیالۆگە! لە کۆتاییدا جگە لە دیالۆگ هیچ ڕێگەیەکی تر نیە!**

**ماڵئاوا، کاریزمای هەمیشەیی گەل! بڕیاردەری کاتە سەختەکان! پەیامهێنەری ئاشتی و خۆشەویستی! دیموکراتی باوەڕمەند!**

٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# چەکی دوکتور قاسملوو!





**ئەلبورز ڕوئین‌تەن**

بێگومان کە باس لە شوێندانەری و کاریزمای ڕێبەرێکی سیاسی بە تایبەتی ڕێبەرێکی شۆڕشگێڕ دەکرێ، لێکۆڵینەوە لە ئامراز و هۆکارەکانی شوێنداری ئاساییە. بەڵام هەڵبژاردنی ناونیشانی چەک لە جێگای ئامراز یا تایبەتمەندییەکانی

دوکتور قاسملوو وێڕای هەبوونی باسی چەک لە ڕۆژهەڤ بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە ئەو ئامرازانە هەر یەکێکیان وەک چەکێکی بەهێز کاریگەر بوون و تەنانەت واشی کردبوو کە چەکێکی بەهێزی چەکداریش بە ناوی پێشمەرگە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان ناونرابوو وێڕای ئورگانیزەکردنی بخاتە خزمەت ئامانجە ڕەواکانی دۆزی کورد. واتە ڕاستە ئەو هەزاران پێشمەرگەی توانیبویان دەستی دوکتور قاسملوو بۆ سیاسەت کردن لە پێناو دۆزی ڕەوای گەلی کورد ئاسانتر بکات. بەلام بەدیهێنانی هێزێکی وا بە تایبەتی دوای دۆخی پرشوبلاوی حیزبی دێموکرات لە باشووری کوردستان زۆر گرینگ و بێوێنە بوو کە شایانی هەڵوێستە لە سەرکردنە. تایبەتمەندییە جیاوازەکانی دوکتور قاسملوو کە چۆن لە کۆتاییدا توانیبووی ئەو هێزە بە دەوری سیاسەتێکی دروست بۆ شۆڕشێکی ڕەوای گەلی کورد کۆ بکاتەوە.

یەکەمین چەکی دوکتور قاسملوو هەبوونی باوەڕی قوڵ بە دۆزی ڕەوای کوردە، ئەم باوەڕە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و هەروەها سەردەمی مێردمنداڵی سەری هەڵداوە ئەم باوەڕە بۆتە هۆکار بۆ ئەوەی ڕێگەیەی جیاواز بگرێتە بەر کە لە تەواوی ژیانیدا لە هەر سەردەم و دۆخێکدا پێی وەفادار بێت. ئەوەی دەروونناسان باس لە گرینگیی بیچمگرتنی کەسایەتی لە سەردەمی مێرد منداڵی دەکەن لەو پرسیارەی دوکتور قاسملوو لە باوکی دوای گەڕانەوەی وەفدی کوردستان بە سەۆکایەتیی پێشەوا قازی محەممەد کە باوکیشی ئەندامی ئەو شاندە بۆ ئازەربایجان بووە دەردەکەوێ، کاتێک باس لە ئازەربایجان و ئەو خەڵاتانە دەکرێ کە لەوێ بەو شاندە دراوە، دوکتور قاسملوو دەپرسێ ئەی بۆ مافی کوردان چیتان کرد و چیتان وەرگرت؟ ئەو پرسیارە ئەو باوەڕەیە کە ئەولەویەتی شاندەکە پێویستە ئەولەویەتی کورد و کوردستان بێت هەر وەک ئەو کە بە درێژای ژیانی دەیکاتە ئەولەویەتی. ئەو تێڕوانینە لە کاتی خوێندنی لە ورمێ لە تاران لە ئیستانبول و پراگ و پاریس هەمیشە بنەمای فیکری و کردەوەی ژیانی ئەو ڕێبەرە دادەڕێژێ بە واتایەکی دیکە ئەو بناغەی کاری سیاسی خۆی لە سەر بنەمای باوەڕی قوڵی خۆی بۆ دۆزی ڕەوای کوردان کە لە پرسیاری "ئەی بۆ مافی کوردان چیتان کرد؟" سەرچاوەی گرتوە.

ئەو باوەڕە قوڵە لە بیرەوەرییەکانی موسا عەنتەر کە دوکتور قاسملووی لە سەردەمی لاوێتی لە ئیستانبول دیتبوو بەو ڕستەیە ڕەنگ دەداتەوە کە دەڵێ "ئەو بە ئاگری کورد و کوردستان دەسووتا". ئەو دەربڕینە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دوکتور قاسملوو هەر لە سەرەتاوە باوەڕێکی قوڵی بە پرسی کورد و کوردستان وەک پرسێکی نەتەوەی و ڕەوا هەبوو کە بەدرێژای تەمەنی خۆی فیداکاری بۆ کرد و ڕاستگۆ بە ڕێبازی مایەوە، واتە هەبوونی باوەڕ و هەبوونی دڵسۆزی و ئامادەی فیداکاری بۆ ئەو باوەڕە وەک یەکەمین چەکی دوکتور قاسملوو هەژمار دەکرێ.

دووەمین چەکی دوکتور قاسملوو زانستخوازی و زانستی هەڵسوکەوتکردن و زانستی سیاسەتکردن بوو. کاتێک ڕووبەڕووی

دوژمنێکی دڕەندە دەبیەوە کە توانیویەتی لە سەرکوتی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەت شارەزایی بێوێنە بە دەست بێنێ، بە تایبەت کە ئەو نەتەوەیە کورد بێت و بە سەر چوار وڵات لە پڕ کێشەترین هەڵکەوتی جوغرافیایی دونیا هەڵکەوتبێ کە نەک شوێنی ڕمبازێنی هێزە ناوچەییەکان بووە بەڵکوو زلهێزانی دونیاش بەردەوام کارتێکەرییان لە ناوچەدا هەبووە بە بێ هەبوونی شارەزایی و لێهاتووی مێژووی سیاسی بە شێوە زانستییەکەی ناتوانێ شۆڕش بەرەو پێش ببات.

ئەو پێداویستییە لە لایەن دوکتور قاسملوو زۆر بە باشی هەست پێ کرابوو، هەر بۆیە وێڕای ئەوەی ئەو باوەڕی قووڵی بە خەبات و تێکۆشان هەبوو، بەڵام ڕێگەی خۆپێگەیاندن و لە ئاستێکی بەرز و بەردەوام بگرێتە بەر کە پێم وایە هەڵبژاردنێکی ئاگایانە بووە نەک ئەوەی هەر بەڕێکەوت، چونکە ئەگەر ویستبای بە خوێندنێکی سەرەتایی ئەو کاتیش ببێتە ڕێبواری ئەو ڕێبازەی باوەڕی پێ بوو، بەڵام نەیدەتوانی ئەوەندەی ئێستا کاریگەر بێت هەر بۆیە زانستپەروەری بە واتا گشتیەکەی چ لە ئاستی فێربوون چ لە ئاستی فێرکردن و خزمەتکردنی دۆزی ڕەوای و گواستنەوەی ئەو زانستپەروەرییە بۆ ناوەندە شۆڕشگێڕییەکان چەکی بێوێنەی ئەو بوو کە بە پێداویستیی سەرەکیی ڕێبەرایەتی بە تایبەت بۆ میللەتی کورد دادەنرێ.

هەر ئەو زانستپەروەرییە بوو کە کاتێک بیری ڕادیکاڵی چەپ هەژموونیی هەبوو هەوڵی دەدا بڵێ مافی دیاریکردنی چارەنووس دژایەتیی لەگەڵ بیری مارکسیستی و لنینی ڕێبەری شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕووسیە نیە. هەر ئەو تێڕوانینە زانستییەی بۆ سیاسەت بوو کە بە مەرحوومی مەلا مستەفا گووتبوو ئەگەری ڕێککەوتنی شا و سەدام و پشتتێکردنی ئەمریکا هەیە ئەوکات چی دەکەی، هەر بەو شێوەیە لە ئەندازیاریکردنی ڕێکخستنی حیزبێکی دورە وڵات و پەرشوبڵاو و تەنانەت لە سەر ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و پێویستی گەڕانەوە بۆ نێوخۆی وڵات ئەو تێڕوانینە زانستییە دەبینین. ئەوپەڕی تێگەیشتن لە تێزە سیاسییەکان و فەلسەفەی ئایدۆلۆژییەکان بوو کە توانی حیزب لە چنگی چەپی ڕادیکاڵ ڕزگار بکات و لەسەر تەوەری نەتەوەیی و دێموکراتیک کە ببێ بە چەتر بۆ هەموو تێکۆشەرێک بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەدیهێنا. ئێمە خوێندنەوەی زانستیی دوکتور قاسملوو لە هەموو بڕیارەکانی حیزب و تەنانەت تێڕوانین بۆ دۆخی ناوچە بە باشی دەبینین بە جۆرێک کە کەم کەسی ئاکادێمی یا سیاسیی ناوچە و جیهان توانیبووی دۆخی یەکیەتیی سۆڤیەتی سەردەمی گۆرباچوف ئەویش لە چوارچێوەی دەرس ۆ پێشمەرگە و ڕێبەرایەتی بەو شێوەیە شی بکاتەوە.

بۆیە زانستپەروەری بە هەموو واتاکانیەوە چەکە هەر گرینگەکانی دوکتور قاسملوو بوو کە توانیبووی ئەو جیاواز بکا لە هەموو ڕێبەرانی دیکەی کورد و لە بوارەشەوە زۆر بە پێشەوا قازی محەممەد دەچێت کە تاک و ڕێبەری زۆر پێشتر لە سەردەمی خۆیان بوو ئەو ڕاستییە نە لە زمانی ئێمە هاوحیزبیانی دوکتور قاسملوو بەڵکوو بە شایەدی زۆربەی ئەوانەی کە



سەرچاوە
Serchawe

دوکتور قاسملوویان لە نزیکەوە ناسیوە و تەنانەت بۆ یەکجار دیتوویانە بەردەوام دووپات دەکرێتەوە.

چرچیل لە وەڵامی ئەوەی لە کاتی ڕێبەریدا بۆ چۆنیەتیی بڕیاردان چی پێویستە بکرێ دەڵێ سەیری مێژوو بکە، سەیری مێژوو بکە، سەیری مێژوو بکە. بە بێ هەبوونی خوێندنەوەیەکی واقعی لە مێژوو داڕشتنی سیاسەتی ئێستا و داهاتوو مومکین نیە، زانستپەروەریی دوکتور قاسملوو لە ئاستی مێژوو کاتێک دەردەکەوێ کە باسی مێژووی کۆماری کوردستان دەکات و دەبینین چەندە واقیعبینانە هەموو کەلێن و قوژبنی ئەو کۆمارە بە ئەرێنی و نەرێنی لێ دەکۆڵێتەوە. هێنری کیسنجێر، دیپلومات و سیاسەتوانی بەناوبانگی ئەمریکا لە کتێبی پرەنسیپەکانی ڕێبەرایەتی وێڕای گرینگیدان بەو هەبوونی خوێندنەوەی مێژووی هەبوونی توانانی شیکردنەوەی ئەو خوێندنەوەیە بۆ بڕیاردان بە گرینگ دەزانێ، واتە تەنیا مێژووزانین نیە کە یارمەتیدەری بڕیاردانی دروست بە تایبەت بۆ شۆڕش بێت، بەڵکو شیکردنەوەی هۆکارەکان و بۆچی و چۆنیەتیی ڕووداوەکانی مێژوویە کە دەتوانێ وەک پێداویستییەکی ڕێبەرایەتی بۆ سەرکەوتنی ئەو ڕێبەرە خۆی دەردەخات.
ئەو تایبەتمەندییە لە زۆربەی قوناغەکان وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە گرینگەکانی دوکتور قاسملوو خۆی دەردەخات، واتە ئەو تەنیا دۆخەکەی شی نەدەکردەوە بەڵکوو دەیگوت بەو شیکردنەوەیە ئەوە ڕوو دەدات. تەنانەت چوونی بۆ سەر مێزی دانوستاندنی دیپلۆمات تیرۆریستەکان لەو شیکردنەوەیە سەرچاوەی گرتبوو کە ئەو دەیزانی بە کۆتاییهاتنی شەڕی ئێران و عێراق و دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵات بەرەو سەختییەکی بێوێنە دەڕوات هەر بۆیە بە هەر قیمەتێک بێ بە دوای دەربازبوونێک بوو لەو قەیرانە کە دواتر دیتمان چۆن بەرۆکی حیزبی لە نیشتەجێبوون لە باشوور گرت.

سێیەم چەکی گرینگی دوکتور قاسملوو کە لە نێو ڕێبەرانی دوورە وڵات و بەتایبەتی ئاکادیمی و ڕووناکبیرانی دوورە وڵات زۆر بەدەگمەن دەبیندرێ، واتە نەپچڕان لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی دایک و وڵاتی خۆتە. کەم سیاسەتوان و کەم ڕێبەر توانیویانە ئەوەندە دوورە وڵات بن بەڵام ئەوەندە باش ڕاستییەکانی وڵاتی خۆیان بناسن، ئەو چەکە ببووە هۆی ئەوەی کە ئەو نەک نامۆ نەبێ بە وڵاتەکەی بەڵکوو لە هەموو ئەوانەی دیکەی زیادتر بیناسێ، هەر ئەو ناسینەش وای کردبوو بڕیارە و سیاسەتەکەی پێگەی جەماوەریی بەهێزی هەبێت. هەر ئەو ناسینە قووڵە بوو کە دەیتوانی شی بکاتەوە دۆخی کوردستان جیاوازە لەو تابلۆیەی کە کتێبی کاپیتاڵی مارکس بۆ کۆمەڵگەی دوای شۆڕشی پیشەسازی و ماشێنی بوخار هاتوتە ئاراوە کە واتە ئێوە ناتوانن بە کۆپی کردنی تێزەکانی کاپیتاڵ لە کوردستان سیاسەت بکەن کە نەک مێژوو بەڵکو هەر ئەو کات هەموو ئەو تێڕوانینانەی دوکتور قاسملوو وەڕاست گەڕان.

زۆر جار ئاستی دواکەوتوویی کۆمەڵگە و ڕووناکبیر و ئاکادمیستەکان کە زۆر پێشکەوتووتر لە کۆمەڵگەی خۆیانن ئازاردەرە و تەنانەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە کۆمەڵگە دوور بکەونەوە و تەنانەت ئەگەر زۆر فیداکاری بنوێنن تەنیا بە نووسین

لە پایتەختە جوانەکانی دونیا هەوڵی سڕینەوەی دواکەوتییەکان بدەن کە جێگای ڕێزە، بەڵام هەموو فیداکارییەک نیە. ئەوە ڕاستە دوکتور قاسملوو لە کۆمەڵگەی خۆی لە پێشتر بوو، بەڵام ئەوە وای نەکردبوو کە ئەو لە کۆمەڵگە دوور بکاتەوە، بەڵکوو هەوڵی خۆی لە پێناو سڕینەوەی ئەو دواکەوتیانە لەنێو کۆمەڵگەدا بدات. هەر ئەوە بوو کە دەماندیت دوکتوری ئاغا و چەپ و ئاکادمیسیەنی شەقامەکانی جوانی پاریس لە شاخ و دۆڵی کوردستان بە جامانەیەک کە ئێستاش سەمبولی خەباتە لەگەڵ پێشمەرگەکان و بە خاکەڕایی بەو تەمەنەوە شۆڕش بەرەو پێش ببەن.

ناسینی کۆمەڵناسانەی کوردستان ببووە چەکێکی گرینگ کە زۆر جار ئەو سیاسەتوانانەی لە نێو کۆمەڵگەی خۆشیان دەژین ناتوانن بەو شێوەیە کۆمەڵگەی خۆیان بناسن هەر بۆیە دوکتور قاسملوو توانی لە ماوەیەکی نزیکدا بە سەدان هەزار و میلیۆنان کەس بە دەوری شۆڕشێکی تازە کۆ بکاتەوە کە ئێمە ئێستا وەک مێژووی کورد لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دەخوێنینەوە.

پێشمەرگە چەکێکی دیکە و گرینگی بیری دوکتور قاسملوو بۆ کوردستان بوو. ئەگەر هەر یەک لەو چەکانەی پێشتر بە کورتی ئاماژەمان پێدا نەبا، لەوانەیە لەو ڕاستییەی پێشمەرگە وەک چەکێکی گرینگ کە توانیویەتی بە هەموو فیداکارییەک و تەنانەت خەسار و کەم و کوڕییەکان بەڵام تا ئێستاش ئاڵای ئازادیخوازی بە شەکاوەی بەجێ بهێڵێت موکین نەبوو. پێشمەرگە نەک لە چوارچێوەی تەنیا هێزی چەکدار بەڵکوو لە چوارچێوەی هێزێکی ڕۆشنبیری شۆڕشگێری چەکدار کە وای دەکرد نیشتمان واتە کوردستان لە سەروی هەموو شتێک دابنێت و ئەوەش هۆکاری سەرکەوتنی حیزب و مانەوەی شۆڕش لە لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێران تا بە ئێستاش بێت.

چەک بۆ ئێمەی کوردی خولیای ئازادی و ژیان دوایین ئەولەوییەتە، بەڵام کە دۆخی ژێر دەستەی بەردەوامە، چەک دەبێتە ئەولەوییەتی یەکەم و هەر ئەو چەکەشە توانیویەتی دۆزی شوناسخوازی نەتەوەیەکی وا کە ڕووبەڕووی شەڕی فیزیکی و ڕەوانی و نەرمی سەدان ساڵەی فریوکارترین حاکمانی سەر زەوییە بە زیندوویی بەجێ بهێڵێ، ئەگەر وانەبا لە پێش هەمووان دوکتور قاسملووی خولیای ئازادی و ئەدەب و هونەری و جوانییەکانی ژیان ڕێکخستن و پتەوکردنی پێشمەرگە بە ئەولەویەتی خۆی نەدەزانی. هەر ئەو تێڕوانیە بوو کە فیداکاری پێشمەرگە بە یەکێک لە سێ هۆکاری سەرکەوتنی حیزبی دێموکراتی دەزانی. هەر ئەو تێروانینە بوو کە جێگرەوەی چەکی بە پێشمەرجی دێموکراسی گرێ دەدا، نەک نەمانی چەک بۆ هاتنەدیی دێموکراسی، ئەوانەی پێیان وایە بەنەهێشتنی چەک بەدێموکراسی و مافی نەتەوەی دەگەن تا ئێستاش نە دوژمنیان ناسیوە نە خۆشیان وەک کورد وکوردستان ناسیوە، چونکە زۆر ڕوونە ئەگەر بە بێ چەک دێموکراسی وەدی هاتبا بێ گومان ئێمە کوردی خولیای ئازادی و ژیان چەکمان هەڵنەدەگرت. هەر بۆیە کاتێک دوکتور قاسملوو پێداگری لە سەر ئەو خاڵە واتە

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

فیداکاری پێشمەرگە دەکاتەوە، کاتێک بۆخۆشی ژیانی پێشمەرگانە هەڵدەبژێرێ و پێشمەرگانە دەژیت و پێشمەرگانەش فیداکاری دەکات دەیهەوێ ئەو ڕاستیە بسەلمێنێ کە بەبێ پێشمەرگە بە واتا ڕۆشنبیرە شۆڕشگێڕەکەی دۆزی ڕەوای کورد بەرەو پێش ناچێت.

لێرەدا شایانی باسە ئەگەر هەموو پێشمەرگەش نەبین بەڵام بە هزری پێشمەرگانە خزمەت کردن بە ئامانجی پێشمەرگەکان کە لە پێش هەموویدا ئازادی کورد و کوردستانە وەک ئەولەوییەتێکی ژیان دەبێ ئامانج بێت، هەر وەک دوکتور قاسملوو لە ژیانی ئاکادامیدا ڕۆژنامەی "کوردستان" بڵاو دەکاتەوە، تێزەکەی بە "کوردستان و کورد" ناوزەد دەکات کە خزمەتێکی گەورەیە و لە هەر شوێنێک بە "ئاگری کورد و کوردستان سوتاوە بۆیە وەک پێشمەرگە ژیاو وەک پێشمەرگە بە فیداکاری شەهید و بۆ هەمیشە بە زیندوویی مایەوە.

٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# گەرەنتیی سەرکەوتن






**ئاسۆ مینبەری**

پێکهاتەی مرۆیی کۆمەڵگەکان و دابەشکردنی ئەرک و ڕۆڵەکان چ لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگی چ لە ڕووی دیکەوە وای کردوە کە هەمیشە لە کاتی باسکردن لە بابەتە پێوەندیدارەکانی کۆمەڵگەدا، ڕۆڵ و پێگەی تاکەکان بەرز بنرخێندرێت و گرینگیی تایبەتی پێ بدرێت. هەر کۆمەڵگەیەک کە زیاتر پێوەرەکانی ئازادژیانی تێدا بەدی بکرێت

ئەم دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتییانە، دادپەروەرانەتـرە و زیـاتر لەگەڵ پێـوەرە پێشـکەوتووەکانی جیهـان یەک دەگرێتەوە، بە پێچەوانەش هەرکۆمەڵگەیەک کە پێوەرەکـانی ئازادژیـانی تێدا نەبینـدرێت و تاکەکـانی گیـرۆدەی کۆمەڵێک چوارچێوەی دەستکردی مرۆڤە بیرتەسک و پاوانخوازەکان بێت، ئەوە بێگومان دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکانیش بەو ڕادەیە نـادادپەروەرانە دەبێت و قەت ئەرک و بەرپرسایەتییەکان لەگەڵ توانـا و پۆتانسییەل و لێهـاتوویی تاکەکـان یەک ناگرێتەوە.

لەم نێوانەدا، وەک زۆر پرس و بابەتی دیکە، دیسـان ژنـان ڕێک لەژێر کـاریگەریی سیستەمی سیاسی، بـاری کۆمەڵایەتی و ئـابووری و پرسی فەرهەنگی کـۆمەڵگەدا، ڕادەی بەشـداریکردن و نەکردنیـان لە کاروبـاری کـۆمەڵگە و بەڕێوەبەریـدا دیـارت دەکرێت. ڕاستی ئەوەیە کە بەشداریی ژنـان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، جـا ئەو کـۆمەڵگەیە چ ولات بێت یـان کـۆڕ و گرووپـی بچووک یان حیزب و لایەنی سیاسی، پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە جـۆری تێڕوانینـی ئەو پێکهـاتەیە سەبارەت بە پرسی ژنـان هەیە و بەشداریی ژنان لە بەڕێـوەبەریی هەرکـام لەم پێکهـاتـانەدا، ڕێـک ئەو کـاتە مانـا دەگـرێ کە پێناسەی ڕاستەقینەی ئەو پێکهـاتەیە لەبەر چـاو بگیردرێـت. بـۆ نمـوونە لە کـۆمەڵگەی ئێرانـدا، کۆمـاری ئیسـلامی وەک دەسـەڵاتێکی ئیسـلامیی ویلایەتـی فەقێهـی کە تێیـدا ژن وەک بـوونەوەرێکی سەربەست پێناسـەی بـۆ نەکـراوە و بـوونی هەمیشـە گرێـدراو بە بـوونی پیاوان لە ڕۆڵی باوک، برا، هاوسەر یان منداڵی کوڕدا پێناسەی بـۆ کـراوە، نیشـانەیەک لە سەربەستی بـۆ ژن تەنـانەت لە چوارچێوەی ژیانی ئاسایی بنەماڵەییشدا نابیندرێت چ بگا بەوەی کە هەر ئەو ژنە لە دەرەوەی ئەو ژینگەیە و لە ژینگەیەکی گەورەتردا پێناسەیەکی بۆ بکرێت کە وەکوو مرۆڤێکی سەربەست هەست بە بوونی خۆی بکات.

هەروا کە ئـاماژەی پـێ کـرا، چوارچێوە و جـۆری هـزر و سیستەمی سیاسیی زاڵە کە ئەرک و ڕۆڵ و کـاریگەریی تاکەکـان لە کۆمەڵگەدا دیـاری دەکـات و بـایەخ بە بـوونی تاکەکـان دەدات، چـونکە لەو جـۆرە سیستەم و هـزرەدا، تـاکی کـۆمەڵگە وەک فـاکتەرێکی مرۆیـی بەهێـزی خـاوەن ئەندێشە چـاوی لـێ دەکرێـت کە بە بـێ بـوونی چوارچێوەکە بەشێک لە مـانەکەی خـۆی لەدەسـت دەدات. لە حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێرانیشـدا وەک حیزبێکـی سیاسـیی مـۆدێڕن کە خـاوەنی سیسـتەمی بەڕێوەبەریی تایبەت بە خۆی بووە و ئۆرگانیزاسیۆن و شێوە کـاری دیـاریکراوی هەیە، بـوونی هەر تاکێک بـایەخی خـۆی پـێ دراوە، هەر بـۆیە لە دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیشـدا هەوڵ دراوە خوێنـدنەوە بـۆ توانـا و حەز و خولیـای تاکەکـان بکرێت و ئەرکیان پێ بسپێردرێت.

ئەوەی کە لە حیزبـی دێموکراتـدا سەرنجڕاکێشـە، گرینگیـدان بە ژنـان و بەشـداریکردنیان لە پرسە سیاسـی، کـۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و پەروەردەییەکان و باقی پرسەکانی دیکەشدا بەپێی دۆخ و هەلومەرجی کاتی خۆی بووە. هەر لە پێشـەوا قـازی

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

محەممەددەوە بگرە هەتا ڕێبەرایەتیی ئەمڕۆی ئەو حیزبە، بە بایەخەوە چاویان لە پرسی ژن کردووە هەر بۆیە بە باوەڕ بە یەکسانیی نێوان ژن و پیاو، هەمیشە یەکێک لەو بابەتانە بووە کە لام حیزبەداا کاری لەسەر کراوە. پێشەوا قازی بە هاندان و بەشدارکردنی مینا خانمی قازی لە کاروباری تەشکیلاتی و سیاسی و دامەزراندنی یەکەمین ڕێکخراوی تایبەت بە ژنان، بناخەیەکی پڕبایەخ لە مەیداندان بە ژنانی دامەزراند و ئەم ڕێچکەیە لە حیزبی دێموکراتدا جێگای خۆی گرت. دوکتور قاسملووی نەمر، وەک ڕێبەری حیزبی دێموکرات و کەسایەتییەکی ئاکادێمیک کە وڵاتانی ئورووپایی و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکانی دیکەی جیهانیشی بینیبوو، یەکێک لەو کەسانە بوو کە لە حیزبی دێموکراتدا بایەخی زۆری بە بوونی ژنان و چالاکیی ژنان لە بوارە جیاجیاکانی کاروباری کۆمەڵگەدا داوە.

**دوکتور قاسملوو وتەیەکی جوانی هەیە کە دەفەرموێ: هەرچی زیاتر ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە.**

سەرنجدانی ئەم وتەیە بە ڕوونی هەڵوێست و ڕوانینی دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژنان و بەشداربوونیان لە کاروباری کۆمەڵگەدا دەردەخات و ڕوونی دەکاتەوە کە لای ئەو ڕێبەرە، هەبوون و بایەخدان بە ژنان و هاوکات، هەوڵ و تێکۆشانی خودی ژنانیش لە پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی سیاسییدا دەتوانێ کاریگەر بێت. دوکتور قاسملوو لە چەندین وتاری خۆیدا و بەتایبەت لە وتارێکدا لە ٨ی مارس، ڕوو لە ژنان و کچان، داوایان لێ دەکات کە زیاتر خۆیان تێکەڵی کاروباری سیاسی بکەن تاکوو بتوانن داهاتوویەکی گەش بۆ نەوەکانی داهاتوو دابین بکەن. ئەم وتانە، نیشاندەری باوەڕی قووڵی ئەم ڕێبەرە بە ڕۆڵ و کاریگەریی هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە بێ جیاوازیی ڕەگەزی لە پێکهاتەی کۆمەڵگەیە و نیشانی دەدات کە بەڕاستی هەبوون و بەشداریی کارا دەتوانێ گەرەنتیی سەرکەوتن بکات.

ئێمەی ژن، وەکوو ئەو نەسڵەی کە بەداخەوە دوکتور قاسملووی ڕێبەرمان لە نزیکەوە نەبینیوە، پێویستە بە خوێندنەوەی زیاتر و وردبوونەوە لە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەو ڕێبەرە مەزنە و بە وەرگرتنی ئامۆژگارییەکانی، زیاتر لە جاران هەست بە بەرپرسایەتی لە بەرانبەر خاک، نیشتمان، نەتەوە و بەتایبەت نەوەکانی داهاتوودا بکەین و بە بەشداریی زیاتر و چالاکیی جۆراوجۆر، بەشێک لە خەباتەکە لە ئەستۆ بگرین و بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و پێشکەوتووی یەکسان هەنگاو هەڵ بگرین.


٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# هەگبەی شاخ و شۆڕش



**برایم چووکەڵی**

کوا بە چەند دێڕێک ئاوڕ لە ژیانی تێکۆشەرێکی وەک شەهید کاک هەژار دەدرێتەوە کە هەموو پلە و مقام و خۆشییەکانی ژیانی بۆ ئازادیی نەتەوەکەی وەلا نا.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

سەروان ئەحمەد جاویدفەڕ (ناسراو بە کاک هەژار) لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد لە ئاوایی قومقەڵا چاوی بۆ دنیای ڕوون کردەوە. قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندنی زۆر زیرەکانە بڕی و، پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕەوانەی مەهاباد کرا و تا دیپلۆم لەو شارە درێژەی بەخویندن دا. ساڵی ١٣٤٩ دوای سەربازی لە زانکۆی ئەفسەریی تاران وەرگیرا و پاش تەواوکردنی دەورەکەی بوو بە ئەفسەرێکی لێهاتووی ئەرتەشی شاهەنشاهی. ئەو لەو ماوەیەدا کە لە ئەرتەشدا بوو، بەتەواوی بۆی دەرکەوتبوو کە ڕێژیمی پاشایەتی چەندە جیاوازیی لە نێوان نەتەوەکان دادەنێ و بە چ شێوەیەک نەتەوەکەی ئەو، واتە کوردەکان سەرکوت دەکا؛ بۆیە هەمیشە لە بەرانبەر ناعەداڵەتییەکاندا ڕادەوەستا.

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران (١٣٥٧) پێوەندیی نەهێنیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت. ئەوە دەرفەتێک بۆ کاک هەژار بوو کە بتوانێ بۆ سەربەستیی نەتەوەکەی بژی و سەری بۆ ڕزگاری ئەوان دانێ. بۆیە بڕیاری دا ئەرتەشی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی بەجێ بێڵێ و هەر لە یەکەم هاویشتنی تیری نەگبەتی بۆ سەر خەڵکی کوردستان، کاک هەژار قۆڵی هیممەتی هەڵماڵی و چەکی پاراستنی نەتەوەکەی کردە شان و، بوو بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات. ئەو زۆر زوو بۆ سازماندان و ڕێکوپێکردنی هێزی پێشمەرگە دەستبەکار بوو، و لە سەرەتا وەک جێگری هێزی پێشەواو پاشان وەک فەرماندەری ئەو هێزە دیاری کرا.

هەژاری قارەمان و پێشمەرگە، فەرماندەیەکی لێهاتوو، بەمشوور، بەورە و بەئەزموون، خەباتکاریکی چاونەترس و بوێر بوو. پێشمەرگەیەک بە مانای واقعی پێشمەرگە بۆ گەل و نیشتمان، کەسایەتییەکی پاک و خاکی. بیرێکی پڕ هیوا و بڕوا، فەرماندەیەکی هەڵسووڕ و چالاک، توندوتۆڵ، گەڵالەداڕێژێکی بەئەزموون کە هەر ئەرکێکی بەڕێوەی بردبایە پڕ دەسکەوت بوو. کاک هەژار هەموو خۆشییەکانی ژیانی وەلا نابوو، و ئامادەبوو بەرگی پڕ لە قوببە و ئەستێرەی نیزامی و پلە و پایەی سەروانی و سەرهەنگی وەلانێ و، بۆ ئەوەی شانازی پێشمەرگەبوونی پێ ببڕێت و بە شانازییەوە هەموو ئەوانەی بە بەرگی خاکی پێشمەرگایەتی گۆڕییەوە.

کاک هەژار تەنیا فەرماندەی قارەمان نەبوو، بەڵکوو کادرێکی سیاسیی بەتوانای لە ماوەیەکی کورتدا لێ دروست بوو. هەر بۆیە لە ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی کاک هەژار لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا. ئەو تەنیا دوو ڕۆژ پاش هەڵبژێرانی بە ئەندامەتیی کۆمیتەی ناوەندی و مانەوە لە پۆستی فەرماندەریی هێزی شەهید پێشەوادا لەسەر داوای دەفتەری سیاسیی حیزب بۆ یارمەتیی هێزی شەهیدانی وردی لە ناوچەی بانە کە ئەوکات بە هەموو شێوەیەک پەلامار درابوو، لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی شەهید پێشەوا بەرەو بانە وەڕێ کەوت و ڕۆژی ٢٠ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٦٠ی هەتاوی لەگەڵ هێزی شەهیدانی وردی لە ناوچەی بانە

گەلاوێژی ٢٧٢٥

بەرەنگاری هێزی کۆنەپەرەستی بونەوە و پاش دوو ڕۆژ شەڕ دوژمنیان تیکشکاند. بەڵام بەداخەدوە ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەز لە کاتی ڕاونانی هێزی دوژمن کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و شەهید بوو و وەک بڕیاری دابوو یا بە سەربەستی دەژی یا سەری بۆ نەتەوەکەی دادەنێ.

تەرمی شەهید هەژار لە گوندی لاچین بە خاکی نیشتمان سپێردرا.

هاوسەنگەرێکی بەمجۆرە لە بیرەوەرییەکانیدا دەنووسێ: "کاک هەژار بڕوایەکی قووڵی بەو ڕێبازە بوو کە گرتبوویە بەر و بە ئیمان بە بڕواوە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی کردە بەر. هەژار لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجەکانی گەلی کورددا ئامادەی هەموو قوربانیدانێک بوو و هەمیشە دەیگوت "بەرخی نێر بۆ سەربڕینە". بۆیە لەجیاتی باوەشی گەرمی تازەبووکی ژیانی، سەری وەسەرینی بەردینی چیای کوردستان کرد و کوڕە کۆرپەڵە جگەرگۆشەی بەرمەمکانی بە باوەشی دایکێکی هەناسەسارد و بێ هاوسەر ئەسپارد و خۆشەویستیی ئەوانی خستە سەر هەموو کۆرپەڵە و زارۆکەکانی کوردستان. بەڵام لە دەوڵەمەندییەکی گەورە و پڕ لە شانازی بە پانایی دەشتەکان و بەرزایی چیاکان و خوڕەی ڕووبارەکانی کوردستان و بۆنی گولەگەنمەکانی جووتیاران و هەموو تەقەو نرکەی خەباتکارانی کوردستان ماڵاوایی لە گەل و نیشتمان کرد."

هاوڕێیەکی دیکە بەمجۆرە باسی کاک هەژار دەکا: "گومانم نیە ئەو کەسانەی تەنیا جارێکیش ناوبراویان دیتبێ، هۆگر و تامەزرۆی کەسایەتیی بەرزی ئەو ڕێبەرە شەهیدە بوون. کاک هەژار، مرۆڤێکی خوێندەوار، وێچوو، بە هەیبەت و ماندوویینەناس، شۆرشگێرێکی کەموێنە و نیشتیمانپەروەرێکی ڕاستەقینە بوو. جێگای متمانەی حیزب و کۆمەلانی خەڵکی مەهاباد و شارەکانی دەوروبەر بوو و هەروەتر خۆشەویستی ورد و درشتی ناوچەکە بوو. بە شاهیدی گشت هاوڕێیانی، "کاک هەژار" یار و هاودەم و غەمخۆری خەلکی هەژار و خۆشی لە ژیان نەدیتوو بوو".

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# لەم دانوستانەدا کێ دەدات و کێ دەستێنێت؟



**دارسمە**

ئێران و ئەمریکا، دوو ڕکابەری چەند ساڵە، جارێکی دیکە هەردوولا باسی دانوستان دەکەن. وشەی "دانوستان" خۆی وشەیەکی کوردیی ڕەسەنە و لەڕاستیدا زۆر لە "موزاکرە"ی فارسی، کە لەنێو میدیای ئێمەشدا بووەتە وشەیەکی باو، خۆشتر و واتادارترە. چونکە خودی وشەکە ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی دوو یان چەند لایەنە: لایەنێک یان چەند "دەدەن" و لایەنێ یان چەند لایەنی دیکە "دەستێنن. دیارە جارێ دانووستانی ئێران و ئەمریکا دوولایەنەیە و ئەگەر ئەم ئورووپا ومروپایەش بێنە نێوی ئەوە ئەویش دەبێتە چەند لایەنە و تێکەولێکەکەی چڕتر دەبێتەوە و بە هۆی ئەوەی هەموو لایەنەکانی دانوستان دەکەونە بەرانبەری کۆماری ئیسلامی، ئەوەی زیاتر ڕێگەی تێدەچێت، لە ئێرانی دەستێنن. لەم پێشاژۆیەی دانوستانی ئێران و ئەمریکادا، هەر یەکەیان هەوڵ دەدات کەمترین بدات و زۆرترین وەربگرێت؛ بێگومان هەموو دانوستانێکیش هەر بەمجۆرەیە.

بابەتی هەرە گەرمی ئێستای نێوەندەکانی هەواڵ و ڕاگەیاندن، دانوستانی نێوان کۆماری ئیسلامیی ئێران و ویلایەتە

یەکگرتووەکانی ئەمریکایە. هەرچەندە تا ئێستا بوردی ڕوون نیە نێوەڕۆکی ئەم دانوستانە چیە، بەڵام هەڵوێستی لایەنەکان پێش و پاش ڕووداوەکان گۆڕانکاریی بەرچاوی بەسەردا هاتوە. تا پێش ماوەیەک، بەر لەوەی ئیسرائیل هێرشە بەهێزەکەی بکاتە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران و ژمارەیەک فەرماندەی باڵای سوپای پاسدارانی تێدا بکوژێت و تەنانەت ڕێبەری کۆماری ئیسلامییش لە ترسی هێرشی زیاتر بۆ ماوەیەک خۆی لە ژێرزەمینەکاندا حەشار بدات، لایەنی ئێرانی بە لەخۆباییبوونێکی زۆرەوە دەیگوت لەم دانوستانەدا ئەوەی "دەدات" ئەمریکایە و ئەوەی "دەستێنێت" ئێرانە.

ئێران بەو تەمایەوە دەچووە سەر مێزی گفتوگۆ ئەمریکا ناچار بکات هەموو گەمارۆ ئابوورییەکان هەڵبگرێت و ئەوکات کۆماری ئیسلامی بتوانێت بە ئارەزووی خۆی نەوت بفرۆشێت و داهاتەکەی بە ئاشکرا و نهێنی بۆ پەرەپێدانی "هیلالی شیعی"، بەهێزکردنی توانای مووشەکی و خەونە گەورەکەی، واتە دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی، تەرخان بکات. لە خەیاڵی کاربەدەستانی تاراندا، دوای ئەم "سەندنە" گەورەیە لە ئەمریکا، ئێران هێندە بەهێز دەبوو دەیتوانی لە هێرشێکی کوتوپڕ و چاوەڕواننەکراودا کۆشکی سپی داگیر بکات و بیکات بە حوسێنییە یان تەویلە!

بەمجۆرە پلانی ئێران دووڕێیانێکی لە بەردەم خەڵکی ئەمریکادا دادەنا: ئەگەر گەلی ئەمریکا ڕەگەڵیان بکەون، ببنە شیعە و دەست بکەن بە شیوەن و شەپۆڕلێدان بۆ ئیمامان، ئەوا کۆشکی سپی دەکرایە حوسێنییە. ئیدی مەداح و ڕەوزەخوێنان بە زمانی ئینگلیزی نەوحەیان دەخوێندەوە و خەڵکی ئەمریکاییش لە یانە شەوانەکان، ڕێستۆرانتەکان، هەڵپەڕکێگە و ماڵەکانیانەوە بەڕێ دەکەوتن، ئەگەر بۆیان بلوایە جلکی ڕەشیان دەکردە بەر و بە زنجیرەوە بۆ لەخۆدان ڕوویان لەو کۆشکە سپییە دەکرد بە هەوڵ و کۆششی کۆماری ئیسلامی بووەتە حوسێنییە.

بەڵام ئەگەر دانیشتووانی ئەمریکا بەمە ڕازی نەبوویان و ئامادەی قوڕ وەسەرکردن و سینگکوتان نەبوویان، بەمجۆرە لە دیدی کۆماری ئیسلامییەوە گەلێکی بێئەقڵ دەبوون و چارەنووسێکی باشتر لەوەیان شایستە نەدەبوو کۆشکی سپی بکرێتە تەویلە و ئەوانیش وەک ئاژەڵ تێیدا کۆ بکرێنەوە. بەم شێوەیە، لە هەر ئەگەرێکدا، چ وەک شینگێڕ لە حوسێنییەدا یان وەک ئاژەڵ لە تەویلەدا، دانیشتووانی ئەمریکا لە چوون بۆ نێو کۆشکی سپیی داهاتوو بێبەش نەدەکران! کەچی ئێستا، دوای هێرشەکەی ئیسرائیل و گۆڕانی هاوکێشەکان، لایەنی ئەمریکایی، بەتایبەت ئیدارەی سەرۆککۆماری ئێستا، بە سازێکی جیاوازەوە دەژەنێت و دەهۆڵێکی دیکە دەکوتیت. ئەوان دەڵێن لەم دانوستانەی ئێستادا، ئەوە ئەمریکایە "دەستێنێت" و ئێرانیش دەبێت "بدات". ئەمریکا لە لایەک گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی توندتر دەکاتەوە، لەولاشەوە هەڕەشەی هێرشی سەربازی و داوای دانوستان لەگەڵ یەکتردا دەباتە پێش. ئەوان پەیامەکەیان بۆ تاران ڕوونە و دەڵێن "ئەمجارە ئێمە دەستێنین و ئێوە دەدەن".

گەلاوێژی ٢٧٢٥

لەم نێوەندەدا، ئێران لەبەرخۆیەوە بە بێزارییەوە دەڵێت: "ناتکەویٚ!" واتا، من نادەم و تەسلیم نابم. ئەمریکاش لە وەڵامدا، زۆر بە هێمنی سەرینی خاترجەمیی دەخاتە ژێر سەری کۆماری ئیسلامی و بەو زمانە ئاشنایەی لە سیاسەتی ناوچەکەدا باوە، پێی دەڵێت: "بمکەویٚ هەر دەمهەویٚ و نەمکەویٚ هەر دەمهەویٚ." ئەمەش واتا، چ بە ڕەزامەندیی خۆت بێت یان بە زۆر، هەر دەبێت ئەوەی دەمانهەوێت بیستێنین.

لە ئێران وێڕای ئەوەی فشاری ئەمریکا بەردەوامە، خەڵکەکەش دەسەڵاتیان تۆقاندوە، ڕۆژانە دانیشتووانی ئێران بەکۆمەڵ ڕەوانەی زینداناان دەکرێن ئەوانیش وەک بەڕێوەبەرانی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی تۆمەتی سیخوڕی کردن بۆ ئیسرائیلیان لێ دەدرێت. لەم دواییانە خەریکە بەڵایەکی دیکەش بەرببنگ بە کۆماری ئیسلامی دەگرێت و خەڵک باس لە شتێکی زۆر مەترسیدار دەکەن و کۆمەڵێک ڕووناکبیر و مووناکبیر و سیاسی و میاسی داوای بەڕێوەچوونی ڕیفراندۆمی یاسای بنەڕەتی و دامەزرانی ئەنجومەنی دامەزرێنەران واتە مەجلیسی موئسیسان دەکەن و ئەمەش وێڕای هەموو فشارەکانی دیکە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە نیوسەدە تەمەنەوە خستووەتە سەر ئەژنۆیان.

لە کۆتاییدا، وا دیارە چارەنووسی ئەم دانوستانەش بەرەو ئەو ئاقارە دەڕوات کۆماری ئیسلامی، دوای هەموو ئەو هەڕەشە و خۆ بەزلزانییەی پێشووی، بە ناچاری و بە دەنگێکی نزمەوە بگاتە ئەو قۆناغەی بە لایەنی بەرانبەر بڵێت: "ابتکەویٚ هەر دەتدەمیٚ و نەتکەویٚ هەر دەتدەمیٚ"!

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## "ئەم خاکە خاکی کوردییە، خۆ خاوەنی دیکەی نییە"





هەردی سەلیمی

لە چەندین ساڵی ڕابردوودا لەگەڵ هاتنی وەرزی هاوین، دارستانەکانی کوردستان ئاگریان تێبەردەبێ و ئەمەش بووەتە کێشەیەکی دووپاتە و چاوەڕوانکراو. لە دوایین حاڵەتدا ڕۆژی پێنجشەممە ٢ی گەلاوێژی ١٤٠٤ بەهۆی ئاگرکەوتنەوەیەکی گوماناوی لە داوێنی کێوی ئاویەر لە شاری سنە، پتر لە بیست هێکتار لە زەوییەکانی ئەو دەوروبەرەی سووتاندووە. ئەمە

لە کاتێکدایە بە سەرنجدان بە گەرمبوونی پلەی هەوا، وشکبوونی گژوگیا و هەڵکردنی با ئەگەری پەرەگرتنی ئەم ئاگرانە هەیە. بۆیە لە نەبوونی دەوڵەتێکی بەرپرسیار و خۆجێییدا لە بەرامبەر کێشە و قەیرانە ژینگەیییەکان، ئەوە ڕێکخراوە مەدەنییەکانیانن هەوڵ دەدەن پێش بە خەساری زۆری ئەم ڕووداوانە بگرن. لە ئەنجامی بەشداریی چالاکانی ژینگەیی لە کوژاندنەوەی ئاگری ئاویەری شاری سنە، بەداخەوە ٨ کەس بریندار بوون و یەک کەسیش بەناوی "حەمید موڕادی"، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی "شنەی نەوژینی کوردستان" بەهۆی سەختیی برینەکانیەوە گیانی لەدەست دا. نەبوونی پێداویستیی پێویست و وڵامدەرنەبوون و نابەرپرسیارەتیی ناوەندە حکوومەتییەکان یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی چوونە سەری ڕادەی ئەم خەسارانەن.

ئەوەی باس کرا دیوی ڕاپۆرتیی ئەم نووسراوەیە بوو. لەم نێوەدا ڕێورەسمی بەشکۆی ناشتنی تەرمی حەمید موڕادی، سەرنجەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و کۆمەڵێک پرسیار دەورووژێنێ لە مێشکدا، چۆنە کۆمەڵێک کەس هەموو ساڵێک و لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا گیانلەسەردەستانە ئامادەن بەوپەڕی بێئیمکاناتیەوە بەگژ ئاگری بەتینی ئەو کوێستانانەدا بچنەوە؟ ئایا ئەم هەست بە بەرپرسیارەتیکردنە بووەتە بەشێک لە کولتوورێکی جێگیربوو و باوەڕێکی ئەخلاقی و نیشتمانی؟ ئایا دروشمەکانی وەک "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ڕۆڵەمانی" یان "ئێرە کوردستانە، کرنۆش بەرن" لەسەر عەردی ڕووت شین بوون؟

بە ئاوڕدانەوەیەکی کورت و خێرا بۆ سەر پرسی ژینگەیی لە وڵاتی ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا کە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرییەکەی لە دەست کۆماری ئیسلامیدایە، بۆمان دەردەکەوێ ئەو وڵاتە لە سایەی بەڕێوەبەریی ئەو ڕێژیمە ناکارامەیەدا تووشی چەندەها قەیرانی ژینگەیی قووڵ و کەموێنە بووە، لە وشکبوونی گۆلی ورمێوە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە هەتا وشکبوونی ئاوی کاروون لە ئەهواز و بێئاویی بەربڵاوی ئێستا و زۆر حاڵەتی دیکەش، بەتەواوی بۆمان دەردەکەوێ ئەم دەسەڵاتە دەسەڵاتێکی داگیرکەر و دژەژینگەیە و نەتەنیا هیچ بەرنامەیەکی بۆ نەهێشتنی ئەم قەیرانانە نییە، بەڵکوو دەستی ڕەشیشی لە پشتی پەردەی هەموو ئەم کێشانەوە دیارە. ڕێژیمێک کە ژینگەپارێزانی وڵاتەکەی بەتۆمەتی درۆیینی سیخوڕی ئێعدام دەکات، دەبێ چ چاوەڕوانییەکت لێی هەبێ؟ ئەو ژینگەپارێزانەی کەوا هۆشدارییان دەدا لەسەر گۆڕانی ئیکۆسیستمی ئەو وڵاتە بە هۆکاری جیاوازی وەک چالاکییەکانی سپای پاسداران و بەرنامەی ناوکیی ڕێژیم.

بە لەبەرچاوگرتنی کارنامەی ڕەشی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژینگەدا کە وەک هەموو بوارەکان کارنامەیەکی ڕەشی لە خۆی تۆمار کردووە، خەڵکی کوردستان بە وشیارانەترین شێوە دروشمی "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ڕۆڵەمانی" دەڵێنەوە، داگیرکەر جگە لە خەسارپێگەیاندن و دوژمنایەتیی خاک و خەڵک هیچ بەرنامەیەکی تری نییە، هەر بۆیە لە کوردستان ئەم دروشمە ڕۆژێک بە شێوەی "قاتڵی ژینامانی" دەوترێ و ڕۆژێکیش بە شێوەی "ڕۆڵە" کە هەموو



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

ڕۆڵەکانی کوردستان دەگرێتەوە. کۆماری ئیسلامی وەک وترا نەتەنیا قاتڵی ڕۆڵەکانمانە و دژی خەڵکی کوردستانە، بەڵکوو دژی خاک و ژینگەی کوردستانیشە هەروەک چۆن بەمەبەستی تالانوبڕەو خەریکە ژینگەی چەندین گوندی سەر بە شاری سەقز تێک دەدات؛ بۆیە پێویست دەکا لە پەنای ئەو دروشمەدا، ئەم دروشمەش بوترێ: "داگیرکەری ئێرانی، تێکدەری ژینگەمانی"!

کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان چەندین ساڵە گەیشتووەتە قۆناغی خۆبەڕێوەبەری و هەروەها بەهەق گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی چاوی هیوای لە دەسەڵاتی ناوەندی نەبێت و ئەوەی هەیە خۆی بیکات، بەڵام ئەمە بەو واتا نییە کاری دەسەڵاتی ئاسان کردبێتەوە، بەڵکوو بە شێوەیەکی وشیارانە هەم ڕاهێنانەکە لەسەر بەڕێوەبردنی وڵاتی باب‌وباپیران، هەمیش لەگەڵ چالاکییەکان دروشمی وەدەرنانی داگیرکەر و خۆبەخاوەن‌زانین لە بەرامبەر ئەو خاکەدا بەرز دەبێتەوە. کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکی کوردستان بەتەواوی لەو ڕاستییە تێگەیشتوون کەوا کۆماری ئیسلامی هێزێکی داگیرکەرە کە ئێستا لە کوردستاندایە، بۆیە نەتەنیا چاوی هیوا و چاوەڕوانییان لێی نییە، بەڵکوو بە ماکەی قەیران و کێشەکانی دەزانن و خوازیاری وەدەرنانی ئەم دەسەڵاتەشن. ئەم چالاکە گیان‌لەسەردەستانە بەکردەوە شرۆڤەی ئەم شێعرە دەکەن کە دەڵێ: "ئەم خاکە خاکی کوردییە، خۆ خاوەنی دیکەی نییە"؛ ئەمە بووەتە باوەڕێکی جێکەوتوو و نەگۆڕ، ئەوەی لە کوردستاندا دەیبینین تەفسیر و لێکدانەوەی کرداریی ئەم ڕاستییەیە کەوا کورد خاوەنی کوردستانە، ئەوەی لە کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ خاک و خەڵکەکەیدا لەلایەن چالاکانی ژینگەیی و جەماوەری خەڵکەوە دەکرێ خۆلێبەخاوەن‌کردن نییە، بەڵکوو خۆلێبەخاوەن‌کردنەوەیە.

٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# پارێزڤانانی خاک و ئیکۆسیستەمی کوردستان






ڕەحیم نزهەتزادە

لە ڕۆژانی یەکەمی گەلاوێژی ساڵی ١٤٠٤دا، کوردستان یەکێک لە ڕۆڵە وشیار و دڵسۆزەکانی لەدەست دا. حەمید موڕادی، پارێزەر، چالاکی ژینگەپارێز و بەڕێوەبەری کۆمەڵەی "شنەی نوێی ژینی کوردستان"، دوای هەوڵێکی مەترسیدار، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگری بەئەنقەست پێکراو، لە بناری چیای ئاویەر لە شاری سنە، بەهۆی سووتانی توندەوە لە نەخۆشخانەی



سەرچاوە
Serchawe

کەوسەر شەهید بوو. لەو ڕووداوەدا هەروەها چەند چالاکی ژینگەپارێزی دیکەش بە سەختی برینداربوون، کە دەگوترێت باری تەندروستیی چەند کەسیان زۆر ناجێگیرە.

لە یەکەم نیگادا، ئەمە ڕووداوێکی سروشتیی دڵتەزێنە. بەڵام لە ناخەوە، ئەم "کارەساتە" نە سروشتییە و نە بەڕێکەوت. چیای ئاویەر، وەک شاخ و دارستانەکانی دیکەی کوردستان، ساڵانێکە بووەتە قوربانی ئاگرێک، کە سەرچاوەکەی نەک لە ئاسمانەوە، بەڵکوو لە سیاسەتی سروشت و زەوی سووتێنەری فەرمانڕەواکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم دەسەڵاتە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، نەک هەر لە سەرکوتکردن و لەسێدارەدان، بەڵکو بە لەنێوبردنی پلان بۆ داڕێژراوی سامانە سروشتییەکانی کوردستان. یەکێک لە فۆرمە ترسناکەکانی ئەم وێرانکارییە، پرۆژەی بەتاڵانبردن و دزینی سروشت: دروستکردنی بەنداوی بەرفراوان، لادانی ڕووبارەکان بە ڕێگای کەناڵی ئامادەکراو بۆ نێوەڕاستی ئێران و لەنێوبردنی سیستماتیکی دارستانەکانی دار بەڕووی کوردستان، کە لە ساڵانی حەفتاکانی هەتاوی سەدەی ڕابردووەوە تا بە ئەمڕۆ بە چڕی بەردەوامە.

ئاگرکەوتنەوەکانی ئاویەر و ناوچە هاوشێوەکانیش، بە شێوەیەکی هەڕەمەکی و کۆنترۆڵنەکراو نین. بەپێی بەڵگەنامە و ڕاپۆرتە ناوخۆییەکان، زۆرجار ئەم ئاگرکەوتنەوانە، وردە وردە لە وەرزی هاویندا، بە ئەنقەست لەلایەن نۆکەر و خۆفرۆشی سەر بە حکومەتەوە، بە ئامانجی روون دەست پێدەکەن: چۆڵکردنی گوندەکان، ئاوارە و مەجبور مانەوەی کۆچکردنی خەڵک، لەناوبردنی ئابووری خۆجێیی و ناوخۆیی، و ڕەخساندنی زەمینە بۆ تاڵانکردنی سامانە سروشتییەکان و کانەکانی کوردستان.

لە هیچ کام لەم کارەساتە ژینگەییانەدا، دامەزراوەکانی حکومەت بچووکترین بەرپرسیارێتییان لە ئەستۆ نەگرتوە. نە ئیجرائاتیان بۆ کووژاندنەوەی ئاگرەکان کردوە، نە ڕێگرییان لێیان کردووە، تەنانەت تاوانبارانی سووتاندنەکانیشیان هەرگیز دادگایی نەکردوە. ئەگەر ئامادەبونیشیان هەبووبێت، بە تەنیا بۆ بە نمایشی، گواستنەوەی تەرمی سووتاو یان برینندارەکان بووە. بێدەنگی میدیای دەوڵەتی، هاوبەشی دامەزراوە ئەمنییەکان و بەدامەزراوەیی بوونی نابەرپرسیارێتی، ئەم کارەساتانەی کردوە بە سیاسەت.

لە وەها هەلومەرجێکدا، تێکۆشەرانی وەک حەمید موورادی قارەمانی ڕاستەقینەی ئەم خاکەیە. بەبێ پشتیوانی، بەبێ ئامراز، بەبێ بیمە، تەنانەت بە بێ قەرەبووی یاسایی بۆ زیانەکان; ئەو بۆ خاک، دار و ئاو، ژیانی خۆی بەخت کرد. گیانبەختکردنی حەمید مورادی، کۆچێک بۆ خۆبەدەستەوەدان نەبووە؛ ئەو لە شەڕێکی نایەکسانی، نێوان مرۆڤ و سیستەمدا



سەرچاوە
Serchawe

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

شەهید بوو. نەک هەر وەک چالاکی ژینگەپارێزی، بەڵکو وەک بەرگریکاری ئەویندداری پیرۆزی خاکی نیشتمان.

ئەمڕۆ دەبێت بە ڕوونی بڵێین: لە کوردستاندا شەرەف، بە تەنیا چەمکێکی ڕەگەزی نیە. شەرەف ئەو خاکەیە؛ ئەو چیایەیە؛ ئەو دار بەڕوویەیە، کە ڕەگ و ڕیشەی لە گیان و یادەوەری خەڵکدا هەیە. ئەوەی بەرگری لە ژینگە و خاکەکەی دەکات، بێ گومان بەرگری لە شەرەف، ئازادی و شەرەفی خۆی کردووە. حەمید مورادی، شەهیدی خاک و شەرەفمانە.

نابێت ئەم شێوە گیانلەدەستدانە، تەنیا وەک ڕووداوێکی پڕ لە ئازار و بە کات لەبیرکراو سەیر بکرێن. بەڵکو دەبێت، وەک ئەڵقەیەک لە زنجیرەی چەوساندنەوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆ سەر گەلی کورد سەیر بکرێن. کارەساتی ئاویەر، بە تەنها هۆشدارییەکی ژینگەیی نیە، هاوکات هۆشدارییەکی ئەمنی و سیاسییە: حکومەت نەک تەنیا خەڵک دەکاتە ئامانج، بەڵکو سروشتی ئەم جوگرافیایەشی کردووەتە ئامانج.

**یاد و ناوی حەمید مورادی نەمرە. ئەو بە جەستە لە نێوماندا نەماوە، بەڵام ئەو ئەویندداری خاکەکەی بوو، و ئێستاش بانگمان دەکات بۆ خۆڕاگری.**

**٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

---

# ژینگەپارێزی لە کوردستان، جۆرێکە لە بەرخۆدانی نەتەوەیی و دژەداگیرکاری






**بێهزاد قادری**

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢ی گەلاوێژ، نەیارانی ژینگە و نیشتمانەکەمان، ئاگریان لە جەستەی کێوی "ئاویەر"ی سنە بەردا و ڕووبەرێکی بەرفراوان لە لەوەڕگەکانی ئەم کێوە گەشتیارییە سووتا، هەروەها حەوت چالاکی ژینگەییی خەڵکی سنە سووتان کە لە ڕۆژانی دواتردا، بەداخەوە سێ کەس لەو چالاکانە، بە ناوەکانی "حەمید موڕادی"، "چیاکۆ یووسفی‌نژاد" و

"خەبات ئەمینی"، گیانی ئازیزیان پێشکەشی ژینگە و نیشتمانەکەیان کوردستان کرد و شەهید بوون.

ئەمە یەکەمجار نیە کە ڕۆڵەکانی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە ژینگە و نیشتمانەکەیان گیانفیدایی دەکەن و دەبنە قوربانی. بەڵام بەداخەوە دەبێ بێژم کە ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێت و قوربانیی زیاترمان دەبێت، چونکە هەتا کوردستان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەری ئێرانیدا بێت، بەشی نەتەوەکەمان هەر ئەمە دەبێت. بۆیە لەم وتارەدا، دەمەوێت لەم سۆنگەوە چاو لەم دۆخە بکەم، واتە سۆنگەی داگیرکەری و داگیرکراوییەوە.

دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی بە هۆکاری سیاسی، ئەمنییەتی، ئایدیۆلۆژی و پێکهاتەیی، بەرپرسی یەکەمە لە ئاگربەردان لە ژینگەی کوردستان و گیانلەدەستدانی چالاکانی ژینگەییی کورد. ئەم پرسە ڕەگ و ڕیشەی لە ڕوانگەیەکی کۆلۆنیالیستیی بۆ کوردستان هەیە، کە دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی وەک "خاکی پەراوێز"، "نائەمن" و "ناخۆیی" لە چوارچێوەی نیشتمانیی خۆیدا سەیری دەکات،

**کە لێرەدا ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ دەکەم:**

- دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی، کوردستان وەک "ناوچەی سنووری"، "پۆتانسێلدار بۆ جیابوونەوە" و "متمانەپێنەکراو" دەبینێت. ئەم تێڕوانینە هاوشێوەی شێوازی تێڕوانینی کۆلۆنیالیستەکانە بۆ کۆلۆنیکراوەکان: "خاکێک کە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێت، نەک گەشەی پێ بدرێت. سیاسەتەکانی گەشەنەکردن، لەنێوبردنی سامانە سروشتییەکان و سەرکوتی فەرهەنگی، بەشێکن لە "سەروەریی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی" کە لە تیۆرییەکانی زانستی سیاسیشدا ناسراون.

- ئاگربەردانە بەربڵاوەکان لە ژینگە، دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان، هاوکات لەگەڵ وەرزی هاوین، بەبێ بەرپەرچدانەوەی خێرا لەلایەن دامودەزگا پێوەندیدارەکانی دەسەڵاتەوە، نیشانەیەکە لە سیاسەتی "زەویی سووتاو". سەرچاوە نێوخۆییەکان و شایەتحاڵەکان چەندین جار باسیان لەوە کردوە کە بەشێک لەو ئاگرکەوتنەوانە لەلایەن هێزە سەربازییەکان یان بەهۆی مانۆڕی سەربازییەوە دەستیان پێ کردوە. نەکوژاندنەوەی ئاگرەکان و تەنانەت ڕێگریکردن لە بەشداریی چالاکانی خەڵکی و ژینگەپارێزی لە کوژاندنەوەی ئاگرەکاندا، نەک هەر کەمتەرخەمی نییە، بەڵکوو بەشێکە لە سیاسەتی سەرکوتکردنی نەرم.

- کەیسەکانی وەک شەهیدانی ژینگە لە سنە (حەمید مورادی، چیاکۆ یووسفینژاد و خەبات ئەمینی) شەهیدانی ژینگە لە

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

**مەریوان (شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی) و شەهیدانی ژینگە لە پاوە (موختار خەندانی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی) و...، کە لە کاتی بەرەنگاربوونەوەی ئاگر یان پاراستنی سامانە سروشتییەکانی کوردستان گیانیان بەخت کرد یان بە شێوەیەکی گوماناوی کوژراون! بەڵگەن لەسەر ئەم سەرکوتکردنە سیستەماتیکە. زۆرجار دەزگا ئەمنییەکانی ئێران، وەک هێزی "نائەمنکردن" یان تەنانەت "هاوکار لەگەڵ گرووپە نەیارەکانی ئێران" سەیری چالاکانی ژینگەپارێزی کورد دەکەن و هەڕەشەیان لێ دەکەن یان دەسبەسەریان دەکەن. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە لەگەڵ چالاکانی ژینگەپارێزی لە ناوچە فارسنشینەکان یان ناوەندییەکانی ئێراندا باو نیە و ئەم هەڵاواردنە سیستەماتیکەش جارێکی دیکە ئاماژەیە بۆ سروشتی کۆلۆنیالیزمی دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی.**

**- "کۆلۆنیالیزمی نێوخۆیی" ئاماژەیە بۆ چەوساندنەوە و لێکێشینەوە لە ناوچە ئەتنیکی یان پەراوێزخراوەکان لەلایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، بەبێ ئەوەی بۆ هاووڵاتیبوون، گەشەپێدان یان بەشداریکردنی واقیعی لە سیاسەتدا، مافی یەکسان بۆ ئەو ناوچانە دابین بکات. لە کوردستان، داگیرکەر بە لەنێوبردنی ژینگە (داربڕینی لەڕادەبەدەر، دروستکردنی بەنداوی نازانستی، دەرهێنان و تاڵانکردنی کانزاکان، سووتاندن و لەنێوبردنی لەوەڕگە و ڕووەک و دروستکردنی ناوچەی سەربازی) و سەرکوتکردنی چالاکانی ژینگەیی، ئەم پارادایمی کۆلۆنیالیزمی نێوخۆییە جێبەجێ دەکات. ئەم شێوەیە دەبێتە هۆی تاڵانکردنی سامانی سروشتیی ناوچە کوردستانییەکان بۆ قازانجی ناوچە ناوەندییەکان یان کۆمپانیاکانی سەر بە دامەزراوە ئەمنییەکانی داگیرکەر.**

**- تێکدانی ژینگە لە کوردستان، تەنیا خەسارێکی ئابووری نیە، بەڵکوو هێرشکردنە سەر یادەوەریی بەکۆمەڵ، ژیانی ڕۆژانە و فەرهەنگی خەڵکی کوردستانە. لە فەرهەنگی کوردیدا، شاخ، دارستان و سروشت بەشێکن لە ناسنامەی نەتەوەیی. لەنێوبردنیان، لە ڕاستیدا هێرشکردنە سەر "ڕۆحی بەکۆمەڵ"ی نەتەوەی کوردە.**

**بۆیە: دەوڵەتی داگیرکەری ئێرانی، لە ڕووی پێکهاتەیی، سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە بەرپرسیارە لە وێرانکردنی ژینگەی کوردستان و گیانلەدەستدانی چالاکانی ژینگەییی کورد. بۆیە بەرگریکردن لە ژینگە لە کوردستان، تەنیا کردەیەکی ئیکۆلۆژی نییە، بەڵکوو جۆرێکە لە بەرخۆدانی نەتەوەیی و دژەکۆلۆنیالیزم.**

**٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

# وانەکانی ئەندێشەی سەوز






**شەماڵ تەرغیبی**

سەرەڕای ئەوەیکە داگیرکەران، ساڵهای ساڵە لە هەوڵدان تاکوو خاکی نیشتمانی کوردان داگیر بکەن و بە ئاگرتێبەردانی دارستانەکان سرووشتی جوانی لێ زەوت بکەن و لە هەزاران هەوڵی دزێودا سامانەکانی ئەم نیشتمانە بە تاڵان ببەن، بەڵام کەسانێک بوون و هەن کە لە بەرانبەر ئەم هەموو زێدەخوازی و نامرۆڤایەتییانەدا وەستاونەتەوە و لەم پێناوەشدا لە

بەخشینی گیانی خۆیان لە ڕێگەی بستە خاکێکی ئەم نیشتمانە دریغیان نەکردووە.

مێژووی ئەم نیشتمانە زامدارە پڕ لە تراژێدیاگەلێکە کە ڕەنگە بە دەگمەن نەتەوەیەکی دیکە هەبێت کە بینیبێتی یان دەرکی پێ بکات. بە چەشنێک کە زۆر جاران دەگوترێ چارەنووسی ئێمە هەر شەهیددانە، شەهیدی نان و شەهیدی ئازادی و ڕزگاری و شەهیدی ژینگە و.... چارەنووسی کورد وای خواستوە لە پێناو گشت جوانییەکانی ژیان و مرۆڤایەتیدا هەروا شەهید بێ و شەهید بدا. ئێمە ئەشێ بمرین تا ژیان شین ببێتەوە و ناشیرینی و سووتان ڕوخساری زەوی و مرۆڤایەتی لەوە ڕەشتر نەکات.

ئەوەیکە لەم نێوانەدا گرینگە ئەو ڕاستییەیە کە سەرەڕای هەموو داگیرکاری و تالانکردن و تێکدانەکان کە بەر سەر جەستەی ئەم نیشتمانەدا هاتوە دیسانیش ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی گیانی بەنرخی خۆیان لە پێناویدا دادەنێن و بێ گوێدانە هەڕەشە و چاوسوورکردنەوەکانی ڕێژیمە ملهۆڕەکان بەردەوامن لە هەوڵدان بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە بەختەوەری.

ڕۆژی ٢ی گەلاوێژی ١٤٠٤، کێوی ئاویەری سنەی خوێناوی ئاگری تێبەردرا. بەپێی زانیارییە خۆجێییەکان، ئاگرەکە لە نزیک ناوچەی "پشت پارکی مندالان" دەستی پێ کرد و بە خێرایی بە ناوچەکانی دیکەدا بڵاو بوویەوە کە بەداخەوە پاش ڕووبەڕووبوونەوەی ئاگری بێبەزەیی لەلایەن چالاکانی ژینگەپارێزی ناوچەکە پۆلێک لە ڕێبوارانی ڕێبازی "ئەندێشەی سەوز" تووشی سووتانی سەخت بوون و لە ئەنجامدا حەمید مورادی، چالاکی ژینگەپارێز و بەرپرسی ئەنجومەنی شنەی نەوژینی کوردستان ڕۆژێک دواتر چووە کاروانی شەهیدانی ژینگەوە. هەروەها شەوی ڕابردوو ٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤، کاک چیاکۆ یووسفینژاد، وەرزشوانی خەڵکی سنە، یەکێکی دیکە لەو ژینگەپارێزانەی کە لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری کێوی ئاویەردا برینندار ببوو، شەهید بوو و ئەمڕۆش دووشەممە ٦ی گەلاوێژ، کاک خەبات ئەمینی چالاکی ژینگەپارێز کە لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری کێوی ئاویەری سنە تووشی سووتان ببوو، گیانی پێشکەشی نیشتمان کرد و پاش مەرگی خۆیان، باجوەرئاسا قەڵافەتی کوردێکی دەرووەستیان لە زەینی تاک بە تاکی ئەم نیشتمانە زامدارە وێنا کردەوە.

ئەوەیکە پاش مەرگی سەفرازانەی ئەم خەمخۆر و دڵسۆزانەی نیشتمان بەرچاو دەکەوێ لەڕاستیدا دەکرێ لە چەند ڕەهەندەوە تاوتوێ بکرێت؛ یەکەم ئامادەبوون بۆ دانانی گیان لە پێناو سەوزمانەوەی کوردستان، دووهەم ئەمەگ و وەفای خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر ئیرادە و لەخۆبووردوویی تاکە نیشتمانپارێزەکان، سێهەم بەرزبوونەوەی ئاستی ئاگایی گشتی کۆمەڵگە بەرامبەر بە دۆخی ژیانیان و داهاتوو و چارەنووسی لێکگرێدراویان، چوارەم زەبوونی و شکستخواردوویی سیاسەتەکانی ڕێژیم لە کاڵ و کەمڕەنگکردنەوەی ئەکتی دەرووەستانەی تاکەکان، پێنجەم گرینگی و سەرەتیبوونی کاری

بەکۆمەڵ کە خاڵی جەوهەری دژایەتیکردنی سیستمی حاکمە.

سامان و دەوڵەمەندی سەرچاوە سروشتییەکان لە زاگرۆسدا وای کردوە کە خەڵک هەر لە دێرزەمانەوە تا ئێستا لە قاتوقڕی و ژێردەستی و دەستدرێژکردنەوە و لە ئەنجامدا کۆچ و جێهێشتنی زێد و خاک دوور بخاتەوە و هەروەها هەمیشە چاوی تەماح و داگیرکاری لە دەرەوەی خۆیەوە لە لایەن گەلان و دەسەڵاتەکانەوە لە سەری بێت.

لە ڕۆژی ٣ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧دا شەریف باجوەر و ئومێد کۆنەپۆشی لە چالاکانی ژینگەپارێز لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی شاری مەریواندا شەهیدبوون.

خەڵکی بەئەمەگی کوردستان کە هەمیشە ئامادەی گیانفیدایی لە پێناو پاراستنی خاکی کوردستاندان، بە دروشمی "ئەندێشەی سەوزمان ڕێبەرە"، جیا لە ڕاگەیاندنی وەفاداریی خۆیان بە شەهیدانی ژینگە، پەیمانیان لەگەڵ شەهیدان و داربەڕووەکانی کوردستان نوێ کردەوە کە تا دوایین هەناسە ئەوانیش شەریفئاسا و ئومێدئاسا لەم پێناوەدا هەوڵ بدەن و نەهێڵن تاکە لقێک لە دارستانەکانی کوردستان لە ئاگری نەیاراندا بسووتێت و ئومێدەکان بمرن و شەرافەتی نیشتمان خەوشدار بێ.

پاش حەماسەی بەخاکسپاردنی شەهیدانی ژینگە و بەڕێ کردنیان بە سروودی ئەی شەهیدان بۆ مەنزڵگەی ئەبەدی، زیاتر لە جاران خەڵک هەنگاویان نایە ئەم مەیدانەوە و ئەوەی کە لە دەستیان هاتبێت درێغیان نەکردووە کە تازەترین نموونەی لەڕاستیدا خۆبەختکردنی حەمید موڕادی، چیاکۆ یووسفینژاد و خەبات ئەمینی، تازەترین شەهیدانی ژینگە و پێشوازی کردن لە تەرمەکەیان لەلایەن خەڵکی کوردستانەوەیە.

شەهیدانی ژینگە بە بەخشینی گیانیان بەم نیشتمانە زامدارە، ڕۆحی یەکبوونیان لە نێو خەڵکدا زیندوو کردەوە و ڕایانگەیاند کە ژیانی داربەڕووەکانی زاگرۆس ئەوەندە بەنرخە کە دەبێ ئامادە بیت ژیانی بۆ بەخت بکەی.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بە بەردەوامی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان لە لایەن نەیارانی ژینگە و دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ژیانکوژی ئیسلامیی ئێرانەوە ئاگریان تێبەردراوە و خەسارێکی یەکجار زۆر بەر ژینگەی کوردستان کەوتووە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ژینگەپارێزانی کوردستان هەموو هەوڵ و توانای خۆیان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکانیش خستووەتە گەڕ و ئەوەی کە پێیان کرابێت بۆ ڕزگارکردنی دارستانەکان و گەڕاندنەوەی هەناسە بۆ ژینگەی

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

زاگرۆس کردوویانە.

ئەوەیکە دەکرێ بە گرینگی و بە بایەخەوە سەیر بکرێ و ڕەنگە لە چەشنی خۆیدا کەموێنە بێت و دەبێ زیاتر و زیاتر پەرەی پێ بدرێت لەڕاستیدا هاتنە سەرشەقامی خەڵکی کوردستان بۆ پێشوازی لە تەرمی شەهیدە نوێیەکانی ڕێگای ڕزگاریی زاگرۆسە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هەوڵی داوە کە بە بەردەوامبوون لە تێبەردانی ئاگر لە جەستەی ئەم نیشتمانە، مەرگ و نەمان لای خەڵکی ئێمە ئاسایی بکاتەوە و پێمان بڵێ کە ئێوە مەحکوومن بە نەمان، بێ ئاگا لەوەی کە وەک دارەپیرەی چیرۆکی "جەلال مەلەکشا"، ئێمە نامرین، لەوپەڕی مەرگیشەوە هەر دێینەوە!

ئەم ئەکتە کە خەڵک لەم ساتەوەختانەدا دەیگێڕن نیشانەی ئەوپەڕی ئاگایی و گەیشتن بە دەرکێکی بەکۆمەڵە لە پێوەندی لەگەڵ هاوچارەنووسبوونیان و ئەرکیان بەرامبەر بە یەکتر؛ بەو مانایە کە هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە لەسەر شانیەتی کە لەگەڵ ئەوەی ئاگاداری پیلان و پلانی دوژمنان بێ دەبێ ڕێزیش لە گیانفیداکانی میللەتەکەی بگرێت و ڕێگا و ڕێبازەکەیان ون نەکات. ئەمە لەگەڵ ئەوەیکە دەبێتە هۆکارێک بۆ لێکنیزیکبوونی زیاتر و سازبوونی هاوپێوەندیی ڕۆحی، دەبێتە ئۆلگوویەکیش بۆ خەڵکانی تر و نەتەوەکانی تر لەو جوغرافیایەی کە بە ئێران دەناسرێ. وەک چۆن لە ڕووداوە سیاسییەکاندا هەمیشە کوردستان ئۆلگوو و سەرباشقەی خەبات و تێکۆشان بووە بە دڵنیاییەوە ئەم جۆرە حەماسانە کە دەخوڵقێن دەتوانن کاریگەری پۆزەتیڤیان هەبێ لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دواتر.

بە شەهیدبوون و برینداربوونی ژینگەپارێز و دڵسۆزانی کوردستان ئەم کەتوارە دەردەکەوێ کە ڕۆڵەی بناری زاگرۆس، لە هیچ شێوە مەرگێک سڵ ناکاتەوە، بست بە بستی خاکی ئەم کوردستانە و لق بە لقی دارەکانی و دڵۆپ دڵۆپ ئاوی کانیاوەکانی ئەوەندە بەنرخن کە بەخشینی گیان کەمترین کارێکە دەکرێ بۆ پاراستنیان بکرێت چونکە دەزانن کە شەهید لوتکەی هەڵوێستی ئینسانە.

**ژینگەپارێزان بە شەهیدبوونیان لە پێناو پاراستنی دارستانەکانی کوردستاندا بەردێکی دیکەی بناغەی بونیاتنانەوەی نیشتمانیان دانا و بە دڵنیاییەوە نەوەی داهاتووش ئەندێشەی سەوزیان ڕێبەر دەبێ.**

**٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# شەهیدانی ژینگه و پەیامی خەڵکی کوردستان بە داگیرکەران

## (کوردستان گۆڕستانی فاشیستان)





**ڕەحیم نزهت زاده**

لەو ڕۆژانە کە ئاگر، نەک هەر بەتەنیا ژینگە، بەڵکو دڵی خەڵکی کوردستانیشی پڕ لە بڵێسە کردوە، دوو بەرگریکاری



سەرچاوە Serchawe

دیکەی ژینگەپارێز، کە لە هەوڵی کوژاندنەوەی ئاگرە بە ئەنقەستەکانی چیاکانی ئاویەر، گیانی خۆیان لەدەست داوە: خەبات ئەمینی و چیاکۆ یوسف نژاد و لەگەڵ حەمید موڕادی کە دوو ڕۆژ پێشتر گیانی لەدەستدا، چونە ناو ریزی شەهیدە ژینگەپارێزە نوێیەکانی کوردستان. بەڵام ئەم شەهیدبوونانە، بەتەنیا دەرئەنجامی کەمتەرخەمی یان ناکارامەیی نەبوون؛ بەڵکوو لە ناخی خۆیدا، هەڵگری پەیامێکی سیاسی و ئەمنیەتییە: ئەو ئاگرەی لە شاخەکانی کوردستان کەوتۆتەوە، جیاواز نیە لەو سووتاندنە سەربازییانەی، کە ساڵانێکە خاکی ئەم کوردستانەی، کردووەتە ئامانج.

## ڕێوڕەسمێکی شایانی بەرخۆدانی مەدەنی

لە حاڵێکدا کە کۆماری ئیسلامی، بە کەڵکوەرگرتن لە هەڕەشە، توندوتیژی، تۆقاندن و پێشگرتن لە ڕێوڕەسمی گشتی، هەوڵی دەدا ڕێگری لە ناشتنی بەشکۆی ئەو شەهیدانە بکات، خەڵک بە خۆڕاگری و وریاییەوە، توانییان بەرخۆدان، بەرەو بەردی ڤیرتاوەکانی گۆڕستان و بناری شاخ پاڵ بنێن. تەنانەت هێزە ئەمنییەتییەکان پەنایان بۆ ئەوە برد، کە جارێکی دیکە گۆڕی چیاکۆ یوسف نەژاد پڕ بکەنەوە لە خۆڵ، بۆ ئەوەی نەهێڵن لە تەنیشت یەکێک لە شەهیدانی بزووتنەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" بە خاک بسپێردرێت. بەڵام لە کۆتاییدا بنەماڵە و خەڵکی خۆڕاگر، توانییان تەرمی ئەم شەهیدە لە ئارامگەی حەسەن ئاوای شاری سنە، بە خاکی پیرۆزی کوردستان بسپێرن.

هاوکات خەڵکی کورد لە سەرتاسەری ناوچەکە، بۆ بەشداریکردن لە مەراسیمی ئەسپێردە کردنی تەرمی شەهید خەبات ئەمینی بە خاکی پیرۆزی کوردستان، ڕوویان لە گوندی نەنەڵە کرد. خەڵک بە دەستی بەتاڵ، بەڵام دڵی پڕ لە تووڕەیی و دڵسۆزی، لە ماڵئاوایی شەهیدەکانیاندا بەشدار بوون، کە زۆر زیاتر لە مەراسیمی ناشتنێکی ئاسایی بوون: ئەو ڕێوڕەسمە، لێدوانی شەقامی کوردی و جەماوەری بوو، دژ بە داگیرکاری و توندوتیژی.

## ئەو دروشمانەی کە ڕاستەوخۆ دەهاتنە قسە

**لە میانەی ڕێوڕەسمە بەشکۆ و گەورەکاندا دروشمی گەل، نیشان لە قووڵایی تووڕەیی، هۆشیاری و هاوپشتی کۆمەڵایەتی، دژ بە داگیرکەران بو. لەو دروشمە سەرەکیانەی کە بیستران بریتی بوون لە:**

"داگیرکەری ئێرانی، تۆ بکوژی ڕۆڵەمانی"

"شەهید نامرن"

"کوردستان گۆڕستانی فاشیستان"

ئەم دروشمانە بەتەنیا دەربڕینی تووڕەیی و ئازار نەبوون، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ڕوونی بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە بەرامبەر سیاسەتە سەرکوتگەرەکانی کۆماری ئیسلامیدا بوو. خەڵکێک کە خۆیان لەبەردەم پڕۆژەیەکی ئامانجداردا، بۆ بێدەنگکردنی ناسنامە، زمان، سروشت و لاوانی خۆیان دەبیننەوە، جگە لە بەرەنگاربوونەوە هیچ ڕێگەیەکی تر ناناسنەوە.

## کارەساتی ژینگەیی یان تیرۆری سیستماتیک؟

زۆرێک لە چالاکوانان و چاودێرانی خۆجێی، ئاگرکەوتنەوە زۆرەکانی شاخ و دارستانەکانی کوردستان، بە ڕێکەوت نازانن. ژمارەیەکی زۆر لە ڕاپۆرتەکان، لە دەستپێکردنی ئەم ئاگرکەوتنەوانەدا، ئاماژە بە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی، هێزەکانی سەر بە دامەزراوە ئەمنییەکان دەکەن. ئامانج؟ تێکدانی ژینگەی سروشتی کوردستان، بەتاڵکردنەوەی ناوچە شاخاوییەکان لە خەڵکی ڕەسەن و لەناوبردنی ژێرخانی فەرهەنگی، بایۆلۆژی و بەرخۆدێر.

هاوکات چالاکانی ژینگەپارێزی کورد، کە خۆبەخشانە بۆ کوژاندنەوەی ئەو خۆبەخشانە لە پێشەوەن، نەک هەر قوربانی سوتان، بەڵکو ئامانجی ڕاستەوخۆی پڕۆژەیەکی ئەمنیشن. شەهید بوونی خەبات، چیاکۆ و حەمید، بەتەنیا ڕووداوێک نییە؛ بەشێک لە پرۆسەیەکی بەردەوام، بۆ بێدەنگکردنی دەنگی سروشت و مرۆڤەکانە.

## پەیامی ڕوونی گەل: تەسلیم نابین

سەرەڕای هەڕەشە ئاشکراکان، ڕێژەی زۆری بەشداریکردنێکی بوێرانە و بەشکۆ لە مەراسیمی ماڵئاوایی، بەڵگەیەکی ئاشکرایە بۆ شکستی پڕۆژەی تۆقاندنی کۆماری ئیسلامیە. هەرچەندە خاکی کوردستان جارێکی تر تەرمی شەهیدانی لە باوەش گرت، بەڵام لە دڵی هەمان خاکەوە، هاوارێک سەری هەڵدا کە دەیگوت:

"شەهید نامرن" و "کوردستان دەبێتە گۆڕستانی فاشیستەکان."

ئەم دروشمانە، نەک بەتەنیا تووڕەیی ساتی، بەڵکو دەربڕینێکە لە شوناسێکی مێژوویی؛ ناسنامەیەک کە ساڵانێکە دژی کۆلۆنیالیزم، جیاکاری و ستەم وەستاوە، و بەردەوامیش دەوەستێتەوە.

گەلاوێژی ٢٧٢٥

## بیرخستنەوە و بانگهێشتنامە

لە دونیایەکدا، کە زۆرجار کارەساتی ژینگەیی، لە پشت ئامار و داتاکانەوە دەشاردرێنەوە، کوردستان جارێکی دیکە نیشانی دا، کە ژینگە، ئازادی و خەباتی سیاسی سێ دیوی یەک حەقیقەتن. شەهیدبوونی خەبات ئەمینی، چیاکۆ یوسف نژاد و حەمید موڕادی، زەنگێکی ئاگادار کردنەوەیە، نەک بەتەنیا بۆ ئێرانە، بەڵکو بۆ ویژدانی جیهانیشە.

**ئەمڕۆ خەڵکی کوردستان، نەک هەر شەهیدەکانیان بە خاک ئەسپاردە کرد، بەڵکو بەڵێنێکی نوێیان، لەسەر خاک و خوێنی خۆیان دا: بەرخۆدان بەردەوامە.**


٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

---



سەرچاوە
Serchawe

# دالانە تاریکەکانی زەینی توتالیتەریزمی ئیسلامی




**ڕۆژبین ڕۆژهەڵاتی**

کاتێک سیستەمێکی توتالیتەری وەک ڕێژیمی بناژۆخوازی ئێرانی، بەرهەمی شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران بەفرت و فێڵ زەوت دەکات و دەبێتە دەسەڵاتێکی داسەپاو و پاوانخواز و لەدژی هەرجۆرە پرەنسیپێکی مرۆیی دەجووڵێتەوە-چونکە لە ڕێگای یاسەگەلی دێموکڕاسییەوە نەهاتووەتە سەر تەخت، چەمکی "ترس" ئاوێتەی ڕۆحی نگریسان دەبێ: ترس لەدەستچوونی دەسەڵات، ترس لەسەر هەڵدانی جەماوەر و ئاخێزی گەلانی ژێر دەست. هەر بۆیە ئاسوودەیی و ئاسایش بەخۆیانەوە نابینن و شەو و ڕۆژ لە هەوڵی قەیران و تەڵەکە و ئاژاوە نانەوەدان.

هەر کردارێک لەچوارچێوەی سیاسەتێکی ئاوەزتەوەری ئەخلاقمەند نەبێ، بێشک ترس و فۆبیایێک دەبێتە دۆڵپای سەر شانت. بەو پێیە هەموو هەوڵی ئەو ڕێژیمە لەمەڕ دوورخستنەوە و سڕینەوەی ئەو فۆبیا و ترسە کوشندەیە لەخۆیەتی. هەربۆیە چەمکی "ترس" بۆ ئەم دەسەڵاتە بووەتە بەستێنی زۆربەی تاکتیک و ستراتێژیەکانی و گەڵاڵەکانی لەسەر ئەم بنەمایە دادەڕێژێ.

**بۆیه بەدایمه ویستوویەتی مۆتەکەی "ترس" بەرداته ڕۆحی کۆمەڵگه و لەوپێناوەدا چەند ئامانجێکی مەبەسته:**

١- پەرتەوازەیی و لەبەریەک هەڵوەشانەوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگه.

٢- کوشتنی "متمانه" و بێبایخ کردنی "ڕاستی و ڕاستگۆیی" و پەرەپێدان بە چەمکی "درۆ" وەک ئۆبژەیێکی دژە لۆژیک.

٣- فۆبیا و ترس بکاته ڤایرۆسێکی ترۆمایی و هەست و سۆزی کۆمەڵگه ئاژن ئاژن بکات.

٤- لەهەموان گرینگتر، تێکشاندنی شکۆی چینی هەڵکەوته و دەستەبژێر.

یەکێک له فاکتەره سەرەکیەکانی وەها دەسەڵاتێک ئایدیۆلۆژیک بوونیەتی. خسڵەتی ئایدیۆلۆژیک بوون یانی نەگۆڕ بوون و قەتیس‌مانەوه و داچۆڕان له هەموو بەها و پرەنسیپه ئینسانییەکان له چوارچێوەی هزرێکی توندئاژۆی شیعیزم‌دایه و دژی هەرجۆره فرەڕینگی و دەنگێکی جیاوازه.

- توتالیتەر، جگه لەخۆی هیچ سیمایەک نابینێ: "ڕیش و پەشم و دزێوی و مڕوومۆچی".
- جگه لەدەنگی خۆی هیچ دەنگێ نابیستێ:"دەنگی مەوعیزەی شیعیزم و نۆحه".
- جگه له هێمای خۆی هیچ ناسنامەیەک ناناسێ: "جبه و عەبا " و شەیدایی "فێتێشیزم.fetishism" تشتباوەڕی بەگشتی ڕێژیمەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین خاوەن دەسەڵاتێکی تاک حیزبی یان تاک ڕێبەرین. واتا دەسەڵات قۆرخ کراوی دەستی تاقم و بنەماڵەیەکه. بەقەولی "ماکس ڤێبەر" ئەم جۆره دەسەڵاتانه پاترمۆنیالیزم (باوکمیرات). ڤێبەر چەمکی "باوک سالاری" بۆ حکومەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەست نیشان دەکات و هیچ تیشکێکی دێموکرات بوونیان تێدا نابینێ. ئەو سیستمانه که خاوەنی تایبەتمەندی گەلێکی وەک: حکومەتی نیزامی، دەسەڵاتی میراتگر، تاک ڕێبەری، تاک حیزبی، دەسەڵاتی لەڕادەبەدەری بنەماڵەیی و بێ مانابوونی یاسا. لەوبەینەدا دەسەڵاتی فاشیستی ئاخوندینیزم بەهۆی کەڵکاژۆەرگرتن له زانستی سەردەمییانه جیا له توتالیتەربوونی چەند تایبەتمەندیەکی تریش بۆخۆی دەستەبەر کردوه:

١- نیوپاترمۆنیالیزم (باوکی گەل) خامەنەیی پێی وایه ئەگه ئەو، ئامۆژگاری نەکات و ڕێباز و ڕێچکه دانەنێ، وڵاتی ئێران هیچ! هەموو کۆمەڵگەی جیهانیش تەفروتوونا دەبێ.

٢- نیوکلۆنیالیزم (داگیرکارێکی مۆدێڕن) ئەو سفەته میراتێکه لەلایەن دوو دەسەڵاتی پەهلەویەوه بۆ ئەم دەسەڵاته بناژۆخوازه ماوەتەوه و جیا له نەتەوەیی نرخاندنی "ئێران" ئایدۆلۆژی ئیسلامی/شیعەشی پێوه لکاندووه.

٣- تەقیە. چونکە "تەقیە" بووەتە یەکێ لە هێماکانی ئەم دەسەڵاتە، هەرجۆرە نارێکی و ناجوامێرییێکی لێدەوەشێتەوە. بەهۆی چەمکی "درۆ"وە قەوارەی ئەو دەسەڵاتە لەهیچ فۆرمەیشێنێکی سیاسی و دەوڵەتداریەتی‌دا جێی نابێتەوە و کورد گوتنەی بەهەزارسەر دەڕوات. درۆ و چەواشەکاری ڕەمزی پۆپۆلیستیانەیە و بەهەمەجۆرە پرۆپاگەندەی بۆ دەکات. کاتێک دەڵێین "بە هەزار سەر" دەڕوات بەو مانایەیە کە بۆ چەواشەکاری و فریو، سەرلێشێواوی و ئاڵۆزی فکری دەخاتە کۆمەڵگەوە و ناهێڵێ "تاک" بەئاسوودەیی بژی و بیربکاتەوە کە چۆن بەرهەڵستی سیاسەتەکانی بێتەوە. کێشە و گرفت تاک و کۆی کۆمەڵگە جەوێکی تاڵ و ڕەشی وا دەخوڵقێنێ کۆمەڵانی وەزاڵە هاتوو دەرەتانی دژکردەوەیان نەبێ.

**بۆ چەواشەکاری و سەرلێشێواندنی بیروڕای دەرەوە سیمایەکی ئەمڕۆیی لەخۆی نیشان دەدات. وەک:**

- ڕوخسارێکی دێموکڕات دەخاتە ڕوو، ساڵ نیە هەڵبژاردنێکی جۆراوجۆر بەڕێوە نەبات. سەرۆک کۆماری، ئەنجوومەنی شاروگوند، نوێنەرانی پارلمان، "مەجلیسی خوبرەگان" هەموو لایەکیش دەزانین هیچکام لەو لایەنانە تەنیا داوەڵێکن و دەستیان کراوە نیە.

- بەڕواڵەت خاوەن سیستمێکی دێمۆکراسیە. واتا دەسەڵات بە سێ بەشی جیاواز دابەشکراوە. دەوڵەت(مجریە)، یاسادانەر(مقننە) و دادوەری (قضائیە). بەڵام تەنیا کەسی یەکەم واتە "وەلی ئەمری موسلەمینی جیهان"! خامنەیی و دوای ئەویش سپای پاسداران دەستەلاتداری سەرەکین و ئەو ناوەندانە بەڕێوەدەبەن و گوێ لەمستن.

توتالیتەری ئاگۆئیسمی (تەواویەتیی‌خوازی خودتەوەر) ئێرانی تاقە ڕێگای مانەوەی خۆی لەوەدا دەبینێ کە ترس و فۆبیا بەسەر کۆمەڵگە بسەپێنێت و وەک نەریتێکی لێ بکات. ئەویش بە تۆقاندن و شەڕاژۆیی و پەڕەپێدان بە ئانارشیزم لە قووڵایی کۆمەڵگەدا. کاتێک فۆبیا باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا کێشا، ئاستی بەرگەی کۆمەڵگە کەم دەبێتەوە و توانستی بڕوابەخۆ بوونی تاکبەتاکی جەماوەر دادەبەزێ. ئامانج لە تاکتیکی دەسەڵاتی ئۆلیدژبەهای ئێرانی ئەوەیە و ئەوە بووە کۆمەڵگەیەکی پاسیڤ و سەرنەخون و گوێ لەمست و دیل بخوڵقێنێ. هەربۆیە کاتێک خەسارناسی وەها دەسەڵاتێک شرۆڤە دەکەی، هەمیشە خوازیاری کۆمەڵگەیەکی دژەبەها و بێ ئەخلاق بووە و بەتەواوەتیش هەوڵی بۆ داوە. چونکە لەوەها دۆخێکدا کۆمەڵگەیەکی پەرتەوازە پێک دێت و کەس خەتی کەس ناخوێنێتەوە و هەموو ددانەچیرەیانە لەگەڵ یەکتری و ئەوەی بایەخی نابێ کێشە و گرفتەکانی گشتییە کە داوێنی تاک بە تاکی کۆمەڵگە دەگرێتەوە. هەربۆیە دەبینین دادگاکانی بەناو دادوەری ڕێژیم لە سکالا و کەیسی شەڕ و پێکهەڵپڕژانی خەڵک جمەی دێ. لەو حاڵەتەدا دەسەڵات بێکار دانانیشێ و دایمە خەریکی هەڵسەنگاندنی پەرچەکرداری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەیە و خەریکی پیلانگێڕانی جۆراوجۆرە بۆ پاسیڤ

کردنی کۆمەڵگە. لەوەها دۆخێکدا نابێ پلانەکانی دەسەڵاتی پاوانخواز ببێتە بەها و لەسەر خەڵکی ببێتە ماڵ، کۆمەڵگە دەبێ دژکردەوەی هەبێ و ئاسایش و خەونی ئارام لەچاوی دەسەڵاتدار بزڕێنێ. بەقەولی "هانا ئارێنت": "نابێ وانیشان بدرێ هیچ دەستەلاتێکمان نییە و دەبێ هێزی بەربەرەکانێ لەنێو خەڵکدا بەزیندووی ڕابگیرێ." واتا هەمیشە دەبێ دەسەڵاتدار لە هێزی کۆمەڵانی خەڵکی بترسێ و حیسابیان لەسەر بکات. لەدرێژەدا دەڵێ: "ئەوەی دەبێتە هۆی شپرزەیی و لێکترازانی ڕیزەکانی بەربەرەکانی کۆمەڵگە، نەبوونی متمانەپێکردنە لەگەڵ یەکترییە." یانی کاتێک دەسەڵات هەست بەوە بکات لەکۆمەڵگەدا "بڕوا و متمانە" بایەخێکی نەماوە و کەس ناتوانێ پشت بەوەی دیکە ببەستێ، ئەوە جێژنی توتالیتەرە و قەیرانی ڕەشی کۆمەڵگەیە. باشترین پلان بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەم گرفتە چالاک کردنی دامەزاوە مەدەنییەکان و گەرم کردنی ڕەوڕەوەی خەباتی مەدەنی و هەروەها هاوتەریبی و هاوئاهەنگی چالاکی حیزب و پارتە کوردییەکانە لەگەڵ خەبات و تێکۆشانی چالاکییە مەدەنییە ناوخۆییەکان.

کۆمەڵگە ئۆرگانیزمێکی زیندوە، مێشکی ئەو ئۆرگانیزمەش چینی هەڵکەوتەیە. ئەو چینەی بۆ هەرجۆرە پێشهات و خۆدەرخستنێکی چاوەڕوانکراو و چاوەڕواننەکراو پێشەنگە. توتالیتەری ئیسلامی شیعە بۆ ئەوەی بەسەر کۆمەڵگەدا زاڵ بێ و هێژمۆنی و شکۆی ئەو چینە بشکێنی و کەسایەتییان بڕووخێنێت، چونکە چینی ماماناوەندی و ئێلیتی کۆمەڵگە، ئاستی ڕۆشنبیری و خوێندنی باڵای پەروەردە و بارهێنانی ئەندامانی کۆمەڵگەیان لەئەستۆیە. توتالیتەری سانترالخوازی پارێزکار لەقورسایی و هێزی ئێلیت ئاگادارە. هەربۆیە خێرا کەوتە تێکشکاندنی ناوەندەکانی ئۆتۆریتەی ئەو چینە. بە دامەزراندن و ڕێکخستنی زانکۆکانی لاوەکی وەک "پەیامی نوور"، "ئازاد" و... پرستیژی زانکۆکانی تێکشکاند و بە داخستن و تێکەوە پێچاندنی ڕێکخراوە خوێندکارییەکان بۆ ماوەیەکی زۆر دەنگی خوێندکار و زانکۆکانی کپکرد. بۆ نووسەران و بیرمەندانیش ئاستێکی تۆقێنەر و سانسۆری خەستی چێکرد و لەمپەری خستە بەردەم چالاکانی بواری نووسین و هونەرمەندانی کۆمەڵگە. لە کوردستان چونکە پێشینەی چالاکی حیزب و خەباتی مەدەنی لەئارادابووە و کوردستان بەستێنی لەبار بووە بۆ ئازادی و بزووتنەوە و بزاڤی حیزبایەتی و بەکردەوە مانایان بە پلۆرالیزم و فرەڕەنگی داوە، هەربۆیە دەبینین ڕێکخستن و هەڵسووڕانی خەباتی شار و شاخ نەپساوە بووە و هەرێمێکی ئەکتیڤ و هەڵسووڕ بوونی هەبووە و خەباتی شار و شاخ هاوپێوەندییان هەبووە و زۆربەی تاکتیک و پلانەکانی دەسەڵاتی پاوانخوازی ئیسلامی/شیعە پوچەڵ کراوەتەوە. بۆیە دەبینین هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەچاو باقی ناوچەکانی دیکەی ئێران کارەکتەرێکی زیندوو بووە و ئاکسیۆن و مانگرتنە گشتییەکان بووەتە نەریتێکی خەباتی مەدەنی و شەقامی شارەکان یەکێ لەناوەندەکانی دینامیزمی خەباتی مەدەنییە. دیتمان کاتێک "ژینا" لە ناوەندی دەسەڵاتی ئێرانی ئیسلامیدا ناجوامێرانە شەهید دەکرێ تاکی کورد و بەتایبەت جیلی نوخبەی کورد بێدەنگ نابێ و شکۆی هەژموونی قالۆرئاسای ئەو دەسەڵاتە فاشیستە دەشکێنێ و دەبێتە پێشڕەو و ئاوانگاردی شۆڕش و خەباتی جەماوەری. ئەوە شکۆی هێز و پوتانسیەلی وزە و ورەی گەلی کوردستانە کە جەماوەری ئێران

دێنێتە سەر شەقام و خوێندکارانی زانکۆکانی ناوەند وەخەبەر دێنێ و ورەیان پێ دەبەخشێ. بەڵام خاڵی جێگای داخ و کەسەر ئەوەیە چینی ئێلیت و بەناو ڕووناکبیری ئێرانی/فارس قەت خۆیان ناشکێنن و دان بەو ڕاستییەدا نانێن کە لەلایەن نەتەوەی کوردەوە چەخماخەی شۆڕش لێدراوە. ئەگە لەلایەن دەسەڵاتی ئایینی ئێرانییەوە دوژمنایەتی دەکرێین جێگای گلەیی و سەرسووڕمان نییە چونکە دوژمن دەبێ دوژمنایەتیت لەگەڵ بکا، بەڵام ڕوناکبیران و جیلی ئێلیتی ئێرانی/فارس کاتێ سەر هەڵدەسووڕێنن و حاشا لەڕاستییەکان دەکەن جێگای داخ و سەرسووڕمانە و ئالێرەدایە دەبێ تاکی کورد پێداچوونەوە بە تێفکرین و ئەندێشەی خەباتی خۆیدا بکا و خۆی لەو ڕاستییە نەبوێرێ کە نەتەوەی باڵادەست خاوەن مانیفێستێکی مێژوویە پاوانخوازییە و قەت نایهەوێ ببێتە پاشکۆی خەباتی کورد یان گەلانی دیکەی جۆگرافیای ئێران.

**سەیر ئەوەیە بەدرێژایی مێژووی سەردەمیانە و مۆدێڕنیتە قەت نەبووە لەخەباتی گشتی و جەماوەری ئێراندا نەتەوەی فارس پێشەنگ بن:**

- لەسەردەمی مەشرووتەدا بەختیاری و ئازەری و کوردەکان بوونە سووتەمەنی ئەو شۆڕشە و لەئاکامدا هیچ دەسکەوتێکی سیاسیشیان بۆ دەستەبەر نەکرا.

- بەهەڵدێرانی ڕزاخانی میرپەنج ئەوە کورد و ئازەری بوون دوو دەسەڵاتی هەرێمی/نەتەوەییان دامەزراند و بەڕووخاندنیشیان تاقە تاکێکی فارس نەتەنیا دژکردەوەیان دەرنەبڕی بگرە خۆشحاڵیش بوون.

لەشۆڕشی گەلانی ژێردەستەی ئێرانیدا لەساڵی ١٣٥٧دا ئەگەر پاڵپشتی گەلانی ئێرانی نافارس نەبوایەت نیزامی پەهلەوی نەدەڕووخا.

- فاکتی هەرەگرینگ، شۆڕشی چەکدارانەی ٤٦-٤٧ حیزبی دێموکڕات بوو کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵدایەوە و ناوچەیێکی بەرینی کوردستانی گرتەوە. ئەو شۆڕشە لانیکەم ١٨ مانگی خایاند بەڵام لە کولتووری سیاسی و ڕووناکبیریی ئێرانی و فارسیزمدا بوونێکی ئەوتۆی نییە و بایەخێکی بۆ دانەنراوە. بەڵام لەبەرانبەردا سەیر ئەوەیە ڕووداوی "سیاهکەل" لە ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٤٩دا سەرهەڵدەدا و سەرجەم ٢٢ کەس لەو سەرهەڵدانە ئامادەبوون و دوای پێکدادنێکی چەند ڕۆژە و بە کوژرانی ئەو پۆلە شۆڕشگێڕە لاوە چەپانە کۆتایی پێدێت. لەو ساڵەوە هەتا ئێستا "سیاهکەل" هەر بەزیندوویی ڕاگیراوە و دەیان و سەدان فیلم و دەق و وتار و چیرۆکی لەسەر نووسراوە و لە ئاوەزی فارسدا بەردەوام شرۆڤە و تاووتوێ دەکرێ. بەڵام جێگای داخ ئەوەیە ئێستاش لایەنێکی کەمی ئێرانییەکان لە شۆڕشی ٤٦-٤٧ کوردستان ئاگادارن و بە لۆکاڵی

و نەتەوەیی! باسی دەکەن ڕاستە لەو پێناوەدا کۆمەڵگەی کورد و حیزبە سیاسییەکان هەتا ئاستێک تاوانبارن، بەڵام ئەوە دەرخەری بێبایەخی و بەسووک چاو لێکردنی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی کوردە کە ئێرانییەکان بەو جۆرەی پێویستە لێی ناڕوانن و نیشاندەری پاڕادۆکسبوونی گوتار و کردادریانە.

لەلایەکی دیکەوە بەگشتی لە جۆغرافیای ئێراندا بەهۆی نەبوونی دەسەڵاتێکی ئاریستۆکڕات و ئالۆژیکانەیە کە نەتوانراوە خوێندنەوەیەکی ئاناوەندی لێ بکرێ و کۆمەڵگەیەکی فرەڕەهەند بەرەو دێمۆکڕاسی بەرهەم بێنێ.

لە شۆڕشی ژینادا کوردستان سەلماندی کە دەروازەی شۆڕش و ڕاپەڕینی جەماوەرە و خاوەن وێژمانی تایبەتییە و لەخۆی ڕادەبینێت هیوای بوون و هەرمان بە کۆمەڵگەی کوردستانی و ئێران ببەخشێ. لەهەمووان گرینگتر دەسەڵاتی ئۆلی شیعە زۆرباش لەو ڕاستییە ئاگادار بووەوە کە بەدرێژایی ٤٧ ساڵ تەمەنی نگریسی نەیتوانیوە دەنگی حەقخوازانەی گەلی کورد کپ بکات و نەیتوانی حاشا لەو واقیعە بکات کوردستان خاوەن حیزب و ڕێکخستنی سەردەمیانەیە و دێموکڕاتبوون چەمکێکی حاشا هەڵنەگرە و لەتان و پۆی گەلی ڕۆژهەڵاتدا تەندراوە و کوردستان پاڕادایمێکی جیاواز و سەنگینە لەچاو کۆمەڵگەی پاسیڤی ئێرانی. بۆیە دەبینین و لەکەس شاراوە نییە قورسایی هێزی نیزامی لەکوردستان چەند قاتە و بە بچوکترین جووڵەی شەقامی شار و بە ڕاگەیندراوێکی حیزبەکانی کوردستان تاولەرز دایدەگرێ و دەکەوێتە پلان و پیلانی جۆراوجۆر. تەپک و بڵێندایێک نییە کە شوێنی پایەگایەکی داگیرکەرانی ئێرانی پێوە دیار نەبێ و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کراوەتە مەکۆیەکی سەربازی و بەتەواوەتی میلیتاریزە کراوە و تەنانەت زۆربەی بەڕێوەبەرانی ئیدارە و دامودەزگاکانی ڕێژیم لە ئەندامانی سپا پێک هاتووە یان لەلایەن سپاوە چاوەدێری خەست دەکرێن.

باشترین میناک بۆ تێکلاویی خەباتی شاروشاخ و گرینگی هێژمۆنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لەناوخۆی کوردستاندا، داخوازی ئەو حیزبانەیە بۆ خەباتی مەدەنی وەک مانگرتن و دژکردەوە نیشاندان سەبارەت بە زوڵم و زۆری لەڕادەبەدەری دەسەڵاتی دەژەمرۆڤی ئیسلامی ئێران.

توتالیتاریزمی ئێرانی/شیعیزم، بەدرێژایی دەسەڵاتەکەی سەدان و هەزاران ناوناتۆرەی نەگونجاو و نابەجێی بۆ کورد و خەباتە ڕەواکەی هەڵبەستوە. جار نەبووە لە سەرهەڵدان و چالاکییەکدا پیلانێک نەگێڕێ و بەخەیاڵی خۆی بەلاڕێیدا نەبات. دیارە لە دوژمن و نەیار هەر ئەوە دەوەشێتەوە. ئەوە چینی هەڵکەوتە و ڕووناکبیر و خەباتکاری کوردە دەبێ تەتەڵەی ئەو دەسەڵاتە بکات و لەقاویان بدات و بە دوو قسەی خۆش فریو نەخوات. بۆ نموونە و لە دوامین هەڵوێستی بە کردەوەدا، ڕۆژی ٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٣، کۆی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ دژکردەوەنیشاندان لەمەڕ سزای نابەحەقی

حوکمی ئێعدام بۆ دوو ژنەچالاکڤانی کورد (وریشە مورادی و پەخشان عەزیزی) بڕیار درا، بازاڕ و شەقامی شارەکانی کوردستان دابخرێن و بایکۆتی دەسەڵاتی تاران بکەن، ئەگەرچی لەبەر زەبروزەنگ و هەڕەشە و گوڕەشە و گرتن و خولقاندنی کەشێکی ئەمنیەتی لەلایەن ڕێژیمەوە وەک چەندین جاری پێش خۆی بەڕێوە نەچوو بەڵام، هەمیسان لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دووکان و بازار بە هێمای ناڕەزایەتی داخران. هۆکار چ بوو وەک جارانی پێشوو بەو گەرموگوڕییە ئەم چالاکییە بەڕێوە نەچوو، جگە لەو وردە هۆکارانەی باسمان کرد.

لە ژێرەوە ئاماژە بە هەندێک لایەنی دیکەش دەکەم:

**یەکەمیان**. هەر چالاکی و هەڵسووڕاندن و تێکۆشانێک دوای دارشتنی پلان، پێویستی بە پڕۆپاگەندە و لێکدانەوەیەکی چڕی هەلومەرج هەیە. لەدنیای ڕاگەیاندنی خێرای ئێستادا دەبێ بۆ وەها کارێکی گرینگ دەستپێشخەربین. لەوپێناوەدا دەبوو ڕەوتە جۆربەجۆرەکان پێش ئەوەی ڕاگەیەندراوەکە بڵاو بکەنەوە لەڕاگەیەنە گشتیەکانی خۆیاندا و لەسوشیاڵمیدیادا بەهاوئاهەنگی و هەرکەسە لە شوێنی خۆی پڕۆپاگەندی بەربڵاویان بکردایە و باندۆڕی پلاتفۆڕمێکی بەرین و هاوبەشیان هەبا تاکوو لەباری ڕەوانییەوە گشتایەتیی جەماوەری کوردستان ئامادەی وەها دۆخێک بن. بەڵام تەنیا لە ڕۆژی مانگرتنەکەدا بەخەستی و بە شێوەییەکی ڕاستەوخۆ لە ڕاگەیەنەکاندا تەبلیغیان بۆ دەکرد. ئەو کارە دەبوو چەند ڕۆژ پێشتر ئەنجام درابا.

**دووهەم**. دیارە لەوەختی هەستیاری وادا دوژمن بێکار دانانیشێ و بێشک خەریکی پیلانگێڕی دەبێ و بەداخەوە لایەنەکانی بەرپرس دەبوو لەسەر هەست بن و بە زیرەکییەوە بەرچاوڕوونی بدەن. دەسەڵاتی هیستریکخوازی ئیسلامیی ئێران هەستی بە جووڵەی فکریی حیزبەکان کردبوو، هەربۆیە پێش ٣ی ڕێبەندان کەیسی "نیان چەڵەبیان"ی زەق کرد و شاری بۆکانی شڵەقاند و بەو هەواڵە دۆخی شار تەواو ماتەمبار ببوو. دیارە ئەو ڕووداوە یەکجار دڵتەزێن و جەرگبڕە، هەموو لایەکیش دەبێ ئەوە بزانین هاتنە ئارای وەها تاوانێکی قێزەون هەمووی دەگەڕێتەوە سەر سیستمی ئیسلامی/شیعیزمی ئێرانی. چونکە ئەو دەسەڵاتە ئەخلاق و مۆراڵی مرۆڤایەتی بەجارێ شپرزە کردوە و هەموو بەها ئەخلاقیەکانی ژێر پێ خستوە و ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەرەی بەوەها دۆخێکی نەخوازراو داوە و کۆمەڵگەی بەرەو لۆمپەنیزمێکی ڕەها هان داوە تاکوو ئانارشیست بوون ببێتە کولتوور. هانا ئارێنێت لە کتێبی "زەبروزەنگ"دا بەجوانی شرۆڤەی ئەم دۆخەی کردوە. هەر دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە لەڕۆژەکانی یەک و دووی ڕێبەنداندا جەوێکیان ساز کرد کە بۆ ڕۆژی پێنجی ڕێبەندان لە بەردەرکی فەرمانداری بۆکان کۆبوونەوەی جەماوەری ساز دەدرێ بۆ ئەوەی داخوازی خەڵکی بەگوێی کاربەدەستان بگەیەندرێ. داخوازییەکیشیان خستە دەمی خەڵکەوە کە دەبێ بەردەباران! ببێتە سزای تاوانباران. شک لەوەدا نیە وەها تاوانێکی نەشیاو

دوور لەئاکاری مرۆڤایەتییە و حەیوان وئاژەڵیش سڵ لەوەها کردەوەییێکی نانەجیمانە دەکاتەوە و دەبێ بە پێی یاسا - ئەویش یاساییێکی عەداڵەتتەوەر ـ دادگایی بکرێ. بەڵام ئەوەی کە دەبێ لە پێش چاوی خەڵکی بەردەباران بکرێن بانگەوازە بۆ پەرەپێدان بە شەڕاژۆیی تاکوو شارێک، ناوچەیەک. گەلێک و نەتەوەیەک تووشی ترۆما و هیستریکی ڕۆحی ڕەوانی بکرێن. ئەوە سناریۆییێکە لە دالانی تاریک و زەینی ڕەشبینی تیئۆریسیەنەکانی کۆماری پەت وسێدارەدا دەئافرێندرێن.
جێی خۆیەتی بۆ ئەوەی ئەو سناریۆ ناجوامێرانەیەی دەسەڵاتی ڕەشەکوژی توتالیتێری ئێرانیمان باشتر بۆ دەر بکەوێ فاکتێکی مێژووی بهێنینەوە. دەکرێ هەر لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیسلامی ئێرانیدا بەدەیان فاکتی هاوشێوە و چەواشەکارانە دەستنیشان بکرێ. بەڵام هێنانەوەی فاکتێکی مێژوویی و دوورەدەست و چەندین دەیە لەوەپێش بایەخ و گرینگایەتی خۆی هەیە و دواتر ڕاڤە دەکرێ.

کەم نەبوون ئەو کەسانەی هەوڵێکی یەکجار زۆریان دا بۆ ئەوەی ڕەزا میرپەنج ببێتە شای ئێران و ڕێژیمی پەهلەوی دابمەزرێنرێ لەو بەینەدا بەگشتی چەند سەرکردە و خانێکی عێلی بەختیاری لەو پێوەندیەدا بەتەواوەتی تێکۆشان. یەکێ لەسەرداره گەورەکانی بەختیاری "سەردار ئەسعەدی بەختیاری" بوو. سەردار ئەسعەد بەتەواوەتی لەخزمەت ڕەزاخاندا بوو و خزمەتەکانی بۆ بەپایەگەیاندنی ڕەزاخان گەیشتبوە ئاستێکی لەڕادەبەدەر. خزمەتی سەردار ئەسعەد ئاسایی نەبوو بەڵکوو ئەو عاشق و شەیدای ڕەزاشا بوو و لە هیچ خۆشخزمەتییەک خۆی نەدەپاراست. هەرلەوپێناوەدا ڕەحمی بە عێلی خۆشی نەکرد و زۆربەی زۆری سەرۆک عێل و سەردارەکانی ڕاپەڕیوی بەختیاری لەدژی ڕەزاشای فریو دا و هەموویانی لەپێناو دەسەڵات سەرکوت کرد و بەکوشتیدان. دەستخۆشانەی ئەو خۆفرۆشییانە بەدەستەوەگرتنی وەزارەتی شەڕ بوو. سەردار ئەسعەدی عاشقی ڕەزاشا بەخەیاڵیشیدا نەدەهات ڕۆژێک بکەوێتە بەر غەزەبی شا و بەدەستی دوکتور ئەحمەدی لە زینداندا بکوژرێ. چونکە ئەو فەلسەفە و گشتایەتی دیکتاتۆری نەناسیبوو ساویلکەیی و پلە و مەقام وەها بەرچاویان تەنیبوو و نەیدەزانی لە قەوارەی دیکتاتۆر "متمانە" مانایەکی ئەوتۆی نییە و دیکتاتۆر بەقای بۆ کەس نابێ و حازرن نەزیکترین کەسایەتییەکانی دەورووبەری خۆشیان بکەنە قوربانی دەسەڵاتەکەیان. چونکە لەو دەسەڵاتانەدا شەهید د. قاسملوو گوتەنی : "تاک دەبێتە مۆرە." مۆرەش تا وەختایەک کەلکی هەیە تاکوو کاریان پێیەتی. سەردار ئەسعەد نەیدەدی خزمەتکارانی ڕەزاشا یەک لەدوای یەک گەردنیان دەکەوێتە بەرتیغی ڕق و بێبەزەیی دەسەڵاتی مونارشی پەهلەوی. یان ڕەنگە دواتر لەبەندیخانەی قەسردا ئەو ڕاستییەی بۆ مەعلووم بووبێ بەڵام تازە کار لەکار ترازاوە. مرۆڤی خۆبین و نەفسنزم هەتا مەرگی خۆی هەست پێ نەکات باوڕی هەر بەدەسەڵاتی کلۆنیالیزم هەیە.
شێخ خەزعەل، تەیموورتاش، نوسرەتولدەولە و دەیان کەسی دیکە هەموویان کەوتنە بەرشاڵاوی ڕەشەکوژیی ڕەزاشا، بەڵام سەردار ئەسعەد هەر وشیار نەبۆوە. ئاخریەکەی لە ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣١٢ لەکاتێکدا لە شاری گورگان شان بەشانی شا

دەڕۆیشت و بەمنەتەوە هەنگاوی هەڵدێناوە قۆڵبەست کرا و لە زیندانی قەسری تارانیان کرد. ئاخرەکەی دوای چوار مانگ لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣١٣دا بە دەرزی ژەهریان کردە باسکی و بەجەزیا کوشتیان.

سەردار ئەسعەد بەهۆی سەرداریەتیی بەشێک لەعێلی بەختیاری و هەروەها بەهۆی نزیکایەتی و وەزیر بوونەیەوە ناوێکی دیار و کەسایەتییێکی ناسراو بوو. هەربۆیە پێش ئەوەی هەواڵی مەرگی سەردار ئەسعەد ڕابگەیەندرێ، بۆ شوێنەونکێ و دیزەبەدەرخونە کردنی ئەو هەواڵە، ڕۆژنامە سەرنوخون و چڵپەخۆرەکانی ئەو سەردەمی تاران بە تین و تاوێکی سەیرەوە هەواڵێکی تەواو جیاوازییان بڵاو کردەوە تاکوو کوشتنی سەردار ئەسعەد بکەوێتە ژێر لچەوە. ڕۆژنامەکان کەوتنە باس و شەرحی "ئەسغەر ئاغا" قاتڵی بەناوبانگی ئەو سەردەم. کە دەستدرێژی کردبووە سەر دەیان منداڵ و تازەلاو و لاقەی کردبوون. هەواڵەکەیان هێندە بە بەربڵاوی بڵاو کردەوە کە دار و بەردیش باسی تاوانەکانی ئەسغەرئاغایان دەکرد. هەربۆیە نەتەنیا کوژرانی سەردار ئەسعەد کاری نەکردە سەر زەینییەتی خەڵکی بەڵکوو دوابەدوای کوژرانی سەردار ئەسعەد چەندین کەسایەتی و سەردارانی عێلی بەختیاری و تەنانەت برای سەردار ئەسعەد کە نوێنەری پاڕلمانیش بوو گیران و یان لەزینداندا ڕزێندران یان کوژران.

**ڕەنگە بگوترێ فاکتی سەردەمی ڕزاشا چ پێوەندییێکی بە ڕووداووی ئێستاوە هەیە؟ بۆ ڕووداوێکی ئەم سەردەمە بۆ دەبێ باس لەمە بکرێ:**

١- وەک دەبینین لە هەردوو سەردەمی پەهلەوی و دەسەڵاتی ئاخوندیدا یەک ڕەهەند و یەک ڕێچکەی کۆلۆنیالیستییان سەبارەت بە نەتەوەژێردەستەکانی جوغرافیای ئێران ڕەچاو کردوە و لەلای ئەوان ئیدیۆمی "متمانە" و "باوەڕ" مانایەکی ئەوتۆی نیە و نەتەوەی سانتراڵتەوەری باڵادەست، نە بە خزمەتی تیۆری و بە زمانی، نە بەکرداری وپڕاکتیکانە هیچ متمانە و باوڕێکی بە نەتەوە ژێردەست و چەوساوەکان نیە و بەو ئاکارانە گەرەکیەتی مەزنایەتی و باڵادەست بوونی خۆی بسەلمێنێ و هەستی شاییبەخۆبوون لەناخی مرۆڤی ژێردەستەدا بخنکێنێ و ئەو باوڕە چەوتەی تێدا بگوورێنێ کە گەلۆ! من تاکێکی ژێردەستەم و ئەوە بەشی ئەزەلی و ئەبەدیمە. بەخۆ بقەبڵێنێ من خزمەتکاری ناوەندم و "قەوم" و "مەحەلی"م.

٢- فێڵ و دەهۆ لە هەردوو سەردەمی دەسەڵاتداریەتی ئێرانیدا لەسەر یەک ڕێچکە دەڕوات و ئامانجی هەڵخەڵەتاندن و فریو و دەهۆکردنە. هێنانەوە و هاوتەریب کردنی ئەو دوو فاکتە بۆ ئەوەیە تاکی کورد لەو ڕاستییە ئاگاداربێ نەیار و دوژمنی سەرەکی خۆی بناسێ و بزانێ نەتەوەی باڵادەستی ئێرانی لەهەر شکڵ و فۆڕم و لیباسێکی دەسەڵاتداریەتیدابێ خاوەن بیرۆکەی ڕاسیزمە و دژی فرەچەشنی و پلوڕاڵە و ئەوەی لەلای دەسەڵاتداری تاران گرینگ و پڕبایخە زمان و ناسنامەی

فارسی/شیعی بوونە. چونکە گوتار و کرداریان یەک ناگرێتەوە و تەواو دژوازە. هەروەها ئەو ڕووداوە موهەندیسی کراوانە دەرخەری ئەو ڕاستیەن کە لەوەها ڕێژیمێکدا، لە ئەساسدا "دەوڵەتی نهێنی پشت پەردە هەمەکارەیە. هەربۆیە کۆمەڵگە قەت نابێ بە قەول و بەڵێنی کاربەدەستانی ناوچەیی و ناوەندیش باوەڕ بکات. چونکە دەزانن ئەو قەول و بەڵێنانە هەتا بەرچۆکی خۆیان بڕناکات.

دەسەڵاتداران بۆ شوێنەونکردنی کار وکرداری فێزونیان چۆن بەدەزگا هەواڵدەری و پۆپۆلیستیەکانیانەوە هەواڵێ چەواشەکارانە بڵاو دەکەنەوە تاکوو لەسەر زەینییەتی جەماوەری ڕەشۆکی کارتێکەری هەبێ و پرۆپاگەندە و قەڵەم فرۆشان زەینی خەڵکی بەلاڕێدابەرن.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە. بۆچی دوژمن لەسەر شارێکی وەک بۆکان ئاوا سوورە و لەبەرانبەر هەڵسوکەوتی دانیشتوانیدا هەڵوێستەی دوژمنکارانەی هەیە. وەک دەزانین ئەم شارە یەکێ لەو شارە نیشتمانپەروەرانەیە کە بە تایبەت لە شۆڕشی ژینادا تەنگیان بە دوژمن هەڵچنیبوو و چوارقوڕنەی شار و دەورووبەری شاریان لێ کردبووە ئاگر و بەڕاستی دەسەڵاتی ڕزیوی داگیرکەریان هەراسان کردبوو و زیاتر لە بیست و یەک شەهیدی پێشکەشی بارەگای ئازادی کرد و وەک باقی ناوچەکانی کوردستان بە سەدان دەست بەسەرکراویشی هەبووە. ئێستاشی لەگەڵدابێ لەچوار دەروازەی هاتن و چوونی شاردا وەک سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ چوار خاڵی پشکنینی لێ دامەزراوە و بەوردی چاودێری خەڵک دەکەن. هەروەها جێی ئاماژەیە بەهۆی ئەوەی بۆکان جیرانی شارەکانی میاندواو و سایەنقەڵایە و لەباوەڕی چەوتی دەسەڵاتدارانی ناوچەدا ئەگەری ترس و دڵەڕاوکێی بۆ شارە عەجەمەکان هەیە. هەربۆیە هەمیشە پیلانگێڕی و ئاژاوە نانەوەی بەدەستەوەیە و تەنانەت لەباری ئەمنییەت و ئاسایشیشدا زۆر تێناکۆشێ و شار هەمیشە ڕەنگێکی ئاڵۆز و ناتەکووزی پێوە دیارە.

بەگشتی ئەو ڕووداوانەی لەو چەند ڕۆژەدا وەها موهەندیسی کرابوو دانیشتوانی شار بە تێکڕا تەنیا باسی ئەو تاوانەیان دەکرد و لەدەروونیدا دەکوڵان. پێمان خۆش بێ و پێمان ناخۆش بێ بەرپرسانی گوێ لەمستی دەسەڵاتی تاران بەو سناریۆیە مێشکی خەڵکیان ژەهراوی کرد و تا ئاستێکیش سەرکەوتوو بوون. شرۆڤە و هەڵسەنگاندن و تاوتوێ کردنی وەها پیلانێک بۆ ئەوەیە جارێکی دیکە بەچاوکراوەیی و بەرچاوڕوونییێکی وردبینانەوە هەڵسوکەوت بکەین و چکۆلەترین جووڵەی دەسەڵات بە هەند وەربگرین. یان باشترە بڵەین نەیاری خۆمان بەکەم نەزانین و دەبێ وەک داشی دامە لەسەری سوار بین. شۆڕشگێڕ و خەباتکاری سەرکەوتوو ئەو حیزب و لایەنانەیە کە ئەو خاڵە گرینگە ئاوێزەی گوێی بێ. سیاسەتی زۆربەی حیزب و پارتەکان بەوە ناسراوە کە خاڵی ئەرێنی خۆیان و خاڵی نەرێنی دوژمن تاوتۆێ دەکەن. بەڵام لەڕاستیدا دەبێ خاڵی لاوازی خۆمان و خاڵی سەرکەوتووانەی دوژمن بەراورد بکرێ و پلان و تاکتیکی لەسەر دابڕێژرێ. هەروەها ئەو خاڵە

گەلاوێژی ٢٧٢٥

گرینگەشمان لەبەرچاوبێ و بۆ کۆمەڵگەی کوردستانی ڕوون بکەینەوە، خەباتی مەدەنی کات و ساتی بۆ نییە نابێ لە مانگرتنێکی گشتی، یان لەسەرهەڵدانێک و کۆبوونەوەیەکی ناحوکمیدا تاک بکرێت. بەڵکوو دەبێ کۆمەڵانی شار و دێ ئەوندە بزانن قسەکردن، لیباس لەبەر کردن، کڕین و فرۆشتنی شت و مەکی ناوبازاڕ و دەیان و سەدانی دیکە هەموویان پێوەندییان بە خەباتی مەدەنییەوە هەیە و لەڕاگەیەندنەکاندا ئەوەندە باسی خەباتی مەدەنی بکرێ تاکوو لەناخ و زەینی تاکی کورددا بەتەواوەتی بچەسپێندرێ و بەدایمە ئەو وێرژەنە ئاپدەیت بکرێتەوە.

## ژێدەر:


- چل ساڵ خەبات. بەرهەمی: دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو.
- خشونت: هانا آرنت. مترجم: عزت الله فولادوند.
- انقلاب: هانا آرنت . مترجم: عزت الله فولادوند
- ٢١ درس برای قرن ٢١. اثر: یووال نوح هراری.... مترجم: سوددابه قیصری.
- اقتصاد و جامعه. اثر ماکس وبر............ مترجم: عباس منوچهر.
- نظریەهای جباریت از افلاطون تا هانا آرنت. اثر: د. راجر بوشه. مترجم: فریدون مجلسی.
- ماجرای قتل سردار اسعد بختیاری. گوشەای از تاریخ پهلوی. خاطرات علی صالح اردوان، ایلخان بختیاری.


٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# حیزبی دێموکراتی کوردستان، دامەزرێنەری یەکەم کۆماری کوردستان






د. کامران ئەمین‌ئاوە

سەدەی ٢٠ی زایینی سەدەی ململانێ و کێشەی توندی سیاسی لە ئاستی جیهان، لەنێو چوونی ئیمپراتورییەکان، تێکچوونی سنووورە فەرمییەکانی جیهانی و سەرهەڵدانی دەوڵەتە نەتەوەییەکانە. هەرچەند شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی هۆی سەرهەڵدان و دامەزرانی ژمارەیەکی زۆر لە دەوڵەتەکانی ئەمڕۆیی بوو، بەڵام سەرەڕای جێ باس‌بوونی کێشەی کورد لە



سەرچاوە
Serchawe

ئاستی جیهاندا، مخابن بۆ کورد ئاکامێکی ئەرێنی واته به دەوڵەتبوونی بەدوادا نەبوو. سەرەڕای ئەوەش، ڕووداوەکانی کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی ئاستی بزووتنەوەی کوردی گەیانده قۆناخێکی بەرزتر و، دامەزرانی حیزبە کوردستانییەکان ڕەنگ و شکڵێکی نوێ و ئەوڕۆیی به خەباتی گەلی کورد دا. له ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی له گەشەسەندنی بیری نەتەوایەتی له نێو جەماوەی خەڵک و کۆکردنەوەی ئەوان بۆ خەباتێکی ئەمڕۆیانه له پێناوی گەیشتن به مافی نەتەوەیی گێڕا. دامەزراندنی یەکەمین کۆماری کوردستان له ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویی لەژێر ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکێک له هەره دەسکەوته پیرۆزەکانی ئەم خەباته و جێگای شانازییەکی مێژوویی بۆ گەلی کورد به گشتیی و، حیزبی پێشەوا به تایبەتییە.

ڕاگەیاندنی کۆماری سەربەخۆی کوردستان سەرەڕای ڕووخاندنی له لایەن هێزەکانی سەرکوتکەری تاران ئاواتی مێژینەی کوردی هێنایە دی و، هەتا هەتایه ئەم ڕووداوه مێژووییه وەکو ئەستێرەیەکی گەش له ئاسمانی کوردستاندا دەدرەوشێتەوە.

دەربڕینی ئاوات و هیواکانی کورد واته سەربەخۆیی کوردستان له کاتی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆر بەجوانی له شێعری "بژی دێموکرات"ی شاعیری نەمری کورد "هێمن"دا ڕەنگ دەداتەوە:

مزگێنیم دەیە دەگەی به ئاوات
کوردە له سایەی حیزبی دێموکرات
حیزبی دێموکرات تۆ دەدا نەجات
پیادەی ئەو، شاهی دوژمن دەکا مات
بژی دێموکرات بژی دێموکرات

(ڕەشەمەی ١٣٢٤)

ئەم خۆشییە له ڕێبەندانی هەر ئەو ساڵەدا به ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان له شێعری "ڕۆژی خۆشی"ـی هێمن بەوپەڕی خۆی دەگات:

ڕۆژی جێژن و خۆشییە، تێپەر بوو ڕۆژی دەرد و خەم
هات شنەی ڕەحمەت به جارێک ڕای ڕفاند و بردی تەم

دێ له هەر لایک قاقای پێکەنینی کیژ و کوڕ
دێ له هەر سووچێکی نەغمەی ساز و تار و زیل و بەم

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

گەرچی زستانە بەفر داپۆشی ئەورۆ گشت وڵات
خاکی پاکی ئێمە خەملێوە وەکوو باخی ئیرەم

جێژنی ئیستقلالی کوردستانە، ڕۆژی شادییە
جێژنە پیرۆزە لە لاوی هاووڵاتیی خۆم دەکەم

(ڕێبەندانی ١٣٢٤)

**نەمر سەید کامیل ئیمامی (ئاوات)یش هەستی خۆی لە پەسنی پێشەوا قازی محەممەد، یەکەم سەرۆک کۆماری کوردستان وەکوو نزیک کەرەوەی ڕێگەی دووری کورد بەم چەشنە دەردەبڕێ:**

هاتە دەر ئەورۆ لە میحنەت میللەتی مەغدووری کورد
گەینە ئاوات و مەرامی خۆ هەموو ڕەنجووری کورد

بێکەس و بێ دەر بوو ئەمما تۆ گەیشتی، بوویە کەس
هەر بژی بۆ لاگریی مە، ئەی ڕەئیس جمهووری کورد

زۆر لەمێژ بوو کورد دەڕۆیشتن، نەگەینە ئارەزوو
تۆ نزیکت کردەوە بۆ ئێمە ڕێگەی دووری کورد

ئاوەدان و گوڵستان و بێ خەزانت کردەوە
بەو چلەی زستان و ڕێبەندانە خوار و ژووری کورد

(ڕێبەندانی ١٣٢٤)

سەبارەت بە شێوەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لایەن نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی بە دۆست و دوژمنییەوە گەلێک کتێب و بابەت نووسراوە و، تیشک خراوەتە سەر گۆشە جۆراوجۆرەکانی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبە بەتایبەتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی. دوژمنان و نەیارانی کورد دامەزرانی کۆمەڵەی ژێکاف و بە تایبەتی حیزبی دێموکرات وەکو بەرهەمی سیاسەتەکانی یەکیەتیی سۆڤییەت و هاتنی هێزی سپای سوور بۆ باکووری ڕۆژئاوای ئێران لە قەڵەم دەدەن و بەستێنی مێژوویی خەباتی گەلی کورد کەم ڕەنگ دەکەنەوە یاخود چاوپۆشی و حاشای لێ دەکەن. بێگومان هاتنی سپای یەکیەتیی سۆڤییەت و ئینگلیس بۆ ئێران و ڕووخان و دەرکردنی ڕەزاشا بوو بە هۆی کرانەوەی فەزای سیاسی نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ تەواوی خەڵکی ئێران و سەرهەڵدانی دەیان گرووپ و

حیزبی سیاسی بە ڕاست و چەپیەوە. لەو سەردەمە ئاڵۆزەدا ئازادیخوازانی خەڵکی کوردیش توانیان لەم دەرفەتە کەڵک وەرگرن و لەسەرەتادا کۆمەڵەی ژێکاف و پاشان لەسەر قەوارەی ئەو، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک بێنن.

هاتنی هێزەکانی هاوپەیمان لە خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی (ئاگوستی ١٩٤١) بۆ ئێران، تەسلیم بوونی سپای ئێران لە شەڕێکی سێ ڕۆژە و هەڵاتنی ئەفسەر و سەربازەکان و هەڵوەشانەوەی ئەم پێکهاتە سەرکووتکەرە لە پانتایی خاکی ئەم وڵاتەدا، دەست لەکار کێشانی ڕەزاشا لە ٢٥ی خەرمانان و دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی موریس و پاشان ژوهانسبورگ، بوو بە هۆی تێکشکانی فەزای سەرەڕۆیی پاشایەتی، سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی و نیزامی، بێدەسەڵاتیی تاران و گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە چنمانی هێزەکانی سیاسی لە ئێراندا. لە ماوەیەکی کورتدا بەشێکی بەرچاو لە هێز و کەسایەتییە سیاسییەکانی ئێران هاتنە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی ئەم وڵاتە و دەسیان بە کار و چالاکیی سیاسی کرد. پێکهاتنی حیزب، سندیکا، ئازادی ڕۆژنامەنووسی و هتد، بوو بە هۆی بەشداریی تەواوی چین و توێژەکان لە ڕەوتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێراندا.

دەرچوون و نەبوونی سپای ئێران لە ئازەربایجان، کوردستان و خوزستان بەستێنی شیاوی بۆ کار و چالاکی هێزە نەتەوەییەکان و سەرهەڵدانەوەی بیری سەربەخۆیخوازیی لەم بەشانەدا ساز کرد. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد(١) لە ٢٣ی ئەیاری ساڵی ١٣٢٢ بە بیروهزری سەربەخویخوازیی و چەپ لە لایەن ڕۆشنبیرانی ئەو کاتەی کوردستان کە زۆربەیان مەهابادی بوون پێک هات و "لە هاوینی ١٩٤٤دا پانتایی چالاکیی ئەم ڕێکخراوە نەهێنییە لە ماکۆوە هەتا کرماشانی لەخۆ گرت"(٢) و توانی خەڵکێکی زۆر لە ئازادیخوازانی کورد بەرەو خۆی ڕابکێشێ و ببێتە هۆی پەرە و گەشەسەندنی بیروهزری ناسیۆنالیستی و دادپەروەرانە لەنێو جەماوەری خەڵکی کورد. لە ساڵانی پاش ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا کوردستان لە کردەوەدا لەژێر کۆنترۆلی کوردی ڕۆژهەڵات بوو. خاتوون ئەن لەمبتۆن کە لە لایەن باڵوێزی ئینگلیس لە ساڵی ١٩٤٤ سەفەری بۆ کوردستان کردبوو لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا باسی بوونی کوردە چەکدارەکان و نەبوونی ژاندارمە و پۆلیسی ئێران لە شار و گوندەکانی نێوان تەوریز و مەهاباد و تین و گوڕی سەربەخۆیخوازیی و هەستی بە هێزی نەتەوەیی کوردەکان دەکا.(٣) بە باوەڕی سێر ڕ. بوڵلارد، باڵوێزی بریتانیا لە تاران، قازی محەممەد، ناوەندی بزووتنەوەی سەربەخۆیی لە کوردستان" بووە.(٤)

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر قەوارە و بنەمای کۆمەڵەی ژێکاف و پاشگەزبوونەوەی کاتیی لە چەند خاڵێک وەکو سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی تەواوی کوردستان بەپێی ئاڵوگۆڕی بارودۆخی سیاسی ئەو کاتە پێک هات و، توانی بیروڕای بەشێکی زۆر لە خەڵکی کوردستان بە ئاغاوات، سەرۆک عەشیرە، وردەبۆرژوازی و هتد- یەوە بە

تایبەت لە موکریان بەرەوخۆ ڕابکێشی. حیزبی دێموکراتی کوردستان دوو مانگ و چەند ڕۆژێک پاش دامەزرانی حکوومەتی ئازەربایجان سەرەڕای هاودەنگ نەبوونی فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و یەکیەتیی سۆڤیەت کە دەیانویست کوردستان وەکوو بەشێک لە حکوومەتی ئازەربایجان بە مافی نەتەوەیەکی کەمینە بێ، بەپێی هەبوونی ستراتیژیی نەتەوەیی و هەلومەرجی ڕەخساو وەکوو: کەلک وەرگرتن لە دژبەریی حکومەتە زلهێزەکانی جیهانی واتە یەکیەتیی سۆڤییەتی و جیهانی ڕۆژئاوا، لاواز بوون و ناسەقامگیریی حکوومەتی ناوەندی و سپای ئێران، بە هێزبوونی بەرەی چەپ و ئازادیخواز لە گشت ئێران، دامەزرانی حکوومەتی میلیی ئازەربایجان لە ٢١ سەرماوەز، کۆکردنەوەی بەشێکی بەرچاو لە ئاغا و عەشیرەکان، و پشتبەستن بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەم بوێرییە مێژووییەی بوو لە هەوەڵین دەرفەت و بێ فەوتاندنی کات، لە دووی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویدا لە چوارچرای مەهاباد بە بەشداربوونی خەڵکێکی بەرچاو، دامەزرانی کۆماری کوردستانی ڕاگەیەنێ. ئەمە بۆخۆی سەلمێنەری هەبوونی هەست و ستراتیژی نەتەوەیی هەروەها بوێری ڕێبەریی ئەم حیزبە لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی لە کاتی شیاو و لە پێناوی بە دەوڵەتبوونی کوردستانە.

لە بەشێک لە بەڵگە و نووسراوەکانی ڕابرت ڕۆسۆ، جێگیری کونسوولی ئەمریکا لە تەورێز و لێکۆڵینەکانی تورەج ئەتابکی و پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی و هتد ئاماژە بە شێوەی هەڵسوکەوت و بیروڕای نوێنەرانی سیاسیی سۆڤییەت و فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لەگەڵ دێموکراتەکانی کوردستان کراوە.

**بۆ وێنە:**

* **ڕابرت ڕۆسۆ لە ڕاپۆرتێکدا بەم چەشنە باسی چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ میر جەعفەر پیشەوەری، سەرۆک وەزیرانی ئازەربایجان و بیروڕای ئەو سەبارەت بە قازی محەممەد و کوردستان دەکا:** "... "لەهەر حاڵدا پیشەوەری لەو چاوپێکەوتنەی ئەم دوایەدا گوتی، بە ڕای ئەو قازی 'پیاوێکی باشە'، دەربارەی مەسەلەی 'کوردەکانی ئازەربایجان'یش ڕاوێژی لەگەڵ کردوە. سەرەڕای ئەوەش بە مەرجی 'نەهێنی مانەوە' ئەم خاڵەشی پێ زیاد کرد، جارێ پێیوانییە کوردەکان توانایی بەڕێوەبردنی کارو باری خۆیان هەبێ و، دەیەوێ بە جێگای مەجلیسی میلی تەنیا ئەنجومەنێکی میلی لەژێر چاودێریی حکوومەتی تەورێز و، پێنج کورسی لە مەجلیسی ئازەربایجانیان پێ بدا." لە ڕاپۆرتێکی دیکەش ڕۆسۆ دەنووسێ: "بە هۆی ئیدیعای حوکمڕەوایی کوردەکان بۆ تەواوی ناوچە سنوورییەکان لە مەهابادوە هەتا ماکۆ، هەروەها میاندواو، ورمێ و خۆی، ناکۆکی لە نێوان کورد و ئازەربایجانییە خودموختاریخوازەکان پەرەی گرتوە. ئازەبایجانییەکان دەیانەوێ خودموختاریی کوردەکان لە ژێر فەرمانی حکوومەتی تەورێز و لە چوارچێوەی ناوچەی مەهابادا قەتیس بمێنێتەوە."(٥)

* **تورەج ئەتابکی لە کتێبی"ئازەربایجان لە ئێرانی هاوچەرخدا" سەبارەت بە هەڵسوکەوتی دێموکراتەکانی ئازەربایجان لەگەڵ شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەورێز ئاوا باس دەکا:** "هەوەڵین هەنگاوێک کە کوردە دێموکراتەکان بۆ دەربڕینی 'برایەتی'یان لەگەڵ دێموکراتە ئازەربایجانییە هاوبیرەکانیان هەڵگرت ناردنی شاندێک بۆ بەشداری لە جێژنی 'تێکەڵبوونی' حیزبی تودە لەگەڵ فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بوو کە لە سێ سپتامبری ١٩٤٥(١٢ی خەرمانانی ١٣٢٤) لە تەورێز بەڕێوە دەچوو. هەر لەو ڕۆژەدا شاندێکی دیکەشیان بە جیا بۆ بەشداری لە کردنەوەی فەرمیی مەجلیسی میللی ئازەربایجان نارد، شاندی کورد بە نارەحەتییەوە تێگەیشت لەگەڵ ئەوان نەک وەکوو شاندی ئەیالەتێکی دۆست و دراوسێ بەڵکوو وەکو نوێنەرانی بەشێک لە ئازەربایجان هەڵسوکەوت دەکرێ. دێموکراتەکانی کوردستان کە لەم کارەی دێموکراتەکانی ئازەربایجان ناڕازی بوون، دەستبەجێ پاش گەڕانەوەی شاندی کورد بۆ مەهاباد بەرەیەکی نوێ و بەهێزیان بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خودموختاری کوردستان وەڕێ خست. بەم چەشنە، لە ٢٢ی ژانویەی ١٩٤٦(٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاویی) بناغەی حکوومەتی خودموختاری کوردستان بە چەشنێکی فەرمی داڕێشترا.(٦)

* **بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پرۆفسۆر جەمیل حەسەنلی نووسەر و توێژەری ئازەربایجان لە کتێبی "ئازەربایجانی ئێران، دەستپێکی شەڕی سارد"،** ڕێبەرانی فرقەی دێموکرات لە ١٦ی ژانویەی ساڵی ١٩٤٦ واتە ٤ ڕۆژ پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە بابەتێک بە ناوی "ویستەکانی خەڵکی ئازەربایجان" لە ١٢ خاڵدا ویستە سەرەکییەکانی کۆنگرەی میلیی ئازەربایجانیان گەڵاڵە کردبوو. لە سەرەتای ئەم بابەتەدا هۆیەکانی گۆڕانی بیروباوەڕی ئەوان لە خودموختارییەوە بۆ سەربەخۆیی ئازەربایجانی ئێران و دامەزرانی وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی کۆماری دێموکراتیکی ئازەربایجان شرۆڤە کراوە. لە خاڵی ١٢ی ئەم بەڵگەنامەیەدا باس لە لکاندنی بەشی ژێر دەسەڵاتی حیزبی دێموکراتی کورستان بە ناوی کوردستانی باکوور بەم کۆمارە بەم چەشنە گەڵاڵە کراوە: "ئەم نەخشەیە کوردستانی باکووریش لەخۆ دەگرێ. سنوورەکەی لە کاتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردستانی باکوور دیاریی دەکرێ".

**حەسەنلی هەروەها ئاماژە دەکا:** لە سەرەتادا باقرۆڤ و پیشەوەری دژی خودموختاریی کوردستان بوون و پێیانوابوو کوردەکان دەبێ لە چوارچێوەی ئازەربایجاندا خودموختار بن. بەڵام دامەزرانی کۆماری کوردستان لەنێو ئێراندا بەشێک لە نەخشە ستراتیژییەکانیان لەم وڵاتە بوو. باقرۆڤ هەوڵی دەدا بە چەشنێک ئەم مەسەلەیە کۆنترۆل بکا. لە ٢٩ ژانویە لە تەورێزەوە ئیبراهیمۆڤ و حەسەنۆڤ لە نامەیەکدا بۆ باقرۆڤ دەنووسن: هاوکاریی نێوان کورد و ئازەرییەکان گەلێک ئاڵۆز بووە ... زۆربەی سەرانی کورد باسی ئازادیی کوردەکان و پێکهێنانی کوردستانی گەورە دەکەن. لە ڕاستیدا ئەم کەسانە لایەنگری سیستمی فئێودالیسم و درێژەپێدانی ئەون. پاش ئەم نامەیە، بە فەرمانی باقرۆڤ "ناسر داداشۆڤ"، ئەندامی پێشووی وەزارتی نێوخۆ لەژێر عینوانی نوێنەری بازرگانی و "مەلیک ئەسلانۆڤ" بە ناوی سەرپەرەستی نەخۆشخانەی

سۆڤییەت دەنێردرێنە مەهاباد تا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن.(٧)

ڕاگەیاندنی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان بوو بە هۆی تێکچوونی چنمانی سپایی و سیاسیی وڵاتانی داگیرکەری ئێران و؛ کوردستان و ئازەربایجان بوون بە خاڵی دەستپێکی شەڕی سارد. بەڵام یەکیەتیی سۆڤییەت سەرەڕای پشتیوانی قورس و قایمی خۆی لە ئازەربایجان بەردەوام بە دڕدۆنگییەوە سەیری حیزبی دیموکرات و کۆماری کوردستانی دەکرد کە زۆربەی ڕێبەرانی نەک کۆمۆنیست بەڵکوو کەسایەتیی ئایینی، ئاغا و سەرۆک عەشیرە واتە "دەرەبەگ و نوێنەرانی چینی چەوسێنەری کۆمەڵگە" بوون و، سەرۆک کۆمارەکەی سەرەڕای ئەوەی لایەنگر و دۆستی ئەوان بوو، بەڵام هاوکات سیاسەتێکی ڕاستبینانەی لە هەڵسوکەوت لەگەڵ حکوومەتەکانی تاران و تەورێز، هەروەها ئەمریکا و سۆڤییەت بەڕێوە دەبرد و دەیویست هاوسەنگییەکی ڕاستبینانە لە بەرژوەندیی خەڵکی کورد لەگەڵ ئەم لایەنانە پێک بهێنێ و لەم پێوەندییەدا نەک دژایەتییەکی توندوتیژی لەگەڵ دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوا نەدەکرد بەڵکوو بە پێی ڕاپۆرتەکانی جێگیری کونسوولی ئەمریکا خوازیاری هاوکاریی ئەوان بۆ دابینکردنی دێموکراسی ڕۆژئاوایی و گۆڕینی چەشنی دەسەڵات لە ئێران بوو. لە یەکێک لە ڕاپۆرتەکانی دوهێر، جێگری کونسوولی ئەمریکا بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئەمریکا، ڕێکەوتی ٢٦ی ئاوریلی ١٩٤٦(٦ی ئەیاری ١٣٢٥) باسی دیداری لەگەڵ قازی محەممەد و پێشوازیی پێشەوا لە بەکارهێنانی نفووز و دەسەڵاتی ئەمریکا بۆ گۆڕینی ئێران بۆ دێموکراسییەکی ڕاستەقینە و، پێشوازیی کوردەکان لە خۆتێهەڵقورتانی ئەمریکا لەم ڕەوتەدا کراوە. دوهێر لە ڕاپۆرتێکی دیکەش لە پازدەی ژانویە، واتە ١٥ی بەفرانباری ١٣٢٥ی هەتاوی دیسان ئاماژە بە ئەم مەسەلەیە دەکا و دەنووسێ: کوردەکان لە هۆگریی ئەمریکاییەکان لە کاروباری خۆیان پێشوازی دەکەن. ئەوپەڕی دڵخوازیی کوردەکان دێموکراسی لە چەشنی ئەمریکییە. دوهێر هەروەها لە ڕاپۆرتێک لە ١١ی ئۆکتۆبری ١٩٤٦ کە بۆ جۆرج وی ئالێن، باڵوێزی ئەمریکا لە تارانی ناردوە، لە پێوەندی لەگەڵ بەشکبوونی بەرپرسانی سۆڤییەت لە قازی محەممەد دەنووسێ: بەرپرسانی سۆڤییەت ئێستاکە بە هەڵسوکەوتی قازی محەممەد لەگەڵ بەرپرسانی ئەمریکی زۆر گوماناوین و تەواوی ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە سۆڤییەتەکان لە پشتگیریی خۆیان لە قازی پاشگەز بوونەتەوە و ڕوویان لە زێرۆبەگ کردوە.(٨)

پێشەوا لە بازنەی ململانێی وڵاتە زلهێزەکاندا سەرەڕای ئەوەی کە زۆرتر بەرەو سۆڤییەت دەشکاوە، بەڵام بەهۆی ڕاستبینیی سیاسی و قەتیس نەبوونی لە چوارچێوەیەکی تەسکی ئایدۆلۆژیک، هەوڵی دەدا لە هەر دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لە ڕێگای پێوەندیی لەگەڵ هێزەکانی ڕۆژئاواش کە کاریگەریی بەرچاویان لە تەواوی ڕەوتی سیاسیی دەوڵەتی ئێران هەبوو، کەلک وەربگرێ. تەنانەت ئەم حاڵەتە لە شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەوڵەتی تارانیش خۆی دەنواند و سیاسەتەکانی لە پێوەندیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ هاوسەنگیی هێزەکان لە ئاست ئێران و جیهاندا بوو. بە گشت

دەتوانین بڵێین قازی محەممەد وەکو ڕێبەری حیزبی دامەزرێنەری یەکەمین کۆماری کوردستان کەسایەتیەکی ڕاستبین و پراگماتیست بوو.

ئێمە ئەم چەشنە هەڵسوکەوتە لە گەڵ حکوومەتی تاران لە سێ قۆناخدا بەپێی بابەتەکانی ڕۆژنامەی کوردستان بە جووانی دەبینین:

لە ٢٥ی گەلاوێژەوە هەتا ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی

لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ وە هەتا ٣١ی بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتاوی

لە ٣١ی بانەمەڕەوە هەتا هێرشی سپای ئێران لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ هەتاوی بۆ ئازەربایجان و کوردستان

لە قۆناخی یەکەمدا ڕێبەریی کورد سەرەڕای ئەوەی نزیک بە پتر لە چوار ساڵ دەسەڵاتی ناوچەکەی بە دەست بوو، بەپێی هەڵسەنگاندنی هاوسەنگیی هێزە جیهانی و نێوخۆییەکان، هەروەها دڕدۆنگی لە پشتیوانیی سەتاوسەتی یەکیەتیی سۆڤییەت یاخود وڵاتانی ڕۆژئاوا لە سەربەخۆیی کورد،، لە یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئۆکتۆبری ١٩٤٥ مەهاباد، خەزەلوەری ١٣٢٤) هەروەها لە یەکەمین پرۆگرامی حیزب لە دێسامبری (سەرماوەز) ئەو ساڵەدا باسی پارێزگاری لە مافەکانی کورد بۆ بەڕێوەبردنی کارەکان، واتە خودموختاریی نێوخۆیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران دەکا. پێشەوا قازی محەممەد هەروەها لە "گفتوگۆ" لەگەڵ "خاوەنانی چەند ڕۆژنامەی تاران" کە لە ژمارەکانی یەک و دووی کوردستان لە ٢٠ و ٢٢ی بەفرانباری ١٣٢٤ واتە کەمتر لە دوو حەوتوو پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان چاپ و بڵاو بۆتەوە باس لە جێبەجێ کردنی یاسای بنەڕەتی ئێران و خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێرانی کردوە.

پێشەوا لە وڵامی ئەم پرسیارە:

لە تاران دەڵێن کوردان بە ڕەهبەریی جەنابت جوێ بوونەوە و ئیستقلالی کوردستانیان دەوێ؛ ئایا ڕاستە؟

ئاوا وڵام دەداتەوە:

* خەیر ڕاست نییە؛ لەبەر ئەوەی ئێمە لە دەوڵەتی ئێران ئیجرای قانوونی ئەساسیمان دەوێ و دەمانەوێ بە خودموختاری لەژێر بەیداغی ئێراندا بژین و، خودموختاریشمان وەگیر کەوتوە.



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

**هەر لەم وتووێژەدا لە وڵامی پرسیاری "مەرامی فیرقەی دێموکراتی کوردستان چییە؟" پێشەوا دەڵێ:**

**※ میللەتی کورد لە ئێراندا لە هەڵسووڕاندن و پێکهێنانی کاروباری جێگەی خود ئـازاد بێ و لە سنووری دەوڵەتی ئێراندا بژی.**

بەڵام، پاشان بەپێی شیاوبوونی بـارودۆخ و، بە تـایبەتی ڕاگەیـاندنی حکوومەتی ئازەربایجـان لە ٢١ی سەرماوەزی ١٣٢٤ و پشتیوانیی یەکیەتیی سۆڤییەت لەم حکوومەتە، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دووی ڕێبەنـدان بە پێچەوانەی ویستی فرقە و سۆڤییەت دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕادەگەیەنێ. لەم پێوەندییەدا پێشەوا قـازی محەمەد لە "نطق"ی خـۆی کە لە ژمـارەی ١٠، ڕێکەوتـی ١٥ی ڕێبەنـدانی ١٣٢٤ و ژمـارەی ١١ لە ١٧ی ڕێبەنـدانی ١٣٢٤ لە "کوردسـتان" وەکـوو بڵاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە لەژێر سەردێڕی "جێژنی سەربەخۆیی و ئیستقلالی کوردستان" بڵاو بۆتەوە، وێڕای ئاماژەکردن بە مێژووی کوردستان و کۆبوونەوەی کوردان لە ژێر عینوانی "حیزبی دێموکراتی کوردستان" باسی وەدەستهێنانی "ئیستقلال و ئازادیی کورد" بەهۆی پێکهاتنی کۆماری کوردستان دەکا و دەڵێ:

**[...] میللەتی کورد هەزاران سەد و بەرهەڵستی سەخت و سەهەندی لە ڕێدا بوو دەستەودایرەی دیکتاتۆری بێوچان کارشکێنیی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوەستان، ئیختلافاتی عەشایر بۆ داخڵیش ئیشکالێکی گەورە بوو بۆ ئێمە، ئەمما ئەوانە هیچکامێکیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن، بە دڵێکی بەهێز پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستقلال و ئازادیی نەتەوەی کوردمان بەدەست هێنا...**

پێشەوا قـازی محەمەد نیزیکەی دوو مانگ پاش چوونە دەرەوەی سپای سوور لە ئێران و گۆڕانی بارودۆخی نێوخۆیی و دەرەکی بەپێی وەزعییەتی تـازەی سیاسیی ئێران لە "نطق" یخۆی لە ڕۆژی ٣١ بانەمەڕی ١٣٢٥ی هەتـاوی لە بەرامبەر تەواوی سەران و سەرکردە و ژێنراڵەکـانی کۆمـار، کە لە ژمـارەی ٥٠ی کوردستان بە کوردی و لە ژمـارەی ٥١ بە فارسی بڵاو بۆتەوە وێڕای باسێکی دووروردرێژ لە پێوەنـدی لەگەڵ زوڵم و زۆری پەهلەوییەکـان و سەرەڕای ئەوەی کە "ئاماژە بە سەربەخۆیی تـام و تەمـامی" کورد دەکـا، هاوکـات ئامـاژە بەمەش دەکـا ئەگەر ئـازادی لە سەرانسەری وڵاتـدا دابین بێ، هیچ بەربەستێک بـۆ ژیـانێکی برایـانە لە چوارچێوەی ئێرانـدا نـابینێ و لە ئەسڵدا ئەگەر سەرنجی قسەکانی بدەین بەپێی ئەو نموونـانەی کە دێهێنێتەوە دەتوانین باس لەوە بکەین، پێشەوا قازی محەممەد وەکو یەکەم کەسایەتی سیاسیی لە مێژووی کوردستاندا بـاس لە چارەسەرکردنی کێشەی کـورد لە چوارچێـوەی وڵاتێکی فیـدراڵ و کۆنفـدراڵ بـێ هێنـانی ئەم چەمکـانە بەڵام نموونەکـانی دەکا.

**پێشەوا لە بەشێک لە "نطق"ی خۆی ئاوا دەبێژێ:**

**...ئەگەر بێتوو ئازادی لە ئێراندا بەرقەرار بێ چ مانعێک هەیە ئەوەی لە ئێرانێدا دەژین تێکڕا دەستی برایەتی بدەن بە یەکتری. بزانن شۆڕەوی چل پەنجا میللەتن عەداڵەت کردوونیە برا، ئەمریکا چلوچەند جمهووری، سویس دوو – سێیەکن یەک ڕووح و گیان پێکەوە دەژین...**

لە بەهاری ١٣٢٥، بە تایبەتی پاش ڕێکەوتنەکانی سۆڤییەت و ڕۆژئاوا و چوونە دەرەوەی سپای سوور لە ئێران گۆڕانکاری بەسەر سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتیی سۆڤییەت لە پێوەندی لەگەڵ تاران دێ و گوشاری ڕێبەریی سۆڤییەت بە تایبەتی لەسەر فرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بۆ پاشەکشە و ڕێکەوتنیان لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" توندتر دەبێ.

ڕێکەوتی ٥ی پووشپەڕ بە بانگهێشتنی "قوام السلطنه"، پێشەوا قازی محەممەد لەگەڵ محەممەد حوسێنخانی سەیفی قازی وەزیری شەڕی کۆماری کوردستان و شاندێک لە وەزیرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان بۆ تاران دەچێ و ماوەی نزیک بە ٢٥ ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. لەم سەفەرەدا پێشەوا بەپێی وتووێژەکانی لەگەڵ ڕۆژنامەکانی "رهبر" و "ایران ما" لەگەڵ "قوام"، "مظفر فیروز" و سەرلەشکەر "ارفع" دیدار و وتووێژی بووە. لە قسەکانی پێشەوا تا ڕادەیەکی زۆر هیوایەکی تایبەتی بە "قوام السلطنه" بۆ ڕێکەوتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان تاران و کوردستان دەبیندرێ. وتووێژەکەی پێشەوا لەگەڵ ڕۆژنامەی"رهبر" لە لایەن نەمر مامۆستا حەسەن قزڵجی کراوەتە کوردی و لە ژمارەی ٦٩ی کوردستاندا بلاو بۆتەوە .

**پێشەوا لە وتوویژ لەگەڵ ڕۆژنامەی "رهبر" دەربارەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ "مظفر فیروز" و "قوام السلطنه" دەڵێ:**

* "دەگەڵ جەنابی سەرۆک وەزیر، ملاقاتم کردوە، نەزەری ئاغای سەرۆک وەزیرم تێکەڵ بە حوسنی زەن و چاک نییەتی دیوە... من ئاتیییەیەکی زۆر چاک تێبینی دەکەم و هیوادارم دەوڵەتی مەرکەزی بتوانێ دێموکراسی بە هەموو ئێراندا بڵاو بکاتەوە". هەروەها لە وڵامی پرسیارێک دەربارەی پێوەندییە "معنوی"یەکانی بزووتنەوەی کوردستان و ئازەربایجان ئاماژە دەکا:" هەردووک لامان بۆ ئامانجیک کە ئازادی و سەربەخۆیی حەقیقی و بەڕاستیی ئێرانە کاردەکەین".(٩)

تاران وێڕای ڕواڵەتکاریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئازەربایجان و کوردستان، پەیتا پەیتا لەباری سیاسی و نیزامییەوە خۆی بەهێزتر و ئامادەی هێرشێکی گەورە بۆ ئەم دوو ناوچەیەی دەکرد. لە کردەوەدا ئەم چاوپێکەوتن و وتووێژانە نەیدەتوانی ئاکامێکی ئەرێنی بەشوێنەوە بێ و "قوام"یش کەسێک نەبوو بەڵێنەکانی خۆی بەجێ بهێنێ. لەم ڕەوتەدا

شکستهێنانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی سۆڤییەت لە بەرامبەر ئەمریکا و بریتانیا و دانوستانی لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" بۆ پاراستنی بەرژەوندییەکانی مۆسکۆ لە ئێراندا، پاشگەزبوونەوەی حکوومەتی ئازەربایجان لەژێر گوشاری مۆسکۆ و خۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەم حکوومەتە پاش دانوستانی یەک لایەنەی لەگەڵ دەوڵەتی "قوام" بەبێ ئەوەی کە ڕێبەری کۆماری کوردستان ئاگادار کرابێتەوە، بوو بە هۆی شکانەوەی هاوسەنگیی سیاسی و نیزامیی هێزەکان بە قازانجی دەوڵەتەکانی ڕۆژئاوایی و ئێران و بێ پشتیوان مانەوەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و ئازەری لە ئاستی ژوور و دەرەوەی ئێراندا. حکوومەتی تاران پاش بێلایەن کردنی مۆسکۆ و بەرەوخۆ ڕاکێشانی بیروڕای جیهانی تەنانەت لە ئاست شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، هەروەها پشتیوانیی ئەمریکا و وڵاتە ڕۆژئاواییەکان، لە ٢١ سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاویی واتە ساڵڕۆژی دامەزرانی حکوومەتی میللی ئازەربایجان هێرشێکی بەرفراوانی لە تەواوی بەرەکانەوە کردە سەر ئازەربایجان و کوردستان.

مخابن پاشەکشەی حکوومەتی میللی ئازەربایجان و بەشوێن ئەودا کۆماری کوردستان، خۆبەدەستەوەدان و بەرەنگار نەبوونەوەیان لە بەرامبەر سپای ئێران، هەروەها نەبوونی هیچ چەشنە پشتیوانییەکی سیاسی و نیزامی لە لایەن سۆڤییەت و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێران، کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئازەربایجان و لە سێدارەدانی ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد و گرتن و دوورکردنەوەی ئازادیخوازانی کوردستانی بە شوێنەوە بوو.

## کۆتایی

بێگومان بیرەوەریی کۆماری کوردستان وەکوو خاڵێکی وەرچەرخان و شانازییەکی گەورە لە مێژووی کورد و کوردستان دەمێنێتەوە. ڕێبەریی کورد لە سەردەمێکی گەلێک ئاڵۆزی جیهانی و ناوچەییدا توانی بۆ هەوەڵین کەرەت لە مێژووی خۆیدا شێوەی دەسەڵاتداری ئەزموون بکات و ئەم شانازییە بە کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش ببەخشی هەتا لە ڕەوتی بە دەوڵەت بوونی کورددا بەشداری ڕاستەوخۆیان هەبێ. حکوومەتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە بە پێچەوانەی ئازەربایجان لەباری ئاستی گەشەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتیی، هەروەها ئیمکاناتی ماددی و پشتیوانی تەسکی یەکیەتی سۆڤییەت گەلێک لاوازتر بوو، بەڵام وێرای ئەوەش توانی هەنگاوی مێژوویی بۆ بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی کۆمەڵگە و جێبەجێکردنی پێداویستییەکانی خەڵک بگرێتە بەر. گۆڕانی سیستمی پەروەردە و خوێندن و نووسین بە زمانی کوردی و بەشداری کوڕ و کچی تەمەن ٦ هەتا ١٤ لە قوتابخانەکان، دامەزرانی مەدرەسەی شەوانە بۆ گەورەساڵان، چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤار، ڕۆژنامە و کتێب بە زمانی کوردی، دامەزرانی یەکەمین تیاتری کوردی، بەشداریی ژنان بۆ یەکەمجار لە کارە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخستنی هێزی پێشمەرگە بۆ بەرگری لە کۆماری کوردستان، ناردنی لاوانی کورد بۆ خوێندن لە ئاستی

بالا بۆ باکۆ، مامەلەی ڕاستەوخۆی بازرگانی و فرۆشی توتوتن لە ڕێگای درووست کردنی "شرکت ترقی" بە یەکیەتیی سۆڤییەت و هتد لە کارە بەنرخەکانی حکوومەتی ساوای کورد لەم ماوە کورتەدایە. هەرچەند بە پێی پیلانی دوژمنانی ژوورەکی و دەرەکی و پشتیوانی نەکردنی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆماری کوردستان ڕووخێندرا و ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد تووشی لە سێ دارەدان، زیندان و هەلاتن و هتد بوون، بەلام ئەزموونێکی بە نرخیان لە خۆ بە جێ هێشت، لە هەمووشیان گرینکتر ئەوە ڕاستییەیە کە کێشەی نەتەوەیی کورد بێ سەربەخۆیی و پێکهێنانی کیان و دەوڵەتی کورد چارەسەر ناکرێ و ڕێبەری بزووتنەوەی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازی کورد دەبێ ستراتێژی نەتەوەیی، توانایی هەلسەنگاندنی بارودۆخ، ڕێکخستنی خەڵک لە دەوری دروشمی شیاو، پەرەپێدان بە ئاگایی و هەستی نەتەوەیی و لە کاتی شیاودا بوێری هەلگرتنی هەنگاوی پێویست و ڕاستبینانەی بۆ وەدی هێنانی ئامانجەکانی بێ.

***

١- لە ڕۆژی ٢٣ی ئەیاری ساڵی ١٣٢٢ی هەتاویی لە مەغارەکێو "قەلای سارم" لە نزیکی شاری مەهاباد یەکەم کۆنگرەی کۆمەلە بە بەشداری ٢٥ کەس بەرێوە چوو و دامەرانی ئەم حیزبە ڕاگەیەندرا.

٢- ئۆلگا ئیوانۆونا ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران(١٩٣٧ - ١٩١٨)دەزگای زانست، مۆسکۆ ١٩٨٨، بە ڕووسی.

٣- Fo371/401173/13978 (نوسخەی یادداشتێکی خانم ئەن. ک. س. لەمبتۆن. ئاتاشە (ڕاسپێراوی) چاپەمەنیی بالوێزخانەی بریتانیا لە تاران ١٣ی سێپتامبری ١٩٤٤، پێوەندیی کورد لەگەڵ ڕووس. سەرچاوە: ڕۆژهەلاتی کوردستان لە بەلگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەلگەنامە) لاپەڕەی ٦٧، ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥.

٤- سێر ڕ.بوللارد، "لە تارانەوە بۆ وەزارەتی دەرەوە، ٢٩ی سێپتامبری ١٩٤٤ لە پێوەندی بە کوردستانەوە دەنووسێ" کوردی ناوچەی ڕووس لە ئێران، بە ئاشکرا چەکیان هەلگرتووە و لە سەربەخۆیی دەدوێن.[...] لە مەڕ مەهابادیشەوە ڕاستە و وا دیارە قازی محەممەد، ناوەندی بزووتنەوەی سەربەخۆیی بێ لە کوردستان" سەرچاوەی سەرێ لاپەرەی ٧١.

٥- کردها و فرقە دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥،صص ٤١ - ٣٩ و ٩٤ مترجم کاوە بیات، تهران.

٦- تورج اتابکی، آذربایجان در ایران معاصر، ص ١٦١، ترجمە محمد کریم اشراق، انتشارات توس، تهران ١٣٧٦.

٧ (جمیل حسنلی، آذربایجان ایران، آغاز جنگ سرد، صص ٢٦٤-٢٦١، ترجمە منصور صفوتی، ١٣٨٧، تهران، چاپ و صحافی: کتاب شمس.

٨- کردها و فرقە دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوە بیات، تهران، صص ٥٤،٥٣ و ٧٨ و ٩٤



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

٩- کوردستان، ژمارەی ٦٩، ساڵی یەکەم، ٣٠ی پووشپەڕی ١٣٢٥

-----

**سەرچاوەکان بە کوردی:**


١- ڕۆژنامەی کوردستان مەهاباد ١٣٢٥-١٣٢٤ هەتاویی، ئامادەکردنی ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، بنکەی ژین، ٢٠٠٧

٢- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیادا (وەرگێڕاوی کوردی ١٣٠بەڵگەنامە) ئەنوەر سوڵتانی بنکەی ژین ٢٠٠٥

٣- کامران ئەمین ئاوە، بیری چەپ و دۆزی سەربەخویی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ٢٠١٧ http://www.kurdistanukurd.com/files/birawarichapp.pdf


**بە فارسی:**


١- یرواند آبراهامیان، ایران در بین دو انقلاب، ترجمه احمد گل محمدی و محمد ابراهیم فتاحی، نشر نی، تهران ١٣٩٤

٢- کردها و فرقه دمکرات آذربایجان، گزارش‌هایی کنسولگری امریکا در تبریز دی ١٣٢٣- اسفند ١٣٢٥، مترجم کاوه بیات، تهران،

٣- تورج اتابکی، آذربایجان در ایران محاصر، ترجمه محمد کریم اشراق، انتشارات توس، تهران ١٣٧٦

٤- پروفسور جمیل حسنلی، آذربایجان ایْران، آغاز جنگ سرد، صص ٢٦٤-٢٦١، ترجمه منصور صفوتی، ١٣٨٧، تهران، چاپ و صحافی: کتاب شمس

٥- علی گلاویژ، یادی از جنبش دوم بهمن، نشریه سیاسی تئوریک "دنیا"، دی ماه ١٣٥٦، شماره ١٠، سال چهارم

٦- کامران امین آوه، چپ سنتی و جنبش ملی کرد در ایران، نشر ڕوشنگری، آلمان ١٣٩٥


**بە ڕووسی:**


١- میکائیل سیمۆنۆیچ لازاریف، کوردستان و کێشەی کورد(١٩٤٥-١٩٢٣)، مۆسکۆ، دەزگای وێژەی ڕۆژهەڵات ٢٠٠٥

٢- ئۆلگا ئیوانۆونا ژیگالینا، بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردەکانی ئێران(١٩٣٧ - ١٩١٨)دەزگای زانست، مۆسکۆ ١٩٨٨


٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# بەرەو ٨٠ ساڵەی یادی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەمساڵ لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژدا، ٨٠ ساڵەی دامەزرانی خۆی جێژن دەگرێ.**

٨٠ ساڵ لەمەوبەر، پێشەوا قازی محەممەد، لە سەر بناغەی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" (ژ.ک) و بە ئامانجی ئامادەکردنی ڕێکخراوێکی سیاسیی وەڵامدەر بۆ ڕێبەری و ڕێکخستنی خەباتی نەتەوەی کورد لە هەلومەرجی سیاسیی نوێی ناوچەکەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی دامەزراند. ئەم حیزبە بە پێشەوایەتیی قازی محەممەد، کەمتر لە ٦ مانگ دوای پێکهاتنی، کۆماری کوردستان، یەکەم دەسەڵاتی نەتەوەیی مودێرنی کوردی لە چوارچرای شاری مەهاباد ڕاگەیاند و، شەخسی پێشەواش وەک سەرکۆماری کوردستان، قۆڵی لە ڕێبەریکردن و ئیدارەی کۆمار و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەو کۆمارە هەڵماڵی. ئەگەر دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە هەلومەرجی ئەو کات، بە شایەدیی ڕۆڵ و کاریگەرییەکانی لە سەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان، وەرچەرخان و نوختەگۆڕانێکی گرنگ لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بوو، پێکهاتنی کۆماری کوردستانیش، ڕووداوێکی نەتەوەیی و سیاسیی ئەوەندە گەورە بوو کە سەرەڕای تەمەنی کورتی، شوێنەوارێکی قووڵی لە سەر خەملاندنی ناسیۆنالیزمی کورد و ڕێبازی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد بەجێ هێشت.



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

٨٠ ساڵە خەباتی ئازادیخوازی و شۆڕشگێڕانەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی خاوەن ڕێژیمی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری ئێراندا، درێژەی هەیە. ٨٠ ساڵە حیزبی ئێمە، بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە جەرگەی ناوچەیەکی گەمارۆدراو بە پیلان و گەلەکۆمەگیی ڕێژیمە سەرکوتگەرەکان و هاوپەیمانەکانیان، ڕێبەری دەکا. ٨٠ ساڵ لە مەیداندا مانەوە و شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای خەبات بۆ ئامانجە پیرۆزەکان و مافە ڕەواکانی نەتەوەیەک، بێ هەبوونی ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی حیزبی دێموکرات لە نێو دڵی خەڵکی کوردستاندا مسۆگەر نەدەبوو.

حیزبی دێموکرات لە ڕۆژی یەکەمی دامەزرانیەوە نوێنەرایەتیی سەرەکیترین پرسی کۆمەڵی کوردستانی کردوە کە ڕزگاری لە بندەستیی نەتەوەیی و دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان بووە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە پشتیوانیی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان بۆ بە دەستهێنانی مافە ڕەواکانی کردوە و، هەوڵی داوە پێوەندییەکی دۆستانەی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانیان، هەبێ. حیزبی دێموکرات تەنیا لە دوو بڕگەی مێژووی خۆیدا - ساڵی یەکەم و دووهەمی دامەزرانی و، چەند ساڵی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران- دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی لە بەشێکی خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستەوە بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زۆربەی هەرە زۆری ساڵانی تەمەنیدا، تێکۆشانی ئازاد و قانوونیی لێ قەدەغە کراوە و ڕێبەری و کادری سەرەکیی بەڕێوەبەریی حیزب لە چیا و شاخەکانی کوردستان بە تایبەتی لە باشووری کوردستان، ئەرکی خۆیان بەڕێوە بردوە.

لە نێوخۆی وڵات، سەرەڕای ئەو دۆخە ئەمنیەتی و سەرکوتکەرانەیەی بە سەر کوردستاندا زاڵ کراوە، جوغرافیای نفووز و خۆشەویستیی حیزب و چالاکی و تێکۆشانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی، ڕۆژ بە ڕۆژ گەورەتر و زیاتر دەبێ و ڕووبەرێکی فراوانتر دادەگرێ. ٨ دەیە تێکۆشان و قوربانیدانی حیزبی دێموکرات، وشیاریی نەتەوەیی خەڵکەکەمانی بەرەوژوور بردوە و گیانی نەتەوەپەروەری و شوناسخوازیی تێدا بەهێز کردوون.

کاریگەریی حیزبی دێموکرات لە سەر بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد، هەر ئەوەندە نییە کە ڕۆڵی ڕێبەر و ڕێکخەری ئەو بزووتنەوەیەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر شانە. حیزبی دێموکرات و بە تایبەتی ڕێبەری مەزن، د. قاسملوو لە کاتی خۆیدا، ڕۆڵی یەکەمیان لە ناساندنی پرسی کورد بە بیانییەکان و ڕاکێشانی پشتیوانیی زۆر حیزب و کەسایەتی و ناوەندی گرنگی ڕۆژاوایی بۆ لای کورددا هەبووە کە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە گشتی لە قۆناغی جیاوازدا لە بەرهەمی ئەو تێکۆشانە دیپلۆماسییە بە نرخە سوودمەند بووە.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک بە تەمەنترین حیزبی کوردی، مافی خۆیەتی ئەگەر بە شانازییەوە ئاوڕ لە ٨٠ ساڵ خەباتی نەپساوەی پڕ لە قوربانیدانی خۆی بداتەوە، ڕۆژە پڕشنگدارەکان و دەسکەوتە گەورەکانی ئەو خەباتە وەبیر بێنێتەوە، قامک بۆ ئەو چەمک و بنەما و پرەنسیب و ڕێوشوێنە جوان و پڕ بەهایانە ڕابدێرێ کە هێناونیە نێو بزووتنەوەی نەتەوەیی و کولتووری سیاسی و حیزبی لە کوردستان. لەوە کە باشترین ڕێبەران، تێکۆشەران و ڕۆڵەکانی خۆی لە سەنگەرە جیاوازەکاندا بە سەخاوەتەوە ژیان و تەمەن و گیانیان بەختی ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەکەیان کردوە؛ سەبارەت بەوە کە مێژوویەکی خاوێنی تەژی خزمەت و بە دوور لە پەڵە و هەڵەی نەبەخشراوی هەیە؛ سەربەرز بێ و بە خۆی بنازێ. ڕابردووی دوور و درێژی خەبات و تێکۆشانی سەخت و خوێناوی، متمانە و ئیعتیبارێکی گەورە کە لە ئاستی نەتەوەیی وناوچەیی و جیهانیدا کۆی کردوەتەوە، بەرنامەیەکی سیاسیی جێکەوتوو و ڕێبازێکی نەتەوەیی و دێموکراتیی بۆ هەموو لا ناسراو کەحیزبی دێموکرات خاوەنیانە، خۆشەویستییەکی بێ سنوور کە ڕیشەی بە نێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا شۆڕ بووەتەوە، سەرمایەیەکی بە نرخ و بێهاوتای حیزبەکەمانن.

لە ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا، سڵاوی وەفا و ئەمەگناسی بۆ ڕێبەرانی شەهید، پێشەوا قازی محەممەد دامەزرێنەری حیزب و سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، د. قاسملوو بووژێنەرەوە و نوێکەرەوەی حیزبی دێموکرات، د. سادق شەرەفکەندی جێنشینی لێهاتوو و درێژەدەری ئەرک و بەرپرسایەتیی ئەو ڕێبەرە مەزنانە دەنێرێ. ئێمە لە ئاستی گیانی ئەوان و هەموو ئەو شەهید و نەمرانەی لە ڕێگای خزمەت بە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتدا سەریان نایەوە، سەری ڕێز دادەنوێنین. گیانی شەهیدانمان و هەموو ئەوانەی دێموکرات بە ڕووگەی خۆیان دەزانن، دڵنیا دەکەین درێژەدەر و پارێزەری شانازییەکانی ئەو مێژووە پڕ شکۆیە دەبین و تا گەیشتن بە ئامانجی ڕزگاریی نەتەوەکەمان، ئاڵای خەباتی دێموکرات شەکاوە و، چرای تێکۆشانی، گەشاوە ڕادەگرین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٨٠ ساڵەی دامەزرانیدا بە ئیمان بە سەرکەوتنی ئیرادەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەسەر ڕێژیمی سەرکوت و مافزەوتکەری کۆماری ئیسلامیدا، بەڵێن تازە دەکاتەوە کە بە ئیرادەیەکی پتەوترەوە ڕێگای وەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان درێژە دەدا. هاوکات دڵنیایە کە لەو پێناوەدا متمانە و پشتیوانی و هێزی لەبڕاننەهاتووی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی لە پشتە، لەگەڵ ئەوەشدا پێداگرە کە کاروانی خەبات و تیکۆشانی نەتەوەکەمان بە ئەرکوەخۆگریی ڕووناکبیران و خوێندکاران، لاوان و ژنان، چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵ دەگاتە مەنزڵ.

٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# حیزبی دێموکرات و گرینگیدانی بە پرسی کۆمەڵایەتی






**جەلیل گادانی**

**ئاماژە: ئەم وتارە کە دوایین نووسینی نەمر جەلیل گادانیە و دوو حەوتوو دوای کۆچی دوایی ئەو بڵاو بۆوە، بۆ کتێبی "حیزبی دێموکرات، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی"، تایبەت بە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب نووسرابوو.**



سەرچاوە Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

هێشتا ساڵێکی تەواو بەسەر هاتنی هێزی هاوپەیمانانی شەڕی دووهەمی جیهانی بۆ ئێران بە تایبەتی داگیرکردنی باکوور و ڕۆژئاوای ئێران لەلایەن ئەرتەشی سوور کە بوونە هۆی نەمانی هێزی نیزامیی ڕەزاشای دیکتاتۆر لە بەشێک لە کورستان تێنەپەڕیبوو، پیاوانی تێکۆشەری کورد لە شاری مەهاباد کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردیان لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١دا دامەزراند.

چونکو حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەمای ئەو کۆمەڵە دامەزراوە، بە پێویست دەزانم ئاماژە بە هێندێک لە کارەکانی بکەم. تێکۆشانی ئەو کۆمەڵە لە ناوچەی موکریان زۆر زوو پەرەی ئەستاند. حکوومەتی تاران لە کردەوەدا حاکمییەتی خۆی لەم دەڤەرە لەدەست چوو بوو. بەشی زۆری ئەرکەکانی حکوومەتی کەوتبوە سەرشانی خەڵک خۆی. لەو سەردەمیشدا کۆمەڵە ژ- ک یەکەم حیزبی نەتەوەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. وێڕای تێکۆشانی سیاسی و پەرەدان بە هەستی نەتەوایەتی لە زۆر شوێن بە تایبەتی لە شاری مەهاباد، زێدی لە دایکبوونی، زۆربەی گرفتەکانی خەڵکیان حەل دەکرد. بە تایبەتی لە دوو بواری فەرهەنگی و ئاسایشەوە هەنگاوی بەنرخی هەڵێناوە.

"قۆڵسوور"ەکانی ژ-ک خۆبەخشانە شەو و ڕۆژ ئامادەی خزمەت بوون، ئەرکی ئەمنییەت و ئاسایشی شاریان وەئەستۆ گرتبوو، هەموو کات ئامادەی بەرەنگاربوونەوەی هەر هێرشێک بوون کە ڕەنگبوو لە لایەن هێندێک عەشیرەتی هەلپەرست بۆ تالان و بڕۆ بکرێتە سەرشار.

لە زۆربەی گەڕەکەکانی شار بنکەی تایبەت داندرابوون. شەوانەش بە شێوەی گەڕۆک لە کوچە و کۆڵان و شەقامەکان ئەرکی پێ ئەسپێردراویان ئەنجام دەدا. ئەگەر ڕووداوێک لە دوور و نیزیک تەنانەت لە دێهاتی دەوروبەریش ڕووی دابا بە هانای خەڵکەوە دەچوون.

هێندێک بنیادی حکوومەتی وەک سەربازخانە کە ئەو هەمووە هێزەی تێیدابوو بە دوو بۆمبی گچکە و کەم هێزی تەیارە ڕەشەکەی سۆڤییەت کونە مشکیان لێ ببوو بە قەیسەری و هەڵاتبوون و چۆڵیان کردبوو، یا سیلۆ و ژاندارمەری کە بێخاوەن مابوونەوە، هەرچەند هێندێکیان تالان کرابوون، بەڵام ژ- ک پارێزەری تایبەتی بۆ دانابوون تا ساختومانەکان وێران نەکرێن و لەوەی کە لە یەکەم ڕۆژەکانی چۆلبوونیاندا تالان کرابوون زیاتر وێران نەکرێن. بۆ نموونە هەر سەربازخانەکە دواتر کرایە پێشمەرگەخانە.

لە بواری فەرهەنگیشەوە مەجالیان نەدا ئەو خوێندنگانەی هەبوون دابخرێن و ئەندامانی فەرهەنگیی شار کە زۆریان ببوونە



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

ئەندامی کۆمەڵەی ژ- ک نەیانهێشت قوتابییەکان لە خوێندن دواکەون، بەڵکوو هەنگاوی گەورەشیان هەڵگرت.

بە دانانی دوو قوتابخانەی شەوانە بە ناوەکانی "گەلاوێژ" و "ئازادی" بۆ فێرکردنی زمانی کوردی کە تا ئەودەم خوێندن و نووسین بە کوردی بە تەواوی یاساغ بوو خزمەتێکی باشیان بە لاوان کرد.

یەک لەو مەدەرسانە "گەلاوێژ" لە خانووی حاجی ئەحمەد گادانی لە گەڕەکی قووڵە قەبران، بە سەرۆکایەتیی مەلا عەبدوڵلا داوودی، ناسراو بە خاڵە مەلا یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ- ک و دووهەمیان لە گەڕەکی هەرمەنیان بە ناوی "ئازادی" لە کوچەی محەممەدی مەولوودی بە لێپرسراوی فەرهەنگیی بەوەج "عەلی گولجەبینی" بەڕێوە دەچوون. جگە لە چەند مامۆستای خۆجێیی بەڕێزان؛ ڕەوانشادان عوسمان دانش، محەممەد تۆفیق وردی، کەریم زەند، نووری ئەحمەد تەها بە نۆبە لەو دوو قوتابخانەیە دەرسیان دەگوتەوە.

ئەو بەڕێزانە توانییان لە ماوەیەکی کەمدا پۆلێک لاو بەچەشنێک فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بکەن کە پاش تەواوبوونی دەورەکەیان هێندێک لەوان بوونە مامۆستای کوردی گوتنەوە و خزمەتی باشیان کرد.

وابزانم زیاتر بە مەبەستی تەمرینی حکوومەتداری بوو کە ژ- ک میرمیرێنی نەریتی کۆنی کوردیی زیندوو کردەوە.

یەکیان بە میرایەتیی مستەفا سیاسەری لە گەڕەکی هەرمەنیان و ئەویتریان لە گەڕەکی ڕزگەریان بە میرایەتیی حەمەدەمین یا حەمەی حەسەن زارا بەڕێوە دەچوو.

ئەو دوو میرانە جو بەرگی تایبەتییان بۆ ساز کرابوو. هەرکام پۆلێک لاوی بەوەج و کارگێڕ یان قۆڵسووری ژ-ک یان بۆ دابینکردنی ئەمنییەت لە دەور بوو، هەر حوکمێکی کردبایان بەڕێوە دەچوو.

کۆمەڵەی ژ- ک بەهێنانە سەرشانۆی دوو نمایشی "سوڵتان سەلاحەدین" و "دایکی نیشتمان" لە مەهاباد و نەغدە و شنۆ و بۆکان، کە لە هەر کام لەو شارانە چەند ڕۆژ نیشان دران، کاریگەریی زۆری لە سەر گەشەکردنی هەستی نەتەوەیی و بڕوابەخۆ بوونی خەڵک کرد.

چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری بەپێزی "نیشتمان" وەک یەکەم بڵاڤۆکی کوردی لە ڕۆژهەڵات و ئۆرگانی کۆمەڵە لەو سەردەمەدا



سەرچاوە
Serchawe

یەک لە کارە بەرچاوەکانی فەرهەنگی و ڕووناکبیریی سەردەم بوو کە بۆ چاپکرانی چەند ژمارە دەچوونە تەورێز و لە ڕێگەی دۆستانێک کە دەستیان دەکاری چاپ و چاپخانەدا بووە، چاپیان دەکرد و دەیانهێناوە کوردستان و بڵاویان دەکردەوە. لەڕاستیدا خەڵک ئەوەندەیان بڕوا بە کارەکانی ژ- ک هەبوو کە نەتەنیا بە قسەی "فەرماندار"ی دیاریکراوی حکوومەتی ئێرانیان نەدەکرد کە لەوکاتەدا لە سەرۆک عەشیرەتەکان دادەندران، بەڵکوو یەک دوو جار بە خۆپیشاندان لە شار وەدەریان نان.

بە هاتنی قازی محەممەد بۆ نێو کۆمەڵەی ژ - ک و بوونی بە ئەندامی ئەم ڕێکخراوە، وەزعی ژ- ک زۆر بەرەو پێشتر چوو. هەم وەزنی چووە سەر و هەم کەسایەتییەکانی کوردستان لە دوور و نیزیک ڕوویان تێکرد. هەر وەک هێندێک لە ئەندامانی بەڕێوەبەری پێشبینییان کردبوو دوای ماوەیەک قازی محەممەد بوو بە مۆرەی هەرە گرینگی ئەم ڕێکخراوەیە.

دوای یەک دوو سەفەر بۆ ئازەربایجانی سۆڤییەت و نیزیکیی دۆستانە دەگەڵ فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان لە لایەک و پاش تەکبیروڕایەکی زۆری بەڕێوەبەرانی ژ- ک، بە حوکمی پێویستیی هەلومەرج و زەمان، بە دەنگی زۆربەی هەرە زۆری ڕێبەڕانی کۆمەڵە، ئەو ڕێکخراوە بوو بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان".

ئەو حیزبە مۆدێرنە بە ڕاگەیاندنی بەرنامەیەکی ٨ مادەیی کە لە ١ - ٨ - ١٣٢٤ بە واژۆی دەیان کەس لە ڕێبەڕان و کەسایەتییەکانی کۆمەڵە چاپ و بڵاو کرایەوە بوونی خۆی ڕاگەیاند. لەو ڕاگەیاندراوەدا بەشی بەرچاوی پێویستییەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگە گونجابوو.

لە ماوەیەکی کورتدا ئەو حیزبە کە لە سەر بنەمای کۆمەڵە دامەزرا، یەکەم کۆنگرەی هەر لە شاری مەهاباد بەست و دوای خستنە بەر باسی بەرنامەکە و باس و خواسێکی زۆر لە سەری، هەر لەم کۆنگرەیەدا گرینگیی زۆر زیاتر درابوو بە ٢٢ مادە کە دواتر لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٤ی هەتاوی دا بڵاوکرایەوە کە بریتی بوو لە چوار فەسڵ و ٢٢ مادە.

هەر لەو کۆنگرەیەدا قازی محەممەد وەک سەدری حیزب و ڕێبەڕ و ٢٣ کەس ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران. لەو بەرنامە نوێیەدا هەموو پێداویستییەکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و پێشکەوتوو، کە ئێستاش لە زۆر وڵات پیادە کراوە پێشبینی کرابوو.

**بۆ نموونە ئاماژە بە چەند خاڵ لەو بەرنامە دەکەین کە زیاتر باری دێموکراتی و کۆمەڵایەتیی دەگرتەوە:**

گەلاوێژی ٢٧٢٥

١- ناوی حیزب: حیزبی دێموکراتی کوردستانە.

بە باوەڕی من لێرەدا بۆیە ئاماژە بە ئێران یان بەشێک لە ئێران نەکراوە کە کوردستان بە یەک خاک و یەک نەتەوە دەناسێندرێ.

٢- حیزب لە سەر ئەو بناخەیە دامەزراوە: "حەقیقەت، عەدالەت، تەمەدون".

هەموو نیزامنامە و قانوونەکانی حیزب پاش پەسند کران لە کۆنگرە، جێبەجێ ئەکرێن.

بەم واتایە بۆ یەکەم جار حیزب لە ڕێبەریی تاکەکەسی و عەشیرەتی و کوێخامەنشی و شێخایەتی دەردەچێ و بەشێوەی دێموکراتیک و بڕیاری گشتی بەڕێوە دەچێ.

٤- هەروەها لە کوردستان ئەبێ لە سەر بنچینەی دێموکراسی، قازانجەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕەچاو بکرێ. ئەبێ بێ گوێدانە جیاوازیی میللی و قەومی و مەزهەبی، بۆ هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ مەجلیسی شوڕای میللی مافی وەک یەکیان هەبێ.

٥- ئامانجی حیزب بریتییە لە پەرەپێدانی دێموکراسی، لە سەر ئەو بنچینەیە تێدەکۆشێ بۆ خۆشی مرۆڤایەتی.

٨- یەکەمین هەنگاوی حکوومەتی میللی ئەوەیە دەس دەکا بە ئاوەدانکردنەوەی وڵات.

٩- ئەبێ هەموو مەئمورانی کیشوەری و سیاسی و دایرەکان و کشتوکاڵ کورد بن. لە ئیداراتدا دەبێ بە زمانی کوردی بنووسرێ.

١٠- حیزب تێدەکۆشێ بۆ گەشەپێدانی کشتوکاڵ ماشێن بکرێ و هەوڵ ئەدا ئەو بەروبوومەی جوتیاران بەرهەمی ئەهێنن، بەباشی بفرۆشرێ.

١١- حیزب تێدەکۆشێ بۆ ئاوەدانی و پاراستنی لەشساغی دێهات و بۆ نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لە ڕێی هاتوچۆ لە دێیەک بۆ دێیەکی دیکە.

١٢- حیزب بەبێ جیاوازی نەتەوایەتی و قەومی و مەزهەبی حیمایەت لە ژیانی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی و لەشساغیی هەموو زەحمەتکێشان دەکات کە لە کوردستان دەژین.

١٣- بە مەبەستی پەرەپێدانی زانست و شارستانیەتی نێو خەڵکی کوردستاندا خوێندنی قۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندی ئەکرێتە ئیجباری و لە هەموو قوتابخانەکاندا بە زمانی کوردی دەرس دەخوێندرێ.

١٩- حکوومەتی میللی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵکی کوردستان بە ڕێگای هەرزان و ڕەحەت، بەتوندی دژی سەلەم و گرانفرۆشی و موحتەکران ڕادەوەستێ.

٢١- ئەبێ لە هەموو کاروباری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژنان وەکو پیاوان مافی وەک یەکیان هەبێ.

٢٢- ئەبێ مافی کەمە نەتەوەکان کە لە کوردستاندا ئەژین، وەکوو ئازەربایجانی، ئەرمەنی و ئاشووری بەتەواوی دابین بکرێ.



سەرچاوە Serchawe

بە باوەڕی من نوقستانیی گرینگی ئەو بەرنامە ئەوەیە کە مادەی ٥ی بەرنامەی پێشوو هەڵگیراوە کە بریتی بوو لە: "دەبێ لە سەر ئەساسی قانوونێکی گشتیی نێوان لادێی و خاوەن ملکدا ڕێککەوتنێک پەسەند بکرێ کە دواڕۆژی هەر دوو لا دابین بکرێ.

بەمجۆرە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو بە جێی ئومێدی هەموو کوردێکی خاوەن هەست. لەڕاستیدا نەک هەر درێژەدەری هەموو کارە باشەکانی "ژ-ک " بوو، بەڵکوو گەلێک مەسەلەی نوێی هێنا ئاراوە کە لەگەڵ دنیای مۆدێرن و پێشکەوتوو دەگونجا و بێگومان نە لە حکوومەتی تاران بەڵکوو لە سیستەمەکانی پاشایەتی و کۆماریی دەوروبەر باسیشیان لێ نەدەکرا. ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو کە توانی لە دونیای قەیراناویی ئەو سەردەمەدا بە باوەشی گەرم چەند هەزار کەس لە بنەماڵە و جەنگاوەرانی پەڕیوەی دوای نسکۆی شۆڕشی بارزان وەرگرێ کە دوای هێرشی دڕندانەی ئەرتەشی حکوومەتی پاشایەتیی عێراق و پشتیوانیی هێزەکانی بریتانیا ڕوویان کردە ڕۆژهەلات. هەر لە شنۆوە تا بۆکان لە شار و گوندەکانی کوردستان جێگیریان بکا و بەو پەڕی دڵئاوڵاییەوە و بە هیمەتی خەڵکی دڵسۆز لەو وەزعە شپرزەیەی هەیان بوو ڕزگاریان بکا و بەپێی ئیمکاناتی ئەو سەردەم دەیانمەزرێنێ و دواتریش ڕاستەوخۆ لە کۆماری کوردستاندا بەشداریان بکا.
بێگومان لوتکەی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات کەلک وەرگرتن لە هەلومەرجی گونجاو و دەرفەتی هەڵکەوتوو، دامەزراندنی کۆماری کوردستانە. گەرچی ئەو کۆمارە بە پیلانی دوژمنانی تەمەنێکی زۆر کورتی هەبوو، بەڵام بە بۆنەی ئەو ڕەفتار و کارە باش و ناوازانەی کە لە ئەو ماوە کورتەی بوونیدا ئەنجامی داون بۆتە مادەیەکی مێژوویی جێی شانازیی کورد و کوردستانیان.

بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماریش جگە لە هێندێک کاری گرینگی سیاسی و ڕێکخراوەیی وەک هەڵکردنی ئالای کوردستان بەشێوەی ڕەسمی، ئامادەکردنی پێشمەرگەخانە بۆ پەروەردەکردنی هێزی پارێزەری نیشتمان، لە بواری فەرهەنگی، کۆمەڵایەتیشەوە هەنگاوی گرینگی وەک دانانی چاپخانە، بڵاوکردنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردستان و بە ڕۆژانە کردنی مەدرەسەی شەوانەی گەلاوێژ و ڕەسمیەت دان بە خوێندنی زمانی کوردی لە هەموو قوتابخانەکان هەڵێنرانەوە. لە هەمووی ئەوانە گرینگتر ئەوە بوو کە توانی ئاشتەوایی و برایەتی لەنێو ئەو هەموو عێل و عەشیرەتانە پێک بێنێ کە پێشتر بە دەسیسەی دوژمنانی کورد پێکەوە زۆر ناتەبا بوون و بەنرخی ئەو یەکدڵی و برایەتی و تەبایییە توانی کۆماری کوردستان دامەزرێنێ.

ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانەی لە ژێرەوە بە کورتی ئاماژەیان پێ دەکەم کە لە تەمەنی کورتی یازدە مانگەی کۆماریدا بەپێی بەندەکانی بەرنامەی حیزب بەڕێوە چوون. بێگومان ئەگەر هیممەت و ئیرادەی بەڕێوەبەران و ئەندامانی دڵسۆزی حیزب نەبا و باوەڕی قووڵ بە پیادەکردنی ئەو بەرنامە نەبایە لەو ماوە کەمەدا بە ئاکام نەدەگەیشتن.



سەرچاوە
Serchawe

١- بۆ یەکەم جار بەشدارکردنی ژنان لە کاری کۆمەڵایەتیدا و دامەزراندنی "حیزبی ژنان" یان "یەکیەتی یایانی دێموکرات."

٢- بەرچاوگرتنی مافی زەحمەتکێشان شار و دێ.

٣- ڕەسمیت پێدانی ڕێکخراوی لاوانی دێموکراتی کوردستان.

٤- بەرێکرانی پەنجا تا شەست کەس لە لاوە خوێندەوارەکان بۆ باکۆی پێتەختی ئازەربایجانی سۆڤییەت و تەوریز بۆ خوێندن.

٥- ڕەسمیەت دان بە خوێندنی دەرس بە زمانی کوردی لە هەموو خوێندنگاکان و نووسینی کاروباری ئیداری بە زمانی کوردی لە هەموو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار.

٦- بایەخدانی بە کردوە بە مافی کەمایەتییەکانی ڕەگەزی و ئایینی، دانانی مەکتەب و خوێندن بە زمانی خۆیان.

٧- یەک ڕەنگ و یەک فۆرم کردنی جلوبەرگی هەموو قوتابیان لە سەر تێچوی کۆمار.

٨- ئیجباری کردنی خوێندن بۆ هەموو ئەو کچ و کوڕانەی دەگەیشتنە تەمەنی خوێندن.

٩- دانانی کلاسی شەوانە بۆ خوێندنی گەورە ساڵان.

١٠- دانانی فەقیرخانە و کۆکردنەوەی سواڵکەران و بەخێوکردنیان.

١١- دانانی رادیۆی F.M بۆ ئاگادارکردنی خەڵک لە ڕووداوەکان.

١٢- یەکێک لەو کارانەی کۆمار کردی و تا ئەو دەم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هیچ دەوڵەتێک نەیکردبوو ئەوە بوو کە هەموو ئەو لاو و تازەلاوانەی کە لە بەر بێ ئیمکاناتی و بێکاری و نەداری لە کوچە و کۆڵانان یا لە بازار دەخولانەوە و سواڵیان کۆ دەکردوە، بە سەر ماڵە دەوڵەمەندەکاندا دابەشی کردن کە وەک منداڵەکانی خۆیان سەیریان بکەن و هەروەک کوڕ و کچانی خۆیان بە خێویان کەن و بیان نێرنە خوێندنگە. هێندێک لەوانە دواتریش درێژەیان بە خوێندن دا و پێگەیشتن.

هەرچەند تەمەنی کۆمار ئەوەندە کورت بوو نەیتوانی هەڵبژاردنی پارڵەمان بەڕێوە بەرێ، بەڵام بەگوێرەی پێویست لە لایەن دەوڵەتی کوردییەوە بۆ نرخی کەلوپەل پێشگیری لە گرانفرۆشی و زۆر مەسەلەی دیکە بڕیار دەدرا و لە ڕێگای ڕۆژنامە و ڕادیۆ و بڵیندگۆکانی دامەزراو لە مەیدان و شەقامەکانی شار یا بەشێوەی بانگەواز خەڵک لەو بڕیارانە ئاگادار دەکران. هەر بڕیارێکی درابا بە سەرڕاستی بەڕێوە دەچوو.

لە بواری ئاوەدانکردنەوەدا هەنگاوی باش هەڵگیرا، بۆ نموونە شوێنی سینەما سازکردن دیاری کرا و کەرەستەشی بۆ ئامادە کرا، بەڵام فریای سازکردن نەکەوت. یان بۆ نموونە، ئاوەڕۆی شاری سابلاغ بە درێژایی سێ کیلومیتر زیاتر لە دووسەد ساڵ هەر وا بەسەر ئاواڵەیی مابۆوە لە باشووری شار تا باکوور بە نێوەڕاستی شاردا دەڕۆیشت و بۆگەنیوی بێزارکەر بوو، بە نێوەڕاستی بازری شاریشدا تێدەپەڕی. بەڵام لە ماوەی چەند مانگدا بە خشتی سوور و خەرپشتە و تاق هەموویان داپۆشی و شاریان لەو زەلکاوە ڕزگار کرد و دیمەنێکی تازە لە پاک و خاوێنیان بە شاردا.



سەرچاوە
Serchawe

لە بواری پزیشکییەوە سەرەڕای ئەوەی شار تەنیا دوکتورێکی بەناوی "وێنەتان" لێ بوو، نەخۆشخانەی شێروخۆرشید تەنیا نەخۆشخانەی شار بوو کە ١٠ تا ١٥ قەرەوێڵەی زیاتر نەبوو، بە دەردی خەڵک ڕادەگەیشتن و دوکتورێکی ئەڕتەشی ئێرانیش بە ناو "موبەسیری" کە لە شەڕەکانی سەقزدا بەدیل گیرابوو ئیزنی پێدرا کاری پزشکی بکا و دواتریش چەندین ساڵ لە مەهاباد مایەوە و کاریگەری زۆر باشی لەسەر ئەم بابەتەوە هەبوو.

دوای کۆماریش کە حیزب هاتەوە سەر پێ و تێکۆشانی دەست پێکردەوە، ڕێبەرانی کاتی و ئەندامانی حیزب زۆر جار ڕێنوێنی و هاوکاریی خەڵکیان دەکرد. حیزب لە نێو خەڵکدا وا جێگای خۆی کردبۆوە کە لە کاندیدای حیزب لە مەهاباد بۆ پەرلەمانی دەورەی ١٦ ، شادڕەوان "سارم خانی سادق وەزیری" دەنگی یەکەمی هێناوە. بەڵام سەڵاحییەتی لە لایەن حکوومەتەوە ڕەد کرایەوە و کەسێکیان لە جێگای نارده پارڵەمان کە خەڵک نە دیبوویان و نە دەیانناسی.

هەروەها جوتیارانی بەشێک لە ناوچەکانی مەهاباد و بەتایبەتی بۆکان کە ساڵی ٣١ لە بەرامبەر دەرەبەگە ستەمکارەکاندا ڕاوەستان و ڕاپەڕین، حیزب هاوکاریان بوو. دواتریش کە هێزی ژاندارم و سوپای ڕێژیم سەرکوتیان کردن زۆر لەوانە لە لایەن مالیکەکانەوە لە گوندەکانیان دەرکران و هێندیکیان ماڵیشیان تاڵان کرا. بەڵام حیزبی دێموکرات بە ئەرکی خۆی زانی بە دەنگیانەوە چوو، ئەو غەدرەی لێیان کرابوو لە ڕێگای ڕۆژنامەکانی تارانەوە لە قاو دا و بە خەرجی خۆی شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دابین کردن تا خەریکی درێژەدان بە کەسب و کار و فەلاحەتی خۆیان بن.

هەر لە شاری مەهاباد و لە بەهاری ١٣٣٢ لە لای باشووری مەهابادەوە سێڵاوێکی سامناک هات و بەشێکی زۆر لە ماڵەکانی دوو گەرەکی"خڕێ" و "هەرمەنیان" پڕ ببوون لە ئاو و زیانی زۆریان پێ گەیشت. بەڵام بە هیممەتی ئەندامانی حیزب و لاوانی دێموکرات هەر بە کەرەسەی سەرەتایی ئاوی ماڵەکانیان بەتاڵ کرد. لە بەهاری ١٣٤٧ کە سێڵاو لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری مەهاباد هەستا و بەشێک لە ماڵەکانی سەر ڕێگەی خۆی داگرت، بەکردەوە هەر ئەندام و لاوەکانی حیزب لە مەیدانی هاریکاریدا بوون و کاربەدەستانی حکوومەت چاولێکەر بوون.

لە شۆڕشی هەژدە مانگەی ٤٧ - ٤٦ یش هەرچەند بەڕواڵەت دامودەزگاکانی دەوڵەتی دەسەڵاتی تەواویان هەبوو، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچانەی پێشمەرگە هاتوچووی دەکردن گرفتە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەکانی خۆیان دەبردە لای بەرپەرسان و پێشمەرگەکانی ئەو سەردەم تا چارەسەریان بۆ بدۆزنەوە و ڕێگە حەللی موشکلەکانیان نیشان بدەن.

سەرەڕای ئەوەی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی لە دوای کۆمارەوە هیچکات خۆشییان لە خۆیان نەدی و ئەندام و لایەنگرانی


سەرچاوە
Serchawe

بەشیان زیندان و دەربەدەری بوو، چەند جار بە کۆمەڵ گیراون، هێندێک لەوان ئێعدام کراون یا بە دەیان ساڵ لە بەندیخانەکاندا مانەوە، بەڵام کۆڵیان نەداوە و لە خەبات نەوەستاون.

هەر ئەندامانی حیزب بوون کە جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ یەکەم خۆپیشاندانیان لە سێ ڕۆژەی فەوتی هاوڕێ عەزیز یووسفی لە شاری مەهاباد وەڕێ خست و بەدوای ئەودا جەماعەتێکی ٤٠ کەسی گیران. بەڵام زۆر زوو ئەو خۆپیشاندانە هەموو شارەکانی کوردستانی گرتەوە و دەنگی خۆیان بە دژی ڕێژیم تێکەڵاو بە دەنگی گەلانی دیکەی ئێران کرد.

دەتوانم بڵێم ئەندامانی حیزبی دێموکرات یەکەم بەدیهێنەری شوڕای خەڵکی لە سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران لە شار و دێ بوون.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش ئەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان بوو لە هێندێک شاری وەک مەهاباد و بۆکان بۆ یارمەتیدانی ئەو پەنابەرانە کە لە ئاکامی شەڕ پێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی لە شارەکانی نەغەدە و سەقز ئاوارە بوون کۆمیتەی هیمدادی پێک هێنابوو تا بتوانێ جێگە و ڕێگایان بۆ دیاری بکا و بۆ کۆکردنەوەی یارمەتیی خەڵک بە کەم و کورتیش بێ ئیمکاناتی ژیانیان بۆ پەیدا کردن و پێیان ڕاگەیشتن.

لەو هەلومەرجە سەختەشدا حیزبی دێموکرات بە هاوکاریی خۆبەخشانە کلاسیان بۆ فێرکردنی زمانی کوردی دانا. هەرچەند نیگەرانی شەڕ پێفرۆشتنی کۆماری ئیسلامی بە کورد لە گۆڕێدا بوو، بەڵام بە هاوکاریی مامۆستا هێمن، مامۆستا حەسەن قەزڵجی، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە و چەند کەس لە فەرهەنگییانی مەهابادی وەک حەسەن سنجانی و ئەحمەد کاکە مەمی هەوڵ درا کتێبی دەرسی پۆلی یەکەمی سەرەتایی ئامادە بکەن.

دوای دامەزراندنی حکوومەتی کاتی بە سەرۆکایەتیی مێهدی بازرگان هێندێک لە دەرەبەگەکانی ناوچەکانی شنۆ، پیرانشار و سندووس خەریک بوون دەببە بەو جوتیارانە بکەن کە لە دابەشکردنی زەمانی شادا پارچە زەوییەکیان وەدەست کەوتبوو و لێیان بستێننەوە. حیزبی دێموکرات نوێنەری ئەو جوتیارانەی بانگ کردە مەهاباد بۆ ئەوەی داواکاریی خۆیان بە حکوومەت و خومەینی بگەیەنن و نەهێڵن غەدریان لێ بکرێ و بەڕێیان کردن بۆ تاران. بە فەرمانی حیزب، نووسەری ئەو دێرانە کە لەو کاتدا هەم بەرپرسی ڕێکخراوی حیزب لە تاران و هەم بەرپرسی کۆمەڵی کوردەکانی دانیشتووی تاران بووم کە تازە پێکمان هێنابوو، ئەو نوێنەرانەم لە پێشدا برد بۆ لای سەرۆکی حکوومەت و هەم بردمن بۆ قوم بۆ لای خومەینی کە قەولیان پێدان پێش لە دەستدرێژیی دەرەبەگەکان بگرن و نەهێڵن زەوییەکانیان زەوت کەنەوە.

هەر ئەو خزمەتە کۆمەڵایەتیانە و سیاسەتی دروستی حیزب بوونە هۆی ئەوەی کە لە هەڵبژاردنی مەجلیسی خوبرەگان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێر و کاندیدای حیزب بە دەنگی پێویست لە ورمێ سەرکەوێ. دواتریش لە هەڵبژاردنی دەورەی یەکەمی پارلمان لە کۆماری ئیسلامیشدا کە لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ بەڕێوەچوو، لە زۆربەی شارەکانی کوردستان کاندیداکانی حیزب سەرکەوتوو بوون و لە زۆربەی شارەکان هەڵبژێردران؛ کە دیارە نەگەیشتنە مەجلیس.

یا لە شەڕی بە سەر کوردستاندا سەپاوی سێ مانگەدا دێهاتی کوردستان ببێتە پشت و پەنای پێشمەرگە و حیزب و بە هاوکاریی خەڵک و فیداکاری پێشمەرگە توانی پاشەکشە بە خومەینی بکا و بە درۆ داوای وتوویژ بکا. (هەرچەند قەولەکانیان نەبردە سەر و بە دوای وەخت دا دەگەڕا تا ئەرتەش ڕازی بکا هاوکاریی بکا و خۆشیان تەیارتر کەن). بۆ ماوەی چەند مانگ شەڕ ڕاگیرا و خومەینی هەئیەتێکی بێ دەسەڵاتی بۆ وتوویژ ناردە مەهاباد. لە داخوازییەکی ٢٦ مادەییدا ئاکامی ئەم وتوویژانە نێردرا بۆ سەروک کۆمار (بەنی سەدر) و خومەینی، بەڵام قبووڵی نەکرد.

هەرچەند حیزبی دێموکرات دواتر بەو مەبەستەی کە نییەت پاکیی خۆی لەم وتوویژانەدا بسەلمێنێ، کۆی ئەو ٢٦ مادەیەی لە شەش مادەدا گونجاند و بۆی ناردن. بەڵام دیسانیش ئاکامی نەبوو، چونکە خومەینی شەڕی بە نیعمەت دەزانی. بۆیە جارێکی دی بە ئیمکاناتی نوێ و ڕازیکردنی ئەرتەش بۆ هاوکاریی سپای پاسداران و شەڕکردن دەگەڵ کورد بە ئاشکرا شەڕی بە کورد فرۆشتەوە و بە هەموو هێزیەوە لە چەند لاوە هێرشی کردە سەر کوردستان.

ئەوە لە کاتێکدا بوو کە کوردستان نەک هەر خۆی خەریکی دێموکراتیزەکردنی کوردستان بوو، بەڵکوو ببوو بە پەناگای هەموو ئەو هێزانەی لە دەست خومەینی تاران و باقی شوێنەکانی وڵاتیان بەجێ هێشتبوو.

بە دوای ئەو هێرشەدا گەمارۆی هەمەلایانە خرایە سەر کوردستان. ژیان لە شار و دێ یەکجار سەخت بوو لە هەلومەرجێکی وەهادا کە دەفتەری سیاسی نەیدەویست بۆ پێشگیری لە کوشتار و وێرانی شارەکان بڕیاری دابوو لە شاردا شەڕ نەکا، لە شار دوور کەوتبوونەوە، لە پێشدا لە ئەشکەوتانی دۆڵی شێخان لە مەنگوڕایەتی و دواتر لە گوندی شیوەجۆی گەورکایەتی سەردەشت نیشتەجێ ببوون.

هەر لە دۆڵی شێخان بیرۆکەی دانانی "ڕادیۆ دەنگی کوردستان" هاتە ئاراوە و بەزەحمەتی زۆری ڕەوانشادان؛ ئەندازیار خەیاتی، کاک خەلیل گادانی و سەید ڕەسووڵی دەهقان لە ڕۆژی ٢٧/ ٣/ ١٣٥٩ ئامادە کرا و بە پەیامی شەهید دوکتور قاسملوو دەستی بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی کرد کە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لە سەر کاروباری حیزب و ورەی

پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان هەبوو. ئەوە ماوەی چل ساڵە سەرەڕای سەدان کەند و کۆسپی سەر ڕێگا لە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی بەردەوامە.

لەوهەلومەرجەدا زۆرجار خەڵک بۆ گازندە و گرفتەکانی خۆیان ڕوویان لە حیزب دەکرد. زۆرکەس لە شار و دێ دەهاتن و زۆربەشیان ڕوویان لە سکرتێری حیزب بوو، حەزیان دەکرد دوکتور قاسملوو ببینن. وای لێ هات لە بەر دیتنی خەڵک و وڵامدانەوەیان بەڕێوە بردنی ئەرکەی خۆی بۆ بەزەحمەت بوو.

لە کۆبوونەوەی دەفتەری سیاسی بیر لەوە کراوە ڕێگاچارەیەک بدۆزینەوە کە بتوانین وەڵامدەری داواکاری خەڵک بین و ئەو زەحمەتە لە سەر شانی دوکتور هەڵگرین. دوای کۆنگرەی پێنج لە سەر پێشنیاری نووسەری ئەم دێڕانە، دەفتەری سیاسی بڕیاری دا حیزب کۆمیسیۆنێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە کۆمەڵایەتییانە پێک بێنێ.

شەهید دوکتو قاسملوو عادەتێکی هەبوو، ئەویش ئەوە بوو هەر کەس پێشنیاری بۆ کارێک کردبا و بە دڵی با، دەگەڵ پەسندکردنی پێشنیارەکە دەیفەرموو: "زۆر باشە و بۆخۆشت بەرپرسیارەتییەکەی وەئەستۆ بگرە."

هەر لەوکاتەوە من کە لە شەڕی سێ مانگە ڕا هەتا دوای کۆنگرەی پێنج بەرپرسی ڕێکخستنی گشتیی حیزب بووم، ڕاسپێردرام ئەو کۆمیسیۆنە پێک بێنم. هەرچەند لەپێشدا هێندێک ئۆرگانی وەک نەخۆشخانە و دەرمانگا و تاق و لۆق مەدرەسە و بەندیخانە هەبوون، بەڵام بە سیستم نەکرابوون و زیاتر بە سەلیقەی شەخسی کارەکان دەکرا. نووسەری ئەو دێڕانە لە ماوەیەکی کەمدا گەڵاڵەی چلۆنایەتیی بەڕێوەبردنی ئەو کۆمیسیۆنەی ئامادە کرد کە پاش تێڕوانینی پێویست پەسند کرا.

**ئەو کۆمیسیۆنە بەپێی گەڵاڵە و ئاییننامە لە حەوت بەش پێک هاتبوو کە بریتی بوون لە:**

١- کۆڕی پەروردە و فێرکردن
٢- قەزایی
٣- شەهیدان
٤- دەرمانی
٥- بەشی شووراکان

٦- زەوی و زار

٧- ڕێگەوبان.

لە ماوەی یەک - دوو مانگ دا بۆ هەرکام لەو بەشانە سمیناری بەرین بە بەشداریی کەسایەتیی پسپۆر و زانستی و بەئەزموون پێکهاتن و بیر و ڕایان لە بەرچاو دەگیرا و هەروەها بە لەبەر چاوگرتنی یاساکانی پێشووی حکوومەتی و نەریتە باشەکانی کوردەواری و هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان بە تایبەتی بەشە ڕزگارکراوەکەی گەلاڵەیەک ئامادەکراو بە دوای پەسندکردنی لە لایەن دەفتەری سیاسییەوە بە کردەوە پیادە کرا.

دیارە لە بنەڕەت ڕا ئەوانە هیچکام کاری حیزب نەبوون، بەڵام لە لایەک هەڵوێستی نابەرپرسانە و دوژمنکارانەی ڕێژیم و بە تایبەتی شەڕ پێفرۆشتن و گەمارۆ هەمەلایانەکانی، لە لایەکی دیکەوە فیداکاری و ئامادەیی ئەو خەڵکە بێبەش کراوە لە هەموو مافەکانی، ئەوەی دەخواست کە حیزب گرفتەکانیان پاشگوێ نەخا، دەبوو لە لایەک بە هێزی پێشمەرگە تا ئەو جێگایەی دەتوانێ بەرەنگاری دوژمن بێتەوە و نیشتمان بپارێزێ و لە بواری کۆمەڵایەتیشەوە بە دامەزراندنی ئەو کۆمیسیۆنە بە هانایانەوە بچێ.

گەڵاڵە پەسندکراوەکانی هەرکام لەو حەوت بەشە ئەوەندە عادڵانە داڕێژرابوون و پیادەکران کە زۆر جێگەی ڕەزامەندیی خەڵک بوون و ئەوەی کراوە لە زۆر شوێن ئێستاش وەک خۆی ماوەتەوە و بۆ بەرژەوەندی جەماور کەڵکیان لێ وەردەگیرێ.
پێویستە وەبیر خوێنەرانی بەڕێزی بێنمەوە کە لە زۆربەی کۆمیتە شارستانەکان کەس و بەشی تایبەت دیاری دەکران کە وەک بەشێک لە کۆمیسیۆن ئەرکەکانیان بەڕێوە بەرن.

بۆ ئەوەی بە پێچەوانەی گەمارۆی هەمەلایەنەی کۆماری ئیسلامی و خۆدزینەوەی لە دانی بودجەی دیاریکراوی ئەو بەشە لە کوردستانی ئازادکراو و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست کارەکان هەرچی باشتر بەڕێوە بچن، بۆ هەر کام لەو بەشانەی باس کران دەورەی تایبەت لە لایەن پسپۆڕانەوە بۆ ئامادەکردنی کادری لێزان دادەندرا و تێکۆشەرانی بە ئیمان بە تایبەت لاوە دڵپاک و دەرسخوێن و کورد پەروەرەکانی کوردستان بە هەستی خاوێن و لێهاتوویی و ئیمانی پتەوی کوردایەتی لە هەموو بوارەکاندا پاش تەواوکردنی سەرکەوتووانەی دەورە ئەرکی پێ سپێردراوی خۆیان بەڕێوەبرد.

بۆ وێنە لە ماوەی یەکساڵدا لە بەشی هەرە زۆری کوردستانی ئازاد شوراکانی خەڵکی بەشێوەیەکی دێموکراتیک دامەزران و کارەکانیان ڕادەپەڕاند.

زیاتر له ٧٠٠ مامۆستا بۆ دەرس گوتنەوەی زمانی کوردی و باقی دەرسەکان بۆ پێڕاگەیشتنی نیزیکەی ١٠ - ١٢ هەزار قوتابی بە تایبەت له گوندەکان پەروردە کران.

ئەوەندەی من لەبیرمە هەر له ماوەی ئەو سێ چوار ساڵەدا ئەو کتێبانە بە کوردی ئامادە و چاپکراون، مامۆستا و قوتابی کەڵکیان لێ وەردەگرتن:

١- خوێندنی زمانی کوردی بۆ پۆلی یەک
٢- ئەژمێری یەک
٣- زانستی ئەزموون
٤- ئەژمێری دوو
٥- ژیان و خەبات بۆ گەورە ساڵان
٦- وەرگێرانی علوومی فارسی بۆ پۆلی ٢ی سەرەتایی له فارسیەوە بە کوردی
٧ - چاپ کردنی کورتەی زانستی.

هەر لەو ماوەدا دەیان کادری دەرمانی له ژێر دەستی دوکتورە کوردەکان و دوکتور و پەرستارەکانی دوو ڕێکخراوی A.M.i و ڕێکخراوی پزیشکانی بێسنوور بۆ پێڕاگەیشتن بە کاروباری دوو - سێ نەخۆشخانە و نیزیکەی ٢٠ دەرمانگای شۆڕش له ناوچە ئازاد کراوەکان - ئەو بەشە بێجگە له عەمەلیاتی پێشمەرگە بریندارەکان و بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەکان جێگەی هیوا و ئومێدی خەڵک بوون. چوونکە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە له خزمەت خەڵکدا بوون. پێم‌وانییە خەڵکی ناوچەکان هیچکات خزمەتەکانی نەخۆشخانەی حیزب له بەیرەم، قالوێ، سوێناس، کانی‌زەرد، دەشتێ، کارێزە، بۆڵێ و کۆیە و شوێنەکانی دیکە له بیر بەرنەوە.

هەروەها بۆ بەشی قەزایی جگە له پەسندکردنی یاسای سزادانی گشتی، دەیان کادری قەزایی خاوەن بەرپرسایەتی لەژێر چاوەدێریی هاوڕێیانی پسپۆڕدا پەروردە دەکران. بێجگە له پێڕاگەیشتن بە پەروەندەی چەند هەزار دیلی شەڕی ڕێژیم لەو ماوەیەدا و ئازادکردنی بەشی هەرە زۆریان؛ کە دەردەکەوت بە چاو بەستراویی و بێ خەبەری فریوی ڕێژیمیان خواردبوو و هاتبوونە شەڕی کورد.

پێوەندیی مرۆڤانە و جوانمێرانەی بەرپرسانی بەندیخانە لەگەڵ بەندییەکان بە شێوەیەک بوو کە بە هیچ جۆر لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe

ڕێژیمی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی بەرئاوەرد ناکرێ. لە بەندیخانەدا جگە لە ڕوونکردنەوەی بەندییەکان لەسەر ماهییەتی کۆماری ئیسلامیی و ئاخوندە خوێنڕێژەکان و ئامۆژگاری پێویست، کلاسی کوردی و فارسی و ئینگلیزییان بۆ دادەندرا و ڕۆحی هاوکارییان تێدا بەهێز دەکرا. زۆربوون ئەو بەندییانەی دوای ئازاد بوون دەهاتنە ڕیزی حیزب و دەبوونە پێشمەرگە. هێندێک لەوان گیانبازیشیان کردو شەهید بوون. خەڵک بۆ چارەسەری گرفتەکانی خۆیان ڕوویان لە ناوەندە قەزایی و نوێنەرانی لە کۆمیتەی شارستانەکان دەکرد. قانوونی سزادانی گشتی بۆ خزمەت بە خەڵک و ژینگە دامەزرا بوو. بڕینی دار و لێڕەوار، ژن هەڵگرتن، گەورە بە چووکە بەمێرددان، بەرخوێندانی کچ بۆ برا، بەرتیل وەرگرتن هەموو ئەو نەریتە کۆن و خراپانەی کوردەواریی قەدەغە کرابوو، هەر تاوانێک سزای خۆی بۆ دیاری کرابوو. ئەو بەشەش خزمەتێکی باشی بە کۆمەڵگە بەگشتی و ژنی غەدرلێکراوی کورد بە تایبەتی کرد.

کێشەی زەوی و زار کە لە سەرەتای شۆڕشدا وەزعێکی نالەباری پەیدا کردبوو، هەر ئاغا بوو لە ڕەعیت ڕۆدەهات و هێزە چەپڕەوەکانیش دواتر بە کەیفی خۆیان و بێ بەرنامە دەستیان لەو مەسەلەیە وەردەدا و بە گوریسان زەوییان لە یەکێ دەستاند و دەیاندا بە یەکی تر و ئاڵۆزیی لەسەر ساز دەبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای موتالا و لێکدانەوەی بۆچوونی ئەرباب و ڕەعیت و کەسانی پسپۆڕی ئەو بابەتە بەپێی هەڵسەنگاندنی وەزعیەتی تایبەتیی کوردستان بەرنامەی پێویستی بۆ ئەو ئەرکە داڕشت و خستیە نێو چوارچێوەیەکی ئوسوولی و بەپێی وەزعییەتی هەر ناوچەیەک زەوی و زاری زیاتر لە حەدی نیسابی بەشێوەیەکی عادڵانە بە نێو قەرە و جووتیاراندا بەش کرد. لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران هێکتار زەوی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشدا دابەش کرا. هێندێک جار مالک بۆخۆی داوای دەکرد با کوڕەکانی حیزب بێن لە گوندەکەی ئەوانیش ئەو کارە بکەن. ڕەنگە زۆر سەیر بێ لە تەواوی ئەو دابەشکردنەی زەویدا دوو سکاڵا بە کۆمیسیۆنی زەوی و زار و قەزایی گەیشت کە یەکێکیان بە قازانجی خاوەن ملک و یەکێکیان بە سودی جوتیار یا قەرەیەک حوکمیان لەسەر درا.

بەشی ڕێگەوبان بە سەدان کیلۆمێتر ڕێگای خاکی لەو ناوچە شاخاویانەدا بۆ هاسان کردنی هاتووچۆی گوندیەکان لە ناوچە ئازاد کراوەکان لێدا. هەر بۆ ئەو مەبەستە چەند پردی گرینگ دروست کران یا چاک کرانەوە بۆ نموونە پردی قەڵاتاسیان لە ناوچەی سەردەشت. ئەو پردە زیاتر لە ١٠٠ ساڵی تەمەن بوو، بەڵام سەرەکەی چەپەر بوو. نە لە زەمانی قاجار و نە لە زەمانی پەهلەویدا و نە لە زەمانی کۆماری ئیسلامیدا دەستکاری نەکرا. بەشی ڕێگەوبانی حیزبی دێموکرات بە هیممەتی خەڵک چەپەری کردە چۆمەنتۆ.



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

بۆ شەهیدانیش هەواڵی شەهید بوونیان لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان ڕادەگەیەندرا، ژیانامەیان ئامادە دەکرا. تا کەم بوون ساڵ بە ساڵ لە ڕادیۆ یادیان دەکرایەوە. هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی وێنەکانیان دەدرا. جارجار پیشانگای وێنەشیان دادەندرا.

یەکەم پیشانگا بەر لە شەڕی سێ مانگە لەلایەن لقی حیزب لە تاران لە شوێنێکی هەڵکەوتوو لە مەیدانی کەندی بە ٥٠ تا ٦٠ وێنەی شەهیدانی زەمانی کۆمار و شەهیدانی شۆڕشی ٤٧-٤٦ دانرا و لە ماوەی ١٠ ڕۆژدا ٣٠٠ تا ٤٠٠ هەزار کەس هاتنە تەماشا و دوایە هەر ئەو وێنانە بۆ شارەکانی مەهاباد، بۆکان و کرماشان گوێزرانەوە و نوێنگەیان پێدانرا و پێشوازیی گەرمی لێکرا.

تا شەهیدەکان کەم بوون و لە ڕۆژهەلات بووین بەگوێرەی ئیمکان یارمەتییەکی ڕەمزی بە بنەماڵەی شەهیدەکان دەدرا. لە کوردستانی باشووریش بۆ ماوەیەک ئەو بنەماڵانەی بۆ سەردان دەهاتن ئەو یارمەتییە ڕەمزییەیان دەدرایە.

یەکەم کتێبی شەهیدانیش لە ساڵی ١٣٦٨ لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان (ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ) لە ٤٦٣ لاپەڕەدا بە وێنەی هەزاران شەهید بە ناوی " شەهیدانی نەمری حیزب و گەل" چاپ و بڵاوکرایەوە کە تا ئەوکات هیچ حیزبێکی کوردستانی کاری ئاوایان بۆ شەهیدەکانیان نەکردبوو.

هەموو ئەو حەوت بەشەی کۆمیسیۆنی کاروباری کۆمەڵایەتی لە لایەن بەشی نوێنەرانی کۆمیسیۆن لە کۆمیتە شارەستانەکان ڕاپۆرتی تێکۆشانی مانگانەی خۆیان دەناردەوە ناوەندی کۆمیسیۆن تا ڕادەی چوونە پێشی کارەکانیان دیار بێ و هۆی جێبەجێ نەبوونی بەشەکەی دیکەش دیاریی بکرێ و ڕێگە چارەی بۆ بدۆزرێتەوە.

دەتوانین بڵێین دوای کۆمارە ساواکەی کوردستان ئەوە مەیدانێکی کردەوەی دەوڵەتداری بوو کە بە سەر حیزبدا سەپێندرا بوو، بەڵام سەرەڕای کەمی ئیمکانات و نەبوونی پارەی پێویست ئەرکەکان بەباشی و ڕێژەیی بەڕێوە چوون و جێگای ڕەزامەندیی خەڵکی گەمارۆدراوی کوردستان بوون.

**ئاماژە:** ئەم وتارە کە دوایین نووسینی نەمر جەلیل گادانیە و دوو حەوتوو دوای کۆچی دوایی ئەو بڵاو بۆوە، بۆ کتێبی "حیزبی دێموکرات، قەڵای خۆڕاگری ناسنامەی نەتەوەیی"، تایبەت بە ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب نووسرابوو

١١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# حیزبی دێموکرات لە نێوان ئیسلامی نەریتخواز و فێندەمنتالیزمی ئیسلامیدا






شەفیع ئاراستە (شاهۆ مەتین)

دین واقعێکە لەگەڵ بەڕێکخراو و کۆمەڵایەتی بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤەوە بە درێژایی مێژوو تاکوو ئێستا هەبوە و لەهەر سەردەمێکدا شێوازی تایبەتیی وەرگرتوە و ڕاستەوخۆ بەشێکی گرینگ و شوێندانەر لەنێو کۆمەڵگە پێک دێنێ. بۆیە پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و ئایین جێگای سەرنج و باسە. چۆن ئایین وەک دابونەریت و بەهاکان هیوای بە داهاتوو لە خۆ

دەگرێ.

خۆرهەڵاتی نێوەڕاستیش شوێن و ناوەندی دەرکەوتنی زۆربەی ئایینەکان بە تایبەت سێ ئایینە ئاسمانییەکەیە، کە لە هەر سەردەمێکدا ئەم ئایینانە وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و چاکسازی لە بەستێنە جیاوازەکاندا هاتوونە ئاراوە.

نەتەوەی کورد و نیشتمانی کوردستانیش کە لەم سنووره جوغرافییەدا هەڵکەوتوە، باوەڕمەند بە ئایینی ئیسلام کراوە و بەها و سروشتە ئایینییەکان لەنێو کوردا وەک دابونەریتێکی ئایینی-کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرێن و پیرۆز ڕادەگیرێن. بەڵام بە هۆی دراوسێییەتی کورد لەگەڵ سێ نەتەوەی سەردەستی کوردستان (فارس، تورک و عەرەب) و بوونی دوو مەزهەبی (شیعە و سوننە) و پەیڕەو کردنی ئەم دوو مەزهەبە لە لایەن دوو ئیمپراتوریەتی داگیرکەری عوسمانی و سەفەوی، خەڵکی کوردستان وەک ئاوی بەرداشی دوژمن هەرجارێک لە لایەن ئیمپراتوریەتێکەوە دژی ئەویتر بە ناو و پاساوی دینییەوە بەکار هاتوون و زێد و ڕۆڵەی کوردان بووتنە سووتەمەنیی شەڕێک کە زیانەکەی بۆ نەتەوەی کورد بووە و قازانجەکەشی چۆتە باخەڵی سەفەوی و عوسمانییەکانەوە.

شەڕی مەزهەبیی چالدێران لە ساڵی ١٥١٤ی زایینی لە نێوان دوو ئیمپراتوریەتی سەفەوی و عوسمانی کە ئەو سەردەم کورد خاوەنی میری خۆی و دەسەڵاتی لە سنووری خویدا هەبوو، لەلایەک بوو بە نەگبەتی و نەهامەتی بۆ خەڵک و؛ هاوکات خاک و نێشتمانی کوردانیش لە نێوان ئەم دوو زلهێزەدا دابەش کرا. دواتریش کە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی میرنشینەکان لە سۆنگەی بەهێزبوونەوەی هەر کام لەم دوو ئیمپراتۆرییە بە ناوی بەرگری لە خاک و یەکگرتوویی ئاینیی و نیشتیمانی لەنێو دەبرێن.

لە سەرەتای سەدەی ١٩ بەو لاوە دەوڵەت - نەتەوەکان لەسەر ئەساسی خاک، خەڵک و دەسەڵات و کولتووری هاوبەش دروست دەبن، و ئیمپراتۆرییە دینییەکان لەبەر یەک هەڵدەوەشێن. لەم قۆناغەدا و لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەمدا لەنێو کوردانیش وەخۆهاتنەوەیەکی مەعریفی لە بەرامبەر شوناس و دروستکردنی دامەزراوەیەکی سیاسی لە قالبی دەوڵەت لەنێو هزر و ئەندێشەی مرۆڤی کورددا بیچم دەگرێ. هەڵبەت لەو سەردەمیشدا شێخەکان بەهێزترین دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی، دینی و سیاسیان لەسەر ئاستی کوردستاندا هەبوو، و زۆربەی شۆڕشە نەتەوەییەکانی ئەو سەردەم هەتا دەستپێکردنی شەڕی دووهەمی جیهانی لەژێر سەرکردایەتیی شێخەکاندا کراون و کەسایەتییە ئاینییەکانی کورد هەستی ئایینی و سۆزی نیشتمانییان ئاوێتەی یەکتر کردبوو بۆ ڕزگاری نەتەوەیی و گەیشتن بە کیانێکی سەربەخۆی نیشتیمانی و ئازاد. بەو پێیە بنەمای خەبات و داخوازیی شێخانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئینسانی بوو و ئامانجیشیان وەدەستهێنانی مافی

ڕەوای کورد و ژیان لە ئاشتی و ئازادییدا بووە، هەتا لەو ڕێگەیەوە ناعەدالەتیی نەتەوایەتی و دینی لەدژی گەلی کورد بنەبڕ بکەن.

بە سەرنجدان بە هەڵوێست هەرکام لەو کەسایەتییە نیشتیمانپەروەرانە (شێخەکان) بۆمان دەر دەکەوێ کە ئەو مێرخاسانە دینیان لە خزمەت نیشتیماندا خۆش ویستوە و پێیانوابوو ئایین ئەرکی خستووەتە سەر شانی خەلکی باوەڕمەند کە دەبێ نیشتیمانیان ڕزگار بکەن. واتە ئەم ڕێبەرانە سیاسەتی مەعنەوییان پەیڕەو کردوە و لەسەر بنچینەی ئایین و ئیمان پیرۆزییان بە خەباتی نەتەوایەتی داوە و بڕوا و ئیمانی تاکی موسلمانیان خستووەتە خزمەت تێکۆشانی بێوچان بۆ سەربەستی و ئازادیی گەلەکەیان.

**کریس کۆچێرا لە شرۆڤەی دروستبوونی بزووتنەوی نەتەوەیی کورددا ئاماژە بە سێ قۆناغ دەکا:**

**١- قۆناغی فیۆدالی.**

**٢- قۆناغی ئایینی (قۆناغی زاڵبوونی سیاسەتی مەعنەوی) کە چینێکی نوێ لە ڕێبەران کە زۆربەیان پیاوانی شێخانی تەریقەتی قادری و نەقشەبەندی بوون و سەرکردایەتیی شۆڕشیان گرتۆتە ئەستۆ.**

**٣- قۆناغی سیاسی لە سەدەی بیستەمدا کە حیزبەکان دێنە گۆڕەپانی سیاسەت.**

کۆچێرا پێیوایە زۆربەی ئەم ڕێبەرە ئایینییانە لایەنگری جیهانی ڕۆژئاوا بوون و لە ئایدیای ئەوان (ڕۆژئاوایی) یارمەتییان وەر دەگرت و، هێدی هێدی چەمکی ناسیۆنالیزمی ڕۆژئاوایی لەسەر دەستی ڕووناکبیرانی سەر بە شێخانی نەقشبەندی و قادرییەوە لە کۆمەڵگەدا بڵاو دەکرایەوە و ئامانجی هەموو شۆڕشەکانیش وەرگرتنی مافی سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەسەڵاتێکی نەتەویی بوو کە لە پێناویدا لە هەستی ئایینی و نیشتمانی کەلکیان وەر دەگرت. بە واتایەکی دی لە سیاسەتی مەعنەویدا کە شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی و قادری جێبەجێکاری بوون؛ ئازادی، بەرابەریی نەتەوەیی و دینی، لێبوردەیی، دادپەروەری بایەخەکانی مرۆڤایەتین و هۆی بەدیهێنانی ئەمانەش ئەرک و ئەخلاقە.

بە پێی پۆلێنبەندییەکەی کۆچێرا لە هەمبەر دروست بوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، لە نیوەی سەدەی بیستەمدا حیزبی نەتەوەیی-سیاسی بە شێوی حیزبێکی خاوەن پلان و قەوارە لەدایک دەبێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دروست بوونی حیزبی دێموکراتی کودستان لە شاری مەهاباد و لە سەردەستی پێشەوا قازی محەممەد لە ساڵی ١٣٢٤هەتاوییدا.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

کەشوهەوای ژێئۆپۆلێتیک و ژێئوسیاسیی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، لەبەریەک هەڵوەشانی حکوومەتی ناوەندیی ئێران، نەمانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی ڕەزا شای پەهلەوی و دابەشبوونی ئێران بە سەر دوو دەسەڵاتی بەریتانیا و سۆڤیەیت ئەو دەرفەتەی بۆ کورد ڕەخساند کە لەو هەلومەرجەدا کە شنەبای ئازادیی سیاسی هەڵیکردوە، نەتەوەی کوردیش سەردەمیانە و بە پێی میساقە نێودەوڵەتییەکان پێوشوێنی مافەکانی کەوێ. بۆیە بزاڤی نەتەوەیی کورد بە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پاش سێ ساڵ تێکۆشانی نهێنیی کۆمەڵەی ژێکاف توانیی لە چوارچێوەی حیزبێکی مۆدێرنی نەتەوەیی سیاسیدا خۆی ڕێک بخا و لەسەر ئەم پاشخانە مەعنەوی و مەعریفیە بەهێزە لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا دەوڵەتی کۆماری دیمۆکراتیکی کوردستان دابمەزرێنێ.

بە پێی لۆژیک و لە پێناو ڕاڤەی دروستی پێوەندیی نێوان ئایین و سیاسەت لە ئاستی کۆمەڵگەدا و بە سەرنجدان بە نێوەرۆکی دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات و دەوڵەتی کوردستاندا دەبینین کە لە هەر دوویاندا ڕێز لە ئایین و بیروباوەری دینی نراوە و لە حیزبی دێموکراتدا زیاتر لایەنی پێکەوەسازان، ئاشتی و ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان ڕەچاو کراوە. ئازادیی ڕا دەربرین و پلۆرالیزم بە مەرجی پاراستی ئازادییەکانی تر و ڕێزگرتن لە کەرامەتی تاکەکانی کۆمەڵگە وەک کۆڵەکەی بنەما فیکرییەکانی دێموکرات پێناسە کراوە کە حیزبی دێموکرات خەباتی بۆ دەکا و پێیوایە دێموکراسی کۆکەرەوەی جیاوازییەکانە لەژێر چەتری دێموکرات و بۆ پێکەوە بوون، پێکەوە ژیان، ئازادی ڕادەربرین، ئازادیی نووسین، بیرکردنەوە و پاراستی مافی هاووڵاتی و بەرفراوان کردنی پانتایی ڕەخنەی تەندروست وەک دەرکەوتەی فەزای دێموکراسییەت و مەدەنییەت تێدەکۆشێ و کوردستان بە لانکەی شارستانییەت و پێکەوە ژیان دەزانێ. هەر لەسەر ئەم لۆژیکەی پێکەوە ژیانەیە کە دەبینیین لە کۆماری دێموکراتیکی کوردستاندا جولەکەکانی ڕۆژهەڵات پشتیوانیی کۆماری کوردستانیان کردوە و کەسێک بە ناوی (داوود زادە) وک نوێنەری جووەکانی مەهاباد لە ڕۆژی ٢ی ڕێبەندانداندا بەڕەسمی پشتیوانیی جووەکانی ڕۆژهەڵاتی بۆ کۆمار دەربڕیوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هەموو بڕگەکانی ژیانیدا ڕێزی بۆ ئیسلامی دێموکراتیک و نەتەوەیی داناوە و، لە جیاتی نکۆلی و سڕینەوی ئایین و مەزهەبەکانی تریش بە ڕۆحی برایەتی و لێبووردنەوە مامەڵەی لەگەڵ هەموو ئایینزا و باوەرەکان کردوە.

لە ڕاڤە و لێکدانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ئەوە جێگیرکراوە کە ئەگەر نەتەوە ئازاد و نیشتیمان سەربەخۆ نەبێ، ئایین و ئیمانیش وەک کولتووری نەتەوەیی پەسند ناکرێن و بڕوای وایە کە نیشتیمانپەروەری نەبێ، ئایینیش نابێ. چونکی ئایین بە سەربەخۆیی و ئازادییەوە بوونی هەیە و، ئەو موسوڵمانەی باش لە ئایین تێبگا و بیناسی؛ ئەگەر بۆ سەربەخۆیی

و ئـازادی تێنەکۆشێ بە هەڵە لە ئـایینەکەش گەیشـتوە. بـۆیە ڕێبەرانـی شۆڕشـی کـورد ئـایین و سیاسـەتیان بـۆ ڕزگـاریی نەتەوەیی و گەیشتن بە ئازادی گەل و نیشتمان ئاوێتەی یەکتر کردوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات سێکۆلاریزمیشی لەنێو پێکهاتەی حیزبدا و لەسەر ئەساسی فەرز نەکردنی هیچ ئایینێک بە سەر ئایینێکی تر و هەروەها تێڕامان بۆ ئاینی وەک بایەخێکی کەسی لە سیاسەتی خۆیدا جێگیر کردوە. لە ڕاڤەی ئەم بابەتەدا حیزبی دێموکرات پێیوایە سێکۆلاریزم سڕینەوەی هیچ ئایینێک نییە، بەڵکوو بە پارێزەری ئایینیشی دەزانێ.

دەوڵەتـی سێکۆلاریش وەک دامەزراوەیەکـی بێلایەن پـارێزەری ئـازادی، بەرابەری و دادپەروەری دەبـێ، بـۆیە ئەم حکوومەتە دژایەتی لەگەڵ ئایین ناکا و وەک بەها و نەریتێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری نێو جڤاتی کوردستان دەیپارێزێ.

میناکی هەرە دیـار بـۆ ئێسـتای حیزبـی دێمـوکراتیش، کۆمـاری کوردسـتانە کە خـاون سیسـتمێکی کۆمـاری و حکـومەتێکی دێموکراتیـک بـێ کە تێیـدا ڕێـز لە بەهاکـانی ئـازادی، دادپەروەری، ئاشـتی و ڕێزگـرتن لە گـرووپە جیاوازەکـان دەگیـرا و بەسـتێنی مومارەسـەی بەهاکانیـان بـۆ دەسـتەبەر دەکـردن. هاوکـات چـونکی دەوڵەت دامەزراوەیەکـی بـێلایەن بـوو، بـۆ پێکەوەژیـانی ئاشـتییانە و پاراسـتی فرەیـی لە نێـو هەمـوو گـرووپە کۆمەڵایەتییەکانـدا هەوڵـی دەدا. حیزبـی دێمـوکراتی کوردستانیش وەک حیزبـی پێشـەنگی خەبـاتی نەتەوایەتـی بـۆ وەدەستهێنانی ئـازادی و مـافی بڕیـاردان لەسەر چارەنووسی گەلەکەی لە ئێستای خەبـاتی سیاسی-نیزامی و لە کۆمـاری دێمـوکراتیکی دواڕۆژی نیشمانی ئازادکراومانـدا، لە چوارچێوەی پلـۆرالیزم و ئـازادیی پۆزەتیـڤ پێـیوایە ئـایین دەبـێ لە دەسـتێوەردان لە کاروبـاری حکـومەت دوور بـێ و وەک هەر دامەزراوەیەکی تری مەدەنی ڕۆڵی خۆی ببینێ.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێران دژی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنە ئاڕای دەرفەت و بەستێنکی گونجاو بۆ مومارەسـەی ئازادییەکـان لە کوردستان، یەکەم ڕەوتی سیاسی-ئیسلامی بە ناوی مەکتەبی قورئان بە ڕێبەرایەتی کاک ئەحمەدی موفتیزادە لە ڕۆژهەڵاتـی کوردستان دەور دەبینێ کە لە ڕووی پراکتیکی سیاسیەوە لە ئـایەتوڵڵا خومەینی و لە ڕووی مەعـریفیەوە لە دوکتـۆر عەلـی شـەریعەتی ئێلهـامی وەردەگرت .لە قۆناغەکـانی دواتـردا هەرکـام لە ڕەوتەکـانی سـەلەفیەت و ئیخوانولموسلمین لە ڕێگـای خزمـایەتی و هاوسـنوور بـوونی جوغرافیـای باشـور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان گواسـترانەوە بەشـی ڕۆژهەڵات و ڕەوتگەلـی لە چەشنی خۆیان لەو بەشەی کوردستاندا دروست کرد.

دیارە هەر سێ لەم ڕەوتـانە چۆن سەر بە قوتـابخانەی فیکری - سیاسیی ئیسلامیی میسر، پاکستان و عەرەبستانن و

هەڵقوڵاوی پرس و کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی نەتەوە و ونیشتیمانەکەیان نین، ناشتوانن لەگەڵ هێزە نەتەوەیی و سێکۆلارەکان کە باوەڕمەند بە فرەڕەنگی و فرەدەنگین، سازان و لێکتێگەیشتنی دروستیان هەبێ. هەر بۆ میناک؛ لە سەرەتای شۆڕشی ئێران و لە کاتی دانوستانەکانی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد لەگەڵ ڕێژیمی ئێرا ، بەڕێز موفتیزادە سەنگەری کوردایەتی و یەکڕیزیی نیشتیمانی تێک دەدا و لە سیستمی پاوانخوازی کۆماری ئیسلامیدا پێوشوێنی عەدالەتی ئیسلامی و مافی نەتەوایەتی دەکەوێ!

بە درێژایی ئەم چوار دەیەیەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی بۆ یەک جاریش نەبوە کە ئەم ڕەوتە فێندەمێنتالیستانە بە ڕووی سیاسەتە نگریس و دژە گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی لە نەتەوەکەمان ( وەک: بێکاری و خەسارە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستان، میلیتاریزە کردنی نیشتیمان، ئێعدام و زیندانی کردنی ڕۆڵەکانی کورد، ئاسیمیلە کردنی کۆمەڵگە و دروستکردنی قەیرانی شوناس) هەڵوێستیان بووبێ.

ئایین لە ڕوانگەی "دوورکهایم"یش کە بە هۆی تەبایی و پێکەوەژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی دادەنێ، لە ئاکامی سیاسەتی ناتەندرووستی ئەم بزاڤە ڕادیکاڵە ئیسلامیستانە دووبەرەکیی کۆمەڵایەتیی لە کوردستاندا لێ کەوتۆتەوە. لە ڕووی سیاسیشەوە چۆنکی ئەم بزووتنەوە سیاسی-ئیسلامیانە لە ڕووی تیۆری و پراکتیکەوە لە خانەی پرۆژەکانی پان عەرەبیزم، پان تورکیزم و پان فارسیزمدا جێ دەگرن، پەلاماری هەموو ئەو هێما و سیمبۆڵانە (زمان ، خاک و نەتەوە) دەدەن کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا بۆ پێناسەی نەتەوە پێوەرن. بۆ ئەم ئامانجەش پشتیوانیی ماددی مەعنەویی میدیای داگیرکەرانیان پێیە و لەژێر چەمکی "ئوممەتی ئیسلامی"دا شرۆڤەی جیهانبینی خۆیان دەکەن. ئەوان بڕوای ستراتیژییان بە ئومەتگەرایی لە بەرامبەر دەوڵەت-نەتەوەدا هەیە و ئینتێرناسیۆنال بیر دەکەنەوە و دژ بە پلۆرالیزمی کۆمەلگەی خۆیانن. لە هەموو شوێنێک بە ناوی جیاواز، بەڵام بە هەمان بیروئەندێشە دەردەکەون و بە ناوی بەرگری لە ئیسلام، جیهاد و شەڕ دژی ئایین و مەزهەبەکانی تر ڕادەگەیەنن کە سەرجەم ئەم کردار و هەڵویستانەیان لەگەل ئیسلامی خۆماڵی کە لە پێناو پاراستی شەرەف و کەرامەتی نەتەوەیی و ڕزگاری لە دەست داگیرکەران و گەیشتن بە ئازادی خەبات دەکا، ناتەبایە و؛ جیاوازی مانایی و واتاییان لەگەڵ یەکتر هەیە.

ئەو هێزە سیاسی ئیسلامییانە لە ژێر خوێندنەوەی تۆتالیتێریستانەی ئایینی گەلانی تر (عەرەب) پرسی نەتەوەیی کورد وەک دیاردەیەکی دژ بە دین و یەکگرتوویی ئومەی ئیسلامی لێک دەدەنەوە، بێ ئەوەی لەوە ڕامێنن کە لە هزر و ناخی ئایینداراني عەرەب، تورک و فارسدا هیچ دژایەتییەک لەگەل زمان و کولتوور و نەتەوەی خۆیاندا نابیندرێ؛ پێچەوانە ئایینیش خراوەتە خزمەتی یەکگرتوویی زمان، جوغرافیا، کولتوور، نەتەوە و دەسەلات و سەروەریی سیاسیشیان.

گەلاوێژی ٢٧٢٥

هۆکارەکەشی ڕوونە، چونکی ڕامان و هزری ئەم بزووتنەوە فێندەمنتالیستانە کۆمەڵگە و ئایدیاکانی کوردستان نییە. ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەو ئاکار و ڕەوشتانەیان پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەر محەممەدیشە. چۆن حەزرەتی محەممەد دەڵێ: ئەوەی نکۆڵی لە قەومی خۆی بکا لە ئێمە نییە.

ئاکام:

بە سەرنجدان بەم دوو بەرە دینییە چ لە مێژوودا و چ لە ئێستای نێو کۆمەڵگەی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هزر و ئەندێشە ئەساسی و بنەڕەتییەکەی لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵگە وحکومەتێکی دێموکراتیک و، لەسەر بنچینەی بەها و بایەخە نەتەوەییەکانە، هیچ کێشە و ناکۆکییەکی لەگەڵ ئەم بەرە ئایینیە نییە کە بە درێژایی مێژووی بزاڤی نەتەوەیی کوردستان ئایینیان وەک بەها و مۆراڵ بۆ خزمەت کردن بە نیشتیمان و نەتەوەکەیان وەرگرتوە و هەموو ڕێبەرانیان بۆ دروست کردنی کیانێکی نەتەوەیی و کوردستانی بە دەست داگیرکەرانی تورک، فارس و عەرەب شەهید بوون .بەڵام لە ناتەبایی و دژوازیەکی توند و ڕیشەیی لەگەڵ ئەم ڕەوت و بزووتنەوە ئاینی و مەزهەبییانەدا دەبێ کە خزمەت بە ئایدیای داگیرکەرانی کوردستان دەکەن. ئەو هێزانەی کە دێموکراتیک بوون بە پرۆژەی ڕۆژئاوایی دەزانن و لەگەڵ ناسیۆنالیزم بەرکەوتنیان هەیە، چۆنکی هێزە نەتەوەییەکان بە دژی ئیسلام دەزانن کە هەمان گوتاری حکوومەتی ناوەندییە. هەر بۆیە ئەگەر حکومەتی ناوەندی لە پێناسەی خۆیدا بە پاساوی پیاوی ئیمپریالیزم بوون دژی هێزە نەتەوەییەکان شەڕ دەکا، ئەم بزووتنەوە ڕادیکاڵانە لە شەڕێکی نەرمتر لە بەر نەبوونی کات و شوێن بۆ شەڕێکی سەخت دژی حیزبە کوردییەکان لە ڕێگای بەلاڕێدابردنی شوناسی نەتەوەیی و شێواندنی کولتوور و شوناسی گەلەکەمان زیانی زۆریان بە پرۆژەی ئازادی و ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیمان گەیاندوە.

١١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# زیندووکردنەوەی پڕۆژەی سەرکوتکردن لە دەرەوەی سنوورەکان





**(هەنگاوێکی دیکە لە سیاسەتە ئەمنیەتی ئاڕاستەکراوەکانی کۆماری ئیسلامی)**

**ڕەحیم نزهەتزادە**

لە هەلومەرجێکدا، کە کۆمەڵگەی ئێران لەگەڵ قەیرانی قووڵی وەک هەڵاوسانی ئابووریی بەربڵاو، هەژاریی سیستماتیکی،

گەندەڵی بەربڵاو، وشکەساڵی و بێکاری بەرەوڕوو بووەتەوە، کۆماری ئیسلامی جارێکی دیکە ڕێگای سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی گرتووەتەبەر، لەبری ئەوەی سەرنجی لەسەر چارەسەرکردنی ئەو کێشە بنەڕەتییانە بێت. پەسەندکردنی ئەم دوایییەی گەڵاڵەیەک بە ناوی "پشتیوانی لە ئێرانییەکان لە دەرەوەی وڵات" لە مەجلیسی شورای ئیسلامیدا، بە ڕوونی مەبەستی ڕاستەقینەی پێکهاتەی دەسەڵات لە ئێران ئاشکرا دەکات؛ واتە نەک پشتگیری، بەڵکوو چاودێری و شوێنپێ هەڵگرتنی ئەو هاووڵاتیانەیە، کە بە هیوای ژیانێکی ئازادتر ڕێگەی هەندەرانیان گرتووەتە بەر.

بە پێی برگەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، وەزارەتی دەرەوە پێویستە لە ماوەی شەش مانگدا، داتابەیسی تۆکمەی ئێرانییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات ئامادە بکات. هەروەها پێویستە وەزارەت ڕاپۆرتێکی ساڵانە، سەبارەت بە چۆنیەتیی پەیوەندی و هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو کەسانە، پێشکەش بە کۆمیسیۆنی ئەمنییەتی میللی و سیاسەتی دەرەوەی پەرلەمان بکات. هەرچەندە لە رووکەشدا ئەم پرۆژە یاسایە، بە ئیدیعای "پەیوەندییەکی باشتر لەگەڵ ئێرانییەکانی دانیشتووی دەرەوەی وڵات" دەخرێتە ڕوو، بەڵام چوارچێوە یاسایی و کردارییەکەی، تەنیا بەدوای ئامانجە ئەمنییەتییەکان و هەواڵگرییەکان دەگەڕێن؛ ئامانجەکان کە سروشت و دەرئەنجامەکانیان، لە ڕێگەی ئەزموونی چوار دەیەی ڕابردووەوە بۆ ئێمە ئاشنان.

## له یادەوەری تاڵەکانی ساڵانی هەشتا و نەوەدەکانی زایینیەوە، بۆ پرۆژەی چاودێری نوێ

بۆ زۆرێک لە چالاکانی سیاسی و کۆچبەری ئێران، بەتایبەتی کورد و نەتەوە چەوساوەکانی دیکە، پەسەندکردنی گەڵاڵەیەکی لەو شێوەیە، ڕۆژانی ڕەشی ساڵانی هەشتا و نەوەدەکان دەهێنێتەوە یاد. لەو ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی، بە کەڵک وەرگرتن لە باڵوێزخانە و ناوەندە فەرهەنگی و کاریگەرەکانی لە وڵاتانی ئورووپایی، پرۆژەیەکی بەرفراوانی بۆ تیرۆرکردنی نەیارانی ئەنجامدا؛ پرۆژەیەک کە ژیانی زۆرێک لە چالاکانی ئازادیخوازی کردە قوربانی. تیرۆرکردنی شەهیدان دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندی، تەنها دوو نموونەی ئەم تاوانە دەرەوەی سنورانەن. ئێستا لەگەڵ زیندووبوونەوەی میکانیزمەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هاووڵاتییانی دەرەوەی وڵات، نیگەرانییەکی جددی دەهێنێتە پێش، کە کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا، بە دوای زیندووکردنەوەی هەمان سیاسەتی سەرکوتگەرانەیە، بەڵام ئەمجارەیان بە بەرگێکی یاسایی، تۆکمە و ڕێکخراوتر.

## سیاسەتێک بە ئامانجی "بەئەمنی کردن"؛ نەک "خاوەندارییەتی"

لێکۆڵینەوە بۆ پێکهاتەی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە هەر کردەوەیەک لە پێوەندی لە گەڵ

کۆچبەراندا، لەسەر بنەمای بەرژەوەندی نەتەوەیی نیە، بەڵکوو بە ئامانجی درێژەدان بە کۆنترۆڵی ئایدیۆلۆژی و چەسپاندنی هەژموونی ئەمنیەتییە. دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕێژیم، هەمیشە بچووکترین پەیوەندی خێزانی، دارایی، یان کولتووری ئێرانییەکانیان لە دەرەوەی وڵات، وەک ئامرازێک بۆ هەڕەشەکردن، فشار و ڕاکێشانی هاوکاری بەکارییان هێناوە. بەڵام ئەمجارەیان دەرکردنی یاسایەک بە ڕواڵەتی "خاوەندارییەتی" لە ڕاستیدا بنەمایەکە بۆ بەدامەزراوەییکردنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە.

بەکردەوە ئەوەی وەک "کۆکردنەوەی زانیاری" پێشکەش دەکرێت، بە شێوەیەکی ڕستەیی پرۆژەیەکی "چاودێری سیاسییە". ئەم چاودێریکردنە بە ئاسانی دەتوانێت ببێتە هۆی دەستگیرکردنی ئەندامانی خێزان لە ماڵەوە، هەڕەشەکردن لە سەروەت و سامانی دارایی، یان زەوتکردنی زانیاری لە دژی تاکەکان. پێکهاتەیەکی لەم جۆرە ڕەوەندی ئێرانی، بەرەوڕووی جۆرێک لە بە بارمتەگیرانی نەرم دەکاتەوە.

## لێکەوتەلانی سنووربەزاندن: هەڕەشە لەسەر دیموکراسی و ئاسایش لە وڵاتانی میوانداردا

لە دەرەوەی کاریگەرییە ناوخۆییەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکانیشی جێگەی نیگەرانییە. وڵاتانی میوانداری کۆچبەرانی ئێران، بە تایبەت لە ئەورووپا و ئەمریکای باکوور، دەبێت لە بەرامبەر چالاکییە هەواڵگرییەکان و کردەوەی تێکدەرانەی باڵیۆزخانەکانی کۆماری ئیسلامی، وریا بن. مێژووی کۆماری ئیسلامی لە پێشێلکردنی سەروەری نەتەوەیی وەڵاتان و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی تیرۆریستی لەسەر خاکی ئەوان، هۆکارێکی بەسە بۆ نیگەرانی و سەپاندنی سنووردارکردنی دیپلۆماسی، بەسەر دەزگا جێبەجێکارییەکانی ئەم پرۆژە یاسایەدا.

ئەگەر دامودەزگا ئەمنییەکان لە ئەورووپا و جیهانی دیموکراسی ئەم بابەتە پشتگوێ بخەن، نەک هەر سەلامەتی چالاکانی سیاسی و ڕۆژنامەنووسان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵکو بنەما بنەڕەتییەکانی ئازادی ڕادەربڕین، گردبوونەوە و چالاکیی سیاسیش، بە توندی دەکەونە ژێر مەترسییەوە.

## ڕێوشوێنی بەرپەرچدانەوە: یەکێتی کۆچبەران، ڕۆشنگەری گشتی و فشاری نێودەوڵەتی

لە بەرامبەر هەڕەشەیەکی لەو شێوەیەدا، کۆمەڵگەکانی نەتەوەکانی ئێران لە دەرەوەی وڵات، دەبێت لە حاڵەتی پاسیڤی خۆیان دوور بکەونەوە، و بەرەو کردەی بەکۆمەڵ، بە بەڵگەکردن و ڕۆشنگەری گشتی هەنگاو بنێن. پێکهێنانی ئەنجوومەنی

گەلاوێژی ۲۷۲۵

سەربەخۆی کۆچبەران، بە بەڵگەنامەکردنی هەڕەشە و گوشارەکانی کۆماری ئیسلامی، هاوکاری لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و مافی مرۆڤ و دواجار دادگاییکردنی قەزایی لە وڵاتانی میواندار، لەو ئامرازانەن، کە دەتوانن ئەم پرۆژە بەناو یاساییەی کۆماری ئیسلامی، بێکاریگەر بکەن.

هەروەها خاوەن گرنگییەکی تایبەتە، کە ڕۆشنبیران، نووسەران و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەتەوەکانی ئێران، لە پلاتفۆرمی جۆراوجۆر بۆ ئاشکراکردنی ئامانجە ڕاستەقینەکانی ئەم پرۆژە یاسایە، و دەرخستنی وێنە فریوکارانەکەی ئەو یاسایە، بە کار بهێنن. نابێت ڕێگە بدرێت کە سەرکوتکردن، ئەمجارەیان لەژێر نیقابی دیپلۆماسی دا، بچێتە ناو ماڵی کۆچبەرە ئازادەکانەوە.

## پەیڤی کۆتایی

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ، کە پەسەند کردنی وەها پرۆژە یاسایەک، نیشانەی دەسەڵات نییە، بەڵکو دانپێدانانی ڕوونە، بە لاوازی قەوارەی سیاسی کۆماری ئیسلامی. دەسەڵاتێک کە توانای بەڕێوەبردنی وڵاتی لەدەستداوە، بە دەستی لەرزۆکەوە دەستی درێژ دەکات، بۆ بڵاوکردنەوەی سێبەری ترسی خۆی بۆ سەر ئاوارەبووەکان. بەڵام مێژوو فێری کردووین، کە هیچ سیستەمێک ناتوانێ لە ڕێگەی هەڕەشە و سەرکوتەوە، بەرگەی شەپۆلی ئیرادەی نەتەوەکان بگرێت.

**مرۆڤە ئازادەکان لە هەر کوێیەک بن، درەنگ یان زوو، دوواجار ستەمکاری مەجبور دەکەن بکەوێتە سەر ئەژنۆوە.**

۱۲ی گەلاوێژی ۲۷۲۵



سەرچاوە
Serchawe

# لە دزینی ئاوەوە، بۆ لابردنی ناسنامە





(ڕۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە وشکەساڵی پێکهاتەیی و نادادپەروەریی ژینگەیی)

ڕەحیم نزهەتزادە

## پێشەکی



سەرچاوە Serchawe

وشکەساڵی دیاردەیەکی جیهانییە، کە زۆرێک لە ناوچەکانی جیهان بە تایبەت ڕۆژهەڵات نێوەڕاست لەگەڵیدا بەرەوڕوون. بەڵام لە ئێرانی ئەمڕۆدا، هۆکارە سروشتییەکان تەنیا بەشێک لە قەیرانی ئاو ڕوون دەکەنەوە. بەشێکی گەورە لەو قەیرانی ئاوییە، دەرئەنجامی ڕاستەوخۆی سیاسەتە ناوەندگەرایی، هەڵاواردن و ناجێگرەکانی کۆماری ئیسلامییە، لە بواری بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئاوییەکان. لەم وتارەدا بە پشتبەستن بە بەڵگە و شیکاریی پسپۆڕان، دەڵێین: لە کاتێکدا کە یەک لەسەر سێی قەیرانی ئاو، بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا و بارودۆخی جیهانییەوەیە، دوو لەسەر سێی دیکەی لە ئێران بەرهەمی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە؛ سیاسەتگەلێک، کە نەک هەر بووەتە هۆی وشکەساڵی و لەنێوچوونی ئیکۆسیستەمەکانی ڕۆژئاوا و باشووری وڵات، بەڵکو هاوکات بۆ تێکدانی ناسنامەی کولتووری نەتەوە غەیرە فارسەکان و گۆڕینی دیمۆگرافی، بە هۆشیارییەوە داڕێژراون.

## وشکەساڵیی سروشتی یان ئەندازیاریکراو؟

لە نێوەڕاستی دەهەی ١٣٦٠ی سەدەی ڕابردووەوە، هێندێک بەڵگەی سیاسەتەکانی گواستنەوەی ئاو، لە ناوچە سنوورییەکانەوە بۆ ناوەندی وڵات ئاشکرا بوو. حکومەت لەبری هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی سەرچاوە ئاوییە ڕەسەنەکانی هەر ناوچەیەک، دەستی بە پڕۆژەگەلێک کرد، کە بە شێوەیەکی کاریگەر ئاوی لە پارێزگا کوردییەکان، عەرەبی، لوڕ و پارێزگاکانی دیکەی پەراوێزخراوی وڵاتەوە،بەرەو شارە گەورەکانی وەک تاران، قوم، ئیسفەهان، تەوریز و کەرەج لادا. ئەم پڕۆژانە، نەک هەر نەیانتوانیوە قەیرانی ئاوی وڵاتەکە کەم بکەنەوە، بەڵکو قەیرانەکەیان لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە گواستووەتەوە، و زیانێکی زۆریان بە ئیکۆسیستەمی ناوچە سەرچاوەییەکان گەیاندوە.

بە ئامانجی دابینکردنی ئاو بۆ شارە گەورەکانی نێوەڕاست، ژمارەیەکی زۆر بەنداو لەسەر ڕووبارەکانی، وەک زێی بچووک، زەرینەرود (جغەتوو)، سیمینەرود (تەتەهوو)، کارون، ئاروەند و، دیکە ڕووبارەکانی ڕۆژئاوا، باکور و باشوری ڕۆژئاوای ئێران، دروستکران. شارەزایانی ژینگە چەندین جار هۆشدارییان داوە، کە ئەم بەنداوانە بەبێ توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی گشتگیر لەسەر ژینگە دروست کراون، و بە شێوەیەکی کاریگەر بوونە هۆی "دزینی ئاو"، پێناسەیەک کە بە شێوەیەکی دروست لەلایەن هەندێک لە توێژەرانەوە، بۆ وەسفکردنی ئەم دۆخە بەکارهێنراوە.

## تێچووی دەرفەتی لەدەستچوو: سیاسەتی بەدیل، کە هەرگیز جێبەجێ نەکران

ئەگەر کۆماری ئیسلامی، بە تەنیا بەشێک لە بودجەی گەورەی گواستنەوەی ئاو و دروستکردنی بەنداوەکانی، لە ڕێوشوێنی

بەردەوام و زانستیدا خەرج بکردایە، دەکرا ڕێگری لە زۆرێک لە کێشەکانی ئاوی ئەمڕۆ بکرایە. وەک دروستکردنی بەنداوی بچووک و نێوخۆیی کە بە باران پڕ دەبن، ڕاهێنانی جووتیاران لەسەر شێوازەکانی ئاودێریی مۆدێرن و وزەی کارا، ڕیسایکلکردنی ئاوی شارەکان، نۆژەنکردنەوەی ڕوواندن و وەبەرهێنان لە شوێنە سەوزەکاندا، دەیتوانی بەکارهێنانی ئاو لە ناوچەکانی ناوەندا، بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بکاتەوە و پێویستی گواستنەوەی ئاو نەمێنێت. بەڵام ئەم جۆرە ڕێوشوێنە جێگیرانە، هەرگیز بۆ حکومەت یەک لە دووا یەکەکان، لە پێشینەی کاردا نەبوون.

## ئامانجە شاراوەکانی کۆماری ئیسلامی لە پرۆژەکانی گواستنەوەی ئاودا

### لە پشت ئەم سیاسەتە بەڕواڵەت تەکنیکییانە، ئامانجە سیاسی و ئەمنییەتییەکان هەن.

**یەکەم**: بە ئاوەڕۆکردنی زەوییە پەراوێزخراوەکان و بێبەشکردنیان لە سەرچاوە گرنگەکانی وەک ئاو، خەڵکی ئەو ناوچانە ناچار دەبن بۆ شارە ناوەندییەکان کۆچ بکەن، لە کۆتاییدا گۆڕانی کولتووری و زمانەوانی. ئەم سیاسەتە ئامرازێکە بۆ "ئەندازیاری دانیشتووان"؛ هەوڵێکە بۆ تواندنەوەی نەتەوە غەیرە فارسەکان، لە کولتووری باڵادەستی ناوەند، نەهێشتنی شوناسە نێوخۆییەکان و لاوازکردنی هێزەکانی بەرخۆدانی کۆمەڵایەتی و کولتووری.

**دووەم**: بە دروستکردنی گرژی لە نێوان نەتەوەکان و ناوچەکاندا، حکومەت ئامانجە دابەشکەرەکانی خۆی بەدەست دەهێنێت. نموونەیەکی ڕوون گۆلی ورمێیە، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ناوچەیەک، کە فرەچەشنی نەتەوەیی و زمانەوانیی تێدایە (تورک، کورد، ئاشوور). بە وشککردنەوەی، نەک هەر ئیکۆسیستەمی ناوچەکە لەنێو چووە، بەڵکوو ململانێ لەسەر سەرچاوە ئاوییەکان چڕتر بووەتەوە و زەمینە بۆ لاوازکردنی یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی پێکهاتوە.

**سێیەم**: پاککردنەوەی ناوچەکان لە خەڵکی ڕەسەن و خۆجێی، ڕێگا دەکاتەوە بۆ ئەوەی حکومەت بە ئاسانی دەستی بگات بە کان، دارستان و سەرچاوە ژێرزەمینییەکان. ناوچە کوردنشینەکان، زاگرۆس، لوڕستان و خوزستان، خاوەنی یەدەگی بەرفراوانی نەوت، گاز، زێڕ و سامانی سروشتین، کە لە ئەگەری بوونی دانیشتووانێکی ڕەسەنی ئاگادار و خۆڕاگر، ئیستغلالکردنی لەڕادەبەدەر و وێرانکەرانە ئاستەمتر دەبوو.

## کارەساتێک بە پانتایی ئێران: لێکەوتە ژینگەیی و مرۆییەکان

گەلاوێژی ٢٧٢٥

لە وشکبوونەوەی گۆلی ورمێ تا وێرانبوونی تالاوەکانی شادگان، هامون و هورئەلعەزیم، کارەساتی ژینگەیی، کە یەک لە دوای یەک ڕوودەدەن. زریانی خوێ، داکەوتنی زەوی، کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاوی ژێر زەوی و لەناوچوونی ڕووەکی زاگرۆس، تەنها چەندێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم سیاسەتانەن. ئەم کارەساتانە تەنیا زیان بە نەتەوە غەیرە فارسەکان ناگەیەنن؛ تاران، ئیسفەهان، کەرەج و تەنانەت تەبرێزیش گەیشتوونەتە خاڵێکی قەیراناوی. ئەگەر وردتر قسە بکەین، حکومەتی کۆماری ئیسلامی تەنانەت بە دزینی ئاویش، نەیتوانیوە ئاو بۆ شارە گەورەکانی خۆی دابین بکات.

## دابەزینی دەسەڵاتی ناوەندی و قەیرانی بێکۆتایی: فریودانی نوێ

لە هەلومەرجێکی وادا بەشێک لە سیاسەتمەداران بە پلانی، وەک گواستنەوەی پایتەخت بۆ تەورێز یان دابەشکردنی سەرچاوەکان لە نێوان پارێزگاکاندا، هەوڵ دەدەن خۆیان وەک فریادڕەسی قەیرانەکە نیشان بدەن. بەڵام ئەم پێشنیارانە، زیاتر لە گاڵتەجاڕی سیاسی دەچن، نەک چارەسەرێکی بنەڕەتی. ئایا ئەمڕۆ تەورێز خۆی ڕووبەڕووی کەمیی ئاو و وشکەساڵی نیە؟ ئایا بەنداوەکانی پارێزگای تەورێز بەتاڵ نین؟ ئەم جۆرە پلانانە تەنها جۆرێک لە خۆدزینەوەیە لە بەرپرسیاریەتی، کە لەبری ئەوەی هەڵەیەکی ٤٠ ساڵە قبوڵ بکات، هەوڵ دەدات دیمەنی شانۆنامەکە بگۆڕێت.

## کۆتا پەیڤ

ئەگەرچی وشکەساڵی لە ئێران، کاریگەری گۆڕانی کەشوهەوای جیهانی لەسەرە، بەڵام بەشە سەرەکییەکەی، دەرئەنجامی بڕیارە سیاسی و ئابوورییەکانی دەسەڵاتێکی پاوانخواز، ئەمنییەتی و مەرکەزییە، کە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و مافی مرۆڤی کردۆتە قوربانی. سیاسەتەکانی وەک دزینی ئاو لە ناوچە سنوورییەکان، دروستکردنی بەنداو بەبێ پلان، پشتگوێخستنی شێوازە کشتوکاڵییە مۆدێرنەکان، و بێبەشکردنی بەئەنقەست لە نەتەوەکان لە سەرچاوە بایۆلۆژییەکان، هەموویان بەشێکن لە پرۆژەیەکی ڕێکخراو بۆ کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی کولتوورین.

ئەمڕۆ نەک هەر نەتەوەکانی دانیشتووی ڕۆژئاوا و باشووری وڵات، بەڵکو هەموو ئێران بووەتە قوربانی ئەو سیاسەتانە. وڵاتەکە ڕووبەڕووی وشکەساڵییەکی بەرفراوان، ناسەقامگیری ژینگەیی، کۆچی زۆرەملێ و دارمانی کولتووری بووەتەوە. ئەگەر گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی ئاو و ژینگەیی وڵاتدا نەکرێت، نەک تەنیا ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵکو مانەوەی خاکی ئێرانیش دەکەوێتە مەترسییەوە.

١٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

# فێدرالیزم، نەتەوە غەیرە فارسەکان و مافی چارەی خۆنووسین





**ئەسکەندەر جەعفەری**

ئێران، وەک ئەوەی ئەمڕۆ لەسەر نەخشەکان وێنا کراوە، وڵاتێکی مێژوویی نیە کە شوناسێکی یەکگرتووی هەبێت. بەڵکوو بەرهەمی شەڕ و داگیرکاریی سەربازی نەتەوەی سەردەست و سەرکوتکردنی چەند نەتەوەیە کە هەریەکەیان مێژوو و زمان و کولتوور و دەستەڵاتداریی سەربەخۆی خۆیان هەبووە. لە نێوەڕۆکی ئەم جوگرافیا هەڵبەستراوەدا، نەتەوەکانی کورد،

عەرەبی ئەهواز، بەلووچ و تورکی ئازەربایجان بە زۆر خراونەتە ناو چوارچێوەی کۆلۆنیالیزمەوە. ئەوەی ئەمڕۆ بە "ئێران" ناو دەبرێت، دەرئەنجامی سەرکوتکردن و لەنێوبردنی هەنگاو بە هەنگاوی دەستەهەڵاتی ئەو نەتەوانە و کۆمارە دێموکراتیکەکانی ئەوانە؛ پرۆژەیەک کە بە مۆدێرنیزاسیۆنی ساختەی پەهلەوی و سەرکوتی فاشیستی بەردەوام بوو و ئێستا لە شێوەی بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ناوەندگەریدا بەرهەم دەهێنرێتەوە. تەنانەت ئەگەر نوێنەری ئەو نەتەوانە ئێستا بە دوای فێدێرالیزمدا بن، بەڵام دیسانیش چارەی خۆنووسین مافێک نیە نە لەوان بستێندرێتەوە و نە ئەوان بیری لێ نەکەنەوە. سەربەخۆیی کۆتایی کۆلۆنیالیزمە و نوێنەرانی ئەو گەلانە بە هەڵوێستەکانیان پێشانیان داوە کە پێیان وایە هەر کەس دژایەتیی سەربەخۆیی ئەو گەلانە بکات، پشتی کۆلۆنیالیستەکانی گرتووە.

ڕاستییە مێژووییەکە ئەوەیە کە فارسەکان لە بنەڕەتدا گەلێک بوون کە لە باشوور یان ڕۆژهەڵاتی فەلاتی ئێراندا دەژیان. ئەوانیش خاکی خۆیان هەبوو، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و بە تایبەتی لەگەڵ دروستبوونی ئیمپراتۆریی هەخامەنش و پارت و ساسانی، هەوڵیان دا دەستەڵاتی خۆیان بە زەبری شمشێر بەسەر نەتەوە و میرنشینە سەربەخۆکاندا بسەپێنن. چەندین نەتەوە، لە مێزۆپۆتامیا تا ئەرمینیا، لە کوردستانەوە لە سەردەمی مادەکانەوە تا ئەهواز، لە بەلوچستانەوە تا قەفقازی باشوور، یەک بە یەک بوون بە کۆلۆنیی ئیمپراتۆرییە فارسەکان. هاوکات خەباتیان بەردەوام بوو و هەرجارەیان، خۆیان لە چنگی کۆلۆنیالیزم ڕزگار دەکرد. تەنانەت لە سەردەمی ئیسلامیشدا، بیرۆکەی سەپاندنی هێژموونی سیاسیی فارس بە سەر نەتەوەکانی دیکەدا هەمیشە لە پشت مێشکی ناوەندگەراکاندا بووە و دواجار لە سەردەمی مۆدێرندا، لە شێوەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی ئێرانی - فارسدا کارا کرایەوە.

بارودۆخی ئێستای ئێران بەرهەمی دارمان و داگیرکاریی توندوتیژانەی پێکهاتەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدایە. لە نێویاندا کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ وەک یەکەم ئەزموونی دەستەڵاتداریی نەتەوەیی کورد لە مێژووی هاوچەرخدا بە پشتیوانی خەڵک و ڕۆشنبیرانی کورد دامەزرا. کۆماری کوردستان تەنیا یازدە مانگی خایاند و دواجار بە لەشکرکێشیی سوپای پەهلەوی و لەسێدارەدانی سەرۆککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد کۆتایی بە تەمەنی کۆماری کوردستان هات. بەڵام داگیرکردنی کوردستان تەنانەت پێش ئەوە دەستی پێ کردبوو. ڕەزاخان لە ساڵی ١٩٢١-ەوە بە هێرشەکەی بۆ سەر کوردستان، زۆرێک لە خان و پێکهاتە دەستەڵاتدارییە کوردییەکانی لە ناو برد و خستیە ژێر دەسەڵاتی تاران. ئەمە لە حاڵێکدایە کە کورد پێشتر ئەزموونی دەستەڵاتداریی ماد و خانەدانەکانی دوای ئەوان و میرنشینی هەبوو.

لە ئەهواز شێخ خەزعەل حوکمڕانیی ناوچەکەی دەکرد. لەگەڵ لەشکەرکێشیی ڕەزاخان بۆ سەر ئەهواز، حکوومەتەکەی شێخ خەزعەل ڕووخێنرا و ئەهواز بە زۆر لکێنرا بە جوگرافیای "ئێران"ەوە. ئەم ناوچەیە کە لە بواری نەوتەوە یەکێک لە

دەوڵەمەندترین ناوچەکانی جیهان بوو، لە ڕووی سەربازییەوە داگیر کرا و خەڵکی ئەهواز تووشی کۆلۆنیالیزمێکی توندی ناوخۆیی بوون. هەژاریی سەپێنراو، سەرکوتکردنی ناسنامەی عەرەب و کۆچی زۆرەملێ، بووە بەشێک لە واقیعی هەمیشەیی ئەو خەڵکە.

لە بەلووچستان، میرنشین و خانەکانی بەلووچ تا کۆتایی سەردەمی قاجار سەربەخۆیی نیمچە تەواویان هەبوو. بەڵام ڕەزاخان لە ساڵی ١٩٢٨ هێرشێکی بەرفراوانی لە ناوچەکە دەست پێ کرد و بەرخۆدانی چەکداریی بەلووچەکانی سەرکوت کرد و ناوچەکەی خستە ژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی سوپای ئێران. زۆرێک لە سەرکردە نێوخۆییەکان لە سێدارە دران یان کۆچێنران و پێکهاتەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەلوچستان داڕما. لەو کاتەوە ناوچەکە بووەتە ناوچەیەکی سەربازی-ئەمنیی داگیرکراو.

لە ئازەربایجانیش، کۆمارێک لە ساڵی ١٩٤٥ دامەزرا. ئەم کۆمارە بۆ یەکەم جار پەروەردەی زمانی تورکیی کردە فەرمی و کاروباری ناوچەکانی خستە بن دەستی ئازەرییەکان. بەڵام تەنیا ساڵێک دواتر و بە پاشەکشەی هێزەکانی سۆڤیەت و هاتنی سوپای پەهلەوی، کۆتایی بە تەمەنی کۆماری ئازەربایجان هێنرا و خەڵکێکی زۆر کوژران یان دەربەدەر کران. بەم شێوەیە بوو کە ئەزموونی سەربەخۆیی تورکەکانی ئازەری لە ئێران بە توندوتیژی لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە کۆتایی هات. بەڵام کۆلۆنیالیزم تەنیا لە داگیرکاریی سەربازی و سەرکوتی سیاسی پێک نایەت. کۆلۆنیالیزمی ئێران لە کوردستان، بەلووچستان و ئەهواز بە هەژاریی سیستماتیک، بێبەشکردنی بەئەنقەست لە وەبەرهێنان و پێشکەوتن، دروستنەکردنی ژێرخانی کار و سەپاندنی بژێوی زەلیلکەر بەردەوامە. کۆڵبەریکردن لە کوردستان و بەلووچستان ئەنجامی ویستی خەڵکەکە نیە. بەڵکوو دەرئەنجامی داخستنی ئابووریی ناوخۆیی کوردستان و بەلووچستان لە لایەن تارانە کە نەتەوە غەیرە فارسەکان تەنیا وەک سەرچاوەی داهات و شیاوی غەدرلێکردن دەبینێت. ئەو منداڵانە کە باوکیان لە شاخەکانی کوردستان لە کاتی کۆڵبەریدا دەکرێنە قوربانی و ئەو کەسانە کە لە کاتی تەقینەوەی تانکی سووتەمەنیدا لە بەلوچستان دەسووتێن، ڕاستەوخۆ قوربانیی ئەم سیستەمە کۆلۆنیالیستیەن. هیچ کاتیش تاران وەک کورد، تورک، عەرەب و بەلووچ، دانی بە ناسنامەکانیاندا نەناوە.

ئەم مێژووە هاوبەشە نیشانەیەکی ڕوونە کە شتێک بە ناوی "ئێرانێکی سروشتی" یان "ئێرانێکی مێژوویی" نەبووە و نیە. ئەوەی هەیە، دەرئەنجامی سەرکوتکردنی سیستماتیکی نەتەوەکانە کە هەر یەکەیان شایەنی دەوڵەتبوونە. پارتەکان، قاجارەکان، پەهلەوییەکان و شیعەکان بە ناسیۆنالیزمی ڕەگەزپەرستانە و دروشمی "ئێرانی یەکگرتوو"، خاکی نەتەوەکانی دیکەیان داگیر کرد. ئەم پرۆژە کۆلۆنیالیستییەی دەوڵەتی ناوەندگەرا لە تارانەوە دەستی پێ کرد، تا ئەمڕۆش ڕوانگەی

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی فارسدایە. بەشێک لە ڕەوتی ئەم ئۆپۆزسیۆنە کە بانگەشەی ئازادی و دیموکراسی دەکەن، هیچ کاتێک پشتیوانیان لە مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس نەکردوە و بەردەوامیش لە دووبارەکردنەوەی هەمان چیرۆکی کۆلۆنیالیزمدان: یەکپارچەیی خاک، یەکگرتوویی نەتەوەیی، ئێرانی یەکگرتوو.

نەتەوەکانی کورد، عەرەب، بەلووچ و تورکی ئازەری چیتر فریو نادرێن. ئەوان خاوەنی ئەو خاکەن کە بە زەبری چەک و ستەمکاری بوون بە کۆلۆنیی پایتەختی فارسەکان. مێژوو و زمان و کولتوور و خۆڕاگرییان بەڵگەی مافی سروشتیی خۆیان بۆ سەربەخۆییە. وەک چۆن کەس بۆ سەربەخۆکردنی کۆلۆنییەکانی ئافریقا داوای مۆڵەتی لە فڕانسا و بریتانیا نەکرد، نەتەوە غەدرلێکراوەکانی یەخسیری نێو جوغرافیای ئێرانیش پێویستیان بە ڕەزامەندیی تاران نیە.

١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

---

## بەرەو خەباتێکی نوێ: گۆڕینی شێواز، گۆڕینی گۆڕەپان و گۆڕینی بەردەنگ






**ناسر باباخانی**

**(١)**

ڕەنگە نوێبوونەوە بە مانای گۆڕینی "دۆخی هەنووکەیی"، بە هۆی سروشتی مرۆڤەوە زۆر جاران خۆڕاگری لە بەرامبەریدا بکرێ، واتە مرۆڤ کە خووی بە دۆخێک گرت، ئەگەر لەسەر بنەمای دنیابینییەکی نوێوە قەناعەت بە گۆڕین نەهێنێ،



سەرچاوە
Serchawe

زەحمەتە حەول بۆ گۆڕینی دۆخەکە بدا. لە هەموو ئەو گۆڕانکارییانەشدا ئەوە چینی ئێلیت و بژاردەن کە کارگێڕی سەرەکین بۆ ئەوەی گۆڕانکاری پێک بێ، گۆڕانکارییەک لە سەر پێناسەی "پێویستییەکی مێژوویی" بۆ ئەوەی دنیایەکی جیاوازتر و نوێتر سازدەن. ئەم پێویستییە مێژووییەش دەبێ هەم بواری زەینی هەم بوارە عەینییەکەی لەبار بکرێ.

ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم گۆڕانە و ئەم پێویستییە مێژووییە لە حیزبێکی سیاسی بڕوانین، دەبێ پرسیارەکە ئاوا بێنینە گۆڕێ چۆن حیزبێکی سیاسی دەتوانێ نوێ بێتەوە؟ ئایا پێویستە حیزب بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی هەمەلایانە ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لە خۆیدا ساز بکا؟ پێکهاتە و نێوەرۆک لەم گۆڕانەدا چی لێ دێ؟ بە حوکمی ئەوەی کە حیزب ڕێکخراوەیەکی "ئاکامخواز"ە دەبێ بەردەوام وڵامی ئەم پرسیارەی پێ بێ، دەسکەوت و دەرکەوتەکانی بۆ کۆمەڵگەکەی خۆی چۆناوچۆن بووە؟ ڕادەی شوێندانەری لەسەر بزووتنەوەی گشتی و وردە بزووتنەوەکان چەندە بووە؟ ئەورۆیی گوتەنی output ەکانی چ بوون؟ با لە سەرەتادا تەکلیفی خۆم لەگەڵ نێوئاخن و فۆڕم و داڕشت ڕوون کەمەوە، بە باوەڕی من بۆ قوتار بوون لە دۆخێکی پەسیڤ و چەقبەستوو، حیزبێکی سیاسی بەر لەوەی کەڵکەڵەی فۆڕم و پێکهاتەی هەبێ، دەبێ سەرنج بداتە نێوەرۆک، چون لە ڕاستیدا ئەوە نێوەرۆکە کە دواجار قالب و فۆڕمیش دیاری دەکا.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەم خاڵەش بکەم کە مەرجی سەرەکی بۆ نوێبوونەوەی هەموو حیزبێکی سیاسی، خەسارناسییەکی لە سەتاسەت دەروونییە بۆ نوێژەن کردنەوەی گوتار. گوتاری نوێ یان بە واتایەکی وردتر پێداچوونەوە بەسەر گوتاردا، هۆکاری زیندوویی و گەشەونەشەی سەرجەم ئەندامانی حیزبە بۆ سازکردنی کەشێکی داهێنەرانە، ڕەخنەگرانە و سازدانی دیالۆگێکی بنیاتنەر. بەڵام ئەوەی من لێرەدا مەبەستمە، قۆناغی پاش نوێژەنکردنەوەی گوتارە کە دواتر ئاماژەی پێ دەکەم.

**(٢)**

ڕەنگە گەڕانەوە بۆ نموونەیەکی مێژوویی لەم نوێبوونەوەیە وەک خاڵگۆڕانێک لە سیاسەتی حیزبیدا، بڕیار و بوێریی شەهید دوکتور قاسملوو بێ بۆ ئەم گۆڕانە. شەهید دوکتور قاسملوو دەکرێ وەک یەکەم کەس سەیر بکرێ کە لە دوو قۆناغدا توانی شێواز و مەیدان و بەردەنگی خەبات بگۆڕێ. جاری یەکەم بە هێنانە گۆڕی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، واتە تێپەڕین لە "سۆسیالیزمی مەوجوود" بەرەو "سۆسیالیزمێکی خۆجێیی" گونجاو لەگەڵ ژیانی کۆمەڵگەی کوردەواری، بۆ بەردەنگی کورد و دواجار گەیشتن بە "سۆسیال دێموکراسی" بە مانا ئەمڕۆییەکەی ڕوو بە ئورووپا و ئەمریکا. دوکتور قاسملوو بە نووسینی کورتەباس لە تەواوی ئەو ساڵانەی کە پێداگر بوو لەسەر ئەم باسە، دەیویست حیزبی دێموکرات بەرەو دەڤەر و ئاقارێکی

تر بەرێ و سیمایەکی نوێ لە حیزبەکەی نیشانی ڕۆژئاوا بدا بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ بە گۆڕینی شێوازی خەبات لە مەیدانێکی جیاوازتر مانۆڕ بدا لەگەڵ بەردەنگی بیانی!

قۆناغەکەی دواتر ئەوە بوو کە لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران دیسان قاسملوو توانی سێ توخمی شێواز و مەیدان و بەردەنگ بخاتە ژێر هزری وردی خۆیەوە. خەباتی چەکداری بوو بە شێوازی سەرەکیی بزووتنەوە (ئەگەرچی داسەپێندراو)، گۆڕەپانی خەبات بوو بە خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستان و بەردەنگەکەشی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک. بەڵام هەر لەم قۆناغەدا بە حوکمی پتانسییەلە تاکەکەسییەکانی خۆی و داهێنانی سەبارەت بە کورتە باس، بوارەکەی ڕەخساندبوو کە ڕوو لە ڕۆژاواش بکا و وەک دیارترین سیمای سیاسیی کورد سەرنجیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، واتە خەبات لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە نێونەتەوەیی کردنی پرسی کوردی ئەم پارچە لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی. ڕەنگە ڕێک هەر لەم گۆشەنیگایەشەوە بکرێ ڕاکێشانی سەرنجی ئورووپا بۆ کوردانی باشوور بە هۆی قاسملووە تاوتوێ بکەین.

هەروەها ئەگەر فاکتۆری کات لەم گۆڕانانەدا لەبەر چاو بگرین ڕەنگە بە دەرئەنجامێکی باشتر بگەین. قاسملوو، کەی کورتەباسی نووسی؟ قاسملوو، کەی خەباتی چەکداریی کردە شێوازی سەرەکی؟ قاسملوو، کەی دەستی وتووێژی بۆ لای کۆماری ئیسلامی درێژ کرد؟ لەڕاستیدا ئەم گۆڕانانە بەرهەمی چرکەساتێک نەبوون، بەڵکوو بەرهەمی خوێندنەوەیەکی ورد بوون لە دۆخی بزووتنەوە، لە دۆخی نێوخۆ، لە دۆخی ناوچە و تەنانەت دۆخی نێونەتەوەیی کە هەندێ جار بەرهەمی چەندین ساڵ تێڕامان و خوێندنەوەیەکی وردی خۆی بوون.

ئەوەی سەرنجڕاکێشە ئەوەیە کە لە تەواوی ئەم ماوەیەدا کە قاسملوو خەریکی چەسپاندنی چەمکە تیۆریکەکانە یان گۆڕینی شێواز و مەیدان و بەردەنگە، حەولی گۆڕینی پێکهاتە نادا و ئەم ساختارەی پێ گونجاوترین داڕشتە بۆ حیزبەکەی.

(٣)

قاسملوو بۆیە بەشێک لە مەیدانی خەباتی کردبوو بە هەندەران، چون دەیزانی یەکێ لە بەهێزترین و کاریگەرترین میکانیزمەکان بۆ بە ئامانج گەیشتنی دۆزی کورد، بەجیهانیکردنی ئەم پرسەیە. قاسملوو دەیزانی کە کورد بۆ ئەوەی بگاتە مەبەست پێویستە بەردەوام پرسەکەی لەنێو میدیاکانی جیهاندا لە بڕەودا بێ تا بتوانێ بۆ دواڕۆژ پاڵپشت و پشتیوان بۆخۆی مسۆگەر بکا.

لە ماوەی سەرکردایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات، بەهۆی کەسایەتیی ناسراوی لە ئورووپا و هەروەها ناسیاوی لەگەڵ سیاسەتمەداران و ڕۆژنامەنووسانی جیهان، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ببوو بە ڕۆژەڤ، بە جۆرێ کە میدیا هەرە بەناوبانگەکانی دنیا بەردەوام هەواڵەکانی کوردستانی ئێرانیان دەگواستەوە.

**وەک نموونە:**

گاردییەن (بریتانیا)، لۆمۆند (فەڕانسە)، دێیلی تێلیگراف (بریتانیا)، لوسوار (بەلژیک)، ئیکۆنۆمیست (بریتانیا)، هیراڵد تریبیۆن (ئەمریکا)، سەندەی تایمز (بریتانیا)، زوددۆیچە (ئاڵمان)، بی بی سی (بریتانیا)، نیووزویک (ئەمریکا)، فایناشناڵ تایمز (بریتانیا)، فیگارۆ (فەڕانسە)، پرێس (تورکیە)، فرانکفۆرتر ئاڵگماینێ (ئاڵمان) و... تەنانەت ساڵی ١٩٧٤ لە یەکێک لە ڕۆژنامە پڕتیراژەکانی ئەمریکادا بە قەڵەمی خۆی بابەتێک لەسەر کۆماری کوردستان بڵاو دەکاتەوە. با دوو نموونە باس بکەین:

ڕۆژنامەی فیگارۆ وەک پڕتیراژترین ڕۆژنامەی فەڕانسە لە کاتی لە لووتکەدا بوونی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرواری ٢٠ - ٨ - ١٩٧٩ ئاوا دەنووسێ: ئەگەرچی کوردستان وەک وڵات لەسەر هیچ نەخشەیەک نییە، بەڵام ٥٠٠ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە خاک و زیاتر لە ٢٠ میلیۆن حەشیمەتی هەیە و لە مێژووی هاوچەرخدا هەرکات کوردستان ڕادەپەڕێ، پێنج وڵات دەلەرزێن... فیگارۆ لە درێژەدا دەنووسێ: نەتەوەی کورد بەسەر پێنج وڵاتی تورکیە، ئێران، عێراق، سووریە و یەکیەتیی سۆڤییەت(ی پێشوو)دا دابەش کراوە کە بە درێژایی مێژوو بەردەوام لە شۆڕشدا بوون و هەمیشە وەک ئەرمەنییەکان سەرکوت کراون. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەنەدێکدا کە لە ٢٨ی مارس پێشکەشی خومەینی کردوە، خوازیاری مافی نەتەوەیی بۆ سەرجەم نەتەوەکانی ئێران بە شێوەی خودموختاری یان فیدراسیۆن لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا بووە و...

پڕتیراژترین ڕۆژنامەی ئاڵمان زوددۆیچە تسایتونگ لە ١ - ٩ - ١٩٧٩دا باس لەوە دەکا کە کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا لە وڵاتانی ئەندامی Non-Aligned Movement لە هاڤانا داوای کردوە سیاسەتەکانی ئایەتوڵڵا خومەینی لەهەمبەر کوشتاری کوردی ئێران ئیدانە بکەن.

بێگومان قورسایی هەرەزۆری ئەرکی بەجیهانی کردنی پرسی کورد لە دەیەی هەشتای زایینیدا تا ئەو کاتەی دوکتور قاسملوو مابوو، لەئەستۆی خۆی بوو. با ویژدان سەنگی محەک بێ، سەرەڕای نەبوونی ئیمکاناتی مێدیایی و سۆشیال مێدیایی لەو سەردەمەدا، توانی سەرنجی مێدیا بەناوبانگەکانی جیهانی بۆ لای خۆی و پرسی نەتەوەکەی ڕابکێشێ.



سەرچاوە
Serchawe

(٤)

هەنووکە بەپێی ئەم پتانسییەلە مێدیاییەوە و بوونی دەیان ڕێکخراوەی سیاسی نێونەتەوەیی (کە شارەزای دۆزی کوردن) و حزووری کەسانی ئاکادیمیسییەن و نووسەر و ڕۆژنامەنووسی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات، جێی خۆیەتی بە هەموو چەشنێ ئەم پەیوەندییانە بە شێوەیەکی تۆکمە و پلاندار سەرلەنوێ ساز درێتەوە و سەرنجی مێدیاکانی جیهان کە ئێستا وەک مێدیای نێونەتەوەیی دەور دەگێڕن و لەسەر سیاسەتی دەوڵەت و ڕای گشتی نەتەوەکانی خۆیان و تەنانەت دەوڵەتانی تریش شوێندانەرن، بۆ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕابکێشن. هەرچەند بەداخەوە سەرەڕای ئەم پتانسییەلە سەردەمیانە، بە حەشیمەتێکی نیزیک بە چل میلیۆن کورد، ئێستاش پاش ساڵەهای ساڵ بڵاڤۆکێکی ئاکادیمیکی دەوڵەمەند و بەهێزی (ISI) لە نێو کورددا نییە کە بکرێ وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی زانستی لە لایەن پسپۆرانی نەتەوەکانی ترەوە سەیر بکرێ و بەهای پێ بدرێ و ئەمە بەڕاستی بۆشاییەکی گەورەیە.

لە لایەکی ترەوە ئێستا کە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەستاوە و هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات دەمێک ساڵە لە باشوور قەتیس ماوە و نەبوونی ئەم "حزوورە" لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک گەورەترین خەسار، کەڵک وەرگرتن لە وزەی ئەم مێدیا جیهانیانە دەروازەیەکی نوێی خەباتمان بە ڕوودا دەکاتەوە... ڕێک وەک ئەوەی دوکتور قاسملوو کردی!

دیارە کە باس لە گۆڕینی شێوازی خەبات، گۆڕینی گۆڕەپانی خەبات و گۆڕینی بەردەنگ دەکەین بەم مانایە نییە کە ئەو چەمکەی وەک خەباتی فرەڕەهەندە نێودێرمان کردوە لەبیر بکەین، واتە کەلک وەرگرتن لە هەموو تواناکان، بەڵکوو جۆرێ خوێندنەوەی واقعبینانەیە بۆ دۆخی حیزبەکان. بە حوکمی دۆخی تایبەتی ئێستای حیزبەکان، گۆڕەپانی خەبات دەبێ بگوازرێتەوە، چون لەڕاستیدا لەم ساتەوەختەدا خەباتی چەکداری بەم شێوەیە بووز ناخوا و دەبێ تێچوویەکی زۆریشی بۆ بدرێ، لە لایەکی دیکەشەوە ئەو زەینییەتە ڕەنگە نەتوانی وڵامدەرەوە بێ کە پێمان وابێ بە شێوەیەکی ڕێکخراوەیی دەکرێ لە نێوخۆ خەباتی مەدەنی یان نافەرمانی مەدەنی بەڕێوە بچێ، چون دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەوە داخراوترە ئیزنی ئەوە بدا کورد وەک حیزب و ئۆرگانیزاسیۆن خۆی کۆ کاتەوە.

کەوا بوو ڕێک لەم پنتەڕا دەبێ شێواز و گۆڕەپان و بەردەنگی خەبات بگوازرێتەوە دەرەوەی وڵات واتە ئورووپا و بەتایبەتی ئەمریکا و ئەوەی دەبێ سەرکردایەتیی کورد نیشانەی بگرێ، سیستەمەکانی دەرەوەی وڵاتن. کۆی سیستەمەکانی وڵاتانی ئەمریکا و ئورووپا وەک ناوەندەکانی: سۆشیال مێدیایی، تینک تانک، ئاکادێمیک، لێکۆڵینەوەیی، ڕاگەیاندن، مافی مرۆڤ، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و...

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

گۆڕینی ئەم سێ توخمە لە خەباتی سیاسیدا دەبێ هەم وەک تاکتیک و هەم وەک ستراتیژی سەیر بکرێ. لابی کوردی ڕۆژهەلات دەبێ خێوەتەکەی بەرەو کۆشک و تەلاری دەولەتانی تر هەلّ دا، بۆ گۆڕینی بەردەنگ و گۆڕینی گۆڕەپان و دواجار گۆڕینی شێوازی خەبات. واتە دەبێ دیپلۆماسی گشتی وەک هێزی نەرمی بکەوێتە گەڕ، جگە لەوە هیچ دەرەتانێکی تر نییە بۆ کورد بۆ ئەوەی بەرەنگاری کۆماری ئیسلامی بێتەوە. ئەوە کە سەرکرادیەتی سیاسی کورد ئەمڕۆ، چەندی پتانسییەلی ئەم کارە و توانایی پراکتیزە کردنی هەیە، وەلامەکەی لای خۆیانە!

١٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# خاکی گەوهەر





سۆران عەلیپوور

"ئێمە خاکمان لە باب و باپیرانەوە بۆ بەجێ نەماوە، خاک ئەمانەتیکە، نەوەکانی داهاتوو بە ئێمەیان سپاردوە*".

مێتۆلۆژیی یۆنانی کۆن وێنەیەکی ئاڵۆز و دەوڵەمەند لە  خاک و سروشت وێنا دەکا، وەک سەرچاوەیەک بۆ ژیان، مەیدانی

ڕمبازێنی خواکان و مەودای پێگگەیشتنی نهێنی و مەتەڵە هەڵنەهێنراوەکان. خاک تەنیا سەکۆی شانۆیەک نیە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکە مرۆییەکان، بەڵکوو هێزێکی زیندووی چالاکە کە فۆرم دەدا بە کردە، توانا و بڕستی خواکان. سروشت لە ئەفسانە یۆنانیەکانەوە بۆ دنیای مۆدێرنی ئێمە و بۆ سروودی "خوایە وەتەن ئاواکەی" ئەکتەرێکی هەمیشەیی مێژوو بووە، هێندێک جار سەرچاوەی بژێوی و شوێنێک بووە بۆ نیشتەجێبوون، زۆر جارانیش بارگاوی بووە بە هێما، نیشانە و واتای سێمبولیک لە نیو ئایین وئیمپراتۆرییەکان، سیاسەت و ئیدۆلۆژییە جیاوازەکان و ململانێی وڵاتان.

سووتانی دارستانەکان، بناری چیاکان و ژینگەی نیشتمانی کوردان جارێکی دیکە پرسی خاک دەباتە نێو بەستێنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی فراوانتر لە پرسی ئاگرکەوتنەوەیەکی سروشتی بۆ جۆرێک لە ئەکتی سیاسیی گرێدراو بە ناسنامە، داهاتوو و چارەنووسی گەلێک. خاک وێنەی مێتۆلۆژیی یۆنانی دەبێتە هێزێکی زیندوو، کە فۆرمە فیزیکییەکەی خۆی بەجێ دێڵێ و دێتە نێو چەقی ڕووداوەکان و سەکۆیەک بۆ هەزاران دەنگی ناڕازای و دروشمی ڕادیکاڵ، بەو جیاوازییەوە کە مەیدانداارانی ئەوجارە لاوانی ژینگەپارێز و خەڵکی کوردستانن .

لە دەورانی پاشایەتی و لە سەردەمی کۆماری ئیسلامییشدا سیاسەتێکی سیستماتیکی سێ لایەنەی بەئەمنیەتیکردن، بەتاڵانبردن و بێباک بوون لە چارەنووس و گوزەرانی دانیشتووان و خەڵکی کوردستان لە لایەن ئەو دوو ڕێژیمەوە پەیڕە کراوە، "خاک" تا ئەوکاتەی هەڕەشە لە ناوەند و یەکپارچەیی دەکا دەبێ سیاسەتی "سەرزەوینی سووتاو" ی تێدا پیادە بکرێ و کەشێکی ئەمنیەتی و هیرارکییەکی سەربازی و پۆلیسی ستەمکارانەی بەسەردا بسەپێ، هەرکاتێکیش دەرفەتی بەتاڵانبردنی ئاو، سامانە سروشتییەکان، سەرچاوە کانزاییەکان و بەرووبوومی ڕووەکی و زیندەوەری هەبێ ئەوا بێ گوێدان بە ئێکۆسیستم و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە درێژخایەن و تەندروستییەکان بۆ هێشتنەوەی ژینگەیەکی ساغ و بەرهەمهێنەر، بێبەزەییانە دەست لە بینەقاقای سروشتی کوردستان دەنێن و تاڵانی دەکەن. ئەوە بێ ئەوەی خێروبێری بازرگانی بەو سروشتە بەجۆرێک بگاتە خەڵکی کوردستان. ئەو مێتۆدە کۆڵۆنیالیستیە لە لایەکەوە پەرە بە لەپەراوێزدا هێشتنەوەی کوردستان لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی دەدا، لە لایەکی دیکەشەوە لە ڕێگەی تاڵانکردن و سووتاندنی سروشتەکەی لە هەوڵی لاوازکردن و لەنێوبردنی ئەو پەیوەندیە مێژوویی و ناسنامەییەدایە کە لە نێوان خەڵکی کوردستان و سروشتەکەیدا هەیە. لە سەد ساڵی ڕابردوودا "ناوەند" بە پشت بەستن بە وێژمانێکی داگیرکاریی وێنەی "ئەویتر" ی لە کورد دروست کردووە کە لەوێدا کورد بە بە پێی ڕیزبەندیەکی نادادپەروەرانە لە زمان و بەستێنی جۆراوجۆردا پێناسە کراوە، زۆر جاران ئەو وێنا کردنە لە کورد ڕاستەوخۆ گرێدراوەتەوە بە سروشتیی بوون و بێگانە بوونی کورد بە شارستانیەت، ئەو وێژمانە بە بەهێزبوونی بزووتنەوەی بەرەنگاریخوازی لە کوردستان گۆرانکاری بەسەرداهاتووە و میکانیزمی "هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی گشتیی" خستۆتە پێش سروشتی بوون و exotic بوونی کورد، لێرەدا سروشتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانیش وەک مەترسیەک بۆ سەر ناوەند پێناسە دەکرێ، بە تایبەت کە ماوەیەکی زۆر سروشتی کوردستان فاکتێکی یەکلایی کەرەوە بوو لە پەناداان و پاراستنی هێزە سیاسیەکان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازیە چەکدارییەکان. ئەگەر ئەو وێژمانە میکانیزم و مێتۆدی کارایی خۆی گۆریوە، بەلام ئامانجە سەرەکیەکە کە پەراوێزکردن و بە "ئەویتر" کردنی کوردە لە بەرامبەر"من"ی خاوەن شارستانیەت و هێز و کلتووری بالا، گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.
ئەوەی کە سووتانی دارستانەکان و ژینگەی سروشتی ولاتان بەشێکن لە ئەنجامی گۆڕانکارییە کەشوهەواییەکان گومانێکی لەسەر نیە و کوردستانیش لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی چڕوپڕتر لەگەڵ ئەو کێشەیە دەست و پەنجەی نەرم کردوە، بەشێک لە ئەنجامەکانی ئەو گۆڕانکارییانە هاوکێشەیەکی تراژیدی نادادپەروەرانەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو خەڵکانەی کەمترین ڕۆڵیان لە ئاڵوگۆڕی ئاووهەوادا هەیە زۆرترین خەساریان لەو گۆڕانکاریانەدا بەر دەکەوێ. لە کوردستان دا ئەو نادادپەروەرییە جارێکی دیکە لە سەر ئاستی سیاسەتی حکومەتی ناوەندی بەرامبەر بە سروشتی ئێمە زەقتر بەرچاو دەکەوێ، لە سەروبەندی کارەساتە سروشتیەکاندا، سووتانی دارستان و بناری چیاکان و ژینگەی ئێمەدا ئەگەر زۆرجاران تاوانباری سەرەکی نەبن ئەوا بە شێوەیەکی پاسیڤ لێدەگەڕێن کە ئەو کارەساتانە زۆرترین خەساری گیانی و ماددیان لێ بکەوێتەوە، خۆ ئەگەر چالاکوانی ژینگەپارێز و خەڵکی خۆبەخشیش هەوڵی سارێژکردنی ئەو برینانە بدەن ئەوا مۆرکی سیاسی بوون و جاسوس بوونیان لێ دەدرێ و نەک هەر کارئاسانیان بۆ ناکرێ، بەڵکو دەکەونە بەر هەڕەشەی چاودێری کردن و دەسبەسەر دەکرێن.

ڕوویەکی ئەو ڕووداوانەی چەند ڕۆژی ڕابردوو، هەر لە هەڵمەتی لاوانی ژینگەپارێزی وەک چیاکۆ، حەمید و خەبات بۆ پاراستنی سروشت و ژینگەی کوردستان تا بەخشینی گیانیان بێجگە لەوەی کە ئاماژەیە بە بەرپرسیاریەتییەکی ئەخلاقی لە ئاست سروشت و بوونەوەری کەژ و کێوەکانی کوردستان، هاوکات ئاماژەیە بەو وشیارییە بەرزە سیاسی و کۆمەلایەتییەی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە بەشێک لە ناسنامە و چارەنووسی کورد بە سروشتی کوردستانەوە گرێ دەدات.

ڕوویەکی دیکەی ئەو پرسە غیابی بەئەنقەست و نابەرپرسیارانەی "ناوەند"ە کە لە کاتی قەیرانە سروشتی و ئەو کارەساتانەی بەرۆکی خەڵک دەگرێ ڕۆڵی تەماشەگەر دەگێڕێ، ئەوە تەنیا کەمتەرخەمیی بەرپرسان و کەلێن لە بواری خزمەتگوزاری و فریاگوزاریدا نیە، ئەوە ڕەنگدانەوەی ڕیزبەندییەکی نادادپەروەرانەی ناوەندە لە ئاست "پەراوێز" دا کە نە بۆخۆی دەیەوێ بەرپرسیارانە بجوڵێتەوە نە خەڵکی کوردستانیش لە بەرپرسایەتییدا شەریک دەکا و تەنانەت لەمپەر دەخاتە ڕێی چالاکوانانی ژینگە و هەڵمەتی خۆبەخشانەی خەڵکیش.
لە ڕێورەسمی بەخاکسپاردنی شەهیدانی ئەوجارەی ژینگەدا خەڵکی کوردستان بێجگە لەوەی خاوەندارەتییان لە ڕۆڵەکانی خۆیان کرد و بە شکۆوە بە خاکێکیان سپاردن کە بۆ پاراستنی گیانی خۆیان بەخشیبوو، هاوکات پەنجەی تۆمەتباریشیان

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

بۆ داگیرکەری ئێرانی درێژ کرد و بە تاوانباری سەرەکی ئەو کارەساتەیان ناساند. ئێمە دیتمان کە مەرگی نەخوازراوی سێ لاوەکەی شاری سنە وەک سەکۆیەکی دیکەی هاوخەمی، هاودەنگی و هەروەها نارەزایەتیی دەربڕین لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە کەلکی لێوەرگیرا. لە یەکێک لەو سەکۆیانەدا خەڵکی سەقز بۆ هاودەردی و هاوخەمی لەگەڵ خەڵکی سنەی زامداری دوای کۆستی سێ شەهیدی ژینگە، لە دەوری یەک کۆ بوونەتەوە و سروودی خوایە وەتەن ئاواکەی دەڵێن، نێوەرۆکی شێعرەکەی فایەق بێکەس بێجگە لە پەیامە بەرگریخوازیەکەی چەند وێنەیەکی جوانی لە سروشتی کوردستان تێدایە کە هەر بە ڕێکەوت ئاماژە بە پەیوەندی نێوان ناسنامە و شاخەکانی کوردستان دەکا:

"شاخی بەفرین و بەرزە
بۆ ڕابردوومان ڕەمزە
چیمەنی جوان و سەوزە
ئاوی کەوسەرە، خاکی گەوهەرە
پڕ لە گوڵ و نەسرینە"

چیاکۆ، حەمید و خەبات وەک فایەق بێکەس و زۆربەی خەڵکی کوردستان لە ئاست گرینگیی شاخ و سروشتی کوردستان هۆشیارن و ئاگایان لەو پەیوەندیە ڕوحیە و مێژووییە هەیە کە شاخ بە زیندوومانەوە، خەباتی بەرەنگاریخوازی و ناسنامەی کوردانی بەخشیوە و لە بەرامبەریشدا دەزانن چیاکان هێمای ڕاوەستاوی و قەڵای بەردەوامین.

سیاسەتی هەڵاواردن و جیاکاری لە بواری ژینگەشدا ستەمێکی دیکەی ناوەندە کە وێڕای جۆرەکانی دیکەی ستەمی ناوەند مەترسی لەسەر خاک و سروشتی کوردستان دروست دەکا، ئەگەر لە ڕابردوودا لە ڕێگەی بەرجەستەکردنی کوردستان وەک بۆمبێکی چرکەدار کراو و مەترسی بۆ ئەمنیەت و یەکپارچەیی وڵات کەشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و ئابووری و کلتووری کوردستانیان تەواو پۆلیسی کردووە، ئێستا لە بەکارهێنانی کەش و هەواو ژینگەی کوردستان وەک فاکتێکی ژێۆپۆلیتیک دژی خەڵکەکەی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیەکەی سڵ ناکەنەوە، بۆیە هەر کردەیەکی ژینگەخوازانە و ژینگەپارێزانە دەچێتە چوارچێوەی کردەیەکی سیاسی بۆ پاراستنی سروشت و ئەو هێما و ڕازە شاراوانەش کە ناسنامەی کورد بە خاکەکەیەوە دەبەستێتەوە.

*پەندێکی باوی ناو دانیشتووانی ڕەسەنی ئامریکایە.

**١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

# حیزبی دیموکرات هەر حیزبی ڕابردوو نیە، حیزبی داهاتووشە






**قادر وریا**(*)

**درێژخایەنبوونی خەبات و هۆیەکانی بەردەوامبوونی**

حیزبی دێموکراتی کوردستان، ٨٠ ساڵە ئاڵاهەڵگری خەبات بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەی کورد لە نێو وڵاتی ئێرانە و بۆ دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات. مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەیەک ئەویش نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی کە خۆی و نیشتمانەکەی بە سەر چەند وڵاتدا دابەش کراون، مافێکی ڕەوا و ئامانجێکی پیرۆزە. ئەم مافەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ نەتەوەکەی داوای دەکات و ئەم ئامانجەی خەباتی بۆ دەکات، بە گوێرەی پەسندکراوە جیهانییەکانیش بە مافێکی بێ ئەم لا و ئەولای هەر نەتەوەیەک، دادەنرێن. نە شتێکی ناڕەوایان تێدایە و نە زێدەڕۆیی. کە وایە ئەوە دروست یا نادروستبوونی ئامانجی خەباتەکە نییە کە بووە بە هۆی درێژبوونەوەی خەبات، بەڵکوو ئەوە زاڵبوونی دیکتاتۆری و حکوومەتی سەرکوتکەر و دڕندە لە ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکە هەلومەرجی دژواری خەباتی ئەم حیزبە و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە وای کردوە ئەم خەباتە لە ماوەیەکی کورتدا نەگاتە ئاکام و هەر وا درێژەی هەبێ.

ئەگەر سەرنج بدەینە خەباتی نەتەوە و چین و توێژەکانی دیکەی خەڵکی ئێران کە تەنانەت ئامانجی بچووکتریشیان لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەبووە، دەبینین ئەوانیش زۆریان خایاندوە و کەمتر بە ئاکام گەیشتوون. گرنگترینی ئەو هۆیانەی وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەڕای درێژبوونەوەی خەباتەکەی بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ،

هەر وا درێژە بە ڕێگاکەی بدات، ئەمانەن:

**یەکەم**: تێگەیشتن لە بێبەشیی نەتەوەی کورد لە سەرەتاییترین مافەکانی و، دڵنیابوون لەو ڕاستییە کە ئەم نەتەوەیەش وەک نەتەوەکانی دیکە شایانی ئەوەیە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی هەبێت.

**دووهەم**: پابەندبوون بە ڕاسپاردە و ئەرکێکی مێژوویی کە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە کەوتووەتە سەرشانی کە ئەویش بریتیە لە ڕزگار کردنی نەتەوەکەی کورد لەم بەشەی نیشتمانەکەی لە بندەستی و بێبەشی.

**سێهەم**: وەفاداری بەو قوربانییە زۆرەی کە نەسلەکانی پێشوومان لەم حیزبەدا و، هەروەها خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبە و لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم حیزبەدا، پێشکەشیان کردوە. دەستهەڵگرتن لە خەبات و بەردەوام نەبوونی ئەم حیزبە لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بێ ئەوەی ئامانجەکانی هاتبێتە دی، یانی بە فیڕۆدانی ئەو قوربانی و تێچووە زۆرەی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد داویانە.



سەرچاوە
Serchawe

**چوارەم**، درێژەی ژێردەستی و بێمافیی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕێژیمەکانی ئێران لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ئامانجەکان و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و خەباتەکەی، وایان کردوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەر ڕێگاکەی خۆی بەردەوام بێت و هەمیشە زەمینەیەکی لە بار بۆ بەردەوامبوون لە سەر ڕێگاکەی خۆی، بەدی بکات.

## پێشمەرگە و خەباتی چەکدارانە لەمێژووی حیزبی دیموکراتدا

پەنابردن بۆ چەک بۆ پاراستنی خەڵکی کوردستان و هەبوونی هێزی پێشمەرگە بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەباتی ئەو خەڵکە، لە مێژووی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا جێگایەکی دیار و شایانی هەڵوێستە لەسەر کردنی هەیە. دەکرێت خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی پێشمەرگایەتی لە سێ قۆناغی جیاواز (کۆماری کوردستان، ڕاوەستانی چەکدارانە بەرانبەر هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و پێشمەرگایەتی لە سەردەمی ئێستا)دا بەمجۆرە باس بکەین: پاراستنی نەتەوەی کورد لە هێرشی سوپایی دوژمنانی و داکۆکی لە دەسکەوتەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان، یەک لەو خاڵە هاوبەشانەیە کە پێشمەرگە لە هەر کام لەو قۆناغانەدا، هەڵگریان بووە. خاڵێکی هاوبەشی دیکەی پێشمەرگە لە هەمووی ئەو قۆناغانەدا، ئەوە بووە کە هەر تەنیا هێزێکی چەکدار نەبووە بەڵکوو مرۆڤێکی بە بیروباوەڕ بووە کە نەک بۆ پلە و پایە و سامان، بەڵکوو بۆ بردنە پێشی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی، تێکۆشاوە. هەر وەها پێشمەرگە خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی بووە کە وایان کردوە لە نێو نەتەوەکەی دا ڕێز و خۆشەویستییەکی تایبەتی هەبێت. قبووڵی ماندوویی بێسنوور، لە خۆبردوویی و خەڵکدۆستی و فیداکاری و ڕێزدانان بۆ خەڵک و بوونی ڕەوشتی بەرز و هەڵسوکەوتی جوان لەو تایبەتمەندییانەن کە لەسەر یەک پێشمەرگەی هەموو قۆناغ و سەردەمەکانی پێ دەناسرێتەوە.

بەڵام ئەگەر بمانەوێ باس لە خاڵە جیاوازەکان بکەین، پێویستە بەر لە هەر خاڵێک ئاماژە بە کاریگەریی قۆناغ و سەردەمەکان لەسەر هێزی پێشمەرگە لە ڕووی پێکهاتە، لە ڕووی بیرکردنەوە و ڕوانین، لە ڕووی ئامادەیی بۆ بەشداری لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەباتدا بکەین. بۆ وێنە هێزی پێشمەرگە لە سەردەمی کۆماردا، هێزێکی تەواو پیاوانە بووە و ژنانی پێشمەرگە لەو ڕۆژگارەدا نابینین. پێکهاتەی هێزی پێشمەرگە بە زۆریی خەڵکی لادێ بوون و کەمتر وەک تاک بەڵکوو زیاتر وەک بەشێک لە عەشیرەتێک و لەژێر ئەمری سەرۆک عەشیرەت و ئاغای گوندەکەی خۆیاندا، بوون بە پێشمەرگە. ژمارەیەکی زۆر کەمیان خوێندەوار بوون و خوێندەوارییەکەشیان لە ئاستێکی نزمدا بووە، بەڵام پێشمەرگەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، تێکەڵاوێک بووە لە خەڵکی لادێ و شار. ژنان بەرە بەرە دێنە نێو ڕیزی پێشمەرگە. ئاستی

خوێندەواری و ژمارەی خوێندەوار لە نێو هێزی پێشمەرگەدا، ئالوگۆڕی بەرچاوی تێدا پێک دێت. مەیدانی تێکۆشانی پێشمەرگەش زۆر بەربڵاو دەبێت و لە سەرووترین ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەتا خوارووترین ناوچەکان، واتە هەر چوار پارێزگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگرێتەوە. جۆری کەرەستە و چەکیش کە لەو سەردەمەدا پێشمەرگە شەڕی پێ دەکات، زۆر جیاوازە لە چەک و کەرەستەی سەردەمی کۆماری کوردستان.

جیاوازییەکی دیکە کە لە نێوان نەسلی ئەمڕۆی پێشمەرگە و نەسلەکانی پێشوودا هەیە، ئەوەیە کە نەسلی دەیەی ٦٠ و٧٠ی هەتاوی لە نەسلەکانی ئیستا، پشوودرێژتر و خۆڕاگرتر بوون؛ لەگەڵ ئەوەی پتر لە نەسلەکانی ئێستا لە شەڕ و تێکهەڵچووندا بوون، پتر لەگەڵ مەترسی ڕووبەڕوو بوون و هەلومەرجی پێشمەرگایەتیی ئەوان سەختتر بوو، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەستیان لە پێشمەرگایەتی هەڵدەگرت و پتر لە سەنگەر و لە ڕیزی پێشمەرگەدا دەمانەوە.

## حیزبی دێموکرات حیزبێکی شۆڕشگێڕ یا ڕیفۆرمخواز؟

حێزبی دێموکرات مێژوویەکی لێوڕێژ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی هەیە. بەڵام بە سەرنجدان بە جیاوازیی هەلومەرجی سەردەمەکان و جۆری تێکۆشانی حیزب لە هەر سەردەمێکدا زۆر جار ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی ئەو حیزب کراوەتەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی بە حیزبێکی شۆڕشگێڕ دەزانێ یان حیزبێکی ڕیفۆرمخواز؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەبێت بگوترێت: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم خاوەنی ئامانجی شۆڕشگێڕانەیە، هەم لە زۆربەی قۆناغ و سەردەمەکانی تەمەنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیدا، شێوە و شێوازی شۆڕشگێڕانەی بۆ خەبات و تێکۆشان گرتووەتە بەر. ئەو ئامانجانەی ئەم حیزبە خەباتی بۆ کردوون، زۆر لەوە گەورەتر بوون کە لە چوارچێوەی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامیدا ئیمکانی وەدیهاتنیان هەبێت. هەر کاتێکیش ئەو ئامانجانە وەدی بێن، گۆڕانی بنەڕەتی لە ژیانی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا پێک دێنن. هەر بۆیە دەتوانین بە ئامانجی شۆڕشگێڕانە ناویان بەرین. شێوازەکانی خەباتی ئەم حیزبەش، شۆڕشگێڕانە بوون. ڕاوەستان بە دژی سیاسەتەکانی دوو ڕێژیمی شایەتی و کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمە ناوەندییەکان و بە چەک و خەباتی چەکداری، بەرەنگاربوونەوەی هێرش و پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەکانی ئێران، بە شێوازی شۆڕشگێڕانە دێنە ئەژمار کە دیارە هەڵبژاردنی ئەم جۆر و شێوازانەی بەرەنگاری و خەبات، بە سەر ئەم حیزبەدا داسەپاون، ئەگینا هەر کات دەرەتانی سوود وەرگرتن لە شێوازەکانی هێمنانە بووبێت، ئەم حیزبە پێشوازیی لێ کردوە. بەڵام شۆڕشگێڕبوونی حیزبی دێموکرات هیچ کات نەبووە بە هۆی دژایەتیی ئەم حیزبە لەگەڵ پەنابردنی خەڵک بۆ خستنە ڕووی داخوازیی ڕیفۆرمخوازانە و سوود وەرگرتن لە شیوازی هێمنانەی خەبات و

تێکۆشان. هەر حەرەکەتێک و بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمخوازانە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەری هەڵ دابێت، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جیاتی ڕەتکردنەوە و دژایەتیکردنی، هەوڵی داوە هەم ڕەخنەی لێ بگرێت هەم خەڵک بۆ سوودلێوەرگرتن و ڕادیکاڵتر کردنی، هان بدات.

## کوردستانیبوون و ئێرانیبوون لەسیاسەتی حیزبی دیموکراتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە کۆنەوە، دوو سیاسەتی شانبەشانی یەک بردووەتە پێش و هەوڵی داوە بە ڕادەی پێویست گرنگی بە هەر دوویان بدا و یەکیان بۆ ئەوی دیکە وەلا نەنێت. لە لایەکەوە خۆی وەک حیزبێکی کوردستانی و، خەباتی نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک بەشێک لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بۆ ڕزگاری لە بندەستی پێناسە کردوە؛ هەر بۆیەش هیچ کات لە سیاسەتی پشتیوانی لە خەباتی نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکە و پێوەندیی دۆستانە لەگەڵ هیزە سیاسییەکانیان غافڵ نەبووە. لە لایەکی دیکەوە، چونکە ڕووی داخوازەکانی ئەم حیزبە و خەباتی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دەسەڵاتی ناوەندیی ئێران بووە و دروشمی ستراتیژیکی ئەم حیزبە پێوەندیی بە وڵاتی ئێرانەوە هەبووە، تێکۆشاوە لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران و لەگەڵ بزووتنەوە سەرانسەرییەکانی ئەو وڵاتە، پێوەندیی دۆستانەی هەبێت و لەگەڵ گەلانی ئێران لە خەبات بە دژی دیکتاتۆری و سەرەڕۆییدا، هاوخەبات بێت.

## پەیڕەوانی ئایین و ئایینزای جیاواز لەکوردستان لەحیزبی دیموکراتدا

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە، حیزبی هەموو نەتەوەی کورد بووە. ڕۆڵەکانی ئەم نەتەوەیە لە هەر چین و توێژێک یا لە هەر ئایین و ئایینزایەک بووبن، بە هەر دیالێکت و زاراوەیەک قسەیان کردبێت، بەو مەرجەی ئامادە بووبن لە ڕیزەکانی ئەم حیزبەدا بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە بندەستی و بێمافی خەبات بکەن، حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە خۆشحاڵییەوە باوەشی بۆ کردوونەوە. لە ڕاستیدا هەموو ئایین و ئایینزاکان، لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ڕێزیان لێنراوە و، بێڕێزی بە هەر کامیان، پێشی پێ گیراوە. پەیڕەوانی ئایینێک یا ئایینزایەک، لە وانیتر هەڵناوێردراون، یەکیان لەوانی دیکە پتر بایەخی پێ نەدراوە، یا پەیڕەوی کردن لە ئایینێک و بە پێچەوانەیشەوە نەبوونی باوەڕی ئایینی، نەبووە بە هۆی بەدەستهێنانی ئیمتیاز لەو حیزبەدا.

بە کورتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لەو بڕوایەدایە کە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی، یان جۆراوجۆریی دیالێکت، ڕاستییەک و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵگەی کوردە و دەبێت ڕێگە نەدرێت هیچ پێکهاتەیەک لە هەوڵی سڕینەوەی



سەرچاوە
Serchawe

ئەوانی دیکە دابێت. هەمووانیش دەبێت بە جیاوازییەکانیانەوە لە سەر ئامانج و داخوازە نەتەوەیی و گشتییەکان، یەکگرتووو و هاوخەبات بن.

## ئەرکی حیزب و ئەرکی خەڵک لە ڕەوتی خەباتدا

ئەرکی حیزبێکی سیاسیی پێشڕەو، ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک لە ڕووی سیاسی و، ڕێکخستنی خەبات و تێکۆشانی ئەوان تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو خەڵکەیە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی لە مێژووی خۆیدا لەگەڵ کەموکوڕی و لاوازیی جۆراوجۆر و ڕەخنەی جیددی بەرەوڕوو بووە، بەڵام لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی کەمتەر خەم نەبووە. خوێندنەوە و لێکدانەوەی واقیعبینانەی داوای خەڵکی کوردستان و فۆرمۆڵەکردنی ئەو داوایانە لە بەرنامەکەی خۆیدا، گرتنەبەری سیاسەت و هەڵوێستی دروست لە قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان، دریغ نەکردن لە قوربانیدان و شێلگیربوون لەسەر خەبات و تێکۆشان بۆ ماوەی ٨٠ ساڵ، کاری سیاسی بە ئاراستەی پێکهێنانی یەکگرتوویی و کۆدەنگی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندی، وەدەستهێنانی متمانە و پشتیوانیی خەڵکی کوردستان ئەو ڕۆڵ و ئەرکەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان جێبەجێی کردوە.

دیارە ڕۆڵ و ئەرکێکیش کە دەکەوێتە سەر خەڵک، هەوڵدان و تێکۆشانە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کە ئەم حیزبە و ڕۆڵەکانی خەڵکی کوردستان لە ڕیزەکانی ئەو حیزبەدا، ٨٠ ساڵە خەباتی بۆ دەکەن. ئەرکی خەڵک قۆستنەوەی ئەو هەل و دەرفەتانەیە کە بۆ خستنەڕووی داخوازەکانی خۆیان بۆیان دێتە پێش. نابێ پێیانوابێت خەباتکردن تەنیا ئەرکی حیزبی دێموکرات و ئەندامەکانیەتی و ئەوانیش دەبێ لە دوورەوە بینەر و تەماشاچیی ڕووداوەکان بن، بە پێچەوانەوە دەبێت ئەوان بۆ خۆیان چەقی خەبات و بەرخۆدان بن. هاوکات پێویستە پشتیوان و چاوەدێریی خەبات و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە بن کە بە نوێنەر و ڕێبەری داواکانی خۆیانی دەزانن. بە هەموو تواناوە و لە هەموو ڕوویەکەوە پشتیوانی لە سیاسەتەکانی بکەن، هاوکاری تێکۆشەرانی بن، کاتێکیش پێویست بوو، پێشنیازی پێ بکەن، ڕەخنەی لێ بگرن و وای لێ بکەن ئەو ئامرازە کاریگەرە بێت کە بتوانێ خەباتی ئەوان لە پێناوی دیموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ئاکامی دڵخواز بگەیەنێت.

## حیزبێک هی ڕابردوو، حیزبێک بۆ داهاتوو

سوارچاک و دیارترین ئەکتەری مێژووی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە یەک سەدەی ڕابردوودا، حیزبی دێموکراتی

گەلاوێژی ٢٧٢٥

کوردستان بووە. لە دامەزرانی "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان"ەوە کە ئەم حیزبە درێژەی هەمان ڕێچکەیە، هەتا ئێستا ٨٠ ساڵە ئەم حیزبە لە مەیدانی خەباتدایە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ ماوەی نزیک بە چوار دەیە، تاقە هێزی مەیدانەکە و دواتریش هێزی سەرەکیی گۆڕەپانی خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورد لە ئێراندایە. کۆماری کوردستان کە بە گرنگترین و گەورەترین ڕووداوی سیاسیی کورد لەم بەشەی کوردستان و تەنانەت لە ئاستی هەموو کوردستان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا دادەنرێت، مێژوو بە ناوی ئەم حیزبەوە تۆماری کردوە. حیزبی دێموکرات پشکی شێری لەو ٤٥ ساڵ خۆڕاگری و خەبات و بەربەرەکانێیە پڕ لە قوربانیدانەی لە کوردستان بەرامبەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەیە. ئەم حیزبە زۆرترین کاریگەرییشی لەسەر گەشە کردنی ناسیونالیزمی کورد لە ئێران و شۆڕبوونەوەی خەبات و باوەڕی نەتەوەیی بۆ جوگرافیایەکی هەرچی بەرینتر و بۆ نێو چین و توێژی جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەبووە. جگە لەمەش ناسرانی پرسی کوردی ڕۆژهەڵات بە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی، قەرزداری تێکۆشانی دیپلۆماسیی حیزبی دێموکرات بەتایبەتی ڕێبەری شەهیدی ئەو حیزبە، دکتۆر قاسملوویە. بەڵام حیزبی دێموکرات، حیزبێک نییە تایبەت بە ڕابردوو، حیزبێکە بۆ داهاتووش، خاوەنی داهاتووشە. چونکە پرسێک و ئامانجێک کە خەباتی بۆ دەکات، هەروا پرس و ئامانجی نەتەوەی کورد لە ئێرانە. ئەم حیزبە بۆ دوای چارەسەری پرسی نەتەوەییش بەرنامەی هەیە. وێڕای ئەمانە، مێژوویەکی پڕ لە خەبات و قوربانیدان، ڕێبەرانێکی شەهید کە کۆمەڵگە وەک ڕەمز و هێمای خەبات و پرسی ڕەوای خۆی وەری گرتوون، چەند هەزار شەهیدی سەنگەر و بەرە جۆراوجۆرەکانی خەبات، ئیعتیبارێکی نەتەوەیی، ناوچەیی و جیهانی کە ئەم حیزبە بە دەستی هێناوە، سەرمایەکانی حیزبی دێموکرات بۆ مانەوە و بەردەوامی و گەشە لە داهاتوو دان. دیارە بەو مەرجەی ئەم حیزبە لاوازییەکانی ڕابردووی خۆی چارەسەر بکا و خۆی بۆ خەبات لە قۆناغ و سەردەمێکی نوێدا لە هەموو بارێکەوە ئامادە بکات.

(*)ئەم بابەتە چەند ساڵ لەمەوبەر لە بیرەوەریی دامەزرانی حیزبی دیموکراتدا نووسراوە، لەبەر ئەوەی ناوەرۆکی بابەتەکە باس لە کۆی مێژووی حیزب دەکات، لە یادی هەشتاساڵەی دامەزرانی حیزبدا جارێکی دیکە دەیخەمەوە بەر سەرنجی خوێنەران.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# بۆچی تەنیا هێرشی ئاسمانی ئێران چاوترسێن ناکات: هۆدان بۆ ستراتیژیی ناوچەی دژە فڕین



نورشەلیم پۆست – ئەی جەی یاف

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

ماوەیەکی دوور و درێژە، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لە پەیوەندیی لەگەڵ ئێران پشتی بە هەمان ڕێکار بەستوە: هێرشی ئاسمانیی سنووردار، ئابلۆقەی ئابووری و، نزیکبوونەوەی ناڕوونی سیاسی. بەڵام ئەوانە لە دەستەبەرکردنی گرنگترین ئامانج، واتە هەڵوەشاندنەوەی بەرزەفڕییە ناوکییەکانی ئێران و دابینکردنی سەقامگیریی بەردەوام لە ناوچەدا ناسەرکەوتوون. بەرنامەی ناوکی ئێران درێژەی هەیە. سەرەڕای نسکۆی کاتی و کورتخایەن، ڕێژیم جار لە دوای جار پێشانی داوە خۆی دەگونجێنێ، نۆژەن دەکاتەوە و بەرەو پێش دەچێت.

هێرشە ئاسمانییەکان ڕەنگبێ چالاکیی سانتریفیوژەکان وەدوا بخەن یان ببنە هۆی پەککەوتنی فرۆکەخانەیەک، بەڵام ئەوان ناتوانن ببنە هۆی هەرەسهێنانی ویستی ڕێژیم، ئەوان هەروەها ناتوانن ڕەفتارە ناوچەییەکان و شەڕانگێزییەکەی بگۆڕن.

هیچ نەبێ، ئەو تاکتیکانە مەترسی وروژاندنی پشتگیریی جەماوەری نێوخۆ بۆ دەوڵەتێکیان هەیە کە نیوە گیان بووە، بەڵام هێشتا ڕەگی قووڵی داکوتاوە.

کاتی شکاندنی سوورەکە هاتووە. ناوچەیەکی دژە فڕینی پشتگیریکراو لە لایەن هاوپەیمانانەوە لە ئاسمانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئێران، بە تایبەت لەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتووانی کەمینەی کورد، بەلوچ و ئەوانی دیکەن، هەڵوێستێکی نوێیە کە دەبێ بێتە ژێر لێکۆڵینەوە. ئەوانە شوێنی لەگۆترە نین. ئەوان لە ڕوانگەی جوغرافیاییەوە گرنگ، لە ڕوانگەی سیاسییەوە هەستیار و، لە ڕوانگەی سیمبۆلیکەوە بەهێزن. کۆنترۆڵکردنی ئاسمان لێرە نە تەنیا پێش بە جموجۆڵی سەربازیی ئێران دەگرێت، ئەوە هەروەها دەبێتە هۆی ئافراندنی توێژێکی نوێی زەختی ئابووری و دەروونی بۆ سەر ڕێژیمێک کە هەر ئێستا لەرزۆک بووە.

## ناوچەی دژە فڕین وەک ستراتێژیی گوشار

با بە ڕوونی بدوێین: ئەوە داوای داگیرکاریی نیە. ئەوە داوای سنووردار کردنی وردە. ئامانجی سەرەکی دابەزاندنی توانایی ڕێژیم بۆ کەڵکوەرگرتنی ڕەها لە ئاسمانی خۆی بۆ مەبەستی سەربازیی یان لۆجیستیکی لە ناوچە سنوورییەکان،

**ئەو شوێنانەیە کە ڕێژیم زۆر جار بێ سزادان کار دەکات. بە سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین:**

- تێچووی چالاکیی بۆ یەکەکانی ئەرتەش و سوپای پاسدارانی ئێران کە پشت بە ڕێگا ئاسمانییەکانی نێوخۆیی بۆ جووڵە و پشتیوانیی دەبەستن، بەرز دەکەیەوە.
- ڕێژیم ناچار دەکەیت ئاراستەی بودجە و جەختی ستراتێژیک بەرەو ئاسایشی نێوخۆیی بگۆڕێت، سامانە ئابوورییەکانی تووشی ئالنگاریی دەکەیت و دۆخەکەی لە دەرەوەی وڵات لاواز دەکەیت.
- لە ڕوانگەی سیاسی و بازرگانییەوە ئێران تەریک دەخەیەوە، چونکە هێڵە ئاسمانییە مەدەنییەکان ئاراستەیان دەگۆڕن و وەبەرهێنەرانی بیانی دەسڵەمێنەوە.

لە ٢٠٢٥ و لە کاتی جەنگی ١٢ ڕۆژەدا، کاتێک هێرشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بەرگریی ئاسمانیی، بنکەکانی فەرماندەیی و ژێرخانی سەربازیی ئێرانیان پەک خست، باڵادەستیی ئاسمانیی بۆ مایەکی کاتی دەستەبەر کرا. ئەو ئۆپەراسیۆنانە پیشانیان دا کە باڵادەستیی سنووردار بە سەر داڵانە سەرەکییەکانەوە، نە تەنیا مومکینە بەڵکوو دەتوانێ

خێرا و بە وردی دەستەبەر بکرێت. ئەمجارەیان، بە هاوئاهەنگیی بەهێزتری ناوچەیی، هەواڵگریی، چاودێریکردن و دیدەوانیی باشتر و، ڕێسای وردتری تیوەگلان، دەکرێ بە شێوەیەکی کاریگەرتریش جێبەجێ بکرێت.

بەڵام بە پێچەوانەی جاران، ئەو هەلە نابێ لەکیس بچێت. بێتوو ئەوە بەردەوام بێت، نەک وەکوو ورووژاندن بەڵکو وەک مێکانیزمێکی جیبەجێ کردنی بەردەوام، دەتوانێ ببێتە ئامرازێکی ئەستاندنی ئیمتیاز، نەک تەنیا دەرفەتێکی قازانجی تاکتیکی.

## بۆچی ئێستا؟ بۆچی ئەو ناوچانە؟

چەند کەمینەی ئەتنیکی لە ئێران دەژین کە زۆرینەیان لە دەسەڵاتی ناوەندگەرای سەرەڕۆ نارازین. ناوچەکانی خاوەن کەمینە ئەتنیکییەکانی ئێران پاشگوێخراوترین شوێنەکان لە ڕوانگەی ئابوورین و سەرکوتی سیاسیی لەو شوێنانە بە چڕیی بەڕێوە دەچێت.

ناوچە کوردییەکان لە خۆرئاوا و بەلوچەکان لە خۆرهەڵات مێژوویەکی دوورودرێژی بەرخۆدان و نارەزایەتییان هەیە. ئەوان لە ڕوانگەی جوغرافیایی لە هاوپەیمانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان نزیکترن و لە چاو ئاسمانی ناوەندی ئێران هاسانتر چاودێریی دەکرێن و بەرگرییان لێ دەکرێت. ئەو ناوچانە هەروەها وەک داڵانی جمووجۆڵی نێوخۆیی سوپای پاسداران کەڵکیان لێ وەردەگیرێت و، بۆ تاقیکاریی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان و هەناردەکردنی چەکوچۆڵ بۆ عێراق، سووریە و ئەفغانستان کەڵکیان لێ وەردەگیرێت. پێشگرتن بە بەکارهێنانی ئاسمانی ئەو شوێنانە لە لایەن ڕێژیمەوە، سەرکوتی نێوخۆیی و توانایییەکەی بۆ دابین کردنی پێداویستیی هێزەکانی پێشووتر نێردراو و بەکرێگراوەکانی ئاڵۆزتر دەکات.

بەڵام لەوەش گرنگتر، پەیامێک بۆ ئەو کۆمەڵگەیانە دەنێرێت کە بەرزترین نرخیان بۆ بەربەرەکانی دژی ستەمکاریی داوە. بە تایبەت کوردەکان، ئازایەتییەکی لە ڕادەبەدەر و جێی متمانە بوونیان وەک هاوبەشی ستراتێژیک بۆ ڕۆژئاوا پیشان داوە. لە شەڕ دژی داعش لە سووریە بگرە تا بەربەرەکانی دژی گوشاری ئێرانی لە نێوخۆ. لەگەڵ ئەوەشدا و بۆ جارێکی تر، ئەوان پاشگوێ خراون. ناوچەیەکی دژە فڕین لە خۆرئاوای ئێران ئەو پەیامە دەنێرێت کە ئەوان لەبیر نەکراون، کە گیانی ئەوان و ئاسمانی ئەوان گرنگە. ئێمە نابێت هەڵەکانی خیانەت دووپات بکەینەوە، بە تایبەت کاتێک کە جیی متمانەترین هاوپەیمانەکانمان هەر ئێستا زۆر لە بەشی خۆیان زیات قوربانییان داوە.



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

## ڕاگەیاندنی هەڕەشەی ئێران کەلێنی بڕواپێبوونی هەیە

لە کاتێکدا کە دەوری ناسەقامگیرکەری ئێران لە ناوچەدا بە شێوەی بەربڵاو دانی پێدا دەنرێ، لە بەغدا تا بەیرووت، لە پێتەختەکانی کەنداو و لەو دواییانەدا لە دیمەشق، جێگای داخە کە ئەوەی کە ئەو کەسایەتییەی بە دەنگی بەرز تێشک دەخاتە سەر هەڕەشەی ئێران زۆر جار چاوپۆشیی لێ دەکرێت.

سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهو لە هەشتاکانەوە لەبارەی ئێران هۆشداریی داوە. بەڵام چەند دەیە ئەزموونی سیاسی و ڕەوانبێژیی جەمسەرخولقێنانە بووتە هۆی وەلانانی ساکاری هۆشدارییەکانی، بە تایبەت لە لایەن بەشێک لە دنیای عەرەب و تەنانەت لەنێو بەشێک لە بەردەنگە ڕۆژئاواییەکانیش، بە تایبەت لەژێر کەشوهەوای هەنووکەیی کە ئاکامی شەڕی ئێستای غەززەیە.

ئەو کەلێنی بڕواپێبوونە پێشی بە تەنگەتاوی هێندێک پرس گرتوە، تەنانەت کاتێک کە ڕاستییەکانی مەیدان نیگەرانییە سەرەکییەکە پشتڕاست دەکەنەوە: ئێران بەردەوام هۆی ناسەقامگیریی لە سەرانسەری خۆرهەڵاتی نێوەڕاستە. بۆ خەڵکێکی زۆر لە ناوچە، لە نێویاندا ئەوانەی کە ڕەنگبێ متمانە بە ئورشەلیم نەکەن، دەستێوەردانی ئێران تیۆری نییە، ئەو ڕاستییە. ئەوەی ئێستا پێویستە هاوپەیمانییەکی نوێ لە نێوان ئەکتەرە جێگای بڕواکانە تا پەیامەکە بەرەو پێش بەرن، نەک بە لێدوانی زێدەڕۆیانە، بەڵکو کردەوەی هاوئاهەنگ.

ناوچەیەکی دژە فڕین دەرفەتێک بۆ ئەو مەبەستە دەستەبەر دەکات: ڕێکارێکی کردەنی و قابیلی سەپاندن کە بە دەنگێکی گەلێک بەرزتر لە ڕەوانبێژیی سیاسی دەدوێت.

### پەیامێکی سیاسی و ئابووری

**ناوچەکانی دژە فڕین تەنیا ئامرازی سەربازیی نین. ئەوان لێدوانن. سەپاندنی یەکیک بە سەر خاکی ئێرانەوە ئەوە دەگەیەنێت:**

- "تۆ ناتوانیت لە کاتێکدا نۆڕمە نێونەتەوەییەکان پاشگوێ دەخەیت، بێ لێپرسینەوە درێژە بە بەرنامە ناوکییەکەت بدەیت".

- "تۆ ناتوانی بێ لێپرسینەوە سپۆنسەری میلیشیایان بی و دراوسێکانت ناسەقامگیر بکەیت".
- "تۆ ناتوانیت لە کاتێکدا کە ئاسمانەکەتت کردووەتە دالانی نائەمنیی ناوچەیی، لە پشت سنوورەکانت خۆت حەشار بدەیت".

بۆ ڕێژیمی ئێران، ئاسمان تەنیا بۆ جوولە نییە، بەڵکو بۆ ڕەواییدانە. لەگەڵ کونترۆڵکرانی ئاسمانی بەشێک لە وڵاتەکەت لە لایەن هێزێکی دەرەکییەوە، ئیددیعای دەسەڵاتی بێ ئەملا و ئەولات بنکۆڵ کراوە و گوشەرەکە بەرەو هەڵکشانە. لایەنە دەروونییەکەی بەقەد لایەنە ئۆپەراسیۆنییەکەی گرنگە.

بێجگە لەوە، سەپاندنی ناوچەی دژە فڕین قورگی ئابووریش دەگوشێت. ئەو، هێڵە ئاسمانییەکان چاوترسێن دەکات، تێچووی بیمە بەرز دەکاتەوە و، ئاڵوێری بازرگانی کەم دەکاتەوە، کە هەمووی ئەوانە گوشاری نێوخۆیی لە سەر ڕێژمێک زیاد دەکەن کە هەر ئێستا لە ژێر گوشاری ئابلۆقان، هەڵاوسانی نرخەکان، نارەزایەتی نێوخۆیی و نائارامیی لاوان دایە. چینی مامناوەندی ئێرانی، کە هەر ئێستا لە دەستێوەردانە دەرەکییەکانی ڕێژیم بێزار بووە، زۆر چاک تێدەگات کێ تاوانباری داخرانی ڕێگە ئاسمانییەکان و لاوازتر بوونی ئابورییە.

## جیبەجێکردن و مەترسی

بەڵێ، ناوچەی دژە فڕین لە خاکی ئێران هەنگاوێکی بوێرانەیە. بەڵام بوێرانە بە مانای بێباکیی نییە. دەبێ هاوپەیمانییەک بۆ جێبەجێ کردنەکەی بوونی هەبێ، کە بە شێوەی دڵخواز لە هاوبەشەکانی کەنداو، ئەندامانی ناتۆ و، لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچە، کە زۆرترین سوود لە خۆرهەڵاتێکی ئارام وەر دەگرن، پێکهاتبێت. ئەوە دەتوانێت بە کەڵک وەرگرتن لە پلاتیفۆرمەکانی هەواڵگریی، چاودێریکردن و دیدەوانیی لە ئاستی بەرزی ئاسمانەوە جێبەجێ بکرێت، وەکوو فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، مانگی دەستکرد و فڕۆکەی ڕادار، بۆ چاودێریکردن و ئاشکرا کردنی پێشێلکارییەکان لە کاتی ڕوودانیاندا .

ئەو سیستەمانە داپۆشینی ئاسمانیی بەردەوام دابین دەکەن، بێ پێویست بوونی گەشتی فڕۆکەی شەڕکەر بە شێوەی بەردەوام کە زەختی ئۆپەراسیۆنەکە کەم دەکاتەوە لە کاتێکدا کە کۆنترۆڵکردنی ئاسمان بەردەوام دەبێت. فڕۆکەی نادیار لە ڕادارادا کە لە سەر خاکی وڵاتانی هاوپەیمان جێگیر کراون لە حالی ئامدەباشیدا دەمێننەوە تا تەنیا لە کاتی پێویستدا وەڵام بدەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

ئێمە هەر ئێستا بەشێک لەوەمان دیتووە. فڕۆکەکانی ئیسڕائیل، ڕێگرییان لە فڕینی چەکوچۆڵی ئێرانی بە ئاسمانی سووریە و عێراقدا کردوە. فڕۆکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان پێشیان بە فڕینی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان لە ئاسمانی سووریە گرتوە. ئەوانە گریمانە نین، بەڵکو هەر ئێستا ڕوو دەدەن.

## ئاکامی ئەوە چی دەبێت

ئەوە پرسی گۆڕینی ڕێژیم نیە. ئەوە پرسی سنووردارکردنی ستراتێژیک بە هۆی باڵادەستیی ئاسمانییەوەیە. ئێران دەبێت تێ بگات تێچوویەک هەیە، نە تەنیا بە تەقاندنەوەی سانتریفیوژان و ڕووخاندنی بینایان، بەڵکو بە لەکیس چوونی سەروەریی، وەستانی پلانە سەربازییەکان و، لاواز کردنی کۆنترۆڵ بە سەر خاکی خۆیەوە.

خۆرهەڵاتی نێوەڕاست جەنگێکی دیکەی پێویست نیە. ئەو پێویستی بە ئامراز بۆ چاوترسێنکردن بێ قووڵترکردنی گرژییەکان، گوشار بێ ورووژاندن و، سنووردار کردن بێ ناردنی هێزی سەربازیی بۆ بەرەی جەنگە. ناوچەیەکی دژە فڕین لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای ئێران بۆ ئەو مەبەستە گونجاوە. ئەو هەنگاوە یاساییە، قابیلی جێبەجێ کردنە و، کاریگەرییەکی مەزنی هەیە، بێتوو ئێمە ویستی سیاسیمان بۆ جێبەجێ کردنەکەی هەبێ.
ئەگەر ئێمە بە ڕاستی دەمانهەوێت پێش بە بەرزەفڕییە ناوکییەکانی ئێران بگرین و پارێزگاریی لە ئاشتی ناوچەکە بکەین، دەبێ لە کۆتاییدا لە هێرشی جاروبار بەولاوەتر بچین. ئێمە دەبێ بە شێوەی ستراتێژیک بیر بکەینەوە و، دەبێ بمانهەوێت کەڵک لەو ئامرازانەی کۆنترۆڵ کردنی ئاسمان تەنیا بۆ سزادان وەرنەگرین، بەڵکوو بۆ وەرگرتنی ئیمتیازیش.

ئەوە جەنگ نیە. ئەوە گوشاری کۆنترۆڵکراوە، کە بەسەر ئاسماندا دەسەپێنرێت، بە مەبەستی پارێزگاریی لە گیانی خەڵک و ڕێگریکردن لە ململانێی مەزنتر لە سەر زەوی.
...و ڕەنگبێ، تەنیا ڕەنگبێ، بە هاوسەنگیی دروستی هێز و سنووردار کردن، تەنانەت ساتەوەختی بەر یەککەوتن بکرێتە دەرفەتێک، بۆ ئێران، بۆ ناوچەکە و بۆ ئەو نەوانەی لە خوارەوە ڕا سەیری دەکەن.

"برینەکان ئەو شوێنانەن کە لەوانڕا ڕووناکی دزە دەکاتە ناوت." ڕوومی

ئێستا کاتیەتی.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

# بەشێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕەوتی پاشاخوازی لە ئێراندا






هەردی سەلیمی

بەبۆنەی دەرکەوتنی چەندین بارەی شاخوازەکان لە مونیخ و ئەو بابەتانەی لێی کەوتووەتەوە لێرەدا ئاوڕێک لە چییەتیی ئەم ڕەوتە دەدەینەوە و لە کۆتاییدا باسێک لە بێزاریی کوردستان لەم ڕەوتە دەکەین. ڕەوتی پاشاخوازان – لە ڕووی چییەتییەوە ناتوانین ناوی بزووتنەوەی لێ بنێین – ڕەوتێکی دژەشۆڕشی پیاوسالاری ئۆتۆریتەخوازی ڕزگاریخوازی

نۆستالژیی بێهێزە؛ ئەم پەسنانەی کە وەپاڵی درا زیاتر شی دەکرێنەوە.

دەسەڵاتی پاشایەتیی پەهلەوی هەر لە بنەڕەتڕا بە کۆدەتا و بە شێوەی بەستراوەیی و گوێلەمستانە بە دەسەڵات گەیشتوون، هەر بە کۆدەتا و بەستراوەیییش دەسەڵاتەکەیان ڕاگرتوە؛ لەگەڵ ئەوەش بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات پەروەردە کراون، نەک ڕووخاندن و لابردنی دەسەڵات، بۆیە چەمکی شۆڕشگێڕی لەلای ئەوان چەمکێکی نامۆیە و لەگەڵ بەرنامە و ئامانجەکانیاندا نایەتەوە. ئەوان لە ڕاستیدا خوازیاری لابردنی دەسەڵاتی هەنووکەیی نین، بەڵکوو خوازیاری تێپەڕین لەو دەسەڵاتەن و لەگەڵ گۆڕانی بنەڕەتیدا بێگانەن؛ بەم پێیەیە ئیدیعا دەکەین ئەوانە لایەنێکی دژەشۆڕش و کۆدەتاچین.

لە دوایین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئێراندا ژنان و لاوان ڕۆڵی سەرەکییان گێڕا. ئەم دوو توێژەی کۆمەڵگەی ئێران لە ڕووی تێگەیشتن و ویست و داخوازییەکانیەوە بە شێوەیەکی بەرچاو پێش کەوتوە و خۆی لانیکەم لە ڕووی تیۆریکەوە لە زنجیری پیاوانی کۆنسێرڤاتیست ڕزگار کردوە. ئەمە لە کاتێکدایە سیستمی پاشایەتی بەتەواوی سیستمێکی میراتگرانەی نێرتەوەرە، کە وا بەرهەمهێنەرەوەی ڕۆڵی باوک لە بنەماڵە و ڕووحانی لە ئایین و پیاو لە کۆمەڵگەیە و ناتوانێ لەگەڵ ئامانجی لاوان کە دەرچوون لەم کۆتانە و بازدان بەسەر ئەم لەمپەرانەیە، یەک بگرێتەوە. پاشاخوازەکان بە هەڵگرتنی دروشمی "مرد، میهن، آبادی" لە بەرامبەر دروشمی پێشکەوتنخوازانەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا و هەروەها دیاریکردنی ڕۆڵی نوێی ڕەزا پەهلەوی لە کۆنفرانسی مونیخ کە خوازیاری ئەوە بوو پێی بڵێن "باوک"؛ بەتەواوی کەوتوونەتە دژایەتیی ویستی سەرەکیی بزوێنەرانی شۆڕش لە نێوخۆی ئێراندا.

وەک باس کرا ئەم ڕەوتە بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات هەوڵ دەدەن، هەر بۆیە بەرنامەیان بۆ بەدەسەڵاتگەیشتن نیە، بەڵکوو بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتە! ئەوان لە جیات ئەوەی کەلێنی هێز پڕ بکەنەوە، خۆیان بە خاوەنی ئۆتۆریتە دەزانن! لە ئێستاوە پەتی سێدارەکانیان هەڵواسیوە و خوازیاری مەرگ و نەمان بۆ "ملا و چپی و مجاهد" و "تجزیەطلب" و هیی تریشن. ئەمە لە کاتێکدایە ئۆتۆریتە پێوەندیی بە دەسەڵاتەوە هەیە نەک ڕەوتێکی خوازیاری گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام وەک وترا ئەوان هەمیشە خۆیان بەدەسەڵاتدار زانیوە.

ئازادی، دێموکراسی، یەکسانی و... تەنیا کۆمەڵێک چەمک نین، بەڵکوو ئەمانە بایەخگەلێکن کەوا دەستوێڕاگەیشتن بەم بایەخانە پێویستی بە خەبات و هەوڵێک هەیە کە درێژخایەن و بەردەوام و پێداگرانە بێت، نەک ڕزگاریخوازانە و یەکدابەدوو. ئەوەی باسی "یەک جار بۆ هەمیشە" دەکات، لە ڕاستیدا دەیهەوێ بڵێ یەک جار ئەلف لادەن، با بێ بێتە

جێی؛ بۆیەشە خۆی بە ئەرکدار نازانێ لە بەرامبەر ویست و بایەخەکانی خەڵکدا و دەیهەوێ بە گۆڕینی ڕووکەشەکان درێژە هەر بەو بێدادییە بدات.

هەموو سەرمایەی ئەم ڕەوتە زەقکردنەوەی بەشێک لە ڕابردوویەتی. ئەو بەشەی وا سەرکوتی نەتەوەکانی تێدایە، ئەشکەنجەی ساواکی تێدایە، فەساد و گەندەڵیی سیستماتیکی دەربار و دەوروبەری تێدایە، نەبوونی ئازادییە دێموکراتیکەکان و نەبوونی یەکسانیی تێدایە، باس ناکرێت؛ بەڵکوو لە شاشەی "تونل زمان"ەوە کارگە و سینەما و جادەی ئیسفاڵت و ژنانی ئازاد لە پۆشینی جلوبەرگ نیشان دەدات و ئەمەش بە نۆستالژی و حەسرەتێک بۆ ڕابردوو بە خەڵک دەفرۆشێ. لێرەدا پرسیارێکی سادە دێتە گۆڕێ: دەسەڵاتێک کە هەرگیز نەیگوتوە حیجابی زۆرەملێ دەسەپێنم بەسەر خەڵکدا و نەشیکردوە، بۆ ئەم نەکردنەی وەک ئیمتیاز و دەسکەوتێکی مەزن چاو لێ بکرێ؟ یان دەسەڵاتێک بە زیاتر لە پەنجاساڵ دەرفەتەوە دوو جادەی ئیسفاڵت نەکردبێ و لەگەڵ ڕەوتی مۆدێرنیزاسیۆنی جیهانیدا چەند سینەمای دانەمەزراندبێ، ئەدی چیی کردوە؟

ئەم ڕەوتە بەخۆشییەوە هێزی نیە، لەجیات ئەوەش لە پێناو وەدەستهێنانی هێز و ڕێکخستندا چالاکیی هەبێ، خۆی بە خاوەنی ئۆتۆریتە پێناسە دەکات و دەشیهەوێ لە ڕێی پێوەندیگرتن بە فەرماندەکانی سپاوە تاکە تاکتیکی موبارزاتیی خۆی واتە کۆدەتا بە ئەنجام بگەیەنێ. ئەم ڕەوتە لە نەبوونی هێز و نەبوونی بەرنامە و نەبوونی خۆشەویستی لەنێو خەڵکدا دەناڵێنێ و هەر ئەم ڕاستییەش دەسکەوتێکی بەنرخە بۆ باقیی هێزە سیاسییەکان بەو مەرجەی وشیار بن و بەبەرنامە. لە بێهێزیی ئەم ڕەوتە هەر ئەوەندە بەس بێ کە تا ئێستاش نەیتوانیوە بۆ یەک جاریش مانگرتنێک بەڕێوە بەرێ و چوار دووکانی تاران دابخات.

لەبەر ئەوەی ئێمە هێزێکی سیاسیی چالاکی نێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان و ئێرانین، ناکرێ بە لێکدانەوەی ساکارانەی وەک "کارمان بە خۆمان بێ و چمان لە خەڵک داوە" لە ئاست جموجۆڵەکانی دەوروبەرمان کە بێگومان کاریگەرییشیان لەسەرمان دەبێ، بێدەنگ بین و بێهەڵوێست؛ لەبەر ئەوەیە هەوڵ درا لەم بابەتەدا ڕوونکردنەوەیەک لەسەر چییەتیی ئەو ڕەوتەی کە خوازیاری بەدەسەڵاتگەیشتنە بدرێ، بەڵام لەبیرمان بێ دنیای سیاسەت، دنیای کردەوە و دژکردەوەیە، هەڵوێستگرتن و ڕوونکردنەوە و تەبیینیش بەشێک لە دژکردەوە و تەنانەت کردەوەشە.

وەک دوایین بەشی بابەتە دەبێ بگوترێ کوردستان کە چالاکترین بزوێنەری نارەزایەتییەکانە بەدژی دەسەڵاتی ناوەندی لە ئێراندا، یەک سەدەیە بە شێوەی سیستماتیک لە مافە نەتەوەییەکانی بێبەش کراوە و لە ڕاستیدا پێش لەوەی ئەم

## گەلاوێژی ٢٧٢٥


بێمافییە لە چاوی کۆماری ئیسلامی ببینێ، لە چاوی دەسەڵاتی ناوەندگەرای فاشیستیی پەهلەویی دەبینێ؛ ئەو دەسەڵاتەی وا ڕووخێنەری کۆماری کوردستان بوو. وێڕای ئەوەش کوردستان لە ڕووی سیاسییەوە پێشکەوتنخواز و موتەرەققییە، بۆیە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دەسەڵاتی میراتگرانە و نادێموکراتیک و ناعادڵانەدا دانووی ناکوڵێ؛ کوردستان گۆڕستانی فاشیستانە، نەک بەهەشتی تەراتێنیان.

١٥ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# نیشتمان و نەتەوە لە ئاوێنەی بیرکردنەوەی جەلیل گادانیدا





**حەسەن شەڕەفی**

چەند ناخۆش و بەژانە کە ئاماژە بە ژیان و تێکۆشانی تێکۆشەرێکی ناسراوی نەتەوەکەمان کاک جەلیل گادانی بکەی کە لە ڕەوتی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشاندا چەندین جار پیلانی دوژمنان و مەترسیی گیان لەدەستدان ڕووی تێکردبێ و گیانی بە سلامەت دەرکردبێ، بەڵام بەهۆی دوژمنێکی وردیلەی نەبینراو وەک ویرووسی کۆرۆناوە ماڵئاوایی یەکجارەکی لێکردبین.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

لەوەش دژوارتــر ئەوەیەکە کــۆی ڕابــردووی تێکۆشــان و ســاڵانی خەبــاتی بەرێزیــان و تایبەتمەنــدییەکانی ژیــان و کەسـایەتییەکەی لە چەنـد دێڕێـک یـا لاپەڕەیەکـدا کـورت بـکەیەوە کە نە شـیاوی ئەم ڕابـردوویە و نە تایبەتمەنـدییە کەسایەتییەکانیەتی و نە ڕەزامەنـدیی دەروونـی خۆشـت پێـکدێنێ. بەوحـاڵەش بەکـورتی ئامـاژە بە کەسـایەتی سیاسـی تێکۆشەری ناسراوی نەتەوەکەمان کاک جەلیل گادانی و کۆمەڵایەتیی بوون و خەمخۆری خەڵک بوون و پـڕ جووڵەبـوونی دەکەم.

### باری نیشتمانی و کوردپەروەریی کاک جەلیل

کاک جەلیل گادانی لە تەمەنی مێرمنداڵیدا لە قوتابخانەکانی کوردیی سەردەمی کۆماری کوردستاندا بە خوێنـدنی کوردی ڕاهات و هەست و بیری کوردایەتی و نیشتمانپەروەری لەدڵ و مێشکیدا جێی گرت.

لە ساڵانی پاش جوانەمەرگکردنی کۆماردا بەردەوام هەڵـوەدای بیـری نیشـتمانی و کوردپەروەرییەکەی خـۆی بـوو و هەر بەو هۆیەش لەژێر چاوەدێری و تـاقیبی دەزگا پۆلیسییەکانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بوو. بەمحاڵەش تەمەنی لاوی خـۆی بـۆ گەڕان بە ئاوایییەکـانی نـاوچەی موکریـاندا تەرخـان کـرد کە هەم خـۆی حەشـاردابێ و هەم خزمەتـی بە بـووژانەوەی ڕێکخراوەکـانی حیزب لە ئاوایییەکان کردبێ.

بەردەوام بـوونی کـاک جەلیل گـادانی لە کـاری حیزبـی و ئەرکـی نەتەوەیـیدا چەنـدجار ڕێگـای بەنـدیخانەی خستە بەر کە هەرجارە و پاش ئازادبوون بۆ چالاکی نواندن لەپێناو باوەڕەکانیدا تێهەڵدەچۆوە.

بە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزب کـاک جەلیل ئەمجـارە بە گـوڕوتینێکی زیـاترەوە لە خزمەت حیزبی دێموکرات و ئامانجەکـانیدا تێکۆشا و وەک ئەنـدامێکی ڕێبەرایەتیـی حیـزب ئەرکە پـێ ئەسپێردراوەکانی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان بە ئەنجام دەگەیاند و کەم ئۆرگانی حیزب هەبوون کە کاک جەلیل کاری تێیدا نەکردبێ.

کاک جەلیل گادانی لەڕەوتی چالاکی نواندنەکانی حیـزبدا بە یەکێک لە مانـدوویی نەناسەکانی ئەنـدامانی ڕێبەری حیـزب دەناسرا.

## کاک جەلیل وەک کەسایەتیی کۆمەڵایەتی

ئەوەی کاک جەلیلی لە بەشێک لە هاوڕێکانی جیا دەکردەوە کۆمەڵایەتیبوونەکەی بوو، کاک جەلیل باوەڕی وابوو کە پێویستە بە خەم و ئازارەکانی خەڵکەکەیەوە بێ، بۆیە لەسەردانی دۆستان و هاوڕێیانیدا پێش هەنگاو بوو. کەم بریندار و نەخۆش لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبدا هەبوون کە کاک جەلیلیان لە نەخۆشخانە یا لە ماڵ یا لە بنکەکانی حیزبدا لەبان سەری خۆی نەدیبێ.

زێدە کۆمەڵایەتی بوونی کاک جەلیل وایکردبوو کە لە ڕەوتی کاری حیزبییشدا لە چوارچێوەی کومسیۆنی کۆمەڵایەتیدا گرینگییەکی تەواو بدا بە دروستکردنی ڕێگاوبان، نەخۆشخانە، کردنەوە و سەرپەرەستی کردنی قوتابخانەکانی شۆڕش و ... کاک جەلیل پێش ڕووخانی ڕێژیمیش ئۆگرییەکی زۆری بە کاروباری خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو. بۆ نموونە جارێک پاش ئازادبوونی لە زیندان و گەڕانەوە بۆ مەهاباد یەکەم کارێکی کردی کردنەوەی " کوودەکستان" بۆ ئەو منداڵانە بوو کە تەمەنیان نەگەیبووە چوون بۆ قوتابخانە. ئەو داهێنانەی کاک جەلیل بۆ یەکەم جار لە شاری مەهاباد دەنگدانەوەی زۆری هەبوو، ئێمە مانانیش بۆ پێشوازی لەو داهێنانەی کاک جەلیل منداڵەکانی خۆمانمان لەو کوودەکستانە دانا.

**بیرەوەریی منداڵەکانی ئەو سەردەمی ئەو کوودەکستانە کە ئێستا خاوەن تەمەنن بە زیندوویی ماوەتەوە.**

### ماندوویی نەناسی، لەسەرپێ بوون و بە گوڕبوونی

ئەو هاوڕێیانەی لە مەئموورییەتەکانی حیزبیدا لەگەڵی بوون، سەرەڕای ئەوەی زۆر لە کاک جەلیل کەم تەمەنتر بوون لەگەڵیان دەرنەدەبرد. دەڵێن ڕۆژی وابوو چەند ئاوایی و لە ناوچەیەکڕا بۆ ناوچەیەکی دیکە ڕێگامان دەبڕی کە دەمانگوت کاک جەلیل با لێرە بحەسێینەوە، دەیگوت ئەو ئاواییەشمان ماوە، تازە لە هەموو شوێنێکیش سەردانی چەند شوێنی لەو جێیە دەکرد.

کۆچی دوایی کاک جەلیل خۆی دەنگدانەوەیەکی بەرینی هەبوو و هەر ئەوەش نیشانەی نیشتمانپەروەری و کوردپەروەری و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بوو، لەدەستچوونی کاک جەلیل خەسارێکی گەلێک بەرچاو بوو بۆ بزووتنەوەی کورد و یادی ئەو کەسایەتییەش لە دڵی هەموو ئەوانەدا کە دەیانناسی یا لە ژیان و تێکۆشانی ئاگاداربوون دەمێنێتەوە.

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# جەلیل گادانی، قوتابخانەیەک بۆ فێر بوون و ئەرکوەخۆگری





**عومەر باڵەکی**

دەست بردن بۆ پێنووس بۆ ئەوەی لەسەر کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی بنووسی کارێکی گەلێک سەخت و دژوارە، چونکە کەسایەتیی کاک جەلیل گادانی هەڵگری زیاتر لە ٧٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانە لە ڕێی وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک پێشمەرگەیەک مانەوە لە سەنگەری دیفاع لە خاک و نیشتمان و زمان و کولتووری نەتەوەیەک، زیاتر لە ٧٠ ساڵ وەک سیاسییەک تێکۆشاوە لە ڕیزی ڕێبەرانی سیاسیی گەلی کورد بۆ بردنەپێشی

پرسی کورد و ئازادی و دێموکراسی لە کوردستان و ئێران، هەر بۆیە زەحمەتە بتوانرێ بە وشەکان سەنگ و قورسایی ئەو ماوە دوورودرێژە لەخەبات و تێکۆشانی ڕەوانشاد کاک جەلیل و کاریگەریی ئەو لەسەر ڕەوتی ڕووداوەکان لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تەواوی دەربخرێ و حەقی خۆی پێ بدرێ. لەگەڵ هەموو ئەو ڕاستییە منیش بەو چەند دێڕە هەرچەند بە لەنگولۆری بێت دەمهەوێ ڕێز و وەفاداریی خۆم بۆ ئەو ماوە دوورودرێژە لە خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی دەرببڕم.

سەرەتاکانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بوو کە لە نزیکەوە کاک جەلیل گادانیم ناسی. هەر لە یەکەم دیداردا بۆ من کە لە هەرەتی لاویەتیدا بووم و هەڵسووڕان و قسەکردن و کاریگەریی کاک جەلیل لەسەر دەوروبەری جێگای سەرنج و تێڕامان بوو. کاک جەلیل بە هەڵسوکەوتی جوان و دڵسۆزانە و تایبەتمەندییەکی کۆمەڵایەتی کە هەیبوو زۆر زوو خەڵکی دەوروبەری دەخستە ژێر کاریگەریی خۆی و ئەو هەستەت لا دروست دەبوو کە لە دڵەوە خۆشت بوێ و لەخۆتی بە نیزیک بزانی. بە داخەوە ئەو دەورانە بۆ من بە هۆی داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستان زۆر کەموکورت بوو. شەڕ لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر کوردستاندا سەپا و منیش وەک لاوێکی تینووی ئازادی و پاراستنی نیشتمان شانازیی پێشمەرگایەتیم لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا پێ برا. وەک پێشمەرگەیەکی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو جار بە دائیم لە بۆنە و کاری جۆراوجۆری حیزبیدا گوێبیستی ناوی کاک جەلیل گادانی دەبووم. کات بە خێرایی تێپەڕ دەبوو و ئێمە بە هۆی سەرقاڵبوونمان بە خەباتی پێشمەرگانە هەستمان بە تێپەڕبوونی کات بەو خێراییە نەکردبوو دوای نیزیک بە بیست ساڵ بەهۆی کار و بەرپرسایەتیی حیزبی شانازی ئەوم پێ براوە کە بۆ جارێکی دیکە ببمەوە هاوکاری نیزیکی کاک جەلیل، بەو جیاوازییە لەگەڵ ئەوەدا کاک جەلیل تەمەنی هەڵکشابوو و منیش هەروا، بەڵام کاک جەلیل هەمان گوڕوتینی جارانی هەبوو، بەڵام من هەستم بە شەکەتی دەکرد.

کاک جەلیل بێجگە لەوە کە وەک ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب ئەرکەکانی ڕادەپەڕاند، لەهەمان کاتدا ئەرکی ئۆرگانێکی پڕ کاری وەک کۆمیسیۆنی ماڵیی لە ئەستۆ بوو و ڕۆژانە لەگەڵ ئێمە خەریکی ڕاپەڕاندنی کارە جۆراوجۆرەکانی خەدەماتی و تەدارۆکاتیی ئەو ئۆرگانە بوو، لەهەموو بەشەکانی دەپرسییەوە و ڕاسپاردەکانی دەسپارد، لەگەڵ هەموو ئەو پڕکارییە لە بچووکترین فورسەت کە هاتبا پێش لە خوێندنەوە و نووسین غافڵ نەدەبوو، و لەهەمان کاتدا بە دایمە هاندەری ئێمەمانان بوو، بۆ نووسین و خوێندنەوە و گەلێک جاران هاندانەکانی تێکەڵ دەبوون بە گلەیی وگازندە لە ئێمە و کەسانی وەک ئێمە کە بۆچی دەست بۆ قەڵەم نابەن و ئەگەر لەسەر پرسە سیاسییەکان نانووسن لانیکەم بیرەوەرییەکانتان بنووسن، ژیانی پێشمەرگایەتی ئێوە پڕە لە خۆشی و ناخۆشی، کارەسات و خوێن و قوربانیدان، ماندوویی و برسیەتی، شەکەت و هیلاکی، بۆیە پێویستە ئەو ژیانە بنووسرێتەوە و چ کەسێک باشتر لەخۆتان هەیە بۆ نووسینەوەی. هەموو کات ڕەوانشاد کاک جەلیل

ئەوەی وەبیر دەهێنایەنەوە و دەیگوت کەم نەتەوە هەیە ڕۆڵەی وەک پێشمەرگەی کوردستانی فیداکار و لەخۆبوردووی هەبێ حەیفە ئەو هەموو تێکۆشانە بەخۆشی و ناخۆشییەوە نەیەتە سەر لاپەڕەکانی کاغەز و بەدێکۆمێنت نەکرێ. هەر بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی کە بۆ خۆی دیاریی کردبوو کۆکردنەوەی ئەو ڕووداوانە بوو کە لە زمانی پێشمەرگە و فەرماندەرانی پێشمەرگە باسیان لێوە دەکرا، باشم لە بیرە من یەکێک لەو کەسانە بووم کە کاک جەلیل بانگهێشتی کردم بۆ نووسینی یادەوەرییەکانی پێشمەرگایەتی لەبەر ئەوە لە هەلومەرجی ئێستاماندا باوەڕم بە نووسینی بیرەوەرییەکان نەبووە و نییە خۆم لە داوای کاک جەلیل بوارد و ئەویش زۆرم لێ بە گلەیی بوو. هەر بۆیە کاتێک کۆبەندی کۆمەڵێک بیرەوەریی دوژمن شکێنی پێشمەرگە لە دووتوێی کتێبێک لە ژێر ناوی کەشکۆڵی پێشمەرگە بە هیمەتی کاک جەلیل چاپ و بڵاو بۆوە بۆخۆی بۆی هێنام و گوتی بۆیە بۆم هێناوی ئەوە جاری پێشوو نییە دەبێ ئەو جار بنووسی. ئیدی دەستم کورت و بێدەسەڵات مامەوە و هەر تەنیا ئەوەندەم گوت: بە چاوان کاک جەلیل و بۆ بەرگی دووهەمی کەشکۆڵی پێشمەرگە بابەتێکم لەژێر سەردێڕی بیرەوەریی یەکشەو لە ژیانی پێشمەرگایەتی نووسی. مەبەستم لەو باسە ئەوەیە کە بڵێم کاک جەلیل لە هەمان کاتدا کە خۆی نوسەر و وەرگێڕێکی بەتوانا بوو، هەموو کات هەوڵی ئەوە بوو کە کادر وپێشمەرگە و ئەندام و منداڵانی بنەماڵەکانی حیزب لە خەتی نووسین و وەرگێڕان وداهێنانی نوێدا بن بۆ دوو مەبەست هەم لەو ڕێگایەوە خزمەت بە دەوڵەمەند بوونی زمانی کوردی بکرێ وهەم ئەو ڕابردووە پڕ لە شانازی و لە خۆبوردووییە بگوازرێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتووی کوردستان و لە فەوتان ڕزگاریان بکا.

نموونەیەکی دیکە هەر لە بواری هاندانی کاک جەلیل بۆ نووسین و دەست بۆ قەڵەم بردن بۆ کەسانی وەک ئێمە کە لەبەر ڕاپەڕاندنی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی کەمتر پرژابووینە سەر نووسین و وەرگێڕان. کاتێک ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤م) لە شوێنی کار سەردانی کاک جەلیلم کرد و باسی ئەوەم کرد کە کۆمەڵێک ڕووداوی مێژووی نیزیک بە چوارسەد ساڵەی ڕابردووی شاری مەهابادم بە کەڵک وەرگرتن لەو سەرچاوانەی بەردەستن گوڵبژێرم کردوون و کۆم کردوونەتەوە و دەمهەوێ لە دووتویی کتێبێکدا لەژێر ناوی "مەهاباد و کورتە مێژوویەک"دا چاپی بکەم، داواکارم بە چاوی ڕەخنەگرانەوە چاوی لێ بکەی و ئەگەر پێت باش بوو وەک پێشەکی هەرچەند کورتیش بێت شتێکی لەسەر بنووسی. کاک جەلیل بەپێی تایبەتمەندی خۆی بەو جۆرەی باس کرا بە دڵئاوەڵەیییەوە لێی وەرگرتم ولە ماوەی نیزیک بە دوو حەتوودا نەک بە کتێبەکەدا هاتەوە و چەندین ڕێنوێنیی بەنرخی لەسەر نێوەڕۆکی کتێبە کردم و پێشەکییەکی جوانیشی بۆ نووسی، کە ئەو کارەی کاک جەلیل لەو سەردەمەدا بۆ من پاڵپشتی و دڵگەرمییەکی زۆر بوو، بۆ ئەوەی ئارام لەو بوارەشدا متمانە بە خۆم بکەم.

هەر سەبارەت بە هۆگریی ڕەوانشاد کاک جەلیل بە زانستی فێربوون و خوێندنەوەی کتێب و ناساندنی خەباتگێڕان بە نەوەی ئێستا و داهاتوو هەتا ئاخری ڕۆژەکانی تەمەنی و دواهەناسەی ژیان وەک ئامانجی پیرۆز دەستی لێ هەڵنەگرت. دوو ڕۆژ


سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

پێش گیانلەدەستدانی کە لەسەر تەختی نەخۆشخانە بەدەست نەخۆشیی ماڵوێرانکەری کۆرۆناوە دەیناڵاند، بەپێی وەزیفە بە تەلەفوون ڕۆژانە چەند جار هەواڵم دەپرسی، ئەو جارەیان دەتگوت خۆی دەزانێ دوا سەفەریەتی، لەگەڵ ئەوەدا لە وەزعی هەموو هاوڕێیانی لە حیزب کە تووشی هەمان نەخۆشی ببوون پرسیاری کرد و داوای ئەوەی ڕایسپارد کە هەموو هەوڵی خۆمان بدەین بۆ ئەوە خەڵکی زۆرترمان تووش نەبێ، فەرمووی ٥٠ بەرگ کتێب کە باس لە ژیان بەسەرهاتی شەهیدی فەرماندە چرچەی بارام میرزا دەکا و تازە چاپ بووە لە فلان شوێنی ماڵی دانراون تکایە بڵاویان بکەنەوە با ئەو گەنج و لاوانە بیخوێننەوە. دەبوایە زۆتر بڵاویان بکەمەوە بەڵام نەخۆشی مەودای نەدا ئێوە ئەوکارم لەجیاتییان بکەن. ئەو جارەش هەر وەک یەکەم جار کە چاوم بە کاک جەلیل کەوت بەو شێوە بیرکردنەوە و لە فکرداببوونەی بە بابەتەکانی دەوروبەری بە تەواوی سەرسام بووم کە دەبێ ئەو مرۆڤە چەندەی ئیمان بەخۆی و ڕێبازەکەی هەبێ کە لە کۆتا هەناسەکانیدا بەجێگای باسکردن لە بابەتی دیکە هەر لە بیر و فکری ئەوەدایە ئەو ڕێبازەی بەخوێنی شەهیدان پاراو کراوە چۆن هەتا سەر لووتکەی سەرکەوتن درێژەی پێ بدرێ و ڕێز لەوانە بگیرێ کە لەو ڕێبازەدا شەهید بوون.

ئەو چەند نموونەیە سەرەوە تەنیا دڵۆپێک بوون لە دەریای بیروباوەڕی ڕەوانشاد کاک جەلیل گادانی بە پەروەردە و بارهێنان لە ڕەهەندی نووسین و خوێندن و خوێندنەوە. ئەگەر بمانهەوێ کەسایەتیی کاک جەلیل باش بناسین و بزانین لە ماوەی زیاتر لە ٧٠ ساڵ چۆن توانیویەتی لە مەیدانی خەبات و تێکۆشان بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد دەوام بێنێ و هەموو ناخۆشی و ئاوارەیی و زیندان و چەرمەسەریی ڕۆژگار لە ڕێگای ڕێبازی کوردایەتی تەحەمول بکا و قەت بۆ جارێکیش کەس لێی نەبیست کە بڵێماندوو بووم و یا گلەیی لە ژیان هەبێ، بەڵکوو هەمووکات ڕووی لەو کەسانە دەکرد کە کاریان لەدەست دێ بەڵام مەسئوولییەت و بەرپرسایەتی قەبووڵ ناکەن، ئەرک و بەرپرسایەتی لە بەرامبەر جووڵانەوەی وەبیر دێنانەوە و هانی دەدان بۆ کارکردن و مەسئوولییەت قەبووڵ کردن.

پێویستە و دەخوازێ لە بوارەکانی لایەنی سیاسی و نەتەوایەتی، ئەدەبی و فەرهەنگی، مرۆڤدۆستی و کۆمەڵایەتی، لێکۆڵینەوە لە ژیان و سەربوردەی کاک جلیل بکرێ و تایبەتمەندییەکانی کاک جەلیل لە بوارە جیاوازەکان بخرێتە بەردەستی نەوەی داهاتووی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو هەمووە فیداکاری و لەخۆبوردوویییەی کاک جەلیل ببێتە ڕێنیشاندەری ڕێی خەباتی ئەوان.


**یاد و ناوی کاک جەلیل گادانی هەروا بەزیندوویی بمێنێتەوە و ڕێگا و ڕێبازی خەباتی پڕ ڕێبوار بێ.**

١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاک جەلیل گادانی





**مەنسوور مروەتی**

کاتێک لیژنەی ئامادەکاریی کتێبی ڕێزگرتن لە خەبات و ژیانی بەبەهرەی نەمر جەلیل گادانی ڕایسپاردم لە نووسینێکدا باسێک لە بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسیی کاک جەلیل بکەم. ئەم کارەم هەم پێ شانازی بوو، هەمیش بە کارێکی زۆر قورسم نەزانی، چونکە ژیانی سیاسیی کاک جەلیل ئەوەندە ڕوون و شەفاف و بێ گرێوگۆڵە و، کارنامەی تێکۆشانیی سیاسیی

و خەباتی نەتەوەییەکەی هێندە بە بەرهەمە، کە ئەوەی کەمترین ماوە لەگەڵ کاک جەلیل هاوخەبات بووبێ؛ دەتوانێ بە ئاسانی باس لە بنەما فکرییەکانی نەمر کاک جەلیل بکا.

کاک جەلیل یەکێک لەو دەگمەن کەسانە بوو کە دەورانی تازەلاویی لە کۆماری کوردستاندا دەستی پێکرد و هەموو خۆشیی ئەو دەورانەی ئەوە بوو کە ئەوکات لە قوتابخانە وەکوو قوتابییەکی زیرەک دیاریی لە دەستی پێشەوا قازی محەممەد وەرگرتووە. هاوکات دیتنی دیمەنی لە سێدارە دراوی پێشەوای، بە تاڵترین دیمەن و بیرەوەرییەکانی ژیانی ناو دەبرد کە ئەو کات لەگەڵ یەکێک لە براکانی دیبووی. وەک خۆی باسی دەکرد هەر ئەوکات کۆمەڵێک لەو لاوانەی مهاباد بەڵێن دەدەن کە ڕێبازی پێشەوا قازی بەرنەدەن و تا سەر پێی وەفادار بن و درێژە بە تێکۆشان بدەن و هەرواشیان کرد. کەواتە دەکرێ سەرەتای بیچم گرتنی بیری سیاسی لای کاک جەلیل بۆ ئەو دەورانە بگەڕێنینەوە کە جگە لە ڕێبازی کوردایەتی ناکرێ هیچ ناوێکی تری لەسەر دابنێی.

کاک جەلیل ئەو ڕێبازەی گرتە بەر و بیری کوردایەتی و خەبات بۆ وەدەسهێنانی مافەکانی نەتەوەکەی بوو بە بنەمای بیروفکر و تێکۆشانی. لەگەڵ ئەوەی کە ئاشنایەتیی لەگەڵ ڕێباز و قوتابخانە فکرییەکانی سەردەم هەبوو، بەڵام لە بەندی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا نەبوو و خۆی لەواندا قەتیس نەدەکردەوە. ئەو باوەڕی وابوو بە هەر بیروباوەڕێکەوە کە لەوانەیە مرۆڤ هەیبێ دەکرێ خەباتکارێکی ڕێگای ڕزگاری گەلەکەی بێ و بۆ ئازادی و بەختەوەریی گەلەکەی و مرۆڤایەتی تێ بکۆشێ. لەگەڵ ئەوەشدا کە خەباتکارێکی یەکسانیخواز بوو و باوەڕی بە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی هەبوو، بەڵام هیچکات مارکسیست یان چەپێکی تۆخ نەبوو.

کاک جەلیل لەگەڵ ئەوەی لە بنەماڵەیەکی ئایینیی موسوڵمان لەدایک ببوو، بەڵام هیچکات ڕێگای نەدەدا ئایین وەپێش هەستی نەتەوەخوازییەکەی بکەوێ و لە ڕەوتی خەباتی بزووتنەوەی کورددا ڕێزی لە هەموو ئایینەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان دەگرت. بۆ وێنە ڕێزێکی تایبەتیی بۆ مامۆستا ئایینییەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دادەنا، بەڵام بەو حاڵەش پێی وانەبوو دەبێ تاکە ئایینی نێو کۆمەڵگەی کوردستان هەر دەبێ ئیسلام بێ. بۆ وێنە بە ڕێزەوە یادی جوولەکەکانی مهابادی دەکردەوە و زۆر جار لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەو ماڵە جوولەکەیەی دەکرد کە ئامادە بوون پارەیەکی زۆر بدەن هەتا پێشەوا قازی محەممەد لە لەسێدارەدان ڕزگار بکەن.

هەڵسوکەت و ڕەفتاری کاک جەلیل لە بواری کاری حیزبیدا یەکێک لە خاڵە سەرنجڕاکێشەکانی ژیانی سیاسیی ئەون کە دەرخەری کەسایەتیی بەرزی بوو. کاک جەلیل بەوە ناسرابوو کە هیچکات لە گەڵ هاوڕییەکانیدا "سیاسەت"ی نەدەکرد و

گەلاوێژی ٢٧٢٥

نموونەی بەرچاوی تێکۆشەرێکی ئەخلاق تەوەر لە سیاسەتدا بوو. پرسە نەتەوەییەکانی کورد و بەرژەوندییەکانی بابەتێک بوو کە لای کاک جەلیل گرینگیی تایبەت بە خۆی هەبوو.

نەمر گادانی لەگەڵ ئەوەیکە خۆی کەسێکی حیزبی بوو، و لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی دیاریکراودا کاری دەکرد و ساڵانێکی زۆر لە ئاستی سەرەوەی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوو، بەڵام هەمیشە پرسە نەتەوەییەکانی وەپێش بابەتە حیزبییەکان دەخست. کەس پێی شک نایە لە ماوەی خزمەتی دوور و درێژیدا قسەیەکی کردبێ یان بە جۆرێک هەڵوێستی گرتبێ کە لەگەڵ بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کورددا ناتەبایی بووبێ. دژی کێشە نێوخۆییەکانی بزووتنەوەی کوردستان بوو و ئەوەی لە دەستی هاتبا بۆ یەکڕیزی و تەبایی ناوماڵی کورد درێغی نەدەکرد. ئەم تایبەتمەندییە دڵسۆزانەیەی کاک جەلیل سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تێپەڕاندبوو و تەنانەت لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و بەتایبەت لە باشووری کوردستان ڕۆڵی باش و بەرچاوی دەگێڕا.

کاک جەلیل لە ڕیزی ئەو دەگمەن تێکۆشەرانەیە کە لە ڕەوتی دووورودرێژ و پڕ هەوراز و نشێوی خەباتدا پشکی بەرچاوی لە هەرکام لە شێوەکانی خەبات هەیە. بۆ وێنە لە ڕەوتی خەباتی نهێنی و ڕێکخستنی نێوخۆ لە دەورانی ڕێژیمی پێشوودا چەندین جار گیرا و سەرجەم زیاتر لە سێزدە ساڵ لە زینداندا مایەوە، بەڵام لێرەشدا بەندیخانەی درێژخایەن هیچکات نەیتوانی ورەی خەباتی لێ بستێنێ. لە بەرانبەر دوژمندا باڵای بەرزی نەچەمی و پشتی لە بنەما فکرییەکانی خۆی و ڕێبازەکەی نەکرد. زیندان بۆ کاک جەلیل بوو بە جێگایەک کە هەم هەوڵی فێربوون و خۆپێگەیاندنی تێدا بدا و هەم بە ئاشنایی لە گەڵ زیندانییە سیاسیەکانی دیکەی ئێرانی زەمینەیەک بڕەخسێنێ کە لە داهاتوودا بتوانێ لەو نزیکایەتی و دۆستایەتییە بە قازانجی پرسی ڕەوای گەلەکەی کەڵک وەربگرێ. کاک جەلیل جگە لە زیندان ماوەیەکی زۆر لە لایەن ساواکەوە لە کوردستان دوور خرایەوە، بەڵام لەو قۆناغەشدا هەدادانی نەبوو و بەردەوام لە نێوان کوردستان و تاران و شارەکانی دیکە لە هاتوچوودا بوو.

"کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی ناوەند" یەکێک لەو کارانە بوو کە کاک جەلیل بە هاوکاریی سارمەدین سادق وەزیری لە تاران دایمەزراند. بە دامەزراندنی ئەم ناوەندە کاک جەلیل لە هەوڵی ئەوەدا بوو هەم کوردەکانی دانیشتووی تاران لەو ڕێکخراوەدا کۆ بکاتەوە هەم لەو ڕێگایەشەوە هەوڵ بۆ ناساندنی پرسی کورد لە ناوەند بدا.

کاتێک باس لە بنەما فکرییەکانی ژیانی سیاسی کاک جەلیل دەکرێ یەکێک لە گرینگترین بابەتەکانە کە دەبێ ئاوڕی لێ بدرێتەوە، باسی کتێب و خوێندنەوە و نووسین لە ژیانی ئەو مرۆڤە خەباتکارەدایە. وەک باس کرا کاک جەلیل تەنانەت لە



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

زیندانیش لەو خوێندنەوە و نووسین و هاوکات فێر بوونیش غافڵ نەبوو. ئەو بە گشتی لە ژیانیدا زیاتر لە ٢٠ بەرهەمی بە نووسین و وەرگێڕانەوە پێشکەشی کتێبخانەی کوردی کرد. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لەو بوارەدا خۆ ماندوو کردنی کاک جەلیل بۆ کۆکردنەوەی لاپەڕەکانی خەباتی پێشمەرگانەی ئەو هاوڕێیانەی بوو کە چ بە شێوەی نووسینی بیرەوەری یان بە شێوەی گێڕانەوە کۆی دەکردنەوە و دواتر وەکوو کتێب چاپی دەکردن. بێگومان ئەو کارەی کاک جەلیل لە بواری ئەدەبیاتی بەرگریدا خزمەتێکی بەرچاوی بە کتێبخانەی کوردی و مێژووی تێکۆشانی ئەو پۆلە پێشمەرگانە کردوە کە ڕەنگە ئەگەر ئاوا کۆ نەکرابانەوە لەبیر دەچوونە و و دەفەوتان.

لە باس کردن لە ژیانی کاک جەلیل و بنەما فکرییەکانی ئەو ناکرێ باس لە تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەو لە باری کۆمەڵایەتییەوە نەکرێ. کاک جەلیل لەوبارەشەوە یەکێک لەو مەزنە مرۆڤانە بوو کە بە قووڵی باوەڕی بە خۆشەویستی مرۆڤەکان و ڕێزلێگرتنیان هەبوو. پێوەندیە کۆمەڵایەتیە بەربڵاوەکانی کاک جەلیلی گادانی هەروا بابەتێکی ڕۆتینی ژیانی ئاسایی مرۆڤەکان نەبوو، بەڵکوو هەموو ئەو پێوەندییانەی جگە لە خۆشەویستی و هۆگریی مرۆڤەکانی دەوروبەری بۆ ئەوە بوو کە لە کاتی پێویستدا گرێیەک لە کاری مرۆڤەکانی دەوروبەری بکاتەوە. دەکرێ ئەوەش بە جۆرێک لێکگرێدانی مرۆڤتەوەری واتە ئۆمانیزم لەگەڵ بیری کوردانە و کوردپەروەرانەی کاک جەلیل ناو بەرین کە بە ڕوونی بە ئاکار و کردەوەی ڕۆژانەی کاک جەلیلەوە دیار بوو و پێی دەناسرایەوە.

هەموو ئەوانەی کە باس کرا تەنیا بەشێکی بچووک لە بنەما فکرییەکانی کاک جەلیل لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەودا بوو کە بە درێژایی ژیانی پێکەوەی ناوبوو. کاک جەلیل ئەو مرۆڤە خەباتکارە دەگمەنە بوو کە ئەو بەڵێنەی بۆ خەبات لە تەمەنی لاویەوە دابووی تا کۆتایی بردە سەر و ڕێبوارێکی ڕاستەقینەی ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێشەوای نەمر مایەوە.

ئەوانەی کە باس کرا و زۆر تایبەتمەندیی بەرزی کاک جەلیلی گادانی وای کردبوو کە بە کۆچی دوایی ئەو بزووتنەوەی سیاسی کوردستان تێکۆشەرێکی گەورە و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیوان و خەمخۆرێکی ڕاستەقینەیان لە دەست دا.

**یادی ئازیزی بە خێر بێ.**

**١٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

# مەتەڵی بەرژەوەندییەکانی کورد لە سووریەی ئەحمەد ئەلشەرعدا






**خالید حەسەنپوور**

کاتێک ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە دێسامبری ساڵی ڕابردوو بە دەست هەیئەتی "تەحریرالشام" ڕووخا، ڕووخانی کتوپڕی ئەسەد، کۆمەڵگەی نێوونەتەوەیی و تەنانەت سووریەشی غافڵگیر کرد. دەگەڵ ئەوەی لە ساڵی ٢٠١١ وە خەڵکی سووریە هەوڵی لابردنی ڕێژیمی ئەسەدیان دەدا، بەڵام ئەسەد بە پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی و ڕووسیە، وڵامی خەڵکی ناڕازیی بە



سەرچاوە
Serchawe

ئاور وئاسن دایەوە و جارێکی دیکە خۆی چەقاندەوە و مەرگی خۆی وەپاش دا. دوای ١٢ساڵ شەڕی بێ نێوبڕی نێوخۆیی و کوژرانی دەیان هەزار نەفەر لە خەڵکی ئەم وڵاتە، دواجار وا دەهاتە بەرچاو کە ڕێژیمی ئەسەد زۆربەی دژبەرانی خۆی لەنێو بردبێ و لاوازی کردبن، کەچی لەپڕ هێزەکانی "تەحریر الشام" کە بە چەکوچۆڵەی پێشکەوتوو و دڕۆن و تۆپخانە پۆشتە و تەیار کرابوون و بنکەکانیان لەسەر سنووری سووریە و تورکیە بوو، جووڵەیان پێ کرا و لە ماوەی حەوتوویەکدا ڕێژیمی ئەسەدیان ڕووخاند!

لە ڕاستییدا دەکرێ هاتنە سەرکاری "تەحریر الشام" بە سەرۆکایەتیی ئەحمەد ئەلشەرع، وەک لەدایکبوونی منداڵێک ببینین کە پێش وادە بە نەشتەرگەری لەدایک بووبێ! بە هاتنە سەرکاری کتوپڕی دەسەڵاتی نوێ، ئاگری هەموو ئەو کێشە ئێتنێکی و مەزهەبی و کۆمەڵایەتییانەی کە بە درێژایی مێژوو لە سووریەدا ئینکار و سەرکوت کرابوون، بڵێسەیان سەندەوە و دەسەڵاتی نویی سووریەیان تووشی ئالەنگاریی جیدی کرد. ئەکتەری سەرەکی کە ئاڵوگۆڕەکانی سورییەیان شکڵ پێدا و بوونە هۆی ڕووخانی ئەسەد و هاتنە سەکاری تەحریرالشام، ئەمریکا، تورکیە و ئیسڕائیل بە هاوکاریی چەند وڵاتێکی عەڕەبی بوو.

هەتا ئەو جێگایەی پەیوەندیی بە سیاسەتی ئەمریکاوە هەیە، ئەمریکا ویستی بە بەردێک دوو چۆلەکە بنگێوێ: لە لایەک دەستی ڕووسیە لە گۆڕەپانی سووریە و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کورت بکاتەوە و سووریە بهێنێتە ژێر ڕەکێفی خۆی، لە لایەکی دیکەشەوە بە کارئاسانی بۆ هاتنەسەرکاری ئەحمەد ئەلشرع، ڕەوتی "تەحریر الشام" کە درێژکراوەی داعش و ئەلنوسرە بوون؛ لە هێزێکی تێروریستیی مەترسیدارەوە بگوێزێتەوە بۆ نێو دەسەڵاتی یاسایی سووریە و لەو ڕێگەیەوە باشتر بتوانێ کۆنترۆڵی بکا! ڕەوشێک کە ئەمریکا لەهەمبەر ڕێکخراوی تاڵەبانیش پێڕەوی کرد، چونکی دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کە زەویی ئەفغانستان هەرچییەکی پێی وەرکەی هەر تالیبان دینێتەوە، ناچار بوو دەگەڵ ئەو ڕێکخراوەیە بسازێ و بە هێندێک مەرج و داروولەلە لێ گەڕێ بێتەوە سەرکار!

ئەمریکا بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوتوە تێچووی کۆنترۆڵکردنی ڕەوتێکی تیروریستیی نهێنی، لە ڕەوتێکی تێروریستیی ئاشکرا زۆر زیاترە! لەوەش گرینگتر، ئەگەر ئەو ڕەوتە توندئاژۆیانە بێنە نێو دەسەڵات، پەڕاوێز نەخرێن و لەگەڵ گیرگرفتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵات و دەوڵەت بەرەوروو بن، ڕاستییە سەرسەختەکانی کۆمەڵگەی خۆیان و پەیوندییە نێونەتەوییەکان، بەرەبەرە بەرەو خاوبوونەویان دەبات و بە ئەگەری زۆرەوە هێزێکی میانەڕەوی سیاسییان لێ درووست بکەوێتەوە!



سەرچاوە
Serchawe

خاڵگۆڕانی دەستێوەردانی تورکیە لە سووریە و هەڵگەڕانەوەی لە بەشار ئەسەد دوای ئەوە بوو کە ڕێژیمی ئەسەد بەشێکی بەرچاوی ڕۆژئاوای کوردستانی ڕادەستی یەپەگە کرد. بەڵام ئەو وەرچەرخانە لە سیاسەتی تورکیەدا بۆ ئەو وڵاتە تێچوویەکی زۆری هەبوو و سیاسەتی ئەو وڵاتەی تووشی ناتەباییەکی زۆر کرد. چونکە دژایەتی دەگەڵ ڕێژیمی بەشار ئەسەد جۆرێک دژایەتی بوو لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕووسیەش. هەروەها لەگەڵ ئەوەدا کە سیاسەتی تورکیە بەرامبەر بە ڕێژیمی ئەسەد هاوتەریب بوو دەگەڵ سیاسەتی ڕۆژئاوا، بەڵام دژایەتیی حکوومەتی خۆبەڕێوەبەریی ڕۆژئاواش دەکەوتە دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و ڕۆژئاوا و تورکیەی لەگەڵ داعش و ئەلنووسرەوە خستبوە بەرەیەکەوە. بۆیە ڕووخانی بەشار ئەسەد لە لایەک تورکیەی لە ناتەبایی هەڵوێستی سیاسی لە نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات (ڕووسیە) ڕزگار کرد و، لە لایەکی دیکەوە بە هێنانەسەرکاری ئەحمەد ئەلشەرع وەک درێژکراوەی داعش و ئەلنووسرەوە، بە کردەوە هاوپەیمانیی نێوان کوردی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئەمریکا و ئورووپاشی بەرەو لاوازییەکی زۆر برد.

هەتا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە سیاسەتی ئیسرائیل سەبارەت بە سووریەوە هەیە، ڕووخانی بەشار ئەسەد بۆ ئەو وڵاتە حوکمی هێنانی جووت شەشی هەبوو. دەگەڵ ئەوەی هاتنەسەرکاری ئەحمەد ئەلشەرع بۆ ئیسرائیل گۆڕانکارییەکی ئیدەئاڵ نەبوو، بەڵام بە دوو هۆکار پێی لە ڕێژیمی ئەسەد باشتر بوو. یەکەم، "تەحریر الشام" هێزێکی سوونی سەلەفییە کە دژایەتیی ئاشکرای لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران و ڕەوتی شیعەگەری لە ناوچەدا هەیە و، وەک ڕێژیمی ئەسەد مەجال بە ڕێژیمی ئێران نادا سووریە بۆ ئامانجەکانی خۆی بەکار بهێنێ. دووهەم، خۆگرتنی حکوومەتی "تەحریر الشام" کات دەبا و ئیسرائیل دەتوانی لەو ماوەدا بۆ ئەجێندای سیاسیی خۆی لە سورییە کار بکا و پێشی بەهێزبوونی حکوومەتێکی ناوەندفەرای بەهێز لە دیمێشق بگرێ. هەروەها ئەحمەد ئەلشەرع بەهۆی پاوانخوازی و عەقڵییەتی فیرقەگەرایی، زەحمەتە بتوانێ بەرەو دامەزرانی دەوڵەتێکی گشتگیر و هەمەلایەنەی بنکە فراوان لە پێکهاتەکانی سووریە هەنگاو بنێ! چونکی هەرچی حکوومەتی ناوەندی سووریە لاوازتر بێ، بەو ڕادەیە، ئیسرائیل لە سنوورەکانی باکووری خۆی دڵنیاتر دەبێ .ئەوانە هەمووی هۆکاری پۆزیتیڤ بوون کە دەیتوانی جێ دەستی حکوومەتی ئیسرائیل بۆ ماوەیەک لە گۆڕانکارییەکانی ئێستا و داهاتووی سووریەدا بکاتەوە.

ئێستا دوای نیزیک بە هەشت مانگ لە هاتنە سەرکاری تەحریر الشام دەبینی ڕۆژ بە ڕۆژ بەرژەوەندیی ئەو سێ کوچکەیەی (ئەمریکا، تورکیە و ئیسرائیل) کە کارئاسانییان بۆ هاتنەسەرکاری "تەحریر الشام" کرد، لێک جوێ دەبێتەوە! دیداری ترامپ لە عەرەبستان سعودی لەگەڵ ئەحمەد ئەلشەرع کە وێدەچێ بە نێوبژیوانی تورکیە، عەرەبستان و قەتەر ڕووی دابێ، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی لە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بە حکوومەتی نوێی دیمێشق پێکهێنا. لە بەرامبەر ئەوەدا کە ئەلشەرع و دەوڵەتەکەی دێنە نێو پەیمانی ئیبراهیم و هەروەها پێشی نفووزی کۆماری ئیسلامی لە سووریە دەگرن و

گوێڕایەڵی نەزمی نوێ ئەمریکا لە ناوچە دەبن، حکوومەتی ناوبراو لەلایەن ئەمریکاوە بە فەرمی ناسرا و شەخسی ئەحمەد ئەلشەرع لە لیستی تیرۆری ئەمریکا هاتەدەر و گەمارۆکانی سەر سووریە لە لایەن ئەمریکاوە لاچوون.

هەمیشە لە سیاسەتی دەوڵەتاندا وا باو بووە کە لەبەر ڕووناکایی سیاسەت و ئەولەوییەتە نێوخۆییەکاندا، سیاسەتی دەرەوەش دادەڕێژرێ. بەڵام وادیارە ئەم ڕەوتە لە دەوڵەتی نوێی سووریەدا پێچەوانە بۆتەوە! ئەوەش بەر لە هەموو شتێک بۆ نییەت و ڕوانگەی "تەحریر الشام" سەبارەت بە ئارایشی سیاسی نێوخۆیی سووریە دەگەڕێتەوە! لە ڕاستییدا ڕەوتی ڕووداوەکان وا نیشان دەدەن لە حکوومەتی نوێی سوریە لە پەیوەندی لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتیدا زۆر پراگماتیستانە و سەبارەت بە دۆخی نێوخۆیی وڵاتەکەشی تا ڕادەیەکی زۆر ئیدئۆلۆژیکی دەجووڵێتەوە. ئەحمەد ئەلشەرع بۆ ئەوەی بتوانێ نێوخۆی سووریە بۆ مەرامی خۆی ڕێک بخا، پێویستی بە پەیوەندیی دۆستانە دەگەڵ ئەمریکا، ئورووپا و وڵاتانی عەرەبی هەیە و دەستکەوتە دیپلۆماتیکەکانی ئەو ماوەیەی سووریە بەر لە هەموو شتێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەحمەد ئەلشەرع و تەحریر الشام کە ڕابردوویەکی تیرۆریستییان هەیە، دەراوی خۆیان سەبارەت بە ئەمریکا، ئورووپا و وڵاتانی عەرەبی ڕوون کردۆتەوە.

هەموو پێوشوێنەکان نیشان دەدەن حکوومەتی نوێی سووریە لە بیری قایمکردنی بناغەکانی دەسەڵاتی خۆیدایە بۆ ئەوەی حکوومەتێکی یەکدەستی ناوەندگەرا بە هێژمۆنیی ئیسلامی سوونە لە دیمێشق دابمەزرێنێ. ئەوەش بە سەرنجدان بەوەی پێشتر عەلەوییەکان دەسەڵاتی سووریەیان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەدەستەوە بووە و، هەروەها کوردەکان و دروزییەکانیش داوای جۆرە خۆبەڕێوەبەرییەک دەکەن کە وەک نەشتەرگەرییەکی سیاسی- ئیدئۆلۆژیک دێتە بەرچاو کە لێکەوتەی سیاسیی زۆری بەدواوەیە. سەرکوتی بێبەزەییانەی عەلەوییەکان لە مانگی مارسی ئەمساڵدا و هەروەها هێرشی درندانە بۆ سەر دروزییەکان، بێجگە لەوەی نێوەڕۆکی دژە دێموکراتێکی حکوومەتی ئەلشەرع دەردەخەن، پەیامێکی پڕ هەڕەشەش بوون بۆ حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری کورد لە ڕۆژئاوای کوردستانیش. چونکی ئەو قەوارەی پێوەندییەی پێشتر لە نێوان ئیدارەی خۆسەری ڕۆژئاوا و ئەمریکا لە دژی داعش هەبوو، بە هاتنە سەرکاری حکوومەتی نوێ سووریە و، هەروها ڕێککەوتنی حکوومەتی ناوبراو دەگەڵ ترامپ، ڕۆژ بە ڕۆژ لە کزێ دەدا! ئەوەش بەر لە هەموو شتێک نیشانەی چوونە پێشی سیاست و ستراتیژیی تورکیەیە لە سووریەدا.

سیاسەتی تورکیە سەبارەت بە کۆتایی پێهێنان بە حکوومەتی خۆسەری ڕۆژئاوا لەو دۆخەدا ئەوەیە کە سەرەتا لە ڕێگای پرۆسەی ئاشتیی ئۆجەلانەوە هەوڵ بدرێ کۆتایی بە ئیدارەی خۆسەر و هێزە نیزامییەکەی بهێنێ. بەڵام بە هۆی ئەوەی وێدەچێ پرۆسەی ئاشتیی ئۆجەلان و چەکدانانی پ ک ک کاتێکی زۆرتر بخایەنێ، دەستەوداوێنی کەوتۆتە خۆ هەتا بە

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

نێوبژیوانیی هەرێمی کوردستان لە نێوان ئەحمەد ئەلشەرع و ئیدارەی خۆسەردا سازانێک بکا. خۆ ئەگەر هیچکام لەو دوو هەوڵە ئەنجامی دڵخوازی تورکیە و حکوومەتی سووریەی لێ نەکەوێتەوە، بژاردەی نیزامی دژ بە ڕۆژئاوای کوردستان دوور لە چاوەڕوانی نیە!

**ئاکامگیرییەکە ئەوەیە هەتا دێ هەڵوێستی تورکیە و ئەمریکا سەبارەت بە بارودۆخی سووریە زیاتر لێک نیزیکتر دەبێتەوە. بێتوو ئەمریکا و تورکیە لە پێوەندی لەگەڵ ئیدارەی سووریەدا بە بنەمایەکی هاوبەش بگەن، ئیسرائیل، کورد، دروزی و عەلەوییەکان دۆڕاوی سەرەکی نێوو گۆڕەپانی سووریە دەبن!**

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

---

# لە ئاگری ئاویەرەوە هەتا هاواری گەل





ڕەحیم نزهەتزادە

لە ڕۆژانی سەرەتای مانگی خەرمانانی ساڵی ١٤٠٤، ئاگرێکی بەرفراوان لە بەرزاییەکانی چیای ئاویەر لە سنە کەوتەوە؛ ئاگرێک، کە نەک هەر بەشێک لە گرنگترین هێمای ژینگەیی و کولتووری کوردستانی سووتاند، بەڵکو هاوکات گیانی سێ لە ڕۆڵە پێشەنگ و تێکۆشەرەکانی ئەم خاکەشی، کردە قوربانی. ئەو ڕۆڵانەی، کە نەک بە چەک، بەڵکوو بەدەستی بەتاڵ و

دڵی پڕ لە خۆشەویستیان بۆ سروشت، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاگرەکە بەزین و لە نێو بڵێسەکاندا گیانیان کردە فیدا.

بەڵام لە دڵی ئەم کارەساتەدا، کاردانەوە و هەڵوێستێک لەدایک بوو: ڕاپەڕینێکی جەماوەری، نەک بە ئاژاوەگێڕی، بەڵکوو بە ئامادەبوون، نەک بە فیشەک، بەڵکوو بە فرمێسک، نەک بە توندوتیژی، بەڵکوو بە هاوار. ئەویش پرسەی ئەم سێ قوربانییە ژینگەییە، کە بوو بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری؛ کۆبوونەوەی هەزاران کەس لە سێ ڕێوڕەسمی جیاوازدا، کە هەریەکەیان دروشم و داواکاری تایبەتیان هەیە، کە داخواز و دەنگی بەکۆمەڵی کوردستان دەخەنە ڕوو.

ئەو دروشمانەی لەم ڕێوڕەسمانەدا گوترانەوە، لەوانە "داگیرکەری ئێرانی، بکوژی ڕۆڵەکانمانی"، "کوردستان گۆڕستانی فاشیستەکانە"، "شەهیدان نامرن"، "هەتا کوردێ بمێنێت، کوردستان هەر دەمێنێ"؛ دەربڕینێکی ڕوون و ئاشکەرا لە داواکاریگەلێک بوون، کە ساڵانێک بوو لە ژێر چینەکانی سانسۆر، سەرکوت و ترسدا خنکێندرابوون. ئەو سێ ڕێوڕەسمانە، زیاتر لە ڕێوڕەسمێکی ماتەمینی، هاوکات بە شێوەیەکی کاریگەر و کرداری، بوونە ڕێفراندۆمێکی جەماوەری نافەرمی؛ ڕێفراندۆمێک کە خەڵک بەبێ پێویستی بە سندوقی دەنگدان، بەبێ مۆڵەتی حکومەت، بەبێ نێوەندگیری حیزب و دامەزراوەیەک، بەدەنگی بەرز، دەیانگوت چییان دەوێ و لەچی بێزارن!

لەم ڕێفراندۆمە شەفافەی سەرشەقامی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، خەڵک لە دژی کۆماری ئیسلامی و پێکهاتە ناوەندگەراکان، هاواریان دەکرد. ئەوان نیشانیان دا، کە تووڕەیی ئەوان ئاراستەی "نەتەوەیەکی تایبەت" نەبووە، بەڵکوو ئاراستەی ئەو داخوازانە، ڕوو لە پێکهاتە سیاسی، حکوومەتی و ناوەندگەرایانە بووە، کە بەدرێژایی مێژوویان کوردستانیان بەتەنیا، وەک سەرچاوەیەکی دەرهێنانی سامان و سەرکوتکردنی شوناس بینیوە. ئەوانەی ئەم دروشمانەیان بەدڵ نەبوو، یان بە هەڵەیان زانی -لەوانەش یەک یان دوو کەسایەتی ڕێکخراوێک، کە گۆیا خۆیان بە نوێنەری بزووتنەوەی کوردستان دەزانن- ئەگەر ئەوانە، لەبری ئەوەی لە سەرەوە ڕا حوکم بدەن، لە نێو خەڵکدا بوونایە، ڕەنگە باشتر لە قووڵایی ئەو تووڕەییە و دڵسۆزی، ئەو هاوارانە تێگەیشتبان.

ئەوانە بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە دروشمی "داگیرکەری ئێرانی، بکوژی منداڵەکەمانی" دروشمێکی دابەشکارییە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەمە هاوارێکە بۆ ڕق و کینە، یان بانگەوازێکە بۆ دادپەروەری؟ ئایا ئەو خەڵکەی دەیان ساڵە لە بەرامبەر هەڵاواردن، ئێعدام، لەنێوبردنی زمان، سەرکوتی کولتووری و تێکدانی ژینگەدا بێدەنگ بوون، ئایا کاتێک سێ لە لاوانیان لە بڵێسەی ئاگردا سوتان، مافی ئەوەیان نیە بپرسن کێ بەرپرسیارە؟ گەلی کورد بە جاران سەلماندوویەتی، کە مرۆڤی پێکەوە ژیان، ئاشتی، دیالۆگ و شارستانیەتە. بەڵام پێکەوەژیانی یەکلایەنەش، مومکین نیە. ناکرێ کوردستان

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

وێران بکەیت، لاوەکانی بکوژیت، سامانەکانی تاڵان بکەیت و دواتر چاوەڕێی ئەوە بکەیت، کە خەڵک بە تەنها خوێندنەوەی فاتیحەیەک و سەبر ڕازی بن. خەڵکی کوردستان زۆر باش دەزانن، کە ڕق و کینە لە دژی هەر گەل و نەتەوەیەک، چارەسەر نیە، بەڵام هەر ئەو نەتەوەی کوردەش دەزانێت، کە مافی خۆیانە کە دوژمنی خۆیان، نەک لە نێو گەلان، بەڵکوو لە نێو سیستەمە ستەمکارەکاندا بناسنەوە و تەحەدای خۆیان بکەن و ڕووبەڕووی ئاستەنگی و ڕیسواییان بکەنەوە.

ئاگری چیای ئاویەر، بەتەنها کارەساتێکی سروشتی نەبوو، بەڵکو ڕوویەکی دیکەی کەمتەرخەمیی بەئەنقەست و سیستماتیکی حکومەتی ناوەندی بۆ کوردستان بوو. ئەگەر هەمان ئاگر لە شمیرانات یان دەماوەند ڕووی دابا، ئایا کاردانەوە و ئیمکاناتی حکوومەتی، بەو شێوەیە خاو و بە چاوپۆشی بۆ سووتان دەبوون؟ ئایا بۆ ڕزگارکردنی دارستانەکانی باکووری ئێران، بەمشێوەیە بێ کردار و عەمەل دەمان؟ ئایا بۆ ڕزگارکردنی گیانی ژینگەدۆستان لە تاران، کەسێک ڕێگەی بە خەڵک دەدا، بە دەستی بەتاڵەوە بڕۆنە نێو جەرگەی ئاگرەوە، یان ئاگرکوژێنەوەکانیان ئامادە دەبوون؟ یان چونکە تارانە و لە بەرداشتی ناوەند لەسەرووی هەمووانە، هەموو ئیمکاناتیان بۆ بەردەست دەکردن و بگرە بە هاناشیانەوە دەچوون؟!

کوردستان ساڵانێکە بە ئاگر گەمارۆ دراوە، کە هەندێک جار لە لوولەی تفەنگەوە، هەندێک جار لە دەمی لۆدێرەوە و ئەمجارەیان وەک زۆر جارانی پێشوو، لە بڵێسەی ئاگری بێمشووری و بەئەنقەست پشتگوێخستنەوە، سەر هەڵدەدات و هاوار دەکات. بەڵام لە دڵی ئەم ئاگرەدا، هێشتا ئۆمێدێک ماوە؛ هیوایەک کە دەنگی خۆی لە چاوی دایکانی خەمگین، لە هاواری هەزاران بەشداری ماتەمینی و لە دروشمەکانی وەک "داگیرکەری ئێرانی، بکوژی ڕۆڵەمانی" دۆزیوەتەوە. ئەم دروشمە دروشمی نەتەوەیەکی بریندارە؛ نەک بۆ نەهێشتنی ئەوانی تر، بەڵکوو بۆ سەلماندنی خۆی.

**ئەوانەی لە توندی ئەم دروشمە دەترسن، پێویستە بەر لەوە و زیاتر، لە بەردەوامی ستەم و بێدەنگی بترسن. چونکە میللەتێک کە هیچی نەماوە لەدەست بدات، تەنها هاوارەکەی دەمێنێتەوە. وە کوردستانیش بەم هاوارە زیندووە.**

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# حیزبی دێموکرات، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و خەباتی جەماوەری





سمایل شەرەفی

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لەسەر بنەما و ماهییەتی نەتەوەیی و بە مەبەستی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دامەزراوە، هەر لە سەرەتاوە ڕوانگەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنەی بۆ بەستێنی کار و چالاکی و خەباتی خۆی هەبووە. ئەم حیزبە کە لە بنەڕەت ڕا خۆی بە "حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و

توێژەکانیەوە" پێناسە کردوە، هەوڵی داوە خەباتی خۆی لە بزووتنەوەیەکی بەرینی جەماوەریدا وێنا بکات؛ لەم پێوەندییەدا لەگەڵ ئەوەی بانگەشەی بۆ بەشداریی نوێنەرانی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە خەباتدا کردوە، لە هەمان کاتدا خۆی بەرانبەر بە گشت پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان بە بەرپرسیار زانیوە.

کاتێک کە ڕێبەرانی سیاسیی کورد بڕیاری گۆڕینی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) - کە دامەزراوەیەکی نهێنی و لە هەمان کات لە سەرەتادا داخراو بوو - دەدەن بە حیزبی دێموکراتی کوردستان و شێوازێکی ئاشکرا و مەیدانی بە خەبات دەدەن و هەموو چین و توێژێکی خەڵکی کوردستان دەتوانن تیایدا بەشدار بن، دیارە کە ئەم حیزبە ڕویکەرد و ڕوانگەیەکی تەواو گشتگیر و جەماوەری هەیە و بەشێک لە فەلسەفەی وجوودیی خۆی لە "خەڵک و جەماوەر تەوەری"دا پێناسە دەکات.
حیزبی دێموکرات کە لە بنەڕەت ڕا خولیای نەتەوەسازی و دەوڵەتداری لە بەرنامەیدا بووە، بەبێ هەوڵدان بۆ ڕاکیشانی سەرنجی گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری کە بە درووستی لە خاڵ و بەندەکانی مەرامنامەی ئەم حیزبەدا ڕەنگی داوەتەوە، نەیدەتوانی ئەم ئەرکە گرینگ و مێژووییە وەئەستۆ بگرێ. هەر بۆیە بۆ ئەم مەبەستە کار لەسەر دامەزرانی دەسەڵاتێکی جەماوەری و دێموکراتیک بە ناوی کۆماری کوردستان دەکات. کۆماری کوردستان وەک نیزامێکی سیاسی و خۆبەڕێوەبەری کە لە هەلومەرجێکی تایبەتی مێژوویی و کۆمەڵایەتیدا دامەزرا، هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە نەتەوەی کورد کە بە سەدان ساڵە حاشا لە وجوود و ماف و ئازادییەکانی کراوە و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەدرێژایی مێژووی دەوڵەت_نەتەوەی ناوەندگەرای ئێراندا بە دڕندانەترین شێوەی مومکین دژایەتی و سەرکوت کراوە، هەست بە بوونی خۆی وەک میللەتێکی جیاواز بکات کە مافی ئەوەی هەیە وەک باقی نەتەوەکانی دیکەی سەر گۆی زەوی، ماف و ئازادیی خۆی هەبێت.

ڕێبەر و پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد کە دامەزرێنەر و سەرۆکۆماری کۆماری کوردستان بوو، نەتەنیا لە ماوەی ١١ مانگی خزمەتەکانی کۆماری کوردستان بە خەڵک، بەڵکوو پێشتریش کە قازی و حاکمی شاری مهاباد بووە، هەموو هەوڵێکی بۆ لێککۆکردنەوەی چین و توێژەکانی شار لە پەنا یەکتر و ئەرکدارکردنیان بە وەزیفەی جۆراوجۆر بووە. بۆیە لە ماوەی ١١ مانگی تەمەنی کۆماری کوردستانیشدا لەژێر کاریگەریی هەمان تێڕوانیندا، بە دامەزرانی یەکیەتییە سینفییەکانی وەک؛ ژنان و لاوان و ئاوڕدانەوە لە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵی ژێر دەسەڵاتی کۆمار، "جمهووریيەت" و جەماوەریبوونی ئەم دەسەڵاتە کوردییە زیاتر خۆ دەنوێنێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر ئەم بنەما هزریانە بۆچەسپاندنی دەسەڵاتی خۆماڵی و، دواتریش و لە قۆناغەکانی دیکەی ژیانی سیاسی و خەباتکارانەی خۆیدا بە پاراستنی ماهییەتی نەتەوەییبوونی خۆی و دەرککردن بە هێز

و وزەی تایبەت بە هەرکام لە بەشەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، خەسڵەتی جەماوەریبوونی خۆی و ڕوانگە گشتگیرەکانی بۆ پرسی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پاراستوە.
ڕوانگە و ڕوانینی جەماوەریی بۆ خەبات لە پێناو گەیاندنی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ماف و ئازادییە ڕەواکانیان، ئەم حیزبەی بە سەرنج خستنە سەر توانا و پتانسێلی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵی کوردەواری ڕاهێناوە. حیزب بە خۆدوورخستنەوە لە ڕوانینی تاک ڕەهەندی بۆ پرسەکانی کۆمەڵگە و نەخشە ڕێگەی خەبات و خۆ نەبەستنەوە بە ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت، هەوڵی داوە گشت زەرفییەت و دەرفەتەکانی کۆمەڵگە و ڕەهەندەکانی خەبات و وەزەکانی تایبەت بەم خەباتە گشتگیر و جەماوەرییە ببینێ. بۆیە بەردەنگی خەباتکارانەی حیزبی دێموکرات هەمیشە "کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان" بووە، نەک چین یان توێژێکی تایبەتی کۆمەڵگە.

ئەم تێڕوانینە جەماوەرییەی حیزبی دێموکرات لەگەڵ ئەوەی چاوەڕوانی و ئەرک و بەرپرسیارێتیی قورسی خستۆتە سەر شان، بەڵام لەبەرانبەردا پێگەیەکی قووڵ و بەرینیشی بەم حیزبە بەخشیوە. حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی حیزبە چوارچێوەدارە ئیدئۆلۆگەکان کە بەردەنگ و پێگەیان تایبەت بە تەیفێک لە کۆمەڵگەیە و خاوەن گوتارێکی کۆنکرێتی بەرتەسکن، بۆ پاراستنی ئەم خەسڵەتە جەماوەرییەی خۆی، پێکهاتەیەکی کراوەی دێموکراتیک، گوتارێکی گشتگیر و چەتریی لەسەر بنەمای "ناسیونالیزمی دێموکراتیک" و ڕوانگەیەکی فرەڕەهەندی بۆ خەبات و تێکۆشان هەیە.

باوەڕی حیزبی دێموکرات بە بەجەماوەریکردنی خەبات و تێکۆشانی شوناسخوازانەی نەتەوەیی، تەنیا لە ئاستی گوتار و درووشم و ئیدیعادا نەبووە و نیە. پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵک و جەماوەری خەڵک و وەکارخستنی ئەم هێزە لە خەبات، بۆ حیزبی دێموکرات بە شێوەی مەیدانی و لە ئاستی بەرینی جەماوەریشدا بەردەوام خۆی پاتە کردۆتەوە. ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە نێو ئاپۆرای بەرینی کۆمەڵانی خەڵک و نوێنەران و هەروەها بەڕێوەبردنی میتینگی سەدهەزار کەسی لە شاری مهاباد بۆ ڕاگەیاندنەوی خەباتی ئاشکرای حیزب لە دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و بەڕێوەبردنی دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و مانگرتنی جەماوەری، بۆ حیزبی دێموکرات هەم نیشانەی باوەڕمەندبوونی بە بەجەماوەریکردنی خەباتە و هەم نیشانەی پێگەی بەرزی جەماوەریی ئەم حیزبەیە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە چارەسەری ئاشتیانەی پرسی کوردی لەسەر بنەما و مێتۆدی وتووێژ و لێکتێگەیشتنی دێموکراتیک بنیات ناوە و لەم پێناوەدا هەزینەی قورسیشی داوە، بەرانبەر بە ئەقڵییەتی پاوانخوازی و شەڕئەنگێزی و پەلاماردەرانەی دەسەڵات و دوژمنانی خاک و خەڵکی کوردستان، دەستەوەستان نەوەستاوە و بەستێنی خەبات و وزەی خەباتکارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی لە چوارچێوەیەکی دیکەی خەبات و هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا خستۆتەگەڕ.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

هاوکات لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەم ڕەهەندە سەخت ئامێرییەی خەباتی خەڵکی کوردستان و هەڵگرتنی ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتییە دژوارەی کە دەکەوتە سەر شانی، حیزبی دێموکرات لەژێر کارتێکەریی هەمیشەیی و بەردەوامی ڕوانینە جەماوەرییەکی بۆ خەبات و غافڵ نەبوون لە چۆنیەتیی کەلکوەرگرتن لە لانی زۆری وزەی خەباتکارانەی کۆمەڵگە، پێداگری لەسەر بەشداریپێدانی گشت چین وتوێژەکان لە ڕەهەندە جیاوازەکانی خەبات کردوە و هەمیشە لەو باوەڕەدا بووە کە "ڕێگاکانی خەبات و بەشداریی لە بزووتنەوەی گەلی کوردستاندا زۆر و هەمەجۆرن."

ڕوانگە و باوەڕی حیزبی دێموکرات و هەوڵەکانی بۆ وەگەڕخستنی هێز و ماتەوزەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لە دوو – سێ دەیەی ڕابردوودا زیاتر لە هەمیشە خۆی بە ڕوونی دەرخستوە و نەتیجەی وەرگرتۆتەوە. پشتیوانی لە کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان و بەڕەسمیناسینی جموجۆڵی مەدەنی درێژەی هەمان تێڕوانینە.
ئامانجی سەرەکیی حیزبی دێموکرات لە خەباتی جەماوەری یان بە جەماوەریکردنی خەبات، بەشداریی بەرینی خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی خەبات بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی وەک نەتەوەیەک کە پرسی تایبەت بە خۆی هەیە. هەروەها هەوڵدانە بۆ دوورخستنەوەی تاک و کۆی کۆمەڵی کوردەواری لە بێتەفاوەتی و خۆ لە پەراوێزخستن و پاسیڤبوون.
بە وردبوونەوە لە ڕەفتاری گشتیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بۆنە و ڕووداو و پێشهاتە جۆراوجۆرە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی و ژینگەپارێزی و زمانی و هەر جۆرە جووڵەیەکی شوناسخوازانەی نەتەوەیی کە لەم یەک دوو دەیەی ڕابردوودا لە وڵات بەڕێوەچوون، دەتوانین بە ڕاشکاوی ئیدیعای ئەوە بکەین کە بە خۆشییەوە تێڕوانین و هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات لەسەر خەباتی جەماوەری جێ کەوتوون و چەسپاون.

بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و کارنەڤاڵە نەرۆزییەکانی کوردستان و ڕەفتار و هەڵوێستی گشتی و جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەو نموونە هەرە بەرز و ناسراوانەن کە دەیسەلمێنن خەباتی خەڵکی کوردستان پێناسەیەکی تەواو گشتی و جەماوەری بەخۆیەوە بینیوە و لە زۆر بار و بواردا لەگەڵ پەرەسەندن و خۆبەهێزکردنی، پاشەکشەی بە دەسەڵاتی سەرکوتکار کردوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ئەوەی لەم بارەوە شانازی بە خۆی و بەئاگامگەیشتنی تێڕوانین و هەوڵەکانیەوە دەکات، وەک هەمیشە بەرانبەر بەم خەسڵەتە خەباتکارانە، خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ و شیلگیرانەتر لە هەمیشە، پێگەی جەماوەریی خۆی لە پێناو بەجەماوەریترکردنی خەباتدا دەخاتە گەڕ.**

١٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ئاگری شوناس و خۆڵەمێشی متمانە





**ئازاد مستۆفی**

دوابەدوای گیانلەدەستدانی سێ چالاکی ژینگەپارێزی خۆبەخش، شەهیدان حەمید مورادی، چیاکۆ یوسفی نەژاد و خەبات ئەمینی، وێڕای کووژاندنەوەی ئاگری بەئەنقەست لە چیای ئاویەری شاری سنە، شەپۆلێکی ناڕەزایەتی و هاوسۆزی لە نێو خەڵکدا سەری هەڵدا. درووشمەکانی "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ڕۆڵەمانی"، "ژین و ژینگەی کوردستان، سووتاوی دەستی

ئێران" و "هەتا کوردێک بمێنێ کوردستانیش دەمێنێ" زیاترن لە نارەزایەتییەکی ژینگەیی؛ ئەوانە ڕەنگدانەوەی دابڕانێکی قووڵی شوناس لە نێوان خەڵک و بەتایبەت نەوەی گەنجی کوردن لەگەڵ حکوومەتدا. لە ئێراندا شوناسی نەتەوەیی لە مێژە بە ناکۆکی لەگەڵ ناسنامەی نەتەوە غەیرە فارسەکان پێناسە کراوە بەڵام لە نێو ئەم نەتەوانەدا شوناسی کورد جێگەی تایبەتی خۆی هەیە. مێژووی خۆڕاگری، زمان و کولتووری سەربەخۆ، هەڵواردنی پێکهاتەیی، پەیوەندییە هاوسنوورییەکان، هەموویان بەشداربوون لە بەهێزکردنی ئەم شوناسە قووڵ و خۆڕاگرانەی نێو کورد. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەلایەن ئەکادیمیستەکانەوە ئەنجام دراون، گەنجانی کورد لە هەموو بەشەکانی شارەکانی کوردستان، تەنانەت لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانیبوون و میدیای نێودەوڵەتی و خوێندن لە زانکۆشدا، شوناسی کوردستانی وەپێش شوناسی ئێرانی دەزانن. ئێستە لە ژێر ڕۆشنایی ڕووداوەکانی ئەم دواییە و بە تایبەتیش گیانلەدەستدانی خۆبەخشەکان لە کاتی کووژاندنەوەی ئاگرێک لە ئاویەری سنە، ئەم بۆشاییە شوناسە فۆرمێکی بابەتیتری وەرگرتووە.

## ناسنامەی کورد و بێمتمانەیی مێژوویی بە حکوومەتی ناوەندی

شوناسی کورد بۆ خەڵکی کوردستان، تەنیا پەیوەندییەکی ڕەگەزی نیە بەڵکوو بنیاتێکی مێژوویی-سیاسییە کە بە چەندین سەدەی چەوساندنەوە و خۆڕاگری و ئایدیالیزم خۆی دیتووەتەوە و لە قاڵب دراوە. گەنجانی کورد بە لەبەرکردنی جلوبەرگی جۆراوجۆری کوردی و پاراستنی زمانی دایکی و گۆڕینی مەراسیمی وەکو نەورۆز بۆ شوناسخوازیی قەڵەمڕەوی کوردستان، ئەم شوناسە بەرهەم دەهێننەوە. بەڵام ئەم وەچەخستنەوەیە تەنیا کولتووری نییە بەڵکو بارگرانییەکی گەورەی سیاسی و بەرخۆدان لە بەرامبەر داگیرکاریدا هەڵدەگرێت. بەتایبەت لەو درووشمانەی کە ئاماژەن بۆ دابڕانێکی تەواو لە چەمکی "ئێران" وەک دەوڵەت- نەتەوەی باڵادەست: "هەتا کوردێک بمێنێ، کوردستانیش دەمێنێ."

لەم درووشمەدا کوردستان نەک وەک پارێزگا یان هەرێمێک بەڵکوو وەک یەکەیەکی سیاسی و شوناسێکی سەربەخۆ لەپاڵ تاکی کورد پێناسە دەکرێت. شوناسی کورد بووەتە کیانێکی خۆڕاگر و ڕێگری لە بەرامبەر گۆڕانی کولتووری. ڕووداوەکەی ئەم دواییەی ئاگرکووژێنەوە لە ئاویەر لە کاتێکدا بوو کە بەپێی لێدوان و تێبینییە گشتییەکان، حکوومەتی ناوەندی ماوەی ١٨ ساڵە هیچ ڕێوشوێنێکی کاریگەر بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەمجۆرە ڕووداوە نەخوازروانە، نەناوە و وەڵامی سکاڵاکانی ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکان بۆ دامودەزگەی حکوومی نەداتەوە. لەو چوارچێوەیەدا خەڵک نەک هەر وەک بێباکانە، بەڵکو وەک فاکتەری وێرانکەر وێنایان دەکرد: "ژین و ژینگەی کوردستان سووتاوی دەستی ئێران."

شیکاری گوتاری بۆ ئەم درووشمە، ئێران نەک وەک وڵاتێک بەڵکو وەک ئەکتەرێکی دوژمنکارانە دژی بوونی کورد دەناسێنێت.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم بێمتمانەییە مێژووییە کە ڕەگ و ڕیشەی لە چەندین ڕووداوی وەک تیرۆر و کوشتن و دەربەدەری و زینـدانیکردنی سەرکردە سیاسی و مەدەنی و ئایینییەکان و هەروەها کۆمەڵکوژییەکانی کوردستان لەلایەن حکوومەتی ناوەندی تاران و سیاسەتە سەپێنراوە پەروەردەییەکاندا هەیە، لەم جۆرە ساتانەدا دەگاتە خاڵی کوڵان و لە شێوەی درووشمی بەکۆمەڵدا دەتەقێتەوە. لە سەرانسەری جیهاندا زۆرجار بزووتنەوە ژینگەییەکان وەک بانەتەوەیی "فراملی" و بێلایەن پێشکەش دەکرێن. بەڵام لەکوردستان کە سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەکەی بۆ کێڵگەی کشتوکاڵیی دەرەوەی کوردستان بەفیڕۆ دەدرێ و بەرهەمی کانگاکانی زێڕیش کۆڵبەریی لاوانی دەرچووی زانکۆکانە؛ بەرگریکردن لە سرووشت و شاخ و دارستان و ئاو تەنها بەشێک نییە لە بەرگریکردن لە ژیانی ڕۆژانە بەڵکو بە قووڵی پەیوەستە بە شوناسی کوردایەتی و مێژووی کوردستانەوە. بۆ خەڵکی سنە چیای ئاویەر تەنیا ژینگەیەکی سرووشتی نییە، هێمای ئیکۆلۆژیای نێوخۆیی و کولتوور و یادەوەری گشتییە، نۆستالۆژییەکە لە بیروزەینی خەڵکدا.

کاتێک وەها ژینگەیەک بەئەنقەست دەسووتێ و دەکرێتە ئامانج و هێزە فەرمییەکانی حکوومەت هیچ هەنگاوێک نانێن یاخود تۆمەتبارن بە کەمتەرخەمی ئیتر لەناوبردنی سرووشت وەک هێرشکردنە سەر شوناس لێکدەدرێتەوە. لێرەدایە کە دروشمی "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ڕۆڵەمانی" دوو مانا وەردەگرێت؛ داگیرکاریی تەنها پەیوەندی بە خاکەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە لەناوبردنی ڕۆح و بوون و یادەوەرییەکانیشمانەوە هەیە.

شیکارییەکی ورد بۆ درووشمەکانی ئەم دواییە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە نەتەوەی کورد نەک هەر خۆی لە "ئێران" دوور خستووەتەوە بەڵکو وەک دەستدرێژکار و بکوژ و هۆکاری وێرانیش دەیخاتەڕوو. زمانی ئەم درووشمانە ڕادیکاڵە بەڵام لە ئەزموونێکی قووڵەوە سەرچاوە دەگرێت: "داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ڕۆڵەمانی"، "ژیانی ژێردەستیم ناوێ، دەوڵەتی کوردیم دەوێ". ئەم قسانە ڕەنگدانەوەی گۆڕانی چۆنایەتییە لە زمانی سیاسی خەڵکدا. پێشتر بەشێک لە پێکهاتەی کوردی داوای چاکسازی یان بەشداریکردن لە پێکهاتەی نەتەوەیی دەکرد بەڵام ئێستە درووشمەکان جەخت لە هەڵوەشاندنەوەی تەواو و جیایی شوناس و دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەکەن. ئەم زمانە هێمای نەبوونی متمانەی تەواوەتییە بە پرۆژەی "نەتەوەیی- ئێرانی."

## میدیا و نوێنەرایەتیی بەرخۆدان

لە پشکنینی شوناسی کورددا، تەلەفزیۆنی ئاسمانی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لاپەڕە ئینتەرنێتییەکانی شار و ناوچەکانی کوردستان، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پەرەپێدان و تۆمارکردن و دووبارە بووژاننەوەی دروشمی نارەزایەتی. نەوەی گەنجی

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

کورد زیاتر لە جاران پەیوەندی بە میدیا نێوخۆییەکانەوە پچڕاندوە. گێڕانەوەی ناڕەزایەتی و لەدەستدانی ژیان و سووتاندنی بە ئەنقەست، نەک لە ڕێگەی میدیای فەرمییەوە بەڵکو لە ڕێگەی کەناڵە جەماوەرییەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. هەروەها ئەم دیاردەیە بۆشایی گێڕانەوەی گەورەتر کردووە و بووەتە هۆی بنیاتنانەوەی شوناسێکی بەرخۆدانئاراستە.

لە ماوەی ڕابردوودا و ناڕەزایەتییە جۆراوجۆرەکان کە بە هۆکاری جۆراوجۆر لە کوردستان ڕوویانداوە، سەلمێنراوە کە گەنجانی کورد شانازیی بە شوناسی کوردایەتی خۆیانەوە دەکەن و ئەوەی ئێستە لە دروشمەکانی سەر شەقامەکاندا دەبینرێت، بەزاندنی هێڵ لە سەربەرزییەوەیە بۆ داواکاری سیاسی. نەوەی نوێ نەک هەر ناسنامەی کولتووری خۆی پاراستووە بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ داواکردنی چارەنووسی خۆنووسین و دادپەروەری کەشوهەوا و مافە سیاسییەکانیش دەیبینێت. لە کاتی ئاهەنگی نەورۆزدا گەنجان بە جلوبەرگی پێشمەرگە و بە"جەمانە"وە نەک هەر هێمای نەریتی کوردەواری بەڵکو هەڵگری پەیامێکی ڕوونیش بوون: ئێمە چیتر لە چوارچێوەی ئێراندا پێناسە ناکرێین.

ڕووداوی ئەم دواییەی شاری سنە و گیانلەدەستدانی خۆبەخشانی ژینگەپارێز، بۆ نموونە "چیاکۆ" کە ناوەکەی هەر لەو باڵاکوردانەکەی دەکاڵایەوە و ئەو جلە پێشمەرگانەی لەبەری کردبوو، وەرزشوانێکی خاوەن میدالیا کە ملوانکەیەکی گەورەی نەخشەی کوردستانی لەملدا بوو؛ نەک هەر ڕووداوێکی ژینگەیی بەڵکوو ناسنامە و پچڕانێکی سیاسی لە کایەی گشتی کوردستاندا ئاشکرا کرد. ئەو دروشمانەی کە دەدرا تەنیا لاوانەوەی گیانبەختکردووان نەبوو بەڵکو بەیاننامەیەکی شوناسی-سیاسیش لە دژی باڵادەستی و ستەم و ستەمکاری بوون. بەدواداچوونێک بۆ ئەم پێشهاتانە دەریدەخات کەلێنی نێوان شوناسی کورد و شوناسی ئێرانی، بەتایبەتی لە نێو گەنجاندا، هەتا دێت و بە ڕوونی دەبێتە گوتارێکی سەربەخۆ. گوتارێک کە قەڵەمڕەوی نیشتمان و خاکەکەی بە هۆشیاری سیاسی نۆژەن و ئاوەدان دەکاتەوە. شوناسی کوردبوون و کوردستانی، ئیتر تەنیا شوناسێکی "هاووڵاتی-کولتووری"، یان وەک تۆتالیتارەکانی ڕێژیمی ئێران دەڵێن، شوناسێکی "قەومی" نییە؛ خۆڕاگرییە بەرامبەر بە سەرکوتکردن و زەلیلکردن و نەهێشتنی نەتەوەیەک کە خۆی بە خاوەنی دەسەڵاتدارێتیی داهاتووی سیاسەت لە ناوچەکەدا دەزانێت.

١٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# مێژووی هەبوون






**ئاسۆ مینبەری**

٨٠ ساڵ لەمەوپێش و لە بەستێنێکی زۆر جیاوازی مێژوویی و سیاسیدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دایک بوو. حیزبێکی مۆدێڕن کە لەو سەردەمەدا و لە کۆمەڵگەی نەریتی و دواکەوتووی ئەوکاتدا، بووە خاڵێکی وەرچەرخان، حیزبێک کە توانیی بە دامەزراندنی یەکەم دەسەڵات لە شکڵی کۆماریدا، مێژوویەکی نوێ بۆ گەلی کورد بەگشتی و بەتایبەت لە

ڕۆژهەڵاتی کوردستان تۆمار بکات.

ئەم حیزبە لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا بە زۆر قۆناغی جیاوازدا تێپەڕیوە، قۆناغگەلێکی سەخت و دژواری تێپەڕاندووە و لاپەڕەکانی مێژووی ئەم حیزبە شایەتی سەدان ڕووداوی پڕ بایەخ و چارەنووسسازن. مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات لێوڕێژە لە گیانبازی، لەخۆبوردوویی و تێکۆشان و ماندوویەتیی کەسانێک کە ئەم ڕێبازەیان بە باشترین بژاردە بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ داگیرکەران پێناسە کردوە. چاوخشاندنێک بە سەر مێژووی حیزبی دێموکراتدا پێمان دەڵێ کە ژنان توانیویانە لەم گۆڕەپانە پڕ لە ئاڵۆزی و سەختەدا ڕۆڵی ئەرێنی بگێڕن و ئەرکی خەباتێکی نەپساوە بە دژی داگیرکەران لە ئەستۆ بگرن.

هەر لە دامەزرانی یەکیەتیی ژنانەوە و هەنگاوهەڵێناوەی ژنان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی کاروباری سیاسی و ڕێکخراوەیی تا ئەو کاتەی کە ژنان بە فەرمی چەکی بەرگری لە خاک و نیشتمانیان لە شان کرد، تاکوو ئێستا لەم مەیدانی کردەوەدا ژنان ڕۆڵیان گێڕاوە و ئەرکیان لەسەر شان بووە. بێگومان خەباتی ژنان لە چوارچێوەی هەر حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسیدا جێگای بایەخە، بەتایبەت کە باس لە کوردستان دەکرێ ئەم پرسە بایەخی چەندقاتی دەبێت، چونکە ژنان لە چوارچێوەی ئەم حیزبانەدا تەنیا خەبات بۆ ئیدئۆلۆژییەکی تایبەت ناکەن، خەباتی ژنان ڕەهەندی جۆراوجۆر لەخۆ دەگرێت و بێگومان بەر لە هەموو شتێک بەگژداچوونەوەیەک بەرانبەر بە بیری چەقبەستووی داگیرکەرانە کە لە قەبارەی گشتیی کۆمەڵگەدا بە درێژایی ساڵانی دەسەڵاتداریتی خۆیان و بە کەڵکوەرگرتن لە هێز و توانای مادی، جێگیریان کردووە.

خەباتی ژنان خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و دواکەوتوویییە، خەبات دژ بە نەخوێندەواری و نەزانینە، خەبات دژ بە بیرۆکەی پیاوسالاری و ژێردەستەبوونی ڕەگەزییە، خەبات دژ بە داگیرکاری و هەڵاواردن و بەلاواز پێناسەکردنە، هەر بۆیە خەباتی ژنان خەباتێکی زۆر پیرۆز و جێگای بایەخە.

لە نێوان هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، حیزبی دێموکرات وەک دێرینەترین ڕێکخراوی سیاسیی مۆدێرن توانیویەتی بە سازماندان و پلاندانان و ڕێکخستنی تایبەت، کەڵک لە هێز و تواناکان وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا، بە وردبینی و جیهانبینییەکی تایبەتەوە ڕوانیویەتە پرسەکان و بۆ هەر قۆناغێک لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەرنامەی تایبەتی داناوە. لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ژنان ڕۆڵ و نەخشی تایبەتی خۆیان بووە و بوونیان و کاریگەرییان لە هەموو قۆناغەکاندا دیار و بەرچاوە. ژنان بە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، وێڕای بەتاڵکردنەوەی بیرۆکەی دژەژن و چەقبەستووی کۆمەڵگە،



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥

پێناسەیەکی نوێیان لە خۆیان بەدەستەوە داوە.

خەباتی سیاسی و مەدەنی، خەباتی ڕێکخراوەیی، خەباتی چەکداری و شێوازەکانی دیکەی خەبات بۆ پاراستنی کوردستان لە چنگ داگیرکەران هەرکامەیان بە شێوازێک توانیویانە لە بەرەوپێشبردنی حیزبی دێموکرات و نزیکبوونەوەی لە ئامانج کاریگەر بن. لەم ڕاستایەشدا ژنان بە تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئەم خەباتە، توانیویانە لە هەر شێوازێکی خەبات، ڕۆڵی تایبەت لە ئەستۆ بگرن و خزمەت بە نیشتمانەکەیان بکەن. خودی ئەم بەشداریکردنە لە ڕەهەند و شێوە جیاوازەکاندا، بە جۆرێک لە جۆرەکان لە بونیاتنانەوەی کەسایەتیی ژناندا کاریگەریی هەبووە. ژنان لە مەیدانی خەباتدا بە وەئەستوگرتنی ئەرک و بەرپرسایەتی، هاوکات لەگەڵ هەستکردن بە متمانەبەخۆبوون، کەرامەتی مرۆیی خۆشیان زیاتر هەست پێ کردووە و ئەمەش وای کردووە کە بە باوەڕێکی زیاتر بە خۆیان و تواناکانیان، لە ڕێبازی خەبات و تێکۆشاندا هەنگاو هەڵ بگرن و بێگومان ژنان کاتێک هەنگاویان ناوەتە نێو مەیدانی خەباتەوە، لە هەموو بوارێکەوە خۆیان ئامادە کردووە کە نرخ بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی بۆ خۆیان و نەوەکانی داهاتوو بدەن.

هیچکات ناکرێ نکۆڵی لە بەشداری و تێکۆشانی ژنان لە چوارچێوەی حیزبی دێموکراتدا بکرێ، بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە کە پێوەندیی دوولایەنەی نێوان ژنان و حیزبی دێموکرات، پتەوتر لە ڕابردوو بێت، چونکە بایەخدانی حیزب بە هێز و توانایی ژنان دەتوانێ زۆر کاریگەرتر و شوێندانەرتر لە جاران بێت. ژنان بە بەشداریی چالاکانە لە ڕیزەکانی حیزب، لە ٨٠ ساڵی ڕابردوودا، وێڕای سەلماندنی تواناکانی خۆیان، مێژووی هەبوون و ئەروەخۆگریی خۆیان لە قەبارەی حیزبێکی سیاسییدا تۆمار کردووە کە باوەڕی قووڵی بە یەکسانی لە بەهرەمەندبوون لە مافەکانیان هەیە و بۆ پێگەیاندن و سەرکەوتنیان، دەرفەتی جیاوازیان بۆ دەخولقێنێ.

**خەباتی حیزبی دێموکرات لەم قۆناغە نوێیەدا کە ٨٠ ساڵەی خۆی جێژن دەگرێ، دەبێ قۆناغێکی گرینگ و هەستیار و لەهەمان کاتدا گرینگ بۆ ژنانیش بێت تاکوو ئەرکی زیاتر لە ئەستۆ بگرن و هەنگاوی گەورەتر بۆ گەیشتن بە داهاتوویەکی گەش هەڵێننەوە.**

١٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# پێویستیی یەکوێستیی کوردستان بەرامبەر بە ناوەند





هەردی سەلیمی

ئەوەی لە کۆتاییبیەکانی دەیەی نەوەدی هەتاوییەوە هەتا ئێستا بەسەر کۆماری ئیسلامیدا لە ڕووی سیاسی و ئابووری و زۆربەی جومگەکانەوە هاتووە، ڕووداوگەلێکی کەموێنەن و بۆ دوژمنانی ئەو دەسەڵاتە هەم مایەی دڵخۆشین و هەمیش دەرفەتە زێڕینەیەکن. ئەو ڕێژیمە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر لە پێناسەی دەسەڵاتێکی شکستخواردوو یا هەمان "فەیل ستەیت"



سەرچاوە Serchawe

نزیک دەبێتەوە. ئەوەی کە لە دەیەی نەوەدی هەتاویدا لە چەند وڵاتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تەراتێنی دەکرد و هەڕەشە و گوڕەشەی دەکرد، لەمێژە کۆتاییی پێ هاتووە، بەرنامەی ناوکیییەکەی کردبووە کارتی گوشارێک لەسەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەو بۆنەوە ئیمتیازی لێ وەردەگرتن، ئێستا وا نەماوە و پێچەوانە بووەتەوە، لە نێوخۆی وڵاتیشدا سەرەڕای ئەوەی توانیویەتی نارەزایەتییەکان سەرکوت بکات، بەڵام نەیتوانیوە دۆخەکە بەتەواوی کۆنترۆڵ بکا و لە ڕووی بەڕێوەبەریی وڵاتەوە زۆر ناکارامە دەرکەوتووە و بزوێنەرەکانی نارەزایەتی نەک تەنیا لە جێی خۆیاندا ماون، بەڵکوو پتریش بوون.

لە ئێستادا قەیرانی وزە و ئاو بووەتە قەیرانێکی زۆر جددی و هیچ بەرنامەیەکیش بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە نابینرێ و تەنیا ڕێکار تا ئێستاش داخستنی ناوەندە ئیدارییەکان بووە، هەواڵدەریی سی‌ئێن‌ئێن دەڵێ: "تاران چەند حەوتوویەکی ماوە بگاتە بێ‌ئاویی ڕەها، واتە شێری ئاوی ماڵەکانیش وشک بن." ئەم کێشە و قەیران و نارەزایەتیی خەڵک و هەروەها گوشارانە لەلایەک، لەلایەکی دیکەشەوە مەترسیی گەڕاندنەوەی مکانیزمی سنەپبەک و ئابلۆقە ئابوورییەکان، نابێ لەبیرمان بچێ لە ئێستادا کۆماری ئیسلامی ڕۆژانە نەوت هەناردە دەکات، جا گەر ئەو مکانیزمە و ئابلۆقەکان بهێنرێنەوە دووڕەدیمەنی دۆخی کۆماری ئیسلامی هێندەی دیکە شپرێو دەکات. لەگەڵ ئەمانەدا دۆخی ئەمنیەتیی ئەو ڕێژیمە و تۆڕی بەربڵاوی سیخوریی ئیسرائیل لە ئێراندا و بەتایبەت لەنێو کاربەدەستانی پلەباڵای ئەو دەسەڵاتەدا، هەروەها چەندبەرەکیی دەروونیی کۆماری ئیسلامی و چەندین نیشانە و هۆکاری دیکەش، ئەو گریمانەیەمان لەلا بەهێز دەکەن، کەوا جیهان دەبێ خۆی بۆ دوای کۆماری ئیسلامی ئامادە بکات.

لە وەها هەلومەرجێکدایە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و هەموو ئەوانەی وا چاوەڕوانی گۆڕانێکن لە ئێراندا وەخۆ کەوتوون. تا ئێرە هەم ئاساییە و هەم دەبێ واش بێت، بەڵام جۆری وەخۆکەوتن و بەرنامەکانیان جێی لێوردبوونەوەیە. وەک پێشتریش باسمان کردووە ڕەوتی شاخوازەکان، ڕەوتێکی ناشۆڕشگێڕی بێ‌تۆلەرەنسی سیاسین و هێزیشیان نییە و ئەوەی نیشانیشی دەدەن زۆرتر لە بەرنامەی کۆمپانیایەک دەچێ هەتا بەرنامەی هێزێکی سیاسیی تۆکمە و خاوەن خوێندنەوە و خاوەن پلان. بەدوای نمایشی ئەم جارەی شاخوازەکان لە ئاڵمان، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقیش لە ڕۆم دەرکەوت و بەرنامەکانی خۆی خستنە ڕوو. لەوێدا ئاماژە بە مافی نەتەوەکانی نێو ئێران کرا و وێڕای ئەوەی باس لە "خودموختاریی کوردستان" کرا، بابەتی خودموختاری بۆ هەموو نەتەوەکانی تری ئێرانیش هاتە بەر باس. ئەم هەوڵە لە جێی خۆیدا و بەتایبەت بە بەراورد لەگەڵ ڕەوت و لایەن و هێزەکانی دیکەدا، هەوڵێکی ئەرێنییە، بەڵام با بزانین خۆمان وەک نەتەوەی کورد چیمان هەیە و چیمان لەبەردەستدایە.



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

ویستی ئازادی و ڕزگاری لە کوردستان تەنیا ویستێکی سیاسی نییە و ئەم ویستە ئاوێتەی مێژوو و کولتوور و شوناس و ئیرادەی ئەم نەتەوەیە بووە، بۆیە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەرگیز بە کەمتر لە سەروەریی نەتەوەیی ڕازی نابێت. لە ڕاستیدا ئەو ڕووداوەی وا کۆماری ئیسلامیی هێنایە لەرزە و گەورەترین ناڕەزایەتیی جەماوەری بوو لەدژی بەڕێوە چوو، هەمان بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو کە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا. بە واتایەکی تر کوردستان دینامۆی شۆڕشە لە هەموو ئێراندا، هەر ئەم بزووتنەوەیە بووە هۆی ئەوەی کۆمەڵێک لایەن و کەسی فەرامۆشکراو لە تاراوگەوە ببووژێنەوە، ئێستا ڕەوا نییە ئەوان ببنە سیمای دیاری بەناو ڕووخێنەری کۆماری ئیسلامی، لە کاتێکدا تێیاندایە کەمترین تێچووی لەم چلوچەند ساڵەدا نەداوە.

لێرەدا ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی قورستر دەبێ. ئەحزابی کورد کە خاوەنی پێشینەیەکی زێڕین لە خەبات و بەربەرەکانین، کە نەتەوەیەکی وا مافویست و لەسەرهەستیان لەگەڵە، نابێ تا ئەم ڕادەیە بێجووڵەیی لە خۆ نیشان بدەن، کە لە هاوکێشەکاندا لەبەرچاو نەگیرێن و ئەوەی دیار بێ و دەرکەوێ لە دژبەرانی مافەکانی نەتەوەی کورد بێ، ئەم مەیدانە نابێ بۆ ئەوان چۆڵ و ئاوەڵا بکرێت. پێویستە ئەم حیزبانە لە دەوری چەند خاڵی هاوبەش کۆ ببنەوە و بیکەنە هێڵی سووری ویستەکانیان، دەبێ کوردستان یەکدەنگ و یەکویست بێ بەرامبەر بە ئەوانەی وا دەیانهەوێ بەڕێوەبەریی داهاتووی ئێران بەدەستەوە بگرن؛ ئەم ئەرکە دەبێ لە چوارچێوەی ڕاگەیەنراوەرکردن بچێتە دەرەوە و ویستەکانی کوردستان بە پاڵپشتیی هێزە سیاسییەکان و بە وەلانانی ناکۆکییەکانیان، ببێتە بانگەوازی زۆرینەی کوردستان و بە گوێی هەموو هێزە و کەسە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆندا بدرێ.

**پێویستە ناوەندێکی بەهێزی هاواهەنگی دروست بکرێ و ویستەکان لەو کاناڵەوە فۆرمووڵە بکرێن، ناونیشانێکی دیاریکراو بدرێ بە دەرەوەی کوردستان. وەک لە سەرەتادا باس کرا کۆماری ئیسلامی لە ئاویلکەدایە، دەبێ وەخۆ کەوین و لە ئێستاوە لە دیارترین ئەکتەرەکان بین.**

١٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# ٩٠٠ مۆمی داگیرساوی "کوردستان"!






**عەلی بداغی**

لە کاتێکدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەرەوپیلی یادی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچێ، "کوردستان"ی حیزبی دێموکراتیش (٩٠٠)مین مۆمی ئەم دەورەیەی خۆی داگیرساند. ڕۆژنامەی "کوردستان" کە یەکەم ژمارەی دوری یەکەمی لە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٢٤دا بڵاو کرایەوە، لە یەکەم کارە بەنرخەکانی حیزبی دێموکرات بوو و تەنیا دوو

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

حەوتوو دواتر و بە پێکهاتنی "کۆماری کوردستان" کە ئەویش لەسەر دەستی حیزبی دێموکرات و پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا، لە بڵاوکەرەوەی بیری ئەم حیزبە تێپەڕی و بوو بە زمانحاڵی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی سەروەریخوازیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش!

یەکێک لە خسڵەتە هەرە بەرچاوەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە ماوەی ٨٠ ساڵ تەمەنیدا، نەوەستان و بەردەوامیی لە دەرچوون و بڵاوبوونەوەی لەسەر دەستی نەوە دوای نەوە ڕێبەرانی حیزبی دێموکرات و هیممەت و نەسرەوتنی کارگێڕانیەتی. "کوردستان" لە هەموو مێژووی ٨٠ ساڵەی تەمەنیدا کەم و زۆر تەنیا سێ-چوار ساڵ لە زێدی خۆی دەرچوە و لەو ماوەیەش جگە لە سەردەمی یەکساڵەی کۆماری کوردستان نەبێ، تەنیا سێ - چوار مانگی یەکەمی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ بە ئازادی چاپ و بڵاو بۆتەوە؛ کەچی بۆ یەک ڕۆژیش لە ئەرک و بەرپرسایەتییەکانی دوور نەکەوتوەتەوە و هەوڵی داوە هەموو کاتێک زمانحاڵی خەڵکی کوردستان و خەباتە ڕزگاریخوازانەکەی بێت.

بڵاوبوونەوەی "کوردستان" لە سایز و قەبارەی جیاواز و لە شوێنی لێکدوور و جۆراوجۆر، لە مەهاباد، تەوریز، قەڵادزێ، بەغدا، باکۆ، پراگ و پاریس ئاوێنەی دۆخێکن حیزبی دێموکرات و بەڕێوەبەرانی ئەو ڕۆژنامەیە پێیدا تێپەڕیون. بەڵام "کوردستان" ئەگەر نیزیک بە تەواوی تەمەنی لە غەریبایەتیدا دەرچووە، ئەگەر بەردەوام هێلانەی لێ شێواوە و شوێنی و مەئوای لێ تێکدراوە، ئەگەر جار بەهۆی زەبروزەنگ و ئەستەمبوونی دۆخەوە بە مانگ یان بە ساڵ دواکەوتوە؛ بەڵام هەرکات و لەهەر کوێ دەرچووە ئاوێنەی باڵانوێنی ویست و داخوازەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. جگە لەوە "کوردستان" بە چەند تایبەتمەندییەکی دیکەش دەناسرێتەوە کە ئەم خسڵەتانە شوناسێکی مێژوویی تایبەتی پێ بەخشیوە کە سەربەخۆیی، ڕاستوێژی، پێشکەوتوویی و بوونی بە مینبەری هەمیشەیی دەربڕینی ویست و داخوازییەکانی کورد لە ئێران بەشێک لەوانن.

"کوردستان" لە هەموو ماوەی تەمەنیدا هەڵگری باوەڕ و ئایدیاکانی حیزبێکی شۆڕشگێڕ، خەباتکار و خاوەن شوناس بووە کە ئێستا ئیدی شوناسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشە. حیزبێک کە یەکەم ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی کورد، واتە "کۆماری کوردستان"ی دامەزراندوە و لە دوای ڕووخانی کۆماریشەوە بە بەردەوامی بە دژی دوو ڕێژیمی سەرکوتکەری پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی کە بە سیاسەتی داگیرکەرانەیان هیچ بایەخێکیان بۆ مافە مەدەنی و سیاسییەکانی کورد دانەناوە خەباتی کردوە. "کوردستان" لە کاتی داسەپانی سیاسەتی سانسۆڕی حکوومەتە ناوەندگەراکانی تاران و پیلانە نەرمەکانی ڕێژیمەکانی پەهلەوی و ولایەتی فەقیە بۆ دروستکردنی قەیرانی شوناس و تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نەتەوەی باڵادەستدا، قەڵای خۆڕاگری پارێزگاری لە هۆوییەت و شوناس و زمانی کوردی بووە.

"کوردستان" لە هەشت دەیە بەردەوامیی خۆیدا کۆمەڵە ئەرکێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی بۆ خۆی پێناسە کردووە کە بەشێکی بریتین لە: بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەرجەستەکردنی بایەخمەندیی شۆڕشگێڕی و خەباتکاری و، هەروەها ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر. "کوردستان" لە هەر بارودۆخێکدا ئاوڕی لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە، ژینگە و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان داوەتەوە بە بایەخەوە بۆ پرسی ژنی ڕوانیوە و بەگژ هەڵاواردن و فەرق و جیاوازیدانان چۆتەوە، جا ئەمە چ سەرچاوەکەی کولتوور و نەریتی کۆمەڵ بووبێ یان ڕوانگە و سیاسەتی حکوومەتی زاڵ بەسەر کوردستاندا.

ڕۆژنامەی "کوردستان" هەر بەهۆی تەمەندرێژی، بەردەوامی و ڕاستگۆییەکەی و هەروەها بەهۆی ئەوەی زۆرترین ڕووداوی سیاسی و زانیاریی مێژوویی ٨ دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لە توێتوێی لاپەڕەکانیدا تۆمار کردوە و لە فەوتان و بیرچوونەوە ڕزگاری کردوون؛ لە ئێستادا پێگەیەکی تایبەتیی بە خۆی بەخشیوە کە هەمووان بتوانن وەک ئاوێنەی مێژوو و وەک سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو پشتی پێ ببەستن. گرینتر و بەبایەختر لەو گۆشە نیگایە کە ئەگەرچی "کوردستان" بە ڕەسمی بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان بووە، بەڵام لە هەمان کاتدا ڕێوشوێنی خۆڕاگری، شێوازی خەبات و هەستی شۆڕشگێڕی بە بنەمای تێکۆشان بۆ ڕزگاریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی داناوە و هەموو خەبات و تێکۆشانەکەی بۆ گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی لەنێو زەین و دڵی تاک بە تاکی کورد بووە.

دامەزرێنەرانی "کوردستان" خولیا و ئامانجی گەلێک گەورەیان بۆ خۆیان و بۆ "کوردستان" دەستنیشان کردبوو. "کوردستان" دەبوا ببێتە مینبەری مافخوازیی نەتەوەیەک و ڕۆڵی سەرەکیی لە پێگەیاندن و بردنەسەرێی ژیری و وشیاریی ڕۆڵەکانی ئەم گەلەی هەبێ، کە بووی. دەبوا ببێتە قەڵای پارێزگاری لە زمان و شوناسی نەتەوەیەک کە نەیارانی لەمێژ بوو بۆ سڕینەوەی کولتوور و مێژووی شمشێریان لە ڕوو بەستبوو، کە بوو. "کوردستان"ـیان لەو پێناوەدا زۆریان چێشت، زۆریان گەرمێن و کوێستان کرد، لە پێتەختی زۆر وڵاتاندا شەکەت بوون و ئارەقیان ڕشت، لە زۆر ڕیز و مەتەرێزدا خوێنیان لەبەر ڕۆیشت و تەنانەت گیانیشیان دانا، بەڵام ئەو سەنگەرە چۆڵ نەکرا و ئەم ڕێبازە دەستی لێ هەڵنەگیرا و ئەم کاروانە بێ ڕێبوار نەمایەوە.

لە سەروتاری یەکەم ژمارەی "کوردستان" بە قەڵەمی سەید محەممەد حەمیدی، یەکەم سەرنووسەری "کوردستان"دا هاتوە: "ئێمە کە بە دڵمانا نەدەهات خاوەنی چاپخانە و ئینتیشارات بین؛ ئەوا بە یارمەتیی خودا نامەی "کوردستان" داندرا و هەوەڵ ژمارەی بڵاو کراوە. ئەم نامەیە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە. دەیەوێ قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەکەی بە زانست و هونەر و لەشساغی داندرابێ و بتوانێ دەگەڵ سێڵاوی

گەلاوێژی ٢٧٢٥

دوبەرەکی و بێدینی و هەمو جۆرە ڕەوشتێک کە بۆ سەربەستی زەرەر بێت بەربەرەکانی بکا، هیوامان وایە ئەم قەلایەی کە خەریکین قایمی بکەین؛ وەها قایم و بەهێز بێت کە هیچ هێزێک نەتوانێ بەربەرەکانی لە گەلا بکا." ئەم هیوایەی سەید محەممەد حەمیدی هەر زوو وەدی هات و ئەم قەلایەی نەسلی یەکەمی "کوردستان"ییەکان بەردی بناغەیان دانا، زۆری نەکێشا بوو بە قەلای ناسنامەی نەتەوەیی. بوو بە تریبوون و مینبەری مافخوازیی نەتەوەیەک، بوو بە قەلای پارێزگاری لە زمان، بوو بە چەکی پێشمەرگە، بوو بە سەنگەری وشیاریی نەتەوەیی، بوو بە ئامرازی دیپلۆماسیی حیزب و نەتەوەیەک. ئەم ئامانجانەی بناغەدانەرانی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیەدا پێناسەیان کردوە، ئێستاش پێناسە و ڕەسالەتی "کوردستان"ی ئێستا پاش ٨٠ ساڵ و ئامانج و خولیای چوار نەوەی یەک لە دوای یەکی ئەو میللەتە بۆ سەربەستییە.

سڵاو لە "کوردستان" و "کوردستانیان!"

سڵاو لە دامەزرێنەران، سەرنووسەر و نووسەر و کارگێڕانی ٨ دەیەی ڕابردووی ئەم ڕۆژنامەیە!

٢ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

## بەیاننامە بە بۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە




**خەڵکی دێموکراتپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**
**ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان!**
**ئازادیخوازانی خەباتگێڕی وڵاتی ئێران!**
**دۆستانی حیزبی دێموکرات و نەتەوەی کورد لە سەرانسەری جیهان!**

٢٥ی گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی (١٦ی ئاگوستی ٢٠٢٥)، هەشتا ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕادەبرێت و ئەم حیزبە پێ دەنێتە هەشتاویەکەمین ساڵی تێکۆشانی خۆی. لەم بۆنە تایبەت و پڕشکۆیەدا سڵاو بۆ گیانی دامەزرێنەرانی حیزب و لە سەرووی هەمووانەوە پێشەوا قازی محەممەد، هەروەها سڵاو بۆ گیانی پاکی هەزاران شەهیدی ٨ دەیە خەباتی حیزبی دێموکرات، لە ڕیزی پێشەوەی کاروانی ئەواندا، سەرکۆماری کوردستان و دوو سکرتێری گشتیی حیزب، د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی دەنێرین.

هەشتا ساڵ لەمەوبەر، حیزبی ئێمە لە درێژەی سێ ساڵ تێکۆشانی نهێنیی کۆمەڵەی ژێکافدا و لەسەر قەوارە و بناغەی هەمان ڕێکخراو بەڵام بە دنیابینییەکی نوێوە دامەزرا. ئەم حیزبە هەر لە ساڵی یەکەمی تێکۆشانیدا بە کەلکوەرگرتن لە



سەرچاوە
Serchawe

هەلومەرجی نێوخۆیی و ناوچەیی ئەوکات، کۆماری کوردستانی پێکهێنا. تەمەنی ئەو کۆمارە ئەگەرچی کەمتر لە ساڵێک بوو، بەڵام دەسکەوتەکانی و هەروەها کاریگەرییەکانی؛ ڕەهەندێکی کوردستانی و هەر لەوکاتەدا نەمریان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورددا بە خۆوە گرت، بەو مانایە کە لە ڕەوتی مێژووی دوای کۆماریشدا درێژەیان هەیە و گەشەیان کردوە.

تێکۆشانی ئەم حیزبە لە دوای نەمانی کۆماری کوردستانیش، لە دژی دیکتاتۆریی ڕێژیمی پەهلەوی هەتا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەبوو. تێکۆشەرانی ئەم حیزبە، لە ڕیزی ناودارترین، درێژماوەترین و خۆڕاگرترین بەندییە سیاسییەکانی ماوەی دەسەڵاتدارەتیی حەمەڕەزاشادا بوون. گەورەترین ڕاپەڕینی چەکداریی سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی دوایین شای ئێران، لە کوردستان لە ساڵانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ی هەتاوی (١٩٦٧ - ١٩٦٨)دا پێک هات کە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەیان برد و بە گیانی خۆیان نرخەکەیان بژارد.

خەڵکی کوردستان بەو ئامانجەوە لە شۆڕشی سەرانسەریی ١٣٥٧ی گەلانی ئێراندا چالاکانە بەشدار بوون کە دێموکراسی و ئازادی جێگای سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری بگرێتەوە؛ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران چیدیکە لەگەڵ ستەم و هەڵاواردنی نەتەوەیی ڕووبەڕوو نەبن، بەڵام ڕێژیمی تازە لەهەمبەر پرسی فرەنەتەوەبوونی ئێران و مافە نەتەوەییەکانیان، هەمان سیاسەتی ڕێژیمی پێشوو، واتە حاشالێکردن و ستەم و شەڕ و سەرکوتی گرتەبەر. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پەنای بۆ هەموو شێوازە ئاشتیخوازانەکانی وەک وتوویژ لەگەڵ تاران، بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا و گەیاندنی پەیامەکانی خەڵکی کوردستان بە شێوەی هێمنانە برد، بەڵام خومەینی، دامەزرێنەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، شەڕی لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند. حیزبی ئێمە و خەڵکی کوردستان بە گشتی، لە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامیدا بەشدار نەبوون و شەرعییەتیان بە ڕێژیمێک نەدا کە مافە بنەڕەتییەکانی ئەوان و خەڵکی ئێرانی بە ڕەسمی نەناسیبوو؛ حیزبی دێموکرات فریوی دروشمە دژە ئەمریکاییەکانی خومەینیی نەخوارد؛ سەپاندنی حیجابی زۆرەملی بەسەر ژنانی ئێراندا و لێوەرگرتنەوەی دەسکەوتەکانی پێشوویان، هێرش بۆ سەر سەفارەتی ئەمریکا لە تاران و بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانیان لەلایەن ئەو ڕێژیمە، سەرکوتی ڕۆژنامەکان و حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، داخستنی زانکۆکان و وەڕێخستنی بەناو شۆڕشی فەرهەنگیی مەحکووم کرد و دەنگدان بە دەستوور(قانوونی بنەڕەتی)ی ئەو ڕێژیمەی کە دواکەوتووانە و دژ بە ئازادی و مافە بنەڕەتییەکانی گەلانی ئێران بوو، بایکۆت کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرەنگاربوونەوەی شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە سەر خەڵکی کوردستاندا بەتەنیا نەبوو، ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکەش لە کوردستان بەپێی توانا و هێزی خۆیان بەشداری ئەو شەڕە بوون، بەڵام قورسایی شەڕەکە بە پلەی یەکەم لەسەر حیزبی دێموکرات و دەیان هێزی پێشمەرگەی ئەم حیزبە لە سەرانسەری کوردستاندا بوو. حیزبی ئێمە، هاوکات دوو بەرپرسایەتیی قورسی دیکەی کەوتبووە سەر شان. لە لایەکەوە بۆ

ماوەی سالانێک ئەرکی بەڕێوەبردنی زۆربەی ناوچە ئازادەکانی کوردستانی کەوتبووە ئەستۆ کە بە هاوکاریی بێدریغی خەڵکی کوردستان، سەرەڕای گەمارۆیەکی هەمەلایەنە کە ڕێژیم خستبوویە سەر ئەو ناوچانە، لە بەڕێوەبردنیدا سەرکەوتوو بوو. لە دەرەوەی وڵاتیش، هەوڵێکی بەنرخی بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکی کوردستان بە بیروڕای گشتی و ڕاکێشانی پشتیوانیی کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و حیزب و کەسایەتییە پێشکەوتووەکانی ولاتانی ڕۆژاوایی بۆ لای خەباتی خەڵکی کوردستان، بەرەو پێش برد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە مێژووی هەشتا ساڵەی خۆیدا شێوە خەباتی جۆراوجۆری تاقی کردوونەوە و هەوراز و نشێوی زۆری بە خۆوە دیتوە. چەندین جار شایەدی سەرکەوتن و شکان و هەستانەوەی خۆی بووە. هەر سێ کەسی یەکەمی ڕێبەریی ئەم حیزبە و دەیان ئەندامی ڕێبەری، سەدان کادر و سەرکردەی مەیدانی و فەرماندەری لێوەشاوەی، نزیکەی پێنج هەزار پێشمەرگە و ئەندامی لە سەنگەری داکۆکی لە ئامانجەکان و خەبات بۆ مافەکانی نەتەوەی کورددا بە دەستی ڕێژیمەکانی ئێران شەهید بوون. پابەندیی ئەم حیزبە بە پرەنسیپە نەتەوەیی، شۆڕشگێڕانە، دێموکراتی و مرۆڤدۆستانەکانی و خەباتی بەردەوام و پڕ لە قوربانیدانی، کردوویانە بە هێزێکی سیاسیی ناسراو و جێگای ڕێز لە ئاستی کوردستان، ئێران و جیهاندا.

دیارە لە مێژووی حیزبماندا ئەگەر لاپەڕەی پرشنگدار و دەسکەوتی جێگای شانازی هەن و یەکجار زۆریشن، بەڵام دیاردە و ڕووداوی زیانبار و نەخوازراویش هەبوون. هەر وەک نموونە لە هێندێک قۆناغ و برگەدا حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی ویستی خۆی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوی دیکەی کوردستان، تووشی تێکهەڵچوونی چەکدارانە بووە؛ لەنێوخۆشیدا ئەم حیزبە چەند جار تووشی لێکدابڕان هاتووە کە لە سۆنگەی ئەم جۆرە ڕووداوانە زیانی زۆر هەم بە حیزبی دێموکرات و هەم بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان کەوتوە کە وێڕای بەداخبوون لە بوونی ئەم ڕووداو و دیاردە نەخوازراوانە لە مێژووی حیزبماندا هەوڵ دەدەین دەرسیان لێ فێر بین و پێشی دووپاتبوونەوەیان بگرین.

ڕاستییەکی تاڵە کە دوای هەشتا ساڵ تێکۆشان و قوربانیدان، سەرەڕای ڕەوابوونی ئامانجەکانمان و بەحەقبوونی خەباتەکەمان، هێشتا بە ئامانجی سەرەکیی خۆمان کە ڕزگاریی نەتەوەی کورد لە ئێران لە بندەستی و بێ مافییە، نەگەیشتووین. لە هەموو ئەو مێژووە هەشتا ساڵەیەدا، حیزبی ئێمە هێچ کات لەلایەن ڕێژیمەکانی ئێرانەوە، ڕێگای تێکۆشانی سیاسیی قانوونی پێ نەدراوە؛ ڕێبەری و کادرەکان و ئەندامانی ئەم حیزبە، جگە لە چەند برگەیەک، هەموو کات ناچار بوون بە نهێنی لە نێوخۆی شار و گوندەکانی وڵات تێکۆشانیان هەبێت، یان لە شاخ و چیاکان و دوورەوڵاتی و بە شێوەی نائاسایی، لە ژێر ئاگری تۆپخانە و هێرشی هەوایی و پەلاماری نیزامی و پیلانی تیرۆریستیدا، درێژە بە

تێکۆشان بدەن. سەرەڕای ئەو هەمووە زەبرەش کە لێی دراوە و ئەو هەمووە قوربانییەی لێی ئەستێندراوە، توانیویەتی لە مەیدانی خەباتدا سەربەرز بمێنێتەوە؛ لە ئامانجە نەتەوەیی و پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی خۆی لای نەداوە، سەربەخۆیی بڕیاردانی خۆی پاراستووە، لە هیچ باروودۆخێکدا دژایەتیی بەرژەوەندەکانی بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستانی نەکردوە و تووشی هەڵە و لادانێکی سیاسیی ئەوتۆ نەبووە کە شەرمەزاری مێژووی خۆی و نەتەوەکەی بێت.

بە شانازییەوە دەڵێین خەڵکی کوردستان لە هەموو هەلومەرجێکدا پشتیوانیی خۆیان لەم حیزبە درێژە پێ داوە و نەیانهێشتووە ڕێگای ڕێبەرانی شەهیدی بێ ڕێبوار و سەنگەری خەباتکارانی لە هیچ قۆناغ و سەردەمێکدا بە چۆلی بمێنێتەوە. ئەمە ڕاستییەکە کە دەیسەلمێنێت ئامانجەکانی ئەم حیزبە و بەرنامە و سیاسەتەکانی، هەڵقولاوی ویست و داواکانی خەڵکی کوردستانن. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەمێژساڵە لە ڕێکخراوێکی سیاسیی تایبەت بە چەند توێژ و بەشی خەڵک، یان تایبەت بە بەشێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەرچووە و لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بووە بە بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و ئازادیخوازی گشتگیر و سەرانسەری. ئەمەش ڕاستییەکە کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆر جار و بە شێوەی جۆراوجۆر ، هەر بۆ نموونە لە ڕەوتی "ڕاپەڕینی ژن، ژیان ئازادی"و لە نەورۆزی میلیۆنیی پڕشکۆی ئەمساڵدا بە ئاشکرا خۆی نیشان داوە. ئەم متمانە گەورەیەی خەڵکی کوردستان بە حیزبی خۆیان، ئەگەر لە لایەکەوە بۆ ڕۆڵەکانی ئەم حیزبە جێگای شانازییە، لەلایەکی دیکەوە ئەرک و بەرپرسایەتیی گرنگیان لە دەسپێکی دەیەیەکی نوێی تێکۆشان، ئەویش لە هەلومەرجی تایبەتی ئەمڕۆی ناوچە و ئێراندا دەخاتە سەر شان. وەک ڕێبەریی ئێستای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە بەرانبەر ئەم متمانەیەی خەڵکی کوردستاندا سەری ڕێز دادەنەوێنین و ئەرکدار و بەرعۆدەین کە ئەم خۆشەویستی و متمانەیە بپارێزین و بەهێزتری بکەین.

### دۆستان! دڵسۆزان و پشتیوانانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لە هەلومەرجێکدا یادی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبمان دەکەینەوە کە لەسەر یەک گۆڕانێکی ئەرێنی لە بەرژەوەندیی پرسی کورد لە ناوچەدا هاتووەتە کایەوە. دەوڵەتی تورکیە، دوای نزیکەی سەدەیەک حاشاکردن لە بوونی بەشێکی گەورەی کوردستان و نەتەوەی کورد لەو وڵاتە و بێبەشکردنیان لە سەرەتاییترین مافەکانیان، ناچار ڕێگای دانان بە بوونی کوردی گرتووەتە بەر و ڕێبەریی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستانیش بەکردەوە ئامادەیی خۆی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە لەو وڵاتە ڕاگەیاندوە. لە سووریە، خۆبەڕێوەبەریی کوردانی ڕۆژاوای کوردستان، سەرەڕای گۆڕانی ڕێژیمی سیاسیی وڵات و هەوڵدانی دەسەڵاتی تازە بۆ سڕینەوە و نەهێشتنی ستاتووی سیاسیی کوردەکان، توانیویەتی پێداگر لەسەر پاراستنی دەستکەوتەکانی و پشتگەرم بە پشتیوانیی سیاسیی چەند وڵاتێکی ڕۆژاوایی، پێگەی خۆی بپارێزێ

و بەڵێنی بە دەستووری کردنی مافەکانی نەتەوەی کورد لە سووریە وەربگرێت. لە عێراق و هەرێمی کوردستان، چاوەڕوان دەکرێت بە لاوازبوونی ڕێژیمی ئێران و کەمبوونەوەی دەستێوەردانەکانی لە وڵاتانی ناوچەدا، هەلومەرجێکی باشتر بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ بەغدادا پێک بێت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەی حیزبی ئێمە و ڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانیش لەژێر گوشاری سیاسی، هێرشی هاژەک و درۆن و پیلانی تێرۆریستیی ڕێژیمی ئێران پارێزراو نین، لە ئاکامی پێگەیشتوویی سیاسیی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری خەڵکی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانیدا خەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و داکۆکیی نەتەوەکەمان لە ناسنامەی نەتەوەیی خۆی، قەڵەمبازێکی گەورەی هاویشتووە. بزووتنەوەی مەدەنی و کۆمەڵگای مەدەنی بە هەوڵ و تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی، سەرەڕای هەموو بەربەست و کەند و کۆسپەکان، گەشەیان کردووە و بوون بە بە باڵێکی دیکەی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازیی کوردستان. یەکگرتوویی ئەم دوو بزووتنەوەیە بووە بە هۆی ئەوە کە کوردستان هەروەک لە "ڕاپەرینی ژن، ژیان ئازادی"دا سەلماندی، هەروا پێشەنگ و پێشڕەوی دژایەتی لەگەڵ دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی لە ئاستی ئێراندا بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە هەموو کات پشتیوان و هاندەری خەباتی مەدەنی و جەماوەریی خەڵکی کوردستان بووە، شانازی بە وشیاریی سیاسی و نەتەوەیی و خەباتی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەکات، خۆڕێکخستن و هاوپێوەندیی ئەوان بە سەرمایەیەکی گەورە بۆ گەیشتنی نەتەوەکەمان بە ئامانجی لەمێژینەی ڕزگاری لە بندەستی و بێ مافی لە ئێران دەزانێت.

وڵاتی ئێران لە هەلومەرجی ئێستادا بە برگەیەکی هەستیار لە مێژووی خۆیدا تێدەپەڕێت. ڕێژیمی ئێران دوای دەیان ساڵ دەسەڵاتداریتی بە پشتبەستن بە سەرکوتی خوێناوی و تالانی سامانی خەڵکی ئێران و بێبەشکردنی هاونیشتمانان لە سەرەتاییترین ماف و ئازادییەکانیان، جگە لەوەی خەڵک و وڵاتی ئێرانی تووشی گەورەترین قەیرانە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان کردوە، بۆ خۆشی خەریکە بەرهەمی سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە، تێرۆریستی و میلیتاریستیی خۆی هەڵدەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەی چەند تریلیۆن دوڵار لە سامانی خەڵکی ئێرانی لە پرۆژە ناوکییەکانی، لە بەرهەمهێنانی جۆرەکانی هاژەک و درۆن، لە تەیارکردنی گرووپە نیابەتییەکانی لە وڵاتانی ناوچە خەرج کردوە بۆ ئەوەی شەڕی ئیسرائیل و ئەمریکایان پێ بکات، بەڵام لە دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ەوە، سەرجەم ئەو پرۆژانەی مایەپووچ دەرچوون. گرووپە نیابەتییەکانی بەهۆی هێرشەکانی ئیسرائیل و بە هاوکاریی ئەمریکا بێ کەلک کران؛ ڕێژیمی سووریەی هاوپەیمان و گوێلەمستی ڕووخا؛ لە مانگی جۆزەردان (ژوئەن)ی ئەمساڵیشدا گرنگترین دامەزراوە ناوکی و هاژەکییەکان و پلەبەرزترین فەرماندەرانی سپای پاسداران و پسپۆرە ناوکییەکانی، لە شەڕێکی ١٢ڕۆژەدا، کەوتنە بەر پەلاماری ئیسرائیل و تێداچوون. ئەمریکاش، دواجار هاتە نێو شەڕەکە و گرنگترین بنکە ناوکییەکانی ڕێژیمی ئێرانی بۆمباران کرد.

لەدوای ئەو زەبرانەی ئیسرائیل و ئەمریکا، شەقبردنی پایە و بناغەکانی ڕێژیم و داماو و دەستەوەستانبوونی لە بەرگریدا بە تەواوی خۆیان دەرخستوە. ئەو ڕێژیمە لە کاتێکدا شەڕێکی دیکەی بۆ وڵات و خەڵکی ئێران بە دیاری هێناوە کە نەیتوانیوە بچووکترین هەنگاو بۆ پاراستنی گیانی هاونیشتمانان دابین بکات؛ بێ ئەوەی قەیرانەکانی پێشووی ژیانی خەڵک چارەسەر بکات، دەیان کێشە و قەیرانی دیکەی لە ئاکامی ئەو شەڕە تازەیەدا تووش کردوون. ئاشکرایە کە شەڕی ئەو ڕێژیمە لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکا و، ململانێکانی لەگەڵ وڵاتە ڕۆژاواییەکان کۆتایی پێ نەهاتوە. ڕێژیم چ درێژە بە لاساری بدات و لەسەر سیاسەتەکانی تا ئێستای بڕوات، چ تەسلیم و ملکەچی بڕیارەکانی ئەمریکا و ئورووپا بێت، بە هەر دوو باردا کەوتووەتە نێو قۆناغێکی چارەنووسساز لە تەمەنی خۆی کە ئەنجامەکەی تێکڤرمانی بە تەواویی بناغەکانی دەسەڵاتەکەی، ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵک و چوونی بەرەو هەڵدێر و نەمانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەم بڕوایەدایە کە دژبەرانی ڕێژیمی ئێران بە گشتی و، ڕێکخراوە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، پێویستە بە یەکگرتوویی و بە ئامادەییەوە بە پێشوازی ئەم قۆناغەوە بچن. لەم نێوەدا یەکگرتوویی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕێککەوتنیان لەسەر خاڵە هاوبەشەکان و دەستپێکردنی هاوکاریی بەکردەوە بە ئەرکێکی خێرا و هەنووکەیی دەزانین. حیزبی ئێمە لەسەر سیستەمێکی کۆماری، دێموکرات و فیدراڵ بۆ ئێرانی داهاتوو کە جۆراوجۆریی نەتەوەیی، زمانی و ئایینیی خەڵکی ئێران و مافە بنەڕەتییەکانی هاونیشتمانان بەڕەسمی بناسێت، پێ دادەگرێتەوە. ئێمە پێمانوایە کە هاوکاری و هاوهەنگاویی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان لە چوارچێوەی هاوپەیمانییەکی کوردستانیدا، هەم هێمنیی کوردستان لە قۆناغی ڕووخانی ڕێژیمدا دەستەبەر دەکات، هەم کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر ڕێککەوتن لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان دەبێت و پێگەی کوردستان و پرسە ڕەوا و لەمێژینەکەی لە پێکهاتە و بەرنامە و هەڵوێستی ئالترناتیڤی ئەو ڕێژیمەدا بەرز دەکاتەوە.

### هۆگران، دڵسۆزان، پشتیوانان و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

لە کاتێکدا بەبۆنەی هەشتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پیرۆزبایی لە ئێوە، لە خەڵکی دێموکراتپەروەری کوردستان و تێکڕای ئەندامانی حیزبمان دەکەین، بە ئەمەگناسی و پێزانینیشەوە ئاوڕ لە فیداکاری و خەباتی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکان دەدەینەوە و لە بەرانبەر تێکۆشان و ماندوویی و دەروەستبوونیان لە ئاست ئەم حیزبە و نەتەوەکەمان، سەری ڕێز دادەنوێنین. ئێمە دڵگەرم بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان، هیوادار بە هاوخەباتیی هێز و لایەنە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ئێران، گەشبین بە ڕەوتی ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە ئێران و ناوچە، ئاسۆکانی بەردەم داهاتوومان بە ڕووناک دەبینین و، بە هیوایەکی زۆر و باوەڕێکی بەهێزەوە

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

**پێ دەنێینە ساڵێکی تازە و دەیەیەکی نوێ لە تەمەنی تێکۆشانی حیزبی پڕشانازیی دێموکراتی کوردستانی ئێران.**

**ڕوو بە گەلانی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش پێداگری لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنانی نیزامێکی سیاسیی کۆماری، دێموکراتیک و فێدراڵ کە تێیدا پرسی نەتەوایەتی لە ئێرانی تێدا چارەسەر کرابێ، بە ئاڵترناتیڤی گونجاو بۆ داهاتووی ئەم وڵاتە دەبینین؛ هاوکات خۆمان بە پابەندی پرەنسیپ و بنەماکانی پەسەندکراوی حیزب لە پێوەندی لەگەڵ زەروورەتی یەکگرتوویی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیم دەزانین**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**کۆمیتەی ناوەندی**

**گەلاوێژی ١٤٠٤ی هەتاوی**

**ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی**

**٢٣ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**

# بڕێک وزەی کارەبا بۆ داگیرساندنی گڵۆپی سەوزی ئاگربەست بمێنێت




**دارسمە**

وا دیارە دوای تەواوبوونی جەنگی ١٢ ڕۆژەی نێوان ئێران و ئیسرائیل، تۆز و خۆڵی شەڕەکە هەرچەندە نیشتووەتەوە، بەڵام بۆنی باڕووتی قسە و هەڕەشان بەردەوام هەوای ناوچە دەتەنێتەوە و بۆگەن بەسەر بۆنی ژیانی ئاساییدا زاڵە.

دۆخەکە وەک ئەو بۆکسێنە وایە دوو یاریزان دوای ڕاوندێکی پڕ لە مشتەکۆڵە، لە گۆشەکانی خۆیاندا پشوو دەدەن، بەڵام لەبری ئاوخواردنەوە، بۆ ڕاوندی داهاتوو خەریکی جنێودان و چاوسوورکردنەوە و پرتە و بۆڵەن.

لە میدیا و ڕۆژنامە ئیسرائیلییەکاندا، شرۆڤەکاران وەک ئەوەی لەنێو فینجانی فاڵگرتنەوەدا داهاتوو بخوێننەوە، ڕۆژانە باسی ئەگەر و شیمانەی دەستپێکردنەوەی جەنگ دەکەن. وا هەست دەکەی سبەی بەیانی لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا، فڕۆکەکان دووبارە دەست بە سووڕانەوە دەکەنەوە. ئەوان دەڵێن دەستپێکردنەوەی جەنگ لەوە نزیکترە بیری لێ بکرێتەوە و ڕەنگە ئەمجارە لە جیاتی بنکەی ئەتۆمی، ئیسرائیل بیر لەوە بکاتەوە هێرش بکاتە سەر کارگەکانی گەزۆ و سۆوهانی قوم و

ئیسفەهان و یەزد و بەمجۆرە خەریکە گورزێکی کاریگەرتر لە ئابووریی بەرگریی ئێران بوەشێنێت. ئەوەی زۆر سەیر و سەمەرەیە هەڕەشەی بێتامی ئیسرائیلە. ئیسرائیل بەشێکی بەرچاوی ئەو هاوولاتییە ئێرانییانەی ترساندوە یەکێک لە دەستەکانیان دەستکردە. دەوڵەتی جوولەکان دەڵێت ئەگەر ئەمجۆرە کەسانە لەژێر دامێنی دایکیشیاندا خۆیان بشارنەوە، ئەمجارە بێئەوەی گوێچکەیان بکێشین وازیان لێ ناهێنێن. جوولەکە خۆیان لە سوێند و ئایەتاندا ڕەش و شین دەکەن و دەڵێن ئەوانەی تەنیا دەستێکیان هەیە، دەستەکەی دیکەیان لە کاری خێردا نەپەڕیوە.

لە بەرانبەردا، ئێران بێکار دانەنیشتوە و بازاڕی هەڕەشە و گوڕەشەی گەرمە. یەکێک لە فەرماندە گەورەکانی سوپا، کە وا دیارە لە خولێکی تایبەتی "هونەری هەڕەشەکردن"دا پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە، بە جۆرێک باسی تۆڵەسەندنەوە دەکات، مرۆڤ وا دەزانێت سیناریۆی فیلمێکی بۆڵیوودی دەنووسێت. فەرماندەکە گوتوویەتی، "ئەمجارە زللەیەکی وا لە ئیسرائیل دەدەین، هەر خوا خۆی بزانێت چۆن دەبێت. هەڵلایەکی وا ساز دەکەین باپیران و داپیران نەوەی خۆیان نەناسنەوە"!

ئەم لێدوانە بووەتە جێی سەرنجی "پەیمانگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی زللەلێدان" لە زانکۆی تاران. سەرۆکی پەیمانگاکە، پرۆفیسۆر "حاجی قسە قەبە"، لە لێدوانێکدا گوتی: "ئەم زللەیە لە ڕووی تەکنیکییەوە پێی دەگوترێت 'زللەی شێرزیی نەوەکان'. کاریگەرییەکەی ئەوەندە قووڵە، نەک هەر داپیرە نەوەکەی خۆی ناناسێتەوە، بەڵکوو لەوانەیە داوای ناسنامە و کارتی نیشتمانیشی لێ بکات." بەشی "ناسنامەی بنەماڵەیی" لە وەزارەتی نێوخۆش گوایە خەریکی ئامادەکردنی پرۆگرامێکە بۆ یارمەتیدانی داپیران بۆ ئەوەی دوای ئەو زللەیە، بتوانن بە ئاسانی نەوەکانیان بناسنەوە.

لەسەر ئاستی دیپلۆماسییشدا، سەعید خەتیبزادە، جێگری وەزیری دەرەوەی ئێران، بە ناسناوی "دیپلۆماتی کاتی جەنگ"وە، لە کاتێکدا هەمووان چاوەڕێی ئارامبوونەوەن، خۆی گەیاندووەتە وڵاتی چین. دیارە بۆ ئەوە چووە لەوێوە بە دەنگێکی بەرزتر هەڕەشەکانی بگەیەنێت، یان لەوانەیە ویستوویەتی لەسەر دیواری چین ڕاهێنانی هەڕەشەکردن بکات. خەتیبزادە وەک کەڵی کۆتانێ کە بە مەوتەن شەڕ دەکات، ڕایگەیاندوە دانوستانی ئەمجارەیان لەگەڵ ئەمریکا "لە نێو جەنگی توند و ئاگربارانەدا دەکرێت."

مرۆڤ نازانێت ئەمە دانوستانە یان بەشداریکردنە لە یاریی "کۆڵ ئۆف دیوتی"؟ لەوانەیە مێزی گفتوگۆکانیان لەناو سەنگەرێکدا دابنێن و لەکاتی پشووی نێوان دوو مووشەکدا، باسی بەندەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بکەن. خەتیبزادە بەردەوام دەبێت و دەڵێت: "ئەمریکا با سەرینی خاترجەمی بخاتە ژێر سەریەوە، ئێمە هەرگیز دەسەڵاتی ئیسرائیل بە فەرمی ناناسین." ئەم قسەیە وەک ئەوە وایە کەسێک لەنێو ئاودا بێت و بڵێت هەر ئەوەندووکۆکەش هەست بە تەڕی و شێداری

گەلاوێژی ٢٧٢٥

ناکەم. ئەوا دەبێت ڕاستگۆیی و ئێران دەستەڵاتێک بە ڕەسمی نەناسیت، بەڵام بە بەردەوامی خەریکە پلانی لێدانی "زلـەی شپرزیی نەوەکـان"ی بـۆ دادەڕێژێت؟ ڕەنگە هیچ وڵاتێک وەک کۆماری ئیسلامی ڕاستگۆ نەبێت. ئەوە نییە بە چاوی خۆمان دەبینین چل و چەند ساڵ دوای ئەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی هەڵوەشاندووەتەوە و ئاداری بەسەر پاداریییەوە نەهێشتوە، بەردەوام مووشەکبارانی دەکات و لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران ئەندامان و لایەنگرانی تیرۆر دەکات.

دواتریش وەک ئەو مامۆستایەی مێژوو، وانە بە قوتابییە تەمبەڵەکانی دەڵێتەوە، ڕوو لە ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات و دەڵێت: "با بە قووڵی تێبگەن، داهاتوو بە دڵی ئەوان نابێت." لێرەدا وڵاتی چین، وەک بازرگانێکی زیرەک، لەولاوە بە بزەیەکی پڕ لە ماناوە سەیر دەکات و لە دڵی خۆیدا دەڵێت: "ئێوە خەریکی زلـە و قسەی قەبە بن، منیش خەریکی گرێبەستە نەوتی و بازرگانییەکانم دەبم. داهاتوو هی هەرکەسێک بێت، گرنگ ئەوەیە 'Made in China' بەردەوام پشت پاکەت و ڕووبەری ئاسنەواڵان بنەخشێنێت".

لە کۆتاییدا، دۆخەکە وەک زنجیرە درامایەکی کۆمیدیی تراژیدی دەچێت، هەمووان چاوەڕێی ئەڵقەی داهاتوون. هاووڵاتیی ئاسایی لەم نێوەندەدا نازانێت پێ بکەنێت یان بگرییێت. لەوانەیە داپیرە و باپیرەکانیش خەریکی نوێکردنەوەی وێنەکانیان بن لەسەر ناسنامەکانیان، نەوەک دوای ئەو زلـە چاوەڕوانکراوە، لە چوونەژوورەوەی ماڵەکانی خۆشیاندا تووشی کێشە ببن. ئێستا تەنیا یەک پرسیار ماوەتەوە: ئایا لە ڕۆژانی داهاتوودا، خەڵکی ئێران دەستنوێژ بە چ ئاوێک دەشۆن و لە کام بەنداودا مەلە دەکەن مافی ئەوەیان دەبێت چەند گلۆپی ڕووناکی داگیرسێنن. تۆ بڵێی ئەگەر لەم جەنگەدا لایەک تێکنەشکا، ئێران ئەوەندی وزەی کارەبا بمێنێت گلۆپی سەوزی ئاگربەست بۆ دوژمن دابگیرسێنێت؟

٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# پرسی کورد و گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، میراتی دوکتور قاسملوو





**حەسەن قارەمانی**

پرسی کورد لە مێژە ئاڵنگارییەکی ئاڵۆز و فرەلایەن لە هەردوو چوارچێوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بووە. کورد وەک یەکێک لە گەورەترین نەتەوەکانی جیهان کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی تایبەت بە خۆی نیە، خۆی لە دۆخێکی بەردەوامی پەراوێزخستنی سیاسی و چەوساندنەوەی کولتووریدا بینیوەتەوە، بەتایبەتی لە وڵاتانی وەک ئێران، عێراق، تورکیە و

سووریە. ئەم دۆخە نەتەنیا پرسی ئۆتۆنۆمیی خاک نەبووە، بەڵکوو لەسەر مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و مافی ناسنامە و زمان و بەشداریی سیاسییش بووە. لەم خەباتەدا دوکتور قاسملوو ڕۆڵی ناوەندیی بینیوە. ژیان و کار و مەرگی تراژیدیی ئەو هەم ئەگەر و هەم سنوورداربوونی بزووتنەوەی کورد لە چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتیدا دەردەخەن.

دوکتور قاسملوو هەر سیاسەتمەدار نەبوو، بەڵکو ئابووریناس و ئەکادیمیسیەنێک بە بناغەیەکی قووڵی هزری لە نەریتی فیکریی ئەورووپا بوو. ئەو لە ڕێگەی پەروەردە و پابەندبوونی سیاسییەوە توانی شیکاریی زانستی لەگەڵ کاری دیپلۆماسیی پراکتیکیدا تێکەڵ بکات. دوکتور قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا و بۆ چارەسەری دیموکراسیانەی پرسی کوردجەختی لەسەر پێویستیی ئۆتۆنۆمی، دانان بە فرەیی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراندا دەکردەوە. بەرنامەی سیاسیی قاسملوو ئایدۆلۆژیای سۆسیال دیموکراسی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردی یەک خست و یەکێک بوو لەوسەرکردانەی لە گرنگی تێکەڵکردنی خەبات بۆ مافە نەتەوەییەکان لەگەڵ مافە گشتگیرەکانی مرۆڤ و شەرعیەتی نێودەوڵەتی تێگەیشتبوو. بە قسەکردن بە چەند زمانێک و بەشداریکردن لە کۆڕ و کۆڕبەندە نێودەوڵەتییەکان، یارمەتیدەر بوو بۆ بەنێودەوڵەتیکردنی پرسی کورد و کارەکانی دەریخست کە دەکرێت خەباتی نەتەوەیی لەگەڵ دیالۆگی ئاشتیانە و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ تێکەڵ بکرێت.

هەوڵەکانی قاسملوو بۆ گەیاندنی پرسی کورد بۆ گۆڕەپانی نێودەوڵەتی بەشێکی گرنگی میراتەکەیەتی. ئەو لە گرنگیی پشتیوانی جیهانی و گفتوگۆی نێوان کولتوورەکان تێگەیشت و چالاکانە هەوڵی کۆکردنەوەی بیروڕای نێودەوڵەتی لە ڕێگەی پەیوەندی لەگەڵ دامەزراوە ئەورووپییەکان و جیهانی ئەکادیمی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا دەدا. هەوڵەکانی ئەو دەرخەری ئەوەیە کە خەباتی کورد تەنیا پرسێکی ناوچەیی نیە، بەڵکوو ڕەنگدانەوەی خەباتێکی بەرفراوانتری جیهانییە بۆ دادپەروەری و یەکسانی و چارەنووسی نەتەوەیی.

بەڵام ژیان و کاری سیاسی قاسملوو، تێگەیشتنێکی قووڵتر لە چۆنیەتیی داڕشتنی پرسی کورد پێشکەش دەکات، نەک تەنیا وەک خەمێکی نەتەوەیی، بەڵکوو وەک بەشێک لە خەباتێکی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، چارەنووس و وتووێژی نێوان کولتوورەکان. میراتی سیاسی و فیکریی قاسملوو لە پێوەندی لەگەڵ ڕەهەندی نێودەوڵەتیی پرسی کورد و بیرکردنەوە لە بەردەوامی پەیوەندییەکەی لە دیمەنی سیاسیی ئەمڕۆدا.

## دوکتور قاسملوو وەک ئەکتەرێکی نێودەوڵەتی

دوکتور قاسملوو لە مێژووی سیاسیی کورددا پێگەیەکی تایبەتی هەیە، نەک هەر وەک ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی

ئێران، بەڵکوو بیرمەندانە و یەکگرتوو، بەدواداچوونی چارەنووسی نەتەوەیی لەگەڵ پابەندبوونێکی قووڵی تێکەڵ بە بەها گشتگیرەکانی وەک مافی مرۆڤ، دێموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانە کردوە. دیدگا سیاسییەکەی بە کۆکردنەوەیەک لە نێوان ناسیۆنالیزمی کوردی و قەناعەتێکی سۆسیال دیموکراتیکی یەکسانی و فرەیی و ڕێزگرتن لە مافی تاکدا تایبەتمەند بوو.

دوکتور قاسملوو هەر لە سەرەتاوە درکی بەوە کرد کە پرسی کورد ناتوانرێت لە چوارچێوەی بەرفراوانی سیاسەتی جیهانی داببڕێ. لە ڕێگەی بەشداریی کارا لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و وتووێژ لەگەڵ بڕیاردەرانی ئەورووپی و هاوکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی ئەکادیمی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەنگی خەباتی کوردی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەر کردەوە. زمانزانیی دوکتور قاسملوو و شارەزایی بە سەر چەندین زمانی بیانیی وەک فارسی، عەرەبی، فەرەنسی، چێک و ئینگلیزیی وای کردبوو وەک دیپلۆماتکار و ناوبژیوانێک لە نێوان داواکارییەکانی گەلی کورد و نۆرم و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا مامەڵە بکات. ئەمەش یارمەتیدەر بوو بۆ جێگیرکردنی پرسی کورد لە گوتارێکی فراوانتر سەبارەت بە مافەکانی کەمینەکان و دادپەروەری نێوان دەوڵەتەکاندا.

دوکتور قاسملوو هەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا بانگەشە بۆ مۆدێلێک دەکرد کە تیایدا جیهانگیری و دیپلۆماسی نێودەوڵەتی بە هەڕەشە بۆ سەر شوناسە نێوخۆییەکان دانەنرێت، بەڵکوو وەک ئامرازێکی پۆتانسێلی بۆ ناسینەوە و پاراستنی ئەو شوناسانە ببینرێت. ئەم دیدە کە تێیدا سەربەخۆیی نێوخۆیی و هاوپشتی جیهانی کارلێک دەکەن نەک کێبڕکێ، دەیکاتە بیرمەندێکی سیاسی پێش سەردەمی خۆی. لە سەردەمێکدا کە زۆرێک لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکان بە هۆی گشتگیری ئایدیۆلۆژی یان ستراتیژی شەڕانگێزانەوە دەجووڵێن، دوکتور قاسملوو نوێنەرایەتی ئەڵتەرناتیڤێکی دەکرد: ڕێگایەکی ئاشتیانە، گشتگیر و مافخوازانە بۆ چارەنووس.

دوکتور قاسملوو یەکێک بوو لە کەسایەتییە هەرە بەرچاوەکانی مێژووی بزووتنەوەی مۆدێرنی کوردی، نەک هەر وەک ڕێبەرێکی سیاسی، بەڵکو وەک ڕووناکبیر و ئەکادیمی. بەشداریی لە کایە سیاسییەکان و ئاوێتەکردنیان بە شیکاریی زانستی دەستەبەری زۆر دەسکەوتی کردوە کە ئێستا وەک میراتێک بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کوردن. جیهانی بیرۆکەکانی قاسملوو بەو شتە تایبەتمەند بوو کە بە حەق دەتوانین پێی بڵێین "پراگماتیزمی بنەمادار" و هاوسەنگیی نێوان ئایدیالیزم و ڕیالیزمی سیاسی. قاسملوو بانگەشەی بۆ دیالۆگ و دیپلۆماسیەت و دانوستان دەکرد وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە درێژخایەنەکانی وەک سەروەری و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و ڕزگاری نەتەوەیی.

بیرۆکەکانی دوکتور قاسملوو تێکەڵەیەک لە ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی و شەرعیەتی نێودەوڵەتییە و باوەڕی بە ڕۆڵی پەروەردە لە ڕزگاریی کۆمەڵایەتیدا و جەختکردنەوە لەسەر پلاندانانی سیاسی درێژخایەن، تێڕوانینێکن کە هێشتا دەتوانن ڕێنوێنیی بزووتنەوەی کورد بکەن. لە سەردەمێکدا کە پرسی کورد بەهۆی ناسەقامگیریی ژێئۆپۆلەتیکی و سەرکوتی دەوڵەت



سەرچاوە
Serchawe

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

بە ئاکام نەگەیشتوە. .ستراتیژیی قاسملوو لەسەر بنەمای پلاندانانی درێژخایەن بوو نەک ڕیتۆریکی پۆپۆلیستی یان بەرخۆدانی کاردانەوە. بەڵام لێکدانەوەی دووبارەی میتۆدی قاسملوو پێویستی بە گونجاندن لەگەڵ بارودۆخی هاوچەرخ هەیە. ئەمەش بە واتای دانان بە گرنگی دروستکردنی هاوپەیمانیی فراوان، نەک تەنیا لە نێو کورد و لە چوارچێوەی جوگرافیای جیاوازدا، بەڵکوو لەگەڵ گروپە چەوساوەکانی تر و ئەکتەرەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان. لە هەمان کاتدا، خەبات دەبێت ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە واقیعە ڕۆژانەکان و یادەوەرییە بەکۆمەڵەکانی ئەو پێکهاتانەدا بمێنێتەوە کە بەنیازە نوێنەرایەتیی بکات. بە یەکخستنی ئەزموونی نێوخۆیی لەگەڵ وشیاریی جیهانی، دەکرێت میراتی قاسملوو لە ئایدیاڵێکی مێژووییەوە بگۆڕدرێت بۆ سەرچاوەیەکی ستراتیژی لە پراکتیکی سیاسیی هاوچەرخدا. میتۆدی قاسملوو دەکرێ دابڕێژرێتەوە و ئەم نەخشەڕێگایە دەبێتە گرنگی دروستکردنی هاوپەیمانی و سوودوەرگرتن لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان.

میراتی سیاسی دوکتور قاسملوو ئەوەمان بیردەخاتەوە کە هەر بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی کە بەستێنی نێودەوڵەتی خۆی پشتگوێ بخات، مەترسیی پەراوێزخستنی لەسەرە. ئایندەی پرسی کورد نەک تەنیا لەسەر کۆکردنەوەی سیاسی نێوخۆیی، بەڵکو لەسەر توانای خستنەڕووی داواکارییەکی دادپەروەریشە کە جیهان ناتوانێت پشتگوێی بخات.
ڕەهەندی نێودەوڵەتی وەک فەرمانێکی ستراتیژی، میراتی سیاسی و فیکری دوکتور قاسملوویە، بیرهێنانەوەیەکی بەهێز لە گرنگی تێکەڵکردنی ڕەهەندی نێودەوڵەتی لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان پێشکەش دەکات. بەم پێیە داهاتووی پرسی کورد تەنیا بە کۆکردنەوەی جەماوەری، خەباتی چەکداری یان دانوستانی سیاسی لەسەر ئاستی نەتەوەیی دیاری ناکرێ، بەڵکوو بە توانای ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەو نادادپەروەرییە  کە کورد لە چەند دەوڵەتێکدا تا ئێستاش ڕووبەڕووی دەبنەوە. قاسملوو هەر لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەمەی ناسی، کاتێک جەختی لەسەر گرنگیی کەناڵە دیپلۆماسییەکان، پەیوەندیی میدیایی، بەشداریکردن لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان و ئاڵوگۆڕی کولتووری وەک ئامرازێکی ستراتیژی بۆ خستنەڕووی داواکارییەکانی کورد بە شێوەیەک کە جیهان ناتوانێ پشتگوێی بخات، کرد.


کەواتە بەڕێوەبردن و پەرەپێدانی زیاتری میراتی قاسملوو بە واتای دارشتنی خەباتی کورد بەو مێتۆدە دێت کە لە ئاستی نێوخۆیی و جیهانیدا هەم لەگەڵ دڵ و هەم لەگەڵ عەقڵ قسە بکات، ا. واتە دروستکردنی پرد لە نێوان ئەزموونی گەلان، لە نێوان بزووتنەوە و دامەزراوەکان، لە نێوان مێژوو و داهاتوودا. بزووتنەوەی کوردی دەبێ هاوتەریب لەگەڵ دیدگای قاسملوو، نەک تەنیا بۆ مافەکانی گەلێک، بەڵکوو بۆ خواستێکی گشتگیر بۆ دادپەروەری و فرەیی و کەرامەتی مرۆڤایەتی بێتە دەنگ.

**٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# سۆسیالیزمی دیموکراتیک: دیموکرات و ئیدەئالەکانی چەپ





سۆران باریکە

مامۆستای زانکۆی کۆیە، پسپۆڕی مێژوو

**ئاماژە:** سۆسیالیزمی دیموکراتیک ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی و ئابوورییە کە هەوڵ دەدات بنەماکانی دیموکراسی لەگەڵ

بەهاکانی سۆسیالیزم تێکەڵ بکات. بە پێچەوانەی فۆرمەکانی تاکڕەو یان مارکسی–لینینی سۆسیالیزم، سۆسیالیزمی دێموکراتیک پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە دێموکراسیی سیاسی، لەوانەش هەڵبژاردنی ئازاد، ئازادییە مەدەنییەکان و فرەیی سیاسی دەبێت لەگەڵ چاکسازییە ئابوورییەکان بە ئامانجی گەیشتن بە دادپەروەری کۆمەڵایەتی، یەکسانی و خاوەندارێتی گشتی لە کەرتە سەرەکییەکانی ئابووریدا پێکەوە بژین.

**لە نێوەڕۆکدا سۆسیالیزمی دێموکراتیک داکۆکی دەکات لە:**

- حکوومەتێکی هەڵبژێردراوی دێموکراتیک لەسەر بنەمای ئیرادەی خەڵک کە وەڵامدەری خەڵک بێت.
- دابەشکردنەوەی ئابووری بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانی و هەژاری لە ڕێگەی باجدانی پێشکەوتووانە، چاودێریی کۆمەڵایەتی، و خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک چاودێریی تەندروستی و پەروەردە.
- دەستەبەرکردنی مافی کرێکاران و بەشداریکردن لە بڕیاردان، لەوانەش پشتگیری لە سەندیکاکان و مۆدێلی خاوەندارێتیی هاوبەش.
- ئابووریی تێکەڵاو کە بازاڕەکان شانبەشانی کۆمپانیاکانی خاوەندارێتیی گشتی کاردەکەن، بەتایبەتی لەو کەرتانەی گرێدراوی ژیان و خۆشبژێویی کۆمەڵگەم بۆ نموونە وزە، ئاو، تەندروستی و. ...

سۆسیالیزمی دێموکراتیک نایەوێت سەرمایەداری بە تەواوی هەڵبوەشێنێتەوە یان ئابوورییەکی پلانبۆداڕێژراوی ناوەندی بسەپێنێت، بەڵکوو لەبری ئەوە ئامانجیەتی چاکسازی لە سیستەمی سەرمایەداریدا بکات بۆ ئەوەی دادپەروەرانەتر و مرۆڤانەتر بێت.

لە چوارچێوەی بزووتنەوە سیاسییە کوردییەکان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سۆسیالیزمی دێموکراتیکی وەک چوارچێوەیەک بۆ بەرەوپێشبردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، مافە نەتەوەییەکان و حوکمڕانی دێموکراتیک بەبێ قوربانیدانی ئازادییە تاکەکەسییەکان یان دامەزراوە دێموکراتیکییەکان، کردووەتە بنچینەی سیاسەتی خۆی.

شوناسی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئەزموونە مێژووییەکانی گەلی کورد لە ژێر چەوسانەوە و بە پابەندبوونێکی ڕوون بە ئایدیاڵەکانی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە قاڵب دراوە. حیزبی دێموکرات لە دامەزرانیەوە لە ساڵی ١٩٤٥ هەتا ئێستا، ئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک و فرەیی (پلۆڕاڵ) بووە کە گەلی کورد لە مافە نەتەوەییەکانی بەهرەمەند بێت، بەڵام لە چوارچێوەیەکدا کە پرسەکانی چینایەتی، نایەکسانی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری

دەخاتە ڕوو. نێوەڕۆکی ئایدیۆلۆژی حیزبەکە لەسەر سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەستاوە، نەک وەک دۆگمایەکی ئایدیۆلۆژیی ڕەق، بەڵکوو وەک مۆدێلێکی نەرم و نیان و پەرەسەندوو بۆ گەیشتن بە ڕزگاریی نیشتمانی و سەروەری جەماوەری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی. ئەم نووسینە هەوڵ دەدات پەیوەندی نێوان سۆسیالیزمی دێموکراتیک و ئایدیاڵەکانی چەپی کورد و ڕۆڵی مێژوویی و هاوچەرخی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خستنەڕوو و پێشخستنی ئەم ئامانجانە لە کوردستانی ئێران و چوارچێوەی بەرفراوانی ئێراندا بکۆڵێتەوە.

## سۆسیالیزمی دێموکراتیک: بنەما و بنەچەی جیهانی

سۆسیالیزمی دێموکراتیک فەلسەفەیەکی سیاسییە کە شانبەشانی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی لە ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی یەکسانیانەی سامان و مۆدێلێکی ئابووری لەسەر بنەمای خۆشگوزەرانی، بانگەشە بۆ دێموکراسی سیاسی دەکات. سۆسیالیزمی دێموکراتیک بە پێچەوانەی ئایدۆلۆژیا سۆسیالیستییە تاکڕەوەکان یان ناوەندگەراییەکان (وەک مارکسیزم-لینینیزم) پێداگری لەسەر پلۆرالیزم، ئازادییە مەدەنییەکان، کێبڕکێی سیاسی ئاشتیانە و ڕێزگرتن لە مافەکانی تاک دەکات، لە هەمان کاتدا هێشتا دژایەتی سەرمایەداریی ڕێکنەخراو و نایەکسانی قووڵی ئابووری دەکات.

ڕەگ و ڕیشەی جیهانی ئەم چەمکە لە بزووتنەوە کرێکاری و سۆسیالیستییە ئورووپییەکانی سەدەی نۆزدە و بیستەمدایە، لەوانە پارتی کرێکارانی بەریتانیا، پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی (SPD) و سۆسیال دیموکراتی سکاندیناڤیا. ئەم بزاڤانە کاریگەرییان لەسەر هێزە چەپەکان هەبوو لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەتایبەتی دوای جەنگی جیهانی دووەم، چونکە گەلانی تازە سەرهەڵداو و گەلانی ستەملێکراو هەوڵیان دەدا لە ڕێگەی مۆدێلی نوێی حوکمڕانییەوە بەرەنگاریی ئیمپریالیزم و فیۆدالیزم و پاوانخوازی ببنەوە.

لەم نەریتە جیهانییەدا، ناسنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شێوەی گرت: نەک تەنیا وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی، بەڵکو وەک هێزێکی چەپی ئاڕاستەکراو، داینامیکی کۆمەڵگا، چاکسازیخواز کە بەدوای دادپەروەریدا دەگەڕێت بۆ هەردوو نەتەوەی کورد و چینی کرێکاری کورد.

## دیدگای بنەڕەتی حدکا: دێموکراسی، یەکسانی و مافە نەتەوەییەکان

دامەزراندنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٥ خاڵگۆڕانی سیاسی و ئایدۆلۆژی لە مێژووی کورددا بوو.

لەژێر سەرکردایەتی قازی محەممەد، حیزب وشیارییەکی نەتەوەیی مۆدێرنی ئاوێتەیٔ دیدێکی کۆمەڵایەتی-سیاسیی پێشکەوتووکرد. کۆماری کوردستان (١٩٤٦)، هەرچەندە تەمەنی کورت بوو، بەڵام بەو ئایدیاڵانە ڕێنمایی دەکرا کە لە نزیکەوە لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکراتیکیدا هاوتەریب بوون، بۆ نموونە جەختکردنەوە لەسەر پەروەردەی گشتیی ئازاد، هاووڵاتیبوونی یەکسان، ئازادیی ڕۆژنامەگەری، دابینبوونی مافی جووتیاران، و چاکسازی لە پلەبەندییە خێڵەکی و فیۆداڵییەکاندا.

هەر لە سەرەتاوە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران نە ڕێکخراوێکی بەرتەسکی ناسیۆنالیستی بوو، نە فراکسیۆنێکی چەپی ئایدۆلۆژی،

**بەڵکو پشتگیری لە وەشانێکی کوردی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی ناوازە دەکرد، کە لە سێ ئامانجی تێکەڵاودا لەنگەری گرتبوو:**

- ڕزگاریی نەتەوەیی: دەستەبەرکردنی مافە سیاسی و زمانەوانی و کولتوورییەکان بۆ کورد لە ئێران.
- دادپەروەریی کۆمەڵایەتی: بەرەوپێشبردنی یەکسانیی نێوان چینەکان و کۆتاییهێنان بە کەڵکاژۆ و دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و سامان.
- حوکمڕانیی دێموکراتیک: دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی لەسەر بنەمای هەڵبژاردن و مافە دەستوورییەکان و گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات.

بە تێپەڕبوونی کات ئەم ئامانجانە لە ڕێگەی پلاتفۆرم و کۆنگرەی حیزبەوە وردتر کران و کاریگەرییان لە هەردوو واقیعی کوردی و تیۆریی چەپگەرایی جیهانی وەرگرت.

## ئایدیاڵەکانی چەپ لە کۆمەڵگەی کوردیدا

لە چوارچێوەی بەرفراوانی کوردستانی ئێراندا، پابەندبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئایدیاڵە چەپ-دێموکراتیکەکان ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ژیانی خەڵک بوو. دانیشتووانی کوردستانی ئێران -کە لە ڕووی ئابوورییەوە پەراوێزخرابوون، لە ڕووی سیاسییەوە سەرکوت کرابوون و لە ڕووی کولتوورییەوە پشتگوێ خرابوون- گەیشتبوونە قەناعەت بۆ چاکسازی و بەهێزکردنی پێشکەوتنخوازانە. خاوەن زەوییە خێڵەکییەکان و سیستەمی پیاوسالاری و سیاسەتی پان -

ئێرانیستی ناوەندی ژیانیان بۆ جووتیاران و کرێکاران و ژنان و ڕۆشنبیرانی کورد لە ڕادەبەدەر سەخت کردبوو.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خۆی وەک حیزبێکی خەڵکی و گەلی پێناسە کرد نەک هەر دەنگێک بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی، بەڵکوو بۆ چینە چەوساوەکانی کۆمەڵگەی کوردی. حیزب بە هاندانی هەڵمەتەکانی خوێندەواری، یەکسانی جێندەری، ڕێکخستنی جووتیاران، چالاکیی سەندیکاکان، و بەشداری سیاسی بنەڕەتی، دیدێکی سیاسی دەربڕی کە سنوورە نەتەوەییەکانی تێپەڕاند و پرسیارە گشتگیرەکانی ئازادی و کەرامەتی مرۆڤ. گرنگ ئەوەیە کە سۆسیالیزمی دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئاڕاستەیەکی عەلمانیی بەهێزیشی لەخۆگرتبوو: هەڵوێستێک لەدژی پاوانخوازی ئایینی و کۆنترۆڵی تیۆکراتیک، و بەرگریکردن لە ئازادی باوەڕ، ویژدان و قسەکردن - بەهاکان کە ئێستا لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا لە هەموو کاتێک خراترن.

## سۆسیالیزمی دێموکراتیک بەرامبەر بە دەسەڵاتخوازی: هێڵی ستراتیژی حدکا

حیزبی دێموکرات بە پێچەوانەی هەندێک لە ڕێکخراوە چەپەکانی ئێران، سۆسیالیزمی پاوانخوازی، بە تایبەت پێشڕەویی گرووپە مارکسیست-لینینیستەکان و دۆگماتیزمی ئایدۆلۆژیای ستالینی ڕەت کردەوە. سۆسیالیزمی حیزبی دیموکرات هەمیشە بنەمای بنەڕەتی، دێموکراسی، لامەرکەزی و کراوە بوو بۆ فرەیی.

**ئەمەش نەک هەر بە واتای دوورکەوتنەوە لە حوکمڕانی حزبی ناوەندی بەڵکو پشتگیریکردن لە:**

- ئازادی کۆمەڵ و پلۆڕالیزم
- مافی فەرهەنگی بۆ هەموو گەلان لە ئێران
- فیدرالیزم وەک چارەسەرێکی سیاسی کە هاوسەنگی مافی نەتەوەیی لەگەڵ یەکیەتیی جۆگرافیایی هاوسەنگ دەکات (هەڵبەت سەرەتا لە چوارچێوەی خودموختاریدا)
- گەشەپێدانی مرۆیی، لەوانەش بەهێزکردنی ژنان و بەشداریکردنی گەنجان
- ڕەتکردنەوەی توندوتیژی وەک میتۆدی سەرەکی گۆڕانکاری سیاسی لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان و جەختکردنەوە لەسەر کۆکردنەوەی جەماوەری، بەرخۆدانی مەدەنی و دیپلۆماسی نێودەوڵەتی زیاتر لە ڕێکخراوە چەپەکانی توندڕەوتر لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست جیای کردەوە.

بەم شێوەیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەم وەک کورد و هەم وەک حیزبێکی سۆسیال دێموکرات بە توانایەکی ناوازەوە بۆ

پەیوەندی نێودەوڵەتی لەگەڵ بزووتنەوە سۆسیالیستییە دیموکراتییەکان دەرکەوت و لە هەمان کاتدا مامەڵە لەگەڵ ئەو چەوساندنەوە نەتەوەییە تایبەتەی کە کورد ئەزموونی دەکە.

لێرەدا پێویستە ڕۆڵی د. قاسملوو لە بەدامەزراوەییکردنی سۆسیالیزمی دێموکراتیک لە حیزبی دێموکرات دا ڕوون بکەینەوە. دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە ماوەی نیوەی دوایی سەدەی بیستەمدا ڕۆڵێکی سەرەکیی لە داڕشتنەوەی ئاراستەی جیهانبینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا گێڕاوە. قاسملوو بە پێچەوانەی سەرکردە نەریتییە ناسیۆنالیستەکانی کورد کە زۆرجار لە چوارچێوەی ئێتنۆ-نەتەوەیی یان خێڵەکیدا زەمینەسازییان دەکرد، دیدگایەکی مۆدێرنیستی و زەمینەسازیی فیکریی بۆ حیزب هێنایە ئاراوە. بەشداری ئەو لە ناساندن و خستنەڕووی سۆسیالیزمی دێموکراتیک، بەردی بناغەی دیدگای سیاسی و ئابووریی حیزبە.

د. قاسملوو بە سود وەرگرتن لە وانە ئەکادیمییەکانی لە بواری ئابووری و زانستی سیاسیدا بە تایبەت لە ماوەی ئەو سالانەی لە ئورووپا ژیاوە و وانەی وتۆتەوە، سۆسیالیزمی نەک وەک دوکتورینێکی مارکسیستیی ڕەق، بەڵکوو وەک ڕوانگەیەکی نەرم و نیان و مرۆڤتەوەر و دێموکراتیک کە بتوانێت خۆی لەگەڵ بارودۆخی کوردستان و ئێراندا بگونجێنێت، لێک دەداتەوە. سۆسیالیزمی پاوانخوازی ڕەتکردەوە لە بەرژەوەندی ئەوەی کە ناوی لێ نابوو. "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" کە جەختی لەسەر فرەیی و ئازادییە مەدەنییەکان و هەڵبژاردنی ئازاد و ئابوورییەکی تێکەڵ دەکردەوە، ئابوورییەک کە دەوڵەت دەستوەردانی تێدا دەکات بۆ کەمکردنەوەی نایەکسانییەکان، بەڵام خاوەندارێتی تایبەت یان میکانیزمەکانی بازاڕ لەناو نابات.

د. قاسملوو ئەم دیدەی لە چەندین بەڵگەنامەی نێوخۆیی و وتاردا و لە هەمووی گرنگتر لە نامیلکەی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم"دا کۆ کردبۆوە، کە زەمینە تیۆری و پراکتیکییەکانی ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی داڕشت. د. قاسملوو لەو بەرهەمەدا دەڵێت: سۆسیالیزم دەبێ لە ئیرادەی گەلەوە سەرهەڵبدات، نەک لە سەرەوە لە لایەن دەوڵەتێکی ئایدۆلۆژیستەوە بسەپێندرێت. هەروەها جەختی لە سەر گرنگی سیستەمی سیاسی سیکولار و یەکسانی جێندەری و ڕەتکردنەوەی خەباتی چینایەتی دۆگماتیک لە بەرژەوەندی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دامەزراوە دێمۆکراتیکیەکاندا جەختی دەکردەوە. لە ژێر سەرکردایەتیی ئەودا، حیزب نەک تەنیا وەک بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی ناسیۆنالیستی بەڵکوو وەک هێزێکی پێشکەوتنخوازی سۆسیال-دێموکراتیک خۆی پێناسە کردەوە. ئەمەش ڕێگەی بە حدکا دا نەک تەنیا هەر لەنێو گەلی کورددا، بەڵکوو بۆ هێزە پێشکەوتنخوازە بەرفراوانەکانی نێو ئێران، لەوانە کرێکاران، ڕۆشنبیران و کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە کە لە سۆسیالیزمی دێموکراتیکدا ڕێگایەکیان بۆ ڕزگاربوون دەبینی، بە سەرچەشن و نموونە سەیر

بکرێ.

لێکدانەوەی د. قاسملوو بۆ سۆسیالیزم، گۆڕانکارییەکی یەکلاکەرەوەی لە مەیلە چەپگەرایییەکانی پێشووترەوە کە لەگەڵ بلۆکی سۆڤیەتدا هاوتەریب بوون هێنایە ئاراوە. ئەو ڕەخنەی لە کۆنترۆڵی ناوەندی لەسەر شێوازی سۆڤیەت گرت و جەختی لە مۆدێلە ڕەسەن و هەستیارەکانی چوارچێوەی حوکمڕانی دێموکراسی و دادپەروەری ئابووری دەکردەوە. ڕێبازەکەی پێشوەختە زۆرێک لەو بیرۆکانە بوو کە دواتر لەلایەن حزبە سۆسیال-دێموکراتیکە ئەوروپییەکانەوە وەرگیران، کە وردبینیی فیکری و دیدگای پێشکەوتووی دکتۆر قاسملوو نیشان دەدا.

بە کورتی، میراتی دوکتور قاسملوو لە حدکادا، لە پرۆژە فیکرییەکەی کە بریتییە لە تێکەڵکردنی خواستە نەتەوەییەکانی کورد لەگەڵ سۆسیالیزمی دێموکراتیک، دانەبڕاوە. بیرۆکەکەی نەک هەر ئایدۆلۆژی بەڵکو دامەزراوەیی بوو. لە ژێر ڕێنمایی ئەودا، حیزبی دیموکراتی کوردستان میساقێکی سۆسیالیستی دێموکراتیکی لە باوەش گرت کە تا ئەمڕۆش وەک یەکێک لە پایە ئایدیۆلۆژییەکانی ماوەتەوە.

## حیزبی دێموکرات لە شاخ و خەباتی هاوچەرخ

دوای شۆڕشی ٥٧ و بەتایبەتی لە ساڵانی خەباتی توندی چەکداری دژ بە کۆماری ئیسلامی لە هەشتاکان و نەوەدەکاندا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناچار بوو دەربەدەری ئەزموون بکات. لەگەڵ ئەوەشدا دەربەدەری بە مانای چەقبەستوویی ئایدیۆلۆژی نەبوو. لەو ڕەوەنددا، حیزب بە قووڵی پەیوەندی بە پارتە سۆسیال دێموکراسییە ئەوروپییەکان، تۆڕەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و دامەزراوە پێشکەوتووەکانی مافی مرۆڤەوە هەبوو.

بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان و ٢٠٠٠ەکان، حیزبی دیموکرات. درووشمی خۆی بۆ ئێرانێکی فیدراڵی دێموکراتیک گۆڕی و زیاتر یەکسانی ئابووری و ئۆتۆنۆمی کولتووری ڕوون کردەوە. ئەم حیزبە جەختی لەسەر پێویستی بەرەنگاربوونەوەی هەردوو دەوڵەتی ئیسلامی- دەسەڵاتخواز و سیاسەتی نیولیبراڵی سەرمایەداری کردەوە کە زیانیان بە چینی کرێکار و تەنانەت مامناوەندیی کۆمەڵگەی ئێران گەیاند.

ئەمڕۆ لە بەرامبەر تەحەددای سیاسی نوێدا - لەوانەش دارمانی ئابووری، قەیرانی ژینگەیی، بێکاریی گەنجان و بڵاوبوونەوەی هێزە دژە دێموکراسییەکان - حیزبی دیموکراتی کوردستان بناغەی سۆسیالیزمی دێموکراتیکی خۆی دووپات دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**ئەمەش لە بانگەوازەکانیدا بۆ:**

- ئێرانێکی فیدراڵی کە هەموو گروپە نەتەوەییەکان -بە کورد، بەلوچ، ئازەری، فارس، عەرەب و تورکەمەنەوە – مافی ئۆتۆنۆمیی سیاسییان هەیە.
- ئابوورییەکی دادپەروەرانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، لەگەڵ خوێندنی بێبەرامبەر، چاودێری تەندروستی گشتگیر، مافی کار، و وەبەرهێنانی گشتی لە پارێزگا دواکەوتووەکاندا.
- کۆمەڵگەیەک کە یەکسانی جێندەر تێیدا هەبێ، بە بەشداریی چالاکانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ژنان لە هەموو بوارەکاندا.
- سێکۆلاریزم و مافی مرۆڤ وەک بناغەیەکی بێ مەرج بۆ یاسای بنەڕەتی داهاتووی ئێران.

## مۆدێلی سۆسیالیستیی دیموکراتی کورد

هەڵوێستی ناوازەی ئەمڕۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەوەیە کە داواکارییەکانی نەتەوەیەکی ستەملێکراو لەگەڵ دیدێکی گشتگیرانەی سۆسیالیزمی دێموکراتیک تێکەڵ دەکات وەک بەدیلێک بۆ شۆڤێنیزمی نەتەوەیی، بناژۆخوازی ئیسلامی و ئۆلیگارشی سەرمایەداری دەیخاتە ڕوو و هەروەها نەخشەڕێگای فیدراڵی، یەکسانیخواز و فرەیی بۆ هەردوو کوردستان و ئێران پێشکەش دەکات. بەم کارە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەچێتە پاڵ نەریتێکی جیهانیی فراوانتر کە بریتییە لە حیزبە دێموکرات سۆسیالیستییەکان، هێزگەلێک کە بەدوای یەکسانی کۆمەڵایەتیدا دەگەڕێن، بەبێ ئەوەی بکەونە ناو پاوانخوازییەوە، تەحەدای سەرمایەداری دەکەن و لە دێموکراسی نەک وەک تاکتیکێکی کاتی، بەڵکوو وەک پرەنسیپێکی ئەخلاقی و سیاسی دەڕوانن.

سۆسیالیزمی دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات تەنیا بەرنامەیەکی سیاسی نیە؛ دیدێکی کۆمەڵگەیە کە تێیدا پرسی کورد، پرسی کار و چینایەتی و پرسی ئازادی و مافەکانی مرۆڤ هەموویان پێکەوە باس دەکرێن.

## دەرەنجام: کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرانە بۆ هەمووان

پابەندبوونی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە سۆسیالیزمی دێموکراتیک وەک وەڵامێکی بەهێزە بۆ ئەو قەیرانە فرەییانەی

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

کە ڕووبەڕووی ئێران و گەلی کورد بووەتەوە وەستاوە. حیزب بە خستنەڕووی پلاتفۆرمێک کە لە یەک کاتدا نەتەوەیی، دێموکراسی و سۆسیالیستی بێت، کۆکردنەوەیەکی دەگمەن و پێویست لە دیمەنی پارچەپارچەکراوی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دابین دەکات.

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نموونەیەکی باشە کە پیشان دەدات چۆن ئامانجەکانی سۆسیالیزمی دیموکراتی دەتوانن لەگەڵ خەباتی نەتەوەیی یەکبگرنەوە. ئەم حیزبە هەشتا ساڵە کار دەکات بۆ ئازادی کورد و کوردستان و یەکسانی کۆمەڵایەتی. حیزب باوەڕی بەوە هەیە کە ئازادی و سەربەستی کورد لە چوارچێوەی ئێراندا پەیوەندی بە مافی هەموو خەڵکی ئێرانەوە هەیە و هەموویان پێکەوە دەبێت خۆیان ئازاد بکەن و تێبکۆشن بۆ ئازادی.

بابەتەکە ڕوونە، ڕزگاری نەتەوەیی بەبێ دادپەروەری ناتەواوە؛ سۆسیالیزم بەبێ دێموکراسی مەترسیدارە؛ و دێموکراسی بەبێ چاکسازی کۆمەڵایەتی کونە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەردەوامە لە پاڵپشتیکردنی دیدگای کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و گشتگیر و دێموکراسی، کە لە ئەزموون و خواستە زیندووەکانی گەلی کورددا زەمینەسازی کراوە و بەستراوەتەوە بە ئایدیاڵە گشتگیرەکانی چەپی دێموکراسی. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدا هاتە ئاراوە کە لە جیهاندا دروست بوون، بەتایبەتی ئەو حزبانەی کە دەیانویست ڕێگەیەکی سێیەم بدۆزنەوە جگە لە سۆڤیەت و ئەمریکا. حیزب دێموکرات و لەسەرووی هەمووان دکتۆر قاسملوو باوەڕی بەوە نەبوو کە دێموکراسی تەنیا ئەوە بێت کە هەر چوار ساڵ جارێک دەنگ بدرێت، بەڵکو دێموکراسی واتای ئەوەیە کە خەڵک هەموو ڕۆژێ بەشداری بکەن لە بڕیاردان سەبارەت بە ئەو شتانەی کە کاریگەری لەسەری هەیە.

**ئەم دیدە، ئەگەر بەدی بهێنرێت، نەک هەر خزمەت بە کوردستان بەڵکوو خزمەت بە هەموو ئێران و هەموو گەلانی تامەزرۆی کەرامەت و یەکسانی و ئازادی دەکات.**

٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# یوبیلیی ٨٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران






**مستەفا شلْماشی**

حیزبی دێموکراتی کودستانی ئێران، هەشتاهەمین مۆمی تەمەنی خۆی دادەگیرسێنێ. لەو هەشتا ساڵەدا لە زۆر بواردا ڕۆڵی پێشەنگی گێڕاوە و شانازی بۆ نەتەوەکەی خوڵقاندوە. حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکەمین حیزب لە کوردستاندا بوو کە بە شێوەیەکی مودێرن دامەزرا و لە یەکەم کۆنگرەی خۆیدا بەرنامەیەکی بۆ سەردەمی خۆی پێشکەوتوو، ڕێبەرییەکی

دەستەجەمعی و ڕێبەرێکی لێهاتوو و پێشکەوتووی هەڵبژارد. شێوەی دروستبوون و هاتنە مەیدانیشی تەواو سەردەمیانە بوو. چوونکی لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژ.ک دامەزرا کە ڕێکخراوێکی پێشکەوتووی پێکهاتوو لە هەڵبژاردەکانی ئەو اتی کوردستان بوو. ئامانجی ژ.ک بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو بۆ نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش هەر بۆ هەمان ئامانج دامەزرا. هەرچەند بەرنامە وپێڕەوی خۆی بەڕۆژ کردەوە و هەوڵی دا لەگەڵ کەش و هەوای سیاسیی سەردەمی دامەزرانی خۆی بیگونجێنێ و نێوەرۆکێکی کێشداری پێ بدا تا بتوانی لەگەڵ کاراکتێرە زلهێزەکانی ئەو سەردەمدا کە لەسەر کوردستان و وەڵاتەکانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هێژەمۆنی و دەستڕۆیشتوویيان هەبوو، خۆی بگونجێنی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێکهێنەری یەکەمین دەسەڵاتی مۆدیرنی کوردی بوو کە نیزیکەی ساڵێک دوای دروستبوونی خۆی، بەسەرۆکایەتی پێشەوای ڕووناکبیر و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک و ڕێبەری حیزب، پێشەوا قازی محەممەد دامەزراو لە مێژوودا یەکەمین کۆماری کوردستانی بۆ تۆمارکردین.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قووربانیدانیشدا پێشەنگە و تەنانەت ڕەنگە لە دنیاشدا حیزبێکی دیکەی ئەوتۆ نەبێ کە چوار بەرپرسی یەکەمی بە دەستی دوژمنان شەهید کرابن، کە سەرۆککۆمار و ڕێبەری کاریزمای حیزبەکە لە سێدارە درابێ، دوو ڕێبەری کاریزمای دیکەی لە نێو جەرگەی وڵاتانی پێشکەوتووی دنیادا تیرۆر کرابن و کە نیزیکەی سەد کەس لە ئەندامانی ڕێبەری لە قۆناغە جۆربەجۆرەکانی خەبات دا شەهید کرابن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ هەموو ئەو تەنگ و چەڵەمانەی کە هاتوونە سەر ڕێگای و زۆرجار نەخۆش کەوتوە و تا سنووری کەوتن چووە، بەڵام هەموو جارێ هەستاوەتەوە و بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دیسان خۆی گرتووەتەوە و بووەتەوە چاکەسواری مەیدان و جڵەوی خەباتی وەدەست گرتووەتەوە. هەرچەندە لە قۆناغی جۆراوجۆردا تووشی لێکدابڕان و پەرەوازەیی بووە، بەڵام بە هیممەتی کادرە وردبینەکانی، جارێکی دی ڕیزەکانی خۆی پتەو کردووەتەوە و نەمامەکانی دواڕۆژی خۆی بە ئاوی یەکیەتی ئاو داوەتەوە و دوژمنانی ناکام کردوە.

بێگومان لەو ماوە دوور و درێژەدا و لە نێو تۆفانی ئەو هەموو دژواری و نابەسامانییەی کە بەسەر حیزب و گەلی کورددا هاتوە، ڕەنگە لە هێندێک قۆناغدا تووشی هەڵەی تاکتیکیش بووبێ، بەڵام یەک شانازی گەورە بۆ ئەو حیزبە خوشەویستەی گەلی کورد ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەرگیز و لە هیچ قۆناغیکدا نەبوەتە داردەستی دوژمنان و هیچ کاتێک سەربەخۆیی خۆی لە دەست نەداوە. تەنانەت ئەگەر هەڵەشی کردبێ، بە دەستووری هیچ جێگایەک نەبووە و لە خانەی



سەرچاوە
Serchawe

گەلاوێژی ٢٧٢٥


هەڵەی سیاسی و تاکتیکیدا خۆی دیوەتەوە، یا لە لایەن هێز و لایەنی دیکەڕا و بە هۆی هەل و مەرجی نالەبارەوە بە سەریدا سەپاوە.
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەرچەند لە تەمەندا ساڵانێکی تێپەڕاندووە، بەڵام لە بۆچوون و گوتاردا تازە و لاوە، هەرچەند لە نێو گیر و گرفتی جۆراوجۆردا ماندوو دیارە، بەڵام ئیمکانات و ئێنێرژی گەشە کردن و پێسکەوتنی هەیە و هەرچەند بنەماڵەکەی لێکترازانی زۆری بەخۆوە دیوە، بەڵام ویست و پتانسێلی کۆکردنەوەی نێوماڵی خۆی و بەرهەمهێنانی یەکیەتی و پتەوکردنی ڕیزەکانی خۆی هەیە.

لە هەشتاهەمین ساڵرۆژی لە دایک بوونی حیزبی ڕێبەرانی شەهید پێشەوا، قاسملوو، شەرەفکەندی و دەیان شەهیدی سەرکردەی دیکەی وەک مەلا ئاوارە، شەریفزادە و موعینیەکان و شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات و دەیان شەهیدی دیکەی ڕێبەری، سەدان شەهیدی فەرماندە وهەزاران شەهیدی پێشمەرگە و ئەندام و دەیان هەزار شەهیدی لایەنگر و هەزاران شەهیدی قارەمان لە زیندانە کاندا، چاوەڕوانیم لە هەموو ڕێبوارانی ئەو ڕێگا پیرۆزە هەیە، کە بە هەموو توانای خۆیان هەوڵ بدەن شانازییەکان زیندوو کەنەوە و ئیمکانات و پتانسییلەکان بە یەکگرتوویی ویەکڕیزی بەکار بێنن و خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە لووتکە بگەیەننەوە. تا جارێکی دیکە شاهیدی ئەوە بین کە ئەو حیزبە مەزنە دەسکەوتی گەورەی وەک پێکهێنانی کۆماری کوردستان لە مهاباد بەدەست بێنێ و ئاواتی شەهیدان وەدی بێنێ.
با بەئیمان بەو هێزە لە بڕان نەهاتووەی کە لە دەوری حیزب کۆبوەتەوە و بە بەکارهێنانی ئەو ئێنێرژی و پتانسێیلەی کە بۆ ئەو حیزبە خۆشەویستە ڕەخساوە، ڕوو بکەینە مەیدانە گەورەکەو سیاسەتێکی کەلان دەست پێ بکەین تا بتوانین هێز و تواناکانمان دەکار کەین و ڕۆڵی پێشەنگ بگێڕین لە گۆڕەپانی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا. جێگای خۆیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئیبتیکاری ئاڵتەرناتیڤسازی بۆ هەموو ئێران و دروستکردنی بەرەیەکی بەرین بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستەوە بگرێ. تا نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بتوانێ ڕۆڵی شیاو و بارتەقای ئەو هەموو خەبات و قووربانیدانەی کە پێشکەشی ئازادی دێموکڕاسی کردووە، لە ئیدارەی ئێراندا بەدەست بێنێ و بۆ کوردستانیش مافە نەتەوایەتیەکانی دەستەبەر بکا.

**بە بۆنەی هەشتاهەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پیرۆزبایی دەڵێم بە ڕێبەرایەتیی حیزب، بە هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و بنەماڵەی شەهیدان و هەموو ڕێبوارانی ئەو ڕێگایە و هەموو ئۆگران و لایەنگرانی ئەو ڕێگایە. هیوادارم بەر هەمی هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان ببینن و گە لەکەمان بە لوتکەی سەرکەوتن بگەیەنن.**


٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# هەگبەی شاخ و شۆڕش (شەهید ڕەحمان سۆفیزادە)




شۆڕەسوارێک دێ، پڕی دەنگی تەڕی، بارانەیە"
"ئەسپی ئاور دەیفڕێنێ، ڕوو لە ئەو هێلانەیە

(شەهید ڕەحمان سۆفیزادە)



**برایم چووکەڵی**

شەهید ڕەحمان سۆفیزادە لە ساڵی ١٣٣٩ی هەتاوی لە شاری پیرانشار لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لەدایک بوو. پاش

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

تێپەڕکردنی ٧ ساڵ لە تەمەنی سەرەڕای دەستکورتیی بنەماڵەی، بەڵام بابی وەبەر خوێندنی نا تاکوو دواڕۆژێکی گەشی هەبێ. ڕەحمان قۆناغەکانی خوێندنی یەکە لە دوای یەک بڕی و لە زانکۆ بڕوانامەی فەوقی دیپلۆمی وەرگرت.

بە دەست پێکردنی خۆپیشاندانەکان بە دژی ڕێژیمی گەندەڵی حەمە ڕەزا شا لە شاری پیرانشار، ڕەحمانی سۆفی‌زادە لەو کەسانە بوو کە ڕۆڵی سەرەکی لەنێو لاواندا گێڕا. پاش ئەوە کە ویست و ئاواتەکانی خۆی لە بەرنامە و ڕێبازی حیزبی دێموکراتدا دیتەوە و تێکۆشانی سیاسیی خۆی بە ڕەسمی لە حیزبی دێموکراتدا دەست پێکرد. ڕەحمان هەر لەدەسپێکی کار و تێکۆشانی خۆیدا ڕۆڵێکی گرینگ و سەرەکیی لە سازماندانی لاواندا گێڕا. لە رووی کۆمەڵایەتی، ئەو کوڕێکی ڕوح سووک، دەم بە پێکەنین، زیرەک و چالاک، کادرێکی خەباتگێڕ و نەسرەوتوو بوو. دەیزانی چۆن لەگەڵ خەڵک و کولتووری ئەو خەڵکە هەستان‌ودانیشتن بکا. لە هاوکاریکردنی هاوڕێیانی دریغی نەدەکرد و لە هەر بوارێکدا لە دەستی هاتبایە گرفتی لەسەر شانی هاوسەنگەرانی لادەبرد. لە بواری سیاسییشدا کادرێکی سیاسیی تێگەیشتوو و پێگەیشتوو و خوشناو بوو. ئەندامەتیی کۆمیتەی شارستانی پیرانشار، ئەندامەتیی هەیئەتی ئیجرایی و بەرپرسایەتیی کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت چەند بەرپرسایەتییەکی شەهید ڕەحمان بوو.

قادر وریا هاوسەنگەری شەهید لە یادداشتەکانی بەمجۆرە باسی دەکا: "خەڵکی و خاکی بوو. شانازیی بەوە دەکرد کە کوڕی سۆفی ڕەسووی گاچۆلەکەیە و لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێشدا لە دایک بووە. لەگەڵ ئەوەی خەڵک دەستیان ڕادەگرت تا ئەو مامۆستایەی جاران و ئەم پێشمەرگەیەی ئێستا بەسەریدا بڕوا، فەخری بەسەردا نەدەفرۆشتن، لە هەر ماڵێک لای‌دابایە، وەک کوڕی ماڵێ ڕەفتاری دەکرد، داری ورد دەکرد، قەندی بۆ دەشکاندن، سفرەی لەگەڵ کۆدەکردنەوە، چای تێ‌دەکرد، بۆخۆی جێوبانی خۆی هەڵدەگرت. وێنەگر و خۆشنووسێک بوو، حەزت دەکرد چی تراکت و ئاگاداری و سەربەرگی بڵاوکراوەکانە، وەک تەختەبەردە پانەکەی دەم ڕێگای چەکۆ ـ میراوێ کە دروشمی دێمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانی لەسەر نووسیبوو، بە خەتی ئەو بنەخشێندرێن. لە بواری ڕاگەیاندندا، کەم کادری حیزبیی هاوتەمەنی تۆزیان دەشکاند. بە زمانی سادە و پاراوی و بەو شارەزاییە سەرنجڕاکێشەی ئەو منداڵەی شاری، لە کۆمەڵناسی و دەروونناسی و پێوەندییەکانی خەڵکی لادێ هەیبوو، مەبەستەکانی خۆی و حیزبەکەی، بە هاسانی لە نێو خەڵکدا دەبردە پێش. لە خۆڕایی نەبوو لە مانگەکانی دیفاع لە ئازادی‌و هێرش بۆ سەر دوژمندا، تەداروکی بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگەی حیزب و هێزی پشتیوانیان لە ناوچەی پیرانشار و سەردەشت بەو سپاردبوو. ئەو ئەگەرچی وەک پسپۆڕێکی کاری تەشکیلاتی لە ئاستی حیزبدا ناوی دەرکردبوو، بەڵام لە ئازایەتی و نەترسی و شەڕکەریدا، لە هیچ قارەمانێکی مەڵبەندەکەی خۆی، پیرانشار، نەدەمایەوە".

## گەلاوێژی ۲۷۲۵

هەیاس کاردۆ لە بیرەوەرییەکانیدا ئاوا باسی شەهید ڕەحمان دەکا: "سۆفیزادە بە نیسبەت تەمەنی کەمی (ئەوکات لە خوار ۲۵ساڵیدا بوو) زۆری دەزانی. لەنێو ئەو هەموو لاو و تازە لاوانەی تازە ڕوویان کردبووە ڕیزەکانی شۆڕش، ژمارەیەکیان زۆر دیار و بەرچاو بوون. ڕەحمان یەک لەوانە بوو کە چاوەڕوانیی زۆری لێ دەکرا و بۆچوون و زانیارییەکانی جێگای لێ وردبوونەوە بوون. ئەو کە لە یەکیەتیی لاوانەوە دەستی بە خەبات کرد وەک کەسێکی خۆشفکر و خاوەن ڕا چاوی لێ دەکرا و هەر بۆیە بەپەلە جێگای خۆی لە ڕێبەرایەتیی ئەو ڕێکخراوەدا کردەوە. چاکم لە بیرە لە ڕێورەسمی ۲۵ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳٦۱دا کە خەڵکی چەند گوندی ناوچەی چۆمی مەجیدخانی مەهاباد لەنێو باغەکانی "قەرەگۆل" کۆ ببوونەوە، قسەکانی ئەو کوڕە باڵا بەرزە سەرلووت ئارەقاوییە گفتولفت خۆشە سەیر کاری تێکردن. ناوبراو هەمیشە قسەکانی بە شێعرێکی شۆڕشگێری دەست پێ دەکرد کە من لەتە بەیتێکیم هەر لە بیرە کە دەڵێ: بیری مێژوو ژیلەمۆی ئازادیخوازی تێکۆشان.... سۆفیزادە لە ناوچەی پیرانشارەوە خۆی گەیاندبووە نیزیک میاندواو هەتا بە وتاری ئاگراوی تۆوی خەبات و خۆڕاگری بچێنێ و دەرسی چۆنیەتیی ژیان بڵێتەوە ".

شەهید ڕەحمان بەدڵ ئەویندارى ئازادی نەتەوەکەی بوو. لەپێناو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجی نەتەوە ستەملێکراوەکەیدا هەموو نرخێکی بە هەرزان دەزانی. جووڵە و تەکانەکانی ئەو لاوە دڵ گەرمە خەریک بوو تەزوویەکی خۆش بدا بە لەشی کوردستان کە دەستی ڕەشی زاڵم دڵی گەرمی لە لێدان خست. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەرەبەیانی ڕۆژی ۲٦ی گەلاوێژ بە هێزێکی زۆرەوە هێرشیان کردە سەر گوندی جانداران و دەورووبەری، کە لە لایەن تێکۆشەرانی دێموکراتەوە بەرپەرچیان درایەوە و پاش شەڕێکی یەک ڕۆژە ژمارەیەکی بەرچاویان لە هێزی کۆنەپەرەستی کوشت و پاشەکشەیان پێ کردن. لەو بەربەرەکانییەدا کە ڕەحمانی سۆفیزادە فیداکارییەکی کەموێنەی لە خۆی نیشان دا، پاش خۆڕاگری و وەدەستهاتنێکی زۆر پاڵەوانانە، کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و خوێنی تێکەڵ بە خوێنی کادرێکی دیکەی حیزب -مەحموود فەیزی- بوو، و ڕوحی پاکی بەرەو ترۆپکی نەمان هەڵفڕی.

۲٤ی گەلاوێژی ۲۷۲۵



سەرچاوە
Serchawe

## نیشتمان قەرزداری گیانفیدایی ژینگەپارێزانە!





**جەماڵ فەتحی**

سالآنێکە کوردستان لەژێر دەسەڵاتدارەتیی حکوومە دیکتاتۆری و تۆتالیتارەکانی تاراندا بە هەموو شێوەیەک هەموو تامێکی تاڵی دەچێژێ و هەموو بەڵایەک و کارەساتێکی بەسەر دێ و هەموو پێشێلکاری و پێخوستکردنێکی مافەکانی لەسەر تاقی دەکرێتەوە، کەچی بە هەموو ئەوانەشەوە ئەم خاک و نیشتمانە لە چاو خاک و نیشتمانی نەتەوەکانی دیکەی دەوروبەری

ئاوەدانتر و سەرنجڕاکێشتر و خەڵکەکەی مافویست و لەسەر پێترە. ئەم ئاوەدانییە جیا لەوە بۆ خودی ژینگەی لەباری کوردستان دەگەڕێتەوە، بەرهەمی بوونی ڕۆڵەگەلێکە کە ئامادەن گیان و ژیانی خۆیان بکەنە قوربانیی نیشتمان و خاکەکەیان.

کۆماری ئیسلامی لە تەنیشت سەرکوتی سیستماتیکی کوردستان لە هەموو ڕەهەندەکاندا ساڵانێکیشە بەوپەڕی دڵڕەقی و بەدوور لە هەرچی پرەنسیپی مرۆیی و یاساییەوە کەوتووەتە گیانی ژینگەی کوردستانەوە و لە ئاگرتێبەردانی دارستانەکانەوە بگرە هەتا ئالوودەکردنی ئاو و وشککردنی گۆل و چۆمەکانەوە دەستی لە هیچ کاولکارییەک نەپاراستوە و لە هیچ کارەساتخوڵقێنییەک نەپرینگاوەتەوە. ئەم ئاکار و کردارانە کە بەنیسبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێ، بەبێ هیچ دردۆنگییەک تەنیا یەک ناوی لەسەر دەنرێت، ئەویش کردەوەی داگیرکاریی نێوخۆیی لە چوارچێوەی جوغرافیایی بەناو وڵاتێکدایە. کردەوەی داگیرکاری بەو واتایەی کە ئەم ڕێژیمە ئەگەرچی هەڵگری دوو گوتاری ئێرانی و ئیسلامییە، بەڵام سیاسەت و ڕەفتاری لەهەمبەر خەڵکی کورد و ژینگەی کوردستان نە لە چوارچێوەی ئێرانیبووندا واتا دەدا کە خۆی باوەڕی پێیەتی و نە لە چوارچێوەی ئەو ئیسلامەشدا جێ دەگرێ کە بەردەوام بانگەشەی بۆ دەکات.

ئەوەش کە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە شاری سنە و لە کاتی بەخاکسپاردنی شەهیدانی نوێی ژینگە - حەمید مرادی، چیاکۆ یۆسفیزادە و خەبات ئەمینی"دا خەڵک دروشمی "داگیرکەری ئێرانی ... قاتڵی ڕۆڵەمانی" بەرز کرایەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە خەڵکی وشیاری کورد بەتەواوی لەوە تێگەیشتوون کە ڕێژیمی داپڵۆسێنەر و سەرکوتگەری تاران هەموو کردەوە و سیاسەتەکانی لە ئاراستەی سیاسەتێکە کە تەنیا یەک ناوی لێ دەنرێت، ئەویش داگیرکاریی نێوخۆیی خاک و خەڵکێکی مافویست و خاوەن شوناس و مێژوویە.

زۆر جار بەرپرسانی ڕێژیم بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسایەتیی جینایەتەکانیان و پەردەپۆشکردنی سیناریۆ ئەمنیەتییەکانیان هۆکاری ئاگرتێبەردانی دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان بۆ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما لە وەرزی هاویندا دەگەڕێننەوە، کە هیچ بنەمایەکی لۆژیکی تێدا بەدی ناکرێت. چونکی ئەگەر وایە بۆچی زۆر شوێن و ناوچەی دیکە لە ئێران و وڵاتانی دراوسێش کە لە چاو ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆریش گەرمترە ژینگەکەیان بەدەگمەن تووشی سووتمان و ئاگرکەوتنەوە دەبێت؟ یان ئەگەر ڕێژیم خۆی لە هەمبەر ئەو خاک و ژینگەیەدا بە بەرپرس دەزانێت بۆچی لە کوژاندنەوە و کونترۆڵی ئەو ئاگرانەدا هیچ هەنگاوێکی بەکردەوە هەڵناگرێ هەتا ژینگەپارێزان کە بە کەمترین پێداویستییەوە بەرەورووی ئاگر دەبنەوە، تووشی ڕووداو و کارەساتی دڵتەزێن نەبنەوە؟ بۆچی درێغیی لە هەموو ئیمکاناتێکی حکوومەتی و دەوڵەتی بۆ دامرکاندنی سوتمانەکان کردوە و دەیکا؟

## گەلاوێژی ٢٧٢٥


لەنێو خەڵک و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا زۆر جار بۆچوون و پرسیاری جیاواز لەسەر ئەوەی کە ئاخۆ ڕێژیمی تاران داگیرکەرە یان نا، دێتە ئاراوە و ئەم بۆچوون و وەڵامە جیاوازەکان بەو پرسیارە چارەسەریی کێشەی کوردیان هێندەی تر تووشی ئاڵۆزی کردوە. بەڵام ئێستە کە دەبینین ئەو دوژمنە ڕق لەدڵە خۆی لە هیچ کردارێکی دژەمرۆیی نابوێرێ و دەست لە هیچ تاوانێک ناپارێزێ، نابێ گومانمان لەوە بێت کە کار و کردەوەکانی ڕێژیمی سیاسیی دەسەڵاتدار لە ئێران چەشنی ڕێژیمێکی داگیرکەرە کە کوردستانی داگیر کردوە. ئەوەش بێگومان کارتێکەریی زۆری لەسەر بیرکردنەوە و هەڵوێستی سیاسیی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاراستەی ڕوانگەکان بووە کە ئاخۆ باشتر نیە لە جیاتی ئەوەی وزەی شۆڕش و ماتەوزەی کۆمەڵگە لە پێناو دێموکراتیزەکردنی نەتەوە و دەسەڵاتی باڵادەست بەفیڕو بڕوات، ئەو ماتەوزانە لە پێناو دەربازبوون و سەربەستیی خاک و ڕزگاریی نەتەوەیی بەکار ببردرێ.

شەهیدکردنی ژینگەپارێزانی کوردستان کە چەندین ساڵە بووەتە بەشێک لە سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو ڕاستییەیە کە ئەم ڕێژیمە کە ئەگەرچی بە ڕواڵەت خۆی لە دوژمنایەتیی کورد دەبوێرێ و کورد بە بەشێک لە پێکهاتەی ئێران دەزانێ، بەڵام لە کردەوەدا بەپێچەوانە، لە کوردستان وەک هەرێمێکی داگیرکراو دەڕوانێت و لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەوەندەی پێی بکرێت خوێنی خەڵکەکەی لە شووشە بکات و لە کۆتاییدا خاک و ژینگەکەشی بکاتە چۆڵەوانییەک کە بۆ ژیانکردن نەشێت.

تازەترین هەوڵی ئاگرتێبەردانەکانی سروشت و ژینگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە بۆ سەرەتای مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ دەگەڕێتەوە کە لە ئاویەر رووی دا کە بەداخەوە لە پێناو کوژاندنەوەی ئەم ئاگرە سامناکەدا سێ ڕۆڵەی ژینگەپارێزی خەڵکی سنە گیانی ئازیزیان بە کوردستان سپارد و کۆمەڵێک ژینگەپارێزی دیکەش سووتاون و ئێستا لە نەخۆشخانەکاندا کەوتوونە ژێر چاودێری پزیشکی. لە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی ئەم شەهیدانە خەڵکی دەرووەست و شوناسخوازی سنە و کوردستان وەک لە کاتی ڕاپەڕینی ژینا جارێکی تر بە دەنگی ڕاشکاو و بەبوێرییەوە دروشمی دژی داگیرکەریی تاران و سپای پاسدارانیان بەرز کردەوە و وەکوو هەمیشە سەلماندیان کە کوردستان سەنگەری لەگیراننەهاتووی ڕزگاری و ئازادییە و ڕۆڵەکانی لە پێناو پاراستنی ئەم خاکە ئامادەیی هەر جۆرە گیانفیدایی و لەخۆبوردووییەکن.

٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# چۆن لە هزری دوکتور قاسملوو کەڵک وەرگرین.



**مستەفا شەڵماشی**

لە کەسمان شاراوە نیە شەهیدی ڕێبەر دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملوو کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورد لە هەموو کوردستان بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی هەبووە و تا ئێستاش هەیە. بە تایبەت لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ئەو کاریگەرییە زۆر بەرچاوە و هزری قاسملوو لە ڕاستیدا بەسەر ڕێڕەوی خەباتی دێموکراتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە. دوکتور قاسملوو سیاسەتمەدارێکی شاز بوو لە نێو جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورددا. ئەو لەگەڵ سیاسەتمەدار، سیاسەتمەدار و لەگەڵ ئابووریزان، ئابووری زان و، لەگەڵ دیپلۆمات، دیپلۆمات، و لەگەڵ کۆمەڵناس، کۆمەڵناس و تەنانەت لەگەڵ شاعیر و ئەدیب، شاعیر و ئەدیب بوو.

ئەوەندەی پەیوەندی هەبێ بە مەسەلەی کوردەوە بە گشتی، لە نێو ڕێڕەوی خەباتی چەندین ساڵە و شێوەی لێکدانەوە و سیاسەتسازی و ڕێبەریکردنی دوکتور قاسملوودا وانەی زۆر گەورە هەن کە دەکرێ ڕێبەرانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لێیان فێر بن و بیانکەنە چرای ڕووناککەرەوەی قۆناغە تاریک و بەرتەسکەکانی خەباتی خۆیان بۆ مامەڵەکردن

لەگەڵ دەوروبەریان و بۆ زاڵبوون بەسەر نەیارانی کورددا، کە بە داخەوە هەرچوار دەوریان تەنیوە.

یەکێک لە ئاستەنگەکانی بەردەم هەموو ڕێبەرانی کورد لە هەر چوارپارچەی کوردستان ئەوەیە کە بە هۆی دابەشکرانی کوردستان بە سەر چوار وڵاتی ناوچەیی پڕ کێشە و ئاڵۆزی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەداخەوە لە هەریەک لەو بەشانەی کوردستاندا لە خەباتدا بی، هەرچوار دەورت دوژمنی فکری و هزریی مەسەلەکەی تۆیە. هیچ کام لەو وڵاتانەی کە بەشێک لە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، لە ڕاستیدا موافقی چارەسەری مەسەلەی کورد لە هیچ یەک لەو وڵاتانەدا نین. ڕێژیمەکانی حاکم بەسەر ئەو وڵاتانە لە باشترین حاڵەتدا بە هۆی ڕکەبەرایەتیی ناوچەیی ڕەنگە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی خەباتدا بە قازانجیان بێ بە هۆی جووڵانەوەی کوردەوە فشارێک بۆ وڵاتەکەی دراوسێیان بێنن و لە کۆتاییشدا مامەڵەی پێوە بکەن. بۆیە هونەری ڕێبەرانی کوردیش لەوەدایە کە چۆن بتوانن پارسەنگێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی هەم لە ناکۆکیی نیوان دژبەرەکانیان کەلک وەرگرن و هەم بە کردەوە نەچنە ژێرباری داخوازییەکانی ئەو وڵاتانە کە لە کۆتاییدا بە زیانی هەموو نەتەوەی کورد تەواو دەبێ. بۆیە گرنگترین سیفەت بۆ ڕێبەرانی کورد ئەوەیە هزری نەتەوەیی بەسەریاندا زاڵ بێ و هەموو ڕێبازە فکرییەکان بۆ گەشەپێدان و برەوپێدانی هزری نەتەوەیی بە کار بێنن.

بە ڕاشکاوی دەتوانم بڵێم یەکێک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە هەوڵی دەدا لە هەموو ڕێبازە فکری و هزرە زانستی و کۆمەڵایەتییەکان، بە قازانجی پتەوکردن و گەشەپێدانی هزری نەتەوەیی کەلک وەرگرێ و لە کۆتاییدا پرسی نەتەوەییبوونی کورد دەوڵەمەند بکا بە بناغەی زانستی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕێبازە جۆربەجۆرەکان لەگەڵ هەلومەرجی خەباتی نەتەوەی کورد بگونجێنێ و ستراتیژیی خەباتی کوردیش لەگەڵ پێشکەوتنەکانی جیهانیی سەردەم و ئەو ڕێبازە فکرییە پێشکەوتووانەی جیهان ڕێک بخا کە توانیویانە کۆمەڵگەکەی خۆیان بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردن و ئازادی و یەکسانی هیدایەت بکەن. کەواتە هزری دوکتور قاسملوو لەسەر بناغەی نەتەوەییبوونێکی پێشکەوتنخوازانە دامەزراوە کە ئەگەر بە باشی کەلکی لێ وەربگیرێ یارمەتیدەر دەبێ بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کورد بەرەو ئازادی، پێشکەوتن و سەربەخۆیی هیدایەت بکا. بەڵام ئێمە لەسەر چ بناغەیەک دەتوانین ئەو ئیدیعایە بکەین کە هزری دوکتور قاسملوو بەم جۆرە بەربڵاوە و دەکرێ وەک مۆتۆڕی جووڵاندنی خەباتی نەتەوەی کورد چاوی لێ بکرێ؟ بە چەند خاڵێک دەکرێ ئەمە ڕوون بکەینەوە:

دوکتور قاسملوو لە کتێبی "کوردستان و کورد"دا کە ساڵی ١٩٦٢ لە نووسینەکەی بۆتەوە، بە شێوەیەکی زانستی دەیسەلمێنێ کە "کورد یەک نەتەوەیە و کوردستان یەک وڵاتە" کە دابەش کراوە: "نەتەوەی کورد یەک نەتەوەیە کە هەموو سروشتە تایبەتییەکانی نەتەوایەتیی تێدا هەن. کۆمەڵە خەڵکێکی سەقامگیرە کە لە مێژوو دا دروست بووە و خاکی هاوبەش و

بنـاغەی دامەزرانـدنی ئـابووریی هـاوبەش و خـوو و ڕەوشـتی هاوبەشـی هەیە کە لە فەرهەنـگ و ڕێوشـوێن و ئامـانجی نەتەوایەتیی هاوبەش بۆ ڕزگاری و یەکیەتیی نەتەوایەتیدا خۆی دەنوێنێ". کەوابـوو دوکتـور قاسملوو سـاغبوونەوەی تەواوی هەبووە لە ڕێبازی سیاسیی خۆیدا و لەو ئامانجانەدا کە بۆ خەباتی بێپسانەوەی سیاسیی خۆی دیاری کردوون.

بۆ دوکتور قاسملوو بەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد لە پێش هەموو ئامـانجێکەوە بـووە. ئەگەر بە زمـانی سـادە هەڵیسـەنگێنین ئەو قەناعەتەمـان لا دروست دەبـێ کە "کـوردایەتیی مـۆدێرن" ئامـانجی سـەرەکیی دوکتـور قاسملوو بووە، کوردایەتییەک بە شێوەی دێموکراتیک و هەڵگری بارگەی یەکسانیخوازانە و عەداڵەتخوازانە و گونجـاو لەگەڵ مەنشووری مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان.

**لە چەند خاڵێکی سەرەکیدا ئەو کوردایەتییە ڕوون دەکەینەوە.**

**یەکەم وانە** دۆزینەوەی فۆرمۆلێکی زۆر کارا و بەهێز بۆ خەباتکردن. لە فۆرمۆلی دوکتور قاسملوو دا فاکتەری هێـزی کـورد بـۆ خۆی ڕۆڵێکی گەورەی پێ درابوو و لە ڕاستیدا بە دەستهێنانی ئەنجامی هاوکێشە سیاسییەکە درابـوو بە هێزی جووڵانەوەی کورد. بۆ وێنە سەرەڕای پەیوەندیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ دەوڵەتـی عێـراق، هـیچ کاتێـک دوکتـور قاسملوو تـای تەرازووی دۆستایەتیی بەلای حکوومەتی ئەو وڵاتەدا نەشکاندەوە، بەڵکوو هەمیشە دۆستایەتی لەگەڵ جووڵانەوەی کورد لە باشووری کوردستـانی ڕاگـرت و تەنـانەت یـارمەتیی دا و هـیچ کاتێـک قەبـووڵی نەکـرد کە لە ڕێگـای ئەو و حیـزبەکەیەوە بچووکترین فشار بـۆ سـەر جـووڵانەوەی کـورد لە باشـووری کوردستان بـێ. مەسـەلە ئەوە نەبـوو کە داوای لـێ نەکـرێ، بەڵام ئەو وەڵامـی ئوسوولیی هەبوو. ئەو هێزی جووڵانەوەی کوردی دەبردە تەشقی ئاسمان لە بەرامبەر نەیاراندا. لە کـاتی فشـارهێنانـدا ئەو بوو کە مەرجی بۆ نەیـاران دیـاری دەکـرد و بەئاشکرا پێی ڕادەگەیـاندن کە ئەگەر فشـار بێـنن خەبـاتی ڕۆژهەڵات و باشـوور لێک گـرێ دەدەن. هاوکێشـەی قاسملوو ئەوە بـوو کە بەردەوام داوا بکـا مەسـەلەی کـورد بە شێوەی سیاسـی چارەسـەر بکەن و ڕایدەگەیاند کە هیچ چارەسەرێکی دیکە ناتوانێ کاریگەر بێ. بە ئاشکرا و بێ پێچ و پەنا دەیگوت کە مەسەلەی کورد تەنیـا چارەسـەری سیاسیی هەیە و ئەگەر ئەو کـارە نەکەن ئەوە کێشـەی خۆیـانە و کـوردی ڕۆژهەڵات ئـامادە نیە لە دژی خوشک و براکانی لە باشوور هیچ هەنگاوێک هەڵێنێتەوە.

ئەو سیاسەتە نەتەوەییەی حیزبی دێموکرات کارێکی کردبوو کە خەبـاتگێڕانی باشوور بە نێـو ڕێزەکـانی حیزبـی دێموکراتـدا دەهاتن و دەچوون و لە قووڵایی باشووری کوردستاندا چالاکییـان دەکرد و هەر بە نێـو حیزبـی دێموکراتیشدا دەگەڕانەوە بـۆ سـەرکردایەتییان کە دیسـان لە نـاوچەکـانی ژێـر دەسـەڵاتی جـووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتـدا بـوو یـا لەسـەر سنووری ڕۆژهەڵاتـی

کوردستان بوو. کەوابوو یەکەم وانەی گەورەی دوکتور قاسملوو کوردایەتییەکی ڕاستەقینە بە دڵسۆزی بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان بوو، بێ ئەوەی کە بیهەوێ دەستێوەردان لە کاروباری بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بکا. واتە کوردایەتی هێڵی سەرەکیی ڕێبازمان بێ و نەکەوێتە ژێر ئامانجی دیکەوە.

**دووەم وانەی** دوکتور قاسملوو، گرنگیدان بە پەیوەندیی دیپلۆماسی لەسەر بناغەی قازانجی هاوبەش بوو. ئەو فێری کردین کە سەردەمی پەیوەندیی کۆلۆنیالی، بەزەیی مرۆڤایەتی یا برایەتیی ئیدئۆلۆژیکی بەسەر چووە. کورد نابێ تەسلیمی پەیوەندیی کۆلۆنیالی بێ و تەنیا بۆ پاراستنی گیانی خۆی ببێتە داردەستی هێزی دەرەکی. یا بچێ وەک قوربانییەک بپارێتەوە تا یارمەتیی بدەن، یا خۆی بە ئیدئۆلۆژییەکەوە ببەستێتەوە و چاوی داخا و هەرچی پێی دیکتە بکەن، بیلێتەوە. بەڵکوو دەبێ بەرژەوەندییەکانی خۆی هەڵسەنگێنێ، لەگەڵ بەرژەوەندیی هەردووک لایەنی بەرامبەر تاوتوێی بکا و هاوکێشەیەک بدۆزێتەوە کە بەرژەوەندیی هەردووک لای تێدا پارێزراو بێ و بەم جۆرە مامەڵە و دۆستایەتی بکا. واتە سەربەخۆیی تەواومان هەبێ لە سیاسەتکردندا و لەبیری بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی خۆماندا بین.

**سێهەم وانەی** گەورەی دوکتور قاسملوو ئەوە بوو کە هەرچەند کوردستانی بە یەک وڵات و کوردی بە یەک نەتەوە دەزانی، بەڵام جیاوازییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستانی دەخوێندنەوە و پێی وابوو کە هەر پارچەیەی دەبێ بەپێی هەلومەرجی خۆی خەبات بکا و قۆناغەکانی خەباتی خۆی دیاری بکا. پێی ڕەوا نەبوو هیچ پارچەیەکی کوردستان لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا دەستتێوەردان بکا. نەزەری ئەوە بوو کە پێویستە دۆست و هاوکاری یەکتر بن، بەڵام نابێ دەست لە کاروباری یەکتر وەردەن. سەردەمانێک لە ژێر ڕێبەرایەتیی د. قاسملوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان گەورەترین حیزبی کوردی و جووڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، گەورەترین جووڵانەوەی کوردی بوو، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ نە حیزبی دێموکراتی کوردستان و نە جووڵانەوەی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی بچووکترین دەخالەتیان لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا نەکرد. واتە سەرەڕای دۆستایەتیکردن و هاوخەباتی و هاوپەیمانی لە نێوان جووڵانەوەی هەموو بەشەکانی کوردستاندا، پێویستە بەڕێوەبردن و داڕشتنی سیاسەت بۆ هەر بەشەی کوردستان، بە جووڵانەوەی کورد لەو بەشە بسپێردرێ. بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا دژایەتی یەکتر نەکرێ و بە پێچەوانەوە، پشت و پەنای یەکتر بین.

**چوارەم وانەی** گەورەی دوکتور قاسملوو ئیمان بە چارەسەریی ئاشتیخوازانەیە. پێکەوەژیانی مرۆڤانەی نێوان گەلانی ناوچە، وەلانانی ڕق وتۆڵە و کارکردن بۆ سەقامگیریی دێموکراسی و ئاشتی، کە بەداخەوە گیانی خۆشی لەسەر دانا. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە ڕێگای وتووێژ تەنیا ڕێگای چارەسەری گیرو گرفتەکانی گەلانی ناوچە بوو. لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە چەک تەنیا بۆ بەرگری لە خۆت و لە دەسکەوتەکان بەکار دەهات. لە ڕوانگەی ئەوەوە بە توندوتیژی هیچ



سەرچاوە
Serchawe

کێشەیەک چارەسەر نەدەکرا و کۆتایی هەموو گرفتێک لەسەر مێزی وتووێژ ئیمکانی هەبوو کە بەداخەوە لە وڵاتانی دیکتاتۆر لێدراو و تا سەر ئێسقان پڕلە بوغزوغەرەزی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا ئەو ڕێڕەوە جاریَ زەمینەی زۆر کەمە و بە داخەوە زۆر جار لایەنگرانی ئەم ڕێبازە مرۆڤانەیە دەبنە قووربانیی بیروبۆچوونە مرۆڤدۆست و دێموکراتیکەکانی خۆیان. بەڵام گومان لەوەدا نیە کە داهاتوو هەر هی ئەو بۆچوونە مرۆڤدۆستانەیەیە.

واتە ئێمە پێویستە ماندوو نەبین لە بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونی ئاشتیخوازانە و پێکهێنانی کەشوهەوای پێکەوە ژیانی هەموو نەتەوەو ئایین و ئاینزا جیاوازەکانی دەوروبەرمان. ئێمەی کورد نەتەوەیەکی کۆنی ئەو ناوچەیەین کە بە هەزاران ساڵە تێیدا دەژین. بەڵام چواردەوریشمان گیراوە بە نەتەوەی جیاواز، ئایین و ئاینزای جیاواز. پێویستە هەوڵ بدەین بە مودارا و ئاشتیانە لە گەڵیان بژین، هەرچەند مافی خۆمانە بەرگری لە بوون و مانەوەو دەسکەوتە نەتەوەییەکانی خۆمان بکەین.

**پێنجەم وانە** کە دەبیَ لە د. قاسملوو فێری ببین ئەوەیە کە ئەو پڕاگماتیست و واقیعگەرا بوو، بەڵام پێداگر بوو لەسەر مافە ڕەواکانی نەتەوەکەی. د. قاسملوو بەشێوەیەکی زانستی و تیۆریک ڕەهەندەکانی خەباتی هەڵدەسەنگاند. پشتی بە زانیاریی ڕاست دەبەست بۆ هەڵسەنگاندنی هاوکێشەی هێز لە نێوان خۆمان و ئەواندا، یا ئێمە و نەیاران و دوژمنانماندا، بەڵام هیچ کاتێک تەنانەت لاسەنگیی هێزیش کاریکی وای نەدەکرد کە دەست لە مافەکانی نەتەوەکەی هەڵگریَ. واقیعگەرایی بە بۆچوونی قاسملوو ئەوەبوو کە هەوڵ بدەی ڕاستییەکان و واقیعییەتەکانی گۆڕەپانی خەبات و وڵاتەکەت بزانی، تا بتوانی واقیعە تاڵەکان بە قازانجی خۆت بگۆڕی. ئەو مەبەستی لە واقیعگەرایی ئەوە نەبوو کە تەسلیمی هەلومەرجی داسەپاو بی. ئەو دەیویست هەلومەرجەکە وەک خۆی هەڵسەنگێنیَ و ڕاستییەکان بە باشی ببینیَ، بەڵام هەوڵ بدا ئەو ڕاستیانە بگۆڕیَ کە بە زیانی نەتەوەکەنی و لە مێژوویەکی پڕ لە چەواشەکاری دا بۆ ئاسیمیلە کردن و تواندنەوەی نەتەوەکەی لە لایەن نەیارانەوە بەرهەم هاتوون. بۆ قاسملوو سیاسەت ئەو هوونەرە بوو کە ئیمکان بڕەخسێنیَ تا ناموومکینەکان مومکین بکا. زۆرجار بە هەڵە ڕستەی سیاسەت هونەری مومکینە لێک دەدرێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دوکتور قاسملوو باسی کردوە. بەڵام مەبەستی ئەو تەسلیمبوون بە واقیعی تاڵ نەبووە و خۆ ئەگەر وابوایە، بێگومان ڕووی نەدەکردە مەیدانی شۆڕشگێڕی. چونکی شۆڕش بە مانای گۆڕینی بناغەیی لە واقیعە زاڵمانە و بێعەداڵەتییەکانە.

**شەشەم وانە** ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لەسەر سەربەخۆیی سیاسییە کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە تەواوی جێگیر بووە. هەر لەو کاتەوە کە دوکتور قاسملوو وەک نوێنەری حیزبی توودە بۆ پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە دیاری کراوە، دەستی پیَ کردوە. لە جیاتی ئەوەی کە هەوڵ بدا هەرچی زۆرتر حیزبی دێموکراتی کوردستان بە


سەرچاوە
Serchawe

حیزبی توودەوە گرێ بدا، هەوڵی داوە کە کومیتەیەکی بەڕێوەبەریی سەربەخۆ دروست بێ بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات هیچ پەیوەندییەکی تەشکیلاتی یا گرێدراویی سیاسی بە حیزبی توودەوە نەبێ. کە لە کۆتاییشدا کاریگەریی زۆری دەبێ لەوە دا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەندییە تەشکیلاتییەکانی بە تەواوی لەگەڵ حیزبی توودە بپسێنێ و تەنانەت لێی دوور کەوێتەوە. تەنیا ئەو دەیتوانی لەبەرامبەر هێرشی سیاسی، ئیدەئۆلۆژیکی و تەشکیلاتیی حیزبی توودەدا کە باشی دەناسی، خۆی ڕابگرێ و بە لێزانی و پێداگرییەوە بەرگری لە سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا و نەیەڵێ حیزبی توودە بە فرت و فێڵە ئیدەئۆلۆژیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵلووشێ. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکرانی پێشەوای مەزندا، حیزبی توودە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا دەستێکی باڵای هەبوو و لە ڕاستیدا مەیدانداری بێ ڕکابەر بوو. بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی کەسانی وەک دوکتور قاسملوو و زۆر کادری لێوەشاوەی دیکە سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پارێزرا.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کە هێرشێکی دڕندانەی هەموو لایەنە کرایە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەڕێکی خوێناوی بەسەر کوردستان دا سەپا، جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی زۆری بە هاوکاری دەور وبەر هەبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکی لەو پەیوەندییە وەرگرت کە لە پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە هاوکاریی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان کە لەو کاتدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بەیانی یازدەی ئاداریان ئیمزا کردبوو، دامەزرا بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان کەلکی لەو پەیوەندییە وەرگرت، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدا و هەر لەو کاتەدا کە لە ناکۆکی نێوان ڕێژیمەکانی عێراق و ئێران کەڵکی وەردەگرت، سەربەخۆیی سیاسی خۆی بە تەواوی پاراستبوو. لەگەڵ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی باشووری کوردستانیش پەیوەندییەکی نەتەوەیی و سیاسی هەبوو. ئەوە زۆرتر لەژێر ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا بەدی هاتبوو. ئەوە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەک ئەسڵێکی نەگۆڕ چاو لێ دەکرێ و لە سەرهەڵدانی زۆر کێشەدا هەمیشە حیزبی دێموکرات لەبەر چاوی دەگرێ و زۆر بە مەتانەت و لەسەرەخۆیی دەجووڵێتەوە و خۆی تێکەڵ بە ئەجێندا بیانییەکان ناکا و بە سەربەخۆیی بڕیار دەدا، سیاسەتێکە کە لە زەمانی دوکتور قاسملوودا نیهادینە کراوە. ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرەڕای کەلک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی گەلانی دیکە و خوێندنەوەی ئیدەئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان و لە زۆر بواردا کەلکوەرگرتن لێیان، هەمیشە سیاسەتی تایبەتیی خۆی هەیە و لەژێر تەوژمی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا نیە و بە پێی هەلومەرجی سەردەم هەڵوێست دەگرێ و نوسخەی پێچراوە لە هیچ هێزێک قەبووڵ ناکا، ئاکامی هەوڵ و تێکۆشان و ڕۆڵی گەورەی دوکتور قاسملوو لە جیگیرکردنی سەربەخۆیی سیاسی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندایە.

هەر بە سەرکردایەتیی دوکتور قاسملوو بوو کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا حیزبی دێموکرات چەندین



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

بڕیاری وەک دەنگنەدان بە کۆماری ئیسلامی، مەحکوومکردنی دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتی ئامریکا و ڕەتکردنەوەی بیانووی خەبات لە دژی ئیمپریالیزم بۆ داپۆشینی ویستی نەتەوایەتیی ڕەت کردەوە.

هەر بە هۆی ئەو سەربەخۆیی سیاسییەوە بوو، کە لە شەڕی کۆماری ئیسلامی و عێڕاقدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی خۆی تێکەڵ بەو شەڕە نەکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگرێ، هەموو هێزی خۆی بۆ پاراستنی سنوورەکان بەکار دێنێ. تەنانەت کاتێکیش کە کۆماری ئیسلامی شەڕی دژی گەلی کوردی هەر درێژەدا، لە هەموو ئەو سنوورانەی کە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی تێدا بەهێز بوون، عێڕاق نەیتوانی بێتە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کارەساتی شەڕی ئێران و عێراق پارێزرا. هەڵبەت پێویستە ئیشارە بەوە بکەم کە هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو پرینسیپە گرنگەیان پاراست.

**حەوتەم**: کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بە هەڵوێست گرتنی خێرا و نەترسانە لە کاتی هاتنە پێشی دەرفەتەکاندا، یەکێکی دیکە لە تایبەندییە بەهێزەکانی دوکتور قاسملوو بوو. لە کاتی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە سەردەمی شادا هەر زوو دکتور قاسملوو وەک دەرفەت چاوی لێ کرد، خوێندنەوەی وردی بۆ کرد و زوو بڕیاری دا کە لەو دەرفەتە پێویستە کەلک وەرگیرێ و تەنانەت کارێکی کرد کە حیزب بەوەخت بەرنامەی بۆ دارێژێ. هەربۆیە پێش ئەوەی کە ڕێژیمی شا برووخێ، کومیتەی زاگرۆس بە سەرپەرستیی خودی دوکتور قاسملوو پێکهات و کومیتەیەک لە ڕێبەرایەتی بە خودی دوکتور قاسملووشەوە خۆی گەیاندەوە نێوخۆی کوردستان و ئێران و ئەلحەق کە کاری گەورەشی کرد. هەر ئێستاش هەلومەرج لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەرفەتی زێڕینی خوڵقاندوە و پێویستە بە وردبینییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و بەرنامەی بۆ داڕێژرێ و بۆ کەلکوەرگرتن لەو دەرفەتە هەنگاو هەڵگیرێ. پێویستە لە تاقیکردنەوەی کومیتەی زاگرۆس، کە لە ژێر ڕێبەرایەتیی دوکتوور قاسملوو دا هەنگاوی بوێرانەی هەڵێناوەتەوە کەڵک وەرگیرێ. ئەوەیە کەلکوەرگرتن لە مێژوو. بێگومان ئەوەش وەرەی سیاسی، وردبینی، لێبڕاوی و چاونەترسی گەرەکە.

لە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی دوکتوور قاسملوودا و لە هزری دەوڵەمەند و پڕ لە زانستی ئەودا دەکرێ دەیان وانەی گرنگی خەبات و تێکۆشان هەڵێنجین. باوەڕبوون بەخۆ و پێداگری لەسەر بەردەوامبوون لە خەبات تەنانەت لە هەستیارترین و دژوارترین زەمانەکانیشدا و خۆگونجاندن و سیاسەتسازیی بەردەوام بە پێی هەل ومەرج و ڕوانینی ورد بینانە بۆ داهاتوو، هەموویان لەو باسە گرنگانەن کە لە هزری قاسملوو دا خەت و نیشانیان بۆ کیشراوە، بەڵام بەخاتری کەمبوونی کات و بوونی بەرنامەی زۆرتر بەو چەند خاڵە گرنگە بەسندە دەکەین و ئێستا دەبێ دیاری بکەین کە ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای

شەهیدانی ڕێبەر پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی چۆن و بە چ شێوەیەک کەڵک لەو هەموو ئەزموونە دەوڵەمەندە وەردەگرین.

**بەپێویستی دەزانم ئەوەش لە چەند خاڵێکدا کورت بکەمەوە تا لە دەریای ئەزموونەکەدا سەرگەردان و ون نەبین.**

**یەکەم**: پێویستە هەمووومان خۆ لەوە بپارێزین کە موزایەدەی سیاسی بە هزر و بیر و بۆچوونەکان و شێوەی ڕێبەریکردنی شەهید دوکتور قاسملووەوە بکەین. قاسملوو وەک ئەندامێکی بەرهەمهێنەر لە نەتەوەیەک بەشی هەموو کوردی تێدایە. هەروەها ڕێبەری هەموو ئەندامێکی دێموکرات بووە وەکوو ڕێبەرێکی کاریزماتیک کە تاکوو ئێستاش و دوای شەهیدبوونیشی باندۆڕی هەیە. کە وابوو لە کوردستانی گەورەدا هیچ بەشێک ناتوانێ قاسملوو تەنیا بە هی خۆی بزانێ و لە نێو بنەماڵەی دێموکراتیشدا هیچ کەس ناتوانێ تەنیا خۆی بە درێژەدەری ڕێگای قاسملوو پێناسە بکا و ئەوانی دیکە بە دژبەری ئەو ڕێبازە لە قەڵەم بدا. قاسملوو بۆ خۆی درێژەدەری ڕێگایەک بووە کە دەیان شەهیدی ڕێبەری وەک پێشەوا قازی محەممەدی لە پێناوی نەتەوەکەیدا قوربانی کردوە. هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی دێموکراتیش لە ڕابردوو، لە ئێستا و لە داهاتووش دا هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەن، کە دیارە شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو باشترین ڕێنیشاندەری ئەو بنەماڵە گەورەیە بووەو وانەی زۆر بە نرخی بۆ بەجێ هێشتووین.

**دووەم**: تێبینی یەکی گەورەی دیکە ئەوەیە کە هیچمان هەوڵ نەدەین بیر و هزری شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو بکەینە جۆرێک لە مەزهەب یا ئیدەئۆلۆژیی نەگۆڕ. کە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نەبن. یا نەکرێ ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دا بێ و لە گەڵ هەل و مەرجی تازە نەگونجێندرێن. هەرچۆنێک بێ هزر و سیاسەت و تەنانەت زانستی هەموو بلیمەتەکانی دنیا لەسەر بناغەی داتاکانی سەردەمی خۆیان دارێژراون و ڕەنگە (بەشێک) لەو زانیاری و داتایانە لە کاتی ئێمەدا گۆڕابن. کە وابوو هیچ تیۆرییەکی سیاسی و تەنانەت تیۆرییەکی زانستیش نەگۆڕ نیە و دەکرێ بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێ. بۆیە هەر تیۆری و تێزێک پێویستە بەپێی هەلومەرجی هەنووکەیی هەڵسەنگێنرێ، تا بزانین چەندی لەگەڵ داتاکانی ئەم سەردەمە دەگونجێ. تەنیا ئەو پرێنسیپانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، نەگۆڕن.

**سێهەم**: لە هەڵسەنگاندنی مێژوومانـدا غەدرە پـارێزراوی بـۆ کەس دانێـین. بە ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، یا دوکتور شەرەفکەندیشەوە. ڕووداوە مێژووییەکان دەبێ وەک خۆیان هەڵسەنگێنین. بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەبووە. ئەگەر لەو ڕووداوانە دا تەنانەت ڕێبەرێکی کاریزمای وەک شەهید دوکتور قاسملووش نەخشی سەرەکی هەبووبێ، پێویستە بابەتیانە شرۆڤەیان بکەین.

گەلاوێژی ٢٧٢٥

**چوارەم**: نابێ بەدایم دووبارەی بکەینەوە کە ئیدی قاسملوویەکی دیکە ناتوانێ لە دایک ببێتەوە. ڕەنگە دوای شەهیدکرانی پێشەواش لە لایەن دڵسۆزان بە گەل و نیستمانەوە ئەو قسانە کرابن، بەڵام دوای ئەویش قاسملوو و شەرەفکەندی لە دایک بوون و گومانیشمان نەبێ هەر ئێستا زۆر کەسی وامان هەن کە ئەگەر ڕۆڵی خۆیان بدۆزنەوە و بە ڕاددەی ئەوان لە خۆبووردووییان هەبێ، دەتوانن بەشێکی گەورە لە کەلێنەکە پڕ بکەنەوە. بۆیە نابێ هەوڵ بدەین ڕێبەرانی ئەورۆمان بە سەروەرانی پێشوومان بشکێنین. نابێ ڕێگای بڕیاردان لە ڕێبەرانی ئێستامان بەربەست بکەین. بە هەرحاڵ ئێمە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، مەجبوورین بەپێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەمڕۆ سیاسەت بکەین و هەنگاو هەڵێنین.

**پێنجەم**: خەتایەکی گەورەمان بەرامبەر سیمبۆلەکانی خەباتمان کردوە ئەگەر بمانهەوێ وەک ئامرازێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاریان بێنین کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە. یەکێک لە بەهاکانی کە دوکتور قاسملوو زۆری هەوڵ دەدا بیهێنێتە نێو سایسەتی کوردییەوە، پلۆرالیزمی سیاسی و قبووڵکردنی جیاوازییەکان بوو. ئێستا زۆر غەدرێکی گەورە دەبێ لە خودی ئەو، ئەگەر هەوڵ بدەین جیابیران بکوتین بەوەی کە گۆیا لە ڕێبازی قاسملوو لایان داوە، یا دژی بۆچوونەکانی قاسملوون. سەنگەرگرتن لە پشت سیمبۆلە نەتەوەیی و حیزبییەکان لە بایەخی ئەوان کەم دەکاتەوە. ئەوان دەبێ بە پانتایی نەتەوە، حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و بیر بۆچوونە جۆراوجۆرەکان، کارتێکەرییان بمێنێ. ئەوەیە ڕێزلێنانی ڕاستەقینە لەوان، بەردەوامی دان بە ڕێبازیان و کەڵکی ئەرێنی وەرگرتن لێیان.

با لە وتە و تیۆرییەکانیان بۆ کوتانی جیابیرانمان کەلک وەرنەگرین کە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا لە لایەن ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانەوە داڕێژراون. با هەر مەسەلەیەک لە زەمان و مەکانی خۆیدا هەڵسەنگێنین و ئەگەر بەڵگەی قانیعکەرمان بە دەستەوە نەبوو لە پشت ڕێبەرانی وەک شەهید قاسملووەوە سەنگەر نەگرین.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە هزر و بیری قاسملووەکان بەپێی هەلومەرجی ئەمڕۆ هەڵنەسەنگێنین و لە تاقیکردنەوەکانیان کەلک وەرگرین. لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئەواندا کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێکرا بمێنینەوە و بەپێی ویستەکانیان، بەڵام بە میکانیزمی ئەمڕۆیی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا بگونجێ، بەرنامەی کارمان داڕێژین.

**شەشەم وانە** ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لەسەر سەربەخۆیی سیاسییە کە لەنێو حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بە تەواوی جێگیر بووە. هەر لەو کاتەوە کە دوکتور قاسملوو وەک نوێنەری حیزبی توودە بۆ پەیوەندیی نێوان حیزبی دێموکرات و حیزبی توودە دیاری کراوە، دەستی پێ کردوە. لە جیاتی ئەوەی کە هەوڵ بدا هەرچی زۆرتر حیزبی دێموکراتی کوردستان بە حیزبی توودەوە گرێ بدا، هەوڵی داوە کە کومیتەیەکی بەڕێوەبەریی سەربەخۆ دروست بێ بۆ ئەوەی حیزبی دێموکرات هیچ پەیوەندییەکی تەشکیلاتی یا گرێدراویی سیاسی بە حیزبی توودەوە نەبێ. کە لە کۆتاییشدا کاریگەریی زۆری دەبێ لەوە دا

کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پەیوەندییە تەشکیلاتییەکانی بە تەواوی لەگەڵ حیزبی توودە بپسێنێ و تەنانەت لێی دوور کەوێتەوە. تەنیا ئەو دەیتوانی لەبەرامبەر هێرشی سیاسی، ئیدەئۆلۆژیکی و تەشکیلاتیی حیزبی توودەدا کە باشی دەناسی، خۆی ڕابگرێ و بە لێزانی و پێداگرییەوە بەرگری لە سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بکا و نەیەڵێ حیزبی توودە بە فرت و فێڵە ئیدەئۆلۆژیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەڵلووشێ. دەبێ ئەوەمان لەبەر چاو بێ کە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و شەهیدکرانی پێشەوای مەزندا، حیزبی توودە لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا دەستێکی باڵای هەبوو و لە ڕاستیدا مەیداندارى بێ ڕکابەر بوو. بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی کەسانی وەک دوکتور قاسملوو و زۆر کادری لێوەشاوەی دیکە سەربەخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان پارێزرا.

لە دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کە هێرشێکی دڕندانەی هەموو لایەنە کرایە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەڕێکی خوێناوی بەسەر کوردستان دا سەپا، جووڵانەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی زۆری بە هاوکاری دەور وبەر هەبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان کەڵکی لەو پەیوەندییە وەرگرت کە لە پێش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیدا بە هاوکاریی سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلول لە باشووری کوردستان کە لەو کاتدا لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بەیانی یازدەی ئاداریان ئیمزا کردبوو، دامەزرا بوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان کەڵکی لەو پەیوەندییە وەرگرت، بەڵام هەرگیز سەربەخۆیی خۆی لەدەست نەدا و هەر لەو کاتەدا کە لە ناکۆکی نێوان ڕێژیمەکانی عێراق و ئێران کەڵکی وەردەگرت، سەربەخۆیی سیاسی خۆی بە تەواوی پاراستبوو. لەگەڵ جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی باشووری کوردستانیش پەیوەندییەکی نەتەوەیی و سیاسی هەبوو. ئەوە زۆرتر لەژێر ڕێبەرایەتیی دوکتور قاسملوودا بەدی هاتبوو. ئەوە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەک ئەسڵێکی نەگۆڕ چاو لێ دەکرێ و لە سەرهەڵدانی زۆر کێشەدا هەمیشە حیزبی دێموکرات لەبەر چاوی دەگرێ و زۆر بە مەتانەت و لەسەرەخۆیی دەجووڵێتەوە و خۆی تێکەڵ بە ئەجێندا بیانییەکان ناکا و بە سەربەخۆیی بڕیار دەدا، سیاسەتێکە کە لە زەمانی دوکتور قاسملوودا نیهادینە کراوە. ئەوەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، سەرەڕای کەلک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی گەلانی دیکە و خوێندنەوەی ئیدەئۆلۆژییە جۆراوجۆرەکان و لە زۆر بواردا کەلکوەرگرتن لێیان، هەمیشە سیاسەتی تایبەتیی خۆی هەیە و لەژێر تەوژمی هیچ ئیدئۆلۆژییەکدا نیە و بە پێی هەلومەرجی سەردەم هەڵوێست دەگرێ و نوسخەی پێچراوە لە هیچ هێزێک قەبووڵ ناکا، ئاکامی هەوڵ و تێکۆشان و ڕۆڵی گەورەی دوکتور قاسملوو لە جێگیرکردنی سەربەخۆیی سیاسی لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستان‌دایە.

هەر بە سەرکردایەتیی دوکتور قاسملوو بوو کە لە سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا حیزبی دێموکرات چەندین بڕیاری وەک دەنگنەدان بە کۆماری ئیسلامی، مەحکوومکردنی دەستبەسەرداگرتنی سەفارەتی ئامریکا و ڕەتکردنەوەی بیانووی خەبات لە دژی ئیمپریالیزم بۆ داپۆشینی ویستی نەتەوایەتیی ڕەت کردەوە.

هەر بە هۆی ئەو سەربەخۆیی سیاسییەوە بوو، کە لە شەڕی کۆماری ئیسلامی و عێراقدا حیزبی دێموکراتی کوردستان و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەباتی خۆی تێکەڵ بەو شەڕە نەکرد. حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی شەڕ لە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگرێ، هەموو هێزی خۆی بۆ پاراستنی سنوورەکان بەکار دێنێ. تەنانەت کاتێکیش کە کۆماری ئیسلامی شەڕی دژی گەلی کوردی هەر درێژەدا، لە هەموو ئەو سنوورانەی کە پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی تێدا بەهێز بوون، عێراق نەیتوانی بێتە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەشی گەورەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کارەساتی شەڕی ئێران و عێراق پارێزرا. هەڵبەت پێویستە ئیشارە بەوە بکەم کە هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش ئەو پرینسیپە گرنگەیان پاراست.

**حەوتەم**: کەلکوەرگرتن لە دەرفەتەکان بە هەڵوێست گرتنی خێرا و نەترسانە لە کاتی هاتنە پێشی دەرفەتەکاندا، یەکێکی دیکە لە تایبەندییە بەهێزەکانی دوکتور قاسملوو بوو. لە کاتی سەرهەڵدانی نارەزایەتییەکان لە سەردەمی شادا هەر زوو دکتور قاسملوو وەک دەرفەت چاوی لێ کرد، خوێندنەوەی وردی بۆ کرد و زوو بڕیاری دا کە لەو دەرفەتە پێویستە کەلک وەرگیرێ و تەنانەت کارێکی کرد کە حیزب بەوەخت بەرنامەی بۆ دارێژێ. هەربۆیە پێش ئەوەی کە ڕێژیمی شا بڕووخێ، کومیتەی زاگرۆس بە سەرپەرستیی خودی دوکتور قاسملوو پێکهات و کومیتەیەک لە ڕێبەرایەتی بە خودی دوکتور قاسملووشەوە خۆی گەیاندەوە نێوخۆی کوردستان و ئێران و ئەلحەق کە کاری گەورەشی کرد. هەر ئێستاش هەلومەرج لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەرفەتی زێڕینی خوڵقاندوە و پێویستە بە وردبینییەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێ و بەرنامەی بۆ دارێژرێ و بۆ کەلکوەرگرتن لەو دەرفەتە هەنگاو هەڵگیرێ. پێویستە لە تاقیکردنەوەی کومیتەی زاگرۆس، کە لە ژێر ڕێبەرایەتیی دوکتوور قاسملوو دا هەنگاوی بوێرانەی هەڵێناوەتەوە کەڵک وەرگیرێ. ئەوەیە کەلکوەرگرتن لە مێژوو. بێگومان ئەوەش ورەی سیاسی، وردبینی، لێبڕاوی و چاونەترسی گەرەکە.

لە ڕێبازی پڕ لە سەروەریی دوکتوور قاسملوودا و لە هزری دەوڵەمەند و پڕ لە زانستی ئەودا دەکرێ دەیان وانەی گرنگی خەبات و تێکۆشان هەڵێنجین. باوەڕبوون بەخۆ و پێداگری لەسەر بەردەوامبوون لە خەبات تەنانەت لە هەستیارترین و دژوارترین زەمانەکانیشدا و خۆگونجاندن و سیاسەتسازیی بەردەوام بە پێی هەل ومەرج و ڕوانینی ورد بینانە بۆ داهاتوو، هەموویان لەو باسە گرنگانەن کە لە هزری قاسملوو دا خەت و نیشانیان بۆ کیشراوە، بەڵام بەخاتری کەمبوونی کات و بوونی بەرنامەی زۆرتر بەو چەند خاڵە گرنگە بەسندە دەکەین و ئێستا دەبێ دیاری بکەین کە ئێمە ڕێبوارانی ڕێگای شەهیدانی ڕێبەر پێشەوا، قاسملوو و شەرەفکەندی چۆن و بە چ شێوەیەک کەڵک لەو هەموو ئەزموونە دەوڵەمەندە وەردەگرین.

**بەپێویستی دەزانم ئەوەش لە چەند خاڵێکدا کورت بکەمەوە تا لە دەریای ئەزموونەکەدا سەرگەردان و ون نەبین.**

**یەکەم**: پێویستە هەموومان خۆ لەوە بپارێزین کە موزایەدەی سیاسی بە هزر و بیر و بۆچوونەکان و شێوەی ڕێبەریکردنی شەهید دوکتور قاسملووەوە بکەین. قاسملوو وەک ئەندامێکی بەرهەمهێنەر لە نەتەوەیەک بەشی هەموو کوردی تێدایە. هەروەها ڕێبەری هەموو ئەندامێکی دێموکرات بووە وەکوو ڕێبەرێکی کاریزماتیک کە تاکوو ئێستاش و دوای شەهیدبوونیشی باندۆڕی هەیە. کە وابوو لە کوردستانی گەورەدا هیچ بەشێک ناتوانێ قاسملوو تەنیا بە هی خۆی بزانێ و لە نێو بنەماڵەی دێموکراتیشدا هیچ کەس ناتوانێ تەنیا خۆی بە درێژەدەری ڕێگای قاسملوو پێناسە بکا و ئەوانی دیکە بە دژبەری ئەو ڕێبازە لە قەڵەم بدا. قاسملوو بۆ خۆی درێژەدەری ڕێگایەک بووە کە دەیان شەهیدی ڕێبەری وەک پێشەوا قازی محەممەدی لە پێناوی نەتەوەکەیدا قووربانی کردوە. هەموو ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی دێموکراتیش لە ڕابردوو، لە ئێستا و لە داهاتووش دا هەر ڕێبواری ئەو ڕێگایەن، کە دیارە شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو باشترین ڕێنیشاندەری ئەو بنەماڵە گەورەیە بووەو وانەی زۆر بە نرخی بۆ بەجێ هێشتووین.

**دووەم**: تێبینی یەکی گەورەی دیکە ئەوەیە کە هیچمان هەوڵ نەدەین بیر و هزری شەهیدی ڕێبەر دوکتور قاسملوو بکەینە جۆرێک لە مەزهەب یا ئیدەئۆلۆژیی نەگۆڕ. کە قابیلی پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن نەبن. یا نەکرێ ئاڵ و گۆڕیان بەسەر دا بێ و لە گەڵ هەل و مەرجی تازە نەگونجێندرێن. هەرچۆنێک بێ هزر و سیاسەت و تەنانەت زانستی هەموو بلیمەتەکانی دنیا لەسەر بناغەی داتاکانی سەردەمی خۆیان دارێژراون و ڕەنگە (بەشێک) لەو زانیاری و داتایانە لە کاتی ئێمەدا گۆڕابن. کە وابوو هیچ تیۆرییەکی سیاسی و تەنانەت تیۆرییەکی زانستیش نەگۆڕ نیە و دەکرێ بە پێی هەلومەرج گۆڕانی بەسەردا بێ. بۆیە هەر تیۆری و تێزێک پێویستە بەپێی هەلومەرجی هەنووکەیی هەڵسەنگێنرێ، تا بزانین چەندی لەگەڵ داتاکانی ئەم سەردەمە دەگونجێ. تەنیا ئەو پرینسیپانەی کە لە سەرەوە باسمان کردن، نەگۆڕن.

**سێهەم**: لە هەڵسەنگاندنی مێژوومانـدا غەدرە پارێزراوی بۆ کەس دانێین. بە ڕێبەرانی گەورەی وەک پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو، یا دوکتور شەرەفکەندیشەوە. ڕووداوە مێژووییەکان دەبێ وەک خۆیان هەڵسەنگێنین. بێ لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە کێ ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەبووە. ئەگەر لەو ڕووداوانە دا تەنانەت ڕێبەرێکی کاریزمای وەک شەهید دوکتور قاسملووش نەخشی سەرەکی هەبووبێ، پێویستە بابەتیانە شرۆڤەیان بکەین.

**چوارەم**: نابێ بەدایم دووبارەی بکەینەوە کە ئیدی قاسملوویەکی دیکە ناتوانێ لە دایک ببێتەوە. ڕەنگە دوای شەهیدکرانی پێشەواش لە لایەن دڵسۆزان بە گەل و نیشتمانەوە ئەو قسانە کرابن، بەڵام دوای ئەویش قاسملوو و شەرەفکەندی لە دایک

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

بوون و گومانیشمان نەبێ هەر ئیستا زۆر کەسی وامان هەن کە ئەگەر ڕۆڵی خۆیان بدۆزنەوە و بە ڕاددەی ئەوان لە خۆبووردووییان هەبێ، دەتوانن بەشێکی گەورە لە کەلێنەکە پڕ بکەنەوە. بۆیە نابێ هەوڵ بدەین ڕێبەرانی ئەورۆمان بە سەروەرانی پێشوومان بشکێنین. نابێ ڕێگای بڕیاردان لە ڕێبەرانی ئیستامان بەربەست بکەین. بە هەرحاڵ ئێمە لە سەردەمێکی جیاوازدا دەژین، مەجبوورین بەپێی ئیمکانات و هەلومەرجی ئەمڕۆ سیاسەت بکەین و هەنگاو هەڵێنین.

**پێنجەم**: خەتایەکی گەورەمان بەرامبەر سیمبۆلەکانی خەباتمان کردوە ئەگەر بمانهەوێ وەک ئامرازێک لە دژی ئەو کەسانە بەکاریان بێنین کە جیاوازی بۆچوونیان لەگەڵ ئێمە هەیە. یەکێک لە بەهاکانی کە دوکتور قاسملوو زۆری هەوڵ دەدا بیهێنێتە نێو سایسەتی کوردییەوە، پلۆڕالیزمی سیاسی و قبووڵکردنی جیاوازییەکان بوو. ئێستا زۆر غەدرێکی گەورە دەبێ لە خودی ئەو، ئەگەر هەوڵ بدەین جیابیران بکوتین بەوەی کە گۆیا لە ڕێبازی قاسملوو لایان داوە، یا دژی بۆچوونەکانی قاسملوون. سەنگەرگرتن لە پشت سیمبۆلە نەتەوەیی و حیزبییەکان لە بایەخی ئەوان کەم دەکاتەوە. ئەوان دەبێ بە پانتایی نەتەوە، حیزب و ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکان و بیر بۆچوونە جۆراوجۆرەکان، کارتێکەرییان بمێنێ. ئەوەیە ڕێزلێنانی ڕاستەقینە لەوان، بەردەوامی دان بە ڕێبازیان و کەڵکی ئەرێنی وەرگرتن لێیان.

با لە وتە و تیۆرییەکانیان بۆ کوتانی جیابیرانمان کەلک وەرنەگرین کە لە هەلومەرجێکی جیاوازدا لە لایەن ئەو سیمبۆلە نەتەوەییانەوە داڕێژراون. با هەر مەسەلەیەک لە زەمان و مەکانی خۆیدا هەڵسەنگێنین و ئەگەر بەڵگەی قانیعکەرمان بە دەستەوە نەبوو لە پشت ڕێبەرانی وەک شەهید قاسملووەوە سەنگەر نەگرین.

ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ئەوەیە کە هزر و بیری قاسملووەکان بەپێی هەلومەرجی ئەمڕۆ هەڵنەسەنگێنین و لە تاقیکردنەوەکانیان کەلک وەرگرین. لە هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی ئەواندا کە لە سەرەوە ئیشارەیان پێکرا بمێنینەوە و بەپێی ویستەکانیان، بەڵام بە میکانیزمی ئەمڕۆیی کە لەگەڵ هەلومەرجی سەردەمدا بگونجێ، بەرنامەی کارمان داڕێژین.

**لە ٣٦ ساڵەی شەهیدکرانی ڕێبەری شەهیدمان دوکتور قاسملوو دا سڵاو دەنێرم بۆ ڕووحی پاکی ئەو شەهیدە پایەبەرزە و هەموو شەهیدانی سەرانسەری کوردستان و هیوادارم بتوانین ئامانجەکانیان وەدی بێنین.**

**٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

## ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا






**ئا: شیوا مورادیان**

**بە بەشداریی عەلی بداغی و ڕووناک فەتحی**

**ئاماژە: "ئەخلاق و سیاسەت لە بنەما فکرییەکانی د. قاسملوودا" دێکیۆمێنتارییەک بوو کە شیوا مورادیان بۆ ٣٦ ساڵەی تێرۆری د. عەبدولڕەحمان قاسملوو ئامادەی کردبوو و لە "کوردکاناڵ" بڵاو کرایەوە. تێکستی ئەم دێکیۆمێنتارییە**

عیرفان ڕەهنموون نووسیویەتی و بابەتەکە بە بەشداریی ڕووناک فەتحی و عەلی بداغی، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات تاوتوێ کراوە.

دوکتۆر قاسملوو لە زۆر ڕووەوە، ڕێبەرێکی دەگمەن و ناوازەیە لە مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەگشتی و مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی کوردستان بە تایبەتی.

ئەگەر ئەندێشەی ئەو ڕێبەرە مەزنە لە دوو چەمکی سەرەکی و بونیادیدا کورت و چڕ بکەینەوە، دەتوانین بێژین کە چەمکەکانی مرۆڤ و ئازادی، تەوەری سەرەکیی ئەندێشەی دوکتۆر قاسملوون. بەو مانایە کە مرۆڤ بەبێ ئەوەی سیفەتێکی پێوە بلکێنرێ، ئازادە و ئەم ئازادییە، لە ڕوویەکەوە کانگای مەزنایەتیی مرۆڤ و لە ڕوویەکی دیکەوە، سەرچاوەی بەرپرسیارێتییە ئەخلاقی، کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیەتی. بەو مانایە کە "چییەتی"ی مرۆڤ لە پێش "بوون"یەوە نیە و "بوون" ی مرۆڤ دەکەوێتە پێش ماهییەتی مرۆڤەوە. واتە مرۆڤ ئازادانە لەدایک دەبێ و ئازادانە، ماهییەتی خۆی ڕەنگرێژ دەکات و بەرپرسیارێتی ڕەفتاری خۆی دەگرێتە ئەستۆ.

بەم شێوەیە، مرۆڤ ئازادانە و بە هەڵبژاردنەکانی و بە کردار و پەرچەکردارەکانی، پێناسەیەک لە خۆی دەخاتە ڕوو و ئازادی، ڕێگەی بۆ ئاواڵا دەکات تا مانا بە ژیانی خۆی ببەخشێ.

ئازادی و بەرپرسایەتی، دوولایەنی بونیادیی "بوون"ی مرۆڤن و بەو هۆیەوە کە ئێمە ئازادین، نابێ کەسی دیکە بۆ ناکامییەکانمان سەرزەنش بکرێ و چونکە، ئێمە خۆمان بەرپرسی گشت کار و کردەوەکانی خۆمانین و دەبێ بەرپرسیارێتیی باش و خراپی کردەوەکانمان وەئەستۆ بگرین.

لە ئەندێشەی دوکتۆر قاسملوودا، ئەخلاق و سیاسەت بە پێچەوانەی نەریتی کۆن، لە زاتی مرۆڤ یان یاسای ئاسمانی و بانمرۆییەکانەوە سەرچاوە ناگرێ، بەڵکوو هەڵقوڵاوی بوونی تاکەکەسی، ئازادی و بەرپرسیارێتییە.



**ڕووناک فەتحی**

کاتێک باس لە ڕوانگەکانی دوکتور قاسملوو بۆ ئەخلاقی سیاسی و چەمکەکانی دیکە دەکەین، ئەتوانین بڵێین دوکتور قاسملوو وەکوو یەکێک لە ڕێبەرە بژاردە و دەگمەنەکانی کورد، توانی فەرهەنگێکی سیاسی تایبەت بە خۆی بێنێتە نێو بزووتنەوەی کورد و ڕەنگدانەوەی هەبێ لەسەر کۆمەڵگەی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی. بۆیە کاتێک باس لە ئەخلاق لە سیاسەت بە مۆشەخەسی دەکەین دەتوانین بڵێین لە چەند ڕەهەندەوە یان لە چەند ڕوانگەی جیاوازەوە ئەم ڕوانگەیە کاریگەری هەبووە لەسەر تەواوی هەڵسوکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی دوکتور قاسملوو وەکوو ڕێبەرێک وە دواتر ئەم فکرە شۆڕ بووەتە نێو حیزبی دێموکرات و نێو بزووتنەوەی کورد بەشێوەیەکی گشتی.

ئەگەر لە چەند بوارەوە بڕوانینە ئەم پرسە یەکەم لەبواری فەرهەنگی سیاسیەوە دوکتور قاسملوو باوەڕی وابووە کە حیزبێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ وپێشکەوتن خواز بە بێ بوونی فەرهەنگێکی سیاسی پێشکەوتوونخواز ناتوانێ بە ئامانجەکانی خۆی بگا. بەتایبەتیش لەم پێوەندییەدا باس لە باوەڕ بە دێموکراسی، تۆلێڕانس، پلۆرالیزم دەکا لە نێو بزووتنەوەی کورد وە دەتوانین بڵێین ڕوانگەی دوکتور قاسملوو بۆ فەرهەنگی سیاسی و نەهادینەکردنی وەک یەکێک لە بنەماکانی دێموکراسی لەنێو کۆمەڵگەدا دەگەڕێتەوە بۆ دوو ئاستی سەرەکی، یەکەم ئەوەیکە دێموکراسی تەنیا لە ئاستی دەسەڵاتێکی سیاسی وە مافی هەڵبژاردن و بەشداری سیاسیدا نەبینین، بەڵکوو پێش ئەوەی دێموکراسی لە نێوکۆمەڵگەدا وەکوو ساختارێکی سیاسی ببینێ، دێموکراسیی وەکوو فەرهەنگێکی سیاسی وێنا کردوە. واتە باوەڕی وابووە کە دێموکراسی پێش ئەوەی ساختارێکی سیاسی بێت وەکوو فەرهەنگێکی سیاسی لە کۆمەڵگەدا دەتوانێ نەهادینە ببێ وە فەرهەنگی تاک ئاکاری، ڕەوەشتی تاک تێڕوانینی تاک بۆ دێموکراسی لە کۆمەڵگەدا دەبێ لە باری فەرهەنگیەوە ببێتە بەشێک لە باوەڕی تاکەکان. ئەم تاکە چ



سەرچاوە
Serchawe

وەکوو تاکێکی شۆڕشگێڕ لەنێو بزووتنەوەیەکی سیاسیدا بێ چ وەکوو تاکێکی ئاسایی لە چوارچێوەی ژیانی ئاسایی خۆیدا بێ دەتوانێ بە فەرهەنگێکی سیاسی پێشکەوتن خوازەوە بڕوانێتە مافەکانی خۆی.

بۆیە لە ئاستی سیاسیدا ئەبینین دوکتور قاسملوو کاتێک باس لە دروشمی حیزبی دێموکرات دەکا باس لەوە دەکا لە سەردەمی خۆیدا دێموکراسی بۆ ئێران خودمۆدختاری بۆ کوردستان هەر لەم ڕوانگەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دوکتور قاسملوو دێموکراسی و ئەخلاقی سیاسی وەکوو یەکێک لەو بنەمایانە تەنیا بۆ نەتەوەکەی خۆی و گەلەکەی خۆی پێناسە ناکات، بەڵکوو باوەڕی وایە ئەوەی کە بۆ نەتەوەکەی خۆی وە بۆ تاکێک کە بۆخۆی بە ڕەوای دەبینێ وە پێ وایە دەتوانێ لەو سۆنگەوە دەتوانێ بە مافەکانی بگات دەبێ بۆ نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیشی بە ڕەوا ببینێ. بەتایبەتیش کە باس لە چوارچێوەی جوغرافیایەک بەناوی ئێران دەکرێ و گەلی کورد و نەتەوەیی کورد دەیەوێت لەو چوارچێوەیەدا بە مافەکانی خۆی بگا، پێ وایە دەبێ بە دێموکراسی نەهادینە ببێ وە لە چوارچێوەیەکی جوغرافیای وەکوو ئێران کە نەتەوەی جۆراوجۆری تێدایە کۆمەڵگەیەکی فرە تەنەوعە دەبێ تۆلێرانس زاڵ بێ وە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین لە ڕوانگەی سیاسییەوە دوکتور قاسملوو تەواو لە ڕوانگەیەکی ئەخلاقی ڕوانیویەتیە دێموکراسی. لە ڕوانگەی تاکیشەوە دێموکراسی وەک بەشێک لە فەرهەنگی سیاسیی تاک پێناسە دەکات و پێی وایە تاک هەتا لەباری کۆمەڵایەتییەوە خۆی لە گەڵ پێوەرە نێونەتەوەیەکان نەگونجێنێ خۆی لە گەڵ مافی مرۆڤ نە گونجێنێ، ناتوانێ لە چوارچێوەی ڕەوشت و ئاکارێکی سیاسیدا بڕوانێتە مافەکانی.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەگەر بین لە ڕوانگەی دوکتور قاسملووەوە باس لە ئەخلاق لە سیاسەتدا بکەین دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تەشکیلاتی و دەروون حیزبی. لە ئاستی تەشکیلاتیدا دوکتور قاسملوو پێی وایە کە لە مۆدیرییەتی ئۆرگانیزاسیۆن بەتایبەتی بەرپرسان و ئەندامانی ئۆرگان بەگشتی کادری حیزبی دەبێ لە بەرپرسایەتی و مۆدیرییەت کردندا و لە ئەخلاق و ڕەوشت لە هەڵسووکەوتیان چ لەگەڵ ئۆرگانی سەرەوەتری خۆیان چ لە گەڵ ئۆرگانی خوارەوەتر بتوانێ نموونە بێ. لێرەدا ئەوەی بۆ د. قاسملوو بنەمایە ڕێزگرتن لە یەکتر نە تەنیا مودیرییەت لە چوارچێوەی پرەنسیپێکی وشکی تەشکیلاتیدا بەڵکوو لەسەر بنەمای پێکەوە هەڵکردن لە گەڵ یەکترە و پێی وایە بەرپرسانی حیزبی دەبێ لە باری تەشکیلاتی لە باری مۆدیریەتی ئۆرگانی خۆیەوە پشت بە بنەمای ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕی جیاواز بگرێ پێکەوە هەڵکرتن بکاتە بنەما نەتەنیا خۆی لە چوارچێویەی پرەنسیپێکی وشکی تەشکیلاتی وە دەستوردان و ئەمرو نەهی کردن سەر خوار و دەستییەکانی خۆیدا. بۆیە لێرەدا بۆی گرینگە کە مەسەلەی مافی مرۆڤی وە مەسەلەی ڕێزگرتن، مەسەلەی پاراستنی کرامەت بکات بە یەکێک لەو بنچینانەی کە لە بواری تەشکیلاتییەوە ڕەنگدانەوەی هەبێ لە سەر حیزبی دێموکرات، و بەتایبەتی کە حیزبی دێموکراتیش کە باوەڕی بە کرامەتی ئینسانی و مافی مرۆڤ هەیە دەیەووێ ئەم ئەسڵە بهێنێتە ناو ڕیزەکانی

تەشکیلاتییەوه، وه بیکاته بنەمایەکی باوەڕی بۆ تاکی حیزبی.

له ڕاونگەیەکی دیکەوه د که تەقریبەن تەواوکەری فەرهەنگی سیاسیی دوکتور قاسملووه ،گرینگیدان به مافی مرۆڤه. چاو له هەر بۆعدێکی فکریی دوکتور قاسملوو دەکەین چ بەرانبەر به حیزبەکەی خۆی چ بەرانبەر به بزوتنەوه به شێوەیەکی گشتی وه تەنانەت بەرانبەر به سەسەڵاتی نەیار و دوژمنی یەکێک لەو پێوەرانه که ڕەچاوی کردوه پابەند بوون به مافی مرۆڤه. لەم چوارچێوەیەدا دەتوانین بڵێین که دوکتور قاسملوو نه تەنیا کرامەتی ئێنسانی و مافی مرۆڤی بۆ حیزبەکەی خۆی و بۆ تەشکیلاتی خۆی و بۆ بزووتنەوەکەی بەڵکوو له ئاستێکی ناوچەی و جیهانیشدا وەکوو ڕێبەرێکی مۆدێرن وەکوو ڕێبەرێکی پێشکەوتنخواز ڕوانیویەتیه ئەم چەمکە. بۆیه مەسەلەی ئەخلاق له سیاسەتدا دەتوانین بڵێین له چەمکی مافی مرۆڤیدا ڕەتکردنەوەی ستەم که وەکوو ڕیبەرێک دژی ستەم بووه، جا ئەم ستەمە، ستەمی چینایەتی بێ، ستەمی سیاسی یان ستەمی کۆمەڵایەتی بێ. هەر بۆیه دەبینین که دەیهەوێ ئەم چەمکه بەیاسایی بکات له نێو حیزبەکەیدا، هەر ئەوەی دێت بەرنامەی دواڕۆژی حیزبی دێموکرات لەسەر بنەمایی سۆسیالیزمی دێموکراتیک دادەڕێژێت و دەیەوێ ستەمی چینایەتی و ڕەگەزی بسڕێتەوه له کۆمەڵگەدا، دەتوانین بڵێین یەکێک له بنەما فکرییەکانی دوکتور قاسملوو بووه بۆ ئەخلاق له سیاسەتدا.

بەگشتی دەتوانین ئاوا ئەو چەمکه کۆ بکەینەوه که له سێ بۆعدەوه دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی ئاشتیخواز، پێشکەوتنخواز،وه هاوکات داهێنەر بووه. ئەو هەوڵی داوه چەمکی سیاسی مۆدێرن بێنێته نێو کۆمەڵگه، بەڵام هاوکات واقێعبین بووه. ڕێبەرێک بووه که کۆمەڵگەی خۆی خوێندووەتەوه، کۆمەڵگەی خۆی باش ناسیوه هەڵیسەنگاندووه، وه هەوڵیش داوه ئەو چەمکه سیاسیانەی که دوکتور قاسملوو دایهێناوه به مرووری زەمان به پەروەردەیەکی سیستماتیک چ له ناو حیزبەکەی خۆیدا وه چ له ناو بزووتنەوەدا هەنگاو به هەنگاو نەهادینەی بکات و بەخۆشیەوه که ئەمڕۆکه دەنیینین هزری دوکتور قاسملوو بیری دوکتور قاسملوو له تەواوی جۆمگەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوه.

***

ئەخلاق، خاوەنی ڕێساگەلێ نیه که پێش بوونی مرۆڤ، بوونی لەپێشینەی هەبێ، بەڵکو بوونی، بەنده به بوونی مرۆڤەوه وەک تاک و بوونی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا، وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی.

له ڕوانگەی شەهید قاسملووەوه، سیاسەت ئەکتێکی شۆڕشگێڕانەیه بۆ وەدیهێنانی گشت ڕەهەند و بوارەکانی ئازادی. له

ڕوانگەی ئەوەوە، سیاسەت نابێ ئامرازی تێرکردنی غەریزەی دەسەڵاتخوازی بێ، بەڵکو دەبێ گۆڕەپانێ بێ بۆ ئازادی و ڕەسەنایەتیی مرۆڤ لە هەموو بوارەکانی کولتووری، ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی دا. لەم ڕوانگەیەوە، سیاسەت دەبێ بەستێنێ فەراهەم بکات کە مرۆڤەکان، ئازادانە بڕیار بدەن و هەڵبژێرن و ژیانێک بژین کە شایستەی مرۆڤ بێت و هیچ سیستمێکی سیاسی نابێ ڕێگەی پێ بدرێ کە کەڵکی ئامرازی لە مرۆڤ و کۆمەڵگە وەربگرێ و لەنێو سیستمی ئیدئۆلۆژیک دا بیتوێنێتەوە.



عەلی بداغی

ئەوەی دوکتور قاسملوو لە ڕێبەرانی پێش خۆی و دوای خۆیشی جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرێکی خاوەن گوتار بووە. یەک لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم گوتارە سەربەخۆ و تایبەتەی دوکتور قاسملووش دێموکراسی و دێموکراسیخوازییە کە هەموو ڕەهەندە فکری و خەباتکارییەکانی دیکەی د. قاسملوو بۆ مانابەخشین بەو دێموکراسییە دەبەستێتەوە. ئەمە هەر قسەی منی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکرات نیە، بێرنارد کۆشنێر، وەزیری دەرەوەی پێشووی فەڕانسە لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمی د. قاسملوو لە پێرلاشێزی پاریسدا دەڵێ: قاسملوو، ئەتۆ هەموو ژیانت لە پێناو نەتەوەکەت، ئازادی و دێموکراسی نەک هەر بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو دنیا فیدا کرد. یان نووریی دێهکوردی، چالاکی چەپ و دۆستی نیزیکی حیزبی دێموکرات کە لە تێرۆری مێکونووسدا لەگەڵ د. شەرەفکەندی شەهید بوو، لەو بارەیەوە دەڵێ: قاسملوو لەماوەی سەرکردایەتی کردنی حیزبەکەیدا زۆر شتی فێری ئەندامانی حیزبەکەی کرد، بەڵام بەبایەخترینی ئەوانە دێموکراسی بوو"، بۆیە لەخۆڕا نەبوو کە نازناوی مامۆستای دێموکراسیی پێ درابوو.

ئەگەر ئێمە ئاوڕێک لە ڕابردوو و پێشینەی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بەتایبەت حیزبی دێموکرات بدەینەوە، لەو کاتەوە، واتە لە کۆتاییەکانی دەیەی ٤٠ی هەتاوییەوە کە د. قاسملوو لە ئورووپاڕا دەگەڕێتەوە و ڕێبەریی حیزبی دێموکرات دەگرێتە دەست و ئێستا و داهاتووی ئەم حیزبە دادەڕێژێتەوە؛ دەبینین هیچ ڕێبەرێکی سیاسی و هیچ حیزبێکی سیاسی لە کوردستان بە قەت د. قاسملوو، و بە قەت حیزبی دێموکراتێک کە ئەو بناغەکەی داڕشتۆتەوە، هەوڵی بۆ چەسپاندنی دێموکراسی لە ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستاندا نەداوە. دێموکراسیخوازیی د. قاسملوو و تیۆریزەکردنی ئەو گوفتومانە لە خەباتی نەتەوەیی و سیاسیی گەلەکەیدا هەمووی لە پێناو دابینکردن و دەستەبەربوونی مافی چارەی خۆنووسینی کورد لە ئێران بووە، تا ئەو ڕادەیە کە دێموکراسی بۆ ئێران پێش مافی نەتەوەیی بۆ کورد لەو وڵاتە دەخا، چونکی ئەو دێموکراسییە بە بنەمایەک و زەمانەتێک بۆ جێگیربوونی مافە نەتەوییەکانی کورد دەزانێت.

د. قاسملوو لە پانتاییەکی دیکەشدا، ڕوکن و پایەکانی دیکەی گوتارە تایبەت و سەربەخۆکەی وەک فرەحیزبی و پلۆرالیزم هەر لە خزمەتی ئەو دێموکراسیخوازییەدا پێناسە دەکا. چونکی باوەڕی وایە بەبێ پلۆرالیزم و کۆکردنەوەی فرەیی و جۆراوجۆرییە سیاسییەکان ناکرێ ئەو دێموکراسییە لە قەوارەیەکی سیاسی-جوغرافیدا شکڵ بگرێ و دەوامی هەبێ.

د. قاسملوو بە ڕوونی دەڵێ دێموکراسی بۆ ئێمە واتە پلۆرالیزم و ئازادیی ئەندێشە و بیروڕا و دەربڕین. بەڵام ئەم دێموکراسییەی لە وێژمانی د. قاسملوودا دەخوێندرێتەوە، دێموکراسیی زۆرینە نییە. واتە ئەگەر نموونە بە ئێران وەک واحیدێکی سیاسی-جوغرافی بێنینەوە، ناکرێ ئەو دێموکراسییە ئاکامی بڕیاری زۆرینەی ئەو وڵاتە بێت، چونکی ئەم وڵاتە خۆی هەڵگری فرەیی و جۆراوجۆریی نەتەوەیی، زمانی، ئایینی و کولتوورییە و دەبێ کۆمەڵە مافی تایبەت بۆ هەموو ئەو جۆراوجۆرییانە قایل ببین. بۆیە ئەم دێموکراسییە لە ڕوانگەی د. قاسملووەوە دەبێ توافوقی بێت. دێموکراسییەکی تەوافوقی کە دەرفەتی خۆدیتنەوە و هاوبەشیی سیاسی بۆ هەموو نەتەوەکان، بۆ هەموو حیزبەکان و بۆ هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئەم وڵاتەی دەستەبەر کردبێت. ئەو مۆدێلە دێموکراسییە لە گوفتومانی د. قاسملوو، ئێستاش تاکەچارەسەری پرسی نەتەوەکان لە ئێران و مانەوەی وەک وڵاتێک بە شێوەی ئێستایەتی. فیدرالیزم وەک دروشمی ستراتیژیی ئێستای حیزبی دێموکراتیش کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و خۆبەڕێوەبەری بەپێی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و جوغرافییەکانی نەتەوەکانی ئێرانە، هەر لە چوارچێوەی ئەو گوفتومانەی د. قاسملوو و دێموکراسیخوازیی ئەودا پێناسە دەکرێت.

لە لایەکی دیکەوە خۆ ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ڕوکنێکی دیکەی گوفتومانی د. قاسملوو دابنێین، ئەمەش بەپێی دۆخ و هەڵکەوتوویی کورد لە ئێران هەر لە چوارچێوەی گوفتومانی دێموکراسیخوازیی د. قاسملوودا پێناسە دەکرێت. چونکی لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا، ئەگەر مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان نەبێتە باوەڕ و دانی پێدا نەنرێ و

دەستەبەریش نەکرێ، دێموکراسی جێگر نابێ. پێوەندیدار بە ئێران ئێمە دەبینین زیاتر لە ١٠٠ ساڵە دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی فارس و ئایینزای شیعە بەتوندی سەرکوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی و دێموکراسیخوازیی کورد لە ئێرانیان کردوە، بەڵام شۆڕشی ژینا و نەورۆزەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دەریخست ئەوەی شکستی خواردوە هەر سیستمی ناوەندگەرای تاران بووە و حکوومەتی ناوەندی لە ئێران مەحکوومە بە داننان بەوەی پرسی کورد تەنیا بە پێوانەکانی دێموکراسی چارەسەر دەبێ.

لەو بارەیەوە د. قاسملوو نیزیک بە ٦٠ ساڵ لەوە پێش لە کتێبی "کوردستان و کورددا" بەو شێوەیە باس لە چارەسەری پرسی کورد دەکا و دەڵێ "چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد بە دێموکراسییەوە بەستراوە، چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی بۆخۆی بەشێکە لە دێموکراسی. مەسەلەی نەتەوایەتی چارەسەر نابێ ئەگەر لە چوارچێوەیەکی دێموکراتێکدا نەبێ و بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتییش، دەبێ پێوەندییەکی دێموکراتی لەنێوان نەتەوەکاندا پێک بێ. دیارە ڕزگاریی تەواو لە زوڵم و زۆریی نەتەوایەتی و دابینکردنی یەکیەتیی نێوان نەتەوەکان تەنیا لە چوارچێوەی دێموکراسیدا ئیمکانی هەیە. واتە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی بە بوونی دێموکراسییەوە بەستراوەتەوە و هەرچی دێموکراسی زیاتر بێ، ئاسۆی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوایەتیش ڕوونتر دەبێ. ئەمە خۆی بەڵگەی ئەوەیە کە خەبات بۆ دێموکراسی، خەبات بۆ چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیشە.

ئەو ڕوانگەیەی د.قاسملوو لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا لە هەموو کۆنگرەکانی ئەم حیزبەدا بە تەواوی ڕەنگی داوەتەوە. لە بەرنامە و پێڕەوی پەسندکراوی کۆنگرەی ١٧ی حیزبدا و لە ماددەی یەکدا هاتوە: "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێران، شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدراڵی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا".

د. قاسملوو لە دوایین وتووێژی پێش شەهیدبوونی کە لەگەڵ عینایەت فانی و تەلەڤیزیۆنی بی بی سی لە سەفەری بێگەڕانەوەیدا کردبووی و ٢٠ ساڵ دوای تێرۆرکردنەوەی بڵاو کرایەوە، دەڵێ: ئەگەر سەرنجتان دابێ ئێمە «دێموکڕاسی بۆ ئێران»مان وەپێش «خودموختاری بۆ کوردستان» خستوە، نەک لەبەر ئەوەی بە باوەڕی ئێمە دێموکڕاسی هەموویە و هەموو شتێکە و خودموختاری تەنیا بەشێکە لە دێموکڕاسی، بەڵکوو لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە بەبێ دێموکڕاسییەکی سەقامگیر لە ئێران، ئەگەر خودموختاری بەدەستیش بێنین ئەم خودموختارییە دەکەوێتە مەترسییەوە. ئێمە لە هەلومەرجی ئێستادا چەکەکانمان دەستەبەری پاراستنمانن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ شتی دیکە لەجێی چەک دابنێین. ئەو شتەش کە دەتوانێ

جێی چەک بگرێتەوە تەنیا دێموکڕاسییە. دوایە دێ بە زمانێکی سادە ئەو دێموکراسییە شی دەکاتەوە و دەڵێ دێموکڕاسی بۆ ئێمە یانی فرەیی (پلوڕالیزم)، دێموکڕاسی واتە ئازادی بۆ هەمووان، ئازادیی بیروباوەڕ، ئازادیی دەربڕین، ئازادیی زمانە نەتەوەیییەکان، ئازادیی فەرهەنگ، ئازادیی حیزبەکان، دانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەدەستی خەڵک و ئێمە باوەڕمان وایە کە هیچ جۆرە دیکتاتۆرییەک لە ئێران لە دواڕۆژدا ناتوانێ ئامانجەکانی خەڵکی ئێران، گەلانی ئێران دابین بکا، مەگەر سیستمێکی دێموکراتیک نەبێ.

هەر لەو وتووێژەدا دوکتور قاسملوو دەڵێ ئێمە باوەڕمان بە دێموکڕاسییەکی قووڵ لە ئێراندا هەیە، دێموکڕاسییەک کە ڕێز بۆ مافەکانمان دابنێ، ڕێز بۆ مافی نەیارانیش دابنێ. چونکە بە باوەڕی ئێمە هیچ دێموکڕاسییەک بێ ڕێزدانان بۆ مافی نەیاران ناتوانێ هەبێ و هەربۆیەش ئێمە دژی هەموو ئەو ڕێکخراوانەین کە بەجۆرێک دەیانەوێ لە ئێران دیکتاتۆری دامەزرێنن.

ئەگەر بمەوێ بە کورتی ئاکامێک لەو باسە وەربگرم، دەبێ بڵێم کە دێموکراسی بۆ دوکتور قاسملوو ئامانجە هەرە بەرزەکە بوو. مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە دەڵێ د. قاسملوو هەموو هەوڵی ئەوە بوو پێش هەموو شوێنێک دێموکراسی لەنێو حیزبەکەی خۆی و کۆمەڵگەکەی خۆی کوردستاندا نەهادینە بکا و ئەگەر حیزبی دێموکرات لەو سۆنگەیە شتێکی لە دەست دەدا، د. قاسملوو دەیگوت ئەوە بەها و باجی دێموکراسییە کە دەبێ بیدەین. د. قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو ئەگەر حیزبێک، یان وڵاتێک پێویستە دێموکراتیزە بن، دەبێ تاکەکان و کەسایەتییەکانی ئەم حیزبە دێمۆکرات پەروەردە بن و بە بنەماکانی دێموکراسی بار بێن. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی پرەنسیپەکانی خۆی بۆ تاکی دێموکرات لە کۆمەڵە پێناسەیەکدا فۆرمولە بکا کە لە حیزبی دێموکراتدا بە "سیمای دێموکرات" ناسراوە.

لە گرینگترین بەندەکانی "سیمای دێموکرات"دا باس لە سەربەخۆیی سیاسیی تاکی دێموکرات و حیزبی دێموکرات کراوە کە بێگومان سەربەخۆیی سیاسی کۆڵەکەی تیوریی دێموکراسییە و حیزبی دێموکرات لەپێناو ئەو سەربەخۆیی سیاسییەدا باجی زۆری لە مێژووی خەباتی خۆیدا داوە. دیارە خۆی "کورتە باسێک لەسەر سۆسیالیزم" باشترین بەڵگەنامەی تیوریک لەسەر بنەماکانی دێموکراسیخوازیی د. قاسملووە. دوکتور قاسملوو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە دێموکراسی سێ جۆری هەیە کە دەبێ تەواوکەری یەکتری و پێکەوە بن. دێموکراسیی کۆمەڵایەتی، دێموکراسیی سیاسی و دێموکراسیی ئابووری. د. قاسملوو باسی ئەوەی دەکرد کە وڵاتانی سۆسیالیستی، دێموکراسیی ئابووری و کۆمەڵایەتییان دەستەبەر کردوە، بەڵام بەلای دێموکراسیی سیاسیدا نەچوون، هەروەها لە وڵاتانی ڕۆژئاواییشدا دێموکراسیی کۆمەڵایەتی و سیاسی دابین کراوە بەڵام دێموکراسیی ئابووری بەدی نەهاتوە و بۆیە ئەو دوو سیستمە هەردوو ناکامڵ و ناتەواون. سێ ساڵ دوای تێرۆری د. قاسملوو بینیمان کە

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

یەکیەتیی سۆڤییەت هەڵوەشا، ڕێک لە بەر نەبوونی ئەو دێموکراسییە سیاسییەی کە دوکتور قاسملوو باوەڕی پێی بوو.

**لە یەک ڕستەدا دەتوانم بڵێم دێموکراسی گرینگترین توخمی گوتاری فکری و مەنزوومەی فکریی د. قاسملوو بوو.**

***

لە ڕوانگەی دوکتۆر قاسملوووەوە، ئازادیی تاک بە مانای پێکهێنانی دورگەی تەریک و دابڕاو لە یەکتر نیە و تاک ناتوانێ ئازاد بێ و کۆمەڵگە یەخسیر و دیل.

هەربۆیە بەرێزیان لایەنگری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و ئازادیی پێکهێنان حیزب و ڕێکخراو و سەندیکا و چاپەمەنیی ئازاد و دژی هەرچەشنە ئیدئۆلۆژییەکی داسەپێن و خۆسەپێن بوو.

بەکورتی شەهید دکتۆر قاسملوو، داکۆکیکاری گونجاندنی ئەخلاق لە سیاسەتدا بوو و پێی وا بوو کە ئەگەر سیاسەتێ ئەخلاقی نەبێ، ناتەبایە لەگەڵ گەوهەری بوونی مرۆڤ دا کە ئازادییە. ئەخلاق لە ڕوانگەی ئەوەوە، چەمکێکی ئاسمانی و ئابستراکت و میتافیزیکی نیە. بەڵکو ئەخلاق، شیکردنەوەی خودی گەوهەری ئازادییە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە تەنیا لە سیستمی دیموکراتیک دا، نرخ بۆ ئازادی، هەڵبژاردن و بیری ئازاد دادەنرێ و هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، تەنیا دیموکراسی بە سیستمی ئەخلاقی دەناسی و هەر لەم ڕوانگەیەشەوە پێداگری دەکرد:

**"هەرگیز خەبات بۆ دیموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی و چینایەتی و تا حیزبی دیموکرات مابێ، دیموکراسی ئامانجیەتی"**

**٢٦ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# وڕێنەی ئاگربڕ: بۆچی هێرشێکی نوێ بۆ سەر ئێران وێدەچێ حەتمی بێ



**میدڵ ئیست مۆنیتۆر – جاسم ئەلعەزاوی**

**و لە ئینگلیزیەوە: کەماڵ حەسەنپوور**

**وچانێک، ئاڵای سووری گڕۆسی و، کاری ناتەواو**

لە کۆتاییەکانی مانگی جوون، هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل ڕایانگەیاند ئۆپەراسیۆنەکەیان دژی ژێرخانی ناوکیی ئێران ڕادەگرن. بەڵام لە ڕوانگەی چاودێرانی بەئەزموونەوە، ئەو وچانە کەمتر وەک هەوڵێکی ئاشتییانە و زۆرتر وەک پشوویەک سەیر دەکرێت. پسپۆڕان باسی وڕێنەی ئاگربڕ، چرکەساتی هێمنی بەر لە دەست پێکردنەوەی بشێوی دەکەن. دانیەل شاپیرۆ، باڵوێزی پێشووی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئیسرائیل گوتی: "ئەوە وڕێنەی ئاگربڕە، هێور کردنەوەی ڕاستەقینە نیە. ئێران هێشتا جانستەکەی هەیە، هێشتا ئۆرانیۆمەکەی هەیە و، وێدەچێ هێشتا بنکە نهێنی هەبن".

هیچ زەنگێکی مەترسی بەقەد ئەوەی ڤیینەن بەرز نەبوو. لە مانگی جوون، بەرپرسی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی،

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

ڕافائێل گرۆسی، پشتڕاستی کردەوە کە ئێران لە دانی ڕوونکردنەوە لەبارەی ماددەی ناوکی و چالاکییەکانی لە سێ بنکەی نهێنی، لەڤیزان-شیان، تورقوزئاباد و ڤەرامین ناسەرکەوتوو بووە. گرۆسی هەروەها گوتی "ئێران لە دانی ڕوونکردنەوە لەبارەی مادده و چالاکی لە سێ شوێنی ڕانەگەیەندراو خۆی بواردوە و، ئەم ئاژانسە لە دۆخێکدا نیە کە بتوانێ بڕیار بدات ئاخۆ ئەو مادده ناوکییە هێشتا لە دەرەوەی پارێزبەندیی بێت." ئەو گوتی نەبوونی هاوکاریی لە لایەن ئێرانەوە، "پێشی بە هەڵسەنگاندن گرتووە" و پشکێنەرانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی نیگەرانی هەوڵەکان بۆ خاوێن کردنەوەی ئەو سێ بنکەیەن. لە هەمان کاتدا، یەدەگی ئورانیۆمی ئێران گەیشتووەتە سەرووی ٤٠٠ کیلۆ گرام کە تا ئاستی ٪٦٠ پیتێندراوە، کە لە ئاستی پێویست بۆ چەکی ناوکی زۆر نزیکە. لێکۆڵەرانی ناوەندی توێژینەوە ستراتیژیک و نێودەوڵەتییەکان و ئەنستیتۆی برووکینگز هوڕان کە شەپۆلی یەکەمی هێرشەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل، ئەگەرچی کاریگەر بوون، بەڵام نەیانتوانی بەرنامەی ناوکی ئێران لەناو بەرن. ژێرخانی سەرەکی، بە تایبەت بنکەی ژێر زەوی وەک فۆردۆ، هێشتا ماون. ژەنراڵی خانە نشین وێزلی کلارک گوتی، "پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، هیچ ئورانیۆمێکی پیتێندراو بە پلەی بەرز لە شوێنی دیکە پاشەکەوت کراوە... و سانتریفیوژ لە شوێنی دیکە هەن؟" تاران زانستی دروست کردنەوەکەی ماوە و، هەرچی زۆرتر پێ بچێ، تاوانییەکەی بۆ دەستپێکردنەوەی پیتاندن بەهێزتر دەبێت.

### بۆچی هێرشی دووهەم حەتمییە

لێکدانەوەی گرۆسی هەم نەخشەی مێژوویی ئێران بۆ خۆ بواردن لە پشکنین و هەروەها دۆخی لێڵی هەنووکەیی ئاشکرا کرد. بەبێ دەستڕاگەیشتنی تەواوی ئاژانس، متمانە بنکۆڵ دەبێت. بۆ شەڕانییەکانی واشینگتۆن و تێل ئاڤیڤ، ئەو نەبوونی شەفافیەتە زیاتر زەنگی هۆشدارییە، ئەوە هەروەها چرای سەوزە بۆ هەنگاوی سەربازیی زیاتر. گرۆسی هۆشداریی دا، "ئێمە ناتوانین زانست نەبوو بکەین. مەترسییەکە بەردەوامە. کات خەریکی تێپەڕ بوونە".

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، بنیامین نەتانیاهوش بەرەوڕووی بشێویی نێوخۆیی و زەختی پەرە ئەستێن لە لایەن ڕاستڕەوەکانەوە بووەتەوە. ئەو بەردەوام بەڵێنی داوە قەت ئیزن نادات ئێران دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات. یەکەم هێرش خەونی ئێرانی وەدوا خست، بەڵام کۆتایی پێ نەهێنا. هەر وەکوو لێکۆڵەوەرەوانی ناوچە لە ئاتلانتیک کاونسڵ ئاماژەیان پێ کرد، "ئیسرائیل ڕەنگبی لە فکری هێرشێکی نوێ دابێ تا بە یەکجاریی هەڕەشەی ناوکی ئێران نەهێڵێت، بە تایبەت بێتوو هەوڵە سیاسییەکان ناسەرکەوتوو بن." بەڵام ئەوەی دەتوانێ ئاگرەکە خۆشتر بکات، ئاسەواری فیلەکانی ئێپستاینە، کە بە گوێرەی ڕاپۆرت ناوی کەسایەتی سیاسی پلەبەرزی ئەمریکایی، لە نێویاندا ترامپ، بەدی دەکرێت. ئەگەرچی هێشتا بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەمەڕ پەیوەندیی ترامپ بە ئاکاری تاوانکارانە لەبەر دەستدا نیە، بێتوو ئەو تێوەگلێت، کاردانەوەی فرە مەزنی دەبێت. مێژووی ئەمریکا پیشانی دەدات کە زۆر جار سیاسەتی دەرەوە دەبێتە ئامرازی ئاراستە کردنی بیروڕای

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

نێوخۆ بەرەو ئاقارێکی دیکە. لە هێرشەکانی کلینتۆن لە کاتی ئابڕووچوونەکەی لیڤینسکی تا جەنگی بوش دژی عێراق دوای هێرشی ١١ی سێپتەمبەر، سەرۆککۆمارەکانی ژێر زەخت ڕوویان لە ناکۆکی دەرەکی بۆ وروژاندنی بیروڕای نێوخۆ کردووە. ستراتیێژیستێکی دێموکرات گوتی، "ئەگەر ئەو فایلە ئاشکرا بێت و ترامپ هەست بکات گیری خواردووە، چاوەڕوانی یاری ئاگرین بە، هی دەرەکی." بێتوو ترامپ ببینێ کێشە یاساییەکانی دەبنە هۆی زاڵ بوون بەسەر داهاتوو سیاسییەکەی، هەڵایساندن یان پشتگیریی لە قەیرانێکی سەربازیی ڕەنگبێ ببێتە سەرقاڵکردنێکی پلان بۆ داندراو. دروشمی "وەستاندنی ئێران" دەتوانێ لایەنگرانی بورووژێنێت و درامای هۆڵی دادگا کپ بکات.

### دیپلۆماسی کەوتووەتە ئاویلکە

لە ڕوانگەی سەربازییەوە، ئێران بەردەوام لاواز و لەرزۆکە بەڵام بێتوانا نەکراوە. ئەنستیتۆی بررووکینگز ئاماژەی بەو ڕاستییە کرد کە زۆر لایەن لە واشینگتۆن لە سەر ئەو بڕوایەن کە "لە هەمان کاتدا خۆ بواردنی ئێران لە دانی دەستڕاگەیشتنی تەواو وەک بێمتمانەیی لێکدراوەتەوە، بە تایبەت بە لەبەر چاو گرتنی ڕاپۆرتی گرۆسی. لە ڕوانگەی ئیسڕائیلەوە، هێمنیی هەنووکەیی ڕێگە بە ئێران دەدات خۆی ڕێکخاتەوە. تەنیا ئەوە ڕەنگبێ ببێتە هۆی هێرشێکی نوێ، لە ماوەیەکی کورتدا.

ئەگەرچی هەر دوو لائیدیعا دەکەن خوازیاری ڕێگە چارەیەکی ئاشتییانەن، کەم کەس بڕوایان بە دەستپێکردنەوەی دانووستانی جیدی لە دۆخی ئێستادا هەیە. ئاشکرا کردنەکانی ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی، لەگەڵ کایەی سیاسی و برینەکانی بەرەی جەنگ، مەودایەکی کەمیان بۆ سازان هێشتووەتەوە. هەر وەک لێکۆڵەرێکی چەتهام هاوس گوتی "ئێمە خەریکی بینینی داخرانی پەنجەرەی دانووستانین. ڕەنگبێ یەکەم هێرش بووبێتە هۆی کۆتایی دانووستان، نەوەک دەستپێکردنەوەی".

### دەرەنجام: تراویلکەی ئارامی

ڕەنگبێ دنیا باسی ئاگربڕ بکات، بەڵام بناخەکانی جەنگ بە پتەوەی لە جێی خۆیان ماون. نە بەرزەفڕییە ناوکییەکانی ئێران لەبیر کراون و نە لە لایەن نەیارانییەوە لێیان بووراون. وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسڕائیل هەست دەکەن کارەکە هێشتا تەواو نەبووە. ئێران هیچ نیشانەیەکی هاوکاریی تەواو پیشان نادات و، ڕەنگبێ ترامپ بەو زووانە پێویستی بە سەرقاڵکردنێک بێت. خەیاڵی ئاشتی سوکنابیدەرە، بەڵام بە شێوەیەکی مەترسیدار هەڵخەڵەتێنەرە. ئەوە ئاشتی نیە، ئەوە پشوویە.

٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# زەروورەتی خۆڕێکخستنەوەی حیزبی دێموکرات






محەممەدساڵح قادری

دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بناخەی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان لە سەروبەندی کۆتاییهاتنی شەری دووەمی جیهانیدا وەرچەرخانێکی مێژوویی و هەنگاوێکی پراگماتیک بوو کە لە لایەن پێشەوا قازی محەممەد و هاوبیرانیەوە هاتووەتە ئاراوە. دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکرات هەشتا ساڵ لەمەوبەر بە خوێندنەوەی دۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و ئابووریی ناوچە و ئیران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانیویانە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان لەسەر

بنەمای یەکیەتیی نیشتمانی لە فۆرمێکی مۆدێرن و نوێی کاری سیاسی و لە چوارچێوەی ڕێکخستنێکی بەرینی جەماوەریدا ڕێک بخەن.

ڕووداوە خێراکانی دوای دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ئێران دەرفەتی ئەوەی پێکهێنا کە حیزبی دێموکرات بتوانێ بە سیاسەتێکی ژیرانە لە کۆتا دەرفەت و بۆشاییەک کە بەهۆی ململانێی زلهێزانی هاوپەیمانی شەڕی دووەمی جیهانی لە ئێراندا هاتبووە ئاراوە، بەستێنی دامەزرانی کیانێکی نیشتمانیی بۆ خەڵکی کوردستان پێکبێنێ و بتوانێ یەکەم کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕابگەیێنێ. دامەزرانی کۆماری کوردستانیش وەدیهێنانی خەونی سەدان ساڵەی نەتەوەی کورد بوو کە لە ماوەیەکی کەمدا توانی دەسکەوتی مەزن و مێژوویی بۆ نەتەوەی کورد تۆمار بکا و ببێتە ڕووگەیەک بۆ کوردستانیانی هەموو بەشەکانی کوردستان. دیارە لە پێش دامەزرانی حیزبی دێموکراتیشدا چەندین ڕاپەڕین و بزووتنەوەی نەتەوەیی لە بەشە جیاجیاکانی کوردستان هاتبوونە ئاراوە و چەندین حیزبی سیاسییش دامەزرابوون و خەباتی گەورەیان کردبوو و قوربانی زۆریان دابوو و دەسکەوتی بەرچاویان بۆ بزووتنەوەی کوردستان وەدی هێنابوو؛ بەڵام هیچکامیان نەیانتوانیبوو بەقەدەر حیزبی دێموکرات لە ماوەیەکی کەمی زەمەنیدا هێندە دەسکەوت و سیمبولی نەتەوەیی بئافرێنن و قوتابخانەی هزری نەتەوەیی پێ بخەمڵێنن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە تەمەنی هەشتا ساڵیی خۆیدا کە بەردەوام لە خەباتێکی دژوار لە دژی ڕێژیمی پەهلەویی حەمەڕەزا شا و کۆماری ئیسلامیدا بووە، چەندین زەربەی گەورەی وێ کەوتووە و هەزاران پێشمەرگەی مێرخاس و فەرماندە و ئەندامانی ڕێبەری و ئەندامانی ڕێکخستنەکانی شار لە سەنگەری خەباتدا شەهید بوون و تووشی جۆرەها کارەساتی دڵتەزێنی وەک "لەسێدارە دانی پێشەوا قازی محەممەد، شەهیدبوونی ڕێبەرانی ڕاپەرینی ٤٧-٤٦، تێرۆری دکتۆر قاسملۆ و دکتۆر شەرەفکەندی و سەدان پیلانی جۆراوجۆری نەیاران بووە و ڕۆژانی ڕەشی زۆری بینیوە، بەڵام هەرگیز چۆکی دانەداوە و هەروا مەیدانداری خەبات بۆ وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانی نەتەوەی کوردە و لە قۆناخی جیاجیای تەمەنیدا گەلێک دەسکەوت و شانازی بەنرخی بۆ نەتەوەی کورد تۆمار کردوە. ڕەمزی سەرەکیی مانەوە و بەهێزیی حیزبی دێموکرات گرتنەبەری ئەو ڕێباز و ستراتژییە نەتەوەیی و نیشتمانییە کە تەعبیر لە ویست و داخوازیی سەدان ساڵەی کوردستانیان دەکا و کۆمەڵگەی کوردستانیش بە پشتگیری بەرینی مادی و مەعنەویان لەو حیزبە، گەورەترین هۆکاری مانەوە و بەهێزبوونی حیزبی دێموکراتن.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وێستگە جیاجیاکانی تەمەنیدا بە ئیلهام وەرگرتن لە ویستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای

کوردستان، بەردەوام ئالاهەڵگری وتاری نەتەوەیی و نیشتمانیی خەڵکی کوردستان بووە و بەردەوام هەوڵی بۆ بونیاتنانی نیشتمان و سەروەری نەتەوەیی داوە و لەو پێناوەدا هەنگاوی گرینگ و شوێندانەری گەڵگرتووە و قوربانی زۆری بۆ ئەو ستراتژییە داوە. هەربۆیە کاریگەرییەکانی ئەو ڕێبازە نەتەوەییە دوای تێپەڕینی هەشتا ساڵ، هەروا بەردەوامن و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان لەسەر بنەمای هەمان ڕێباز بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان لە خەبات بەردەوامە.

حیزبی دێموکرات حیزبێکی خاوەن کولتووری دێموکراتیک و هزری پێشکەوتووانە و واقعبینە کە ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، کلتوری و ئابووریی کۆمەڵگا، ئەو بەستێنە سەرەکیانەن کە وا دەکات حیزبی دێموکرات بەردەوام خۆی لەگەڵ واقیعی ئەو فاکتەرانە و پانتایی جوگرافیای خەباتیدا ڕێک بخات تاکو بتوانێ بە بەشداریپێکردنی سەرجەم چین و توێژ و پێکهاتەکان، گەشە بە خەبات و شوێندانەرییەکەی بدات. ئەم بابەتە مانای ئەوە دەدات کە حیزبی دێموکرات هەموو دیاردە و گۆڕینەکانی دەرووبەری خۆی دەبینێ و لە ئەنجامدا دەیهەوێ خۆی لەگەڵیان ڕێکبخات تاکوو لەو ڕێگەوە بتوانێ ئیدارەی ڕەهەندەکانی خەبات و چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەل جۆری پرسەکان بکات.

گوتاری نەتەوەیی و نیشتمانیی حیزبی دیموکرات دیارە و ستراتژییەکەشی بۆ وەدیهێنانی ئەم گوتارە لەئارادایە و هەشتا ساڵ مێژووی خەباتی بێوچان و پڕشنگداری لەوپێناوەدا تۆمار کردوە، پێویستە شێوازی ئاراستەکردنی ئەم گۆتارە نەتەوەیی و نێشتمانییە کە نوێنەرایەتی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دەکا، لە ڕەهەندی واتایی و ناوەرۆکیی و دەربڕینەوە هاوسەنگی هەبێت، هەروەک چۆن ئەو گوتارە ڕوو لە کۆمەڵگەی خۆمان دەری دەبڕین، ڕوو لە دەسەلاتی ناوەندی و لایەنە دەرەکییەکانیش بە هەمانشیوە دەربڕین تاکو حیزبی دیموکرات بتوانێ بە متمانە و پشتگیری زیاتری جەماوەری، ئیدارەی هەلومەرجە نوێیەکە و ئەو گۆڕانانەی کە لە ناوچە و لە پانتایی کۆمەڵگەدا هاتوونە ئاراوە بکات و دەربڕی ئەو چاوەڕوانییە بێ کە خەڵک و ئەندامانی حیزب لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان هەیە.

کاتێک بیر لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان دەکەین ئەوە پرسیارە بەرەوڕوومان دەبێتەوە کە ئاخۆ حیزبە سیاسییەکانن کە ئاراستەی سیاسەت و ستراتژی دیاریکراویان دەکەن، یان ستراتژی و ئەفکارەکانن کە فۆرم و جۆری حیزبی سیاسی دەستنیشان دەکەن؟ ئێمە دەبینین لە مێژووی هاوچەرخدا حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی جیاواز سەریان هەڵداوە و هەر یەک لەمانە بە شێوەیەک لە کۆمەڵگادا خەباتیان کردوە. ژینگەی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و ئابوریی کۆمەڵگە فاکتەری سەرەکین بۆ ئەوەی حیزبی سیاسی بکەنە پەیڕەوی خۆیان، واتا بە گۆڕان لە هەر یەک لەوانەدا، حیزبی سیاسییش دەبێ لە ڕوانگە و فۆرمی دابەزین بەرەو کۆمەڵگە گۆڕانی بەسەردا بێت.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

به هاتنه کایەی سەردەمی بەجیهانیبوون و تەکنۆلۆژیای ژیری دەسکرد، ئیتر زۆر دژواره ئاستی باندۆری نێوخۆیی و دەرەکی لەسەر حیزبەکان لەیەکتر جیا بکەینەوە. ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە حیزبی سیاسی ڕووبەرووی جیهانێک لە بوون بووتەوە کە کۆمەڵگە و تاکەکان لە پانتاییەکدا دەژین کە هەموو بوارەکان تێکەڵ بە یەک بووە. لێرەوەیە کە حیزبی سیاسی بەرەورووی ئەو پرسیارە دەبێتەوە کە دەبێ چۆن فۆرم و سیستەمی بەڕێوەبەریی خۆی ڕێک بخات کە وڵامدەری پێویستییەکانی سەردەم بێت؟

حیزبی دێموکرات سالانێکە لەپێناو بەهێزکردنی خەباتی شار و ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی نێوخۆ کاری کردوە و بەتایبەت لە دوای بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی و ئەو بزاڤە جەماوەرییانەی کە لە بۆنەکانی نەورۆز و ژینگەپارێزی و هتدی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئارادان، ئەمەمان پێ دەڵێن کە بە هەڵبژاردنی ستراتژیی جەماوەریکردنی خەبات پێویستە بە ئەقلییەت و بیرکردنەوەیەکی تر بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەنگاو هەڵبگیرێتەوە. واتا حیزبی دێموکرات دەرکی بەو ڕاستییە کردووە کە لە ژینگەیەکی جیاواز لە بوون، دەبێ ئاراستەی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە ڕاستییەکان بگۆڕێ تاکو زۆوتر بگاتە کۆمەڵگە و بتوانێ چین و توێژ و پێکهاتە جیا جیاکانی و لەپێناو چارەنووسی نەتەوە و نیشتماندا بەدامەزراوەیی بکات و ڕۆڵی پێشەنگایەتی و کاریگەری خۆی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەماندا مسۆگەر بکات.

٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ئاوڕێک لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان






**سۆران عەلیپوور**

حیزبە سیاسیەکان بەشێکی گرینگی کۆمەڵگەی مۆدێرن و سیستمی نوێنەرایەتیی دێموکراسین. ئەوان بۆ مۆبیلیزەکردنی خەڵک و خستنەرووی بەرنامەکانیان بۆ چۆنیەتیی بەڕێوەبردن، گۆڕین و پێشخستنی کۆمەڵگە وەک بەردەبازێک لە نێوان کۆمەڵگە و دەوڵەتدا ڕۆڵ دەگێڕن و چاودێری بەسەر جێبەجێکردنی دەسەڵاتدا دەکەن. ئەگەر لە تێگەیشتنی کلاسیکی سۆسیالیستیدا

ڕێکخراو تەنیا ئامرازێک بوو بۆ گەیشتن بە کۆمەڵێک ئیدیال، ئەوا لە دنیای ئێمەدا حیزبە سیاسییەکان بەشێکی پێویست، جیانەکراوە و دانەبڕاون لە خودی سیستمێکی دێموکراتیک.

بە چاوخشاندنێک بە تیۆرییە سیاسیەکاندا ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان لە چوار ئەرکی سەرەکیدا کورت دەکرێتەوە، بێگومان لێرەدا باس لە کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک و پارلمانی دەکەین، ئامانجی هەموو پارتێکی سیاسی گەیشتن بە دەسەڵات و پیادەکردنی ئەو بەرنامە یا ئیدۆلۆژییەیە کە لە ڕێگەی ئەندامگیری و مۆبیلیزەکردنی کۆمەڵگەوە یەکدەنگیەکی بۆ دروست کردووە. واتە حیزبێکی سیاسی لە گەیشتن بە دەسەڵاتدا گرینگترین ڕۆڵی ئەوەیە کە کۆمەڵگەیەک بەڕێوە ببا، ئەرکێکی دیکە ئەوەیە کە ئامادەکاری بۆ بەربژێری ئەو کاندیدانە بکەن کە ئەرکی سیایسیان پێ دەسپێردرێ, سێهەمین ڕۆل لە ئامادەکردن و بەرەوپێشبردنی ئەجێندا و بەرژەوەندی جیاوازدا کورت دەکرێتەوە بۆ پاکێجی ئامادەکراو تا دەنگدەران لە کاتی هەڵبژاردندا بتوانن هەڵوێستی لەسەر بگرن. پارتە سیاسیەکان وەک کاڵایەکی سیمبولیک و ڕەمزی بۆ ئەندامان و لایەنگرانیان گرینگی خۆیان هەیە و چۆنیەتی تێڕوانین و لێکدانەوەیان بۆ پرسە جۆراوجۆرەکان لێکیان کۆ دەکاتەوە و لەو ڕێگەیەوە جۆرێک لە ناسنامەی سیاسی فۆرم دەگرێ.

لەگەڵ ئەوەدا ئەو مۆدێلە لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردن پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە مۆدێلی ڕۆژئاوایی و تایبەتر بە سیستمە دێموکراتیکییەکان هەیە، بەڵام حیزبە سیاسییەکان لە بەستێنی جۆراوجۆر و بە پێی هەلومەرجی جیاواز شێوازی کارکردنیان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ لەسەر بناغەی کۆمەڵەی ژێ ـ کاف خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی سیاسی و ڕێکخراوەیی گەلی کورد دا و ئەنجامی ئەو هەلومەرجەیە کە ڕێکخراوێکی سیاسی لە پێکهاتەیەکی سنووردار بە ئامانجی ڕادیکال و ئایدیالیستیەوە دەگوازێتەوە بۆ پێکهاتەیەکی بەرفراوان بە کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی و ڕیالیستی کە بتوانێ مەودایەکی فراونتر لە نێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا بگرێتە خۆی و لەهەمان کاتدا خۆی بۆ بەڕێوەبردن و بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی و ئیداری ئامادە بکا. لە لایەکی دیکەشەوە غیابی دەوڵەتی ناوەندی دوای هاتنی هاوپەیمانەکان بۆ ئێران و دروستبوونی بۆشایی سیاسیی و ئیداری لە ناوچەکەدا "ژـ کاف"ی خستبووە بەردەم ڕاستییەکەوە کە چیدیکە مانەوە لە قەوارەی ڕێکخراوێکی نوخبەگەرا و سنووردارا نەیدەتوانی وڵامی پێویستیە سیاسی و ئیدارییەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە .

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەیاننامەی دامەزراندنی خۆیدا هەشت خاڵی وەک دروشم و ئامانجەکانی حیزب دیاری کردوە، کە شەش دانەیان ڕاستەوخۆ باس لە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی وڵات دەکەن. ئەوەی کە بەشێکی هەرەزۆری توانا و

سەرمایەی حیزب لەوکاتەدا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات تەرخان کراوە بێجگە لەوەی کە ڕەنگدانەوەی ئەو بەستێنە مێژووییەیە کە حیزبی تێدا دامەزراوە، ئاماژەشە بە تێگەیشتنی سەرانی حیزب و لە سەرووی هەموویان قازی محەممەد لەو بەرپرسایەتییەی کە کەوتۆتە سەر شانیان، لە ماوەیەکی کورتی ١٦٠ ڕۆژیدا و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو کۆی ئەو دروشمانە دەخەنە نێو پێکهاتەیەکی سیاسی و ئیداری وەک کۆماری کوردستان. لەو بەیاننامەیەدا چۆنیەتی پەیوەندی ناوەند بە کوردستان لەسەر بنەمای ئۆتۆنۆمی دیاریکراوە، زمانی کوردی وەک زمانی ڕەسمی دەسنیشان کراوە، ئەوانەی کە ئەو سیستمە ئۆتۆنۆمیە بەڕێوە دەبەن دەبێ کورد بن و لەسەر بنەمای یاسای بنەڕەتی لە ڕێگەی ئەنجومەنێکی ویلایەتی هەڵبژێردراو کۆی کاروباری دەوڵەتی و کۆمەڵایەتی بەڕێوە دەبەن. سەبارەت بە دابینکردنی دادپەروەریی لە نێوان خاوەن موڵک و جوتیاردا کە ئەوکات پرسێکی گەرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو باس لەوە کراوە کە دەبێ یاسایەک دابنرێت کە مافی هەردوولا دابین بکردرێ.

بە وردبوونەوەیەکی زیاتر لەو هەشت خاڵە دەتوانین بڵێین کە ئامانجە نەتەوەیی، سیاسی و کارگێڕییەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکرات ڕەنگدانەوەی چوار چەمکی "دێموکراسی" "ناسۆنیالیزم"، " ئۆتۆنۆمی خوازی" و "دادپەروەری" بوون. لەگەڵ ئەوەدا بە وردی باس لەوە نەکرابوو کە ئەنجومەنی ویلایەتی کوردستان چ قەوارە و دەسەڵاتێکی دەبێ، سنوورەکانی تا کوێ دەڕۆن، بەڵام بەئاشکرا باس لەوە کراوە کە ئەو ئەنجومەنە لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە پێک دێت و هەموو کاروبارە کۆمەڵایەتی و دەوڵەتیەکان بەڕێوە دەبات. ئەو دێموکراسی و ئازادییەی بۆ هەموو گەلانی دیکەی ئێرانیش بە پێویست زانیبوو. بەئاشکراش جێدەستی مەرامە نەتەوەییەکان بە چۆنیەتیی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیدارییەوە دیارە، ئەوەی کە دەبێ کاربەدەستانی دەوڵەت خەڵکی ناوچەکە بن و پێداگرتن لەسەر زمانی زگماک لەو ویستە نەتەوەییەوە سەرچاوەی گرتبوو. هەرچەند سنوورە جوغرافیەکەی ئەو هەرێمە ئۆتۆنۆمییە دیاری نەکرابوو و دواتریش سنووری کۆمار بە سنووری دەسرۆیی سیاسیەکەیەوە گرێ درا بەڵام وێنەیەکی تاڕادەیەک ڕوونی لە قەوارە و دەسەڵاتەکانی ئەو سیستمە ئۆتۆنۆمیە دەستنیشان کردوە و مافی چارەی خۆنووسینی لە شێوەی هەرێمێکی خودموختاردا تێدا نەخشێنراوە.

بەیاننامەی دامەزراندنی حیزب لەگەڵ ئەوەدا بۆ سەردەمی ئەوکات بەرنامەیەکی پێشکەوتوو و ڕادیکاڵ بوو و زۆربەی ئەو ویستانەی تێدابوو کە ئێستاش هێڵە سەرەکییەکانی بەرنامەی حیزبی دێموکراتە، دەبێ لەبیرمان بێ کە هێنانەگۆڕی ئەو ویستە مۆدێرنانە لە کۆمەڵگەیەکی نەریتیدا کە سەتا ٩٥ی دانیشتووانی نەخوێندەوارە و نزیکەی سەتا ٨٠ی موڵک بە دەستی دەرەبەگەکانەوەیە و لە بیست ساڵی پێش دامەزراندنی حیزبدا سیاسەتێکی شۆڤێنیستی تواندنەوە و تالانکردنی بەسەردا پراکتیزە کراوە، کارێکی ئاسان نیە. دەسرۆیشتوویی عەشیرەتەکان و خاوەن موڵک و دەرەبەگەکان پارادۆکسێکی گەورەی لەگەڵ نێوەرۆکی دامەزراندنی "ڕێکخراو" وەک یەکەیەکی سیاسی مۆدێرندا هەبوو، هەرچەند حیزب لە بەرنامەکەی خۆیدا دەیویست چاکسازییەکی درێژخایەن لە پەیوەندیی نێوان جوتیار و خاوەن موڵکدا بکات، بەڵام ئاواش هەبوونی ڕێکخراوێک کە دەیەوێ کۆی سیستمی کۆمەڵایەتی و ئابووری بگۆڕێ و ڕیزبەندییەکانی هێز هەڵوەشێنێتەوە لە هەموو لایەکەوە

پێشوازیی لێ نەکرا. نابێ ئەو ڕاستییەش لەبیر بکەین کە ئەزموونی کۆمەڵگەی کوردی لەگەڵ هەبوونی ڕێکخراودا ئەزموونێکی ساوا بوو و سیستمی نوێنەرایەتیی خەڵکی دێهاتەکان لە سەر هەمان پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی فیوداڵی مایەوە و خەڵکی دێهاتەکان کە زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستانیان پێک دێنا هەر لە ڕێگەی مێتۆدی نادادپەروەرانەی خێڵەکییەوە لە لایەن خاوەن موڵک و دەرەبەگەکان نوێنەرایەتیی کران و ئەوەش وایکرد کە ئەو بەرنامەیە و دواتریش دەستڕۆیشتوویی حیزب و کۆمار لەو قۆناغە مێژووییەدا نەگاتە دێهاتەکان. زۆرینەی سەرانی حیزب پێکهاتبوون لە نوێنەری چینی تازەپێگەیشتووی وردە بۆرژوا، بازرگان و خاوەن ملکان، سەرانی خێڵ و ڕۆشنبیران، ئەوە لە کاتێکدا کە دروشمەکانی حیزب بەگشتیی و باوەڕ هەبوون بە پرسی نەتەوەیی توانیبووی یەکگرتوویەک و یەکدەنگییەک بەو جیاوازی و ناکۆکییانە بدا کە لە پێکهاتەی ڕێبەری و ئەندامانی حیزب و کۆمەڵگەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەبوو، هەبوونی هێزە کۆنەپارێزەکان لە قەوارەی سیاسیی ڕێکخراوێکدا کە توانیبووی دروشمی سیاسی دێموکراتیک و مۆدێرن بخاتە ڕوو، یەکێک لەو ئاڵنگاریانە بوو کە هەم حیزب و دواتریش کۆماری کوردستان لەگەڵی بەرەو ڕووبوون.

لە لایەکی دیکەوە بەرنامەی حیزب دوو پرسی گرینگی تێدا نەگونجێنرابوو، یەکەمیان ئەوەی کە ئاماژەیەک بە پرسی لەشکر و دەسەڵاتی سەربازی نەکرابوو، پاشانیش هەرچەند نووسرابوو کە ژیانی بازرگانی و کشتوکاڵی و فەرهەنگی و تەندروستی پێش دەخرێت بەڵام ئاماژەیەک بە وردەکاریەکانی سیستمی دارایی نەکرابوو، دیارە دواتر لە پراکتیکدا سیستمێکی ڕوونی باج وەرگرتن دروست کرا کە بە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتی کۆماری کوردستانیش دادەنرا.

لە هەڵسەنگاندنی بەرنامەکانی حیزب و پراکتیزە کردنی ئەو بەرنامەیەدا دەبێ لە بیرمان بێ کە ڕەوتی ڕووداوەکان زۆر بەخێرایی دەچوونە پێش و لەو ماوە کورتەشدا پراکتیزەکردنی بەرنامەیەکی سیاسی و کارگێڕی ئاوا بەرفراوان چاوەڕوانییەکی ڕیالیستی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دێموکرات کە دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری کۆماری کوردستانە توانی نموونەیەکی سەرکەوتوو لە ماوەیەکی کورت دا لە دەسەڵاتێکی سیاسی کوردی بەدەستەوە بدا.

یەکەم بەرنامەی حیزب ڕەنگدانەوەی چوار چەمکی دێموکراسی، دادپەروەری، ناسیۆنالیزم و ئۆتۆنۆمیخوازی بوو کە بە درێژایی خەباتی هەشتا ساڵەی حیزبی دێموکرات لە بەرنامە و دروشم و ئامانجەکانی دانەبڕاون، لەو ماوەیەدا لەوانەیە هێندێک جار فۆرم و بەشێک لە تێڕوانینی حیزب بۆ ئەو چوار چەمکانە بە گشتی و بەتایبەتی دوو چەمکی "دادپەروەری" و ئۆتۆنۆمیخوازی" گۆڕانکارییان بەسەردا هاتبێ، بەڵام هیچ کات لە سیاسەت و ئامانجەکانیدا وەلا نەنراون و هەمیشە لە دروشمە ستراتیژییەکانی ئەو حیزبەدا ڕەنگیان داوەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

خاڵێکی دیکە کە گرینگە سەرنجی پێ بدرێت و وەک ئەزموون لە داهاتوودا کەلکی لێوەربگیردرێ توانایی گۆڕانکاریی و خۆگونجاندن لە گەڵ بارودۆخی جیاوازدایە، سەرانی ژێ . کاف و پێش هەموویان قازی محەممەد بۆوەی کە قەوارە و نێوەرۆکی ڕێکخراوەکەیان لەگەڵ چاوەڕوانی و بەستێنی نوێی سیاسیدا بگونجێنن و ئامادەی بکەن بۆ قۆناغی داهاتوو، ئامادە بوون کۆمەڵەی ژێ . کاف هەڵوەشێننەوە و حیزبی دێموکرات دابمەزرێنن. چەقنەبەستوویی و باوەڕنەبوونی دۆگم بە پرس و ئامانجە سیاسیەکان وەک مێتۆدێک لە مێژووی ٨٠ ساڵەی ئەو حیزبەدا درێژەی پێ دراوە، بەڵام باوەڕهەبوون بە چوار چەمکی، نەتەوایەتی، دێموکراسی، دادپەروەری و خۆبەڕێوەبەری لە فۆرمی جیاوازدا وەک چوار بنەما تا ئێستاش ماونەتەوە.

سەرمایەی هەر هێزێکی گۆڕانخواز بێجگە لە پشتیوانی جەماوەری، پێشڕەوی و بەڕۆژکردنی سیاسەتەکانی لەگەڵ بارودۆخی ڕۆژ، ئەزموونوەرگرتنیشە لە مێژوو و ڕابردوو، توانایی کەلوەرگرتنیەتی لە سەرمایە ڕەمزییەکانی، حیزبی دێموکرات بە ڕابردووی ٨٠ ساڵەی و هاوکات سێ ساڵی تەمەنی ژێ کاف، خاوەن بانکێکی دەوڵەمەندی سەرمایەی ڕەمزییە کە لە دۆخی پڕ لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئێستای کوردستان و ئێران دا دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ.

٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# گواستنەوەی هزری نەتەوەیی بۆ نێو زەینی کۆمەڵگە






**عەلی فەتحی**

بەپێی گوتەیەک وەک یاسایەکی نەنووسراو، مرۆڤەکان پێویستە زۆر لەیەکتر نیزیک بن یا پەیوەندییەکی عاتیفیی تەواو بەهێز لەنێوانیاندا هەبێ، تاکوو ڕاگواستنی فیکر و ئایدیا مەیسەر بێ و هەستی یەکدڵی پێکبێت. بە لەبەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییە و سەیرکردنی جۆش و خرۆشی مافخوازیی لەم چەند ساڵی دواییەدا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، باوەڕمان بەو

بۆچوونە پتر و پتر دەبێ کە جیا لە پەیوەندییەکی سیاسی، ڕابیتەیەکی عاتیفیش لەنێوان حیزب و کۆمەڵگەدا چێ بووە. کە باس لە حیزب دەکەم، مەبەستم لە حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. پێویستە ئەو لەیەکگرێدراوییە لە دوو قۆناخی جیاوازدا، واتە هەم ئەوکاتەی کە حیزب لەنێو خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە و هەم ئەو سەردەمەی کە لە ئاوارەییدا ژیاوە، بخەینە بەر باس تاکوو باشتر جیاوازییەکان ببینین و مەبەستەکەمان ڕوونتر کردبێتەوە.

ئەگەر سەردەمی تێکۆشانی ژێکاف و یازدە مانگ تەمەنی کۆمار لەولا دانێین و ١٥ی دێسامبری ١٩٤٥ وەکوو دوارۆژی تەمەنی کۆماری کوردستان بکەینە خاڵی دەستپێکی جووڵانەوەیەکی نهێنی، ڕەنگە زانیارییەکان پتر بەکەڵکی بەرچاوڕوونی بێن بۆ تێگەیشتن لە مەبەستی ئەو نووسینە. بە ئاوڕدانەوە لە زانیاریی سەرچاوە مێژووییەکان و وردبوونەوە لە دۆخی ئەو سەردەمە، واتە هەردوای ڕۆژی ١٥ی دێسامبر، خەڵکێکی زۆر، لە پێشەوا قازی محەممەد ڕا بگرە تا دەگاتە ئەندامانی سادەی حیزب لە شارەکانی کوردستان، گشتیان کەوتنە بەر شاڵاوی گیران و ئێعدام و دوورخراوەیی لە زێدی خۆیان. بە واتایەک کۆتایی بە جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاتبوو و حکوومەتی پەهلەوی بە زەبر و زەنگی نیزامی لە لایەکەوە هەوڵی دەدا خەڵک چاوترسێن بکا و لە لایەکی دیکەشەوە سەرقاڵی میلیتاریزەکردنی کوردستان بوو. تەنانەت بەوەش نەوەستا، سیاسەتی ژێردەستەکردنی ئارامی گرتەبەر و بە قەدەغەکردنی زمان و جلوبەرگی کوردی لە قوتابخانەکان و سووکایەتیکردن بە هەرچی داب و نەریتە و بەهێنانەگۆڕی خەیاڵی دروستکردنی نەتەوەیەکی دەستکرد بەناوی نەتەوەی ئێران، گەرەکی بوو ئاسەوارێک لە کورد و کوردایەتی نەهێڵێ. ئەو سەردەمە لە زەخت و گوشار، هێندە دوور نیە و ئەو جیلەی بە چاوی خۆی دۆخەکەی دیتووە، ئێستاش بەشی زۆریان لە ژیاندا ماون و لەبیریانە دەسەڵاتی پاشایەتی چۆن هەوڵی ژێردەستەکردنی گەلەکەمانی داوە. خەڵکی ئێمە ئەو کاتە، لەڕاستیدا دوو توێژ بوون، یەکەم ئەوانە بوون کە چێژیان لە ئازادی و حوکمڕانیی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان وەرگرتبوو و توێژی دووهەمیش ئەو گەنجانە بوون، کە بە دیتنی سیاسەتی زەخت و زۆری و ژێردەستە بوون، حەسرەتێک بۆ دووبارەبوونەوەی سەردەمی ئازادی، دڵ و دەروونی داگرتبوون. ئەو خۆزگەیە یا نۆستالژییە شاراوەیە لە قۆناخێکدا گەیشتە ئاستێک، تەنانەت ئەگەر حیزبێکی فارسی ڕەگەزپەرەستی وەکوو پانئێرانیست وشەی کورد یا ناوی کوردەکانی ئەودیو سنووری لە وتار و گوتارەکانیدا دەکار کردبا، هێشتا دەبووە مایەی دڵخۆشی ئەو توێژە. بەعام دەکرێ ئاماژە بەوە بکەم و بپرسم کە کێ هەبوو لەو سەردەمدا دڵی بەو بەیتە لە گۆرانی حەسەن زیرەک خۆش نەبووبێ کە دەیگوت: کورد نیم دیمۆکراتم بێ ... و کام گەنج ئەو کاتە هەبوو لایەلایەی ماموستا هەژاری لە زمان مامڵێوە بەدڵ نەبووبێ! زۆر نموونەی دیکەش هەن و پێویست بە نووسین ناکا. ئەو دەنگبڕین و قەراقوپ کردنە تا سەردەمی ناسراو بە ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧ درێژەی هەبوو. کارەساتەکانی ئەو یەکدوو ساڵە ئەگەر زەبرێکی گورچووبڕ بوو لە خاڵێگەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەگشتی و لە جەستەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بەتایبەتی، بەڵام لە هەمان کاتدا زیندووکەرەوەی پرسیارگەلێکی گرینگیش بوو لەنێو کۆمەڵگەی کوردیدا.

دیتمان، ڕاست دوای ڕووخانی كۆماری كوردستان. خەڵك بەتایبەت جیلی نوێ، دەیانپرسی ئەوانەی شەهید بوون، كێ بوون، بۆچی و چۆن شەهید بوون و ئامانجیان چی بوو. زۆری نەخایاند وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە درانەوە.

لە سەردەمێكدا كە شۆڕشی گەلانی ئێران دژی حوكمڕانیی پاشایەتی گەیشتە لووتكە و هێزە سیاسییەكانی دژی ئەو سیستەمە ئیدی كەم و زۆر بە ئاشكرا هاتنە مەیدان، حیزبی دیمۆكراتی كوردستانیش خێرا دەستوبردی كرد و ڕێكخراوەكانی خۆی لە زۆر شوێن دامەزراندەوە. حیزب بەدوای ڕووخانی كۆماری كوردستان، بە فەرمی سی ساڵێك دەبوو ئاوارەی دیوی گەرمێن ببوو. لە دوای چالاكییە خوێناوییەكانی ساڵانی ١٣٤٦-١٣٤٧یش كەوتبووە قۆناخێك كە زۆربەی كادرە بەوەجەكانی یا گیرابوون یا شەهید ببوون. بەڵام سەرەڕای ژانكردنی ئەو برینە لەسەر جەستەی، ساڵی ١٩٧٩ بە ئاشكرا هاتەوە مەیدان. ئەژماری كادر و پێشمەرگەكانی ئەوەندە زۆر نەبوون و لە هەمان كاتدا نەناسراویش بوون. تەنانەت دوكتور قاسملوو كە سكرتێری گشتی حیزب بوو، خەڵك نەیدەناسی و بە وێنەش نەیاندیتبوو. ئەو چەندەش كە هاتنەوە، زۆرتر لە دیوی گەرمێن ژیابوون و پەیوەندییەكی زۆریان بە كۆمەڵگەی كوێستان واتە ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە نەبوو. بەڵام، گرینگ ئەوە بوو كە هەر ئەوانە خێرا دەستوبردیان لێ كرد و كەڵكیان لە دۆخەكە وەرگرت و ڕێكخراوەكانی حیزبیان لە گشت ناوچەكان، هەر لە خۆی و سەڵماسەوە بگرە تاكوو كرماشان دامەزراندەوە. هەڵبەت لەو قۆناخەدا نابێ هەرتەنیا گەڕانەوەی حیزبی دیمۆكرات لەبەرچاو بگرین، چونكە ئەژمارێك هێزی دیكەش كە خاوەن ڕابردوویەك لە گۆڕەپانی سیاسەتدا بوون، دەستیان بە تێكۆشانی ئاشكرای خۆیان كردەوە، بۆ وێنە حیزبی توودە و موجاهیدین و چریكە فیداییەكان. جیا لەو هێزانە، بە دەیان ڕێكخراوی نوێش سەریانهەڵدا و ئیدیۆلۆژی و ڕوانینی سەیروسەمەرە ڕوویان لە كۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و كوردستان بە تایبەتی كرد. ئەو خەفەقانەی بەسەر ئێراندا سەپابوو و سی چل ساڵێكی خایاندبوو، كاریگەریی لەسەر هێزی مرۆیی خەباتكار لە كوردستانیش دانابوو و بەسەر دوو بەرەدا دابەشی كردبوو. گەنجی خوێندەوار و بەتایبەت شارنشین، بەشی هەرە زۆریان ڕوویان لە هێزە چەپە كلاسیك و تازەدامەزراوەكان كرد و ڕزگاریی چینی كرێكاری جیهانیان بەلاوە گرینگتر لە جووڵانەوەی نەتەوەیی كورد بوو. بەرەی دووهەمیش، خەڵكی ئاسایی و بەتایبەت لادێنشین كە خاوەن هێز و پوتانسیەلێكی لەڕادەبەدەر كوردانە بوون، ڕوویان لە هێزەكانی نیشتمانپەروەر و بەتایبەت حیزبی دیمۆكرات كرد. بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش لەو كاتەدا بۆ ئەو پشتیوانییە بەربەرینەی خەڵك لە بەربژێرەكانی حیزب، هەڵبژاردنی ٧ی جۆزەردانی ١٣٥٩ی مەجلیسی شورای ئیسلامی بوو. لەو هەڵبژاردنەدا، لە گشت شارەكانی كوردستان جیا لە یەك شار، خەڵك دەنگیان بە بەربژێرەكانی حیزب دا و دەركەوت خەباتی نەتەوەیی بەلای ئەوانەوە گونجاوتر و پێویستترە لە مافخوازی بۆ كرێكاری چینی باڵادەست.

كۆماری ئیسلامی وەك دەسەڵاتی ناوەند، دوای دیتنی ئەو پشتیوانییە بەهێز و بەربەرینەی خەڵك لە حیزب، ترسی ڕێنیشت



سەرچاوە
Serchawe

و ڕووی لە بیانووپێگرتن و ئاژاوەگێڕی نا. دواجار شەڕێکی درێژخایەنی بەسەر کوردستاندا سەپاند. بە گەمارۆی ئابووری - نیزامی و دەیان ساڵ وێرانی بۆ شار و گوندەکانی کوردستان، گەرەکی بوو ئیرادەی خەڵکەکەمان و بەتایبەت هێزی پێشمەرگە تێکبشکێنێ. بەڵام، دیتمان خەڵک بەوپەڕی هەژاری و نەداریشەوە بەردەوام پشتیوانیی لە جوڵانەوە مافخوازییەکەی خۆی کرد و کۆڵی نەدا. دوای قۆناخی دەپازدە ساڵەی یەکەمی ئەو سەرهەڵدانە، حیزب ئەوجار کەوتە دۆخێکی نەخوازراوی دیکە، واتە دووبارە ناچار بە نیشتەجێی لە گەرمێن بۆوە. چالاکیی پێشمەرگە لە نێوخۆی ڕۆژهەلات بەرەبەرە لە کەمیی دا و دواجار کۆتایی پێ هات. ڕادیۆ دەنگی کوردستان کە بەردەوام هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەی حیزبی لە بەرەکانی شەڕ بڵاودەکردەوە، ئیدی ئەو گرینگییەی نەما. دۆخی سیاسی جۆغرافی ناوچە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات و بە نەمانی حکوومەتی بەعس لە عێراق بە گشتی و دامەزرانی حکوومەتی هەرێم بە تایبەتی، بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکان ئەوجار کاریگەری قووڵیان لەسەر سیاسەت و هزر و هەڵسوکەوتی حیزب دانا. حیزبی دیمۆکرات دەبوایە شێواز و مێتۆدی خەباتی خۆی بگۆڕێ، بەجۆرێک کە هەم لەگوێر تواناییەکانی ئەودا بێ و هەم کاریگەریی درێژخایەنی لەسەر بیر و هزری کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات هەبێ. گەلی کورد لەو بەشەی کوردستان دەبوایە فێری ئەوە بکرێت کە چیتر چاوەڕێی هێزی پێشمەرگەی تاراوگە نەبێ بۆوەی بگەڕێتەوە و ئەوان ڕزگار بکا، بەڵکوو ئەوان خۆیان وەک هەر تاکێکی کۆمەڵگە، پێویستە لەجێوە ببنە پێشمەرگەیەکی کارا و بە ڕێنوێنی و ڕەچاوکردنی سیاسەتەکانی حیزب لە کات و ساتی گونجاودا هەڵوێست بگرن و ئەرکە نەتەوەییەکان جێبەجێ بکەن. دەزگایەکی کارای خێرا بە مەبەستی پتەوکردنی پەیوەندی دوولایەنی خەڵک و حیزب لەو نێوەدا، یەکەم پێویستی سەردەم بوو و دەبوایە هەنگاوی خێرای بۆ بنرێت. حیزب بە دامەزراندنی تەلەڤزیۆنەکانی تیشک و کوردکاناڵ لەپاڵ ڕادیۆ دەنگی کوردستان و ڕۆژنامەی کوردستان و دەیان گۆڤاری دیکە و کۆمەڵێک لاپەڕەی ئینترنێتی، پتر لە پێشوو وەک پێشمەرگە لە ماڵەکانی کوردستان میوان بوو. جەماوەری کوردستانیش لەولاوە، حیزبیان دووبارە و بە شێوازێکیتر لە تەنیشت خۆیان هەست پێ کردەوە. حزووری ئەوجارە مەجازیی بوو و وەکوو پێشوو هەرتەنیا بۆ توێژی گەورەساڵان نەبوو، بەڵکوو گەورە و بچووکی بەخۆوە سەرقاڵ کرد. دۆخی سیاسیی حاکم بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر ماوەیەک بێدەنگی و ترس باڵی بەسەردا کێشابوو، دوای ئەو ئاڵوگۆڕانە ئیدی وەرچەرخانێکی مەزنی بەخۆوە بینی و جەماوەر باشتر لەپێشوو دەیانزانی چییان گەرەکە و دەبێ چۆن هەڵسوکەوت بکەن. کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەبەرە بە تەواوی کێشەی فیکر و ئیدێئۆلۆژی وەلا نا و ئەوجار بە ئاشکرا قسەی خۆی دەکرد و لەسەر داخوازییەکانی ساغبۆوە. ئەویش کۆمەڵێک داخوازی نەتەوەیی ڕوون و ئاشکرا و جیهانپەسەند. چونکە، هێزە ئیسلامییەکان ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان دەرخستبوو و بەرەی چەپیش بەدوای ڕووخانی سۆڤییەت و ئۆردوگای کۆمۆنیستیدا کەوتبووە گێژاوێکی فیکری ئەوتۆ کە دەربازبوونی هاسان بەدی‌نەدەکرا. دواجاریش، چەند تاقیکارییەکی مەزن، ڕاستی ڕووداوەکانی بە گوێی ئێران و جیهان و بەتایبەت نێوەندە بڕیاردەرەکانی تاراندا چرپاند، هەر لە هاتنە سەر شەقامی جەماوەر بەدوای شەهیدبوونی شوانە سەید قادرڕا بگرە هەتا مانگرتنەکان بەبۆنەی بۆمبارانی قەڵای دیمۆکرات،

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

شەهیدبوونی ژینا و ماتەمینی شەوی یەڵدا یا پیرۆزکردنی نەورۆزەکانی ئەو ساڵانەی دوایی.

لە هەر هەمووی بۆنە و مەراسیمەکاندا، مرۆڤ ئەگەر سەیری تابلۆکان بکا و وێنە و فیلمەکان بە وردی بخاتە بەر زەینی خۆی، هەستدەکا هەستی نیشتمانپەروەری چۆن لە دڵ و مێشکی خەڵکەکەماندا جێی خۆش کردوە. وەختێک کیژەکانمان بە مەبەستی دەربڕینی پشتیوانی لە شۆڕشەکەمان خاکیپۆش دەبن و کوڕەکان جامانە لە مل دەکەن و پێشمەرگایەتی لە سەرتاپای قەلافەتیان دەباریٚ، یا منداڵێکی تازە پێهەڵگرتوو دەسرەی بەدەستەوە و لەبەر تەلەڤزیۆن بەدەم هەوای سروودێکی نیشتمانییەوە شادی خۆی دەردەبڕیٚ، بۆمان دەردەکەویٚ نیشتمانپەروەری گەیشتووەتە چ ئاستێک. کە نەتەوەیەکیش ئاستی نیشتمانپەروەری خۆی بەرز کردەوە، چیتر چاولەدەستی دەسەڵاتدار نابیٚ دروویەکی لە جەستەی دەرێنیٚ یا برینێکی بۆ سارێژ بکا. کوڕ و کچی گەنج و مێرمنداڵمان بە حەزوئارەزووی خۆیان ڕوو لە کلاسی زمانی کوردی و مۆسیقا و بابەتیتر دەکەن. کاتێک لافاو یا بوومەلەرزەیەک ژیانی کۆمەڵە هاونیشتمانییەک وێراندەکەن، بە هەزاران کەس لە شار و گوندەکانڕا بە هانایانەوە دەچن و خەمی ماڵوێرانیان لەسەر سووکدەکەن. شاخێک، لێڕەوارێک یا دارستانێک ئاگری تێبەر دەدریٚ، بە سەدان کەس خۆ بە ئاگردا دەدەن بۆوەی بیکوژێننەوە، دواتریش لەجیات هەر بەڕوویەکی سووتاو، دەیان دەنک بەڕووی تازە دەچێننەوە و بە واتایەک خاک و ئاوی وڵاتەکە بە هی خۆیان دەزانن و دەیپارێزن. هەر تاکێکی کورد، مادام نیشتمانەکەی بە هی خۆی زانی، هەوڵی ئاوەدانی و پێشکەوتنیشی بۆ دەدا. پێچەوانەکەشی دروستە، کە وڵاتەکەت بە هی خۆت نەزانی و پێت وابیٚ هی دەسەڵاتدارە، بەردەوام چاوەڕێی ئەوە دەبی حکوومەت هەنگاوێک بۆ ئاوەدانی و چارەسەری گرفتەکان بنیٚ و زۆرجاریش لەبەر ئەوەی پیاو ڕقی لە دەسەڵاتدارە، ئەوەندە ئاوەدانییەی هەشە، ئەویش وێران دەکا بۆوەی کۆمەڵگە پتر لە خاوەن دەسەڵات بێزار بیٚ.

بەدوای گشت ئەو شرۆڤەیەی سەرەوە، قەناعەتمان هێناوە یەک: خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەبەدا وەکوو سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی حکوومەتی پاشایەتی بیر ناکاتەوە. دووهەم: گەنجی کورد ئیدی خولیای دەیان ئیدیئۆلۆژی سەیروسەمەرە نیە و ساغ بووەتەوە و بڕیاری کۆتایی داوە و نیشتمانپەروەری وەکوو ئەرکی بنەڕەتی خۆی پەسند کردوە. واتە کوردایەتی و کوردبوون بە بەژن و بالای ئەو لاوە کوردە بڕاوە و بۆی بووە بە خەلاتێکی نیشتمانی. هەرکاتێکیش لەمەر گیانفیداییی پێویستی بە دوابڕیاری مەعنەوی هەبیٚ، پێشەوا قازی محەممەد دێنێتە بەر دیدەی خۆی و وەسیەتنامەی ئەو دەخوێنێتەوە و گیان لەسەر دەست بەرەو پێش دەچیٚ. بۆوەی زێدەڕۆییمان لەو بۆچوونەدا نەکردبیٚ، با سەیری چەند نموونەیەک بکەین. هەموومان بویری ئەو باوکەمان لە کاتی شۆڕشی ژینادا بینی وەختێک لەسەر گۆڕی جگەرگۆشەی شەهیدبووی دەستی غەددارردا گوتی: ئەو کوڕەم بە قوربانی کوردستان بیٚ، ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ لەدایک بوو و هەر بەو بۆنەوە ناوم لیٚ نا کۆمار. ئەو وتەیە پێمان دەڵیٚ، پێشەوا قازی محەممەد سەرۆککۆمارێکی کاریزما بووەتە سیمبولی وەفاداری و

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

سەداقەت بۆ تەواوی جیلەکانی دوای خۆی. هەر دوابەدوای ئەویشدا، دوکتور قاسملووی شەهید بووەتە قاسیدێکی دیکەی گوازتنەوەی هزری ڕزگاریخوازی بۆ وەچەکانی داهاتوو. ئێمە لانیکەم لەو چەند ساڵەی دواییدا دیتوومانە، هەرکە ڕاپەڕینێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سازدەبێ، گەورە و بچووکی نیشتمانەکەمان لەو بەشە چۆن هاواری "قاسملوو قاسملوو ڕێگات درێژەی هەیە" لەسەر شەقامەکان و لەنێو هەناوی دوژمندا دەڵێنەوە. یا ئەوە کە، نیشتمانپەروەرێک وەختێک دەچێتە شاری پاریس، ئەوەندەی بۆی بلوێ سەردانێکی گۆڕستانی پێرلاشێز دەکا. چونکە، بەو کارەی پێی وایە ئەرکێکی ئەخلاقی دەرهەق بە ڕێبەر و ماموستایەکی کاریزما بەجێ گەیاندووە. هەروەها، یەکەم ڕستەی پڕ لە مانا کە بەرچاوی دەکەوێ و لەسەر کێلی گۆڕەکە هەڵکەندراوە، "کە من مردم، کورد نامرێ" سرنجی ئەو ڕادەکێشێ قوڵتر بیر لە داخوازییە نیشتمانییەکانی بکاتەوە. یا هەرکات گرفتێکی سیاسی بۆ جەماوەر لەهەمبەر گرتنەبەری ڕێکارێکی ماقوڵ و هەڵوێستێکی بەجێ دروست دەبێ، پەنا بۆ ئاخاوتنەکانی ئەو سەرکردە شەهیدە دەبەن کە کاتی خۆی تۆمارکراون. کۆتا قسە دوای ئەو کۆمەڵە قەناعەتە ئەوەیە، ئێستا کە بەرەو ٢٥ی گەلاوێژ، ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزب دەچین، ئێستا کە ٨٠هەمین ساڵی تەمەنی پڕ لە شکۆ و خەبات و تێکۆشان و قوربانیدانی تێپەڕدەکا، دەبێ گەلێک شاد و دڵخۆشبین، چونکە توانیویەتی خۆڕاگر بێ و بە سیاسەتی دروست و پێ لەسەر عەرزی واقیع دەستکەوتێکی مەزن بەدیاریی بێنێ. توانیویەتی ئەرکی ڕاگوێزانی بیر و هەستی نەتەوەیی بۆ نێو دڵ و زەینی تاک بە تاکی کۆمەڵگەی کوردستان سەرکەوتووانە جێبەجێ بکا. ئاکامەکەشی ئەوەیە کە خەڵک لەو بەشە ئیدی لەسەر ئەوە ڕانەوەستاوە ڕۆژێک لە ڕۆژان پێشمەرگە بگەڕێتەوە و ڕزگاریان بکا، نە پێیانوایە حکوومەتیش خاوەن نیشتمانەکەی ئەوانە تا ئاوەدانی بکاتەوە، بەڵکوو خۆیان ساحێبی هزر و هەستێکن بەدوور لە شێوازی کلاسیک و کۆن. خۆیان دەسەڵاتن، خۆیان حیزبن، خۆیان دیمۆکراتن، خۆیان پێشمەرگەن...

**٢٥ی گەلاوێژ، ٨٠ هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران پیرۆز بێ.**


**٢٧ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**



سەرچاوە Serchawe

# ٤٦ ساڵ جینایەت



**شەماڵ تەرغیبی**

٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی خاڵی دەسپێکی کوشتارەکانی خەڵکی کوردستانە کە بە بڕیاری خومەینی و بە حوکمی جیهاد لەدژی "کافرەکان" بەڕێوە چوو و بوو بە شەڕێکی هەمەلایەنە لەدژی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان. شەڕێک کە لە شێواز و پانتایی جۆراوجۆردا ئێستاش هەر درێژەی هەیە. ئەمەش بەو هۆیەوە کە لە فەلسەفەی کۆماری ئیسلامیدا هەرچەشنە مافویستییەک و هەر چەشنە ئەندێشەیەکی جیا لە چوارچێوەی سیستمی ویلایەتی فەقیهـ بە هەڵە و ناڕاست

دادەنرێت و دەچێتە قەوارەیەکەوە بە ناوی "جیاییخوازی و دژایەتی خودا". هەر ئەم فەلسەفە و ئایدیۆلۆژییە چەقبەستووەش بوو وای کرد کۆماری ئیسلامی ڕێڕەوی سەرکوتکردنی جیابیران بگرێتەبەر و وڵاتی ئێرانی کردە گۆڕستانی ئازادی. پاش ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، خەڵک چاوەڕوان بوون کە بە مافە پێشێلکراوەکانیان بگەن. خەڵک پاش دانبەخۆداگرتن لەبەرامبەر ئەو هەموو ئازار و ژانەی کە لە دژیان بەڕێوەچبوو و دانی نرخێکی زۆر، چاوەڕوان بوون بتوانن بڕیار بۆ چارەنووسی خۆیان بدەن و لە کاروباری وڵاتدا بەشدار بن. بەم پێیەش دەستیان دایە دامەزراندنی شۆڕا و کومیتەی خۆجێیی کە وێنەی هاوچەشنی تەنانەت لە ناوەندیشدا دەبیندرا. هەنگاوێک کە دەسەڵاتبەدەستانی ناوەند و داشدارانی حکوومەت و ئاخووندەکانی تینووی زوڵم و دیکتاتۆری بەتەواوی لێی تۆقیبوون.

حاکمە تازە بەدەسەڵات گەیشتووەکانی ئێران لە باتی دابەشکردنی هێز و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی مرۆڤتەوەرانە لە هەموو ئێراندا، دەستیان کرد بە سەرکوتی نەتەوەکان و جیابیران کە ڕۆڵێکی کارایان لە سەرکەوتنی شۆڕشدا هەبوو. بە سەرنجدان بە جوگرافیای بەربڵاوی ئێران و بوونی باوەڕ و ئایین و نەتەوەی جۆراوجۆر لەم وڵاتەدا، حاکمانی نوێیش شێواز و مێتۆدی جۆراوجۆریان بۆ سەرکوتی خەڵک هێنا کایەوە. سەرکوتەکانیان لە سەرەتادا لەدژی بزوتنەوە کرێکاری و خوێندکارییەکان دەسپێکرد و دواتر لە ئەهواز و تورکەمەنسەحرا شەڕی مەزهەبییان لە نێوان شێعە وسوننییەکاندا هەڵگیرساند کە چیرۆکی خوێناوی تورکەمەنسەحرا و کوشتاری هۆزەکانی عەرەب و خەڵکی بەلووچ لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا دیار و بەرچاون. هەروەها بە ئاژاوەگێڕی و گێرەشێوێنی لەو ناوچانەی کە کورد و تورک و ئەرمەنی ماوەیەکی دوورودرێژ بە ئاشتییانە پێکەوە ژیابوون، بوونە هۆکاری هاتنە ئارای کۆمەڵێک شەڕی خوێناوی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان ئەم خەڵکەدا. ئەم شەڕانە کە لەلایەن نوێنەری وەلی فەقیهـ لە ورمێ (مەلا حەسەنی) و کۆمیتەچی و پاسدارەکانەوە سەرپەرستیی دەکرا تەنیا لە گوندەکانی وەک قارنێ و قەڵاتان، سەوزی، ئینەرقاش، دیلانچەرخ، حەڵبێ، کویکان، کارێز و هەندێک گوندی دیکە کوژرانی سەدان هاووڵاتی مەدەنی بە زەبری چەکی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت سپای پاسدارانی لێکەوتەوە.

خەڵکی کوردستان کە هەر لە سەردەمی حکوومەتەکانی پێشووتریشەوە زۆرترین زوڵم و سەرکوتیان ئەزمون کردبوو، لە بەرانبەر هێرشی مەغۆلئاسای کۆماری ئیسلامیدا، ئامادەتر لە نەتەوەکانی دیکە، لە ماوەیەکی کورتدا توانیان بە هاریکاری حیزبە سیاسییەکان، نوخبە و بژاردەکانی کۆمەڵگەی کوردستان ڕێک بخرێن و کاروباری کۆمەڵایەتی خۆیان بگرنە دەست. ئەم هەنگاوەی گەلی کورد بۆ دەسەڵاتی ناوەندی و بەتایبەتی خودی خومەینی جێگەی پەسن نەبوو. ناوبراو نەیدەتوانی لە بەرانبەر ئازادی ڕادەربڕین، ئازادی قەڵەم، ئازادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کە نەتەوەی کورد ماوەی چەندین ساڵ بوو بۆ وەدەستخستنی خەباتی کردبوو بێدەنگ دانیشێ. لەلایەکی دیکەشەوە گۆپاڵبەدەستەکانی خومەینی نەیاندەتوانی

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

بە ئاژاوەگێڕی و دووبەرەکینانەوە ئەم هاوکاری و ڕێکخستن و ئازادییە لەنێو ببەن؛ بۆیە بە فێڵ و تەڵەکەی شەرعی و خستنە پاڵی ناتۆرەی جیاییخوازی، لە سەرلەبەیانی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ٥٨ی هەتاوی شەڕێکی هەمەلایەنەی لە ژێر ناوی جیهاد بەدژی خەڵکی کوردستان وەڕێخست. بە ڕاگەیاندنی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان بەرەیەکی کۆنەپەرستانە لەدژی گەلی کورد سازکرا. تاقمێک دادوەری خوێنمژ بە سەرپەرستی ئاخوند سادق خەڵخاڵی و بە پاڵپشتی ئەرتەش بەرەو کوردستان وەڕێ کەوتن. لە هەندێک شاری کوردستاندا، خەڵخاڵی پەتی سێدارەی هەڵخست و جوخەی ئێعدامی خستەڕێ و سەدان لاو و بژاردەی کوردستانی لە ڕەوتی دادگاییەکی فەرمایشیی ٢ تا ٣ خولەکی لە سێدارە دا و سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوانی تیرباران کرد.

**سەرەڕای ئەم کوشتارە، کوردستان هیچ کات خۆی نەدا بەدەستەوە. لە هەندێک شاری کوردستان لەوانە سەقز، بانە، مەهاباد، پاوە و.... خۆڕاگرییەکی بێوێنە و مێژوویی وەڕێکەوت کە خەونی لەنێوبردنی بزووتنەوەی کوردستانی بۆ کردنە بلْقی سەر ئاو؛ کە نموونەی بەرچاوی ئەم بەرخۆدانە شەڕی ٢٤ ڕۆژەی شاری سنە بوو. ئەم شەڕە کاتێک دەستی پێکرد کە هێزەکانی ئەرتەش پاش چەندین شکستی یەک لەدوای یەک لەبەرانبەر هێزەکانی پێشمەرگە، دیسانەوە هێزەکانیان کۆکردەوە و سەرقاڵی جێبەجێکردنی بڕیاری جیهادی خومەینی بوون.**

سەرکۆماری ئەوکات، ئەبولحەسەن بەنی سەدر کە هاوکات فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانیش بوو بە بڕیارێکی لەم چەشنە: "ئەرتەش مافی ئەوەی نییە پێڵاوەکانی دەربێنێت تاکوو قەیرانی کوردستان یەکلایی بکات و کوردستان لە بوونی یاخییەکان پاک بکاتەوە" بەرەو سنە لەشکرکێشی کرد. ئەم هەنگاوەی ناوبراویش بووە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم پرۆسەی دانوستانەکانی نێوان هەیئەتی دەوڵەت بە سەرپەرستی فرووهەر و حیزبە کوردستانییەکان کە خوازیاری چارەسەری پرسی کوردستان لە ڕێگەی دیالۆگ و بە مێتۆدیکی ئاشتیخوازانە بوون. بەهۆی بوردومانە هەواییەکان و هێرشی تۆپخانەکانی ڕێژیمەوە بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی بێتاوان کوژران و بەشێکی بەرچاو لە شاری سنە خاپوور کرا بەڵام خۆڕاگری خەڵک هەروا بەردەوام بوو و ئیرادەی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان بۆ خەبات لەدژی ڕێژیم لێبڕاوتر بوو.

**ئەمڕۆ پاش ٤٦ ساڵ لە دەرچوونی حوکمی جیهادی خومەینی لەدژی خەڵکی کوردستان، خەباتی مافویستانەی گەل بە ڕەواییەکی زیاتر و بە ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە هەروا بەردەوامە و بەڕێوەبەرانی دەزگای سەرکوتی ویلایەتی فەقیه لە هەموو کاتێک زیاتر ڕیسوا و تەریک کەوتوونەتەوە و ئەوەیکە لە بەرامبەر خۆیدا دەیبینێت ڕقی بێکۆتایی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و تەنانەت هەموو ئێرانە.**

٢٨ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە Serchawe

## ٢٨ی گەلاوێژ لە یادەوەری و مێژووی خەباتی کورد لە ئێران






**ڕەحیم نزهەتزادە**

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ - ١٩٧٩، ئەو ڕۆژەیە کە کۆماری ئیسلامی تازە بەدەستەڵاتگەیشتوو، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی بە فەرمانی جیهاد لە دژی نەتەوەی کورد، خۆی ئاشکرا کرد. شەڕێکی سێ مانگە دەستی پێکرد، کە هەرچەندە خوێن و وێرانکاری لەگەڵدا بوو، بەڵام بوو بە هێمای بەرخۆدان و تەسلیم نەبوونی کوردستان. ئەمڕۆ لە چل و هەشتەمین ساڵیادی ئەو ڕووداوەدا، یادی شەهیدان دەژی، خەبات بەرەو ئامانجی ئازادی، یەکسانی و دیموکراسی بەردەوامە.

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

٢٥ی گەلاوێژ بۆ نەتەوەی کورد، تەنها بەروارێک نیە، بەڵکوو وەبیرهێنەرەوەی برینێکی کراوە و یادەوەرییەکی ئەبەدییە. لە ٢٥ی گەلاوێژێکی وەک ئەمڕۆدا، ساڵی ١٣٥٨ - ١٩٧٨ و تەنیا چەند مانگێک دوای ڕووخانی ڕژێمی پەهلەوی، ئایەتوڵڵا خومەینی فەرمانی "جیهاد"ی دژ بە نەتەوەی کورد دەرکرد؛ فەرمانێک، کە بووە هۆی شەڕێکی خوێناویی سێ مانگە، کە نێوەرۆک و سروشتی ڕاستەقینەی ڕێژێمی تازە دامەزراوی کۆماری ئیسلامیی ئاشکرا کرد. ئەو شەڕە کە لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردستاندا، بە ناوی "شەڕی سێ مانگە" تۆمار کراوە، ئەمڕۆ هێمای بەرخۆدانی نەتەوەیەکە، کە تاکە خواستی; ئازادی، یەکسانی، دیموکراسی و دابڕانی ئایین لە سیاسەت و حوکمڕانییە.

### شۆڕشی ١٣٥٧ بە دروشمی ئازادی، دادپەروەری و مافی گەلان دەستی پێ کرد.

نەتەوەی کورد یەکێک لە پێشنەگە مێژووییەکان، بە مێژوویەکی دوور و درێژی بەرەنگاربوونەوەی، دژ بە چەوساندنەوەی پەهلەوی و پێش ئەویش، هاوشانی هەموو نەتەوەکانی ئێران، لەو شۆڕشە مەزنەدا بەشدار بوون، و هیوایان خواست کە دوای دەیان ساڵ لە ستەمکاری پەهلەوی، فەزای نوێ بۆ دیموکراسی و مافە نەتەوەییەکان بهێتەدی. بەڵام زۆری نەخایاند و ئەوە ڕوون بووەوە، کە سەرکردەی تازە خۆسەپێنی شۆڕش، هەر وەک دەستەڵاتە پاشاییەکانی پێش خۆی، هیچ باوەڕێکی بە ئازادی نەتەوەکان نەبووە و نیە. خومەینی بە ناوی ئایینەوە، دەستی بەسەر شۆڕشی گەلاندا گرت و پێگەی دەستەڵاتی کرد، وەک سیستەمی پاشایەتیبە ئامرازێک بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی ستەمی نەتەوەیی، بە لێ زیادکردنی ستەمی مەزهەبی و ئایینی.

خومەینی لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٥٨ - ١٩٧٩دا، فەرمانی "جیهاد"ی، دژ بە نەتەوەی کورد دەرکرد. ئەرتەش و سوپای پاسداران، ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کران. سەرکوت و کۆمەڵکوژییەکی بێ وێنەی، نەتەوەی کورد دەستی پێکرد. میدیای دەوڵەتی هەوڵی دا بە ناوی "دژ شۆڕشگێڕ" و "جیاخوازی"، پاساو بۆ ئەم سەرکوتکردنە بهێنێتەوە، بەڵام حەقیقەتەکە ڕوون بوو: نەتەوەی کورد جیابوونەوەی نەدەویست، بەڵکو دیموکراسی، ئازادی و مافی چارەی خۆنووسینی لە چوارچێوەیەکی دادپەروەرانەدا داخواز بوو. لە ٢٨ی مانگی گەلاوێژ هەتا خەزەڵوەری ساڵی ١٣٥٨ - ١٩٧٩، بە قوربانیدانی پێشمەرگە و گەل، سێ مانگ خۆڕاگری بەردەوام بوو. هەرچەندە حکومەت توانی بە خوێنڕشتن و وێرانکاری بەشێوەیەکی کاتی کۆنترۆڵ بەدەستەوە بگرێت، بەڵام کوردستان بە خۆڕاگری خۆی، نیشانی دا کە هەرگیز بەچۆکدا ناهێت.

ڕێبەرانی بزووتنەوەی کوردستان لەو سەردەمەدا، بە بەردەوام جەختیان لەوە دەکردەوە کە گەلی کورد، جگە لە ماف، ئازادی و یەکسانی، هیچی دیکەی مەبەست نیە. ئەوان پێشنیاری فیدرالیزم، جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت و مافی یەکسانیان بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێران دەکرد. ئەم داواکاریانە نە هەڕەشە بۆ سەر ئەوانی تر، نە لە دەرەوەی پرەنسیپەکانی دیموکراسی

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

بوون، بەڵکو هەوڵێک بوون، بۆ دروستکردنی نەزمێکی نوێ و مرۆڤدۆستانە، لە ئێرانێکی فرەنەتەوەیی دا. بەڵام کۆماری ئیسلامی، لە جیاتی دیالۆگ و قبوڵکردنی واقیع، سەرکوت و کوشتنی هەڵبژارد. ئەم هەڵبژاردنە نەک هەر کوردستانی ئاگر تێبەردا، بەڵکو ئایندەی ئێرانی، خستە ناو ستەم و ڕێڕەوێکی تاریکەوە.
ئەمڕۆ دوای ٤٨ ساڵ، یادەوەری جەنگی سێ مانگە هێشتا زیندووە. جیلە نوێیەکانی کوردستان، هەمان دروشمەکانی ماف، ئازادی، یەکسانی، دیموکراسی دووبارە دەکەنەوە. خوێنی شەهیدانی ئەو ڕۆژگارە، تۆوی بەرخۆدانی لە دڵی مێژوودا چاند، ئەمڕۆش ئەو تۆوە لە ڕاپەڕینە جەماوەرییەکاندا، لە سەرانسەری ئێراندا خۆی دەنوێنێتەوە. شەڕی سێ مانگە فێری کردین، کە ئازادی بەبێ بەرخۆدان بەدەست نایەت و هیچ دەسەڵاتێک، "ئەگەر بە ناوی ئایینیشەوە قسە بکات"، ناتوانێت ئیرادە و داخوازییەکانی گەلان بێدەنگ بکات.

بیرهێنانەوەی ٢٨:ی گەلاوێژ، بەتەنها گێڕانەوەی ڕابردوو نییە؛ هەروەها هەڵگری پەیامێکە بۆ ئەمڕۆ و سبەی. وەک چۆن خومەینی شۆڕشی ١٩٨٩ی ڕفاند، هەروەها ئەمڕۆش لە لایەن هێندێک دەستەوە، مەترسی دەستبەسەرداگرتن و شێواندنی داخوازەکانی خەڵک هەیە. میللەتی کورد بە ئەزموونی تاڵی شەڕی سێ مانگە، لە هەموو کەس باشتر دەزانێت کە تاکە ڕێگای ڕزگاری، پێداگرییە لەسەر بنەماکانی دیموکراسی و فیدرالیزم. ئەم یادکردنەوە دەرفەتێکە، بۆ بەخۆداچوونەوەی هەموو هێزە ئازادیخوازەکانی ئێران، کە جارێکی دیکە بگەڕێنەوە بۆ ئەم ڕاستییە: بەبێ دانان بە مافە نەتەوەییەکان، بەبێ جیاکردنەوەی ئایین لە سیاسەت، هیچ دیموکراسییەک مومکین نابێت.

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ - ١٩٧٩ ئەو ڕۆژەیە کە ڕژیمی تازە بەدەستەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی، ڕووی ڕاستەقینەی خۆی نیشان دا: دوژمنی ئازادی، یەکسانی و مافی نەتەوەکانە. بەڵام لە بەرامبەردا، هەر ئەو ڕۆژە بوو بە دەستپێکی گێڕانەوەیەکی تر: گێڕانەوەی بەرخۆدانی نەتەوەی کورد. ئەمڕۆ بە بۆنەی ساڵیادی ئەو یادەوە، سەری خۆمان لە بەرامبەر گیانی پاکی شەهیدانی شەڕی سێ مانگە دادەنوێنین، و بەڵێن دەدەین درێژە بە ڕێبازەکەیان بدەین. ئەوان بە بەخشینی گیانیان، هاواریان دەکرد; کە کوردستان هەرگیز تەسلیم نابێت. ئەم هاوارە، ئەمڕۆش لە چیا، شار و گوندەکانی کوردستان بەردەوامە لە دەنگدانەوە، هەتا ڕۆژی ڕزگاریش بەردەوام دەبێت.

**پەیامی کۆتایی: کوردستان هەرگیز تەسلیم نابێت؛ خوێنی شەهیدانی شەڕی سێ مانگە، چرای ڕێبازی پیرۆزر مافخوازی، ئازادی و دیموکراسییە.**

٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران و پرسی ژینگە





بێهزاد قادری

## پێشەکی

لە ئەمڕۆدا، ژینگە لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، تەنیا پرسێکی سروشتی نیە، بەڵکوو پرسێکی ژیوارییە بۆ ژیان،

ئابووری و ئاسایشی خەڵکی ناوچەکە. پشتگوێخستنی ژینگە دەبێتە هۆی لەنێوچوونی سەرچاوەکان و توندتربوونی قەیرانی بژێویی ژیان. پاراستنی ژینگە لە کوردستان واتە پاراستنی داهاتووی خەڵک و پاراستنی سەقامگیریی کۆمەڵایەتی.

لەم پەیوەندییەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە گرنگیی بە پرسی ژینگە، بەتایبەتی پرسی ژینگە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە. حیزبی دێموکرات، لە ڕێگەی ڕاگەیەندراو، بەرنامە و لێدوانی میدیایی، پشتیوانیکردن لە تێکۆشەرانی ژینگەپارێزی لە نێوخۆ و گرێدانی ئەخلاقیی ژینگە بە ماف و ناسنامەی کوردەوە و...، لە ڕاستای زەقکردنەوەی گرنگیی ژینگە، هەنگاوی جیدیی هەڵگرتوە.

لەم وتارەدا، بە ئاوڕدانەوە لە "ژینگە، گرنگیی ژینگە لەم سەردەمەدا، ژینگە و سیاسەت و پرسی ژینگە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان"، دەپەرژێینە سەر بابەتی گرینگیدانی حیزبی دێموکرات بە پرسی ژینگە.

## ژینگە

"ژینگە" ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک لە توخمە سروشتی و مرۆییەکان کە کاریگەرییان لەسەر کوالێتی و بەردەوامیی ژیانی گیانلەبەران و مرۆڤ هەیە. ئەم کۆمەڵەیە بریتییە لە "هەوا، ئاو، خاک، ڕووەکەکان، ئاژەڵان، سەرچاوە سروشتییەکان و تەنانەت وزەکانی سەر زەوی." بە دەربڕینێکی سادەتر، هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرمانە و دەرەتانی ژیان دابین دەکەن، بە بەشێک لە ژینگە دادەنرێن. مرۆڤیش نەتەنیا بەشێکە لە ژینگە، بەڵکوو کاریگەریی زۆریشی لەسەرە.

## گرنگیی ژینگە لەم سەردەمەدا

**لەم سەردەمەدا، زیاتر لە جاران هەست بە گرنگیی ژینگە دەکرێت. هۆکارەکانی ئەم گرنگییە بریتین لە:**

- دابینکردنی ژیان و سەرچاوە پێویستەکان؛ ژینگە سەرچاوەی سەرەکیی ئاوی خواردنەوە، هەوای پاک، خاکی بەپیت و خۆراکە. بەبێ پاراستنی هاوسەنگیی ژینگە، مانەوەی مرۆڤ و زیندەوەرانی تر لە مەترسیدایە.

- کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر تەندروستیی مرۆڤ؛ پیسبوونی هەوا، گۆڕانی کەشوهەوا، پیسبوونی سەرچاوەکانی ئاو و خاک و لەنێوچوونی جۆراوجۆریی ژینگەیی، ڕاستەوخۆ مەترسی لەسەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونیی مرۆڤ دروست دەکەن.

ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی هۆشداریی داوە، "ساڵانە ملیۆنان حاڵەتی گیانلەدەستدان، ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە پیسبوونی ژینگەوە هەیە".

- قەیرانی گۆڕانی کەشوهەوا؛ سەدەی بیستویەک لەگەڵ قەیرانێک بە ناوی "گۆڕانی کەشوهەوا" بەرەوڕووە. زیادبوونی گازە گەرمخانەییەکان لە چالاکییەکانی مرۆڤ، گەرمبوونی زەوی، تواندنەوەی سەرە سەهۆڵییەکانی جەمسەرەکان، بەرزبوونەوەی ئاستی دەریاکان و کارەساتی سروشتیی توندتر (وەک لافاو و زریان) بەشێکن لە نیشانەکانی ئەم قەیرانە. ئەم پرسە تەنیا پرسێکی ژینگەیی نیە، بەڵکوو مەترسییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەمنیشە.

- ڕەهەندە ئابووری و سیاسییەکانی ژینگە؛ تێکچوونی ژینگە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سامانە سروشتییەکان و قەیرانی ئابووری. ئەو وڵاتانەی سەرچاوەی ئاو یان خاکی خۆیان لەدەست دەدەن، ڕووبەڕووی شەپۆلی کۆچ و کەمبوونەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی و بەرزبوونەوەی نایەکسانی دەبنەوە. بۆیە پرسی ژینگە چیتر تەنیا مشتومڕێکی زانستی یان ئەخلاقی نییە، بەڵکوو بووەتە پرسێکی ستراتیژیکی جیهانی.

## ژینگە و سیاسەت

پەیوەندیی نێوان ژینگە و سیاسەت، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ئاڵۆزە، چونکە بڕیارە سیاسییەکان، لە پاراستن یان لەنێوبردنی ژینگەدا، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەگێڕن. دەوڵەتەکان لە ڕێگەی سیاسەتەکانیان لە بوارەکانی "وزە، کشتوکاڵ، پیشەسازی، گواستنەوە و گەشەپێدانی شارەکان"، ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر کوالێتیی هەوا، ئاو، خاک و پاراستنی سامانە سروشتییەکان هەیە. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ژینگە تەنیا پرسێکی زانستی یان ئەخلاقی نییە، بەڵکوو پرسێکی سیاسی و ستراتیژیشە.

لەسەر ئاستی نیشتمانی، دەوڵەتەکان لە پەرەپێدانی یاساکان بۆ پاراستنی سامانە سروشتییەکان، کۆنترۆڵکردنی پیسبوون و بەرەنگاربوونەوەی لەنێوبردنی دارستان و لەوەڕگەکان بەرپرسیارن. زۆرجار نەبوون یان لاوازبوونی یاسا ژینگەییەکان، دەبنە هۆی کەمبوونەوەی سەرچاوەکان، پیسبوونی بەربڵاو و قەیرانی کۆمەڵایەتیی وەک کۆچی زۆرەملێ و هەژاری. لە لایەکی دیکەوە، گرنگیدانی سیاسی بە ژینگە دەتوانێت ببێتە هۆی گەشەسەندنی بەردەوام، ئابوورییەکی سەوز و زیادبوونی خۆشگوزەرانیی گشتی.

لەسەر ئاستی جیهانییش، ژینگە بووەتە پرسێکی ژێئۆپۆلەتیکی. ئەو وڵاتانەی زۆرترین گازی گەرمخانەیی بەرهەم دەهێنن، کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر گۆڕانی کەشوهەوا هەیە و ئەمەش ناکۆکیی نێودەوڵەتی و فشاری دیپلۆماتیکی لێ کەوتووەتەوە. پەیماننامەکانی وەک "پرۆتۆکۆڵی کیۆتۆ و ڕێککەوتنی پاریس" نموونەی هەوڵە سیاسییەکانن بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانی جیهانیی ژینگە. لە ئەنجامدا دەتوانرێت بگوترێت کە ئەمڕۆ ژینگە و سیاسەت پێکەوە گرێ دراون و هەرچەشنە پشتگوێخستنێک لە یەکێکیان، قەیرانی جیددی لە ئەوی تردا دروست دەکات.

## پرسی ژینگە لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**پرسی ژینگە لە ئێران و بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووەتە یەکێک لە گرینگترین پرسە کۆمەڵایەتی، ئابووری و تەناهەت ئەمنییەکانی ئەمڕۆ. چەند هۆکاری سەرەکی، گرنگیی ئەم پرسە نیشان دەدەن:**

- لەنێوبردنی بەرفراوانی سامانە سروشتییەکان؛ ئێران بەهۆی کەشوهەوای وشک و نیمچەوشکەوە، هەمیشە ڕووبەڕووی سەرچاوەی ئاوی سنووردار بووەتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا، زیادەڕەوی لە دروستکردنی بەنداو و دەرهێنانی ئاوی ژێرزەوی و لادانی ڕووبارەکان، بووەتە هۆی وشکبوونی تاڵاوەکان و لەنێوچوونی لەوەڕگە و دارستانەکان. لە کوردستان ئاگرکەوتنەوەی ساڵانەی دارستانەکان (کە زۆرینەیان بەئەنقەستن و دەستی داگیرکەریان لە پشتە)، بڕینی دارەکان و لەنێوچوونی لەوەڕگە شاخاوییەکان، مەترسییەکی زۆری لەسەر هاوسەنگیی ئیکۆلۆژیی ناوچەکە دروست کردووە. جگە لە لەنێوبردنی سامانەکان، ئەم وێرانکارییانە پەرە بە ڕۆچوونی خاک و زیادبوونی مەترسیی لافاو دەدەن.

- قەیرانی ئاو و هەڕەشەی سەر بژێویی خەڵک؛ شارە ناوەندییەکانی ئێران بەگشتی بەرەوڕووی قەیرانی ئاون. لەلایەکی دیکەوە لە کوردستان، کەمبوونەوەی بارانبارین، گۆڕانی کەشوهەوا، دروستکردنی بەنداوی نازانستی، سیاسەتی هەڵە لە بەڕێوەبردنی ئاو و لە هەمووی گرنگتر، دزینی ئاوی کوردستان بۆ ناوەند، سەرچاوەی ئاوی کوردستانی سنووردار کردوە. وشکبوونی ڕووبار و کانیاوەکان بووەتە هۆی کۆچی گوندنشینەکان و دابەزینی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئەمەش مەترسیی لەسەر ئاسایشی خۆراک و ئابووریی کوردستان دروست کردوە.

- ئاگربەردانی بەئەنقەست لە ژینگەی کوردستان؛ لەم ساڵانەی ڕابردوودا، کوردستان شاهیدی ئاگربەردانی بەئەنقەست لە دارستان و لەوەڕگەکانی بووە. ئاگربەردانە بەربڵاوەکان لە ژینگە، دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان، بەبێ بەرپەرچدانەوەی خێرا لەلایەن دامودەزگا پێوەندیدارەکانی دەسەڵاتەوە، نیشانەیەکە لە سیاسەتی "زەویی سووتاو".

سەرچاوە نێوخۆییەکان و شایەتحاڵەکان چەندین جار باسیان لەوە کردووە کە بەشێک لەو ئاگرکەوتنەوانە لەلایەن هێزە سەربازییەکان یان بەهۆی مانۆڕی سەربازییەوە دەستیان پێ کردوە.

## حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پرسی ژینگە

حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە بۆ ڕزگاریی خاکی کوردستان و نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەبات دەکات، هەمیشە گرنگیی بە پرسی ژینگە و سروشتی کوردستانیش داوە و ئەم بابەتە لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی ئەم حیزبەشدا ڕەنگی داوەتەوە. وێڕای ئەمانە، حیزب هەمیشە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، پرسی ژینگەی زەق کردووەتەوە و خاوەنداریێتیی لە ژینگە و ژینگەپارێزانی کوردستان کردووە.

**کە لە درێژەدا ئاماژە بە چەند خاڵی گرنگ دەکەم:**

- ڕەنگدانەوەی پرسی ژینگە لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتدا؛ بەپێی ماددەی نۆزدەیەم لە بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکرات،

**پەسەندکراوی دوایین کۆنگرەی ئەم حیزبە (کۆنگرەی ١٧):** "

١- پارێزگاری لە سروشتی کوردستان، وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی، لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە (مەبەست، حکوومەتی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوویە).

٢- پارێزگاریی ژینگە، سەرچاوە سروشتییەکان، لێڕەوارەکان، دەریاچەکان و پارێزگاریی ئاژەڵان، بەتایبەتی ئاژەڵانی ڕاوی: باڵندە، پێڕۆ و ماسی، یەکێک لە ئەرکەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە، هەر بۆیە دەبێ لە ڕاوی بێسەرەوبەرەی ئاژەڵان پێشگیری بکرێت و لە هەڵبژاردنی جۆر و جێگەی پیشەیی تازە و لە لێدانی ڕێگا و کێشانی ڕێگای ئاسندا، پێویستە ژینگە لەبەرچاو بگیردرێت و دیمەنی سروشت تێک نەدرێت.

٣- حکوومەتی هەرێمی کوردستان بایەخی تەواو بە پەرەپێدانی پیشەی گەشتوگوزار دەدات و بینا و شوێنەوارە کۆنەکان دەپارێزێت.

٤- حکوومەتی کوردستان لە هەموو پڕۆژەیەکدا کە کاریگەریی لەسەر ژینگە هەبێت، بەتایبەتی لە بواری گەشەکردن و وەبەرهێناندا، لایەنی ژینگەپارێزی وەک پارامێترێکی بنەڕەتی، لەبەرچاو دەگرێت".

**تێبینی: لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبدا، باس لە پرسی ژینگە کراوە و لە بەرنامە و پێڕەوەکاندا ئاماژەی پێ کراوە.**

- گرنگیدان بە ژینگە لە ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبدا؛ حیزبی دێموکرات هەمیشە لە ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تیڤی و سۆشیال میدیای خۆیەوە، بابەت و بەرنامەی تایبەتی لەسەر ژینگە و ژینگەپارێزی بڵاو کردووەتەوە و لەم ئەرکەش بەردەوامە. بۆ نموونە لە ڕابردوودا لە بەرنامەگەلی وەک "هەسارەی ژیان" و "ژیناک"، تایبەت پەرژاوەتە سەر پرسی ژینگە لە کوردستان.

-بانگەوازی گشتی بۆ بەرپرسیاریەتی لەهەمبەر ژینگەدا؛ حیزبی دێموکرات هەمیشە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوی گشتی لە کات و ساتە تایبەتەکاندا، داوای لە خەڵکی کوردستان و ئەندامەکانی کردوە کە بە شێوەیەکی بەرپرسیارانە لەهەمبەر ژینگە هەڵسوکەوت بکەن، هەروەها سەرپێچیکاران و تێکدەرانی ژینگە لەقاو بدەن و بەکۆمەڵ هەوڵ بۆ پێشگرتن لە لەنێوچوونی سروشت بدەن. لە ڕاگەیەندراوەکاندا هەمیشە جەخت لەوە کراوەتەوە کە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە ئاگربەردانی بەئەنقەست لە دارستان و لەوەڕگەکانی کوردستان، چالاکانی ژینگەپارێز دەکاتە ئامانج و دەبێتە هۆی گیانلەدەستدانیان و لەنێوبردنی سروشتی جوانی کوردستان.

- پشتگیریکردنی ژینگەپارێزانی نێوخۆ؛ ئەمساڵ و هەروەها لە ساڵانی ڕابردوودا، چەندین ژینگەپارێزی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کاتی کۆنترۆڵکردنی ئاگری دارستانەکانی کوردستان سووتان و گیانیان پێشکەشی نیشتمانەکەیان کرد. لەم پەیوەندییەدا حیزبی دێموکرات بە ئاشکرا هاوسۆزیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی گیانبەختکردووان و ژینگەپارێزان دەربڕیوە. ئەم جۆرە هەڵوێستە جەخت لەسەر پابەندبوونی حیزب بە کۆمەڵگەی خۆی دەکاتەوە. شایانی باسە کە چەند کەس لەو ژینگەپارێزانەش کە گیانیان بەخت کردووە، بەفەرمی ئەندامی حیزب بوون و حیزبیش ئەمەی بۆ ڕای گشتی ڕوون کردووەتەوە. هەروەها هەمیشە حیزب دژی سەرکوت و گوشاری دەسەڵات و هەڕەشەی دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم بۆ سەر ژینگەپارێزان، بە شێوەی جۆراوجۆر هەڵوێستی هەبووە.

- گرێدراویی پرسی ژینگە بە ناسیۆنالیزمی کوردی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتییەوە؛ حیزبی دێموکرات، وەک حزبێکی خاوەن ئاڕاستەیەکی ناسیۆنالیستی و دێموکراتیک، پاراستنی ژینگەی کوردستان بە بەشێک لە مافەکانی کۆمەڵگە و سروشت بە بەشێک لە شوناسی بەکۆمەڵی کوردستانییان دەزانێت. لە چوارچێوەی سیاسەتەکانی حیزبدا، کەڵکوەرگرتنی بەرپرسیارانە لە سامانە سروشتییەکان، پاراستنی لەوەڕگە، دارستان و ئاوەکان وەک بەشێک لە "ئابووریی کۆمەڵایەتی" و "دادپەروەریی سروشتی"، بابەتێکی گرنگە.

گەلاوێژی ٢٧٢٥

**ئاکام**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، هەمیشە گرنگیی بە پرسی ژینگە، بەتایبەتی پرسی ژینگە و چالاکیی ژینگەپارێزی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوە و ئەمەی بە ئەرکی خۆی زانیوە. لەم بوارەدا حیزبی دێموکرات نەتەنیا کار لەسەر بەفەرهەنگکردنی پرسی ژینگەپارێزی لە کوردستان دەکات (لە ڕێگەی میدیاکانییەوە)، بەڵکوو ئەم پرسەی لە بەرنامەی پەروەردەیی خۆیشیدا گونجاندوە و کاری لەسەر دەکات. خەباتی حیزب بۆ کوردستان، تەنیا نەتەوەی کورد ناگرێتەوە، بەڵکوو ژینگە و سروشتیش بەشێکە لەو پڕۆسەیە.

٢٩ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# ئایدۆلۆژییەکان و حیزبی دێموکرات






**ئەلبورز ڕوئین‌تەن**

**ئاماژە:**

هەبوونی چوارچێوەیەکی هزری بۆ ئەوەی مانا بە جیهان و کردە و ئامانجەکانی ببەخشێ، لە زووەوە بەشێک لە هزری

مرۆڤایەتی بوە، بەڵام ئەوەی بە ناو ئایدۆلۆژی باسی لێوە دەکرێ لە سەردەمی ڕۆشنگەری لە فەڕانسە داهێنراوە بۆ ئەوەی چوارچێوەی سیستمی هزری و فەلسەفییەکاندا دیار بکات و لە دوو سەدەی ڕابردو بە ئەرێنی و نەرێنی زۆر باسی لە سەر کراوە. هەر بۆیەش پێش ئەوەی ئایدۆلۆژییەکان جێگەی مشتومڕ بن ئەوە ئایدۆلۆژیا بۆ خۆشی هەر جێگای مشتومڕە کە چۆن ژیانی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی وەک مرۆڤ کە بەگوێرەی ئەرەستو بوونەوەرێکی سیاسییشە و لەژێر کاریگەریی دەیان فاکتەری گۆڕاو و نەگۆڕیشدایە بخرێتەوە ئەو چوارچێوەیە و تەنانەت قەتیس بکرێتەوە، جا لە هەمووشی خراپتر هەموو کۆمەڵگەکان وەک یەک ببینرێ. بۆ نموونە ئایدۆلۆژیی ئیدئۆلۆگێکی وڵاتێکی سەرمایەداری کە قوناغە جیاوازەکانی مێژوو تێپەڕی کردوە و لەژێرکاریگەری مۆتۆڕی بوخاردا شۆڕشی گەورەی وەک پیشەسازیی داهێناوە و لە وڵاتێکی دیکە کە لە قوناغ و سەردەمی زۆر جیاوازدا دەژیت کۆپی بکەی و تەنیا ڕێگەی بەختەوەری و ڕزگاری هەر ئەو ئایدۆلۆژییایە بزانی.

جا لەوانەش خراپتر لە سەردەمی هۆشی دەستکرد لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بکەویە نێو جەدەلێک کە وڵاتانی داهێنەری هۆشی دەستکرد نزیکەی سەد ساڵ پێش یەکلایان کردۆتەوە. لە وەها دۆخێکدا بۆ جووڵانەوەیەکی سیاسی و ڕێکخراوی کارای ئەو جووڵانەوەیە دەبوا زیاتر لە چییەتی ئایدۆلۆژیاکەی، چۆنیەتیی گەیشتن بە ئازادی -بۆ ئەوەی بتوانێ سیستمی هزری بۆ خزمەتی خەڵکی خۆی دیاری بکات- جێگای مشتومڕ با. ئەوە بەو مانایە نیە کە ئەو جووڵانەوەیە یا ڕێکخراوەیە پێویستیی بە چوارچێوەیەکی هزری یا دنیابینیەک بۆ داهاتوو نەبێ، بەڵکوو پێویستە ئەولەوییەت بە ئازادبوون بدرێت و لە پەنا ئەو ئەولەوییەتەش کار بۆ شیکردنەوەی چییەتیی ئایدۆلوژی ئەو ڕێکخراوەیە بکرێت. مەبەستی ئەو نووسینەش ئەوەیە گرینگی ئەولەوییەتی ئازادی وەبیر بهێنێتەوە و لە پەنا ئەوەش چییەتیی ئایدۆلۆژی حیزبی دێموکرات بخاتە بەر باس.

## کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکرات

بێگومان گەڕانەوە بۆ مێژوو و قوناغەکانی دەتوانن یاریدەدەری پرسی ئایدۆلۆژیی حیزبی دێموکرات بن، ئەو مێژووەش بۆ ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژێکاف و حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە. بەر لە کۆمەڵەی ژێکاف وێڕای هەندێ جووڵانەوەی کاتیی بچووک و گەورە ئێمە دوو شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا و شۆڕشی سمکۆ دەبینین، کە بناغەی هزریی ئەوان لەسەر ئازادیی کوردستان بنیات نراوە و ئەوەندی لە بیری ئازادکردنی کوردستاندان، بیریان لەوە نەکردۆتەوە ئەگەر ئازاد بوو چۆنی بەڕێوە ببەن. ئەو وەپێشخستنی ئازادییە لە سەردەمی کۆمەڵەی ژێکافیش هەر هەبووە، بەڵام بەو جیاوازییە لە کۆمەڵەی ژێکافدا ئەوە ڕێبەری کاریزما و ئازا و زانا نیە کە دەتوانێ ئەو کارە بکات، بەڵکو وئەوە توێژی ڕووناکبیر و زانا و ڕێبەریی بەکۆمەڵە کە بە چەکی زانست دەتوانی ئەو کارە بکات. دەبینین کە کار بۆ ئەو ئامانجەش کراوە و ئەمە لە

دوتوێی بڵاوکراوەی "نیشتمان" بڵاوکەرەوەی بیری "کۆمەڵەی ژێکاف"دا زۆر بە باشی دەبیندرێت. تەنانەت جەختکردن لە سەر ئەو بابەتە ئەوەندە بایەخی لای چالاکانی ئەو ڕێکخراوەیە هەبوو کە نەیاندەویست ڕێکخراوەکە بدەن بە دەستی ئاغا و شێخ بەڵکوو دەیانهەویست بە شێوەی ئاسۆیی بەڕێوەی ببەن.

لێرەدا پرسی ئەوە دێتە پێش ئەدی چۆن پێشەوای نەمر بوو بە کەسی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەیە و دواتر بوو بەسەرۆکی حیزبی دێموکرات و سەرۆککۆماری کوردستان؟ هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێشەوا هەموو خسڵەتەکانی ڕووناکبیری زانا و ئازای کۆمەڵگەی هەبوو و سەرەڕای ئەوانەش پێگەی ئایینی و عەشیرەتی و ناوبانگەکەی وای کردبوو ئەو پێداویستییەی کۆمەڵەی ژێکاف پڕ بکاتەوە. د. جەماڵ نەبەز لە لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بڵاوکراوەی "نیشتمان" بەو ئاکامە دەگات کە کۆمەڵەی ژێکاف ڕێکخراوێکی ناسیونالیستیی دروستکراوی وردە بۆرژوازیی ڕووناکبیری کورد بووە و لەسەر ڕێچکەی ناسیۆنالیستیی کلاسیکی کورد بەڕێوە چووە. د. یاسین سەردەشتی لە باسکردن لەسەر ژێکاف بەو ئاکامە دەگات کە "ئامانجی یەکەمی کۆمەڵەی ژێکاف بەدیهێنانی خودموختاری بوو بۆ گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا. مەسەلەی خەباتیشی بۆ ڕزگارکردنی سەرانسەری کوردستانی مەزن و یەکگرتنەوەی کوردستانی دابەشکراو و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ قوناغێکی دواتر دانابوو. کۆمەڵە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی پشتی بە زانست و خوێندەواری و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەبەست لە جیاتی چەک و پەلامار و هێرشبردن. هەر بۆیە لە قوناغی یەکەمی دامەزراندن زۆر هێرشی تەبلیغاتیی دەکردە سەر شێوازی کاری عەشیرەتی. بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئایینیی کوردستان، کۆمەڵە بنەماکانی خۆی لە سەر چوار کۆڵەکە دامەزراندبوو: ئیسلامییەت، کوردایەتی، مەدەنییەت و ئاشتیخوازی."

ئەگەر بناغە و کۆڵەکەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات بە کۆمەڵەی ژێکاف بزانین و لە کاریگەریی کۆمەڵەی ژێکاف لەسەر قوناغەکانی دواتر ورد بینەوە، دەبین کە حیزبی دێموکرات لەسەر بناغەی ناسیۆنالیستیی کورد بۆ ئازادیی کورد و کوردستان دامەزراوە و، تەنانەت لە سەرەتاوە داوای ئازادکردنی کوردستانی گەورەی کردوە و لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستانیش لە پەیوەندیدابووە. هەوڵی پەیماننامەی سێ سنووریش کە لە بیرەوەریی کەسایەتییە جیاوازەکاندا باسی لێ کراوە، نمونەی ئەو بیرۆکەیەیە. تەنانەت ئەگەر لە بڵاوکراوەی "نیشتمان"یشدا باسی لایەنی بێگانە کرابێ، مەبەست لێی وەرگرتنی یارمەتی بۆ ئەو بیرۆکە سەرەکییە بوو. لە ساڵەکانی دواتری کۆمەڵەی ژێکافدا ئەگەر بیرۆکەی کوردستانی گەورە کاڵیش بووبێتەوە، مەبەست لێی ئینکار و پاشگەزبوونەوە نەبووە، بەڵکوو ئەولەوییەتەکان بەگوێرەی هەلومەرج گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە. بەگوێرەی هەموو بەڵگەکان نە سۆسیالیزم و نە لیبرالیزم تەوەر نەبووە، بەڵکو تەوەری سەرەکی هەر ناسیۆنالیزم و نەتەوەی کورد و کوردستان و ئازادییەکەی بووە.



سەرچاوە
Serchawe

## کۆماری کوردستان

کۆماری کوردستان بە هەموو کەموکوڕییەکان و بەرتەسکبوونی بازنەی حوکمڕانییەکەی لە جوغرافیایەکی سنوورداریشەوە بە خاڵێکی وەرچەرخانی مێژووی نەتەوەی دادەنرێت. ئەوە کە کۆماری کوردستان چۆن بەو تەمەنە کورتەوە ئەوەندەی کاریگەریی لە سەر دۆزی ڕەوای کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان هەبووە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە کۆماری کوردستان دەرخەری حەقیقەتی ویستی کورد بۆ سەربەخۆیی و سەروەریی خۆی بووە. بۆ لێکۆلینەوە لە سەر ئایدۆلۆژیی کۆماری کوردستان وەک دەوڵەت لێوردبوونەوە لە ئایدۆلۆژیی سێ کۆڵەکەی کۆمەڵەی ژێکاف، حیزبی دێموکرات و پێشەوای نەمر قازی محەممەد پێویستە. چونکە کۆمەڵەی ژێکاف وەک باکگراوندی حیزبی دێموکرات حیزب وەک ڕێکخستنێکی سیاسی و هەروەها کەسایەتیی پێشەوای نەمر وەک ڕێبەرێکی کاریگەر ڕۆڵی سەرەکییان لە بیچمدانی دۆخی ئەو کات هەبووە تەنانەت ئەگەر هەندێکجار ڕۆڵی هەر سێ ئێلمێنتەکەش هەر وەک یەک بنوێنێ.

لە تێڕوانینی هەر سێ ئێلمێنتەکەدا خزمەت بە ئایدۆلۆژییەکی دیاریکراو نابیندرێ، بەڵکوو بە شایەدیی هەموو ئەوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە دۆخی ئەو کات هەبووە و تەنانەت کۆماری کوردستانیان لە نزیکەوە دیتوە، بە ئاشکرا دەڵێن کۆماری کوردستان کۆمارێکی دێموکراتیکی نەتەوەی کورد بووە. ئەوە کە چەند توانیویەتی لەوبارە سەرکەوتوو بێت باسێکی دیکەیەم بەڵام نە نوێنەرانی ئیمپریالیزم و لیبرالیزم توانیان بڵێن کە ئەمە سەر بە سۆسیالیزمە و نە سۆسیالیستەکانیش توانییان وەک حیزبە چەپەکانی دیکە بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و نەیاندەتوانیش بڵێن کە ئەو کۆمارە سەر بە ئەمریکا و بریتانیایە. تەنانەت هەمووشیان گلەییان هەبوو لە سیاسەتی سەربەخۆیی کۆماری کوردستان و کۆماری کوردستانیش دەیهەویست لە نێوان سیاسەتی زلهێزان شوێنێک بۆ کورد و کوردستان لە دونیای پاش شەڕی جیهانی دووەمدا کە نەزمەکەی ڕێک دەخراوە بۆ خۆی ببینێتەوە.

بە دڵنیاییەوە یەکێک لە کاریگەریی کۆماری کوردستان تا بە ئێستاش بەپێچەوانەی کۆماری ئازەربایجان کە لەژێر هەژموونیی بلۆکی سوسیالیزمدا بوون هەر ئەو ڕاستییە بوو کە کۆماری کوردستان هەڵقولاوی ناسیونالیزمی کوردان بوو. هەر چەند بەشێک لە لێکۆلەران کەموکوڕیی ئەو ناسیۆنالیزمە زیاتریش زەق بکەنەوە بەڵام ناتوانن ئینکاری ناسیونالیستبوونی کۆماری کوردستان بکەن. هەر بۆیەش حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان لە دەورانی دوای کۆمەڵەی ژێکافیش هەر توانیویەتی بیری ناسیونالیستیی خۆی بپارێزێ و هەوڵ بدات بێ دژایەتییەکی ڕادیکاڵ لەگەڵ چەپ و ڕاست هەوڵی کەلکوەرگرتن لە هەر لایەک بدات بۆ خزمەتکردن بە دۆزی ڕەوای کورد. تەنانەت ئەگەر سەرکەوتووش نەبێ بەڵام هەر

ئەوەی کە نەبووە بە خزمەتکاری ئایدۆلۆژییەک بە سەرکەوتنێکی گەورە دادەنرێت.

## لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی

هەر چەند ئەو قوناغە واتە لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان تا ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی خۆی بە سەر چەند قوناغی دیکەدا دابەش دەبێت و هەر یەک لەو قوناغانە تایبەتمەندیی خۆی هەیە و تەنانەت هەندێک جار جیاوازییەکی دژ بە یەکیش دەبیندرێ، بەڵام ئایدۆلۆژیی حیزب لە خاڵی سەرەتا، واتە کۆماری کوردستان و خاڵی کۆتایی واتە ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لێک دەچوون.

لە دوای کۆماری کوردستان کە خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات بەبێ ڕێبەر و تەنانەت ڕێبەرایەتی ماوە، چونکە کاراکتەرە سەرەکییەکانی خەبات یا لە سێدارە دران یا ئاوارە و یان دەنا پاسیڤ بوون. هەر بۆیەش ئەوانەی کە خۆیان بە چالاکی ئەو دۆزە و ڕێبازە دەدیت لەسەر بنەمای دوژمنی هاوبەش لە حیزبی توودە نزیک بوونەوە و بە جورێک هاوپەیمانی، هەماهەنگی یا هاوکاریی تەشکیلاتی یا هەر ناوێکی دیکەی لێ بنێین لەگەڵ حیزبی توودەدا دروست بوو. هەروەها بە هۆی ئایدۆلۆژیی حیزبی توودە کە چەپێکی سۆسیالیستیی لایەنگری تۆخی یەکیەتیی سوڤیەتی بوون، ئەوەش کاریگەری بەسەر بیرکردنەوەی چالاکانی حیزبی دێموکرات لەو دەورەیەدا هەبوو بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە ئەو بیرکردنەوەیە لەگەڵ ڕەسالەت و ئایدۆلۆژیی حیزبی دێموکرات کە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوەیی دامەزراوە ناگونجێ. هەر بۆیە پارادۆکسەکان زەقتر دەبوون و چالاکانی کوردیش کە دوای ترۆمای ڕووخانی کۆماری کوردستان وەخۆ هاتبوونەوە، لە کۆنفرانسی یەکەمی حیزب لە ساڵی ١٣٣٤دا بڕیاری پچڕاندنی یەکیەتیی تەشکیلاتییان لەگەڵ حیزبی تودە ڕاگەیاند و ئەو پچڕاندنە بە مانای ئەوە بوو تەنانەت ئەگەر حیزب چەپیش بێت، پەیڕەوی چەپی تودەیی و سۆڤیەتی و چەپی ڕادیکاڵی نیە کە گرینگە.

لە نێوان کۆنفرانسی یەک هەتا کۆنفرانسی سێیەم (١٣٥٠) هەموو کاتێک لە نێوان باڵی ڕاست و چەپی حیزبدا مشتومڕی جیدی هەبووە، لێرەدا پێویستە ئاماژە بەو ڕاستیەش بکەین مشتومڕ یا ناکۆکییەکان چەندە تەشکیلاتی یا ئایدۆلۆژیک بوون یا چەندە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەی بەدەنە یا ناکۆکیی ڕێبەرایەتی بوون هەر بۆخۆی جێگای باسە؛ چونکە تا بە ئەمڕۆش زۆر جار ناکۆکییەکانی تەشکیلاتی بۆ ئەوەی ڕەواییان پێ بدرێ بە شێوەیەکی دیکە نیشان دەدرێن. بەڵام ئەگەر وا دابنێین کە ئەو ململانێیە ململانێیەکی ئایدۆلوژیکیش بووە ئەوە کۆنگرەی دووی حیزب بە ڕێبەرایەتیی عەبدوڵڵا ئیسحاقیی ڕاستی ناسیونالیستی بەستراوە و حیزب لە کۆنگرەی سێیەمیی خۆی بە ڕێبەرایەتیی دکتور قاسملوو هاتۆتە سەر بەرنامەی چەپی دێموکراتیک.

گەلاوێژی ٢٧٢٥

لێرەدا شایانی باس ئەوەیە هەم ناسیۆنالیست و ڕاستبوونی کۆنگرەی دوو، هەم چەپی دێموکراتیکی کۆنگرەی سێ جێگای باس و شرۆڤن و هەر کام دەتوانن لە چوارچێوەیەک دابندرێ، تەنیا بەو جیاوازییەوە کە لە کۆنفرانسی سێیەمەوە بە تایبەتی لە کۆنگرەی سێیەمەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان (ئێران) بە هۆی هەبوونی کەسایەتییەکی وەک دکتور قاسملوو کە لە فەلسەفەی سیاسی و ڕەسالەتی مێژوویی حیزبی دێموکرات و هەروەها سیاسەتی ڕێکخراوەیی و ئورگانیزەکردن زۆر شارەزا بوو، توانیبووی کە باکگراواندی فیکری و ڕیزەکانی تەشکیلاتیی حیزبی دێموکرات لە پرشوبڵاوی ڕزگار بکات و بەرەو یەکیەتیی سیاسی و فیکریی ببات.

جێگای سەرنج ئەوەیە کە ئایدۆلۆژییەتی ئەو یەکیەتیی سیاسی و فیکرییەش ئەوە بوو کە بەڵێ ئێمە دەتوانین چەپ بین بەڵام پرسی سەرەکی ئێمە پرسی نەتەوەییە کە واتە پێویستە خەبات بۆ پرسی نەتەوەیی بە بەکارهێنانی نرخەکانی چەپ کاری بۆ بکرێت. ئەو تێڕوانینەی کۆنگرەی سێیەم هەتا کۆنگرەی شەش بەو شێوەیە بەردەوام بوو. واتە حیزبی دێموکرات لە دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان کە بە ڕوانگەیەکی ناسیونالیستیی کورد دادەنرێ هەتا کاتی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی جاری وا هەبووە ناسیۆنالیستی ڕاست و جاری وا هەبووە چەپی ڕادیکاڵ و جاری واش هەبووە چەپی دێموکرات بووە و لە کاتی ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتییش هەوڵی بەرەو پێشبردنی دۆزی ڕەوای کورد بە داواکردنی خودموختاری وێڕای هەبوونی نرخگەلی دونیای چەپ و تەنانەت شێوازی ئورگانیزەکردنی حیزبە چەپەکان باکگراوندی ئایدۆلۆژی حیزب بووە.

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# حیزبی دێموکرات، مێژوویەکی زێڕین بۆ پرسی ژنی کورد






**ئاسۆ مینبەری**

**مێژووی خەباتی ژنان لە سەرتاسەری جیهاندا، مێژوویەکی دوور و درێژ و لە هەمان کاتدا پڕ هەوراز و نشێو بووە. ئەم خەباتە قۆناغی جیاوازی تێپەڕاندووە و بە زۆر بڕگەی هەستیاردا تێپەڕیوە، هەر لە هەوڵەکانی ژنانەوە بۆ دەستخستنی هەقدەستی یەکسان، مافی دەنگدان، خەبات دژی هەڵاواردن و توندوتیژییەوە بگرە هەتا ئەو کاتەی کە خەباتەکە لە**

چوارچێوە و قاڵبی جیاوازی دیکەدا و وەک بزووتنەوە کرێکارییەکان و فێمێنیزم خۆی دەرخستووە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ.

خەباتی ژنان بۆ دەستخستنی یەکسانی و ئازادی وەک پرسێکی گشتی لە هەموو جیهاندا، نیشاندەری هەقیقەتێکی تاڵە، ئەوەی کە سەرەڕای گەشەی جیهان و تێپەڕین بە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی شارستانیشدا، ژنان بە بێ جیاوازیی جوغرافیایی و سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەیەک کە تێیدا دەژین، لە سەدەی بیست و یەکەمدا، هێشتا ستەملێکراون و نەیانتوانیوە بە مافەکانیان بگەن. ئەم هەقیقەتە پێمان دەڵێ کە ئەگەرچی ژنان لەم خەباتەدا زۆر قوربانییان داوە و دەستکەوتی باشیشیان هەتا ئێستا هەبووە، بەڵام بێگومان ڕێگای خەباتیان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان هێشتا هەموار نەکراوە و ڕێگایەکی دوور و درێژیان لەپێشە.

بەپێی ئەوەی کە کۆمەڵگەیەک لە بوارە جیاوازەکانی وەک کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و ئابووریی و ئیدئۆلۆژیکەوە لە چ دۆخێکدا بێت، ژیانی تاکەکان بەگشتی دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، بەڵام ئەم بابەتە بۆ ژنان تۆزێک جیاوازترە. ژنان لە کۆمەڵگە ئازاد و دێموکراتیکەکاندا، لانیکەم وەک هاووڵاتی و شارۆمەند، لە چوارچێوەی یاسادا کۆمەڵێک مافیان پێ دەدرێت کە خودی ئەم مافە یاساییانە دەتوانن پشتیوانێکی قایم بۆ ژنان و بۆ گەیشتنیان بە ئامانجەکانیان بن، بەڵام لە کۆمەڵگە دواکەوتوو و نادێموکراتیکەکاندا، خودی یاساکان، سەرکوتکاری سەرەکیی ژنانن و هیچ پشتیوانێک بوونی نییە.
ئەم بابەتە لە کۆمەڵگەی ئێرانیشدا جێگای باسە. ژنان لە چوارچێوەی ئەو جوغرافیایەدا بە درێژایی مێژوو ستەمیان لێ کراوە و پەراوێز خراون و مافەکانیان بە شێوازی جیاواز پێشێل کراون. بەڵام قۆناغی واش هەبووە کە توانیویەتی ڕۆح وەبەر خەباتی ژناندا بکاتەوە و دەرفەتی بوون و چالاکییان پێ بدات و لێرەدایە کە ڕۆڵی ڕێکخراوی سیاسیی بەرجەستە دەکرێتەوە.

## کۆماری کوردستان و پرسی ژن

لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاویدا و لە کۆمەڵگەی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی پاشایەتیدا، دامەزرانی حیزبی دێموکرات، وەک ڕێکخراوێکی مۆدێرنی سیاسی، خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی گەلی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی نەتەوەیی فۆکۆسی لەسەر پرسی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، بەڵام چەند مانگ دواتر و بە دامەزرانی یەکەمین دەسەڵاتی کۆماری لە کوردستان، خەباتی حیزبی دێموکرات چووە قۆناغێکی دیکەوە.



سەرچاوە
Serchawe

حیزبی دێموکرات وەک دامەزرێنەری کۆماری کوردستان، بە بایەخدان بە پرسە گرینگەکانی ئەوکاتی کۆمەڵگە و یەکێک لەوان پرسی ژنان، توانیی ببێتە خاڵێکی هیوا بۆ ئەو توێژەی کۆمەڵگەی کوردستان کە جگە لە پەراوێزخران و نەدیرتان شتێکی دیکەیان ئەزموون نەکردبوو و ئەمەش بەرهەمی ئەو دەسەڵاتانە بوو کە بە درێژایی مێژوو لەسەر ئەم خاکە زاڵ بوون.

کۆماری کوردستان لە سەرەتای دامەزرانیەوە دەستی بۆ کۆمەڵێک خاڵ برد کە تا پێش لەوە هیچ گرینگییەکیان بەتایبەت لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بوو و نەخوێندەوارییش تێیدا لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بوو نەبوو، یەکێک لەم پرسانە پرسی ژنان بوو! لە کۆمەڵگەیەکی نەخوێندەواردا کە ڕێژەی خوێندەواریی ژنان سفر بوو و لە هەموو کایەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و بگرە خێزانییشدا پەراوێز دەخران و نەدەبیندران، ئەمجارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی دێموکراتیدا توانییان هەست بە بوونی خۆیان بکەن کە یەکەمین هەنگاویشی وەک زۆر جار باس کراوە، دامەزرانی ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان بوو کە ئێستاش پاش ٧٩ ساڵ لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوامە.

خاڵێکی گرینگ و جێی تێڕامان لەم چوارچێوەیەدا ئەوەیە کە زۆر جار باس لەوە دەکرێ خودی پێشەوای نەمر، بۆ دەسپێکی کاری ئەم ڕێکخراوەیە، خێزانی خۆی واتە مینا خانمی قازی دێنێتە گۆڕەپانی کاری پراگماتیکەوە و وەکوو ژنێک پێشەنگایەتیی ئەم ئەرکەی دەخاتە سەر شان، لە ڕاستیدا لەو کۆمەڵگەیەدا کە ژنان وەکوو ڕەگەزی ژمارە دوو چاویان لێ دەکرا و تەنیا شیاوی ڕۆڵگەلێکی وەک هاوسەرداریتی و دایکایەتی و وەچەخستنەوە بوون، ئەمە شۆڕشێکی گەورە بوو کە ژنان لە یەکەمین دەسەڵاتی کۆماریدا خۆیان ببیننەوە و ئەرکیان پێ بسپێردرێت.

ئەرکسپاردن بە ژنان لەو سەردەمەدا و ئەویش لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد، ئەو هەقیقەتە ڕوون دەکاتەوە کە حیزبی دێموکرات، وەک حیزبێکی پێشەنگ، هەر لەو کاتەوە یەکەم هەنگاوەکانی بۆ نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژنان هەڵ گرتوو و ڕۆڵی پێشەوا لەم کات و ساتەدا نیشاندەری تێگەیشتن لە بەتاڵبوونی بیری چەقبەستووی پیاوسالاری و گرینگیدان بە ژنان وەک توێژێکی خاوەن ئیرادە بووە.

## ژن لە حیزبی دێموکراتدا

ئەگەرچی تەمەنی کۆماری کوردستان کورت بوو بەڵام، ڕێچکەیەک کە دیاری کرا، ئێستاش پاش ٨ دەیە خەبات و تێکۆشان بە بایەخەوە چاوی لێ دەکرێ و حیزبی دێموکرات، وەک حیزبی دایک لەسەر کۆمەڵێک پرەنسیپ پێداگرە کە لە خەباتی

ئەم حیزبە جیا ناکرێنەوە.

یەکێک لەو پرەنسیپانە باوەڕی قووڵی حیزبی دێموکرات بە پرسی یەکسانی و دادپەروەرییە کە لە بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبەشدا ڕەنگی داوەتەوە.

حیزبی دێموکرات وەک حیزبێکی خاوەن ئەزموونی نەتەوەیی، خەریکە هەشتاهەمین ساڵی دامەزرانی خۆی تێپەڕ دەکات و لەم ماوە زەمەنییەدا توانیویەتی وەک حیزبێکی هەڵقوڵاو لە ویست و داخوازی کۆمەڵگەی کوردستان، هەنگاوی بەجێ، جیددی و کارامە لە چوارچێوەی بونیاتنانەوەی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەڵ بگرێت. ئەم حیزبە، لە مێژووی خۆیدا، وێڕای کارکردن لەسەر پرسی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات لە پرس و بابەتەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگەیە خافڵ نەبووە و بە بەردەوامی هەوڵی بۆ داوە.

هاوکات لەگەڵ پرسی نەتەوەیی، پرسە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان، پرسی ژینگە، پرسی ئابووری، جوگرافیا و دێموگرافیای کوردستان، پرسی مێژوو و بە سەدان پرسی دیکە لە دەستووری کاری ئەم حیزبەدا بووە و هەوڵی داوە بە گونجاندنی ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی پێڕەو و پرۆگرامی خۆیدا کاریان لەسەر بکات. یەکێک لەو پرسانە کە حیزبی دێموکرات لە سەرەتای دامەزرانیەوە، گرینگیی پێ داوە، پرسی ژنان بووە.

پرسی ژن لای حیزبی دێموکرات، هەمیشە پرسێکی گرینگ و جێی بایەخ بووە و هەر لە گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا کە خەریکە ٨٠ ساڵ بەسەر دامەزرانی ئەم حیزبەدا تێدەپەڕێت، بە بەردەوامی هەوڵ دراوە کاری بۆ بکرێت.

هەوڵ و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە چوارچێوەی مافەکانی ژناندا، تایبەت بە قۆناغێکی دیاریکراو لە خەباتی ئەم حیزبە نەبووە، بەڵکوو بەرنامەیەکی درێژخایەن بووە کە تا ئێستا بەردەوام بووە و بێگومان بەردەوامیش دەبێ.

ئەوەی کە سەبارەت بە پرسی ژنان لەم حیزبەدا گرینگە، ئەوەیە کە لە هیچ قۆناغێکدا ئەم پرسە پەراوێز نەخراوە و هاوکات لەگەڵ تێکۆشان بۆ پرسی نەتەوەیی، خەبات دژی چەوسانەوەی ژنان و دابینکردنی مافەکانیان، بابەتێکی هەستیار و گرینگ بووە.
شێوازی کار و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لەسەر پرسی ژنان، بە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژووییدا تێپەڕیوە، بە جۆرێک کە دەتوانین بڵێین، ئەکتی شۆڕشگێڕانەی ژنان لە کۆمەڵگەی ئێستای کوردستاندا، بەرهەمی تێکۆشان و ئەرکوەخۆگریی

حیزبی دێموکرات لەمبارەوە بووە. هەر لە یەکەم هەنگاوەکانەوە حیزبی دێموکرات بە دژایەتیکردنی نەریتە ناشیرین و دژەژنەکان هەوڵی دا پشتیوانێکی قایم بۆ ژنان بێت و ئەمەش بە تێپەڕبوونی کات توانی تا ڕادەیەکی زۆر، هەستی متمانە بە خۆبوون بۆ خەبات دژی چەوسانەوە و هەڵاواردن لەواندا زیندوو بکاتەوە.

ئەوەی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە ژنان بینراوە، ئاکامی ئەو پشتیوانییە قایمە بووە کە توانیویەتی ژنان بێنێتەوە گۆڕەپانی خەباتەوە و بیانکات بە پێشەنگی خەباتەکە. ئەڵبەت نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە لە پاڵ ئەم پشتیوانییەدا، خودی ژنانیش هەوڵیان داوە کە لە ژێردەستەیی بێنە دەر و بە خوێندن و بڕینی قۆناغەکانی خوێندن و هەنگاونان لە بازنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، سەربەخۆییەک بەدەست بێنن و وەک مرۆڤ خۆیان پێناسە بکەنەوە و هاتنە مەیدان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان بە ئەرکی خۆیان بزانن.

## . گرینگیی بەشداریی سیاسیی ژنان لە خەباتی حیزبی دێموکرات

حیزبی دێموکرات وەک حیزبی ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی، بە دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵ و ئەرکی توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و بەتایبەتیش توێژی ژنان، توانیویەتی لە بەشدارپێکردنی ئەم توێژە لە خەباتدا ڕۆڵێکی ئێجگار گەورە و گرینگ ببینێ، تا ئەو جێگایە کە ئەتوانین پەیوەستبوونی ژنان و کچان بە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، وەک هێمای بەرچاوی ئەم بەشدارییە ناو ببەین کە چیدیکە ژنان و کچانی نیشتمانی ئێمە، گوێڕایەڵی دابونەریتە باوەکانی کۆمەڵگە نین کە ئەوان تەنیا وەکوو دایک پێناسە بکاتەوە، بەڵکوو ئەوان لەو چوارچێوەیە هاتوونەتە دەرێ و بە پێناسەکردنەوەی سەرلەنوێی خۆیان، مۆرکی شۆڕشگێڕبوون لە خۆیان دەدەن و ئامادەن بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان شەڕ بکەن و هاوکات لەگەڵ ئەوەش بە خۆپێگەیاندن و هەوڵدان، لە بازنەی سیاسەتدا گەشە بکەن و وەک تاکێکی سەربەخۆ و خاوەن ئیرادە، هەنگاو بۆ نێو بازنەی سیاسەت بهاوێن و کۆت و بەندی کۆیلایەتی و بەستراوەبوون بە نەریتە دواکەتووەکان بپچڕینن.

## مافی ژن و خەباتی نەتەوایەتی

ڕەنگە زۆر کەس باس لەوە بکەن کە پرسەکانی تایبەت بە ژنان ڕەوتێکی جیهانی دەپێون و هاوتەریبکردنی ئەم پرسانە لەگەڵ پرسگەلی نەتەوەیی بە مانای گرینگدان بە ناسیۆنالیزم و زاڵکردنی بە سەر فێمێنیزمدایە، بەڵام لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات لە ماوەی تێکۆشانی خۆیدا هەوڵی داوە تاکوو بە پێناسەکردنی ژنان وەکوو بەشێک لە دانیشتووانی ژینگەی

سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی، ئەرکداریان بکات بەوەی کە وەک تاکێکی کورد و هاوکات وەکوو ژن داوای مافەکانیان بکەن. بە مانای دیکە حیزبی دێموکرات، ژنان وەک بەشێکی جیانەکراو لە کۆمەڵگە دەزانێت و بە جیانەکردنیان لە پرسە نەتەوەییەکان هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ئەرکێکی قورسی نەتەوەیی دەخاتە سەر شانیان، زیاتریش ئەرکداریان دەکات بەوەی کە خەبات بۆ توێژەکەی خۆیان بکەن کە لەم پێناوەشدا خودی حیزبی دێموکرات یارمەتیدەرێکی باش بۆ ژنان بووە و بە ڕەخساندنی دەرفەت و دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست هەوڵی داوە تاکوو وەکوو ڕێکخراوێکی بە پرەنسیپ و بەرپرس لە بەرانبەر تاکەکانیدا پرسەکانی ژنان بکاتە ڕۆژەڤ و کاریان لە سەر بکات.

مەگەر جگە لەوەیە کە لە سێبەری نەتەوەیەکی ئازاددا، ژنانیش دەتوانن ئازاد بژین و ئازاد بیر بکەنەوە؟ لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات نەک هەوڵی داوە کە ژنان بە بیرۆکەی فێمێنیستییەوە قەتیس بکاتەوە و نەک بە بیرۆکەی نەتەوەییەوە. لە ڕاستیدا ئەمە مافی بێ ئەملاوئەولای ژنانە کە پێداگری لە سەر مافەکانی خۆیان بکەن و هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خۆیان لە نێو کۆمەڵدا بدەن، جا ئەگەر فێمێنیزم بتوانێ ئاڵترناتیڤێکی باش و گونجاو بێت، بە دڵنیاییەوە ئەتوانێ هەوڵەکانیان وەپێش بخات.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە مەبەستی زیاتر گرینگیدان بە توێژی ژنان و هەروەها هەوڵ بۆ پێگەیاندن و بەشداری پێکردنیان لە کایە سیاسییەکاندا، هەوڵی داوە تاکوو بە کردەوە ژنان بێنێتە نێو بازنەی سیاسەتەوە و کەڵک لە توانایی و لێهاتووییەکانیان بگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش بەو شێوەی کە دەرفەتی بوویێت و بۆی کرابێت، بەستێنی بۆ خولقاندوون و یارمەتیی داون.

## . حیزبی دێموکرات و ژن پاش ٨٠ ساڵ

ئێستا کە ٨٠ ساڵ بەسەر دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا تێدەپەڕێت، لە نێوان هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا، حیزبی دێموکرات وەک دێرینەترین ڕێکخراوی سیاسیی مۆدێڕن توانیویەتی بە سازماندان و پلاندانان و ڕێکخستنی تایبەت، کەڵک لە هێز و تواناکان وەربگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا، بە وردبینی و جیهانبینییەکی تایبەتەوە ڕوانیویەتە پرسەکان و بۆ هەر قۆناغێک لە خەبات و تێکۆشانی خۆی بەرنامەی تایبەتی داناوە. لە هەموو قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، ژنان ڕۆڵ و نەخشی تایبەتی خۆیان بووە و بوونیان و کاریگەرییان لە هەموو قۆناغەکاندا دیار و بەرچاوە. ژنان بە بەشداریی ڕاستەوخۆ لە مەیدانی خەباتی حیزبی دێموکراتدا، وێڕای بەتاڵکردنەوەی بیرۆکەی دژەژن و چەقبەستووی کۆمەڵگە، پێناسەیەکی نوێیان لە خۆیان بەدەستەوە



سەرچاوە
Serchawe

داوە.

لە کۆمەڵگەی داگیرکراوی کوردستاندا، لەمپەر و ئاستەنگی زۆر لەسەر ڕێگای ژنان بووە، کە خەباتی ژنانیان خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆیانەوە، ئەم ئاستەنگانە ئەگەر لە لایەنی نەرێنییەکەیان بڕوانین دەبینین کە پێشیان بە سەرکەوتن، گەشە و پێگەیشتنی ژنان گرتووە بۆ نموونە ئیدئۆلۆژیکبوونی دەسەڵاتی زاڵ، پێکهاتەی پیاوسالاری کۆمەڵگە، گوشاری چەندقاتی سیاسی و ئەمنیەتی دژی سەر ژنان، جیاوازیی ڕوانینەکان لە کۆمەڵگەی نەریتی و کۆمەڵگەی پێشکەتنخواز بەرانبەر بە ژنان، بە کاڵاکردنی ژنان، بێبەریکرانیان لە مافە مرۆییەکانیان و پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆییان هەموویان نموونەگەلێک لەو ئاستەنگانەن کە خەباتی ژنانیان خستووەتە ژێر کاریگەرییەوە، بەلام ئەگەر لایەنی ئەرێنییەکەی ببینین، خودی ئەم ئاستەنگانە زۆر جاریش توانیویانە هاندەری ژنانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بن بۆ ئەوەی کە بتوانن هەنگاوی بەهێزتر هەڵ بگرن. ئەڵبەتە ئەمە بەو مانەیە نییە کە ئێمە ئەو ئاستەنگانە بەبایەخ ببینین، بەڵکوو بەو مانایەیە کە ئەو ئاستەنگانە بکەین بە دەرفەت. هەموو ئەوانەی کە باس کران لە کۆمەڵگەی کووردستاندا کە هەمیشە ژێردەستە بووە، نەبەرانبەر بە ژنان بینراوە، لێرەدایە کە نەخش و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات وەک یەکەم ڕێکخراوی سیاسیی کە دەرفەتی بەشداریی سیاسیی و ڕێکخراوەیی بە ژنان دا و بەستێنی ئەم بەشدارییەی بۆ دروستکردن، بەرجستە دەکرێتەوە. حیزبی دێموکرات لە مێژووی ٨٠ ساڵەی خۆیدا، ئەم پرەنسیپەی لەبەرچاو گرووە کە کۆمەڵگە بە بێ بوونی ژنان ناتوانێ سەرکەوێ، ئەمە لە وتەکانی دوکتور قاسملووی نەمریشدا دەبینرێ کە دەفەرمێ، هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوتووترە و هەرچی لە بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیەکدا ژنان تێکۆشەرتر بن، بزووتنەوەکە پێشکەوتووترە و شانسی سەرکەوتنی زیاترە. ئێستا کە ٨٠ ساڵ لە خەباتی حیزبی دێموکرات تێدەپەڕێ، ئەم حیزبە کە خۆی بە حیزبی کۆمەڵانی خەڵک و هەڵقوڵاو لە ویست وداخوازییەکانی دەزانێ، دەبێ بە وردبینییەوە ئاورێک لە تێکۆشانی خۆی لە چوارچێوەی مافەکانی ژناندا بداتەوە و بە خەسارناسییەکی زانستی و واقعبینانە، مەیدانێکی زیاتر و ئاوەڵاتر بۆ ژنان و بەشداریی زیاتریان لە چوارچێوەی ئەم حیزبەدا بکاتەوە.

**مێژووی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکرات، لە خەباتێکی فرە ڕەهەند پێک هاتووە، ئەم ڕەهەندانە ئەگەرچی لەژێر سێبەری حیزبی دێموکراتدا وبەپێی بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبە پێناسەیان بۆ کراوە بەلام هەرکامەیان لە چوارچێوەی خۆشیاندا توانیویانە، دەستئاوەڵاییەکیان هەبێ و لە کۆتاییدا ئاکامی هەوڵ وتێکۆشانەکان لە هەرکام لەم ڕەهەندانەوە بچێتەوە ژێر چەتری حیزبی دێموکرات، وەک یەکەم حیزب کە بناغەی خەباتێکی نەتەوایەتیی بە سەرنجدان بە خواست و ویستی کۆمەڵگە دامەزراند.**

٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

# هەشتا ساڵ خەبات بۆ ئازادی





**ڕەزا دانشجوو**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کاتێکدا هەشتا ساڵەی دامەزراندنی جێژن دەگرێ کە سەرەڕای هێندێک کێشە و کەموکوڕی بە تێپەڕبوونی لە دەیان قەیرانی گەورە و جۆراجۆر توانیویەتی وێرای پاراستنی سەربەخۆیی فیکری و سیاسی خۆی نوێنەرێکی شایستە بۆ بەدیهێنانی مافەکانی ڕوای ڕۆژهەلات بێت. ئەمە بە هیچ شێوەیەک بە مانای نەدیتن و

چاوپۆشی لە کێشە و کەموکوڕییەکان یان هەندێک بڕیاری هەڵە لەم ڕێبازە هەشتا ساڵەیەدا نیە کە هەر لایەنێکی دیکەی سیاسیش لە هەشتا ساڵ خەباتیدا دەتوانێت تووشی هاتبێت! بەڵام سەرەڕای ئەمانە دەبێت بگوترێ کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەڵگری کۆمەڵێک تایبەتمەندی ناوازەیە کە دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی لە زۆر حیزب و ڕەوتی سیاسیی تر! لە درێژەی ئەم باسەدا سەرنج دەخرێتە سەر تاقمێک لەم تایبەتمەندیانە.

## پاشخانی مێژوویی ناوازە

دەکرێت بگوترێ کە نەک هەر لە جوغرافیای ئێران بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا کەم لایەن و حیزبی سیاسی هەیە کە پاشخانی مێژوویی حیزبی دێموکراتی کوردستانی هەبێت. ئەگەریش دەگمەن حیزب و لایەنی سیاسی هەبێت کە مێژووی بگەڕێتەوە بۆ پێش دامەزراندنی حیزبی دێموکرات، بۆ نموونە وەک حیزبی توودە ئێستا تەنیا لە لاپەڕەکانی مێژوودا دەدۆزرێنەوە! نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە نهێنیی ئەم هەمیشەییبوونە لە سروشتی جەماوەری و بنکەی کوردایەتیی حیزبی دێموکراتدایە. هەر ئەو حیزبە توودەیەکە سەردەمانێک گردبوونەوەی دەیان هەزار کەسی ئەنجام دەدا، ئێستا تەنانەت ناو و نیشانی بۆ زۆرێک لە خەڵکی ئێران بە تایبەت لاوەکان نامۆو نەناسراوە! لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات تەمەندرێژی و مانەوەی خۆی قەرزاری بنکە جەماوەریی و متمانە و بڕوایی کۆمەڵگەی کوردستانە.

## حیزبی دێموکرات وەڵامێک بۆ داواکارییەکیی جەماوەری

ڕەنگە ئەمە گەورەترین و گرنگترین جیاوازیی نێوان حیزبی دێموکرات و زۆربەی لایەن و حیزبە سیاسیەکانی تر بێت. حیزبی دێموکرات هەڵقوڵاوی کانیی ئازادیخوازی و مافخوازی کۆمەڵگەی کوردستان و وەڵامێکە بە بانگەوازێکی جەماوەریی کۆمەڵگەیەکی ساڵیان بندەست و سەرکوتکراو بۆ گەیشتن بە مافی ڕەوای و ژیانێکی ئازاد و سەربەخۆ! بێگومان پشتیوانیی خەڵکی کوردستان هەر لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنی حیزبی دێموکراتەوە بۆ پێشەوای نەمر تا ئەمڕۆ، قووڵایی ئەو نزیکییە نیشان دەدات. لە ڕاستیدا حیزبی دێموکرات بۆ داڕشتن و تیۆریزەکردنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەیەکی مودێرن و پێشکەوتوودا دامەزرا. بەراورد بە ئەم شێوە لە دامەزرانە دەتوانرێ ناوی تاقمێک پارتی دەستووری و حکومەتیی وەک حیزبی "ڕەستاخیز" لە سەردەمی پەهلەوی یان پارتی کۆماری ئیسلامی لە سەردەمی ڕژێمی وەلایەتی فەقیهـ وەک حیزبگەلێکی کاغەزی و تەواو بێدەسەڵات بهێنرێت کە لە ڕاستیدا تەنیا بۆ سەپاندنی ئیرادەی حکومەت و ڕواییدان بە بڕیارەکانی حاکمییەت پێکهێنران. جۆری دووهەم دەتوانین ئاماژە بەم حیزب و ڕەوتە سیاسیانە بکەین کە لە ڕاستیدا خۆیان هەڵگری هیچ ئەجێندایەکی سیاسی نەبوون و تەنیا کاربەڕێکەر و جێبەجێکەری ئیرادەی سیاسیی وڵاتانی بیانی



سەرچاوە
Serchawe

بوون. بێگومان نمونەی گەورەیان حیزبی توودەیە کە تەواوی ئاڕاستە و بڕیاردانیان بە تەواوی لەژێر کاریگەریی حکوومەتی سۆڤیەت بوو! لە ڕاستیدا ئەوە سەرکردەکانی سۆڤیەت بوون کە هێڵ و ئاراستەیان بە حیزبی توودە دەدا.

## زاڵبوون بەسەر قەیرانەکاندا

مێژووی هەشتا ساڵەی حیزبی دێموکرات پڕە لە چرکەساتی سەخت و هەناسەبڕ کە دەتوانێت بۆ هەر حیزب و ڕەوتێکی سیاسی بە مانای کۆتایی ژیان و مردنی سیاسی بێت! ڕووخانی کۆماری ساوا و تازەلاوی کوردستان و لەسێدارەدان پێشەوا و هاوڕێیانی و سەرکوتکردنی درندانەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی تازە دامەزراوی دێموکرات دەکرا کۆتاییەکی پێشوەختە بێت بۆ تەمەنی کورتی حیزبی دێموکرات! بەڵام حیزبێک کە ڕەگ و ڕیشەی لەنێو خەڵکدا داکوتاوە و لە بنەڕەتدا وەڵامێکە بۆ داواکارییەکانیان، لە هەر دەرفەتێک بۆ زیندووبوونەوە و بووژانەوە کەڵک وەردەگرێت. هەر بەم هۆیەشەوە، دوای ساڵانێک لە شەهیدبوونی پێشەوا، ژمارەیەک گەنج کە ڕەنگە تەنانەت چاویان بە پێشەواش نەکەوتبێت، جارێکی دیکە کۆ دەبنەوە و حیزبی دێموکرات ڕێکدەخەنەوە. لە ڕووداوەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ و لە کاتی کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا، مەترسییەکی گەورە جارێکی دیکە هەڕەشە لە بوون و نەبوونی حیزبی دێموکرات دەکات. حیزبی توودە کە بە هۆی پشتیوانیی بەربڵاوی سۆڤیەت خاوەنی تەشکیلاتی زەبەلاحە بیر لە داسەپاندنی هەژموونی فیکری و ئایدۆلۆژی خۆی بەسەر حیزبی دێموکراتدا دەکاتەوە. بەداخەوە هەندێک ئەندامی سەرکردایەتیی حیزبی دێموکرات بە هەر هۆکارێک لەژێر کاریگەریی حیزبی توودە دان و یارمەتیدەر بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەوان! بەڵام ڕێبەری کاریزماتیک دوکتور قاسملوو و بێگومان بنکەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات ڕێگرن و ئیزن نادەن تا پلانی ناحەزانی کوردستان سەر بگرێت و سەربەخۆیی فیکری و سیاسی حیزبی دێموکرات وەک خۆی دەمێنێتەوە! سەرسوڕهێنەرە، بەڵام وەک پێشووتر گوترا لەو حیزبە زەبەلاحە کە ڕۆژگارێک دەیهەویست حیزبی دێموکرات بەخاتە ژێر دەسەڵات خۆی جگە لە ناوەکەی لە لاپەڕەکانی مێژوودا هیچ نەماوە، بەڵام حیزبی دێموکرات خۆی بۆ یادی هەشتا ساڵەی دامەزراندنی ئامادە دەکات! شەڕی چەکداریی داسەپاو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و جێهێشتنی بەناچاری شارەکان و پەنابردن بۆ شاخ، نەتەنیا بچووکترین بۆشایی لە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا دروست ناکات، بەڵکو تەنانەت بنکەی جەماوەری حیزبی دێموکرات زۆر بەهێزتر دەکات. لەم نێوەندەدا ڕووداوێکی تری تاڵ ڕوودەدات: لێکدابڕان و جیابوونەوە! حیزبی دێموکرات ئەم قۆناغە و ئەم بستوو و گەردەنە مەترسیدارەش بە سەلامەت تێپەڕدەکات، نەک جارێک و دووجار, بەپێی هەندێک گێڕانەوە سێ جار! هەرچەند ئاشکرایە بەداخەوە تێپەڕاندنی هیچ یەک لەم قۆناغە مەترسیدارانە بێ تێچوو نەبووە و تەنانەت باسکردنیان دوای ساڵیان ڕووح و گیانی هەر نیشتیمانپەروەرێکی کورد ئازار ئەدات، بەڵام لە کۆتاییدا ئەوە حیزبی دێموکراتە کە زیندوو و لەسەرپێیە و زۆر هیوادارتر لە ڕابردوو دەچێتە دەیەی نۆیەمی ژیانی سیاسیی خۆیەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**گەلاوێژی ٢٧٢٥**

سەرەڕای هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا باس کران، نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە حیزبی دێموکرات لە دەیەی نۆیەمی خۆیدا ڕووبەڕووی زۆر ئالەنگاریی گەورە بووەتەوە، کە پشتگوێخستنیان دەتوانێت زیانێکی قەرەبوونەکراو نە تەنیا بە حیزبی دێموکرات بەڵکوو تەنانەت بە ڕەوتی ناسیۆنالیزمی کورد لە ڕۆژهەڵات بگەیەنێت. لە درێژەی هەندێک لەم ململانێیانە بە کورتی دەخرێنە بەر باس.

## جیاوازیی نەوەکان و زمانی گفتوگۆ

هەرچەندە هەشتا ساڵ پاشخانی سیاسی و خۆڕاگری و مانەوە وەک یەکێک لە تایبەتمەندیی ناوازەکانی ژیانی سیاسی حیزبی دێموکرات هەژمار دەکرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە دەتوانێت هۆکاری سەرهەڵدانی تاقمێک کێشە و گیروگرفتی تایبەت بێت. ئێستا لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا چەند نەوەی تەواو جیاواز هەن کە هەریەکەیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە سیاسەت و ئەجێندای سیاسیی حیزبی دێموکرات لێک دەدەنەوە. لە پەنا کۆمەڵێک کەسایەتیی دیاری سیاسی کە هاوڕێ و هاوخەباتی دوکتور قاسملوو بوون، تاقمێک گەنج هەن کە دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لەدایک بوون و...! ئاشکرایە ئەو ئامراز و میدیایانەی کە لە لایەن ئەم کەسانەوە بەکاردەهێنرێن چەندە دەتوانن جیاواز بن! ئەو زانیاریانەی پێشکەش بەم دوو نەوەیە دەکرێت دەتوانن چەند جیاواز بن! لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە ئەگەرچی بوونی جیاوازیی نەوەکان لە حیزبی دێموکراتدا نیشانەی دینامیزم و زیندوویی ئەم حیزبەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا نەبینینی و پشتگوێخستنی لە پرۆسەی پلاندانانی حیزبی دێموکراتدا دەتوانێت زۆر زیانبەخش بێت!

## جوغرافیایەکی نائارام و ئەرکی مێژوویی حیزبی دێموکرات

خێرایی ڕووداوەکان بە تایبەت لە چەند مانگی ڕابردوودا ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ تاقمێک گۆڕانکاری بنەڕەتی نەک تەنیا لە ئێران بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشدا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک حیزبی دایک، دەتوانێت هەم لە جوغرافیای کوردستان و هەم ئێراندا ڕۆڵێکی بنەڕەتی بگێڕێت. بنکەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات دەتوانرێت وەک کارتی براوە و دەسەڵاتی موزایەدە لە دانوستان لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێراندا کەلکی لێ وەربگیرێ. جگە لەوەش حیزبی دێموکرات لە مێژووی سیاسیی خۆیدا، چ لە جوغرافیای کوردستان و چ لە ئێراندا، هەمیشە پێشەنگ بووە لە پێکهێنانی هاوپەیمانی سیاسی جۆراوجۆردا. ئەم ڕۆڵە شوێندانەر و چارەنووسسازە دەتوانێت بۆ داهاتووی کوردستان زۆر گرنگ بێت.

**دەیەی نۆیەمی ژیانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەیەی پێشکەوتن و بەرەوسەندن و گەیشتن بە شوێنی مەبەستە.**



سەرچاوە
Serchawe

## گەلاوێژی ٢٧٢٥

**کەلکوەرگرتن لە هەموو ئەو توانا و ئامرازە ناوازانەی کە لە بنەڕەتدا حیزبی دێموکرات لەسەری دامەزرا، دەتوانێت کۆتایی هینەری ساڵانی داگیرکاری لە کوردستان بێت! دەسپێکی ژیانی تازە بۆ کۆمەڵگەی ماندوو لە سەرکوت و بندەستی و خوێنێکی تازە لە دەمارەکانی ڕوژهەڵات! سەرەتای سەردەمێکی نوێی شکۆمەند! گەڕانەوە بۆ ڕۆژهەڵات و نمایشی شەرەف لەبەردەم خەڵکی کوردستان و پێشەوای شەهید!**

**٣٠ی گەلاوێژی ٢٧٢٥**



سەرچاوە
Serchawe

# خاڵە بەهێز و لاوازەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات






**جەماڵ فەتحی**

هەر قۆناغێک لە مێژووی مرۆڤایەتی هەڵگری تایبەتمەندیی ئەو قۆناغەیە و هەموو ڕووداوە سیاسی و تەنانەت کۆمەڵایەتییەکانیش لەژێر باندۆڕی ئەو تایبەتمەندنییانەیە و بەبێ لێکدانەوە و تاوتوێکردنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی سەردەم ناکرێت بە شێوەیەکی لۆژیکی لەسەر هیچ ڕووداو و دیاردەیەک باس و لێکدانەوە بکرێت. مێژووی کورد کە وەکوو

مێژووی هەموو نەتەوەیەکی دیکە لەم حەقیقەتە بەری نیە و ناکرێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکان بۆچوون لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان دەربڕدرێت و تاکلانەیە شەنوکەوی ئەوەی ڕووی داوە، بکرێت. کوردستان کە زیاتر لە سەد ساڵە دابەش کراوە، لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا دەیان و سەدان ڕووداوی تاڵ و ناخۆشی چێشتوە و دەیان هەستانەوە و کەوتنی بە خۆوە بینیوە.

ئەوەی کە بەگشتی بە دەسپێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی و ناسیۆنالیزمی کورد لە قەڵەم دەدرێت، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵا نەهری لە ساڵی ١٨٨٠ی زایینییە کە شەمزینان، هەکاری، مەهاباد و تەنانەت تەورێزیشی گرتەبەر و لە کۆتاییدا لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانی و قاجارییەکان تێک شکێندرا. ئەم قۆناغە لە خەباتی کورد کە بە خاڵی وەرچەرخانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە قەڵەم دەدرێت ڕێگاخۆشکەر بوو بۆ بزووتنەوەکانی دوای خۆی. هەر لە شۆڕشی بۆتان، سۆران، شێخ سەعید پیران و شێخ ڕەزا درسیمەوە بگرە هەتا شۆڕشی شێخ مەحموود نەمر، چیای ئاگرین، سمایل ئاغای سمکۆ، شۆڕشی بارزانییەکان و کۆمارە ساواکەی کوردستان هەتا ئێستە ئەم کاروانە بۆ دەستەبەرکردنی خواستێکی مرۆیی نەتەوەی کورد بەردەوامە و خاڵی هاوبەشی ئەم شۆڕشانە یەک شتە، ئەویش پێداگریی لەسەر دەستەبەرکردنی مافی مرۆیی و نەتەوەیی کوردە. گرنگیی ئەم شۆڕشانە لە مێژووی کورددا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە حکمەت و عەقڵییەتییان لە ڕەگەزی عەقڵییەتێکی نوێی جیهانییە کە پاش زاڵبوونی ئەم عەقڵییەتە وەرچەرخانێکی مەزن لە سیستەم و نەزمی جیهاندا هاتە ئاراوە و گوتاری زاڵ لە ئاستی جیهاندا گوتاری دەوڵەت . نەتەوە و دیاریکردنی کەوشەنی وڵاتەکانە. ئەگەرچی پێش ئەم عەقڵییەتەش وڵاتان کەم و زۆر خاوەن کەوشەنی خۆیان بوون، بەڵام ئەوەی کە بە زەقی هەر وڵات و نەتەوەیەک جیا لە چوارچێوەی جوغرافیایی خۆی، پێناسە و شوناسێکی تایبەتی بۆ خۆی وێنا کرد، جووڵەیەکی هزری و مەعریفی بوو کە لە ئاستی جیهاندا هاتە ئاراوە.

کوردیش وەکوو هەموو نەتەوەکانی دیکە کەم و زۆر لەم گۆڕانە ئاگادار بوو و لە ڕێگای کەسە بەرچاو و بلیمەتەکانی خۆیەوە بۆ بەجێنەمان لەم دۆخە نوێیە وە خۆ کەوت و بە شێوەیەکی سەردەمیانە و لە ئاستی دەفری سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان خوازیاری بەدەستەوگرتنی چارەنووسی خۆی بوو. یەکێک لەو قۆناغە مێژوویی و هەستیارانەی کە هەتا ئێستەش کورد شانازی پێوە دەکات، قۆناغی بزووتنەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کوردە کە بەستێنەکەی لە مەهاباد و لە ساڵی ١٣١٧ی هەتاوی بە دامەزرانی حیزبی ئازادیی کوردستان و دواتر کۆمەڵەی ژێکاف (١٣٢١) و حیزبی دێموکراتی کوردستان (١٣٢٤) ئامادە کرا. ئەم ڕێچکە و ڕێبازە کە هەتا ئێستەش لەسەر پرسی نەتەوەیی . دێموکراتیکی کورد بەردەوامە، ئەگەرچی هەوراز و نشێوی زۆری دیوە و هەتا ئێستە بە ئامانجە سەرەکییەکەی خۆی واتە دیاریکردنی چارەنووسی کورد بە شێوەیەکی دێموکراتیک و بەرابەریخوازی نەگەیشتوە، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی و بەپێی توانایی و دەفری

کۆمەڵایەتی، خەسارناسی بۆ بکرێت، دەکرێت هەم خاڵی بەهێزی هەبێت هەم خاڵی لاواز.

کە باس لە خاڵی بەهێز و لاوازەکانی هەر ڕەوت و تێکۆشانێک دەکرێت، بەبێ ئەملاوئەولا دەبێت هەلومەرجی کات و شوێنیان لە هەڵسەنگاندنەکان ڕەچاو بکرێت، دەنا خەسارناسی و هەڵسەنگاندنەکان دەچنە چوارچێوەی خەسارناسیێکی تاکلایەنە یان دوور لە ویژدانەوە. بۆ ئەوەی خەسارناسییەکی ژیرتەوەری لەسەر خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بکرێت، دەبێت پێش هەر شتێک ئەم خەباتە وەکوو خۆی بەسەر چەندین قۆناغدا دابەش بکرێت کە بەگشتی خەباتی ئەم حیزبە لە دژی دوو دەسەڵاتی پالەوییەکان و ڕێژیمی ئاخوندەکان بووە کە هەردوو قۆناغەکە دەکەوێتە نێو سەردەمی شەڕی سارد و دابەشبوونی جیهان بەسەر دوو جەمسەری کاپیتالیزم و سۆسیالیزمدا. جیا لەوەی ئەم خەباتە لە دوو سەردەمی جیاوازی دەسەڵاتداریەتی عەقڵییەتی ئێرانیدا هاتووەتە ئاراوە لە بواری چوارچێوەی خەباتی ئەم حیزبە دەکرێت بڵێین زیاترین تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە دەرەوەی جوغرافیای خۆی بووە. بۆیە هەڵسەنگاندن و خەسارناسیی ئەم حیزبە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم کەتوارانە، هەڵەیە و بڕیاری تاکلایەنەی لێ دەکەوێتەوە. بە پشتبەستن بە کەتواری کات و شوێن، دەرفەت و هەلومەرج ئەگەر باس لە خاڵە بەهێزەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات بکەین، دەتوانین ئەم خاڵانە دەستنیشان بکەین کە هەر کامەیان تێڕامان و وردبوونەوەی زیاتر لە وتارێک دەخوازن.

## خاڵە بەهێزەکانی خەباتی ٨٠ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان:

١- بەردەوامبوون لەسەر پرسی نەتەوەیی و دەستەبەرکردنی مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی کورد لە ئاستی ڕۆژهەڵات و هەروەها پشتیوانیی و هەوڵ بۆ چارەسەریی ئەم پرسە لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

٢- دامەزرانی کۆماری کوردستان لە بەستێنێکی نالەبار و ئەستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووریی ئێران و لە سەردەمێک کە خەڵکی ئێران هەزاران ساڵ بوو بە سیستەمی پاشایەتی ڕاهاتبوون و لەگەڵ سیستەم و دامەزراوە دێموکراتیک و سەردەمییەکان نامۆ بوون. دامەزرانی کۆماری کوردستان لە نێودڵی حیزب و پێکهاتەیەکی چووکەتر لە خۆی.

٣- ئەگەرچی ئەم ڕەوتە بەپێچەوانەی نەزمی نوێی جیهان بوو و دەبوو حیزب لە نێودڵی کۆماردا سەری هەڵدایە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کورد خاوەن دەوڵەت نەبوو ڕەوتەکە بەپێچەوانەوە چووە پێشەوە و حیزبی دێموکرات تاکە حیزبی کوردییە کە دامەزرانی کیانی سیاسی و سەربەخۆیی لە نێو کارنامەکەیدا تۆمار کراوە.

٤- بەرزکردنەوەی دروشمی یەکسانیخوازیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ نەتەوەیەکی خاوەن مێژوو، چاند و شوناسی جیاواز لە هەمبەر داگیرکەرێک کە باوەڕی بە شوناسێکی دیکە و مێژوویەکی دیکە لە ئێران جگە لە شوناس و عەقڵیەتی ئێرانی نەبوو.

٥- پێداگری لەسەر زیندووکردنەوەی شوناسی نەتەوەیەک کە جیا لە ستەمی نەتەوەی سەردەست، عەقڵییەتی خێڵایەتی و دیدی بەرتەسکی ناوچەیی بەسەریدا زاڵ ببوو، واتە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەم کۆمەڵگەیە نامۆ و بەرژەوەندیی خێڵ زاڵ بوو.

٦- دامەزرانی پێکهاتەیەکی دیمۆکراتیک و وێناکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسان و بەدوور لە هەر ستەمێکی چینایەتی، ڕەگەزی، زایەندەیی و نەتەوەیی لە پەنای پێکهاتەیەکی نادیمۆکراتیک و کۆمەڵگەیەکی ملکەجی سیستەمی پاشایەتی کە لەسەر مێژوویەکی ساختە و فەیک چێ کرابوو.

٧- ڕێگاخۆشکردن بۆ گەشەی چاند و وێژەی زمان و ئەدەبیاتێک کە هەزاران ساڵ بوو جگە لە شێعر لە هیچ ژانرێکی دیکەدا خۆی نەنواندبوو، کەچی لە سەردەمی کۆماردا چاند و وێژەی کوردی لە بواری ڕۆژنامەوانی سەردەم، شانۆ، دەرکردنی گۆڤاری جۆراوجۆر و تایبەت بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگە تاقی کرانەوە.

٨- هەڵکردنی ئاڵایەکی حکوومەتی کە جیا لە ڕەنگدانەوەی مێژوو، خواستی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوەیەکی دابڕاو و پەراوێزخراوی مێژوو و جیهان بوو.

پێش کۆماری کوردستانیش کورد خاوەن چەندین ئاڵا بووە و یەک لەوانە ئاڵای کۆمەڵەی خۆیبوونە کە ئاڵای کۆماری کوردستان وێکچوونێکی لەگەڵ ئەو ئاڵایەدا هەیە، بەڵام ئەوەی کە لێرەدا گرنگە ئاڵای کوردستان وەکوو ئاڵای دەسەڵات و کیانێک هەڵکرا کە وڵاتێکی ناوچەکە وەکوو یەکیەتیی سۆڤیەت تا قۆناغێک ئەگەریش کەم بوو پشتیوانیی لەم کیانە سیاسییە دەکرد.

٩- کۆماری کوردستان کە بڕیاری ئەوەی دابوو ببێتە کیانێکی سەربەخۆی سیاسی بۆ کورد، تەواوی ئێلمانەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتێکی سەردەمیانەی تێدا بەدی دەکرا. هێزی پێشمەرگە، ئاڵا، ئەنجومەنی وەزیران، سەرکۆماری، سروودی تایبەت، ڕاگەیاندن وەکوو زمانحاڵی کۆمار و دامودەزگای جۆراوجۆری ئیداری لەو توخمە سەرەکییانەن کە دەسەڵاتێکی مودێرنی پێ



سەرچاوە
Serchawe

پێناسە دەکرێت.

**خاڵە لاوازەکانی مێژووی حیزبی یمۆکرات:**

ئەگەرچی هەموو ئەو خاڵانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێ کرا خاڵی جێی تێڕامانن و وەکوو خاڵی بەهێزی خەباتی حیزبی دێموکرات ئاماژەیان پێ کرا، بەڵام خەباتێکی ٨٠ ساڵەی بە ئامانج نەگەیشتوو بەدڵنیاییەوە بەبێ کەموکوڕی نییە و ئەوەی کە ئەم حیزبە هەتا ئێستە بە مەبەستی سەرەکی خۆی نەگەیشتووە هۆکارگەلێکی لە پشتە،

**کە دەکرێت ئاماژە بەم چەند خاڵە سەرەکییانە بکرێت:**

١- لەتبوونەکان و تەنانەت دابڕانی بەشێکی بەرچاو لە حیزبی دێموکرات لە چەند قۆناغدا،

٢- دابەزین لە شاخ و لاوازبوونی خەباتی پێشمەرگانە و چەکداری. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات ئەگەر لە وڵاتێکی دێموکراتیکدا ببوایە دەبوو خەباتەکەی بەس سیاسی و مەدەنی بوایە، بەڵام هەم بە هۆی ئەوەی ئەم حیزبە لە هەمبەر دوو دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆردا خەباتی کردووە و هەم مافی دیاریکردنی چارەنووس ستراتیژیی سەرەکیی ئەم حیزبەیە کە دەکرێت خۆی لە سەربەخۆیی، فیدراڵیزم و ئۆتۆنۆمیدا خۆی ببینێتەوە، هەم بۆ قۆناغی خەبات لە هەمبەر دیکتاتۆردا و هەم بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکان پێویستی بە هێزی پێشمەرگە هەبووە. لە ٣٠ ساڵی دوایی خەباتی ئەم حیزبە ئەگەرچی چەکی دانەناوە، بەڵام بە هۆی بارودۆخی سیاسیی هەرێمی کوردستان خەباتی پێشمەرگانەی لە کەمترین ئاستی خۆیدا کردوە و خەباتی سیاسی و مەدەنی زیاتر ئاماژەیان پێ کراوە، کەچی بەهۆی خەسڵەتی نادێموکراتیک و ملهوڕیی کۆماری ئیسلامی ئەم جۆرە لە خەبات نەیتوانیوە بەدیهێنەری ویست و خواستە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات بێت.

٣- هەڵگرتنی بەرپرسایەتییەکی قورس وەکوو دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی فرەنەتەوەی ئێران کە لەسەر بنەمای دەوڵەت - نەتەوەی ئێرانی دامەزراوە و ئێرانیبوون واتە توانەوە لەنێو شوناسی فەرهەنگی، مێژوویی، ئایینی و سیاسی نەتەوەی فارسدا و ئەم ئەرکە قورسە لە توانایی حیزبی دێموکرات نیە و خۆماندووکردن بەم پرسەوە دوورکەوتنەوەیە لە پرسی کورد کە پرسی جەوهەریی حیزبی دێموکراتە.

٤- پێداگریی لەسەر خەباتی بەرگریکارانە و خۆنەدان لە خەباتی هێرشبەرانە کە بەرهەمی باوەڕمەندبوون بە

دێموکراسییەکە کە تەنانەت وڵاتانی لانکەی دێموکراسیش ڕەچاوی ناکەن. لە شەڕی نێوان دوو لایەنی بەهێز و لایەنی بێهێزدا یەکێک لەو خاڵانەی لایەنێک وەک بەهێز پیشان دەدا، دەسپێشخەری و دۆخی هێرشبەری لە دەرەوەی سنوورەکانە و لایەنی بێهێز ئەو لایەنەیە کە بەردەوام خۆی بۆ هێرشی بۆ سەر خۆی و بەرگریکردن ئامادە کردووە.

٥- چاوەڕوانی لە ئۆپۆزسیۆنی نەتەوەی سەردەستی فارس کە لە هەمبەر پرسی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران زۆر توندتر و دەمارگیرتر لە کۆماری ئیسلامی دەردەکەون و تەنانەت مانەوەی کۆماری ئیسلامی بە زامنێک بۆ پاراستنی یەکپارچەیی ئێران دەزانن.

**ئەنجام:**

حیزبی دێموکرات کە بە حیزبێکی گەورە و خاوەن باندۆڕ پێناسە دەکرێت، دەبێت زیاتر و جیددیتر لە هەر هێزێکی سیاسی لەسەری بنووسرێت و قۆناغەکانی خەباتی ئەم حیزبە شەنوکەو بکرێت، کە بە ڕەخنەی ڕەسەن و ڕاستەقینە پێش بە بەلارێداچوون و ونکردنی ئامانجە سەرەکییەکەی بگیردرێت. هیچ ڕەوتێک و دامەزراوەیەک بەبێ ڕەخنە و پێداچوونەوەی سیاسەت و پراکتیکەکانی ناتوانێ ڕێگا بۆ سەرکەوتن و دەسکەوتی زیاتر دەستەبەر بکات، بەتایبەت ئێمەی کورد کە لە دۆخی بندەستیی دەسەڵاتگەلێکدا‌ین کە هیچ باوەڕێکیان بە پێوەرەکانی دێموکراسی و تلۆرانسی سیاسی نیە.

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥



سەرچاوە
Serchawe

# چوار گەوهەری پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانج





ڕەحیم نزهەتزادە

## ڕێگایەک کە بە دڵی چیاکاندا تێدەپەڕێت

گەیشتن بە ئامانجێک، وەک گەیشتن بە لوتکەی چیاییەکە، کە لە دوورەوە لە نێو تەمومژی هەور و ڕووناکیدا خۆی

دەنووێنێت. هەموو کەسێک دەتوانێت بیبینێت، هەموو کەسێک دەتوانێت ناوی بهێنێتە سەر زمان، بەڵام تەنها ئەوانەی وێرەکی تێپەڕبوون بە ڕێگا پڕ لە شاخ و پێچاوپێچی ئەویان هەیە، لەسەر بەرزایی ئەو لوتکەیە، شایانی وەستان دەبن. ئەم ڕێگایە، ڕێگایەکی ڕاست و ڕێک نیە؛ ڕێگایەکە بە دڵی چیاکاندا تێدەپەڕێت، بە پێچ و پەنا، ڕێگای فریودەر و هەڵدێری بێهەژمار، کە لە کەمیندان بۆ ئەوەی، ڕێگەپێوەر لەنێو ببەن.

لەم ڕێگایەدا هەر پێچێک، هەر دووڕێیانێک، تاقیکردنەوەیەکە بۆ پێوانی بڕوا، ئیرادە و وشیاری. هەر ڕێگا بەلاڕێگابەرەکانی ئەو ڕێگایە، ئەو بژاردەگەلە بریقەدار و سەرنجڕاکێشانەن، کە هەندێک جار کورتتر دێنە بەر هزر و چاو، بەڵام لە کۆتاییدا دەگەنە بنبەست یان هەڵدێرەوە. هەڵدێرگەلێک، کە ئەگەر هەر هەنگاوێک خلیسک ببات، بێبەزەییترین ساتگەلێکن، کە لە ناکاو ساڵانێک لە تێکۆشان و هەوڵدان، بەیەکجار دەخەنە نێو قوڵایی هەڵدێری لەبیرچوونەوەوە.

## نهێنیی تێپەڕین بە سەلامەت

بە سەلامەتی بەزاندنی ڕێگایەکی لەو شێوەیە، هونەرێکە؛ هونەرێک کە بۆ هەموو ڕێبوارێک بەردەست نیە. ئەم هونەرە، تێکەڵەیەکە لە چوار گەوهەر:

دیدگایەک؛ کە ئامانجی مەبەست، وەک ئەستێرەی جەمسەری لە دڵی شەودا گەشاوە دەهێڵێتەوە.
سەبرێک، کە بەرگەی زریانەکان بگرێت.

نەرمی؛ کە وەک لقەکانی دارەبی لە بەرامبەر ڕەشەباکان بچەمێتەوە، بەڵام نەشکێتەوە.

هەروەها توانای، خوێندنەوە؛ پێش ئەوەی بکەویتە داوەوە، لە مەترسی ئاگادار بێتەوە.

## کوردستان: قوتابخانەی تێپەڕین بەڕێگا سەختەکاندا"

ئەگەر بمانهەوێت خاکێک، کە بە سەدەکان لە ڕێگا پڕمەترسیدارەکاندا خەڵکەکەی، فێری هونەری تێپەڕینی بەسەلامەت



سەرچاوە
Serchawe

بوون، بەنموونە بهێنینەوە، ئەو خاکە بێگومان کوردستان دەبێت. لە شاخە سارد و سەختەکانیەوە، ڕێپێوەرانێک سەریان هەڵداوە، کە ڕێگای خۆیان نەک لەسەر ڕێگا ڤیرتاوکراوەکان، بەڵکو لەسەر لێوارە ئاستەمەکان و تاشە بەردەکانی ئالاوتە بە خوێن، بونیات ناوە.

لە مێژووی هاوچەرخدا، تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەبەردەوام نموونەی زیندوو لەو هونەرە بوون. ئەوانەی لە پەنجاکان و شەستەکان و هەفتاکانی سەدەی ڕابردووی خۆریدا، لە بەرامبەر ئەو سوپا و سیاسەتانە، کە دەیانویست دەنگی ئازادی بێدەنگ بکەن وەستانەوە. کەسایەتییەکانی وەک شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کە بە تێگەیشتنێکی سیاسی قووڵەوە، هەوڵی دا خوێنڕشتن بە دیالۆگ بگۆڕێت، بەڵام هەرگیز تەسلیمی ڕێبازی چەواشەکراوی موزایەدەکردن لەسەر ئامانجەکانی نەبوو. یان ئەو پێشمەرگانەی، کە لە سەرمای زستانە سەختەکانی شاخدا، بە پارچە نانێکی وشک و ئومێدێکی گەورەوە، درێژەیان بە ڕێگاکەیان دا، و هەڵدێرە قوڵەکانی نائومێدییان بەزاند.

ئەم تێکۆشەرانە دەیانزانی کە هەر هەنگاوێک لەسەر ئەم ڕێگایە، دەتوانێت دوا هەنگاویان بێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، چاویان هەمیشە لەسەر لوتکە بوو. ئەوان تێگەیشتن کە ئامانجی مەبەست، تەنها خاڵێکی جوگرافی نییە، بەڵکوو پێگەیەکە، کە ڕۆحی مرۆڤی تێدا ئازاد دەکرێت.

## بەلاڕێگابەرەکانی ئەمڕۆدا، هەڵدێرەکانی سبەی

لە جیهانی ئەمڕۆدا مەرج نیە بەلاڕێگاداچوونەکان، لە شێوەی خیانەتێکی ئاشکرا یان شکستی سەربازیدا بن. هەندێک جار وەک بەڵێنی سیاسیی بەدرۆ، پرۆژەی ئابووریی گوماناوی، یان تەنانەت دروشمی گەورە و بریقەدار، بەڵام لە کردەوەدا بەتاڵ بەنێوەرۆکی حەقیقەت، خۆیان بەدەردەخەن. هەڵدێرەکانیش بەتەنیا لە بەرەکانی شەڕدا نین؛ دەتوانن لە مەیدانی بیرکردنەوە، فەرهەنگی، یان میدیادا بن، ئاستێک کە بە شێواندنی مێژوو و ناسنامە، ڕۆحی نەتەوەیەک بەرەو ڕووخان دەبات.

ئەزموونی ڕێپێوەرانی کوردستان فێرمان دەکات کە بۆ گەیشتن بە ئامانج، دەبێت بەبەردەوامی لە خۆمان بپرسین: ئایا ئەم ڕێگایە دەمانباتە لوتکە، یان بۆ داوێنی بێکۆتای لاڕێگا؟ ئایا ئەم بڕیارە، لە هەڵدێر دوورمان دەخاتەوە، یان نزیکتر لە لێوارەکەی؟

## پەیڤی کۆتایی پەیڤ

ئامانج ئەو خۆرەیە کە لە دوورەوە هەڵدێت، بەڵام بەهاکەی لە بڕینی ئەو ڕێگایەدایە کە بەسەریدا تێپەڕیوین. مێژوو، ناوی ئەو کەسانە دەئەسپێرتە یاد، کە نەک هەر گەیشتوونەتە ئامانج و مەبەست، بەڵکوو هاوکات بەبێ ئەوەی ڕۆح و شەڕافەتیان لە لاڕێگەکان و هەڵدێرەکان بەجێ بهێڵن، ڕێگای مەترسیشیان تێپەڕاندوە.

**ئەو کەسانە شۆڕەسوارانی حیزبی دێموکراتن و لە ٨٠ ساڵەی دامەزرانی ئەم حیزبە خۆشەویست و جێگەی هۆمێدی خەڵکی کوردستانا، سڵاو لە ناو بیروباوەڕەکانی.**

٣١ی گەلاوێژی ٢٧٢٥

---

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢٥ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٥ی زایینی**

---





# سپاس و پێزانین

**بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتوویژ و بابەتەکان.**

**دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.**

**ڕەحمان نەقشی**

